فەرهەنگی ڕێژگە

(ئەو وشانەی لە هەنبانەبۆرینەدا نەهاتوون)

کوردی ـ کوردی ـ فارسی

ئەمین گەردیگلانی



ئەمین گەردیگلانی

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **فەرهەنگی ڕێژگە**
- **نووسینی:** ئەمین گەردیگلانی
- **بابەت:** فەرهەنگ
- **پیتچنین:** مریەم شاسەنەم
- **بەرگ:** محەمەد هاشم
- **چاپ:** یەکەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ٥٠٧
- **نرخ:** ٤٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

زنجیرەی کتێب (٣٥٧)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ناوەرۆک

پێشەکی:

لەوەتا دەستم قەڵەمی گرتووە و پێم ناوەتە ڕێبازی نووسین و دنیای ئەدەبەوە، هەستم بە دەوڵەمەندی و گەورەیی زمانەکەمان کردووە و لەپاڵ ئەوەشدا خەم و پەرۆشی هەڵیچۆقاندووم کە ئەم زمانە پڕ لقوپۆپ و زیندووە بۆ ئەوەندە بێدەرەتان و لێقەوماوە، لە سەدان لاوە لێی دەپچڕن و دەمیان تێناوە. ئەوە بە جێی خۆی، نووسەرانی کەمتەرخەم و نادەڕۆست و کوردی زمانی کوردی نەزانیش ئەوەندەی دیکە خەریکن بە قوڕیدا دەبەنە خوارێ و سەریان لە خۆیان و لە خەڵک شێواندووە و کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە و هەر کەس هەڵدەستێ دەڵێ ئەزم هەڵدەبەزم. ئەم هەموو نووسەر و شاعیرە قۆڕەدەماخ و سمێڵبابڕ و بەهەوایەشمان هەیە و خۆیان بە حافز و شکسپێر و مارکێز و پاپلۆ نێرۆدا و بۆرخێس و.. ناگۆڕنەوە، بەڵام ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە، شێواز و یاسا و ڕێسای زمانی یەکگرتووە. هەموو بە ڕەبەی خۆیان دەیپێون و کەسیش بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە. تا کەنگێ هەروا گێرەشێوێنی و کەس لەکەس لە گۆڕەپانی زمانەکەماندا ساز کەین. لەم شاییە تێکەولێکەیەدا هەر کەس بە هەوای خۆی هەڵپەڕێ و بیر لە تەکووزی و یەکدەنگی و یەکئاهەنگی نەکەینەوە.
لە زەمانی زەبر و زەنگ و دیکتاتۆڕیی سەددامدا کۆڕی زانیاری هەبوو و ئەو هەموو خزمەتەی بە زمان کرد، بەڵام ئەمڕۆ لەو بارودۆخە لەبار و خۆش و ئازادەدا، کۆڕ و لێژنەیەک نییە یاسایەک دانێ بۆ زمانی یەکگرتوو و چاپخانە و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاڤۆکەکان ناچار کا پێڕەویی لێبکەن.
کورد یانی زمانی کوردی، جا ئێمە ئەگەر زمانەکەمان نەمێنێ ئیتر کێین و چیین؟ بوون و نەبوونمان جیاوازی چییە. کەوایە ئەم هەموو خەبات و ماڵوێرانی و دەربەدەری و ئەنفال و کوشت و کوشتار و قەڵاچۆیە لەبەر چی بوو. ئەم هەموو خوێنە بۆ چی ڕژان؟ دیارە لە بەر زمانەکەمان. لەبەر ئەوەی کوردین. دەنا زۆر سانا لە زووەوە بووبوواینەتە عەرەب و عەجەم ئیتر هیچ گرفتێکمان نەدەما و وازمان لە کورد بوون دێنا و هیچ کەس نەدەبووە دژ و نەیارمان و خۆشمان و دوژمنانیشمان بە ئاسوودەیی دادەنیشتین.
هاوارە لە خۆمان گەلینە، ئەوی خۆمان بە خۆمانی دەکەین و لەو ماوەیەدا کردوومانە، هیچ دوژمنێک پێی نەکردووین. مریشک خۆی گڵ بە سەر خۆیدا نەکا، کەس پێیدا ناکا.

ئێمەش هەر واین. دەستمان کردووە بە گڵ بەسەر خۆدا کردن و خۆ لە نێو بردن. دەمار گرژی و تەعەسوبی چینایەتی و تایەفەگەری و ناوچەگەری وای کوێر کردووین چاومان نابینێ و چاومان بەرایی نادا جوانییەکانی یەکتر ببینین. هەر کەس هەڵدەستێ بە زاراوەی گوند و شارۆچکە و مەڵبەندەکەی خۆی دەنووسێ و هیچ کەس حازر نییە جوانی و باشییەکانی ئەوی‌تر ببینێ. تۆ خودا گەلینە شوورەیی نییە لە سەدەی بیست و یەکدا هێشتا کورد زمانی یەکگرتووی خۆی نەناسیوە؟

تەنیا ئەوەندە تکا لە نووسەران و زمانەوانان و گەورە دەسەڵاتدارانی کورد دەکەم بۆ ماوەی یەک خولەک بیر بکەنەوە و لە خۆیان بپرسن کورد یانی چی؟ ئەم گێرەشێوێنی و دەمارگرژی و قۆڕەدەماخییە تا کەنگێ؟ با لە خۆمان بپرسین بەرپرسی ئەم ئاڵۆزییە کێیە؟ بۆ؟

بەم پێشەکییە توند و جینگزییانەیە ویستم تۆزێ کوڵوکۆی دەروونم هەڵڕێژم، چونکە خەمی زمانەکەمان بە جارێ ئاراوقارای لێ هەڵگرتووم و دەڵێی لەسەر پشکۆم. بە داخ و خەمەوە هەڵدەچۆقێم و خۆم دەخۆمەوە و گریانم بۆ داهاتووی زمان و فەرهەنگەکەمان دێ. من نە پسپۆڕی زمانم نە فەرهەنگنووس و شارەزای ئەو بوارە دژوارە. تەنیا وەک دڵسۆزێکی زمان و فەرهەنگی ڕەسەن و دەوڵەمەندی خۆمان قۆڵم هەڵماڵیوە و دەمهەوێ ئەوەی لە توانامدایە و لانی‌کەم بوونی لە نەبوونی باشترە بڵاوی بکەمەوە. وەک کەسێکی لادێیی و لەگەڵ سروشت و شاخ و داخ و جۆگەلە و کانی و زنار و زەندۆڵ و خڕ و شیوان و جاڕ و بوورە و بژوێن و مێرگ و زەنوێر و قاقڕ و کاتۆر گەورەبوو، بە بۆنی باران و گڵەسوورە و بەرامەی وەرزی بەهار و کزەی تۆفوبەندی زستان و قرچە و کوڵەکۆڵی چلەی هاوین و هاژە و هووژی گێژەڵووکە و گژەبا و شەڕەبا و تەپوتۆزی پایز فرچکگرتوو، ئەوەی لە سروشت و زمانی خەڵکی ڕەشۆکی و جووتیار و پاڵە و سەپان و فەلا و شوانەوێڵان فێر بووم، بە پێی توانا و زانیاریی لاوازی خۆم لە گۆڕەپانی سینگی بەرینی کاغەزدا کۆیان کەمەوە و دەستیان بنێمە دەست یەک و گۆڤەند و دیلانێکی نەمرانەیان بۆ ساز کەم و هەموویان لە ژوانی گەرموگوڕی کتێبێکدا کۆ کەمەوە.

هیچ کارێک بێ‌کەموکووڕی نییە و دڵنیام ئەم فەرهەنگۆکەی منیش هەروایە و ڕەنگە بێ‌عەیب و خەوش نەبێ، بەڵام هەر ئەوەندەم لە دەست هاتووە و هیوادارم پسپۆڕان و زمانزانان و خاوەن‌ڕایان هەڵەوپەڵەم بۆ ڕاست کەنەوە. بەو هیوایەی بتوانین تەواوی فەرهەنگ و وشەدان و قامووسەکان لە داهاتوودا کۆ کەینەوە و خەرمانێکی مەزن و دەوڵەمەندی لێ ساز کەین و سەر لەبەری زاراوە و بنزاراوەکانی زمانی کوردی لە خۆی بگرێ و ئێمەش ببینە خاوەنی فەرهەنگێکی غەنی و جێی متمانە. ئەگەرچی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە لە هەموو لایەکەوە قۆڵ هەڵماڵین و بە هەرەوەزێکی بەرین و مەزن بناغەی فەرهەنگێکی وا دامەزرێنین و تەواوی

بکەین، بەڵام نازانم هۆی چییە و بۆ تا ئێستا ئەو کارە نەکراوە؟!

ئێستا کە ئەو هەلە نەڕەخساوە و نەلواوە لە سەر کارێکی ئاوا گەورە و پیرۆز کۆک بین و بە ئەنجامی بگەیەنین، لانی کەم دەتوانین هەرکام بەپێی توانا وشە و زاراوە و دەستەواژەکان کۆ کەینەوە و لە شوێنێکدا بیانپارێزین بۆ ڕۆژی خۆی.

منیش ئەوا بە پێی توانای خۆم وەسیەتەکەی مامۆستا هەژاری نەمرم لە گوێ گرتووە کە دەفەرمێ: «تۆش نەیژی من خۆم ئەیزانم ئەم بەرهەمە هەژارانەم کورت و کەمە و بۆیە نابێ تێر و پاراو دڵ ئاوی لێ بخواتەوە، لە وزە و هێزیدا نییە پەرسقی هەموو پرسێکت بداتەوە، زوانی کوردی زۆر لەوە دەوڵەمەندترە کە هەژارێکی وەکوو من تاک و تەنیا و ئاوارە لە نیشتمان و وەک پێویستە کوردی نەزان و تەرە لە وڵاتی بێگانە بتوانێ لە دە یەکێکی کۆ کاتەوە. حەزم دەکرد هەموو وشەی هەموو شێوەکانی کوردیم دەسکەوتایە و لە سەر ڕووپەڕی ئەم نامەم ڕابنایە؛ بەڵام بە حەز و ئارەزوو کار پێکنایە. ئەگەر باوەڕم پێ دەکەی من بەپێی هێز و توانای خوم هیچ درێخیم نەکردووە، ئەگەر خۆم لە پاڵە خۆمدا بە شەرمەزاری نەزانی و دەسکورتیم لە خزمەت کردن بە گەلی کوردم دەزانم، دەشزانم کە بێتاوانم و لەوە پترم لە دەس نایە. ناوی وشەدانەکەی خۆم ناوە: هەنبانەبۆرینە کە لە چیرۆکانا دەڵێن: هەرچیت بوێ دەستی تێخە دێتە چەنگت. جا ئەگەر بۆ وشێک گەڕیای و دەستت لە ژێر هەمانەبۆرەوە دەرچوو، تووڕە مەبە و تووڕی مەدە، هەوڵ بدە ئەوەی کە خۆت تووشی نەبووی، یان ئەوانەی کە ئەزانی لەوێدا نین، تۆ لە لاوە کۆیان کەوە و بیاننووسەوە. ئەوە خوایە، جارێکیتر من یا هەژارێکی دیکەی لە من چاتر و زاناتر لە چاپەکانی دواڕۆژدا بیانخاتە سەر.»

بۆیە منیش وەک ئاخێزگەیەک هەنبانەبۆرینەکەی مامۆستا هەژارم داناوە و ئەو وشانەی لە دووتوێی فەرهەنگەکەی ئەودا نەهاتوون و لە قەڵەم کەوتوون کۆم کردوونەتەوە و وەک مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە ناوی ناوە گوڵچنینەوە، منیش بە دوای هەژاری زانا و بەئەزموونـدا دەڕۆم و گوڵچنەوەی ئەو سەرپاڵە بەهێز و کارمەیەم؛ دڵنیاشم منیش گوڵچنەوەیەکی باش و وردبین نیم، ڕەنگە لەوە زیاتریشم پێ نەکرابێ و بۆ نەکرابێ، گەلێکی ترم گوڵوشە وەپاش دابێ و هەڵمنەگرتبێتەوە و بەجێمابێ. بۆیە ناوی ئەو فەرهەنگۆکەی خۆم ناوە «ڕێژگە» چونکە تەنیا جۆگەلەیەکی چووکەیە و دەیهەوێ برژێتە دەریای بەرینی فەرهەنگی هەنبانەبۆرینەوە.

بەو هیوایەی شیاوی ئەوە بێ تێکەڵ ئەو زەریا بەرینە بێ.

بۆکان ـ زستانی هەتاوی

نیشانەکانی نێو ئەم فەرهەنگە:

ف: لە شوێنێک کە شەرحی کوردی کۆتایی دێ و بۆ هاوواتا یان شەرحی فارسی هاتووە.

☜: ڕوانین بۆ وشەیەکی دیکەی هاومانای وشەکە.

(+) : بۆ وشەیەکە کە جگە لە مانای هەنبانەبۆرینە مانایەکی تری هەیە.

دانانی پیتەکان بە پێی ئەلفوبێی کوردی ڕۆنراون کە ئاوایە:

ئـــ ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، م، ن، و، هـ ی

ئـ

ئابیده: پەیکەرە، کۆتەڵ، هەیکەل. ف مجسمە، تندیس

ئابێز: جۆرێ کایەی منداڵانە وەک شەشخان وایە و خانەی ئەم یارییە بازنەییە. ف نام یک بازی کودکان

ئاپانتێز: ریخۆڵە کوێرە. ف آپاندیس

ئاپاندێز: ڕیخۆڵە کوێرە. ف آپاندیس

ئاپەتەر: شێت، دین، دەلوو، خول. ف دیوانە

ئاپنجی: جۆرە عەبایەکی قەدیمی بوو. ف نوعی قبای قدیمی

ئاتەران پاتەران: پاتەران، وڕێنە، وڕاوە. ف هذیان

ئاتەشەک: ئاگرە، ئاورە، جۆرێ زیپکەیە لە دەم و چاو دێ و زنچکاوی لێ دەتکێ. ف نوعی جوش

ئاتەگ: (+) داوێنی زین کە لە سواریدا دەکەوێتە ژێر ڕانی سوار. ف قسمت پایین زین کە زیر ران سوارکار قرار می‌گیرد

ئاتیوانن: تاواندنەوە، ئاواندن، تواندنەوە. ف آب کردن

ئاجزا: جۆرێک مووروویی تەزبێحە، ئادزا. ف نوعی مهرەی تسبیح

ئاچەر: (+) هاچەر، ئامرازی پێچ کردنەوە. ف آچار

ئاخاوتن: ئاخافتن، قسە کردن. ف حرف زدن

ئاخ‌تف: تفی خەست، بەڵغەم. ف خلط سینە

ئاخوڕاو: حەوزی درێژاودرێژی هەڵبەستراو بۆ ئاو خواردنەوەی ماڵات. ف حوض طولانی برای آب خوردن احشام

ئاخێزگە: سەرچاوە، شوێنێ کە کار لەوێوە دەست پێدەکا. ف محل شروع کار

ئاخێوەر: وێژەر، قسەبێژ. ف سخنگو

ئادار لەسەر پادار نەمان: بریتی لە خاپوور بوون، تێک ڕووخان. ف ویران شدن

ئادزا: ☜ ئاجزا

ئادگار:) روخسار، بیچم، دەموچاو،) بەژن، باڵا، قەڵافەت. ف ا) اندام) چهرە، سیما.

ئادە: (+) دوڕگە، چزیرە. ف جزیرە

ئادیان: ناوی هۆزێکە لە کوردستانی باکور. ف نام ایلی در کردستان شمالی

ئادێنە: مەزرای لەوەڕ خۆش، جاڕی پڕ گژ و گیا.ف مزرعەی پر از علف

ئارا و قارا: ئارام و ئۆقرە، *(ئارا و قارای لێ هەڵگیراوە.)* ف صبر و قرار

ئارا: (+) دوو تاڵی نێوەڕاستی تەون، گرێی نێوەڕاستی تەون.ف گره وسط قالی

ئارا: دوو تاڵی نێوەڕاستی تەون، گرێی نێوەڕاستی فەرش.ف دوتا تار وسطی در قالیبافی

ئاراسە کردن: پێشکەش کردن، بۆ ناردن.ف فرستادن، تقدیم کردن

ئاراسە: ئاراستە، پێشکەش.ف ارسال، تقدیم

ئاراگێڵ: ئاوارە، هەڵوەدا، قەلەندەر.ف قلندر

ئارام لێبران: ئارام لێ هەڵگیران.ف آرام وقرار نداشتن.

ئارام لێبرین: ئارام لێ هەڵگرتن.ف آرام وقرار از کسی گرفتن.

ئارامگێڵ: ئەسپی خۆشڕکێف، خۆشبەز.ف اسب بادپا

ئاران: (+) شوێنی بەرین و بەربڵاو، ساکەدەشت.ف دشت وسیع

ئارتوون: ئاگردان، ئاورگ، ئاگردانی حەمام، توون.ف تون گرمابه

ئارتین: بڵێسە، بڵێزە.ف زبانەی آتش

ئارچەن: ئاززەن، چەناگە.ف چانه

ئارداڤ: فێڵباز، گزیکار، گزەون.ف کلک‌باز

ئاردآڵ: مێرگ، چینک.ف مرغزار

ئاردەشێلە: ئارد و ئاو گرتنەوە بۆ درزی پەنجێرە و چەسپاندنی کاغەز و پارچە و...ف آرد و آب شل

ئاردەتوو: توو شیرینی هاڕدراوە و تۆپەڵ کراو.ف آرد تووت

ئاردی نێو دڕوو: بریتی لە نابوود بوون و لەنێو چوون. *(کورە تازە وا لێیقەوما بوو بە ئاردی نێو دڕوو.)* ف کنایه از نابود شدن

ئارزاڵە: ☜ ئازاڵە

ئاززەن: چەنە، ئارچەن، چەناگە.ف چانه

ئارژین: ☜ ئاژین

ئارش: مانا، واتا.ف معنی

ئارشک: قرقێنە، قرپە، قرپ.ف آروغ

ئارڤانە: وشتر، هوشتر، حوشتر.ف شتر

ئارما: دڵنیا، خاترجەم، ئارخەیان.ف خاطرجمع

ئارماز:) گزمووڵە، گردیلە قوڕ؛) گلۆڵە بەن و دەزوو.ف) گلوله گل؛) گلوله نخ

ئارمان: ناوی کۆنی هەورامان.ف نام قدیم اورامان

ئارن: شەویلکە، شەویلاکە، یەسقانی ڕوومەت.ف فک

ئاروان: (+) تۆشەی سەفەر، نان و پێخۆری نێو ڕێ.ف توشەی سفر

ئاروانلۆک: ئاروانە، وشتری چوار ساڵە.ف آروانه

ئارۆختە: ڕماو، وێران، خاپوور، کاول.ف ویرانه

ئارۆڵە: مێوە وشتر، وشتری مێو.ف ماده شتر

ئارۆن: چیایەکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ڕەواندز.ف نام کوهی در شمال شرقی رواندز

ئاروو: پووک، گۆشتی دەوری ددان.[ف] لثه

ئارووشە: بزۆز، نەحەجماو، سەربزێو.[ف] شلوغ

ئارووک: میچ، بنەبان، ئاریگ.[ف] سقف

ئاروین: بە ئەزموون، تاقی کراوە.[ف] باتجربه

ئارەپانە: گۆترە، هەوەنتە، کۆترمە، ئەڵلاقۆیتاسی.[ف] تخمین

ئارەقچین: تەقیلە، کڵاوێک کە لە کەتانی سپی دروست دەکرێ و تەپڵی سەر دەگرێ.[ف] کلاه عرقچین

ئارەقگیر: (+) ژێرکراسی کەتانی کە لە ژێر جل و بەرگەوە لەبەر دەکرێ.[ف] عرقگیر

ئارەمووک: گامێشی قسر، گامێشی نەزۆک.[ف] گاومیش سترون

ئارەنگ: بەورشە، بریقەدار، پڕ ترووسکە.[ف] درخشان

ئاریگ: ئارووک، میچ، بنەبان، بنمیچ.[ف] سقف

ئاز:) هێز، وزە، قەوەت، *(ئاز لە تێی نەماگە.)* ؛) سەخت، دژوار.[ف]) نیرو، نا؛) دشوار، سخت

ئازا: (+) ساغ، سالم، بێ عەیب.[ف] سالم

ئازارە باریکە: دەردە باریکە، ئازاری سیل.[ف] سل

ئازارە مریشک: نەخۆشی مریشک کە ساڵی جارێک دێ و گەلێ مریشک دەمرێ.[ف] آنفلانزای مرغی.

ئازاڵە: (+) تەپاڵە، گەمڕە.[ف] هر چیزی که از سرگین بدست آید، تەپاله

ئازبێز: جۆرێ کایەی منداڵانە وەک شەشخان وایە و خانەی ئەمە گردە.[ف] یک بازی کودکان

ئازەو پێ هاتن: هێز وەبەر هاتنەوە. *(نان خاس بخۆ تا ئاز بێی ئەو پێت.)* [ف] نیرو گرفتن

ئازەو: ئازەب، عازەب، کچی جحێڵ.[ف] دختر جوان

ئازەوانە: ئازەبە، جوانەژۆ، جوانەزمە، زیپکەی دەم و چاوی جحێڵ، ئازەبەت.[ف] جوش عزبی

ئازەوە: ئازەوانە، ئازەبەت.[ف] جوش عزب

ئازەوی:) جحێڵی، عازەبی؛) ئازەوانە، ئازەوە. [ف]) جوانی؛) جوش عزب

ئاژاژۆکە: هاتنە خواری شتی ئاوەکی. *(ئەو چڵکاوە پیسە خێرا ئاژاژۆکەی دەکا.)* [ف] ریزش آب در سرازیری

ئاژن ئاژن: کون کون بە گوللە و دەرزی و ... هتد.[ف] سوراخ سوراخ

ئاژنگ: بادامە تاڵە.[ف] بادام تلخ

ئاژیر: وریا و ژیر، ئاقڵ و زانا.[ف] عاقل و دانا

ئاژین: (+) بەردانەوەی ئاو لە زەوی‌دا. *(شێلەگەکە هەڵبڕە با ئاوەکە لەو دەشتە ئاژین بێ.)* [ف] پخش کردن آب در مزرعه بطور مساوی

ئاسا: (+) ئەووەختە، ئەوکاتە، ئەوسا.[ف] آنگاه

ئاسارە زلە: ئەستێرەی ڕۆژێ، ئەستێرەکە.[ف] ستارەی درخشان صبح

ئاسارە: ئەستێرە، هەسێرە، هەسارە، ستێر.[ف] ستاره

ئاستار: ئەستێرە، هەسارە، ستێر.[ف] ستاره

ئاسمان قەڵێش: باڵەخانەی زۆر بەرز و چەن نهۆم.[ف] آسمان خراش

ئاسنڕفێن: مەگناتیس.ف آهن‌ربا
ئاسنی سارد کوتان: بریتی لە کار و هەوڵی بێهووە.ف کنایە از زحمت بیهودە
ئاسۆس: چیایەکە لە نزیک شاری قەڵادزێ.ف کوهی در نزدیکی قەلادزە
ئاسوودە بوون: رەحەت بوون، بریتی لە ئاو هاتنەوە.ف انزال
ئاسەڵا بوون: لێ دەرهاتن، لێ بەدی هاتن.ف پدید آمدن
ئاسەڵا بوون: لێ دەرهاتن، لێ بەدیهاتن. *(کوڕ خاسێکی لێ ئاسەڵا بووگە.)* ف از کار درآمدە
ئاسی: وەڕەز، عێجز، عێدز، جاڕز، بێزار، عاجز. ف بیزار
ئاسیاوگلێن: ئاشگێڕ، ئەندازە ئاوێکی کە ئاشی پێ بگەڕێ. *(ئاسیاوگلێنێک ئاو وەدۆڵەکەدا تێتەخوارەو.)* ف آب آسیاب‌گردان
ئاش بێ ئاو نانەوە: بریتی لە کاری بێهوودە کردن.ف کنایە از کار بیهودە
ئاشار: حەشار، حاشار.ف مخفی‌گاە
ئاشاردن: وەشاردن، شاردنەوە، حەشاردان، داشاردن.ف مخفی کردن
ئاشاریا: شاراوە، ون، نادیار، پیوار.ف مخفی، گم
ئاشاریاگ: شاردراوە، بزر بوو، نادیار.ف پنهان شدە
ئاشخاوەنار: آش خاوەن ئارد، گەمەیەکی لاوانە.ف اسم یک بازی
ئاشنایی سڕینەوە: لە ئیستلاحی ئەدەبیاتدا بەو وێنە دەگوترێ کە لەمەوبەر نەبووبێتە سەنبول و هێما بۆ شتێک و بەڵکوو ئەو ئاشناییە لەگەڵ وشەکە لابردرێ.ف آشنایی‌زدایی
ئاشۆڕە: هەڵوەدا، ئاوارە، بەڕیدە.ف آوارە
ئاشەڤ: پەشۆکاو، شێواو.ف پریشان
ئاشەکڵە: ئاژاوەچی، ژۆڤار، ئاژاوەگێڕ، شەڕهەڵاییسێن، گێرەشێوێن.ف سخن‌چین، دوبە همزن
ئاشەوان ئاشەوان: ئاش خاوەنار، گەمەیەکی لاوانی گوندنشینە.ف نوعی بازی
ئاشی تس پێنانەوە: بریتی لە تووشی گێرە و کێشە کردن و زۆر بۆ هێنان.ف کنایە از دردسر دادن زیاد
ئاشی کرێوە: بریتی لە خێرایی لە کار، بە دەستوبرد. *(هێندە ئازا و بە دەستوبردە دەڵێی ئاشی کرێوەیە.)* ف کنایە از سرعت زیاد در کار
ئاشیت: بەڵا، مسیبەت، ئاپۆر.ف آفات
ئاشێرە کردن: ئاماژە کردن. ئیشارە کردن ف اشارە کردن
ئاشێرە: ئاماژە، ئیشارە.ف اشارە
ئاغا بە نۆکەر نەگرتن: شاد بوون و هەست بە بەختەوەری کردن، ژیانی هەژارانە و بێخەم. *(لەگەڵ تەبیعەت هاودەمی/ شادی بە کەیفی، بێ خەمی/ ئاغاش بە نۆکەر ناگری/ وەک من لە داخا نامری «هێمن».)* ف کنایە از زندگی شاد و فقیرانە
ئاغاوات: هۆز و بەرەی ئاغا و بەگان.ف ایل و تبار خان‌ها

ئاڤار: (+) هەمبەر، بەرانبەر.[ف] روبەرو، برابر

ئاڤاندن: تاواندنەوە، ئاواندن.[ف] آب کردن

ئافرەتانە: ژنانە، هەر شتێ تایبەتی ژن بێ.[ف] زنانە

ئاڤرێ: لادەر لە رێگە، لارێ، لەرێ کلابوو.[ف] منحرف

ئاڤزێڵ: هەسێڵ، ئەستێر، ئەستێرک، گۆلاوی بەرکانی.[ف] استخر

ئاڤۆ: فرمێسک، ئەسرین، رۆندک، ئەسر، ئەشک. [ف] سرشک

ئافەتە: بڵفەتە، تاعوون، چاوقووڵکە.[ف] طاعون

ئافەرۆز: بێتین، ئاگردانی کوژاوە. *(ئاگردانێکی سارد و ئافەرۆز بوو.)* [ف] سردوبدون حرارت

ئافەکەڵڵا: ئافەرەم، بارەقەڵڵا، ئافەرین.[ف] بارکالله

ئاڤیار: هاوکار.[ف] همکار

ئافیدە: پاقژ، خاوێن، پاک.[ف] پاکیزه

ئاکلە: نەخۆشی سفلیس.[ف] بیماری سفلیس

ئاکۆ:) ناوی چیایەکە لە کوردستان؛) ناوێکی کورانەیە.[ف]) نام کوهی در کردستان؛) نامی پسرانه

ئاکۆیی: گۆترە، رەمەکی.[ف] تخمین بدون اندازەگیری

ئاکە: خراپ، نارەسەن.[ف] نااصیل.

ئاکەس: دەڵاو، قەیاغ، سێسوو.[ف] اسم گیاهی باتلاقی

ئاگر کەوتنەوە: تەشەنە کردنی ئاور، سووتمانی گەورە.[ف] آتش‌سوزی

ئاگر ملیچ: خەزایی، باڵندەیەکی بەڵەکە بەقەد سیروو دەبێ.[ف] سارملخ خوار.

ئاگر مەلووچ: خەزایی، عەینەمەل.[ف] سار ملخ‌خوار

ئاگر ورکردن: ئاگر کردنەوە، ئاور هەڵکردن.[ف] آتش روشن کردن

ئاگربەرەک: بلۆق، پۆرگ.[ف] تاول

ئاگربەس: راوەستاندنی شەڕ و پێکدادان.[ف] آتش‌بس

ئاگرورکردن: ئاگر کردنەوە، ئاور هەڵکردن.[ف] آتش افروختن

ئاگرە قلێ: ئاور کردنەوەی منداڵان و هەڵسووڕان بە دەوریدا. *(ئاگرە قلێی خۆمانە/ گوو بە ریشی بێگانە.)* [ف] آتش روشن کردن بچه‌ها و پریدن بر رویش

ئاگرە کەوڵ: بریتی لە خۆشەویستیی لە رادەبەدەر. *(ئاگرە کەوڵی کورەکانییەتی.)* [ف] کنایه از دوست‌داشتن افراطی

ئاگرە مەلوچک: ☜ ئاگر مەلووچ

ئاگرەقوولە: گوڵئەستێرە، پەنگرەئەستێرە.[ف] کرم شبتاب

ئاگرەقوون: گوڵئەستێرە، گووئەستێرە.[ف] کرم‌شبتاب

ئاگرەقوونە: ☜ئاگرەقوولە

ئاگری: (+)) ئاورین، ئاگرین؛) ژنی هەوەسباز. [ف]) آتشین؛) زن بدکاره

ئاگۆڕ و داگۆڕ: ئاڵوگۆڕ، گۆڕینەوە.[ف] معاوضه

ئاگوول: فێڵ، دەهۆ، تەڵەکە، گزی.[ف] نیرنگ

ئاگوول‌باز: فێڵەباز، گزیکار، تەڵەکەباز، گزەوەن. ف کلک‌باز

ئالا: بژار، گیای هەرزەی نێو دەغڵ و بێستان هەڵکەندن. ف وجین

ئالابووک: ئاڵەبووک، پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ کە منداڵان لە بووکەباخەی دەپێچن. ف لباس عروسک

ئالابێژ: دابێژتنی شەکر و خاکەقەند بە پەڕۆی تەنک. ف بیختن ریزه قند با پارچه

ئالاڤ: کەرەسە، ئامراز، ئامێر. ف وسیله

ئالاکەت: بژارچن، ئامرازی بژار کردن. ف وسیلەی وجین کردن

ئالاکەر: ئەو کەسەی بژار دەکا، بژارچی. ف وجین‌گر

ئالان کردن: شەوچەلەی شەوانی زستان کەهەر کەس بەقەرای توانای خۆی دەکڕی و هەموو دانیشتوانی کۆڕەکە بە یەکەوە دەیانخوارد. ف شبچرەی شبهای زمستان کە هر کس بەاندازەی توان خود می‌خرید و با هم می‌خوردند

ئاڵبۆیاغ: سووراوی ژنان بۆ خۆ جوان کردن. ف سرخاب

ئاڵقە: (+) شتێکە بەدەست دەیچنن بە پەتی ڕەنگاوڕەنگ و مووروو لە ملی دەکەن. ف نوعی زیورآلات دەستباف زنانە

ئاڵقەداغ: جۆرێک داغی گوێچکەی ماڵاتە بۆئەوەی نەگۆڕدرێ، بەشێوەی بازنەییە. ف داغ کردن گوش بره به صورت گردی

ئالکان: تێک هاڵان. ف برهم پیچیدن

ئالکاو: شێواو، شڵەژاو. ف پریشان

ئالنگار بوون: لە دەوری شتێک کۆ بوونەوە بۆ خواردن، تێ‌مرووکان، هووروژم کردنە سەر شتێک. ف حلقه زدن دور چیزی برای خوردن

ئالۆری: حالۆری، لات، بەتاڵپە، کەڵەگا. ف لات و ولگرد

ئاڵۆزاندن: ئاڵۆزکاندن، شێواندن. ف برهم زدن

ئاڵۆزاو: ئاڵۆسکا، ئاڵۆزکاو، شێواو. *(بەنەکە ئاڵۆزاوە.)* ف نخ برهم پیچیده

ئاڵۆزکاندن: ☜ ئاڵۆسکاندن

ئاڵۆزکاو: ئاڵۆزاو☜ ئاڵۆزاو

ئاڵۆسکاندن: ☜ ئاڵۆزکاندن

ئاڵۆسکاو: ☜ ئاڵۆزکاو

ئاڵۆشە: گەزەنە، گەزگەزک، گیایەکە لاسقەکەی دەخورێ. ف اسم گیاهی است

ئاڵوگۆڕ: جێ‌گۆڕکێ و گواستنەوەی جێگا. ف تغییر مکان

ئالووال بوونەوە: بریتی لە بە شەرمدا کەوتن. ف خجل شدن

ئاڵەبووک: ☜ ئالابووک

ئاڵەتە کێویلە: گیایەکی گەڵا باریکە تامی تیژە و بۆ دۆکولیو دەبێ. ف اسم گیاهی است

ئاڵەتی: ئاڵەدین، توورە، قەڵس. ف کنایه از آدم عصبانی

ئاڵەدین: توورە، قەڵس، هێرس، ڕق هەستاو، ئاڵەتی. ف خشمگین

ئاڵەکۆکە پرچنە: جۆرێ ئاڵەکۆکە گەڵاکانی

تووکنە.ف گیاهی است شنگ مانند

ئاڵەکۆکە مشکانە: جۆرێ ئاڵەکۆکە بنەکەی درێژۆکەیە وەک مشک دەچێ.ف اسم گیاهی است

ئاڵەکوڵ: گاگلێنە، کرمێکی ژەهراوییە بەگیاوە دەنووسێ ماڵات بیخوا پێی دەمرێ.ف نوعی کرم سمی

ئاڵیسکە: زوقم، سیخوار، ئاڵشک.ف سرماریزە

ئاڵیشت کردن: گۆڕینەوە.ف معاوضە

ئاڵیشت ولێشت: ئاڵ و گۆڕ، گۆڕینەوە.ف معاوضە

ئاڵیشت: گۆڕان. *(قەڵەمەکەم وەل قەڵەمێکی تر ئاڵیشت بوو.)* ف عوض

ئالیەر: ئانتێل.ف آنتن

ئاموور قوفڵی: ئامرازێکی کردنەوە و بەستنەوەی پێچ و مۆرەیە.ف آمبر قفلی

ئاموورەدەست: ئامرازێکی گرتنی پێچ و مۆرەیە وەکوو گاز وایە، بزمارپێچ.ف آمبردست

ئامێرد: مێردەزمە، پیرەڤۆک، جنۆکەی پیاو ترسێن.ف غول بیابان

ئاندرێشە: گیایەکە وەکوو شنگ وایە.ف اسم گیاهی است

ئانکۆ: مانا، ئارش، واتا.ف معنی

ئانگژا بوون: ئاوقا بوون، بە گژدا چوون.ف گلاویز شدن

ئاو بە ئاوردا کردن: بریتی لە دامرکاندنی شەڕ و کێشە.ف کنایە از برطرف کردن جدال

ئاو بە گونی سەگەوە دان: بریتی لە کار کردن بۆ مرۆی سپڵە و پێنەزان.ف کنایە از کار کردن برای آدم سفلە

ئاو بە لێژدا هەڵگێڕان: بریتی لە زوڵم و زۆر. *(ئەوە زاڵمێکە ئاو بە لێژدا هەڵدەگێڕێ.)* ف کنایە از ظلم و ستم زیاد

ئاو پا هاتن: ئاوی پێ داهاتن. *(ئەو قەرە وسام وەپاوە، ئاو پام هات.)* ف سست شدن پا براثر ایستادن زیاد

ئاو دەگون گەڕان: بریتی لە بوونە پیاو، باڵغ بوونی لاو. *(کوڕە ئاوی دەگون گەڕاوە داوای ژن دەکا.)* ف کنایە از بالغ شدن جوان

ئاو لە ئاوەڕۆ دەرکردن: بێحەیایی و سەرەڕۆیی لە ڕادەبەدەر.ف بیحیایی بیش از حد.

ئاو لە چاو هێنان: بریتی لە زۆر ڕەش. *(کەوا و پاتۆڵێکی لەبەر دایە هێندە ڕەشە ئاو لە چاوی پیاو دێنێ.)* ف کنایە از بسیار سیاه

ئاو لە دنگدا کوتان: بریتی لە کاری بێهوودە کردن.ف آب در هاون کوبیدن

ئاو لە گونان گەڕان: بریتی لە بلوغ بوون، بوونە جحێڵ.ف کنایە از بالغ شدن

ئاوار: وشتری یەک ساڵە، کۆچەک.ف بچە شتر یک سالە

ئاوارە: (+) گەوهەر، بەردێکی بەنرخە.ف گوهر

ئاواک: بەهانە، پەڵپ، بیانوو، ورک.ف بهانە

ئاواندن: ☜ ئاڤاندن

ئاواندۆڵ: زندۆڵ، قووڵکە بەرد کە ئاوی تێدا کۆ دەبێتەوە.ف حفرەی سنگی کە آب در آن جمع

شود

ئاواندۆڵـه: قووڵکـەیـەک کـە ئـاوی تێـدا کـۆ دەبێتەوە، زەندۆڵ.[ف] چالەای در میان سخره که آب در آن جمع می‌شود

ئاوانه: کرێی ئاو، حەقی ئاو.[ف] کرایەی آب

ئاوباره: (+) دیوار کردن لەبەر ئاودا بۆئەوەی ئاوەکە زۆربێ و بتوانن بۆ جێگای بەرزی بەرن.[ف] آب‌بند

ئاوجا: هێوەرژن، دوو ژن کە هەر کام ژنی برایەکن، براژنی مێرد.[ف] زن برادر شوهر

ئاوجاو: گەوج، حەپۆل، گەمژە، هەپلەگون، هەقمەق، گەلحۆ.[ف] احمق

ئاوجه: هێوەرژن، ژنی برای مێرد.[ف] زن‌برادر شوهر

ئاودەنگیله: هاودەنگیلە، بریتی لە منداڵی هاودەنگ و هاوڕێ. *(بەشکوو خودا منداڵێکیان بداتێ و ببێتە ئاودەنگیلە بۆیان.)* [ف] همدم کوچولو

ئاودیان: ئەشکەوتێکە لە نزیک شاری ڕەواندز. [ف] نام غاری است

ئاور کردنەوە:) بریتی لە هەڵاییساندنی فیتنە،) بریتی لەزۆرهێنان و یاخی بوون) کچێک کە بۆ گرتنی دۆست شەرم و شکۆی نەمابێ.[ف]) فتنه بەراه انداختن؛) یاغیگری،) دختری که برای عشق‌بازی ابا ندارد

ئاور لێ بوونەوە: بریتی لە توورە بوونی زۆر، *(هێندە توورەیە ئاوری لێ دەبێتەوە.)* [ف] آتش به جان شدن

ئاورگه: کوانووی نێو دیوار.[ف] شومینه

ئاورۆچکه: ئاوری منداڵان، ئاوری چکۆڵە.[ف] آتش روشن کردن بچه‌ها

ئاوره: (+) نەخۆشییەکی نۆکە وشکی دەکا.[ف] آفت نخود

ئاوری ژێر کا: ئاگری بن کا، مایە فیتنە، سەرە سۆدرە.[ف] کنایه از فتنه برانگیز

ئاورێژ: گیایەکە لەنێو مێرگدا دەڕوێ لاسقی لووس و بەرزە و نێو هەڵۆڵە.[ف] اسم گیاهی است

ئاوزێم:) ئاوبڕان، کاتی کەم بوونەوەی ئاو لە هاویندا؛) چۆمێ کە هاوینان وشک دەکا، ویشکەرۆ.[ف]) هنگام کم شدن آب در تابستان؛) رودخانه‌ای که در تابستان می‌خشکد

ئاوسان: هەڵچوونی نرخ، گران بوونی کاڵا.[ف] تورم

ئاوسانه: حەقایەت، خەبەرۆشک.[ف] افسانه

ئاوشه: شەونم، ئاونگ.[ف] شبنم

ئاوقەرا: هاواڵ، هاوتا، هەڤاڵ.[ف] رفیق

ئاوکووف: بەقەرا یەک، هاوکێش.[ف] هم‌وزن

ئاوگەز: میوەیەک کە لەنێو باردا ڕێک گوشرابێ و لایەکی وەک ڕزیوی لێ‌هاتبێ.[ف] میوه‌ای که در میان بار آسیب دیده باشد

ئاوەخۆر: چارەنووس، بەخت.[ف] سرنوشت

ئاوەڕۆگه: ئاوەڕۆ، ڕێگەی پێداڕۆیشتنی ئاو.[ف] آبراه

ئاوەژێ:) گیاندارێک کە لە نێو ئاودا دەژی،) ناوچەیەکە لە نزیک مەرگەی سەر بە شاری قەڵادزێ[ف]) آبزی(نام منطقه‌ای در نزدیکی

مرگەی قلادزە

ئاوەشەم: ئەوجێگەی ئاوی ئاشی پێدا دەڕواتە دەرەوە.[ف] محل خروج آب از آسیاب

ئاوەڵ منداڵ: پزدانی ژن کە لەگەڵ منداڵەکە دێتە دەرێ.[ف] بچەدان

ئاوەڵ: (+) خڕ، شیو، گەڵی.[ف] درە

ئاوەڵ: (+) قەیاخ، دەڵاو، گیایەکە لەنێو ئاودا شین دەبێ.[ف] نوعی گیاه باتلاقی

ئاوەڵدوانە: جمک، دوو منال کە بە زگێک بووبێتن.[ف] دوقلو

ئاوەڵمە: دەڵەمە، هێلکەی بێ تێخوڵ کە مریشک دایدەنێ.[ف] دلمە

ئاوەڵواتا: وشەیەک کە دوو مانای هەبێ، هاومانا.[ف] مترادف

ئاوەلەمە: منال لەنێو زگی دایکدا بەرلە گووران.[ف] جنین

ئاوەن: ئاونگ، دەسکاونگ.[ف] هاون

ئاوی بێلەغاو خواردنەوە: بریتی لە ئازاد بوون و بێ‌گیر و گرفتی لە ژیاندا و بە کەیفی خۆ ڕابواردن.[ف] کنایە از آزاد بودن و بدون قید و بند

ئاوی پێ داهاتن: ئاو پیا هاتن. *(هەموو ڕۆژێ لەبەر سەیری بتی ئەو بەژنوبالایە/ لەسەر ڕێدا دەوەستم من هەتاکوو ئاوی پێم دایە «ئەحمەد هەردی» .)* [ف] ☜ ئاو پیا هاتن

ئاوی چاو بردن: بریتی لە جوانیی زۆر. *(هێندە جوانە ئاوی چاو دەبا.)* [ف] کنایە از بسیار زیبا

ئاوی گوێ دادان: پەند پێدان، نەسیحەت کردن. [ف] پند و اندرز دادن.

ئاوێزە:) بانـدۆڵی سـەعـات) شووشـەی شـەبـەنگـی دەوری چراوگڵۆپ) شـەبـەنگ، مووشوور[ف]) پاندول،) لوستر) طیف

ئاوێش: دەوا، دەرمان.[ف] دارو

ئاوێنە: (+) ئامرازێکی مەکینەی خەیاتییە بەسەر ددانەدا دەکرێ و نووکی ددانە لە کونەکانیەوە دێتە دەرێ و پارچەکە ڕادەدا.[ف] صفحەی کارپیش‌بر

ئاهۆن: ئـەهـوەن، هێمن، هێدی، ئـارام، لەسەرەخۆ.[ف] آرام

ئایەخ: ڕەهەندی ئاو، کەرێز.[ف] کهریز

ئایەختە: ڕووت و قووت و بێبەرگ.[ف] عریان

ئایەرە: پێوانە، پێوەر، پەیمانە.[ف] پیمانە

ئایەغ: بەشی خراپ لە چاک جیا کردنەوە، ئەیاغ، شتی لە برەو کەوتوو.[ف] نامرغوب

ئراز: بوغز، ئوناق، گیرانی گەروو بەهۆی خەم و خەفەت.[ف] بغض

ئرمس: ئەسرین، ئەسر، هیستر، ڕۆندک، ئەشک، فرمێسک.[ف] اشک، سرشک

ئریشت: هێرش، هەڵمەت، هۆمەن. شاڵاو، پەلامار.[ف] یورش

ئزرەو: دەردە باریکە، ئازارە باریکە، سیل.[ف] سل

ئزرەودار: سیلاوی، سیلدار.[ف] مسلول

ئزمەت گرتن: ڕێز گرتن، قەدر گرتن.[ف] احترام گذاشتن

ئزمەت: ڕێز، قەدر.[ف] احترام

ئشكەف: تەشتی هەویر تێدا شێلان، سوێنە.[ف] تشت سفالی مخصوص خمیر کردن آرد

ئشکەفت: ئەشکەوت.[ف] غار

ئۆئـەزیفـە: ئـەو خـۆراک و جـل و بـەرگ و کەلوپەلەی ماڵی زاوا بەر لە زەماوەند دەینێرن بـۆ مـاڵی بـووک.[ف] مقـادیری مـواد غـذایی و پوشـاک کـە دامـاد قبل از عروسـی بـە خانـەی عروس می‌فرستد

ئۆبەرە: لێفە، ڕەحێف، پێخەف.[ف] لحاف

ئورتـا: گـەردەنـە، بستوو، زینـوو، ملـەی کێو.[ف] گردنەی کوە.

ئورسی: کەوشی چەرمی.[ف] کفش چرمی.

ئورغان: لێفە، ڕەحێف، ئۆبەرە.[ف] لحاف

ئۆرقم: جووڵە، تەکان. جمە.[ف] جنبش

ئۆزۆر: ئـازار، جـەزرەبـە، ئـێش و ژان.[ف] درد و رنج

ئوسـتوورە: ئـەفسانە و دیرۆکـی لـەمێژینـە.[ف] اسطورە

ئۆغر برین: ناوی یارییەکی ئەسپ سـواری بـوو شوێنێکیان وەک چوارڕێ دادەنـا و یـەکی سـەد هـەنگـاو دوور دەکـەوتنـەوە و دەبـوو ڕاسـت و چەپ بە پڕتاو بێن تـاکوو بزانن کامیـان زووتـر لـە خاڵـەکـە تێدەپـەڕێ، جـاری وابـوو بـە یـەکدا دەدران و سوار و ئەسپ لە بـەین دەچـوون.[ف] نوعی مسابقە اسب سواری

ئولک: چەپەر، تامـان، تـەیمـان، پـەرژیـن، درگـا و دیواری لە شووڵ دروست کراو.[ف] پرچین

ئوندا: گوم، پیوار، بزر، ون.[ف] گم، ناپیدا

ئووارە:) ئاوبارە، بەربەند بۆ کۆ کردنەوەی ئاو تـاکوو زەویـی بـەرزی پـێ‌بـدێرن) لێـژاو، دژاو، زەوییەک کە ئاوی بۆ نـاچێ، دێم.[ف]) آب بند) زمین دیم.

ئوویشکن: ئاوپرژێن، ئاوپژێن.[ف] آب‌پاشی.

ئۆوتاڤ: تاڤگە، سۆلاف، قەڵپـەزە، ئاوهـەڵدێر.[ف] آبشار

ئۆوتمـۆن: هاویـشتمان، خـستمان، ئاویتمـان.[ف] انداختیم

ئـۆوتن: هاویــشتن، ئاویــشتن، فــڕێ دان.[ف] انداختن

ئوور:) هەور،) سەروو، باڵا. [ف]) ابر) بالا

ئوورهـەتـن:) هاتنـە سـەر، وەسـەر کـەوتـن؛) ڕوانـی گیـا، سـەرهـەڵدانی گیـا و گژ؛) هـەڵاتنـی خۆر؛ ٤) هەڵاتنی هەویر؛ ٥) ماسین، پەنەمین.[ف]) بالا آمدن؛) روئیدن گیاه؛) طلوع خورشید؛ ٤) بالا آمدن خمیر نان؛ ٥) باد کردن، آماسیدن

ئوورزیـاین: ئـاوا بـوون، بـۆ ئـاوا بـوونی خـۆر دەگوترێ.[ف] فرو رفتن خورشید، غروب کردن.

ئووسار: هەوسـار، ڕەشـمە، ئـەوسـار.[ف] افسار، زمام

ئوون: بەهانە، بیانوو، وڕک، پەڵپ.[ف] بهانە

ئووە: شەونم، ئاونگ، ئاوشە.[ف] شبنم

ئـووەڕوێـت: ئـاوەڕووت، مریـشک لـە ئـاوی کوڵاتـوو خـستن بۆئـەوەی پـەڕ و پۆکـەی لـێ بێتەوە.[ف] پر کندن مرغ سر بریدە در آب جوش

ئەبرەش: ژن یان ئاژەڵێ کە تازە زابێ و شیری تێدا نەبێ.[ف] زن یا دام تازە زاییدە و بی‌شیر

ئەتوار لەق: ئاکار ناحەز، بەد ڕەوشت.ف بد رفتار

ئەتووخەتوو: سەرکۆنە، سەرزەنشت، لۆمە. *(خاس کەی خراوکەی مەردم ئایەم ئەتووخەتوو کەن.)* ف سرزنش

ئەجاب: ☜ ئەجاو

ئەجاو کردن: شەرم کردن. *(لە خودا ئەجاو کە.)* ف شرم کردن

ئەجاو: شەرم، حەیا، فەدی. *(هەی بانووی بێعەیب پەردەی ئەجاو هەی/ هەی مەنیجەی دوخت ئەفراسیاو هەی.)* ف شرم، حیا

ئەجاودار: بەحەیا، بەشەرم، ئابڕوودار.ف باکرامت

ئەجکاندن: قڕ تێ خستن، تەفر و توونا کردن.ف از بین بردن

ئەحمەد ڕاوکەر: باڵدارێکی لاق درێژی پێ بە پەردەیە لە قەراغ ئاوان دەژی.ف گیلانشاه بزرگ

ئەدگار: ئادگار، بیچم، سەر و پۆتراک.ف چهره

ئەرتەو: بەهانە، پەڵپ، بیانوو.ف بهانه

ئەرجن: جۆرێ داری بێشەیە، وەک قەیسی وایە، بەڵام داری ئەو سەختترە.ف نوعی درخت جنگلی

ئەرخەنناس: زۆرزان و فێڵەباز، جادووباز، موقرباز. *(پیرێژن ئەرخەنناسن/ هەموو دەرکان دەناسن/ هەروەک شێنە دووکەڵێ/ هەموو دەرکان دەگەڕێ/ هەر من کیژێک ساز دەکەم/ ئەو بۆ کوڕەکەی پێدەڵێ «بەیتی کیژ و کوڕ».)* ف مکار، جادوگر، الخناس.

ئەرخەوان سوور: (+) سێڵاوی بەهاران کە هەڵدەستێ و لیڵ و مەیلەو سوورە. *(ئەرخەوان سووری بەهارە جەغەتووی فرمێسکم/ ئەوی سامانی دڵە بردی هەمووی فرمێسکم «بۆران»)* ف سیلاب بهاری که گل‌آلود است

ئەردەڵان:) ناوی تیرە و تایفەیەکی بەناوبانگی کوردن لە سنە و دەوروبەری نیشتەجێن؛) ناوی کوڕانە.ف) نام طایفه‌ای معروف در سنندج و اطراف آن؛) نام پسرانه

ئەرژن: ناوی دارێکە بەرێکی وەک بادام دەگرێ بۆ دەرمان دەبێ.ف نام درختی است

ئەرڤا: چوست و چالاک، گورجوگوڵ.ف چابک

ئەرمان: بەرەحم، دڵۆڤان. *(ئەڵڵا ئەرمان/ لەجێی نەرمان/ یان کا کۆن بێ / یان جێ خەرمان«فۆلکلۆر».)* ف مهربان

ئەروو: دۆست، ئاشنا، ناسیاو.ف آشنا

ئەرەمک: نەزۆک، نەزا.ف نازا

ئەڕێز: پان و بەرین، هەراو.ف عریض

ئەرین: نەڕڕەشێر، شێری گەورەی بە یاڵ و بژ. ف شیر شرزه

ئەرێنی: پۆزەتیڤ، موسبەت ف مثبت

ئەزبووە: ئەزبێ، ئەزبۆڵە، ناوی گیایەکە.ف ازبیه

ئەزدا: ناوی گیایەکی مەیلەو زەردە بۆ دەرمان دەبێ.ف نام گیاهی است

ئەزرەبە: جەزرەبە. ئازار.ف اذیت

ئەزرەت: ئارەزوو، حەزرەت، تاسە.ف اشتیاق

ئەزمڕ: چیایەکە لە باکووری شاری سلێمانی.ف

کوهی در شمال شهر سلیمانیه

ئەزمێن: ئاسمان، حەوا، ئەزمان، عاسمان.ف آسمان

ئەزنیف: یارییەکە وەک دۆمینە وایە، بە مۆرەی دۆمینە دەیکەن.ف نوعی بازی با مهرەی دومینو

ئەژار: خەرمان، شوێنی کۆ کردنەوەی دغڵ و دان.ف خرمن

ئەژدەر:) ماری گەورە، حەزیا، هەژدیها، حەفی؛) ئالا.ف) اژدها؛) پرچم، علم.

ئەژگەڵ:) ئەژگەڵک؛) لات و ئاکار ناشیرین، خوێڕی و بێکارە.ف) خس و خاشاک؛) آدم هرجایی و لات

ئەژگەڵک: چڕ و چیلکە، هەژگ و بژاڵ، هەژگەڵ. ف خس و خاشاک

ئەژناس: ناسیاو، دیوناس، ئاشنا، ئەروو.ف آشنا

ئەژنۆ رووتە: قامکی ناوەڕاست، دۆڵە درێژە.ف انگشت وسطی

ئەژەسەرێ: نیوەشەو، شەو درەنگان.ف نصف‌شب

ئەژەسەرێ: نیوەشەو، شەو زرینگانەوە.ف نیمەشب

ئەساتیر: ئەفسانە و نەزیلە و سەرگوریشتەی پاڵەوان و دێو و درنج و خوداکانی کەونارا.ف اساطیر

ئەسارە: ئەستێرە. ☜ ئاسارە

ئەسپار: بڕینی چڵ و پۆپی دار، قەمچ کردن.ف هرس کردن

ئەسپڵ: سپڵ، گورگ نەخۆرە.ف طحال

ئەسپنگە بەنە: جۆرێک شنگی گەڵا باریکە لە شنگی دیکە تام خۆشترە.ف نوعی شنگ

ئەسپنگە ماینە: شنگە ماینانە، گیایەکە لەنێو مێرگ و وێنجەدا شین دەبێ شیرێکی ڕەشی هەیە لاسقەکەی دەخوری.ف نام گیاهی خوردنی

ئەستۆبەند: ملبەند، تۆق، گەردانە.ف گردنبند

ئەستوند: ئەستوون، کۆڵەکە، پاژەر، ئەستونگ. ف ستون

ئەستەمبوڵی:) تەشتێکی چکۆڵەیە لە کاری بەنایی و قوڕەکاریدا مالاتی پێدەکێشن؛) چێشتی برینج و هێرەڵماسی و گۆشت.ف) ظرف کشیدن مالات در کار بنایی؛) غذای استامبولی

ئەستەمبوار: بواری دژوار، شوێنی پەڕینەوەی ئەستەم لە چۆم.ف محل دشوار در رودخانە برای گذر کردن

ئەستێ: (+) ئاوگەردان، کەوچکی گەورە.ف ملاقە بزرگ

ئەستێرک: شوقەلەت، هەرزاڵ، پێڕک.ف سکوی چوبی در خانە برای اثاثیە.

ئەستیلکە: گۆلاوی بەر کانی، ئەستێر، هەسێڵ، ئاڤژێڵ.ف استخر

ئەستێوڵک: ئەستوێڵک، ئاسنێکی درێژ و باریکە دەیخەنە سەر تەندوور و کوانوو کتری و قابلەمەی لەسەر دادەنێن بۆ کوڵاندن (کیژی

خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کرد و ئەتۆش/ هەر دەزانی ناوی ئەستێوڵک و دەرخۆنە و پنە «هـێمن»). ف میلـەای اسـت روی تنـور میاندازند.

ئەسکوند: چاڵ، قووڵک، کەند و لەند. ف چاله

ئەسکە: ئەوکاتە، ئەوساکە، ئەووەختە، ئاسا. ف آن زمان

ئەسڵمەن: عەسڵ، ئەسڵ، ڕەسەن، نەجیم. *(فره ژنێکی ئەجاودار و ئەسڵمەنە.)* ف اصیل، نجیب

ئەسلێرک: ئامرازێکی دار تاشینە. ف وسیلەای برای تراشیدن چوب

ئەسمەرە: سەوزە، ڕەشئەسمەر، ڕەشتاڵە. ف سبزەرو، گندمگون

ئەسە: ☜ ئەسکە

ئەسەح: ڕاست و دروست. *(قسەکانی ئەسەح وایە.)* ف راست

ئەسەدوا: تکا، ڕەجا، خوایشت. *(ئەسەدوا دیرم ئیکارە ئەڕام ئەنجام بەی.)* ف خواهش

ئەشکەپووز: بریتی لە تەژەی ناقۆڵا، زەبەلاحی نابار، زلحۆرت. ف لندهور

ئەغد گرتن: ئەندازە گرتن. *(ئەغدی بگرە بزانە چەنی بەش کێگ.)* ف اندازه گرفتن

ئەغد: قاس، ئەندازە. ف اندازه

ئەفاقە کردن: ماریجە کردن، چارەسەر کردن. ف معالجه کردن

ئەفاقە: چارە، عیلاج، ماریجە. *(دەردێ گرتییە لای هیچ حەکیمێ ئەفاقەی نەوگ.)* ف علاج

ئەفرەس: ناوی دارێکە هەمیشە سەوزە. ف نام درختی است

ئەقرەبا: خزم و کەس و کار، تایەفە. ف قوم و خویش

ئەقڵ: (+) فام، ئاوەز، هیر. ف عقل، فهم

ئەقڵدار: عاقڵ، فامیدە، بە ئاوەز. ف عاقل، فهیم

ئەقڵسووک: شێتۆکە، نەفام، بێمێشک. ف نادان

ئەکوان: زنجیرە چیا، کێوان. ف رشتەکوه

ئەگلەنجە: شایی، گۆڤەند، حەپڵە. ف رقص و پایکوبی

ئەگەرمەگەر: ئەگەرونەگەر، دووبەختەکی. *(هاتنیان ئەگەر مەگەرە.)* ف باید و شاید

ئەگەرونەگەر: ئەگەرمەگەر ☜ ئەگەر مەگەر

ئەلاجەو: سەیر و سەمەرە، عەجایب. ف عجیب و غریب

ئەلاحیدە: تایبەتی، جیاواز، بەجیا. ف علیحده

ئەلاژیان: ڕاکشان، ڕازان، تخێڵ بوون، ڕەهێڵ بوون، خۆ درێژ کردن. ف دراز کشیدن

ئەلاسکە: نوقڵی دەسکدار، چوکڵەقنگە، شەربەتی لە پەرداخدا بەستووی دەسکدار کە منداڵ زۆری حەز پێدەکەن. ف آبنبات چوبی یخی

ئەڵبەت: هەڵبەت، ڕەنگە، وێدەچێ. *(ئەڵبەت کابرا خۆی ڕازییە.)* ف البته

ئەڵبەتە: ☜ ئەڵبەت

ئەڵبەکی: مەنجەڵ، قازان. ف دیگ

ئەڵپاچین: هەڵپاچین، قەڵت قەڵت کردن. ف برش نامرتب موی سر

ئەڵپڕووگیاگ: خەجڵاو، شڵەژاو. ف خجل شده

ئەڵپرووگیان: خەجڵان، خەجڵین، شڵەژان. *(ئەڵپرووگیاو دەمی قسە نەکرت.)* ف خجل شدن

ئەڵپشانن: پرژاندن، لێپرژاندن. *(دیسان ئاوکە لێمان هەڵپشانی.)* ف پاشیدن

ئەڵپەڕ و داپەڕ: هەڵبەز و دابەز. ف جست و خیز

ئەڵپەڕگە: هەڵپەڕکێ، دیلان، گۆڤەند، شایی. ف پایکوبی

ئەڵپەڕین: هەڵپەڕین. شایی کردن. ف رقصیدن

ئەڵتیزگانن: هەڵتیزاندن، *(قاترەکە باشە بەڵام ئەڵتیزگێنێ.)* ف رم کردن و فرار الاغ

ئەلچاغ: ئاڵچاغ، بێئابڕوو، بێحەیا ف بی‌حیا، بی‌آبرو

ئەڵشکاگ: نابووت بوو، لە دارایی کەفتگ. ف ورشکست شده

ئەڵشکانن: بەرشکەست کردن، لەنێو بردن. ف ورشکست کردن

ئەڵشکیان: نابووت بوون، *(پارەکە ئەڵشکیا، وەلێ ئەمساڵ دەوڵەمەنە.)* ف ورشکست شده

ئەڵقەپانن: ڕفاندن، قاپاندن. *(کتاوەکە لە دەستم ئەڵقەپان.)* ف قاپیدن

ئەڵلاوەیسی: ناوی مەقامێکی گۆرانیی کوردییە. ف اسم یک آهنگ کردی.

ئەلوو: هەڵۆ، باز. ف عقاب

ئەلها:) ئارەزووی دیتنی کەسێک لە سەرەمەرگا) تاسە، ئیشتیا، مگێز، تامەزرۆیی. ف) آرزوی دیدار کسی در واپسین) اشتیاق.

ئەلەکە: هەلەکەسەما، سەقر، واشە، باشوو. ف چرخ، قرقی

ئەلەگەو:) نێوی گیایەکە؛) ناوی چیایەکە لە نزیک ئارارات. ف) اسم گیاهی است؛) اسم کوهی است

ئەلەند:) تیشکی خۆر، پرشنگی هەتاو؛) چۆمێکە لە نزیک شاری سەلماس. ف) نور خورشید؛) رودخانه‌ای در نزدیکی شهر سلماس

ئەڵەند: کازیوە، ڕووناکیی بەرەبەیان. ف سپیده

ئەڵهێ: گۆڕیچە. ف لحد

ئەلیشیش: عەلەشیش، قەلەموونە، بۆقلە. ف بوقلمون نر

ئەمری خودا کردن(بەجێ هێنان) : مردن، کۆچی دوایی کردن. ف وفات کردن

ئەمزووک: مۆدنە، دەمنە، دار سیغار. *(جغارە کێشان بەبێ ئەمزووک خاس نییە.)* ف چوب سیگار

ئەملەس: نۆکەر، کارەکەر. ف نوکر

ئەمناک: ئەمن، بێترس، هێمن. *(دنیا ئەمناکەو بووگە.)* ف امن

ئەمەڵی: عەمبەڵی، کەسێ کە لە خۆراک و شت و مەک دوودڵ و بە بێزە. ف وسواس

ئەمیرتانج: خەمیرێکە بۆ چەور کردنی رۆماتیسم. ف ویکس

ئەنایشتە: خۆراکی بەیانیان، ناشتا. *(ئەنایشتەی شەوەکییان سێ نانە.)* ف ناشتا

ئەنجگ ئەنجگ: ئەنجن ئەنجن، لەتلەت. *(لەشی ئەنجگ ئەنجگ بووگە.)* ف پارە پارە

ئەنجەرە: گەزەنە، ئاڵۆشە، گیایەکە لاسقەکەی بە

شلکی دەخورێ. ف اسم گیاهی است

ئەنگرۆزە: پارچەیەکی قەدیمی ژنانە بوو. ف اسم پارچەای قدیمی

ئەنگژین: توورە بوون، عنرین، ڕق هەستان. ف خشمگین شدن

ئەنگلات: چاوەڕوان، چەمەڕا، چاوەنوار. ف چشم‌بەراه

ئەننەهوو: هەروەک نەبێ، هەر دەڵێی. *(ئەننەهوو لەگەڵ تۆشم نییە.)* ف انگار

ئەنوا: (+) ماڵ، سامان، هەیی. ف ثروت

ئەنوابڕ بوون: هەژار بوون، فەقیر بوون. ف تهی‌دست شدن

ئەنوابڕ کردن: فەقیر کردن، ماڵ بەدەست نەهێشتن. ف غارت کردن

ئەنوو کردن: سواخ دان، ساف و لوس کردنی دیوار. ف گل اندود کردن دیوار

ئەنیا: هێز و گوڕ، وزە و توانا. ف رمق

ئەو: (+) وشەیەکە ژنان بەجێگەی وشەی مێرد بەکاری دەبەن، *(ئەو چۆتە سەفەر.)* ف کلمەای در محاورەی زنان بەجای شوهر بەکار می‌برند

ئەوانگەل: لەمەچێتر، جندۆکە، ف از ما بهتران

ئەوراد: ورتە ورت و دۆعا کردن لەبەرخۆوە، پاڕانەوە و دۆعا کردن. ف ورد و دعا

ئەورام: کەرەسە، کەل و پەلی پێویست. ف تدارکات

ئەوژوو: هێز و توانا، برشت، وزە. ف توان، رمق

ئەوناق: ئۆناق، بوغز، ڕق. ف بغض

ئەهوەن: ئاهۆن، ئەهۆن، هێدی، لەسەرەخۆ. ف آرام

ئەیا: دایک، داڵک، ئۆدا، داک. ف مادر

ئیبلیس: شەیتان، شەیتانی گەورە. ف ابلیس

ئیتۆن: کوێر، شقرەشکی، کۆر. ف کور

ئیختیار: پیر، زورهان، بەساڵاچوو. ف آدم مسن، پیر

ئیدەرەم: ئیسەرەم، پێچەقاندن. ف پافشاری

ئیرشت: هێرش، ☜ ئریشت

ئیرنگە: هەنووکە، ئێستا، نهۆ. ف حالا، اکنون

ئیرەنگە: ئەلحان، ئێستا. ف حالا، اکنون

ئیزراب: خۆ نواندن، خۆ نیشاندان. ف خودنمایی

ئیستی: ئەستۆ، مل، گەردن. ف گردن

ئیستیفا:) مووروی جوان بە ڕەنگی سوور و پەمەیی وەک کارەبا وایە؛) ناوێکی ژنانەیە. ف) نوعی مهرەی زینتی؛) نامی زنانە

ئیسکە: ئێستاکە، ئەلعانەکە. ف هم اکنون

ئێسکی نێو برین: بریتی لە ملۆزم، کەسێ کە دایمە مایەی دەردیسەری و ناڕەحەتییە. ف کنایە از کسی کە همیشە مزاحم باشد

ئیسە: ئێستا، ئەلعان. ف اکنون

ئیسەرەم: پێ چەقاندن، حوکم کردن، ئیدەرەم، سوور بوون و پێداگری لەسەر کارێک. *(ئیسەرەمی کردووە دەڵێ هەر دەچم.)* ف اصرار کردن

ئیشک هەڵگەڕان: وشک هەڵاتن، وشک بوون. ف خشکیدن

ئیشکاوس: ئەستێور، ئاژەڵێ کە بۆ ئاوس بوون ساڵ بوێری کردووە. ف سترون یک سالە

ئیشکه پلاو: کەتە، پلاوی بێڕۆن.[ف] کته
ئیشکه چۆم: وشکەڕۆ، چۆمێ کە هاوینان وشک دەکا.[ف] رودخانەای کە در تابستان میخشکد
ئیشکه داوەت: هەڵپەرکێی بێ ژن.[ف] رقص گروهی مردان
ئیشکه سەما: خۆ شاد و بە کەیف نیشاندان لەخۆڕایی.[ف] اظهار شادی کردن بیسبب
ئیشکه وەرد: خەفتان، وشکەکێڵ.[ف] شخم در زمین خشک
ئیشکەبار: وشکەبار، میوەی وشکەبار وەک بادام و گوێز و مێوژ و ...[ف] خشکبار
ئیشکەچن: وشکە کەڵەک، دیواری بەردی بێقوڕ.[ف] دیوار سنگی
ئیشکەڕێ: ڕێگای سەخت و بەردەڵان و لێژ.[ف] راه سنگلاخ و ناهموار
ئیشکەشیو: وشکەخڕ، شیوێ کە هاوێنان ئاوی پێدا نایە.[ف] جویی کە در تابستان آب ندارد
ئیشکەکەند: وشکەکێڵ، وشکە وەرد، شێوەردێک کە بە وشکی کێڵدرابێ.[ف] زمینی کە خشک شخم زده باشند
ئیشکیل: فێڵ، تەڵەکە، دەهۆ، ئاگوول.[ف] نیرنگ
ئیلاڤە: بوختان، تۆمەت.[ف] بهتان
ئیلمە: پۆ، گرێی پۆ.[ف] پود
ئیلیگی: شێعر و گۆرانیی خەماوی، وایلۆک.[ف] مرثیه
ئیمان هەردە بوون: لە دین دەرچوون، بریتی لە زۆر تووڕە بوون.[ف] بسیار عصبانی

ئینکەبەرایەتی: ئینکەبەری، ڕقەبەرایەتی، ڕقەبەری.[ف] رقابت کینەتوزانە
ئێوەت: بارهێنان، ڕاهێنان، عاملاندن.[ف] تربیت
ئێوەتکەر: بارهێنەر.[ف] مربی.
ئێوەر: بەڵگە، قەواڵە، قەباڵە.[ف] سند، قباله

ب

با تیٚ‌کردن:) پیٚدا هەڵکوتن و فریو دان، تاریف کردنی بە درۆ. *(بە درۆ هێندەم تاریف کرد، بام تیٚ‌کرد.)* ؛) داخ نانە سەر دڵ، تووشی خەفەت کردن. ف) تعریف دروغین از کسی؛) داغ روی دل کسی گذاشتن

بابادەم: بابەدەم، ئادەم. ف آدم

بابۆ: (+) بۆن هەڵگرتنی تولە و سەگ لەدوای ڕاو. ف بو کردن سگ و یوز

بابۆس:) ناوی چیایەکە لە نزیک شاری بانە؛) ناوی خێڵێکە لە کوردستانی باکوور. ف) نام کوهی در نزدیکی بانه؛) نام ایلی در کردستان شمالی

بابەدەم: بابادەم. ☜ بابادەم

بابەڕۆ: باوکەڕۆ، وشەیەکە لە کاتی مردنی باوکدا دەیڵێن. ف کلمه شیون و عزا

بابەکۆش: دۆعایەکی ژنانەیە. *(یاخوا بابەکۆش بی.)* یانی قەت منداڵ نەیەتە کۆشت و وەجاخ‌کوێر بی. ف نفرین زنانه، یعنی بچه در دامن خود نبینی

باپۆرە: غەوارە، لاوەکی، تاچیک، بێگانە. ف ناشناس، بیگانه

باپیلیک: گێژەڵووکە، گەردەلوول، بابلیسک، باگەڕ، گێژەبا، باهۆز، گێژەڵە، گەردەبەل، گەژگەڕینگ، باگێژە، زەمەن، شایی جندۆکان، سایلکۆن، باگڕۆکە، گەڕەپێچ. ف گردباد

باتر: دارێکە وەکوو سنگ سەرێکی تیژ دەکەن و لەجێگەی نەرم وەک نێزە لە زەویی دەدەن، باتری هەر کەس زیاتر لە زەوی بچێتە خوارێ بەرەندەیە. ف چوبی کوتاه، مانند نیزه در بازی از آن استفاده می‌کنند

باترێن: یارییەکی گەنجانی کوردەوارییە بە باتر دەکرێ. ف بازی که با چوبی مانند نیزه انجام می‌شود و چوب هر کس بیشتر در زمین فرو رود برنده است

باتل: باتر ☜ باتر
باتلاک: باتلاغ، زەلکاو، خمخۆرک، زۆنگ، زجاو. ف باتلاق
باتلێن: باترێن ☜ باترێن
باتووبەند: شتێکە وەک کەژوو ئاغزوونەی پێوەیە گونی قۆڕی پێ دەبەستن. ف خایەبند
باخ بوون: لەخۆبایی بوون، بادی هەوا بوون، غلوور بوون. ف مغرور شدن
باخچۆڵە: باخچەی چکۆلانە. ف باغچەی کوچک
باخە: باقە، باغە، مەڵۆ گیای بەستراو. ف بستەی گیاه
باخەبێن: باقەبێن، باقەبەست، باقەبەس. ف گیاه مخصوص بستن علف و یونجە.
باخەخواز: کەسێ کە بە خەرمانانندا دەگەڕێ و باخە گەنمی دەدەنێ. ف کسی کە خرمن بە خرمن میگردد و بستە گندم میگیرد
بادامێر: باڕووشە، پەنکە. ف پنکە
بادەقوش: بایەقوش، کوندەبوو. ف جغد
بادەڵان: دەسباد، دەستبڵاو، عەبلەخەرج، هەڵەخەرج. ف ولخرج
باڕ: مەیخانە، شوێنی سەما و هەڵپەڕکێ. ف کابارە
بارانڕست: نەوندە، گەنمی بە باران ڕواو. ف گندمی کە بوسیلەی باران میروید
بارانە ڕۆژ: ڕۆژێک کە لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە باران ببارێ و تەڕ و تووشی بێ. ف روز بارانی
بارانی کڵاو بە سەرە: گۆپاڵەباران، بارانی دەنک گەورە و توند. ف رگبار شدید باران
باربەژن: موقورباز، جادووباز، سیحرباز. ف جادوگر
باربەها: لە ژن بە ژنەدا هەرکام لە بووکەکان باربەهای ئەویترە ف همتادرعروسی زن بە زن
بارکووڵە: کۆڵەبار، بارێکی کەم. *(بارکۆڵەیەک چێلگ ها وە کووڵیەو.)* ف کولەبار کوچک
بارودۆخ: چۆنییەتی ژیان و هەڵسووکەوتی خەڵک و کۆمەڵگا. ف وضعیت
بارۆژ: بای ڕۆژانە، *(بارۆژ هەڵناکا شەن بکەین.)* ف باد روزانە
بارۆڤ: گژەبا، بای توند. ف تندباد
باروو: دیوار، شوورە. ف دیوار بلند قلعە، بارو
بارویت: بوختان، تۆمەت، هەڵبەستە. *(قسەگەت گشتی بارویتە.)* ف تهمت
بارەنداز: (+) دەلاقەیەکە کە کا وئالیک و گزرەی لێوە دەکەنە نێو کادێنەوە. ف دریچەای کە از آن کاە و علف در کاهدان میریزند
بارهێنان: فێر کردن، راهێنان، عاملاندن. ف پرورش
باریکە پێدان: فیزماڵک، دەرەدزەدان، خۆ دزینەوە. ف جیم شدن، در رفتن مخفیانە
بارییە: حەسیر، ڕایەخی لە جەگەن و قامیش. ف بوریا
باز لەسەر نیشتن: بریتی لە بەختەوەری ڕوو تێکردن، بریتی لە خۆشحاڵ بە دیتنی کەسێک. *(نەمردم ئەو بازەم لەسەر نیشت و تۆ بوویە میوانم.)* ف کنایە از نشستن باز برروی سر

بازقه‌پان: باسقه‌پان، جۆرێ ماری زەردی ئاماڵ سووره.ف نوعی مار زرد رنگ

بازمه‌له: جۆرێ مه‌له‌یه.ف نوعی شنا

بازنگ: بازن، بازنه.ف النگو

بازۆڵه: باسک، زه‌ند، له هه‌نیشک تا مه‌چه‌ک.ف بازو

بازوو: (+) تاجیی ره‌ش که خه‌تێکی سپی به به‌ر زگیدا هاتبێ.ف تازی سیاه که خطی سفید بر روی شکمش باشد

بازیار: رێبوار، رێڤینگ.ف رهگزر

باسترغه: برنج له ئاو کردن بۆئه‌وه‌ی چه‌قه‌ره بدا.ف آب کردن برنج برای جوانه زدن

باستۆن: باتۆم، په‌یاغ.ف باطوم

باسخوون: په‌لاماری کتوپڕ، هه‌ڵمه‌تی خێرا و له‌پڕ.ف پاتک

باسقول: ده‌ور گرتن، ئابلۆقه‌دان، گه‌مارۆدان، ده‌ست به‌سه‌ردا گرتن.ف محاصره

باسقه‌پان: بازقه‌پان، جۆرێک ماری پڕ مه‌ترسییه.ف نوعی افعی

باسکار: هێز و توانا، وزه.ف توان، رمق

باسکه: ناوی باڵنده‌یه‌که.ف اسم پرنده‌ای است

باسووره: باگه‌ڕ، گه‌رده‌لوول، گه‌ره‌پێچ.ف گردباد

باسه‌ره‌یی بوون: بادیه‌وا بوون، باخ بوون، له‌خۆبایی بوون.ف مغرور شدن

باشان:) ناوێکی ژنانه‌یه؛) باشه‌کان، ئه‌وانه‌ی باشن.ف) نام زنانه؛) بهتران

باش‌بۆزغ: رێ‌نیشانده‌ری بێگانه، سیخوڕ، جاش، خۆفرۆش.ف جاسوس، راهنمای خودی در میان دشمن

باشقه: هه‌ڵبژارده، سه‌رباشقه. *سه‌رتۆپ ، (ئه‌و مه‌ی په‌ره باشققه‌ی گشتیانه.)* ف ممتاز

باشمه: شه‌قڵ، شقڵ، مۆری دارینی خرمان.ف مهر چوبین خرمن

باشه‌واڵه: باشووک، واشه.ف باشه، پرنده‌ای شکاری

بافرکه: فرفره‌ی کاغه‌زی.ف فرفره

بافره: (+) بافیش، بادیهه‌وا، له‌خۆبایی. *(گه‌لێ بافره بووگه.)* ف مغرور

باڤی: (+) ناوی ئه‌شکه‌وتێکه له نزیک مه‌رگه‌ی قه‌لادزێ.ف نام غاری است

باکۆ: گیشه. قۆری، تایه گیا و یۆنجه. .ف توده‌ی انباشته‌ی گیاه و علف

باگرتن: جووت بوونی نێر و مێی سه‌گ و تاجی.ف جفتگیری سگ و تازی

باگۆ: جواو، وه‌ڵام. *(سه‌د جاری قاو لێکه باگۆ ناداته‌وه.)* ف جواب

باڵ کردن: باڵ ده‌رهاوردن. *(وه چه‌ن رۆژ مه‌ل باڵ کێگ.)* ف پر درآوردن پرنده

باڵ کردن: بڕین یان هه‌ڵکه‌ندنی شاباڵی مه‌ل بۆئه‌وه‌ی نه‌توانێ هه‌ڵفرێ.ف بریدن یا کندن شهپر پرنده برای اینکه پرواز نکند

بالا به بالا گرتن: خۆ به‌قه‌د یه‌ک گرتن. *(هاته ده‌رکی ده‌روازه/ چاوی شه‌هێن و بازه/ داوام لێکرد بۆ ماچێک/ نه‌یدامێ مه‌کربازه/ بالام به بالای گرتووه/ وه‌ک یه‌کین به ئه‌ندازه*

«فۆلکلۆر».) ف مقایسه کردن قد با کسی دیگر

باڵا: (+) لای سەرووی کراسی ژنانە، بەژن. *(کراسەکەم داوێنەکەی تەواوە، بەڵام باڵاکەی گەورەیە)* ف از کمر به بالای پیراهن زنانه

باڵباز: جۆرێ مراویی باڵ بەڵەکی مەیلەو قاوەییە. ف نوعی مرغابی

باڵبالووکە: تاژیلۆکە، تاژیی ئەحمەد ڕاوکەر، تاجیلۆکە. ف آخوندک

باڵبەز: پیازە، تاوان، سووچ. ف گناه

باڵتووسک: دش، خوشکی مێرد. ف خواهر شوهر

باڵزڕ: مشکگرە، باڵزێڕ، مەلێکی ڕاوکەرە. ف پرندەای شکاری

باڵزێڕ: بازڕ، باڵزڕ، مشکگرە. ف پرندەای شکاری مانند جغد

باڵشت: باڵنج، بالیف. ف بالش

باڵکۆک: بەڵگە، قەواڵە، ئێوەر، تاپۆ. ف قباله، سند

باڵگاشە: پڕوپاگەندە، پێدا هەڵگوتنی بە درۆ. ف تبلیغات دروغین

باڵووفک: باڵنج، بالیف، باڵشت. ف بالش

باڵوێز: نێردراوی دوڵەتێک بۆ کاروباری دەرەوەی لە وڵاتێکی دیکە. ف سفیر

باڵوێزخانە: شوێنی باڵوێز. ف سفارت

باڵەقول کردن: تاریف کردنی فێڵاوی بۆ فریو دان، پێدا هەڵگوتنی بە فێڵ بۆئەوەی لە خشتەی بەری. *(وای باڵەقولی کردووە هەر کارێکی بوێ بۆی دەکا.)* ف تعریف کردن برای فریب دادن

باڵەوازە: پەڕەوازە، باڵ گرتنی بێچووە باڵندە. ف پرواز کردن جوجه پرنده

بالیک: بالووکە. ف زگیل

باڵینەک: فڕۆکە، تەیارە. ف هواپیما

باڵینەوان: فڕۆکەوان، خەلەبان. ف خلبان

بام: (+) بم، ببم. *(فیدات بام ساقی تەڕ زوانم کە/ مـن دەردی دیـرم دەوای گیـانم کـە.)* ف شـوم، بشوم

بامالّ: شوێنێک کە با بەفرەکەی ڕادابێ، *(وەرە بەو بامالّەدا بڕۆێن لەبەفر ناچەقین.)* ف جایی که باد برفش را مالیده باشد

بانبز: مامز، ئاسک. ف آهو

بانەدڕ: دارێک کە لە دارەڕادا لەوانی دیکە درێژترە و لە دیوارەکە دێتە دەرێ. ف تیرگ سقفی که از لبەی بام بیرون می‌آید

باندوور: نیلّە، نیری جووت. ف یوغ

بانکوت: باگردێن، باگردان. ف بام غلطان

بانکە: بۆشکەی چکۆلە، بەرمیلی گچکە. ف بشکەی کوچک

بانگلۆز بوونەوە: خلۆر بوونەوە، تلار بوونەوە. ف غلط خوردن

بانگلێن: باگردێن. ف بام غلطان

بانوان:) سەنگفەڕش؛) کۆلانی باخ، ریزەداری وەک کۆلان. ف) سنگچین کوچه و حیاط؛) کوچەباغ

بانەناز: بانیژە، سەربانی نەوی. ف بام کوتاه

بانەوسان:) بانکوت، بانتلێن،) خەوتن لە سەربان لە هاویندا. ف) خوابیدن پشت‌بام در فصل تابستان) بام غلتان.

بانینەوە: بێچوو خستنەوە بەر مەڕی نەبان.ف عادت دادن دوبارەی دام که از بچه خود بیزار می‌شود

باوبۆ کردن: گەمەی سەگان لەدوای تێر خواردن. *(سەگەل تێریان خواردووە کەوتوونە باوبۆ کردن.)* ف بازی کردن سگها بعد از سیر شدن

باوخۆش: بریتی لە منداڵێک کە فێری گڕوگاڵ و تریقانەوە بووبێ. *(منداڵی جیرانەکەمان لە منداڵەکەی ئێمە باوخۆشترە.)* ف رشدیافته، برای کودک

باوشۆر: جاجمێک کە وەک تەلیس هەڵیدەدوورن و چۆلەکەی پێ دەگرن.ف جاجیمی که مانند گونی می‌دوزند برای به دام انداختن گنجشک

باوگەگەورا: باوەگەورە.ف پدربزرگ

باوە: بابە، بانگ کردنی باوک، باوکە.ف صدا کردن پدر

باوە: دێراو، بۆ، چاڵ کردنی عەرز بۆ بێستان بۆئەوەی ئاوی تێدا ڕاوەستێ.ف جوب آبیاری

باوەجەرە: باوەخولێ، هەڵسووڕان بە دەوری خۆدا.ف چرخیدن به دور خود

باوەژۆ: ئاوارە، هەڵوەدا، دەربەدەر، ئاراگێڵ.ف آواره

باوەسیر: بێوەسیری، نەخۆشییەکە لە کۆمی مرۆڤ پەیدا دەبێ.ف بواسیر

باوەگەورە: باپیرە، باوگەگەورا.ف ☜ باوگەگەورا

باوەڵە: باول، باولە، جانتا.ف چمدان

باوین: باسکار، هێز، وزە، توانا.ف توان، رمق

بای دار ئاوس: بای شەماڵی هەوەڵی بەهار کە هەڵیدەکات و دار چرۆ دەردەکەن.ف باد بهاری که موجب شکفتن شکوفەی درختان می‌شود

بای کەپۆ:) جۆرێ مارە لە تیرەی ئەفعی کاتی دیتنی دوژمن ملی هەڵدێنی و دەهووشێنێ؛) جۆرێ تەیری ڕەشە ئێواران بە پۆل بە ئاسماندا دەگەڕێن و دەنگێکی تایبەتیان هەیە و خەڵک لەسەر ئەو باوەڕەن کیسەیەک لە گەروویاندایە، شمشێر باڵ ف) نوعی مار از خانواده افعی؛) پرستوی سیاه

باینە: بایەقووش، کوندەبوو.ف جغد، بوم، بوف

بایوادە: بایوەعدە، شەماڵی سەرە بەهار کە بەفر دەتوێنێتەوە.ف باد بهاری

بایەدەس: دەستبڵاو، دەستباد، هەڵەخەرج، عەبلەخەرج. *(بایەدەس قەت دەوڵەمەن نیەوگ.)* ف ولخرج

بایەدەسی: عەبلەخەرجی، دستبڵاوی.ف ولخرجی

بایەشک: باوێشک.ف خمیازه

بایەلان: بایەدەس.ف ☜ بایەدەس

بایەم: بایەو، بادام، بادم، بایەڤ.ف بادام

بایەمە: لووی بن پێست، گرێی ڕەقی بن پێست. ف غده

بترژم: ئافەرەم، بارەقەڵڵا، ئەفەکەڵڵا.ف آفرین.

بتۆ:) ڕێگای بنبەست؛) نەزۆک، قسر، ئەستێور؛) تات، تۆک، پەردەی کچێک کە

کرۆشکە بەری دەگرێ و نابێ بە ژن.ف) راە بن‌بست؛) نازا، قسر؛) پردەی بکارتی کە غضروفی باشد

بتووی: بن‌بەست.ف بن‌بست

بچیک: زارۆ، منال، منداڵی ساوا.ف کودک خردسال

بخوڕ: هەراهەرا و دەنگە دەنگ، زەنازەنا.ف سروصدای زیاد

بڕ خەلاس: جۆرێ کایەی منداڵانەیە.ف اسم یک بازی کودکانە

براڕۆ: وشەیەکە لە کاتی مردنی برا و دۆست و هاوڕێدا دەیڵێن.ف کلمە عزا و شیون

براندۆخ: کەللە ڕەق، خیشەسەر. *(مرۆیەکا گەلەک براندۆخە.)* ف خیرەسر

برج: (+) جاسووسی تفەنگ، دەرزیلەی نیشانە گرتن لەسەر تفەنگ.ف مگسک تفنگ

بڕجڵانەکی: جۆلانێ، دنگلاڤ، هەلۆرتک، دیلانێ. ف تاب

برژنگ: مژۆڵ، برژۆڵ، بژانگ.ف مژە

برساق: (+) ڕوودار، ڕوو هەڵماڵدراو، بێ‌شەرم، بێ‌ئەدەب. *(فرە ئایەمێک برساقە.)* ف گستاخ

برساقی: ڕووداری، بێ‌ئەدەبێ، ڕوو هەڵماڵدراوی.ف گستاخی

بڕشکان: تینوێتی شکان، *(هەرچی ئاو دەخۆمەوە برم ناشکێ.)* ف عطش

برشوو: برش، کەڕەکیفە، کەڕوو.ف کپک

برشیاگ: برژیاو، برژاو.ف برشتە

برشیان: برژان، *(سزیام و برشیام، بووم وە کۆی بریان/ بووم وە تەماکوو سەر سختەی قلیان «فۆلکلۆر».)* ف برشتە شدن

برک: (+) گیایەکی بۆنخۆشە زۆر بەرز نابێتەوە و گوڵێکی سپی دەردەکا.ف اسم گیاهی است

برکەمردە: ئەو تەڕە کارییەی *(کاڵەک و شووتی و گرکە و خەیار و ...)* کە برکەکەی لەبەر هۆیەک وشک دەبێ و بەرەکەی زوو دەگا و تامی ناخۆشە. سیس بوونی برکەی بێستان.ف میوەای کە بوتەاش خشکیدە باشد

برگ: دارێکی قوڵە بە ئەندازەی نیو مەتر وەکوو نێزە دەیهاون، بەتڵ، بەتر.ف چوبی کە مانند نیزە در بازی پرتاب می‌کنند

برگە: (+) هیجا، برگەی کێشیی شێعر.ف هجا

برنجداس: ناوی گیایەکە گوڵێکی زەردی هەیە بۆ دەرمانی دڵ کەڵکی لێ وەردەگرن.ف برنجاسف

بڕۆ: شەفرەی فیل و بەراز، شرن، ددانی زەقی‌یەکانە، بڕڕە.ف عاج فیل و گراز

برۆک: گەڕۆک، ڕانەوەستاو.ف سیار

برووک: خۆش کردنەوەی باران بۆ ماوەیەک. ف بند آمدن باران برای مدتی کوتاە

برهاڤ: کۆما، کۆگا، کۆ کردنەوەی شت لەسەر یەک.ف انباشتە روی هم

بڕیار: (+) بڕینی پارچەی جلوبەرگ *(من بڕیارەکە دەکەم و شاگردەکەم دەیدوورێ)* ف بریدن پارچەی لباس در کارگاە خیاطی

بڕیارنامە: پەیماننامە.ف پیمان‌نامە

برێژە: بنێشت، جاچکە، جاجک، چەقە.ف سقز

بریسوو:) برووسکە، هەورەتریشقە، بلاچە) ناوی گوندێکە لە ناوچەی بانە. ف نام روستایی در کردستان) آذرخش

بریڤ: وریا، وشیار، ئاگادار. ف آگاه

بریڤان: ئاگادار بوون، وریا بوونەوە. ف آگاه شدن

برینج: برنج، دانەوێڵەیەکی سپییە بۆ پلاو دەبێ. ف برنج

برینجە:) بزە، گرژینەوە، زەردەخەنە) جووڵەی بە ئاستەمی ئاو، شەپۆلی وردی چۆم. *(چۆمەکە برینجە دەکا.)* ف) لبخند) موج ریز بر بستر رودخانە

برینگچی: ئەو کەسەی کە بە برینگ مەڕ دەبڕێتەوە. ف پشم‌چین

بریەکار: کەسێک کە قەباڵ هەڵدەگرێ. ف پیمانکار

بریەکاری: کار کردن بە قەباڵ، قۆنتەرات. ف پیمانکاری

بزاوتۆکە: جووڵەی کەم، نیمچە جووڵە. ف حرکت آهستە

بزربزر: پارچە پارچە، لەتلەت، ونجڕ ونجڕ ف تکە تکە

بزرۆکە: (+) پیتی ساکن وەک *(ضُـرذُن — بُـژن — شَروه)* ف نمە

بزگە: بزە، زەردە. *(هاتە نێو شار و کەمێ گەشتی کرد/ ڕوویی ڕوونی دی و بزگەی لێوان «سەید تاهیر هاشمی».)* ف تبسم، لبخند

بزمار بە گا: بریتی لە جێگای تەنگەبەر و پڕ لە حەشامات. *(لەو ژوورە چکۆڵەیەدا بزمار بە گایەکە کەس جێی نابێتەوە.)* ف کنایە از جای تنگ و پر از جمعیت

بزمژنەک: بزنمژە، جۆرێ مارمیلکەی گەورەیە. بێرەبێرە. ف بزمجە

بزمووک: بەسترانەوە، جووڵە نەکردن. *(لەجێی خۆی وا ویشک بووە دەڵێی بزمووک کراوە.)* ف بستە شدن، پابند

بزنگرە: جۆرێک دڕکە لە کونجرە گەورەترە بەمەڕ و بزنەوە دەنووسێ. ف نوعی خار

بزنەڕێ: ڕێچکەی ڕژد و باریک بەقەدی کێوەوە. ف بزراە

بزنی قازی: گەمەیەکی لاوانەیە، دوو قوڵە داری بەقەد بستێک بە دەستەوە دەگرن و شەمچەیەک دوو مەتر دوور دادەنێن و دەبێ لەسەر لاق و ئەو دوو قوڵە دارە وەک گاگۆڵکێ بڕوا و بە دەمی شەمچەکە هەڵگرێ، هەر کەس بتوانێ ئەنجامی بدا بەرەندەیە. ف نام یک بازی جوانان

بزووتن: (+) هاتنە خوارەوەی بێ‌ئیختیاری شیری مەمک، بێ‌ئەوەی منداڵەکە بیمژێ تک تک دڕژێتە خوارێ، مەمک بزووتن. ف ریختن ناخودآگاه شیر پستان

بزوێن:) جووڵێنەر، بزوێنەر؛) پیتی دەنگدار، وەک ئا، ئۆ، ئی، ئوو، ئێ. ف) تکاندهندە؛) حرفهای صدادار

بزەخەنگ: زەردەخەنە، بزە، گرژینەوە. ف تبسم

بزەلەرە: مەلێکی لاق درێژە لە قەراغ ئاوان

دەژی و ماسی دەخوا.ف نوعی مرغ ماهی‌خوار

بژبژۆکە: ناوی گیایەکە گوڵی سوورە.ف اسم گیاهی با گلهای قرمز

بژمێر: ژمێریار، کەسێ کە حیساب دەکا، حیسابگەر.ف حسابدار

بژوار: بژوێن، زەمەند، زەویی پڕ لە گیا و گژ. ف زمین پر از گیاه و علف

بژۆن:) ورە و غیرەت، هێز و توانا.) برژانگ، مژۆڵ، برژۆڵ.ف) قدرت، توان.) مژه

بژوو: بژ، یاڵی ئەسپ، مووی سەر ملی ئەسپ و شێر.ف یال

بژی مەمر: نەمر نەژی. *(کارەکەمان بژی مەمرە.)* ف بخور نمیر

بستۆک: ☜ بستووک

بستووک: بستوو، ملەی کێو، زینوو. *(تۆی لە من دوور کردووە و منی لە تۆ دوور/ ئەو بستووکەی دوژمن ناوی نا سنوور «هێمن».)* ف *گردنەی کوه*

بستە: (+) لقێکی باریکی پێچ پێچە بەسەر لقی بڕکە بێستانەوەیە لە گیا و گژیتر دەهاڵێ.ف شاخەی پیچ پیچ بوتەی جالیز.

بسکدان: گەیشتنی کاڵەک و گرکە بەجۆرێک کە لەبەر گەیشتن لە بڕکەکەی ببێتەوە. *(بێستانەکە کەس نییە لێی‌کاتەوە هەمووی بسکی داوە.)* فمیوەای کە بەخاطررسیدن زیاد از بوتە جدا می‌شود.

بسکوجاخ: ئەگریجە، بسکۆک، مووی سەر لاجانگ.ف زلف

بسکۆڵە: (+) بسکی چکۆڵە، ئەگریجەی قوڵە.ف زلف کوتاه

بسیلاک: زیخەڵان، خیزەڵان.ف ریگزار

بشتاڵ: لاکوت، لاپڕەسەن.ف فضول

بقوت باژۆ: ناوی کایەیەکی منداڵانەیە.ف اسم یک بازی کودکانه

بکەر: کەسێک کە کارێک دەکا. *(کەس بکەری ئی‌کارە نییە.)* ف فاعل

بگربگر: هەراهەرا، زەنازەنا، ڕەشبگیر، هەڵڵاوبگر.ف سروصدای زیاد

بلاتینک: پەپوولە، پەڕپەڕۆک، پەلپەلیسک.ف پروانه

بڵاجەو: سەیر، عەجایب. *(ئی کارە فرە بڵاجەوە.)* ف عجیب

بڵاچانن: برووسکەی هەور، هەورە تریشقە، هەورە برووسکە. *(ئاسمان بڵاچنێ.)* ف آذرخش

بڵاچوهۆر: هەورەگرمە، هەورەتریشقە.ف رعدوبرق

بڵاچە ئاگر: گڕی ئاور، بڵێسە.ف شعله

بڵاچە: برووسکە، بریقەی هەور.ف آذرخش

بلالک: بەلاڵووک، بلاڵووک.ف آلبالو

بلاڵووکە کێویلە: دارێکی کورتە بنەیە بەرێکی وردی زەرد دەگرێ لە جێگای شاخ و بەردەڵان دەڕوێ.ف آلبالوی کوهی

بڵاوەند: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش.ف نام طایفه‌ای از ایل مامش

بڵباس:) ناوی ناوچە و عەشیرەتێکی کوردە.) ئەڵماس، بەردێکی بەنرخە.ف) نام یک طایفەی

کرد) الماس

بڵحەڕوو: مرۆڤی چاوحیز، تۆلاز، ژنی حیز و خراپکار و خەنەڕوو.[ف] آدم بدعمل، فاحشه

بڵفەتە: نەخۆشیی تاعوون، چاوقووڵکە.[ف] مرض طاعون

بڵقەتاڤ: ئەنگوستەچاو، تاریکەشەو، شەوەزەنگ.[ف] شب بسیار تاریک

بڵماندن: بڵمە، دەنگی وشتر و لۆک، وشتر دەبڵێنێ.[ف] صدای شتر نر

بڵند: بەرز.[ف] بلند

بڵنگۆ: بڵێندگۆ، بڵێنگۆ.[ف] بلندگو

بڵۆک: بلووک.[ف] بلوک

بڵووت: دەوریی درێژۆکەی گەورە بۆ پلاو.[ف] دیس

بلووک: جۆرێ خشتی گەورەیە لە چیمەنتۆ دروستی دەکەن.[ف] بلوک

بلووکە: بەفری وشک، بەفرەلووکە.[ف] برف ریز و خشک

بلوێر ئەنگێو: شمشماڵژەن، بلوێرژەن.[ف] نی‌زن

بلەرزەک: بۆمەلەرزە، بوولەرزە، بوولەرە.[ف] زلزله

بلیاق: ڕەشایی نێو گلێنەی چاو.[ف] مردمک، عدسی چشم

بلیز: بڵێسە، بڵێزە.[ف] شعله

بڵێسک: جنچک، پلە گۆشت، چنچک.[ف] تکه گوشت کوچک

بلیمەت: (+) ناحەز، ناشیرین، دزێو.[ف] زشت

بڵێند: بڵند، بەرز.[ف] بلند

بڵێنگۆ: بڵێندگۆ، ئامرازێکە بۆ بەرز بوونەوەی دەنگ کەڵکی لێ وەردەگرن.[ف] بلندگو

بمارکی: جۆرێک دمەڵی زۆر بە ژانە لە لەشی مرۆڤ دێ.[ف] نوعی دمل چرکی

بنئامۆزا: ئامۆزازا، منداڵی ئامۆزا. [ف] فرزند پسرعمو

بناجانگ: لاجانگ، نێوان ڕوومەت و گوێچکە.[ف] عارض

بنار: (+) ڕێی هەوراز، ڕێگای سەراولێژ.[ف] راه شیب‌دار

بناژانگ: ☜ بناجانگ

بناورە: ئەو پووشە نەرمەی بۆ هەڵبوونی ئاور لە بن دەستە چیلەی دەنێن.[ف] خاشاک خشکی که برای روشن کردن آتش زیر چوبها قرار می‌دهند

بناوکەر: مەلەوان، سۆبا، مەلەزان، مەلەڤان.[ف] غواص، شناگر

بنپاژینە: بنژیل، خۆڵ و خاکی دانەوێڵەی لە بێژنگ دراو، بنبێژنگە.[ف] تەنشین بیختن غربال

بنپشک: (+) قورەکەشی، تیروپشک.[ف] ☜ تیروپشک

بنترنە: ئەو تەختەی کە ڕایەڵی گوردە و شێرە لە فەرشدا لێک جیا دەکاتەوە.[ف] تختەای در میان تارهای فرش قرار می‌گیرد

بنتەمەڵە: بنچینە، هێم، بناخەی دیوار.[ف] شالوده، بنای زیرین دیوار

بندارۆک: (+) سەیران، سەیاحەت، رابواردن. ف تفریح

بندرِس: عەسڵ، رەسەن. ف اصیل

بـندنـۆ: پـووک، ئـەو جێیـەی ددانـی لـەسـەر دەڕوێ. ف لثه

بن‌دۆک: (+) ئەو خوورییە زبرەی لە شانە کردندا دەمێنێتەوە و بۆ ڕستن نابێ. ف باقیماندەی پشم هنگام ریسندگی

بندوورە: میلاقە، ڕەبەنۆک. ف آلاله

بنرچڵەک: بنەچەکە، ڕچەڵەک، باوباپیران. ف اجداد و نژاد

بنعانە: جۆرێ پێڵاوی قەدیمی ژنانە بوودراوێکیان لە پاژنەکەی دەدا بۆئەوەی تەقەی بێ. ف نوعی کفش زنانه

بنقرووژنەک: ئەوک، قورقوراچکە، بینبینۆکە، قورگ، تینتینۆکە. ف حلقوم

بنکرنەک: بنکر، شتێ کە بە بنی مەنجەڵەوە دەنووسێ. ف تەدیگ

بن‌کەوا: کورتەکی ژنان، شتێکی ئەستوورە ژنان وەک شۆرت لەپێی دەکەن بۆئەوەی سمتیان قەڵەو بنوێنێ. ف نوعی پوشاک زنانه

بن‌کەوش: (+) مووررووە قاچاخی، جۆرێ خشڵ و مووررووی سێ گۆشەیە ملوانکەی پێ دەگرنەوە. ف نوعی مهرەی رەنگی برای بافتن گرنبند

بنۆرە: کوندەی چکۆلە، کوندەک. ف مشک چرمی کوچک

بنۆس:) بنەما، بناغە، بنێشە، هێم، بنچینە) هۆ، سۆنگە، هۆکار ف) اساس، شالودە) سبب، علت.

بنەبان: میچ، لای ژووری ماڵ. ف سقف، قسمت بالایی خانه

بنەبڕ: (+) بەهانەبڕ، گرووشکێن. ف وسیلەای برای بریدن بهانه بچه

بنەتان: داری ژێرەوەی فەرش کە تەونکەر لە سەر ئەو پەراوێزی هەوەڵ دادەمەزرێنێ. ف چوب زیرین دەستگاه فرش بافی

بنەتوو: دابێکی ناحەزە کەسێک کە ماڵی نییە ژن بێنێ، کچی کابرایەک بە بنەتوو دەخوازێ واتە هەرچی منداڵی مێیینەی بوو دەبێ بیداتەوە بە ماڵی خەزووری و هیچ هەقێکی بەسەریەوە نابێ. ف رسمی ناشایست در فرهنگ عشایری

بنەجەرگ: گۆشتی بەندی دڵ، ئەو ڕەگە گۆشتەی بۆتە پێوەندی جەرگ و دڵ. ف رگی که دل و جگر را به هم پیوند زده است.

بنەگر: جی‌گرتوو، جێگیر، مسۆگەر، سەقامگیر. ف جاگرفته، پایدار

بنەگۆگەم:) گۆگەم گیایەکە لە بوورە و بەیار شین دەبێ گوڵی زەردە بنەکەی وەک کۆڵوو خڕ و ئەستوورە بۆ سووتاندن دەبێ.؛) بریتی لە مرۆڤی قوڵە و نالەبار. *(دەڵێی بنەگۆگەمە پۆز و هەواشی هەیە.)* ف) ریشەی گیاه جوجم؛) کنایه از آدم کوتوله

بنەما: (+) بناغە، بنێشە، بنچینە، هێم. ف شالودە

بنەوپاڵ: پەنا، تەنیشت. *(هەر لە بنەوپاڵی خۆتدا دانیشتووە.)* ف پهلو، بغل

بنەوەشی: جیددی، بەڕاستی. ف جدی

بنێس: لەڕ، لاواز، داڵگۆشت، ڕیوەڵە.ف لاغر

بنێسین: ژاکان، وشک بوون، سیس بوون.ف پژمرده شدن

بنێشتە خۆشکە: بریتی لەقسەیەک کە دەکەوێتە سەر زاری خەڵک و برانەوەی نییە. *(ئەم قسەیان کردۆتە بنێشتە خۆشکە.)* ف حرفی که در دهان مردم می‌افتد و تمامی ندارد

بنێشە: بناغە، بنچینە، هێم، بنتەمەڵە.ف زیربنا

بۆ هەڕنەهووت: بۆ ترشاو و گەنیو، بۆ گنخ، بۆگەنی زۆر پیس و ناخۆش.ف بوی بسیار بد

بواردوو: قاوت، گەنمی برژاوی لێکراو.ف قاووت

بوخت: بوختان، تۆمەت.ف بهتان

بوخچە: نێفەکی دەرپێی ژنان، گردەڵە. *(بوخچەی ئاوەڵکراسەکەم تەنگە.)* ف خشتک شلوار زنانه

بوخچەی نەکراوە: بریتی لە لاوێک کە ژنی نەهێنابێ. *(کورەکەمان هێشتا بوخچەی نەکراوەیە.)* ف کنایە از جوانی کە هنوز زن نگرفته باشد

بۆخنک: بۆدڕ، بۆدڕن.ف بوی چرک بدن

بۆدرە: پۆتر، کرێمی چەور کردنی دەست و دەم و چاو.ف کرم

بۆدی پۆش: زرێپۆش.ف زره‌پوش

بۆدی: بەدەنەی ماشێن.ف زره

بۆڕ خواردن: بەزین، شکست خواردن. *(هێندە خوێرییە هەر لەڕێوە بۆڕ دەخوا.)* ف شکست خوردن

بۆران پێچ کردن: ڕاپێچەک دان، ڕامالین بە زۆر.ف غارت و چپاول

بۆران پێچ: بارِن و تۆف و بەند.ف کولاک

بۆڕبۆڕێن: ململانێ، گوڕڕە، ڕقە.ف مسابقه

بۆڕدان: بەزاندن، شکست پێدان. *(هەر کەس ململانێی لەگەڵ بکات بۆڕی دەدات.)* ف شکست دادن

بۆڕدراو: بەزیو، ترساو، شکست خواردوو، قڵ بوو.ف شکست خورده

بۆڕدران: بەزین، شکست خواردن، قڵ بوون.ف شکست خوردن

بۆرە خوڵک: خوڵک کردنێکی کەم و سارد و سڕ. *(وەک جاران خوڵک خۆش نەبوو تەنیا بۆرە خوڵکێکی کردین.)* ف تعارف کردن سرد

بۆرەتار: بوومەلێڵ، تاریک و ڕوونی بەیانی و ئێوارە.ف گرگ و میش

بۆرەکار: کاری سووک، ف کار اندک.

بۆرەکە:) گوێلکی نێری دوو ساڵە، پارگوێر، گوێلپار؛) بۆرە پیاو، پیاوی سووک و چرووک و بێبایخ لە تایەفەدا.ف) گوساله‌ی دو ساله؛) مرد بی‌شخصیت و بی‌ارزش در طایفه

بۆری: شووشەی لامپا، بۆق.ف شیشه‌ی چراغ

بۆزراق: ڕەنگی کەهووی مەیلەو سپی، سپیواش.ف رنگ طوسی مایل به سفید

بۆزقاجی: تاجی و حەیوانی بۆز و خەتخەت. ف تازی و حیوان بور با خط و خال سفید

بۆسۆ کردن: بریتی لە بوختان کردن، قسەی سووک وەدوای کەسێک خستن.ف کنایە از تهمت زدن

بوغز له زگ: ☜ بوغزاوی

بوغزاوی: قین له زگ، ڕقاوی.[ف] کینەتوز

بوغمە: ئۆناق، بوغز، [ف] عقده.

بوغور: (+)) لۆک، وشتری نێر) قەڵەو، یاخی، گوێ نەدەر.[ف]) شتر نر) یاغی

بوغە: جوانەگای مل ئەستووری نەخەساو.[ف] گاو اخته نشده

بۆفرە: بلۆق، بڵق، گۆمەزە.[ف] حباب

بۆق له زگ: بوغز له زگ، غەزراوی، ڕکوونی، دخەزدار، قین ئەستوور.[ف] کینەتوز

بۆق: (+) شووشە لامپا، شووشەی چرا.[ف] شیشه چراغ

بۆک ونابۆک: دوودڵی، دڕدۆنگی کردن. *(بۆک و نابۆک چوومە پێشێ.)* [ف] متردد

بۆکان: شارێکی کوردستانە.[ف] بوکان

بوکسەوات:خلیسکان و سەرنەکەوتنی ماشێن لەجێگای قوڕ و سەهۆڵ.[ف] بکسوات.

بۆکۆن:) ناوساجی، زرووبی؛) بۆنی شتێک کە کۆن بووبێ.[ف]) نان روغنی؛) بوی کهنگی

بۆگەنکە: (+) بوونەوەرێکی چکۆلەیە لە قالۆنچە بچووکترە، سن.[ف] حشرەی سن

بۆڵ: (+) هێشوو، زەنگەتە، تلووتک، یەشوو.[ف] خوشەی انگور

بۆڵژن: ناڵە، بۆ دەنگی گەورە دەگوترێ. *(دەنگی دەڵێی بۆڵژنی دێوە.)* .[ف] صدا و نعرەی بلند

بووتگ: ڕێزە، زەڕڕە، گەردیلە، هوورک.[ف] ذره

بووج: گەوج، نەفام، ناهیر، حۆل.[ف] ابله

بووجی: گەوجی، نەفامی.[ف] ابلهی

بوودەڵە: (+) کودەڵە، بەچکەی بەراز.[ف] بچه خووک و گراز

بووری: ڕابردوو، ڕابووری، ڕابوردە.[ف] گذشته

بووزەڵە: بەربینک، بەرهەڵبێنەی بووزوو.[ف] سینەپوش

بووژاندن: ڕنجاندن، دڵهێشاندن. *(گوڵی من وا سەرم دانا لەبەر پێت/ لەمە زیاتر مەبووژێنە دڵی شێت «ڕاوچی».)* [ف] رنجانیدن

بووژەڵە: تازە پێ گرتوو، منداڵی خڕەکە بوو. *(کوڕەکەیان تازە بووژەڵە بووە و خلەخل دەڕوا.)* [ف] بچە تازە پا گرفته

بووکە باخە: بووکی نایلۆنی.[ف] عروسک پلاستیکی

بووکە بەفرینە: ئەو پەیکەرەی منداڵان بە بەفر دروستی دەکەن.[ف] آدم‌برفی

بووکە سوورە: مەلێکی بەر زگ سوورە بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ.[ف] اسم پرندەای است

بووکە والا: بووکە شووشە.[ف] عروسک

بۆون: بەیار، زەویی نەکێڵدراو.[ف] زمین بایر

بوهتووم: بوختان.[ف] بهتان

بۆیرش: بۆشێ، بۆنی هەر شتێک کە لە شوێنی تەڕ داندرابێ و شێی هەڵێنابێ.[ف] بوی نم

بە ئاو کردن: زەرد بوون و سیس هەڵگەڕانی گەنم و جۆ بەهۆی ئاوی زۆرەوە.[ف] زرد شدن محصول براثر آب زیاد

بە بازو و برد: توند و تۆڵ، چوخت و چالاک، ئازا لە هەڵاتن.[ف] چالاک

بە بای خەیاڵدا نەهاتن: گوێ پێنەدان و

کەمتەرخەمی نواندن، *(تەواوی ماڵەکەی لەنێو بچێ بە بای خەیاڵیا نایە.)* ف اهمیت ندادن

بە بەردا هەڵخوێندن: تاریف و پێدا هەڵکوتن و پاڕانەوە لە کەسێک بۆئەوەی کارێک جێبەجێ بکا. *(مانگێکە بە بەریدا هەڵدەخوێنم پێمل نابێ.)* ف خواهش و تعریف و تمجید

بە بەژن بڕان: تایبەت بوون، ڕێک هاتنەوەی دوو شت پێکەوە. *(کوڵمەت گەش و ڕووناکە دەڵێی تیشکی هەتاوە/ جوانچاکی کراسێکە بە بەژنی تۆ بڕاوە «هێدی».)* ف چیزی کە مخصوص چیز دیگر باشد

بە پێی فیلان: بریتی لە زۆر و زەوەند. *(هەر چییەکت بوێ بە پێی فیلانە.)* ف کنایە از بسیار زیاد

بە تاڵپا: بەرەڵڵا و بێکارە، لات، کەسێک کە بێکارە و دەسووڕێتەوە. ف بیکار

بە تڕ بەند بوون: بریتی لە شتی ناقایم و خوڕانەگر. ف کنایە از چیز غیر مقاوم

بە تەما: تەمادار، تەمایەر. ف خواهان

بە چەقی نەحلەتا چوون: ڕق هەستان و پێداگری کردن لەسەر کارێک. *(تازە بە چەقی نەحلەتا چووە بە قسەی کەس ناکا.)* ف یکدندگی و پافشاری

بە دەمدا ساوین:) بریتی لە شتی کەم بۆ پێخۆر. *(عالەمێکمان بەسەردا ڕژاوە ئەو تۆزە چێشتە بە دەمی کێدا بساوم؟)* ؛) لە دەم هەڵساوین. ف) کنایە از غذای کم برای افراد زیاد؛) به دهان ساییدن

بە دەمدا هاتنەوە: جوابە جەنگی. *(وای بە دەمدا هاتەوە خەریک بوو بیخوا.)* ف جدال لفظی

بە دەمەوە دان:) بریتی لە ڕوو پێدانی زۆر بە منداڵ. *(هێندەی بە دەمەوە مەدە دوو ڕۆژیتر چاوت دەردێنێ.)* ؛) بریتی لە پێ زیاد کردن. *(بڕێکی دیکەی لەو زەوییە بە دەمەوە بدە خانووبەرەیەکی باشی تێدا دەبێ.)* ف) رو دادن زیاد به بچه؛) اضافه کردن چیزی به چیز دیگر

بە ڕقدا چوون: ڕق هەستان، تووڕە بوون. ف عصبانی شدن

بە ڕوودا دانەوە: بە چاودا دانەوە، چاکە کردن لەگەڵ کەسێک و وەبیر هێنانەوەی. *(باشە هێندەت بە ڕوودا دایەوە کوێرت کردین.)* ف کنایە از منت گذاشتن

بە ڕیشەوە بوون: بە تووشەوە بوون. ف دچار شدن

بە سەر چوون: بە سەر ڕۆیشتن، بە مەیل و ئارەزوو چوون بۆلای کەسێک. *(بۆ خزمەت مامۆستا هەر بە سەر دەچم.)* ف ☜ بە سەر ڕۆیشتن

بە سەر ڕۆیشتن: بەسەر چوون، بریتی لە تامەزرۆ بوونی زۆر. *(هێندەم پێخۆشە بچمە حوزووری بۆم هەڵکەوێ بە سەر دەچم)* ف با سر رفتن

بە سەرەوە نەچوون: ماوە پێنەدان، موڵەت نەدان، *(هێندە بە تەماحە بەسەر ماڵی کەسەوە ناچێ.)* ف پرهیز نکردن از هر چیز

بە سەنگی سیا هەڵێنان: بە بەڵای گەورە

دووچار کردن، ئابڕوو بردن و تەمبێ کردن. ف به خاک سیاه نشاندن

به شەرما کەوتن: بەڕوودا کەوتن، شەرم کردنی زۆر. *(وا بە شەرما کەوت لەڕووی هەڵنەهات نانەکەی بخوا.)* ف خجل شدن

بە قێز و بێز: ☜ بێزەون

بە کێودا کردن: شێت کردن، خوودار کردن. *(ناوێرم ئەو قسەیە بکەم بە کێومدا دەکات.)* ف کنایه از دیوانه کردن

بە گڕ: دڵتەڕ و ئاشق، هەوەسباز. *(هێندە بە گڕە بە دە شوو تێر ناخوا.)* ف هوسباز

بە گژەونان: بە گژدا کردن، پیا هەڵشاخاندن. ف تحریک کردن برای گلاویز شدن

بە گۆڕێ وەر کردن: لەبەر یەک پرژ و بڵاو کردن، جەرگ و ڕیخۆڵە دەرهێنان. *(تانجی و توڵە جەرگ و ڕیخۆڵەی ڕێوییان بە گۆڕێ وەر کرد.)* ف پاره پاره کردن و از هم پاشیدن

بە مۆر و مایە: بە پۆز و دەمار، خۆگر و لەخۆبایی. *(هێندە بە مۆر و مایەیە دەڵێی کوڕی قەڕاڵی فەرەنگە.)* ف کنایە از کسی کە خیلی متکبرانه رفتار میکن

بە مەشکە دەرهێنان: کەوڵ کردنی ئاژەڵ بۆ مەشکە. ف کندن پوست حیوان برای مشک

بەبا کردن: لاتیل، بە لێواری بێژنگ گەنم بە بادان ف به باد دادن غله با لبه‌ی غربال

بەبە: (+) باوک، باب. ف پدر، بابا

بەبەران: مەڕی بەرانخواز. ف گوسفند قوچخواه

بەپۆز: بەفیز، خۆبەزلزان، ترزل، قۆرەدەماخ، قودە قورە. ف مغرور، متکبر

بەتاک: بەتاڵ، خاڵی. ف تهی

بەتاڵپە: ☜ بەتاڵپا

بەتر: بەتڵ، بەش، ماوە. *(بەترێکی شەو چووبوو.)* ف قسمت

بەترەف: (+) زۆر، لەڕادەبەدەر، یەکجار زۆر. ف بیش از اندازه

بەتری: چاو ئێشە، نەخۆشیی چاو. *(چاوی بەتری کردگە.)* ف چشم درد

بەتلە: تەپکە، جۆرێک داوە لە تەختەی دەدەن و دەیخەنە بن بەفرەوە دانی بە سەرەوە دەکەن بۆ گرتنی باڵندە. ف نوعی دام برای پرنده

بەتەک: کوڕکوڕ، کەت، وەتەک، قەتێ. ف کوکر

بەتەگە: بزنی نێریخواز ف بز نرخواه

بەحاڵ و دووبەلا: زوورەک و دووبەلا، بەحاستەم، بەئەسپایی. ف بسیار اندک، آهسته

بەحێشت: بەهەشت، بەحەشت، ف بهشت.

بەخاو کەوتن: لاق و قول گیران، لاق ئێشان بەهۆی بەڕێدا ڕۆیشتنی زۆر. ف پا درد براثر پیادەروی زیاد

بەخۆدا شکانەوە: شەرمەزار بوون، خەجاڵەت بوونەوە، تەریق بوونەوە. ف شرمسار شدن

بەدادایی: گریان و گوڕووی منالی چکۆلە کە لە شیری دەبڕنەوە.(*مادەری گێتی لە شیری بریەوە دەبڕێتەوە/ فائیدەی چی شەخسی لێکەوتوو بەدادایی بکا «مەحوی».)* ف بهانه و گریه کردن بچه شیرخواره

بەداری نەحلەتا چوون: ☜ بە چەقی نەحلەتا

چوون

بەدانستە: بەتایبەت و لە رووی وریاییەوە. *(بەدانستە لامدا بۆلای و چاوم لە کارەکەی کرد.)* ف عمدا

بەدبەدە: کەڕەواڵە، هەوێردە.ف بلدرچین

بەدڕست: پێچەوانەی خۆشڕست، تاژییەک کە بە جوانی ڕست نادا.ف تازی کە بە خوبی با شکارچی همکاری نمی‌کند

بەدفەڕ: بەدئەتوار، ئاکار خراپ، ناڕەسەن.ف بدعمل، نامبارک

بەدگل: دزێو، ناشیرین، ناحەز.ف زشت

بەدگووز: مرۆی خیشەسەر و ناحاڵی، قین لە زگ و بوغزاوی، خیرەسەر.ف آدم کینەتوز

بەدماژە: رووتاڵ، رووگرژ، دزێو، مرومۆچ، خوێنتاڵ.ف اخمو، زشت

بەدەدایی: بەدادایی.ف ☜ بەدادایی

بەدەستەوە چوون: بەدەستەوە مردن، بەدەستەوە زایە بوون.ف کشتن کسی

بەدەستەوە هاتن: توانایی و سەرکەوتن لە کارێکدا. *(کارەکەم بە جوانی بەدەستەوە هات.)* ف توانایی انجام کاری

بەدەعیە: بە پۆز و هەوا، خۆ بە زل زان.ف متکبر

بەدەماخ: قەڵەو، گۆشتن، پڕگۆشت.ف چاق

بەدەماغ: ☜ بەدەماخ

بەدەنداز: دزێو، ناحەز، ناشیرین.ف زشت

بەدەهەن: ☜ بەدەهەند

بەدەهەند: دەست و دڵباز، دڵاوا.ف بخشندە

بەرئاوێتن: ☜ بەرهاویشتن

بەرانگژا بوون: بە گژدا چوون، ئانگژا بوون.ف گلاویز شدن

بەراو: (+) لای خوارووی جۆگە ئاو کە شێڵەگەی لێ هەڵدەبەستن، بەرانبەری پشتاو.ف طرف پایینی جوی آب

بەرایی: دەسپێک، سەرەتا، لەپێشدا.ف ابتدا

بەربجاڤ: سامناک، بەسام، ترسناک.ف بیمناک

بەربڕ: (+) پێش گرتن، بڕدان، بەرزەفت.ف ☜ بەرزەفت کردن

بەربۆغە: بەرخەبەبە، بەرچێڵە، غەوغەو.ف غبغب

بەربەتاو: بریتی لە ژن و پیاوی دڵتەڕ و بە گڕ، حەشەری.ف انسان بلهوس

بەربەرەڵڵا: پێش ئاوەڵا، بەرنەگیراو، پاوان نەکراو.ف مکانی کە انحصاری نباشد

بەربەلا کردن: وەبەر بەلا دان، قوربانی کردن. *(مانگایەکی بۆ بەربەلا دەکەم ئەگەر بگەڕێتەوە)* ف صدقە کردن

بەربەلا: لە بەلاوە نزیک، کەسێک کە زۆری بەلا بەسەر دێ. *(ئەو فەقیرە هێندە بەربەلایە رۆژ نییە تووشی گرفتێک نەبێ.)* ف از بلا نزدیک.

بەربێر: شوان، شڤان، بەرڤان.ف ☜ بەرڤان

بەربێنک: بەرهەڵبێنە، پەڕۆیەکە بۆ داپۆشینی لاق هەتا پشتێنە لە کاتی کار کردندا.ف پیش‌بند

بەرپیوار: ون، نادیار، گوم، بزر، وندا.ف گم، ناپیدا

بەرتەک دانەوە: بەرپەرچ دانەوە، قسە پێبڕین.

ف در میان سخن دویدن

بەرجەڤان: خاوێن، پاقژ، ئافیدە. ف پاکیزە

بەرجی: بێجگە، جگە. ف بەجز، غیراز

بەرچاکڵە: قڵفبەندێکە بە گوریس بۆ بەستنی باقەی چوارەمی شەغرەکێشان. ف نوعی گره طناب در بار کردن علف

بەرچێڵەگە: بەرچێڵە، گۆشتی شۆڕی ژێر ملی گا و کەڵ و ... ف گوشت آویزان زیر گردن گاو و گاومیش و ...

بەرخ خنکێنە: گیایەکی قاڵچخ دارە لە مێرگ و گوێ جۆگە ئاو دەڕوێ، وەک گوڵە جۆ وایە. ف نام گیاهی است

بەرخۆدان: خۆڕاگری. ف مقاومت

بەرخوێن: دابێکی ناحەز و نارەوای کوردەوارییە کەسێک کە پیاو دەکووژێ دەبێ کچەکەی یان خوشکەکەی لە تۆڵەدا بدا بە ماڵی کووژراوەکە. ف دادن دختر به جای خون بها

بەرخەتا: خەتابار، تاوانبار. ف مجرم. خطاکار

بەرخەلان: کۆزی بەرخ، تامانی جێگەی بەرخ و کاژیلە. ف محل نگهداری بره و بزغاله

بەرد بە با کردن: بریتی لە زۆر توورە بوون و ڕق هەستان. *(وای ڕق هەستا بوو بەردی بە با دەکرد.)* ف کنایه از بسیار عصبانی شدن

بەرد لەسەر دانان: بریتی لە شاردنەوەی ڕاز و نهێنی، *(ئەو قسەیە هەر لێرە بەردێکی لەسەر دادەنێین و لەبیری دەبەینەوە.)* ف نهان کردن راز

بەرد لەسەر مەڵۆ دانان: بریتی لە خاترجەم بوون، دڵنیا بوون. *(تازە بەردی لەسەر مەڵۆ داناوە خەمی هیچی نییە.)* ف کنایه از خاطرجمع شدن

بەرد هەڵگرتنەوە: بریتی لە زۆر توورە بوون و ڕق هەستان. سەگ کاتێک کەسێکی نەناس دەبینێ و پێی دەوەڕێ ئەگەر کەسەکە بەردی تێ هەڵکا وای ڕق هەڵدەستێ هەڕا دەکاتە بەردەکە و قەپی پێدا دەکا ف کنایه از بسیار عصبانی شدن

بەرداخستنەوە:) فەڕش کاتێک زۆری لێدەتەنن و بەرز دەبێتەوە بەنەکان شل دەکەنەوە و دەیگێڕن و تەندراوەکەی دەچێتە پشتەوە و لە خوارەوە دەست دەکەنەوە بە تەنین، بەو کارە دەڵێن بەرداخستنەوە.) تەکمیش کردنی دێراوی بێستان، بەرنانەوە، تەربیش. ف) برگرداندن قالی روی دارقالی) سست کردن خاک جالیز

بەرداس: دەغڵی ئامادەی دروێنە، گەنمێک کە وەختی دوورێنەوەی هاتبێ. ف محصول آمادەی درو

بەردۆ: (+) گادۆشکە، مەرکەنی، سەتڵی گەورە، مانگادۆش. ف سطل بزرگ

بەردە ئازەبە: بریتی لە کەسێک کە دەبێتە هۆی ئازار و خەمی خەڵکی. *(بۆتە بەردە ئازەبە و وەزاڵە هاتووین بەدەستییەوە.)* ف مایەی عذاب

بەردە بەلک: بەردە جەرگە، جۆرێ بەردی سوور و لووسە وەک جەرگ وایە. ف سنگ شبیه جگر

بەردە جەرگە: بەردە بەلک. ف ☜ بەردە بەلک

بەردە کەچەڵە: بەردێک کە خەنەتیلکەی پێوەیە

و کرێژی بەرداوە.[ف] سنگی کە گلسنگ گرفتە باشد

بەردە مووروو: بەرد یان ئاسنێکی قووڵە لە ژێرەوەی بەرداش تەوەرەی لەسەر دەگەڕێ.[ف] سنگمهرەی آسیاب آبی

بەردە موورەسەن: بەردێکی خڕی سەختە لە ئاشی ئاویدا بەرداش لە سەری دەخولێتەوە.[ف] سنگی گرد و سخت در آسیاب آبی

بەردە نەخشینە: ناوی گوندێکە لە ناوچەی فەیزووڵڵا بەگی بۆکان کەوتۆتە بەر سەدی کۆرش و ئاسەواری نەماوە.[ف] نام روستایی کە زیر سد کورش رفتە

بەردەڕەوا کردن: بەردباران کردن. *(بەردەڕەوا کریاگە.)* [ف] سنگسار کردن

بەردەڕەوا: بەردباران، کوچکواران.[ف] سنگسار

بەردەزەرد:) ناوی چەند چیایە لە کوردستان کە بەهۆی ڕەنگی بەردەکانییەوە پێیان دەڵێن بەردەزەرد؛) ناوی گوندێکە لە ناوچەی بۆکان. [ف]) نام چند کوە در کردستان؛) نام روستایی در نزدیکی شهر بوکان

بەردەستک: بەردەست، شاگرد، وروێڕکە، خزمەتکاری بەردەست.[ف] پادو، وردست

بەردەسماڵ: خشڵێکە ژنان لە دەسماڵی دەدەن لەبەر گەردنیاندا.[ف] از زیورآلات زنانە

بەردەق بەردەق: بیر کردنەوە و هێنان و بردن، بیر ئاڵۆز بوون و خەیاڵ کردنی زۆر. *(خەم دایگرتبووم و کەوتبوومە بەردەق بەردەق.)* [ف] فکر و خیال بیش از حد

بەردەڵا کەفتن: نەخۆش کەفتن، کەلەلا کەوتن، *(ئی بەدبەختە ئەیە سێ جارە بەردەڵا کەفێ.)* [ف] زلیل شدن

بەردەڵا: زەلیل، کەلەلا، نەخۆش و لەجێدا کەوتوو.[ف] علیل، زلیل

بەردەلینگ: پارچەیەکی باریک و قایم کە بە دەوری دەلینگی پاتۆڵیدا دەدوورن بۆئەوەی شی نەبێتەوە.[ف] ئاستری نوار مانند دور دمپای شلوار می‌دوزند

بەردەماو: بەرماو، بەرما.[ف] سئور

بەردەنگ: کەسی بەرانبەر لە ئاخافتندا، *(ئەو هەمووە قسە دەکا و دەنووسێ بەردەنگی نییە.)* [ف] مخاطب

بەردەنووس: بەردێک کە نووسراوە و نەخشی کەونارای لەسەر هەڵکەندرابێ.[ف] کتیبە

بەردەنوێژ: تاتەنوێژ.[ف] سنگی کە بر آن نماز می‌خوانند

بەردەوام: بێبڕانەوە، پەیتا پەیتا.[ف] پی‌درپی

بەردەوام: لەسەریەک، بێپسانەوە، *(بەردەوام خەریکی کارە.)* [ف] همواره

بەردیلزا: بەرخە نێری سێ ساڵە، شەک بەران. [ف] برەی نر سە سالە

بەرڕاو: لای خوارووی ڕاوگە.[ف] طرف پایین شکارگاه

بەرزە حەوالکێ: کۆلارە، بەرزە حەوایلە.[ف] بادبادک

بەرزە حەوایی:) بەرزە حەوالکێ؛) بەردێکی درێژۆکەیە بە پەتێکییەوە دەبەستن و فڕێی

دەدەن بۆ حەوا زۆر دەڕواتە سەرێ و وەک مووشەک دێتەوە خوارێ. ف) بادبادک؛) ☜ بەرزە حەوایلە

بەرزەدەماخ: لووتبەرز، لەخۆڕازی، قۆڕەدەماخ. *(مەی حەلالە بۆ منی دڵ پڕ لە داخ/ حەیفە لێی بخواتەوە بەرزەدەماخ «هێمن».)* ف مغرور

بەرزەفت کردن: پێش پێگرتن، بەرگری لێکردن. ف پیشگیری کردن

بەرژەوەن: ☜ بەرژەوەند

بەرژەوەند:) بەرجەوەند، بەرجەوەن، دیمەن، لەپێش چاو دیار؛) بەراورد، لێکدانەوە. ف) منظره؛) تخمین

بەرساوتە: بەرهەیوان، ژێرسابات، سێبەری کەپر. ف سایبان

بەرسۆلکە: بەرسوورکە. ف ☜ بەرسوورکە

بەرسوورکە: بەرسۆلکە، جۆرێ کارگی زەردی وردە لە مێرگان دەڕوێ. ف نوعی قارچ زرد رنگ

بەرسینچکە: نزگەرە، نزگرە. ف سکسکە

بەرڤان: شوان، شڤان. ف چوپان

بەرفرەوان: بەرفرە، هەراو، بەرفەریح، بەرین. ف وسیع

بەرفەریح: بەرفرەوان، هەراو، بەرین. ف وسیع

بەرقەد: لاپاڵی کێو، قەدی کێو، قەدپاڵ. *(مەڕەکان لەو بەرقەدە پەلیان هەڵخستووە.)* ف سینەی کوه

بەرک: (+) قایم، ئاسێ، سەخت، ئاز. ف سخت، محکم

بەرکۆ: پێشەکیی کارێک، پێچەوانەی پاشکۆ. ف ابتدای کار

بەرکوت:) خواردنێکی کەم نزیک نیوەڕۆ و شێو. *(تازە بەرکوتێکم کرد برسیم نییە.)* ؛) کوتانی کوڵۆشی گەنم پێش گێرەکرانی خەرمان. ف) خوردن اندکی غذا قبل از وعدەی نهار یا شام؛) کوبیدن ساقەی گندم با چوب قبل از کوبیدن خرمن

بەرگیرفان: ئاسەڕی گیرفان. ف آستر جیبی

بەرگێڵە: هەیوانی بەردەم ئەشکەوت. ف سنگ ایوان مانند جلوغار

بەرلۆغە: بەرخەبەبە، بەرچێلە، بەرچەنە. *(هێندە قەڵەوە بەرلۆغەی شۆڕ بۆتەوە.)* ف غبغب

بەرلیکە: بەرسنگە، کوتێک پەڕۆیە بە بەر سنگی منداڵیدا شۆڕ دەکەنەوە وەک بەرهەڵبێنە بۆئەوەی سەر سنگی بە لیک و نان و چێشت پیس نەکا، بەروانکە. ف سینەپوش کودک

بەرماڵ لەسەر ئاو گەڕان: تاریفێکە بۆ موسوڵمانەتی، کەسێک کە سەری بچێ نوێژی ناچێ. هێندە موسوڵمانە بەرماڵی لەسەر ئاو دەگەڕێ. ف کنایە از مسلمان نمازخوان

بەرمیت: مێو، مۆم، شانەی هەنگوین کە دەیتاوێننەوە. ف موم عسل

بەرنانەوە: ☜ بەرداخستنەوە

بەرنیخ: بەرهەڵێخ، دیواری پارێزەری دیوار، ئەو دیوارەی کە لەبەر دیوارێکی درزبردوودا هەڵیدەچنن. ف دیوار محافظ دیواری کە دارد فرو میریزد

بەرۆدان: زاووماک، تێکەڵ کردنی مەڕ و بێچوو. ف قاطی کردن گوسفند و بره

بەڕوودا کەوتن: بە شەرما کەوتن، لەڕوو دامان. ف رودربایستی

بەروێ: بەرۆک، پێسیر، بەرۆ. ف گریبان

بەرە لەسەر هەتیو هەڵدانەوە: لا لێکردنەوە و چاکە کردن لەگەڵ کەسێکی لێقەوماو ف کمک کردن به فقیر و محتاج

بەرهاویشتن: بەرخستن، بەرئاویتن. ف سقط جنین

بەرەبەرە: (+) وشەیەکە کاتی جووت بە گا دەڵێن بۆ هاتنەوە سەر هێڵی جووتەکە. ف کلمەای کە دهقان هنگام شخم زدن بەکار می‌برد و گاو را بە طرف خط شخم هدایت می‌کند

بەرەجۆ:) ئەو چەند دێراوەی لە جۆگەلەیەکەوە ئاویان بۆ دەچێ؛) ناوی گوندێکی ناوچەی مەنگوڕی مەهابادە. ف) چند چالەای از جالیز که از یک جوی آب می‌خوردند؛) نام روستایی از توابع مهاباد

بەرەچاوە: بەرێکی کاریتەی بان کە ڕیزە دەستەکی دەخرێتە سەر. ف یک طرف شاەتیر

بەرەدار: مەودای بەینی دوو کاریتە لە میچی خانوودا، *(نێومالەکەیان سێ بەرەدارە.)* ف ردیف تیرگ سقف

بەرەدایە: ڕەوا دیتن، بەرایی. *(چاوم بەرەدایە نادا ببینم.)* ف چشم دیدن کسی را نداشتن

بەرەڤاژی: بەراوەژوو، پێچەوانە، چەواشە. ف بلعکس

بەرەڤی: کۆڕ، کۆی چەند کەس لە دەوری یەک. ف مجلس

بەرەڵێخ: ☜ بەرنیخ

بەرەنسکێ: هەنیسک، هەنسک، بەرسینچکە. ☜ بەرسینچکە

بەرهەڵدا: بەرەڵلا، ئازاد کراو. ف رها

بەرهەڵستکار: کەسێک کە بە دژی کارێک ڕادەوەستێ. ف مخالف

بەرهەڵستکاری: ڕاوەستان بە دژی کارێک، هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر کارێک یان کەسێکدا. ف مخالفت

بەرێ: (+) بەچکەی ئاسک، کارمامز. ف برەآهو

بەڕیدە: ئاوارە، ئاراگێل، هەڵوەدا، باوەژۆ. ف آوارە

بەرێک: بەرۆک، پێسیر، بەرۆ، بەروێ. ف گریبان

بەڕێوەچوون: ئەنجام درانی کار. ف انجام گرفتن کاری

بەزافتە: بریتی لە پیاوی بە هەیبەت و تووڕە کە ژن ومنداڵەکەی ناتوانن قسە لە قسەیدا بکەن. ف متضاد زن زلیل

بەزگ: غەمگین، خەمناک، خەمبار، پەرۆش. ف حەزین. غمناک

بەزموڕەزم: شایی و داوەت، هەڵپەڕکێ و شادی. ف شادی و پایکوبی

بەزیبک و زاکوون: بەتوانا و قانوونزان، ئازا و یاسازان *(ڕێبوارێکم ئازا و بەزیبک و زاکوون/ دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون/*

بەرهەڵستم دەکە هەپروون بە هەپروون/ دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون «هێمن») .[ف] توانا و قانوندان

بەژاڤیت: بیانوو، بەهانە، پەڵپ، ورک.[ف] بهانە

بەژکی: ناکۆکی، ناتەبایی، ئاژاوە.[ف] ناسازگاری

بەژن: (+) ☜ باڵا

بەساڵاچوو: پیر، گەڕاوە، زورهان.[ف] سالمند

بەستەڵان: بەستەڵەک، زەویی سەهۆڵین و بەستوو.[ف] یەخبندان

بەستێن: (+) سەد، بەربەندی ئاو، بەنداو.[ف] سد

بەسەر کردنەوە: (+)) بژاردنی مەڕ و ماڵات و سەر حیساب بوونیان کاتی هاتنەوە لە دەشت و سەحرا) سەر لێدان، سەردان کردن.[ف]) شمارش احشام هنگام برگشتن بە خانە) ملاقات، دیدنی.

بەسەردا هاتن:) بەسەرا هاتن، ئامۆژگاری کردن؛) بەسەردا چوون. *(لەبن دارەکە خەریکی ماچ و مووچ بوون بەسەریاندا هاتن.)* [ف]) نصیحت؛) هنگام کاری غیرشرعی کسی را دیدن

بەسیت: ئاسان، سانا، هاسان.[ف] آسان، راحت

بەشداری کردن: هاوکاری کردن، شەریکایەتی کردن.[ف] شرکت کردن

بەفا: وەفا، بەڵێن، پەیمان.[ف] وفا

بەفرکوش: شوێنی ڕژد و سەخت لە کوێستان کە بەفرەکەی درەنگ دەتوێتەوە و عەرزەکە ڕەق دەبێ. شۆنە. *(ڕەوەی جوانی دەبینی تۆ لەجێی مژ/ بەجێماوە لە ئارایش بەفرکوش «مەلامحەممەد ساردەکوێستانی».)* [ف] جایی در کوهستان که برف آن دیر آب می‌شود

بەفرەک:) پەڵە و زبرایی سەر شاشەی تەلەڤیزیۆن؛) سەهۆڵ و زوقمی نێو یەخچاڵ *(سەلاجە)* .[ف]) برفک تصویر تلویزیون؛) برفک یخچال

بەفری شادی: شتێکە وەک ئەفکەن کەفی گوڵاوی تێدایە و کاتی شایی و زەماوەند بەسەر بووک و زاوایدا دەپرژێنن.[ف] برف شادی

بەقەم: گەنم و جۆی تەواو گەیشتوو بۆ درووێنە.[ف] گندم و جوی رسیده

بەکرە ژۆڤار: بریتی لە مرۆی ئاژاوەچی و ناپاک، ئەو کەسەی بووبووە درکی ئەوینی مەم و زین، نەیاری مەم و زین.[ف] کنایە از آدم ناپاک و توطئەگر

بەکرە: (+) کورت کراوەی ناوی ئەبووبەکر.[ف] مخفف ابوبکر

بەلا لێبارین: بەلا بەسەر هاتن، تووشی بەسەرهاتی ناخۆش بوون. *(چیمەن گوڵ و سەوزەپۆش و ئێمەش سەرخۆش/ پێموابێ بەهەشت وایە، بەلام لێبارێ «خەیام».)* [ف] دچار بلا شدن

بەلادا شکاندن: هۆگری بە لایەک، لایەنگری لە کەسێک. *(هەر بەلای خزمەکانی خۆیدا دەشکێنێ.)* [ف] طرفداری از کسی کردن

بەلاوەقە: بەلەباقە، نەخۆشییەکی بزنە.[ف] نوعی بیماری بز

بەلان کەوتن: خۆ مات کردنی کەروێشک و بەتەماڵ دەرنەپەڕین لە لانەکەی(وادیارە کەروێشکە شین بەلان کەوتووە.[ف] کنایە از خرگوشی کە در لانە خودرا پنهان مکند و بیرون نمی جهد.

بەلبەشۆ: ئاژاوە، کەس لە کەس، [ف]جنجال و سروصدا

بەلبەلە شوانە: زرەمەندێ، زیزرەمەندێ، گیایەکی بونخۆشە گوڵی سپی دەردەکا و گەڵا و لاسقەکەی تووکنە، تێکەڵ سیرێژی دەکەن.[ف] اسم یک گیاه خوراکی

بەڵشاندەر: بزوێنەر، هاندەر، دنەدر.[ف] تحریک کنندە

بەڵغی: سەرەتای چنینی تەون.[ف] ابتدای قالیبافی

بەڵکینە: زمانە چکۆڵە.[ف] زبان کوچک

بەڵگ: (+) نەرمانی گوێچکە، ئەو شوێنەی کونی دەکەن بۆ گوارە.[ف] نرمەی گوش

بەلووتنەک: پێکی زۆرنا و نایە، زمانەی سەری زۆرنا، پیق، پیک.[ف] نرمادەی سرنا

بەلەتورکە: بەلەفیرە، زگچوون، تەقەفیرە.[ف] اسهال

بەڵەتین: گوریس، پەتێکی باریکە لە مووی بزن دروستی دەکەن بۆ بەستنەوەی گوێلک و کاژیلە و قایم کردنی چادری رەشماڵ، گوێلەوسار.[ف] ریسمان بافتە شدە از موی بز

بەلەچەق: بەلەچەک، کەلەپچە. *(گرتیان و بەلەچەقیان کرد.)* [ف] کلپچە

بەلەچەک: ☜ بەلەچەق

بەلەخەت: کووز، تۆمەشان.[ف] خطی کە برای شخم زدن تعیین میکنند

بەلەریقە: تەقەفیرە، زگچوون، بەلەفیرە.[ف] اسهال

بەلەژنانێ: ☜ بەلەکناچی

بەلەکانەک: کوندەبوو، بایەقووش.[ف] جغد، بوم

بەلەکناچی: کوڕی خووخدە کچانە، ژنانیلە، ژنیلانە.[ف] مرد زن صفت

بەلەمرک: هەنیشک، ئانیشک.[ف] آرنج

بەلەمکێش: بەلەمئاژۆ، سەوڵ لێدەری گەمیە، گەمیەوان.[ف] قایقران

بەلەمیزکە: ☜ بەلەمیسکە

بەلەمیسکە: میزە چرکە، چرتکە میزە، میزە چورکی.[ف] چکمیزک

بەلەورەن: بزنە کێویی دو ساڵە تا سێ ساڵە.[ف] قوچ کوهی تا سالە

بەلی: (+) بەڕوو، بەرێکی دارمازووە.[ف] بلوط

بەمۆ: ناوی چیایەکە لە کوردستان.[ف] نام کوهی در کردستان

بەن پێ بادران (بانەدران) : دەرەقەت نەهاتن و پێنەوێران، ترسان لە دەمی کەسێک. *(من کوا بەنی ئەوەم پێ بادەدرێ؟)* [ف] کنایە از قدرت نداشتن در برابر کسی

بەنامییە: بەناوبانگ، ناودار، ناو بەدەرەوە، مەنشوور، بەناو.[ف] نامدار، مشهور

بەنپرچ: ئەو بەنەی کچان پرچی پێ دەبەستن. [ف] نخ بستن گیسو

بەندروومان: بەندروو، گشتەکە بەن بۆ جەواڵ دوورین. ف نخ جوالدوزی

بەندەوار: دیل، ئەسیر، بەردە. *(بە دیل و بەندەواری بەجێمام لەوێ.)* ف اسیر، گرفتار

بەندیر: کاوڕ، بەرخی دووساڵە. ف برەی دو ساله

بەنکاڵە: قەیتان، بەنی کاڵە لە پێ توند کردن. ف قیطان کفش

بەنگزی: قەشمەری، حەنەکچی. ف دلقک

بەنگەژ: روخسار، ڕەنگ و ڕوو، دیم، ئەدگار، دەموچاو. ف رخسار

بەنگین: (+) ئاشق، ئەویندار، دڵدار. ف عاشق

بەنۆڵ: گیایەکە گوڵێکی ورد و سپی دەردەکا. ف نام گیاهی است

بەنەورۆ: بە نێورۆ، مەیلی جووت بوونی پشیلە. ف میل جفتگیری گربه

بەنێورۆ: ☜ بەنەورۆ

بەوروو: بەورینگ، وردە سووتووی کە لەگەڵ دووکەڵ بەرز دەبێتەوە، پەپرووکە، بەورووک. ف خاکستر سبک که با دود بلند می‌شود

بەورووک: بەوروو. ☜ بەوروو

بەورەڵوو: وەروەرە، بەورەماڵ. ف پاروی برف‌روبی

بەورەڵوو: وەروەرە، شاپاڵۆخ، شاپاڵۆغ. ف داموز، برف‌روب

بەورینگ: بەورووک. ☜ بەورووک

بهووراندن: ڕابواردن، کات تێپەڕ کردن. *(ئێرە ژیان خۆش دێتە بهووراندن.)* ف بەسەر بردن، گذرانیدن

بەهارنارنج: گوڵێکی سپییە لە پەڕۆ دروستی دەکەن بۆ سەری بووک. ف بهارنارنج

بەهارە: (+) نەخۆشییەکی چاوە لە کاتی بەهاردا. ف تراخما

بەهرە: (+) توانایی و هونەر لە کارێکدا، مرخ. *(شاعیرێکی بە بەهرەیە.)* ف استعداد

بەهەڵم: تاجیی ئازا و تیژ و چالاک لە ڕاودا. ف تازی چست و چالاک

بەیتوون: زەویی چۆڵ و کاکی بە کاکی کە بۆ کێڵان نابێ، بەیار. ف زمین بایر

بەیتوونی: بەیار. ف زمین بایر

بەیتەرە: ئاژەڵداری. ف دامداری

بەیتیبلە: بریتی لە قسە و باسی دوور و درێژ کە بڕانەوەی نییە. ف کنایه از سخنی که تمامی ندارد

بەیی: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش. ف نام طایفه‌ای از ایل مامش

بەیی: برۆ، ئەبرۆ. ف ابرو

بێجیکەڵدان: کەم جیقڵدان، بریتی لە بێسەبر و تاقەت. ف کنایه از ناشکیبا

بێئامان: پڕ مەترسی، بریتی لە مرۆی هار و هاج، بێڕەزا. *(دەڵێی ئاوری بێئامانە، ئاو و ئاور بێئامانن.)* ف خطرناک، کنایه از آدم شلوغ

بیاز:) شوێنی چۆڵ و خەڵوەت؛) زەویی پان و بەرین، دەشت. ف) خلوت؛) زمین وسیع

بیاڤ: بوار، شوێنی پەڕینەوە لە چۆم، دەراو. ف گدار

بیانگـه: بیـانوو، پـەڵـپ، ورک، بیانـگ، بـەهانـە، هەنجەت. *(بیانگەی پێمان گرتگە.)* [ف] بهانه

بیبـارە کێویلـە: گیایـەکـە بـەرێکـی ورد دەگـرێ وەک بیبار وایە، وشکی دەکەن و دەیهاڕن بۆ زگچوون باشە. [ف] نوعی گیاه دارویی

بێبوار لە ئاو دان: بەبێ بیر کردنـەوە و تێبینی کار ئەنجام دان. [ف] بی‌گدار به آب زدن

بیبیجان: بووکەڵەی شانۆ. [ف] عروسک نمایشی

بـی‌بـی‌چنـگ: بایـەقـووش، جـۆرێ کونـدە لـە کاولاشـدا هێلانـە دەکـا و خـەڵـک دەڵـێن چونکـە نـاتوانێ ڕاو بکـا لـە لایـەن خـوداوە ڕۆژی دوو چۆلـەکـە دێـن لـە بـەردەمـی دەنیـشنەوە و دەیانخوا. [ف] بوف کور

بێتاشا: بێباک، نەترس. [ف] بی‌باک

بیتانۆ: ناوی گوڵێکە. [ف] اسم گلی است

بیجادە: جۆرە یاقووتێکە. *(سم وەکوو یەشم و لە پـەشـم و تـوکی پێـدا سـەرنگـوون/ چـاو وەکـوو بیجادە یا دوو شەوچراغـی شـوعلە ڕێژ «نـالی».)* [ف] نوعی یاقوت

بێچاوێنی بوون: بەچاوەوە نـەبوون لـە چـاوی پیس بە دوور بوون. *(یاخوا بێچاوێنی بێ زۆر ژیـانێکی خۆشـی هـەیـە.)* [ف] دور بـودن از چـشم حسـود

بیچکۆلانە: ☜ بیچکۆڵە

بیچکۆڵە: چکۆلانە، بچووک. [ف] کوچولو

بیچگ: ☜ بیچکۆلانە

بێح: بێحانە، پارەی پێش کڕین. [ف] بیعانه

بێحانە: ☜ بێح

بێخود بوون: بوورانەوە، بێخودی. *(وەخت بـوو دڵـم بێخود بێ.)* [ف] غش کردن

بـێـخـودا: کـافر، بـێ‌دیـن، بـێ‌بـەزەیـی. *(پیـاوێکی بـێ‌خودایـە، بـەزەیـی وە کـەسـا نایـە.)* [ف] کـافر، بی‌رحم

بێ خودایی: بێ ڕەحمی، بێ بەزەیی بوون. [ف] ستمکاری، بی رحمی.

بـێـخـەوش: بـێ‌عـەیب، بـێ‌گـەرد. *(دەڵێـی زێـڕی بێخەوشە.)* [ف] بدون عیب

بێدڵی کردن: دڵ شکاندن. [ف] دل شکستن

بـــێ‌دەم و دوود: بـــێ‌دەم و دوان، نـــەدوێـــن، کەمبڵێ. [ف] کم حرف

بێراخ: بەیداخ، ئاڵا، پەرچەم. [ف] علم، پرچم

بیردارێژەر: کەسێک کە بیر و ڕایـەکی تـازە بـۆ کۆمەڵ دادەڕێژێ، بیرمەند. [ف] نظریه‌پرداز

بیرگە: داڵغە، زەین. [ف] حافظه

بێرم: زەلکاو، باتلاغ، زۆنگ، خمخۆرک. [ف] باتلاق

بیرۆڤ: (+) خونچە، پشکۆژ، چرۆ. [ف] غنچه

بیرۆکە: ئەندێشە، فکرە. [ف] اندیشه

بیرە بیرە: وازی وازی، کـەسێک کـە هـەرتـاوی لەسەر بڕوایەکە. [ف] آدم وسواس

بیـرەخـەو: سـەرخـەو، چوونـە بیـرەوە و هـۆش لێبڕان. [ف] فرو رفتن در خیال و اندیشه

بێزە: (+) بێزوو، مەگیرانی، مگێر، مژدی. [ف] ویار

بێزەون: قێزەون، بە قێز و بێز. [ف] وسـواس در غذا خوردن

بیژمۆت:) بیژوو، زۆڵ؛) بریتـی لـە منداڵی زۆر هـار و بزۆز و شـەیتـان. [ف]) حرامزاده؛) کنایـه

از بچەی شلوغ و شیطان

بێژمۆتــە: بیــژوو، زۆڵ، بێژمیلــەک. بــیچ.[ف] حرامزاده

بێژمیلەک: ☜ بێژمۆتە

بێژی: یاڵ، بژ، مووی سەر ملی ئەسپ و شێر. [ف] یال

بێستانەمارە: گیایەکە وەکوو ماڵۆنچە وایە بە زەویدا پان دەبێتەوە و دەور و بەری خۆی دادەگرێ و بەرێکی وەک لیمۆ دەگرێ. کاڵەکەمارانە.[ف] هندوانەی ابوجهل

بێسەرەوبەرە: هەر کەس هەر کەس، تێکە و لێکە. *(ماڵێکی بێسەرەوبەرەیە.)* [ف] هرکی هرکی

بێقابیلەت: ناقابیل، *(لەسەر گرکەیەکی بێقابیلەت خەریک بوو لەگەڵمان بە شەڕ بێ.)* [ف] بی‌ارزش

بێقسەیی کردن: جواب نەدانەوە، بەگوێ نەکردن.[ف] فرمان نبردن

بێقولاغ: ون بوو، بێسەر و شوێن.[ف] مفقودالاثر

بێقوونەبان: تەمبەڵ، کار لە دەست نەهاتوو، دەستەوستان، زەغەڵ، تەوەزەل. [ف] تنبل

بێکش: بێدەنگ، مات.[ف] ساکت

بێکەسکوژ کردن: بریتی لە کەسێک کە بە تەنیا وەگیر دوژمن دەکەوێ و نامەردانە دەیکوژن. [ف] کنایە از کسی کە تنهایی بە دام دشمن می‌افتد و نامردانه او را می‌کشند

بێگەرد: بێخەوش، پاک و خاوێن.[ف] ☜ بێخەوش

بیلاتەژبی: ☜ بیلامانێ

بیلاخ: قامکە گەورە، کلکەزلە، تلیامەزن، تلیابەرانکێ.[ف] انگشت شست

بیلامانێ: بیلاتەژبی، تەژبی بێ، دوور لە تۆ.[ف] دور از روی شما

بێلاندن: بێڵە، دەنگی کارژۆڵە، کاژیلە دەبیلێنێ. [ف] صدای بزغاله

بێلایەن: بێتەرەف. *(بێلایەنە کاری بەسەر هیچ لایەکەوە نییە.)* [ف] بی‌طرف

بیلبتوون: بەتێکرا، بەتەواوی، *(بە گەورە و بچووکەوە بیلبتوون هاتبوون.)* [ف] همە با هم، همگی، بلااستثناء

بیلعەت: کاری ناحەز، کاری کوونییانە، کاری جڵفانە.[ف] کار زشت

بێلووتە: جۆرێ نۆکە سپیلکەیە بۆ لەبلەبی دەبێ.[ف] نوعی نخود برای نخودچی

بیلە: جۆرێک کەوشی قەدیمی ژنانە بوو.[ف] نوعی کفش قدیمی زنانه

بێڵەباو: ڕادانی قوڕ و خۆڵ بەدەمی بێڵ.[ف] روبیدن گل و لای با بیل

بێڵەساو: خاوێن کردنەوەی کەرێز و کانی.[ف] پاک کردن کاریز و چشمه.

بێڵەق: تانە، تەشەر، لاتاو.[ف] طعنه

بێڵەقان: بێڵەکان، پیشکان.[ف] بیلک گیاەکنی

بیلەقدەر: تانەلێدەر، کەسێ کە هەمیشە خەریکی فڕ و لاتاوە.[ف] طعان

بیلەمڕ: ژیلەمۆ، خۆڵەمێشێک کە وردە پۆلووی لە ژێر دایە.[ف] آتش زیر خاکستر

بین پێوەنان: دەم بە ئاوەوە نان و چۆڕە

لێبڕین.ف دهن در آب گذاشتن و نوشیدن
بین خواردنەوە: هەناسە کۆ کردنەوە لە سینگدا کاتی شمشاڵ لێدان.ف نگاه داشتن نفس هنگام نی زدن
بین کێشان: هەناسە کۆ کردنەوە لە سینگدا لەژێر ئاودا.ف نگاه داشتن نفس در زیر آب
بینبەر: دیمەن.ف منظره
بینبینۆکە: تینتینۆکە، قورقوڕاچکە، ئەوک.ف حلقوم

بێنەوبەرە: هێنان و بردن و ئازار دان، گێرە و کێشە. *(ڕزگارمان کە ئیتر ئەو بێنەوبەرەیەمان بۆ پێدەکەن؟)* ف اذیت کردن و آوردن و بردن کسی
بێوان: بیاوان، بێروون، جێگەی دڕندە و جانەوەران.ف بیابان
بێوەسیری: باوەسیر.ف ☜ باوەسیر
بێهۆ: بێهوودە، لەخۆڕا.ف بیهوده

پ

پا پیاگ: پیادە، بە پای پیادە. *(چوار سوار و دوو پا پیاگ بوون.)* ف پیادە

پا لێ نەبڕین: سەردانی بەردەوام. *(تۆخوا زوو زوو سەری بدە و پای لێ مەبڕە.)* ف دیدنی پیوستە

پاپا کردن: خۆ خافڵاندن، خۆ خەریک کردن. *(پاپا بکەن تا خەوەرێ ڕاسی تێی وەدەسمان.)* ف خود مشغولی و درنگ کردن

پاپارنجێ: یارییەکی منداڵانەیە، پشت بە پشتی یەکترەوە دەنێن و هەرکام بە نۆرە کۆم دەبنەوە و ئەوی دیکە بە پشتەوە دەکەوێتە سەر پشتی ئەوی‌تریان. لەکاتی یارییەکەدا ئەو شێعرە دەڵێنەوە. *(پاپارنجێ، کۆترە قرینجێ/ کۆترە قرینجێ، پاپارنجێ.)* ف اسم یک بازی کودکانه

پاپۆکە: تێک هاڵانی مار، قەف خواردنەوە، پەپکە. ف چنبره زدن مار

پاپووچکە: پاپووچە، کەوشی منداڵانە، پاپەجانە. ف کفش بچه

پاپەل کردن: قرتاندنی گەڵای سیس و زەرد بووی لای خوارەوەی نەمام و بڕکە وتووتن. ف چیدن برگهای پایینی نهال و بوته توتون

پاپێژ: جۆرێک دەوە یان تەپاڵە کە بە پا دەیپێژن، تەپاڵەی خڕ و گەورە. ف نوعی تپاله که با پا می‌سازند

پاترا: گوم، بێ‌سەر و شوێن، *(مانگێکە پاترا بووە و بە هەواڵی نازانم.)* ف گمشده

پاتۆنیا: ناوی گوڵێکی دەرمانییە. ف گیاهی دارویی

پاتووک: شڕ و کۆنە، پڕتووکاو، پۆکاو، پواو. ف پوسیده

پاتیلۆک: کەباب، گۆشتی برژاو. ف کباب

پاچاندنەوە: پەرچ کردن، پەرچاندنەوەی تەنەکە

و بزمار.[ف] پرچ کردن میخ و حلبی و...

پاچرا: پیّچرا، ئەو پارەی لە قوماردا دەدریّ بە خاوەن قاوەخانە.[ف] پولی کە قماربازها بە قهوخانه می‌پردازند

پاچناڤ: نازناو، ناوی هەلبژاردە.[ف] اسم مستعار

پاخس: ژەنگ، غەور.[ف] زنگ

پاخلێر: کاکلە گوێز.[ف] مغز گردو

پارچک: چەکچەکیلە، شەمشەمەکوێرە.[ف] خفاش

پارچە پارچە بوون: لەتلەت بوون.[ف] تکه تکه شدن

پارچە پارچە کردن: لەتلەت کردن.[ف] تکه تکه کردن

پارچە پارچە: لەتلەت، پارە پارە، پاژپاژ.[ف] تکه تکه

پارچینە: پلیکان، قالدرمە، سولەم.[ف] پلکان

پارخان: پەراسوو، پارسوو.[ف] دەندەی سینه

پارخخە: لاق ئێشەی مالات، تەبەق. *(ئەرا رێ نیەکەی، پارخخە گرتیە؟)* .[ف] نوعی بیماری سم دام.

پاردە: (+) دیواری هەلچنراو بە وشکە بەرد، وشکەچن، وشکە کەلەک *(بەلێنی راگەیاندێ راسپاردە/ وتی بۆت دێتە بن ئەو پاردە، غار دە «هێمن»)*.[ف] دیوار سنگی بدون گل

پارزۆنگ: (+) پالوێنە، فلتێر.[ف] فیلتر

پاروو: (+)) قالبی سابوون؛) یەکەی بژاردنی سابوون. *(دوو پاروو سابوون بکڕە.)* [ف]) قالب صابون؛) واحد شمارش صابون

پارووبڕێر: بریتی لە مرۆی سەقیل و بەرچاوتەنگ، کەسێک کە حەزی لە میوان نییە و پێی خۆش نییە کەس نانی بخوا.[ف] کنایه از آدم خسیس

پارەدان: پوولدانک، داخلە، دەخیلە.[ف] قلک

پارەدێن: پارەدان، دەخیلە، پوولدانک، داخلە.[ف] قلک

پارەستوو: پەراسوو، پارخان، پارە هەستوو، پارسوو.[ف] ☜ پارخان

پارەش: پیّڕەش، نەخس، سەرونەشەمە خراپ، بەدقەدەم، دژی قەدەمخێر.[ف] شوم، نحس

پارەکەوشانە: پارەیەک کە دەیخەنە نێو کەوشی بووکەوە کاتێک لە مالە باوانەوە بۆ مالی زاوا دەگوێزرێتەوە.[ف] پولی کە هنگام عروسی در کفش عروس می‌گذارند

پارەهەستوو: پەراسوو☜ پارخان

پازازک: پاسەوان، قەرەول، کێشکچی.[ف] نگهبان

پاژنە تاقرانی: جۆرێک کەوشی قەدیمی بوو، بن‌عانە.[ف] ☜ بن عانه

پاژنە فەرشی: جۆرێ کەوشی پاژنە تەختە.[ف] کفش پاشنە تخت.

پاژنە مێشوولە: جۆرێ کەوشی نالچە باریکی ژنانەیە.[ف] نوعی کفش پاشنه باریک

پاژنەپڕ: ژنی قولاپە و پاژنە خڕین و قەلەو. *(خودا ژنێکی پاژنەپڕت بداتێ.)* [ف] زن پاشنه و پشت پا چاق

پاژەر: کۆلەکە، ئەستوون.[ف] ستون

پاساو دانەوە: بەرپەرچ دانەوە، هەس دانەوە،

تەست دانەوە.ف برگرداندن

پاستاو:) یەکەمین ئاو بۆ زەوی؛) کۆگا گڵ کە قـوولکێکی لـەسـەر دروسـت دەکـەن و ئـاوی تێدەکـەن بـۆ قـوڕ لـە کـوورەخانـە.ف) اولـین آبیاری مزرعـە؛) جمع کردن توده خاک و آب ریختن در گودی آن و تبدیل کردن آن بـه گل در کورەی آجرپزی

پاسرگیاگ: گڕ گرتوو، کڵپە کردوو.ف ملتهب

پاسرگیان: بڵێسە کێشان، گڕ گرتن.ف التهاب

پاشاو: قووناو، خەساراو، ئاوێک کە لـە گۆلاودا دەمێنێتەوە.ف مانداب

پاشبانگ: ماندوو بوونی کەو لـە خوێندن کە دەنگێکی تایبەت دەردێنێ.ف صدایی مخصوص در خواندن کبک هنگامی کە خستە می‌شود

پاشکرا: ڕەوا، حەڵاڵ.ف حلال، جایز

پاشکەل: دیاری کردنی گوێی بەرخ و کاژیلە کە لای دواوەی گوێچکـەی تـۆزێ هـەدەدڕن.ف نشانە کردن گوش برە و بزغالە از طرف عقب

پاشمەڵلا: کەسی دووهەم لە کایەی مێشێندا.ف نفر دوم در تیلەبازی

پاشنوێژ: دوانێوەڕۆ، دوای بـانگی نیوەڕۆ.ف بعدازظهر

پاشـەکشێ:) پاشـە و پـاش کشانەوە؛) هاتنـە دواوە لـە شـەڕدا، *(هێـزەکـانی دوژمـن تووشـی پاشـەکـشی بـوون.*ف*)*) عقـب عقـب رفـتن) عقب‌نشینی در جنگ.

پاشـەڵپـیس:) بریتـی لـە ڕابـردوو ناشـیرین، کەسێک کە لە ڕابردوودا کاری خراپی کردووە؛) کـەسـێک کـە لای دواوەی جلـەکـانی پیـسە ف بدسابقە؛) کسی کە عقب لباسش کثیف است.

پاشەوار: ئاسەوار، بەرهەمی دوای نەمان. *(گەر کەمێ نەخشت هەبێ بۆ پێکز و چینی هەژار/ پاشـی مـردن تـۆ دەناسـێنی بـە کۆمـەڵ، پاشـەوار «ڕاوچی».)* ف آثار

پاک کردن: (+) بریتی لـە دانـەوەی قـەرز و قۆڵـە *(دوێنـێ چـووم قـەرزەکـەم لـەگـەڵ دووکانـدارەکـە پاک کرد)* ف تسویە حساب

پاکتاو: (+) بە تەواوی، بیلبتوون، *(ماڵەکە پاکتاو سووتا.)* ف بەکلی

پاکژ: خاوێن، پاقژ.ف پاکیزە

پـاکۆ: (+)) دوایـی، کۆتـایی، ئاکـام) جۆرێـک شەڕواڵی کوردییە.ف انجام، انتها

پـاکی نـەهـاتن: دڵ پـاک نـەبوونـەوە، ڕق لـە دڵ دەر نەکردن. *(هێنـدە ڕق ئـەستوور و دەخـەزدارە قەتـی پاکی نایە.)* ف کسی کە همـوارە کینـەتوز باشد

پاڵ گەڕان: لە گەڕ نەکەوتن، بەردەوام بوون. *(پاڵت بگەڕێ ئیشەڵلا.)* ف از پا نیافتادن

پاڵاوگە: شوێنی پاڵاوتن و هەڵگوێستنی نەوت. ف پالایشگاه

پاڵتمە: پاڵمە، پالمە، پاڵدرمە ☜ پاڵدرمە

پـاڵتوو تـەکـانن: ڕیـایی کـردن، تـەشـی ڕێـسی کردن، ماستاو کردن. *(بەسە کەم پاڵتوو بتەکنن.)* ف تملق

پاڵدرمه: جۆرێ شنگی گەڵا پانە، پاڵمە، پالمە. ف نوعی شنگ

پاڵدەر: پشتیوان، جێباوەڕ، باوەڕ پێکراو. ف مرجع

پاڵگه: پاڵپشت، جێی پاڵ پێوەدان. ف متکا

پالمه: (+)) ئاڵەکۆک، هەڵاکۆک، گیایەکە بنەکەی خڕە و دەخورێ) جۆرێک شنگی گەڵاپانە. ف) نام گیاهی است) نوعی شنگ.

پاڵنەر: ئەنگێزە، دنەدەر، هاندەر. ف انگیزە، محرک

پاڵۆش: تێکەڵ، ئاوێتە، ئامێتە. ف آمیختە.

پاڵۆشت: پاڵوپشت، پاڵگە. ف ☜ پاڵگە

پاڵوو: سووچ، گۆشە. *(ژوورەکە شەش پاڵووە.)* ف ضلع

پاڵوێن: پاڵوێنکە، پاڵوێنە، پارزۆنگ، شیرپاڵۆک، پەڕۆیەک شتی ئاوەکیی پێ دەپاڵێون. ف پالوونە

پالەرزە: لەرزینی لاق، وشەیەکە بۆ ژەمەخوێڕی و عەسرۆژە کە ژەمێکە لەنێوان فراوێن و شێودا، یانی لەو ماوەیەدا لە برسانا لاقیان دەلەرزێ و دەبێ نان بخۆن. ف غذا خوردن کارگر و کشاورز هنگام عصر

پاڵەستۆ: پاڵەپەستێ، پاڵەپەستۆ. ف فشار

پاڵەکی: کەژاوەی سەر ئاوەڵا. ف کجاوەی رو باز

پامل بوون: پێمل بوون، ناچار بوون. *(فرە پاملی مەوە.)* ف مجبور شدن

پامل کردن: پێمل کردن، ناچار کردن. *(پاملی کرد تاچگ ئەولیا.)* ف مجبور کردن

پامل: پێمل، ناچار. ف مجبور

پامەله: مەلەپایە، مەلەپێیە، مەلە کردن بە پێ. ف شنا با پا

پامێده:) جۆرێک ئوتۆمۆبیلی قەدیمی بوو.) شەک و کاوڕی دابەستە و قەڵەو و جوان. *(مریەمێ چەندە جوانی/ چەند بەناز و عینوانی/ هەر دەڵێی پامێدەیە/ دێتەوە لە ڕێی کانی «برایم فەتاحی».)* ف) نوعی ماشین قدیمی.) برەی چاق و چله و زیبا

پانتا: بۆشاییی ئاسمان. ف فضا

پانکه: جانەوەرێکی چکۆڵەی پانە وەک کەرەجنە وایە ڕەنگی قاوەییە بەسەر پێستی لەشدا بڕوا لیرگی پێ دەکا، گەنەکەوڵە. ف ساس

پانەڕێ: شەقام، شاڕێ، جادەڕێ. ف بزرگراه

پانەسێڵە: مرۆڤی پان و پۆڕ، شتی پان. ف هر چیز پهن و بزرگ

پاوار: مسافیری دەستەنگ کە لە ڕێدا دەمێنێتەوە. ف مسافر تهی دست کە در راه می‌ماند

پاوزاخە: چاوزەقە، دڕوویەکی تیژە لەنێو مەزرادا دەڕوێ. ف نام گیاهی خاردار

پاومان: تەشک، داوێن، لە پشتێنە بەرەوخوار. ف دامن.

پاوەشانە: دیاریی زاوا بۆ بووک بەرلە چوونە پەردەوە. ف هدیەی داماد برای عروس قبل از رفتن به حجله

پاوەشانی: پاوەشانە ☜ پاوەشانە

پاهەڵەن: گیای بەهاری، سەوزە گیای دەمەو

بەهار، شینکە.[ف] گیاه بهاری

پایدۆزی: پایدۆس، دەست لە کار کێشانەوە.[ف] دست از کار کشیدن.

پایزە: (+)) شەختە، شەخسە، سەرمای پایز کە گژ و گیا دەشەمزێنێ. *(گوڵەکەم باخی دڵم پایزە لێیداوە برۆ/ تۆ گەشی هەڵدەپرووکێی مەیە ئەمناوە برۆ «ئاسۆ».)*) مەقامێکی کۆنی کوردییە بە دەنگی زۆربەی بەیتبێژەکان تۆمار کراوە.[ف]) سرمای پاییزی آفت کشت) نام آهنگی قدیمی

پاینجە: پەیجە، پەینجە، پەیژە، ناردیوان، نیردیوان، سولەم، قاڵدرمە، قادرمە، سلەم.[ف] نردبان

پخ:) دەنگ دانی بەرخ؛) وشەی ترساندنی منداڵ.[ف]) صدا زدن بره؛) کلمه ترساندن بچه

پرتووکاو: داپۆکاو، ڕزیو، پواو. *(بۆ تێکۆشانی ڕۆژی ماسی‌ڕاو/ نەختێ شریت و تۆڕی پرتووکاو/ لەگەڵ قولاپێ کۆن و ژەنگ‌هێناو/ هێناوییە ئەمرۆش بیانخاتە ئاو «شەریف».)* [ف] پوسیده

پرچگ و پلار: تیر و تانە، توانج و تەشەر.[ف] سرزنشت

پرچە: ترووسکە، شەبەق، درەوشان.[ف] درخشش

پرچەماتێ: درەوشانەوە، ترووسکانەوە.[ف] درخشیدن

پرزوولگ: پرزۆڵ، پرزۆڵە، بزگور، تیتۆڵ.[ف] تکه پارچەی کوچک و کهنه

پرزە لێبڕان: لە تاقەت کەوتن، ماندوو بوون، هێز لێبڕان(هێندە ماندوو بووین پرزەمان لێبڕا.) [ف] از رمق افتادن

پرزە لێبڕاو: هێز لێبڕاو، شەکەت بوو.[ف] از رمق افتاده

پرزە لێبڕین: ماندوو کردن، بەزاندن، هێز لێبڕین.[ف] از رمق انداختن

پرسیارپێچ کردن: پرسیار کردنی زۆر لە کەسێک و بە پرسیار سەرلێشێواندنی.[ف] سؤال‌پیچ کردن

پرشکە: پریشکە، پشکی ئاو.[ف] پشنگ آب

پرشنگدار: بریقەدار، ڕووناک و درەوشاوە.[ف] درخشان

پرکە: پرمە، دەنگی پێکەنین. *(دانەی لە پرکەی خەنگ.)* [ف] صدای خنده

پرنگانەوە: ☜ پرینگانەوە

پرینگانەوە: پرنگانەوە، سڵەمینەوە، سڵە لێ کردن. *(لە هیچ شتێک ناپرینگێنەوە)* [ف] پرهیز و دوری کردن

پرووپاتاڵ: (+) ئاژەڵ و حەیوانی ماڵی.[ف] حیوان اهلی

پرووپرتۆخ: گێڕانەوەی بەسەرهات لە بنج و بناوانەوە، باس کردن بە تێر و تەسەلی. *(تەواوی ڕووداوەکەم پرووپرتۆخ بۆ گێڕایەوە.)* [ف] تعریف کردن بی کم و کاست

پرووپنجڵ: پیس و چەپەڵ، ناڕێک.[ف] کثیف و نامرتب

پرووزان: (+) بریتی لەو کەسەی لە کایەدا خەتا

دەکا و دەر دەکرێ. *(پێت لە خەتەکە نا پڕووزای بڕۆ دەرێ.)* [ف] خطا کردن در بازی و اخراج شدن.

پڕووش: ریشاڵی قەراغی پارچە. *(پەراوێزی دەسرەکەم پڕووشی هەڵداوە.)* [ف] پارەهای باریک قماش

پڕووکان: هەڵپڕووکان، بزرکان، پووکانەوە. *(شەو ڕاشکا / ئەژنۆم شل بوو /مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپڕووکا «پەشێو».)* [ف] پژمردە شدن و رنگ باختن

پڕووکاندن: هەڵپڕووکاندن، بزرکاندن.[ف] پژمردە کردن

پڕووکاو: هەڵپڕووکاو، بزرکاو.[ف] پژمردە شدە و رنگ باختە

پڕیچک:) پڕیشک، پڕیشکە، پشکی ئاو) پڕیشکی تۆپ و قومبەڵە و...[ف]) پشنگ آب) ترکش توپ و خمپارە و...

پڕێزگ: پڕێسکە، پڕیاسکە.[ف] صرە، بقچەی کوچک.

پڕێزە: سەلیقە، ڕێک و پێکی لە کاردا.[ف] سلیقە

پڕیشکە: ☜ پڕشکە

پڕیڤ: شەبەق، پڕشنگ، تروسکە.[ف] درخشش

پڕێمز: پەڕەمێز، پەڕامێز.[ف] نوعی چراغ نفتی تلمبەدار

پزلووخ: پووزلەخ، پووزەوانە.[ف] ساقبند

پزوو: (+) گیایەکە لاسقی برگە برگەی هەیە، کاتێک مەڕ نەخۆشیی پزوو دەگرێ (پزوو) لە ملی دەکەن و بڕوایان وایە چاک دەبێتەوە.[ف] اسم گیاهی است

پژگ و بلاو: پرژ و بلاو، تێکەڵ و پێکەڵ.[ف] پراکندە و بەهم ریختە

پژگیر: خاولی، مەرحەمە، پشتەماڵ.[ف] حولە

پژلمە: سیس، ژاکاو.[ف] پژمردە

پژلمیان: ژاکان، سیس بوون.[ف] پژمردن

پژوو: لق و پۆپی دار، پەلوپۆی دار.[ف] شاخە و برگ درخت

پسسوولە: نووسراوە، کاغەزی چکۆڵەی یادداشت.[ف] نوشتەی کوچک

پسینچک: ناوی گیایەکە.[ف] اسم گیاهی است

پشارەش: جەرگ، کەزەب.[ف] جگر

پشاسپی: سیپەلاک، پیلاسپی. سیپەلک.[ف] ریە، شش

پشت بە خووسار: سیخوار لە پشت، بریتی لە کەروێشکی قەڵەوی پایزان.[ف] خرگوش چاق پاییزی

پشت دەرکانە: دابێکی کۆنی کوردەواری کاتی زەماوەند ژنێک دەچووە پشت دەرگای ئەو ژوورەی بووکی لێبوو، نەیدەهێشت بووک بێتە دەرێ هەتا شتێکیان پێنەدایە.[ف] یک نوع انعام هنگام عروسی

پشت ڕاست کردنەوە: بە بەڵگەوە سەلماندن. *(قسەی ئەوی پشت ڕاست کردەوە.)* [ف] تایید کردن سخن کسی

پشت ماسیلکە: جۆرێ دروومان.[ف] نوعی بخیە

پشتاو: (+) ئاوێکی کە لە پشتی جۆگەوە دادەشکێ و لە زەوی ئاژین دەکرێ.[ف] آبی کە

از پشت جوی به طرف زمین هدایت می‌شود

پشتک: شیتک، پشتوێن، پشتێند، پشتێن، شووتک. ف شال کمر

پشتگر: مامان، قابیلە. ف ماما، قابله

پشتگورد: تەختەیەکی درێژە دەیخەنە نێوەڕاستی ڕایەڵی فەرشەوە و تاڵەکانی پێ گورد و واز دەبێ. ف تختەای دراز که در میان تارهای فرش قرار می‌گیرد

پشتوو: دەمانچە، شەشلوول. ف تپانچه

پشتە پەڵە: دووهەمین بارانی پەڵە لە پایزدا. ف دومین باران پاییزی

پشتە دەرێ: پشت دەرکانە. ف پشت دەرکانه

پشتەپەل وێستان:) ڕوو هەڵماڵدراوانە لە هەمبەر کەسێکی گەورەتر لە خۆدا ڕاوەستان؛) بریتی لە دەسکە پێمەڕەیەک کە تۆزێ بەلای پشتەوەدا خوار بێتەوە، پشتە وشکێن. ف) پررو شدن در برابر بزرگتر از خود؛) دسته بیلی که در وسط اندکی خم شده باشد

پشتەپەل: ڕوو لێک کرانەوە، ددان لێک سپی بوونەوە. *(هێندە بە دەم کورەکەیەوە دا ئێستا پشتەپەل بوون.)* ف پررو شدن در برابر بزرگتر از خود

پشتەجوورە: قنگەجوورە، قوونەجوورە، ئێسکی پاش قنگی مریشک. ف استخوان‌بندی تخمدان مرغ

پشتەڵ پشت: پشتاوپشت، پاشەوپاش ڕۆیشتن. *(وە پشتەڵ پشت هاتەو.)* ف عقب عقب راه رفتن

پشتەوقەفار: لەسەر پشت کەوتن، لەسەر پشت ڕاکشان. *(پشتەوقەفار خۆی ڕاکێشا بوو.)* ف به پشت خوابیدن

پشتێندە: (+) پشتێنە. *(پشتێندەیەک بەفر باریوە.)* ف کمر

پشتێنە: (+) نێوقەد، کەمەر، ناوقەد. *(هەتا پشتێنەی لە قوڕ هەڵکێشابوو.)* ف کمر

پشدێن: پشتێن، پشتوێند. ف شال کمر

پشقەڵ: پشکەڵ، کشپەڵ، پشقڵ. ف مدفوع گوسفند و بز و خرگوش...

پشکۆڵ: چۆڵەپێچەن، شەوژەن، داخستنی درگا بە دارێکی گەورە. *(درگاکەیان لە ناوەوە گاڵە دابوو، پێموا پشکۆڵیان خستبوو.)* ف بستن در با تیر چوبی بزرگ

پشکووک: پشکۆژ، دوگمە، قۆپچە. ف دگمه

پشکیل: مازوو، ئەو شتە خڕەی گۆرەویبازیی پێدەکەن. ف تیلەی جوراب‌بازی

پشکێنەر: ئەو کەسەی دەپشکنێ، پشکن. ف مفتش

پشیلۆکە: پشیلۆک، پەپوولە پایزە، پشیلە پایزە، باویلکە، شەلەمکەرە، شەلەمینکەرە. ف قاصدک

پشیلە کوەیلە: پشیلە کێوی. ف گربەی وحشی

پشیلە کێوی: ☜ پشیلە کوەیلە

پفکە: بلۆق، پۆڕک. ف تاول

پڤڵە دان: هەڵتۆقان، بلۆق کردن. *(خارچک پڤڵە داگە.)* ف برآمدن

پڤڵە کردن: ☜ پڤڵە دان

پفەک: دروستکراوێکە لە گەرمەشانیی لێکراو و ڕۆن و خۆی و پەنیر کە منداڵ زۆریان

پێخۆشە. [ف] پفکنمکی

پلپۆسەکی: ڕزیو، گنخاو، پواو، پەڕپووت، پڕووکاو. [ف] پوسیده

پڵتۆخ: (+) پیس، گەمار، چەپەڵ. [ف] کثیف

پڵتەخۆری: زۆرخۆری، خواردنی زۆر لەسەر یەک و نەخۆش کەوتن بەو هۆیەوە. *(هێندەی پڵتەخۆری کرد لەو باخە بۆیە نەخۆش کەوت.)* [ف] پرخوری

پلک و پلتوور: بە هەموو ئافرەتانی خزمی دایک و باوک دەگوترێ، یانی پوور و پوورزا

پلوورگە: پلووسک، لووساوک. [ف] ناودان

پلووک: کڵۆ، لەتی چکۆڵە. *(پلووکێ قەن بدە پێم.)* [ف] حبەقند

پلووکە بەرد: بەردی چکۆڵە، لەتی وردی بەرد، ورکە بەرد. [ف] خرده سنگ

پلیان: سووڕان، هەڵخولان. *(کەفتەسە پلیان وە دەور خوەیا.)* [ف] چرخیدن

پلیخاندنەوە: فلیقاندنەوە. [ف] له کردن

پلیک: چڵکن، پۆخڵ، پیس، لەگەڵ چڵیک دێ، چڵیک و پلیک. [ف] کثیف و چرکین

پلیمۆت: بەد دیمەن، ناحەز، دزێو، ڕەزا گران. [ف] زشت رو

پلینکان: پێلپێلک ☜ پیلپێلک

پنج بەستن: ڕیشە داکوتان، شین بوون و گەشە کردن. [ف] روییدن و ریشه دوانیدن

پنج و مۆر: (+) بە کەسێک دەڵێن کە لە ژوور کرا بێ و نەهێڵن بێتە دەرەوە. *(بێچارە لە ژوورێدا پنج و مۆر کراوە.)* [ف] زندانی کردن در خانه

پنجڵ: پیس و چەپەڵ، کەسێک کە هەمیشە شل و شەوێق و داوێن قوڕاوییە. [ف] کثیف

پنچک: (+) گیایەکە وەک قەیاغ وایە لە زەلکاو و قەراغ ئاو دەڕوێ، مەترێک بەرز دەبێتەوە و بۆ باقەبێن کەڵکی لێ وەردەگرن. [ف] نام گیاهی باتلاقی

پندڕ: دڕاو، شڕ و پەتۆڕ، ڕیشاڵ ڕیشاڵ، شندڕ و پندڕ. [ف] ☜ پەتۆڕ

پندرحاڵی: ناحاڵی، لا، بەدگووز. [ف] لجباز

پندرە: بە ئەدەب، فەقیرۆکە، بێدەنگ و ئاقڵ. [ف] آرام و بی سروصدا

پندوو: ناوی گیایەکە. [ف] اسم گیاهی است

پنگەڵ: پنگەی پیر، پنکەیەک کە لاسقەکەی ڕەق بووبێ. [ف] پونەی پیر

پۆ باریک: بەنێکی باریکە وەک دەزوو لە تەوندا کەڵکی لێ وەردەگرن. [ف] پود باریک در فرشبافی

پوار: گیایەکی گەڵا باریکە بستێک لە زەوی بەرز دەبێتەوە و گوڵەکەی وەک گوڵە جۆ وایە. [ف] اسم گیاهی است

پۆپەشاخ: دوندی کێو، لووتکە، ترۆپک. *(هەور لە دەشت و کێو و پۆپەشاخان/ کردی بە تۆپ تەقاندن و چراخان «هەژار».)* [ف] قلەی کوه

پۆتر: کرێم، شتێکە دەست و دەم و چاوی پێ چەور دەکەن. [ف] کرم، پماد

پۆڕتووکاو: پرتووکاو، پواو. [ف] پوسیده

پۆڕخس: پۆڕخز، چەمووش، سەرقورس. [ف]

خیرەسر

پۆز: فیز، دەمار، هەوا.ف تکبر

پۆزەتیڤ: ئەرێنی، موسبەت.ف مثبت

پۆشێنەر: داپۆشەر.ف پوشاننده

پوفەبا: نەرمەبا، شنەبا، سروە.ف نسیم

پۆلاینە: پۆلانیا، مانای هەنبانە بۆرینە راست نییە، بە وەسەر خستنەوەی گاسن دەڵێن نەک دەمەزەرد.ف جوش کردن تکەای آهن بە نوک گاوآهن

پولپولۆز: ئاڵۆزاو، ئاڵۆزکاو. *(یەکی ناڤ گوندێ دەروێشێک ڤان ڤانایە/ سەری پولپولۆز ململانک عەبایە.)* ف پریشان

پوڵتۆخ: پڵتۆخ، *(ئاشقم زەردە روخ و ئاشوفتەمە/ پیس و پوڵتۆخ و نەزارم تێمەگە «غەریب».)* ☜ پڵتۆخ

پۆڵکە حۆلە: پۆڵکە گایانە، جۆرێ پۆڵکەیە ئەگەر مرۆڤ بە کاڵی بیخوا گێژ دەبێ.ف نوعی خلر

پۆڵکە خاتوونە: جۆرێک پۆڵکەی خۆرسکە بە کاڵی دەخورێ.ف نوعی خلر

پۆڵکە رەشە: پۆڵکە مارانە.ف نوعی خلر

پۆڵکە گایانە: جۆرێک پۆڵکەی خۆرسکە گەلاکانی پانە و گوڵی بنەوش دەر دەکا دانەکەی بە شلکی لە ئاو و خوێدا دەکوڵێنن و دەیخۆن، پۆڵکە گایانە.ف نوعی خلر

پۆڵکە مارانە: جۆرێک پۆڵکەی خۆرسکە ناخورێ.ف نوعی خلر

پۆلۆتقە: کلکەسووتێ، ریایی، خۆشئامایی.ف ریایی کردن

پوورپنۆک: بریتی لە مرۆڤی گرینۆک و دڵناسک، کەسێک کە خێرا دەست دەکا بە گریان، پیرێژنی گرینۆک. *(پوورپنۆک لە بەهانە بەندە بۆ گریان.)* ف کنایە از آدم نازکدل کە زود گریە می‌کند

پووزپووزێن:یارییەکە بە هەڵمات دەکرێ، قووڵکێک هەڵدەکەنن و هەڵماتەکە بە پللە دەهاون هەرکەس بیخاتە قووڵکەکەوە بەرەندەیە.) ف نام یک بازی با تیلە.

پووزلەخ: پزلووخ، پووزەوانە، بەلەکپێچ.ف ساق‌بند

پووش لە کا بژاردن: بریتی لە چاک لە خراپ جیا کردنەوە.ف کنایە از جدا کردن خوب و بد

پووشکە بەفوو: کایەیەکی لاوانی گوندنشینە، هێندێک پووشکە یان گەسکێک بە تێلێکەوە هەڵدەواسن و ئاوری تێبەردەدەن لە چوار لاوە بە نۆرە فووی لێدەکەن هەر کەس بتوانێ بیکوژێنێتەوە بەرەندەیە.ف اسم یک بازی جوانان روستایی

پووشکە پسانێ: نێوان تێک چوون، خاک بوون، قسە لەگەڵ یەکتر نەکردن، دوو کەس کە دەنگ لە یەکتر دادەگۆڕن پووشکەیەک هەڵدەگرن و هەر یەکی سەرێکی دەگرن و دەیشکێنن و هەر یەکەیان لەتێکی بەدەستەوە دەمێنێ و ئیتر لەو کاتەوە لەگەڵ یەکتر قسە ناکەن.ف قهر کردن

پەپرووکە: بەورینگ، بەوروو، وردە سووتوویەک کە لەسەر ئاور بەرز دەبێتەوە.) ف خاکستر ریزی کە با آتش و دود بلند

می‌شود

پەپی: پەپوولە، بلاتینک، پەرپەرۆک، پەڵپەلیسک. ف پروانە

پەت: (+) مۆڵەت، مەودا. ف مهلت

پەتا چەپەڵە: نەخۆشیی پڕمەترسی و گیرۆ. ف بیماری خطرناک و واگیر

پەتکینە: گۆرەوییەکی کە بە یەک شیش دەیچنن. ف جورابی کە با یک میلە می‌بافند

پەتۆر: دڕاو، شڕ، شڕ و پەتۆر، لەتلەت بۆ پارچە. ف پارە و پورە

پەتەسوو: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە. ف خاکستر

پەتەڤینگە: قۆچەقانیی بەن، قەڵماسک. ف فلاخن

پەتی سەوەتە: بریتی لە کەسێک کە سووک و چرووک و بێدەسەڵاتە و لە ماڵێدا دەستی ناڕوا. *(کورە کەیخوادای چی پەتی سەوەتەش تەواو نییە.)* ف کنایە از آدم بی‌ارزش

پەتیتە: تۆبە، پەژیوان بوونەوە لە گوناح. ف توبە، ندامت

پەراڤ: قەراغ، ڕۆخ، کەنار، لێوار، دەم چەم. ف کنارە رودخانە

پەرامێز: ماتۆڕێکی نەوتییە ناسووس دەکرێ و چێشتی لەسەر ساز دەکەن. *(دوگمە و تاقرانی و دەرزی/ خرمەی کرد کەوتە عەرزی/ پەرەی دڵم ئاوی گرت/ میسالی پەرامێزی «گۆرانی».)* ف چراغ نفتی تلمبەای

پەرتاڵ: ئاکام، ئەنجام. *(ئی‌کارە پەرتاڵ نەیری.)* ف عاقبت

پەرتوبڵاو: پرژ و بڵاو، پەرگەنە. ف پراکندە

پەرتەک: هێز، قەوە، وزە. *(پەرتەکی لێبڕیاگە.)* ف توان، رمق.

پەرتەک بڕیاگ: هێز لێبڕاو. ف از رمق افتادە

پەرتەک بڕیان: هێز لێبڕان. ف از رمق افتادن

پەرتەک بڕین: هێز لێبڕین. ف از رمق انداختن

پەرچان: تەیمان، تانۆک، پەرژین، تامان، تانۆ. ف پرچین

پەرچاندن: ☜ پاچاندنەوە

پەرچدانەوە: بەرپەرچ دانەوە، گێڕانەوە. *(کەس نیەتوونێ پەرچی ئی‌کارە بێگاوە.)* ف سرا راه قرار گرفتن و مانع شدن

پەرچم دانەوە: پەرچ دانەوە، بەرپەرچ دانەوە. ف در میان سخن درآمدن

پەرچە: (+) پەچە، جێگە مۆڵی مێگەل لە سەحرا. ف محل استراحت گلە در صحرا

پەرچیم: ☜ پیم

پەردۆژ: دەرفەت، هەل. ف فرصت

پەردە لە چاودا نەبوون: بریتی لە ڕووڕاست و بێڕوودەربایستی. *(بە خوا پەردە لە چاوما نییە ئەوەی دەیزانم دەیڵێم.)* ف کنایە از رودربایستی نکردن

پەردە: (+) بن، کچێنی. ف پردەی بکارت

پەردەگێران: لە بەینی دوو شتدا پەردە کێشان. *(لە ژوورەکەدا پەردەیان گێڕابوو ژن لە لایەک و پیاو لە لایەک دانیشتبوون.)* ف پردە کشیدن

پەردەی گوێ: پەردەیەک کە دەنگ دەیلەرێنێ. ف صماخ

پەرژان: (+) پەرژین، تەیمان، تانۆک. ف پرچین

پەرشخۆرکە: مەلێکی بۆری چکۆڵەیە بەقەد چۆلەکەیەک دەبێ، سیچرە.[ف] نام پرندەای است

پەرشکە: چێشتێکی تایبەتی هەڵامەت و سەرما بوونە، ماش و نۆک و پاقلە و بروێش و هەرشتە و بیبار پێکەوە دەکوڵێنن و دەیکەنە ئاشی پەرشکە.[ف] آش

پەرشەخۆرە: ☜ پەرش خۆرکە.

پەرکۆ: کوتانی ساواری خڕ هەتا تەواو تفرەکەی هەڵدەدا.[ف] کوبیدن بلغور برای جدا کردن پوستەی آن

پەرگر: گۆشەنشین، گۆشەگیر، دوورەپەرێز، *(پەرگر دانیشتووە و سەری داخستووە.)* [ف] منزوی.

پەرگەنە: پرژ و بلاو، شپرزە، شپرێو.[ف] پراکندە

پەرگین: گیایەکی کوێستانییە بۆ ڕەنگی ڕەش کەڵکی لێ وەردەگرن.[ف] اسم گیاهی کە برای رنگ سیاە مورد استفادە است

پەڕۆ لێ دادڕین: بریتی لە ئاوڕ لێدانەوە و یارمەتی دان. *(هیچ کەس پەڕۆیەکمان لێ دانادڕێ.)* [ف] کنایە از کمک کردن

پەرواز: (+) تەختەی باریکی تاشراو بۆ قەراغی سندوق و دۆلاب، زەوار.[ف] زوار

پەروازبەند: تەختەبەند، *(قەراغی ئەو دۆلابەمان بۆ پەروازبەند کە.)* [ف] تختەبند کردن کنارەی صندوق چوبی و کمد

پەرۆش کردن: ڕشانەوە، وەرشان، هێنانەوە.[ف] قی، بالا آوردن

پەرۆشان: دەسرۆکەیەکە بە شانی منداڵیدا دەگرن بۆ دەم و لووت سڕین.[ف] دستمالی کە برای پاک کردن دماغ و دهان بە شانەی بچە میدوزند

پەڕۆک:) فڕندە، باڵندە، باڵدار، پەلەوەر *(دەهاتنە سایەم نازێ و نازەنین/ لە سەرم دەنیشت پەڕۆکی باڵشین «بەیتی پیرەدار»)* ؛) پاتک، پارچەپینە، کنجک.[ف]) پرندە؛) تکە پارچە برای وصلە

پەروو: ☜ پەروە

پەرووک: پەڕۆ، قوماش، کووتاڵ.[ف] پارچە

پەروە: خەڵات، دیاری، پێشکەشی.[ف] سوغات، مشتلق

پەڕە: پەلک، بەرگی گوڵ. *(هەر دەڵێی پەڕەی گوڵە، لە پەڕەی گوڵ ناسکترە.)* [ف] برگ گل

پەڕەژاڵ:) ناوی گوڵێکە؛) ناوی چیایەکە لە ناوچەی سەقز و بانە.[ف]) نام گلی است؛) نام کوهی در منطقەی سقز و بانە

پەڕەسیغار: کاغەزی جگەرە، کاغەزێکی ناسکە سیغاری پێ دەپێچنەوە.[ف] کاغذ سیگار

پەڕەشووت: چەتری خەلەبان، چەتری چەترباز. [ف] چتر چترباز

پەرەڵێل: تەریبی، دوو خەتی ڕاست لە پاڵ یەکدا.[ف] موازی

پەرە مریشکە: قرژ بوونەوەی تووک و پێستی لەش لە کاتی سەرما و مۆچڕک پێدا هاتندا.[ف] مورمور شدن پوست بدن

پەڕەملە: گەردانە، بەرموور، خەناوک، ملوانکە، ملوێنک.[ف] گردنبند

پـەڕەمـووچ: فڵچـەی چکۆڵـەی وێنـەکێشان.[ف] قلم‌مو

پەرەوکێ: پەوکی، پەوکەی، بۆیە، لەبەر ئەمە.[ف] به این دلیل

پەڕەول: باڵندە، پەلەوەر، پەڕۆک.[ف] پرنده.

پەریشاخ: پەڕەسێلکە، پەڕەسلێرکە، حاجی‌ڕەش [ف] پرستو

پەری‌شارۆخ: زەردەولی، زەردەزیرە، زەرباڤ، زەرکتک.[ف] پرنده‌ای سینه زرد و سیه بال

پـەڕیـوە: ئـاوارە، بـەڕیـدە. *(بوومـە ئـاوارە و پـەڕیـوەی دوور وڵات/ کـەوتمـە نێـو وردە داوی ڕێی نەجات «هێمن».)* [ف] ئاواره، دربەدر

پەریوەشان: گوڵێکی بۆنخۆشە.[ف] پرسیاوشان

پەزاج: مامان، قابیلە.[ف] ماما، قابله

پەزکۆ گورۆ: ناوی کایەیەکی منداڵانەیە.[ف] اسم یک بازی بچه‌گانه

پـەژارەوار: پـەژارەدار، خـەمـلـەبـەر، دڵتـەنـگ و خەمبار.[ف] اندوهگین.

پەژمینە: کەڕوو، برشوو، برش.[ف] کفک

پەژین: شـاخ و کێو، هـەرد و کۆ، کەژ، چیـا.[ف] کوهسار

پەسا: قۆرغ، قۆپی، دارستانی کەناری چۆم. *(لەو پـەسـا چـڕ و پـڕەدا بـزر بـوو.)* [ف] بیـشـەی کنـار رودخانه

پەسپەزەکێویلە: هەڵەپەزە پەزپەزەکێولە.[ف] رتیل

پـەسـتێوراو: ئاخنـدراو، شـلێدراو، پـەسـتـواو.[ف] انباشته و سفت شده

پـەسـە و پووسـە: شـت و مـەک، بارگـە و بنـە. *(پەسـە و پووسـەکـەتـان کـۆ کـەنـەوە دەڕۆیـن.)* [ف] وسایل و خرت و پرت

پەسێر: پەسیو، پەنا، پاسار.[ف] پستوو، کنج

پەسیلە: بەرسیلە، قۆرەی ترێ، پەسێرە، هاڵە.[ف] غوره

پەگر: گەمرە، کەمرە، گەڕمە.[ف] سرگین سفت شده‌ی زیر پای حیوان در طویله

پەل هاویشتن: ☜ پەل هەڵدان

پەل هەڵخستن: بڵاو بوونەوەی مەڕ و ماڵات بە کێودا بۆ لـەوەڕین.[ف] پخش شـدن گوسـفندان برای چرا

پەل هەڵدان: لق و پۆپ دەرکردن، گەشە کردنی دار و گیا.[ف] رشد و نمو درخت و گیاه

پەلاتیقـە: هـەوڵ، تـەقـەلا، حـەول. *(زیاتر پەلاتیقـە بکەن.)* [ف] کوشش، سعی

پـەلارە: بـۆڵ، هێـشوو، زەنگـەتـە، تڵووتـەک.[ف] خوشه انگور

پەلامپیتکە: پەلەپیتکە، پەلەپیتک.[ف] تلنگر

پـەلاو: ئـاوی تـەنـک، تـەنکـاو، بـەرینـی چـۆم کـە ئـاوەکـە بـە زەویـدا بـڵاو دەبێتـەوە.[ف] بـستر رودخانه که آب آن زیاد عمق نداشته باشد

پەڵخور: (+) جۆی لێکراو کە دەدرێ بە ماڵات.[ف] جو خرد شده برای حیوان

پـەلـک ڕەیحـان: جـۆرێ کراسـی قـەدیمـی ژنانـە بوو.[ف] نوعی پیراهن قدیمی زنانه

پەڵەباقی: دوورینەوەی گیا و دڕوو کە پەڵە پەڵە ڕوابێـت و لـە هـەر شـوێنێک باقـەیـەک دەدوورنـەوە. [ف] درو کـردن گیـاه و خـار کـه

پراکنده روییده باشد

پەلەزێ: گوڵاڵە گەزیزە. ف زنبق وحشی

پەلەسۆ: گیایەکی گوڵ زەردە زوو هەڵدەوەرێ. ف اسم گیاهی است

پەلەسوانە: لقی داری گوێسوانە، داری سواندن. ف چوب لبەی بام

پەلەک بڕیان: جووڵە لێبڕان، لە هەڕەکە کەوتن. ف از حرکت افتادن

پەلەک: هەڕەکە، جووڵە، جمە. *(پەلەکم بڕیا فره ڕا کردم.)* ف از حرکت افتادن

پەلەکانە: پەیژە، قادرمە، نێردیوان. ف نردبان

پەلەکرن: پەلکێش کردن، ڕاکێشان. *(بچۆ پەلەکرنی بکە و بارەی.)* ف به زور کشانیدن

پەلکێش: (+) پیل گرتن و ڕاکێشان بە زۆر. *(بە زۆر پەلکێشیان کرد و بردیان.)* ف بە زور کشیدن و بردن

پەلەمریشکە: میرووله کردن و قرژ بوونەوەی پێستی لەش بەهۆی سەرما و مۆچڕکەوە. ف مورمور شدن پوست بدن

پەلەواژ بوونەوە: بوورانەوە، بێخود بوون. *(لە برسانا خەریک بوو پەلەواژە بینەوە.)* ف از حال رفتن، غش کردن

پەنار: سەرچاوە، کانی. ف چشمه

پەناڤ: زەویی نەرمان، گۆشتە زەوی. ف زمین نرم و بی‌سنگ

پەنجە چۆلەکە: پێ چۆلەکە، گیایەکی لاسق قاوەییە بە عەرزیدا پان دەبێتەوە. ف اسم گیاهی است

پەنجەقازە: ناوی گیایەکە زۆر بەرز دەبێتەوە قالۆری سپیی هەیە و لە قەراغ چۆم و ئاوان دەڕوێ. ف گلپر

پەنجەقازی: گاسنێکە زۆری تیغە هەیە بە تەراکتۆرییەوە دەبەستن و جووتی پێ دەکەن. ف پنجەقازی

پەنجەکەڵە: قامکە گەورە، تلیابەرانکێ، تلیامەزن، کلکە گەورە. ف انگشت شست

پەنجەوانە:) قامکەوانە، چەرمێکە دروێنەوان لە قامکی دەکا، ئەنگوستیلە، کلکەوانە. ف) چرمی کە دروگر به انگشت می‌کند؛) انگشتر

پەنچەر: خاڵی بوون یان تەقینی تویبی تەگەر. ف پنچر

پەندەمووس:) پەنگڵەمووس؛) جنێوێکە. *(دەک پەندەمووس کەی.)* یانی ڕەبی بماسێی. ف) آماسیدن؛) نفرینی است

پەندیر: پەنیر. ف پنیر

پەنکوور کردن: وەشارتن، شاردنەوە، حەشاردان. ف نهان کردن

پەنکوور: نهێنی، شاراوە، ڕاز. *(هەرچک لە بەینی خوەیان بکەن پەنکووری کەن.)* ف سر، نهانی

پەنگرەئەستێرە: گوڵئەستێرە، پەنگەئەستێرە. ف کرم شبتاب

پەنگڵەمووس: با کردن، ماسین، پەنەمین. ف آماسیدن

پەنگەئەستێرە: ☜ پەنگرەئەستێرە

پەنەمووس: لە خەو ڕاچوون و هەڵنەستانەوە. *(یاخوا پەنەمووس کەی.)* ف بە خواب ابدی فرو

رفتن

پەنی: (+) ون، نادیار، بزر، پیوار. *(نازانی خوەی بۆچە پەنی کردگە.)* ف پنهان

پەنێرکە: بۆقژە، نەخۆشییەکی زاری منداڵی شیرەخۆرە. ف مرضی در دهان کودک

پەوو: پی، ئاروو، پدوو، پووک. ف لثه

پەیار: چەواشە، سەرگەردان. *(هێند وردە ئەم وتارە/ بیر دەوێدا پەیارە «ڕاوچی».)* ف سردرگم، سرگردان

پەیاغ: تێلا، دار دەستی لەبار و لەدەستان خۆش. ف چماق

پەیدۆز: پەیجۆر، تۆژەرەوە. ف محقق

پەیدۆزی: پەیجۆری، تۆژینەوە، لێکۆڵینەوە. ف تحقیق

پەیڤاژۆ: کەسێ کە مژولیایش دەکا، وتاردەر. ف سخنران

پەیوین: قسە کردن، پەیڤین، دووان. *(دەبێ بە کوێ بگەی؟ هێشتا نەگەیوی/ لە روخسارا بەهەشتی، ڕۆژی، هەیوی/ هەزاران داود و دەنگی زەمووری/ دەبەر لێوەت مرن کاتێ دەپەیوی «هەژار».)* ف سخن گفتن

پێ بە جەرگی خۆدا نان: دەست لە دڵ بوونەوە، ڕازی بوون لەبەر ناچاری. *(ناچار بووم پێ بە جەرگی خۆمدا بنێم و بچم بۆلای.)* ف پا روی دل خود گذاشتن

پێ بە خەنە: بریتی لە نازدار و دەست و پێ سپیلکە. *(ئەو پێ بە خەنەیە کوا توانای کار کردنی هەیە؟)* ف نازنازی

پێ بە قوونە: جۆرێک مراویی چکۆڵەیە زۆرتر لە پەنا و پەسیوی چۆماندا دەژی. ف نوعی مرغابی وحشی

پێ پان: بە توانج بە کەسێک دەڵێن کە قەڵەو و لاق زل بێ. *(جا ئەو کچە پێ پانە کێ دەیهەوێ.)* ف کنایه از آدم چاق و پاگنده

پێ پرکە: لاق لە عەرزی گیراندن و هەڵکەندنی لە کاتی ڕق هەستاندا، بۆ حەیوان بەکار دێ، زۆر جار گورگ کاتێک لەگەڵ کەسێک بەرەوڕوو دەبێ چنگ لە بەفر دەگیرێنێ و دەیکا بە سەر و چاوی کەسەکەدا بۆئەوەی چاوی پڕ بکاتەوە و بتوانێ هێرشی بۆ بەرێ. ف ☜ پێکۆڵ

پێ پشیلە: چنگە پشیلە، گیایەکە وەک پێی پشیلە دەچێ. ف نام گیاهی است

پێ پیرۆز: قەدەمخێر، کەسێ کە مایەی خێر و بەرەکەت بێ *(خدری پێ پیرۆز لە کوێیە بۆچی لێڵە ئاوی ژین؟/ خوێن لە پەلکی گوڵ دەچۆڕێ، بای بەهاران چوونە کوێ؟ «حافز بە کوردی، حەقیقی»)* . ف قدمخیر

پێ چەقاندن: پێداگرتن، سوور بوون لەسەر کارێک، ئیسەرەم کردن. ف اصرار

پێ فاماندن: تێ گەیاندن، حاڵی کردن. ف فهماندن

پێ کردنەوە: بانگهێشتنی بووک و زاوا، خزم و کەس بووک و زاوا بانگهێشتن دەکەن بۆئەوەی ئاشنا بن لەگەڵیان و بەو بانگهێشتنە دەڵێن پێ کردنەوە. ف دعوت کردن عروس و داماد

پێ گرتن: فێری ڕێگا ڕۆیشتن بوونی منداڵ. *(مناڵەکەمان پێی گرتووە.)* ف پا گرفتن بچه

پێ لێ نەبڕین: سەردانی زوو زوو، بەردەوام چوونە دیدەنیی کەسێک. ف همواره به دیدنی کەسی رفتن

پێ لێ هەڵبڕین: بریتی لە ئەوپەڕی بێحەیایی و دەمدرێژی، بێشەرمیی لەڕادەبەدەر. *(تۆ بەجارێ وەک ژنی فاحیشە پێت لێ هەڵبڕی/ نەءگوتم خەیری نییە چاوێکی گەر لێ زەق نەکەم «شێخ ڕەزا».)* ف بی‌شرمی و زیادەرویی بیش‌ازحد

پێ لێ هەڵێنان: شوو لێ هەڵکێشان، چاو و ڕوو کرانەوە. ف ☜ پێ لێ هەڵبڕین

پێ لێنان: دان پیانان، ڕاستی گوتنی تاوان. *(ئاخری پێی لێنا تاوانبارە.)* ف اعتراف کردن

پێمەردە: عیزراییل، پێمێرد، ف عزراییل.

پێ و شوێن: سۆراغ. *(کەس بە پێوشوێنی نازانێ.)* ف اثر

پێوەعەرز نەکەوتن: بریتی لە شادی و خۆشیی زۆر. *(لە خۆشیانا پێی وە عەرزی ناکەوێ.)* ف کنایه از شادی زیاد

پێ: (+) پووک.☜ پەوو

پیازە:) تاوان، باڵبەز، سووچ، گوناح) ناوی چیایەکە لە هەورامان ف) گناه) نام کوهی در اورامانات.

پیازەخوانکە: گیایەکە گەڵاکانی لە پیواز دەچێ و لە کێو و شاخ شین دەبێ، سیرە سەگانە. ف نوعی سیر کوهی

پیاسکە: پریاسکە، پرێسکە، بوخچەی چکۆڵە. ف بقچەی کوچک

پیاوە بەفرینە: زەلامە بەفرینە. ف آدم‌برفی

پێبلقە: پەیژە، پەینجە، نێردیوان. ف نردبان

پێبەر: (+) داگیرکەر، زاڵم، قاندر. ف ظالم، متجاوز

پێبەروانە: کێشکچی، قەرەوڵ، پازازک، حەسحەس. ف نگهبان

پێپاکی: پاکانە، تۆمەت لابردن لەسەر خۆ، فحێڵ. ف اثبات بی‌گناهی و دوری از اتهام

پێپەست: لەبەر پێ پەستواو، پێشێل کراو. *(چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکوو پار/ هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار «پیرەمێرد».)* زیر پا له شده

پێتار: پیرەدار، داری کۆن و ڕزیو. ف درخت پیر و فرسوده

پێتاو: (+) میراوی برینج. ف آبیار برنج

پێتکە: قەڵەشینەوەی توێکڵە گوێز. ف ترک خوردن پوستەی گردوی رسیده

پێتگە: نەعنا، مەرزە، جاترە. ف نعناع

پێتۆڵ: زیرەک، وریا، هوشیار. ف باهوش، زیرک

پێتوو: چەرخە، باشوو، واشە. ف باشه

پێتەڵووک: پیرەڵۆک، چرچ بوونی دەست لەنێو ئاوی شیلەوگەرمدا. *(دەسم پێتەڵووک بووە.)* ف چروک شدن پوست دست در آب ولرم

پێتەڵووکە: باپووک، باپووسکە. *(پێتەڵووکەی زستانێ بە باوە هەڵوەدایە/ سەهۆڵی دەرک و کۆڵان، کوڵوڵی دەستی بایە «ڕاوچی».)* ف برف ریز و سبک

پێچ و کڵاو تێکەڵبوون: بریتی لە بە کێشەهاتن و تێکهەڵچوون *(لە کوڵم بەوە با پێچ و کڵاوەکەمان تێکەڵ نەبێ.)* ف کنایە از دعوا و زدوخورد

پێچ و مۆرە: جەڕ و مۆرە. ف پیچ و مهره

پێچبادەر: پێچکوشتی. ف پیچکوشتی

پێچڕ: گیانسەخت، زیندەوەرێک کە درەنگ گیانی دەردەچێ. *(هێندە پێچڕە سەد جاری بکووژی نامرێ.)* ف جان‌سخت

پێچرا: پاچرا، ئەو پارەیەی لە قوماردا دەدرێ بە خاوەن قومارخانە. ف پولی که طرفین قمار به صاحب قمارخانه می‌پردازند

پێچکوشتی: ئامرازی کردنەوەی پێچ. ف پیچ‌کشتی

پێچکە ژلۆقە: گیایەکی کوێستانی ف نام گیاهی است

پێچکە سوێرە: گیایەکی کوێستانییە وەک پیواز وایە دەخورێ. ف اسم گیاهی

پێچۆڵ: ڕان، مێگەڵ. ف گله

پێچووک: پێچۆلەکە، گیایەکی گەڵا باریکە بە زەویدا پان دەبێتەوە. ف اسم گیاهی است

پێچەڵۆک: ئاڵۆزاو و پڕ پێچ و پڕ گرێ و گۆڵ، تێکهاڵاو، پێچەڵاوپووچ. ف پر پیچ و خم

پێ حاجیلە: نانە حاجیلەقلەق، تۆڵەکە. ف اسم گیاهی خوراکی

پێحەسان: هەست پێکردن. ف احساس کردن

پێخەسوو: مانای هەنبانە بۆرینە ڕاست نییە، بە ژنێک دەڵێن کە لە ماڵی زاواوە دەچێتە ماڵی بووک و شەوی خەنەبەندان لەوێ دەمێنێتەوە. ف زنی که از طرف خانەی داماد شب قبل از عروسی در خانه عروس می‌ماند

پێخەسوولە: قولە گیایەک کە بۆ قایم کردنی گرێی شەغرە کەڵکی لێوەردەگیرا و دەدرا بەر قوڵفەی گرێکە بۆئەوەی شل نەبێتەوە. ف یک دسته گیاه که زیر گره بار می‌گذارند که گره شل نشود

پێداکێشان: (+) زێدەڕەوی، پێی زیادی داکێشان. *(پێی زیادی داکێشی پێت دەشکێنم.)* ف زیاده‌روی در رفتار.

پێدەڤی: پێویست، لازم، پێویس. ف لازم

پیرایشۆکە: (+) درووە پوورایشێ، درووییەکی شینی سپی‌واشە پەپوولە پایزە دەردەکا. ف نام خاری است

پیرکوونی: کەسێک کە لە تەمەنی پیریدا تۆڵازی و کاری جلفانە دەکا. ف کنایە از کسی که در پیری هوسبازی می‌کند

پێڕۆ: پێڕەو، پیادە. ف پیادە.

پیرۆز: پێوند، پێویست، پێوند کردنی دار، متوربە. ف پیوند.

پیرەکورە: گیاوگژی پیر بوو، گژوگیای هراش و ڕەسیدە.(گیاوگژ پیرەکورە بووە تازە بارانیش بباری قازانجی نییە.) ف پیرشدن گیاه و علف

پێڕەوگە: پێیانەڕێ، شۆستە. ف پیادەرو

پیزڵغ: پیزەڵک، پیزەڵ، گیایەکە وەک کەرخنکێنە وایە بۆ باقەبێن دەبێ. ف اسم گیاهی است

پیزڵک: گیایەکە بە تۆپەڵ دەڕوێ و باڵا پیاوێک

بەرز دەبێتەوە و گوڵی سوور دەر دەکا و فەلایان بۆ باقەبێن کەڵکی لێ وەردەگرن پیزڵخ. [ف] نام گیاهی است

پیزەرۆک: جۆرێ زیپکەی بە ژانە لە پێستی لەش پەیدا دەبێ.[ف] نوعی جوش پوستی

پیست: جێی خلیسکێن.[ف] پیست سرسرەبازی

پیستوور: زۆردار، زاڵم.[ف] ستمگر

پێسمۆرە: گیایەکی گەڵا باریکە وەک شیوت وایە.[ف] اسم گیاهی است شویت مانند

پیش کردن: مووش کردن، مان کردن، دۆش دابردن. *(بۆ وا پیشت کردووە، دەڵێی مەیموونەکەت تۆپیوە.)* .[ف] رنجیدن و خودخوری

پێشاوبڕدانەوە: وەدوای کەسێک کەوتن و لە لایەکی دیکەوە هاتنە پێشی و گرتنەوەی.[ف] کسی را دنبال کردن و میانبر زدن و گرفتنش.

پێشبڕکێ: کێبەرکێ، رقە، ململانێ، گوڕڕە.[ف] مسابقە

پێشکرێ: پێشمەرج، بێح، بێحانە.[ف] بیعانە

پیشکە قازان: پیشکان، بێلەکان، بێڵەقان.[ف] بیلک گیاەکنی

پێشکەل: بڕینی گوێچکەی بەرخ و کاژیلە بۆ دیاری کردن بە جۆرێ کە بڕدراوەکەی لای پێشەوەی گوێچکەی بێ.[ف] نشانە کردن گوش برە و بزغالە از طرف جلو

پێشمەرج: بێح، بێحانە.[ف] بیعانە

پێشەزا: منداڵی پیاوێک کە ژنی هەوەڵی نەماوە و ژنی دیکەی هێناوە، ئەو منداڵانەی ژنی یەکەم بۆ ژنی دووهەم دەبنە پێشەزا.[ف] بچە ناتنی برای زنپدر

پیقنە: فیتفیتە، فیقفیقە.[ف] صوتک

پێکادان: پێکادان، بە گژ یەکتردا چوون.[ف] زد و خورد

پێکز: نەدار، هەژار، فەقیر.[ف] تهیدست

پێکۆڵ:) سمکۆڵ، سم لە زەوی کوتانی ئەسپ، سمکۆڵان؛) سم بە عەرزیدا هێنانی گا و جوانەگا لە کاتی شەڕدا.[ف]) سم بە زمین کوبیدن اسب؛) سم بە زمین کشیدن گاو نر هنگام جدال

پێکەوتە: شیاو، هێژا. *(پیاوێکی پێکەوتە و زانایە.)* [ف] لایق

پێکێو: داوێنی کێو، پێدەشت.[ف] کوهپایە

پێگەرمۆک: پیاسە، راوێچکە.[ف] قدم زدن

پیلارەش: ☜ پشارەش

پیلاسپی: ☜ پشاسپی

پێڵاومز: ☜ پێڵاومیز

پێڵاومیز: کاڵەدڕانە، هەقی بەرێدا رۆیشتن بۆ کاری کەسێک.[ف] پایمزد

پیلپێلک: پلیکان، قاڵدرمە، رازوونە، پەیژە.[ف] ☜ پاینجە

پیلۆز کردن: پێوەند کردن، لێک قایم کردن، چاک کردنەوەی شکاو.[ف] بەهم چسپاندن و بند زدن اشیاء شکستە

پێلۆژە: کۆڵوو، پەلووژە، بنی تاڵوو.[ف] ریشەی کلفت گیاهی است

پێڵە: (+) پیر، بێدان، زیاتر بۆ حەیوان

دەگوترێ، *(ئگا پێڵە توانایی جووت کردنی نەماوە.)* ف پیر، مسن

پێڵەوژە: کۆڵوو، بنی تاڵوو. ف ریشەی گیاهی تلخ

پیلیسک: هەل، دەرفەت. ف فرصت

پیم: پەرچیم، ئاسنێکە وەک بزمار وایە دوو پارچە ئاسنی پێ بە یەکەوە دەبەستن لەپێشدا هەر دوو پارچە ئاسنەکە کون دەکەن و پیمەکە دەخەنە نێو کونەکانەوە و بە چەکوش دەیکوتن هەتا هەر دوو سەری پەرچ دەخوا و ئیتر دوو پارچە ئاسنەکە یەکتری بەر نادەن، مەگین پیمەکە بشکێ. ف پیم

پێمجیلکە: پێمریشکە، گیایەکە وەک گێلاخە بە زەویدا پان دەبێتەوە. ف اسم گیاهی است

پێمزک: کرێ، مزە، جەمەک. ف دستمزد

پێمل بوون: ڕازی بوون بە ناچاری. ف راضی شدن از روی ناچاری

پێمل کردن: ڕازی کردن، ناچار کردن. ف مجبور کردن، راضی کردن

پێمێرد: مەلکەمووت، فریشتەی گیانکێشان، ئیزرائیل. ف عزرائیل

پینە: پەڵە، پینەهەور، پەڵەهەور. ف لکە، لکە ابر

پێوار: (+) پێوانە، ئامرازی پێوان. ف پیمانە

پیوازاو: ئاو و تام، شۆرباو، چێشتی ئاو و پیواز و ڕۆن. ف اشکنە

پیوازە خووگانە: گیایەکی گەڵا پانە بنێکی خڕی هەیە لە ئاڵەکۆک گەورەترە. ف اسم گیاهی است

پیوازە سەگانە: گیایەکی بۆگەنە وەکوو پیواز وایە خۆڕسکە و بنێکی وەک پیوازی هەیە. ف اسم گیاهی بدبوو شبیە پیاز

پێور: (+) هەسارەی ڕاخوشیو، نێزەک. ف. شهاب

پێورمێزین: ئەستێرەکشان، ڕاخوشینی نێزەک. ف افتادن شهاب

پیوسۆز: چرای شیلەگەرچەک. ف پیەسوز

پێوە بوون: (+) بەتەما بوون، قەست کردن. *(پێوە بووم بێم بۆلات.)* ف قصد کاری کردن

پێوە: لنگە، تا. *(بە پێوە کەوش وەریگەڕایە.)* ف لنگە کفش

پێوەچاران: مشوور خواردن، چارە کردن، ئاگا لێبوون. ف بە فکر بودن و سرپرستی

پێوەڕوان: جووت بوونی سەگ و تاژی. ف جفتگیری سگ و تازی

پیەرز: پارێز، نەخواردنی هێندێ خۆراک. *(لە شیرینی پیەرز بکە.)* ف پرهیز

پیەرز کردن: پارێز کردن. *(پیەرز کردن لەری ئایەم کێگ.)* ف پرهیز کردن

پێیانەڕێ: شۆستە، پێڕەوگە. ف پیادەرو

ت

تئووک: چادر، تاوڵ، هۆبە، دەوار، خێوەت. ف چادر، خیمە

تابڵمە: تابلەمە، شتێکەپۆلووی پێ دەگەشێننەوە بۆ نێرگەلە. ف آتش‌گردان

تابلەمە: پۆلگەشێن، بنچەرخێن. ف ☜ تابڵمە

تابوشت: تاقەت، توانا. *(لەوە زیاتر تابوشتم نییە کارەکە زۆر قورسە.)* ف رمق، توان

تابیر: لێکدانەوەی خەون، ف تعبیر.

تاپووس: تابووت، دارەمەیت، دارەتەرم. ف تابوت

تاتک: پیتک، کوتک. ف پتک

تاتوولە: گاگلێنە، گیایەکی ژەهراوییە پاتاڵ بیخوا پێی دەمرێ. ف گیاهی سمی

تاتی‌پشت: مۆغەرەی پشت، بڕبڕاگە، بڕبڕە، ف ستون‌فقرات

تاجیلۆکە: (+) گیایەکی سووک و پەلەپووشی پایزییە. ف گیاهی خشک که در پاییز باد می‌برد

تاچیک: بێگانە، نامۆ، غەوارە، غەریبە. ف غەریبە

تاخچە: پەڵە نەرماییی نێو شاخ و بەردی چیا، کە گیای لێ شین دەبێ. ف زمین نرم در میان سخره‌های کوهستان

تاراوگە: شوێنێ کە ئاوارەی لێ دادەنیشێ، شوێنی گیرسانەوەی ئاوارە و شاربەدەران. ف تبعیدگاه

تارۆز: شێعر و چیرۆکی تەوساوی، تەنز. ف طنز

تاریکەوانی: تاریک و ڕوون، سپێدە، کازیوەی بەیان. ف گرگ و میش

تازەسوو: تازەساو، تیغی تازە تیژ کراو. ف تیغی که تازه تیز کرده باشند

تازێ: پرسە، تازیە. ف تعزیە.

تازیەدار: عازیەتبار، تازیەبار، ڕەشپۆش. ف عزادار

تاژان: (+) گوندێکە سەر بە شاری بانە. ف روستایی از توابع بانه

تاژانگ: شێلاق، شەلاخ، قەمچی، قامچی. ف

تازیانه

تاژپڵنگ: توڵەپڵنگ، جۆرێ پڵنگی باریک و تیژڕەوە.ف یوزپلنگ

تاژەنگ: (قامچی، شێلاق (. گوشار، تەوژم، زەخت. ف(تازیانه (فشار

تاژیلکە: تاژیلۆکە، تاجیلۆکە، تاژیی ئەحمەد ڕاوکەر.ف آخوندک

تاسا: توانا، هێز، وزه *(تاسای دەست کردنەوەی نەبوو.)* ف توان، نا

تاسکه تاسک: بە ناز و لار و لەنجە ڕۆیشتن، چاوگێڕان و بە ناز ڕۆیشتنی کچ. *(هەڵیان ماڵیوه باسک/ باسکی قەڵەو و ناسک/ کە دەکەن تاسکه تاسک/ ڕەوەکترن لە ئاسک «هێمن».)* ف ناز و عشوه

تاسمه: قاشە گڕکە و کاڵەکی وشکەوە کراو) قایشی پەروانەی ماشێن و....ف) لواشک خربزه) تسمه

تاسەبار: تاسەمەند، بە ئاوات.ف آرزومند

تاسیان: تاسان، گێژ بوون.ف گیج شدن

تاشا: (+) مەیل و تاسە، تامەزرۆیی. *(ئەبینی ڕۆژ بە تاشا سواری شەو بوو/ شەو ئاوس بوو سبەینێ کاتی زەو بوو «خاڵەمین».)* ف اشتیاق

تاشقەند: پەڕپەڕۆچکە، حەویق، تەشق، بەرزایی ئاسمان.ف اوج آسمان

تاعوون:) بڵفەتە، نەخۆشییەکی کوشندەیە. چاو قووڵکە؛) بریتی لە منداڵی زۆر بزۆز و هار. *(دەڵێی تاعوونە.)* ف) طاعون؛) کنایە از بچە شلوغ

تافتافینه: تاڤگە، سۆلاڤ، قەڵپەزە، ئاوهەڵدێر. ف آبشار

تاقوتراق: تاقولۆق، دانەدانە. *(تاقوتراق خەڵکی لێ مابوو.)* ف تک و توک

تاقەپووتە: پارچەیەکی قەدیمیی ژنانە بوو.ف اسم پارچەی قدیمی زنانه

تاقیمانە: تاقیکاری، ئەزموون.ف امتحان

تاڵ قەشقە: بەرێکی دار بەڕووە.داری بەڕوو حەوت بەر دەگرێ.ف یکی دیگر از ثمرهای درخت بلوط

تاڵتۆز: گیایەکی بڵیندە وەکوو مۆسک وایە.ف اسم گیاهی ساقه بلند

تالحه: فاڵ، بەخت تاقی کردنەوە، تەلیعە.ف فال

تاڵخۆش: ئەو ئاوەی کە بە وادەی ڕۆژ و دانێک لە برینجی چاندراوی دەگرن.ف آبی کە بە مدت یک روز و نیم به شالیزار داده میشود

تاڵکێش: دەرهاتنی تاڵی گۆرەوی و بەرگی چندراو و بە بەرەوە چوونی. *(گۆرەوییەکەت تاڵکێش بووه تازه هەتا ئەوسەر دەدرێ.)* ف پاره شدن تار جوراب و لباس دستباف

تالنگه: جەواڵ، تەلیسێ کە وەک بەڕە دەیتەنن. ف گونی دستباف

تاڵوار: شوێنێکی تایبەتە بۆ لە تەرە دانی توتن، تەرە.ف گودالی کە توتون در آن میگذارند

تاڵووجاڕ: جارە تاڵوو، جارێکی کە گیای تاڵووی زۆرە و لەبەر کۆڵوو ناکێڵدرێ.ف مزرعەای کە پر از گیاه« تاڵوو» است

تاڵیشار: گیایەکی گەڵا سەوز و پانە لاسقەکەی

سپییه. ف اسم گیاهی است

تاماو: ئاووخوێ که دەدرێ به مالات. ف آب‌نمک برای حیوان

تامڵ: تاقەت، سەبر. ف تحمل

تانجیلۆکه: تاجیلۆکه، تاژیلۆکه، تاژیی ئەحمەد ڕاوکەر، تانجیی پێغەمبەر، بالووک، حوشترحوا. ف آخوندک

تانگ:) دەبابه) ڕووبەڕوو، هەمبەر، بەرانبەر. *(ماڵمان له تانگ ماڵ ئەوانه.)* . ف) تانک) برابر، مقابل

تانۆ: ☜ پەرچان

تانی تێدان: دنه دان، هان دان. *(ئەو بۆ ئەوکاره تانی تێدان.)* ف تحریک کردن

تاوپەڕ: ڕۆژپەڕ، ڕۆژاوا. ف هنگام غروب

تاوپەڕان: کاتی ڕۆژئاوا بوون. ف هنگام غروب خورشید

تاوتا: پێوپێ، پاوپا، لینگاولێنگ لەپێ کردنی کەوش. *(کوره ئەوه بۆ کەوشەکانت تاوتا لەپێ کردووه؟)* ف کفش لنگه به لنگه

تاوتوو کردن: شی کردنەوه، توێ توێ کردن، لەبەر یەک هەڵوەشاندن. ف از هم باز کردن

تاوتوێ کردن: ☜ تاوتوو کردن

تاوکانەوه: تەکینەوه، تاسانەوه، کشانەوه له کارێ. ف شانه خالی کردن

تاوگر: بەرڕۆژ، بەربەڕۆچکە، شوێنێ که تیشکی خۆر دەیگرێ. ف جای آفتاب‌گیر

تاوننه: تاعوون، بڵفەته. ف تاعوون

تاووک: سێبەر، سابات، چارداخ، سەیوان، کەپر. ف سایبان

تاوەسووت: ئەو شتەی خۆر دەیسووتێنێ، دەم و چاوی ڕەش هەڵگەڕاو و پێست داماڵدراو به تینی هەتاو. ف آفتاب سوخته

تاویار: (+)) تاوێره بەرد، بەردی گەوره و تەختی قەدی کێو؛) کەسێک که خۆرەتاوی خۆش دەوێ. ف) سنگ بزرگ و پهن کوه؛) کسی که به نور خورشید علاقه دارد

تڕ به تاق نەهاتن: بریتی له خۆشی و شادیی زۆر. *(له خۆشیانا تڕی به تاق نەدەهات.)* ف کنایه از شادی بیش از اندازه

تڕ لەخۆ دەرچوون: بریتی له بادیهەوا بوون، غلوور بوون. *(ئەوتازه پیا کەوتووه وا تڕی لەخۆی دەرچووه قسه لەگەڵ کەس ناکا.)* ف کنایه از مغرور شدن

تڕ و تەوێڵه: قسەی بێتام و هیچ و پووچ، شتی هیچ و بێبایەخ. *(گوێی مەدەیه هەمووی تڕ و تەوێڵەیه.)* ف چیز و حرف بی‌ارزش و الکی

تراوکه: جۆرێ بەردی بریقەدار و تەنکه. ف نوعی سنگ نازک و ساف

ترپه: (+) دەنگی به ئاستەمی پێ، چرپه. *(ترپەی پێی دێ.)* ف صدای پا

ترتره: کرمی نۆک، ئافەتی نۆک *(ئەوەی کاری ئەمڕۆ بدا به سبەینێ/ ترترەی دەکەوێته ڕدێنێ «پەندی پێشینان»)* ف آفت نخود

ترتفاق: شتوومەک، شمەک، کەلوپەل. ف وسایل و اسباب

ترسان: (+) سوور بوونەوه و ژان کردنی

پێستی لەش بەهۆی پێدارژانی ئاوی گەرم. *(خەمتان نەبێ نەسووتاوە هەر ترساوە.بلۆقی نەکردووە، سوور بۆتەوە.)* ف سوزش پوست براثر ریختن آب گرم

ترسیاگ: ترساو، تووشی ترس و خۆف هاتک. ف ترسیده

ترشگیاگ: ترشاو، شتێ کە بە مانەوە ترش هەڵگەڕابێ. ف ترشیده

ترشگیان: ترشان، *(خەور فرە بمێنگەی ترشگێ.)* ف ترشیدن

ترشگیانن: ترشاندن، ترش هەڵگێڕان. ف ترشاندن

ترشۆکە خاتوون: ترشۆکە خاسە، جۆرێ ترشۆکەی ناسک و گەڵا پانە بۆ دۆکوڵیو دەبێ. ف ترشک

ترشۆکە خاسە: ☜ترشۆکە خاتوون

ترشە خاتوون: ☜ ترشۆکە خاسە

ترکزە: دڵەکوتە، دڵەڕاوکێ، دڵەخورپێ. ف نگرانی

ترگژۆک: تەرزە، تەیرۆک، گارسیۆک، تەزرە. ف تگرگ

ترمەوبۆڵە: پرتەوبۆڵە، نارەزایی دەربڕینی ترسەنۆکانە و بە پێچ و پەنا. ف غرولند

ترنیسک: کۆترەباریکە، یاکەریم. ف قمری

تروتۆپ: پۆز و هەوا، فیز و ئیفادە. *(لە ماڵیا نییە دەنکە برویشێ/ لێفە شرێ نییە لاقی تێکێشێ/ تر و تۆپەکەی کەرێک ناکێشێ «فۆلکلۆر».)* ف تکبر

ترۆڵ: ڕەشەکوژی، تیرۆر. ف ترور

ترۆمتە: واشە، باشوو، مەلێکی ڕاوکەرە. ف قرقی

ترۆنتە: ☜ ترۆمتە

ترووک: زۆر سڵۆک، تۆڕ، سڵ، سرک. ف رموک

ترە: (+) کچۆڵە، کیژۆڵە، کناچە، کەنیشکە. ف دختر کوچک

ترەشکە: بەڵای ئاسمانی، وەک هەورە تریشقە و تۆفان و ... ف بلای آسمانی

ترێ بن گۆم: بریتی لە بێسەر و شوێن بوون. *(وەک ترێ بن گۆم بزر بوو.)* ف کنایە از گم شدن

ترێ پەزان: بریتی لە مانگی خەرمانان، کاتی ترێ گەیشتن. ف ماه شهریور، هنگام رسیدن انگور

ترێ مارانە: ترێ مارە، ڕێزەڵە مارانە. ف تاجریزی

ترێ مارە: ترێ مارانە. ف تاجریزی

تریشکدار: پرشنگدار، بە بریقە. ف درخشان

تریشکە: گیایەکە دەخورێ و لە قەراغ کانیاو دەڕوێ، ترشۆکە. ف گیاه ترشک

تریفە بوون: لە شیر بڕینەوەی بەرخ و کاژیلە و کز بوونیان. *(لەوەتا بەرخەکانمان لە شیر بڕیوەتەوە هەموو تریفە بوون.)* ف لاغرشدن بره بەخاطر بریدن از شیر

ترینگانەوە:) بزە گرتن، گرژینەوە، زەردە گرتن؛) پشکووتن، دەم کردنەوەی گوڵ. ف) لبخند زدن؛) شکفتن گل

تریواندن: ژان کردنی لەش. *(لەبەر ژان تەواوی*

گیانم دەتریوێنێ.) ف درد

تریوه: تریفه، تیشکی مانگ. ف تابش ماه

تسکولیو: بریتی له تەمبەڵ و تەوەزل، به ساوه ساو، کەسێک که له کاردا زۆر به شێنەییه، زۆر دادەنیشێ و لەجێی خۆی هەڵناستێ. ف کنایه از تنبل

تسڵه:جۆرێ کارگه زۆر نەرمه وەکوو قارچکی تر ژێرەکەی پەڕه پەڕه نییه، کاتێک وشک دەبێتەوه گەردێکی وردی تێدایه وەک خەنه وایه. ف نوعی قارچ

تسمۆرگ: گیایەکی چکۆلەیه وەک ئاڵەکۆک و شنگ وایه. ف اسم گیاهی است

تشپۆک: زیپکه، پیزۆکه، زووه. ف جوش

تفارۆک: مناڵ، زارۆک، زارۆ، منداڵ. ف کودک

تفر: (تێخوڵی بڕوێش و ساوار. *(ئەو پەڕشه بکوتەوه و تفرەکەی لێ جیا کەوه.)* (قەتماغه، پەترۆ ف (پوستەی بلغور (کبرەی زخم.

تفلیک: بەڵغەم، ئاخ‌تف، تفی زەرد. ف بلغم

تفەنگ به تاریکییەوه نان: له خۆڕا قسه کردن سەبارەت به کەسێک، چێو له تاریکی کوتان. ف سخن گفتن بدون دلیل

تفیله: منداڵی ورد، زارۆک، ساوا. ف طفل

تلارۆکێ: خۆ تلاندنەوه بەسەر زەویدا. ف غلطیدن

تلاس: تەختەیەکه ناوەکەی قووڵ دەکەن سەگ ئاوی تێدا دەخواتەوه. ف آبخوری سگ که از تخته کنده می‌شود

تلاسکه بەستن: لاتراسکه بەستن، سەرەنگرێ بوون. ف سکندری خوردن

تلاسه: ☜ تلاس

تلاشه: تەڵەزم، لەتی ورد و تیژی ئاسن و دار و بەرد و... ف تراشەی سنگ و آهن و چووب.

تڵپات: تڵته، پڵته، بریتی له شتی بێ‌بایەخ. *(تڵپاتی تەڕی تێدا نییه.)* ف کنایه از چیز بی‌ارزش

تڵخ: لۆده، کۆگا، *(کۆڵان به تڵخێت بەفر گیرایه.)* ف تودەی برهم انباشته

تڵنجک: تەپکه، داوێکه بۆ گرتنی باڵنده. ف دامی است برای شکار پرنده

تڵۆ: توڵه، تووله، قەندی. ف یوز، سگ کوچک شکاری

تڵووتەک: هێشوو، بۆڵ، زەنگەتە ترێ. ف خوشەی انگور

تلووخانەوه: گنخان و فلیقانەوەی میوه. ف گندیدن و له شدن میوه

تلیا مەزن: قامکه گەوره، پەنجه کەڵه، کلکه گەوره. ف انگشت شست

تلیابەرانکی: قامکەگەوره، کلکه زله. ف انگشت شست

تلیچاڤ: ئەنگوستەچاو، شەوەزەنگ، بڵقەتاڤ. ف شب بسیار تاریک

تلیسانەوه: تاوانەوەی کڵۆ قەند و گڵ و ... له ئاودا. ف نرم شدن کلوخ در آب

تلیسک: (+) تەڕ، خووساو، *(باران تەڕ و تلیسکی کردووه.)* ف خیس

تڵیشیاگ: تڵیشاو، دادڕاو. ف پاره شده

تلیفسق: پته، پەلەپیتکه، چەقوونه، چەقەنه. *(دەس*

کردن به تلیفسق لێدان.) بشکن زدن

تلیقانن: فلیقاندن، پلیشاندن. ف له کردن

تلیقیاگ: فلیقاو، پلیشاو. *(تەماتەکە گشتی تلیقیاگە.)* ف له شده

تلیقیان: فلیقان، فلێقان، پلیشان. ف له شدن

تلیلیلان: هەرا و هوریا و شایی و هەڵبەزین. *(پشیلە دیار نەبێ مشک تلیلیانیانە.)* ف سر و صدا و شادی کردن زیاد

تمتێل: تەمتێل، بیچم، ئەدگار. ف سرو سیما

تنگس: دارێکی کورتەبنە و چاڵووڵەکە بەرێکی وەک بادامی پێوەیە. (تنگسە هەژارەی پا لەموغار بەند/کێ تۆی بۆپەرژین لەریشە هەڵکەند؟) ف بوتەای خاردار برای پرچین روی دیوار از آن استفاده میشود.

تۆپلاخ: (+) گیاسندە، گیایەکە وەک کەرخنکێنە وایە بۆ باقەبێن دەبێ، پیزەڵک، پیزەڵ. ف ☜ پیزلخ

توپلاخە: توێخڵ، تێکوڵ، تۆخڵ. ف گلولەگل.

تۆپلاغ: تۆپلاغە. ف ☜ تۆپلاغە

توپلاغە: تۆپلاغ، پێکەوە نووساو، تۆپلاخە قوڕ، گڵمەت. ف گلوله گل

تۆپە: یەکسم جاری وایە لە برسان یان لەبەر خۆشەویستی یەکتردەلێسنەوە و مووی زیادی بە زمانیانەوە دەنووسێ و قووتی دەدەن، لە ئاکامدا لە زگیاندا لەسەر یەک گڵۆڵە دەبێ و وەک تۆپێکی پتەوی لێدێ و دەبێتە هۆی ناڕەحەتیی یەکسم. ف مرض اسب و الاغ براثر خوردن مو هنگام لیسیدن یکدیگر

تۆپی ناوخەتێن: یارییەکی منداڵانەیە بە تۆپ دەکرێ. ف نام یک بازی کودکانه با توپ

تۆت: کلۆر، خلۆر. ف غلطیده

تۆتەلاش: تەلاشەدار. ف تراشه

تۆخ: دەوڵەمەند، خاوەن دارایی. ف ثروتمند

تۆخماخی سەر کردن: پێستی سەر داماڵین، سەرپان کردنەوە. *(بزانێ تۆخماخی سەرمان دەکا.)* ف پوست سر کندن

تۆر: جێپێ، شوێن پێ. ف ردپا

تۆراخ: ☜ تۆراغ

توڕاسک: گیایەکە بەرێکی وەک قۆرە دەگرێ. ف اسم گیاهی است

تۆراغ: *(مانای هەنبانە بۆرینە هەڵەیە.)* دۆی خوێ تێکراوی ئاو لێگیراوو خەستەوە بوو دەبێتە تۆراغ، دۆسۆڵ، دۆسوێر. ف دوغ آب گرفته شده و نمک ریخته و غلیظ

تۆرتان: مقەست، دوارد، دوێردک، مەگرپێچەنی. ف مقراض، قیچی

تورڕەهات: قسەی هیچ و پووچ و بێمانا. *(شێخ و تورڕەی مێزەرو نەقڵ و نقوولی هیچوپووچ/ من بە تورڕەی یار ئەسیرم، ئەو بە کۆڵێ تورڕەهات «مەحوی».)* ف حرف پووچ و بیمعنی

تۆرکردن: تۆران، زیز بوون، مان کردن و هەلاتنی کەری نێر، کەرتۆر. ف فرار کردن و قهرکردن الاغ.

تۆرکە: جۆرێ سەوزیی خواردنە. ف نوعی سبزی خوراکی

توره: پێوانەیەکە تا ٥ مەن گەنم دەگرێ.ف واحد پیمانه‌ای است که تا ٥ من گندم می‌گیرد

تۆزتەکین کردن:) تەکاندنی شت بە تۆزتەکێن؛) بریتی لە لێدان بە ئارامی. *(ئەوە لێدان نییە تۆزتەکێنی دەکەی.)* ف) گردگیری؛) کنایه از کتک زدن به آرامی

تۆزتەکێن: ئامرازی تۆز تەکاندن، پەڕۆیەک بە قوڵە دارێکەوە دەبەستن و تۆزی سەر کەلوپەلی پێ دەتەکێنن.ف گردگیر

تۆسن: (+) تووڕە، قەڵس، تووڕە و تۆسن.ف عصبانی

تۆشکیر: تۆێشتیر، گیسک، بزنە کێویی دوو ساڵە.ف بز مادەی دو ساله

تۆق: (+) پەڵە، تۆقەن.ف ☜ تۆقەن

تۆقە: دەست و مشتاخ، دەست لێکدانەوە.ف دست دادن

تۆقەدیوار: دیوارێک کە چین چین بەقوڕ هەڵیدەچنن و لەژێرەوە ئەستوورە و هەتا بەرزتر بێتەوە، باریکتر دەبێتەوە بۆ حەساری باخ و خانووی دروست دەکەن ف دیوار سنگی.

تۆقەن: پەڵە، تۆق. *(تۆقەنێک لە بەفرەکەی تواوبووە.)* ف قطعه

تۆک: (+)) تات؛) شتێک کە هیچ کاری لێ ناکا. ف) زنی که استخوان، مجرای رحمش را گرفته باشد؛) چیزی که سخت است و چیزی در آن فرو نمی‌رود

تۆکلیجە: گیایەکی وەک کەرتەشی خڕ و تووکنە دڕووی نییە و لە عەرزی کەم بەرز دەبێتەوە، وەک چایی دەمی دەکەن بۆ ژانی جەستە باشە. ف اسم گیاهی دارویی

تۆلتۆلە: جۆرێک نانە وەک کەلانە وایە لە جیاتی پیواز و سەوزی ڕۆن دەکەنە نێوییەوە و بە تەندوورییەوە دەدەن.ف نوعی نان روغنی

تۆڵە شکاندن: بن پژاندن، کچێنی بردن.ف پاره کردن بکارت

تۆڵە شکاو: بنپژاو.ف دختری که بکارتش پاره شده باشد

تۆڵە: (+) گڕکە، گندۆڕە.ف گرمک

تۆڵەکە: (+) تەشتی گڵین، سوێنە.ف تشت سفالین

تۆلێ: گیایەکە گەڵا پانە دەخورێ، تۆڵەکە.ف پنیرک

تۆمارگە: شوێنی تۆمار کردن، دووکانی شریت و سی‌دی تۆمار کردن.ف استریو

تومان: (دەرپێ، ئاوەڵکراسی ژنانە(تەمومژ.ف (شلوار زنانه (مه.

تۆمەت: بوختان، ئیفتیرا، بوختان.ف بهتان

تۆمەتبار: بوختان پێکراو، تاوانبار کراو.ف متهم

تۆمەشان: کووز، هێڵ، بەشێک لە زەوی کە بە خەتێک دیاریی دەکەن و تووی پێوە دەکەن بۆ کێڵان.ف قسمتی از زمین تخم پاشیده شده برای شخم

تۆناژ: بەندەنی ڕژد و چڕ، شاخی ئەستەم.ف کوه‌صعب‌العبور

توند: (+) مەییو، دژی شل، خەست.ف غلیظ

تونکە: شۆڕت.ف شرت

تۆو: ☜ توو

توو: (+)) تۆم، تۆڤ، تۆو؛) تۆو، تۆتخمی مرۆ. *(تۆزێکی لەو شیرینییە بەش بدە تووی دەتکی.)* ف) بذر؛) نطفه

تووت و فەراقەت: یارییەکی منداڵانەیە وەکوو قەرێ قەرێ وایە. ف نام یک بازی

تووتار: مەرایی‌کەر، ڕیایی‌باز، خوڵتەکەر، تەشی‌ڕێس، هێلکەکەر، ماستاوکەر ف چاپلوس

تووتر: سیکەتۆرە، سیقەتۆرە. ف سنگدان مرغ

تووترکە سەر: بریتی لە سەربزێو، نەحەجمیو، هار و هاج. ف ناآرام و شلوغ

تووتەک: (+) تاقتاقکەرە، باڵدارێکی شەو بێدارە. *(تووتەک و گوێن و کوند بێکارن/ ڕۆژ وچانیانە، بە شەو بێدارن «هەژار».)* ف بوم

تووداییە: ئەو شێعر و گۆرانییەی کابانی شیردۆش لە کاتی مانگا دۆشیندا دەیڵێ. ف شعر و آهنگی که کدبانو هنگام دوشیدن گاو زمزمه می کند.

توورژیلک: تەرزەلووکە. ف تگرگ ریز و خشک

توورکی: بنەوەشی، جیددی. ف جدی

توورگ: چەقەڵ، جانەوەرێکە وەک ڕێوی وایە. ف شغال

توورەلەم: گوڵە گەنم کە هێشتا لە ساقەکەی نەهاتوتە دەرێ. گەنم و جۆی کاتی قەفوگوڵ. گەنمێک کە هێشتا نێر نەبووە. ف خوشەی گندم که هنوز در داخل ساقه و برگ قرار دارد

تووسکوول: بەری دار شەکی، وەک فندق وایە. ف ثمر یک درخت

تووشی گون ڕەشی خۆ هاتن: ☜ تووشی نێری شەش گون هاتن

تووشی نێری شەش گون هاتن: بریتی لە کەسێک کە ماوەیەک بە کەیفی خۆی ڕایدەدا و ترسی کەسی نییە، بەڵام لەپڕ دژێکی بەهێزی لێ پەیدا دەبێ و زەلیل دەبێ بە دەستییەوە. ف کنایه از کسی که مدتی یاغی می‌شود و عاقبت به‌دست رقیبی توانا شکست می‌خورد

تووقاڵە:) تۆقڵە، بلۆق) پۆرگ. ف حباب؛) تاول

تووکە مردارە: ئەو تووکە نەرم و وردانەی بە زەرنەقووتەوەیە و هەڵدەوەرێ پاشان پەڕ و پۆ دەردەکا. ف موی نرم جوجه که بعدا پر جای آن را می‌گیرد

تووکەمندارە: تووکە مردارە. ☜ تووکە مردارە

تـوولازم: دەردە باریکە، نەخۆشینی سیل. ف مرض سل

توولە: ڕکە، قەفەز. ف قفس

توولەکی: کاسە سەر، کاژەڵاک. ف جمجمه

توولەوەن: نەمامی وەن. *(لە چەقەی چەوماخ کەڵەیلە و ڕەمین/ توولەوەن لەژێر ماردەمان چەمین «فۆلکلۆر».)* ف نهال وَن

تـوولێن: بازەڵێن، قەمچان، ڕێخان. ف یەقول دوقول

تووناو: پاراو، تەڕوبڕ. ف سیراب

توونکە: شۆرت. ف شرت

تۆونە: بەراز. ف گراز

توونەوان: ئاورچی، ئاگرچی حەمام، کوورەپەز. ف تونچی حمام

توونی تەبەس: ☜توونیتەتەر

توونیتەتەر: دەرەک، قیرووسیا، جەهەندەم، تووونی تەبەس، *(بە توونیتەتەر دەرۆی هەر برۆ.)* ف بە درک، جهنم

توویل زەرین: کۆلکەزێرینە، کەسکاسۆر، پەلکەرەنگینە. ف رنگینکمان

تووێناوارە: ئاوارە، بەریدە، دەربەدەر. ف آوارە

توێ:) بەین، نێو *(بە رۆژ دەگەرێ بە کەتانی/ بە شەو دەچێتە توێی کورتانی «پەندی پێشینان»)* توێ شیر، سەر توێ. ف (میان) سرشیر

توێچ: پرژ و بڵاو، شێواو، پەرگەنە. ف پراکندە

توێخ بردن: ئازار دانی زۆر، ماندوو کردنی لە رادەبەدەر. *(هێندەی هەڵسووراندین تویخی بردین.)* ف کنایه از زحمت زیاد

توێخ چوون: زەحمەت کێشانی زۆر، بریتی لە کاری زۆر سەخت. *(هەتا لەو کارە تەواو بووین توێخم چوو.)* ف کنایه از زحمت زیاد

توێشک: توێ، سەرشیر، تۆ. ف سرشیر

تویشک: کاژیلەی ماڵی یان کێوی لە سێ مانگان تا یەک ساڵە. ف بزغاله در سه ماهگی تا یک ساله

توێکاری: لەشکۆڵین، نەشتەرگەری لە سەر جەستە بە وردی. ف کالبد شکافی.

تەبارە: گەنم وجۆیەک کە هێشتا نەدوورابێتەوە و هەر بە پێوە مابێ. ف گندم درو نشده

تەباشیر: گەچی نووسین. ف گچ تحریر

تەبەق: (+)) پەرە کاغەز، وەرەق. *(تەبەقی کاغەزم هێنا و نامەم نووسی.)* ؛) پارچە شووشە. *(تەبەقی شووشەم بۆ پەنجەرەکەمان کری.)* ف) ورق کاغذ؛) قطعه شیشه

تەپتەپە: زەنگوڵەی گەورە کە بەجێی زرینگە تەپەی لێدێ و لە ملی بزن یان مەری سەرگەلەی دەکەن. ف نوعی درای

تەپڵدران: ئابروو چوون، عەیب و عار وەدەر کەوتن، بێئیعتبار بوون. ف رسوا شدن

تەپە: (+) سلە شیاکە، تۆپەڵە شیاکە. *(تەپەیەک شیاکەی کرد مانگاکە.)* ف برهم انباشته

تەپەدۆرە: فیبری سپی بۆ ڕاگرتنی سەهۆڵ و ساردەمەنی ف یونولیت

تەپەسوری: ور بوون، ترس لێ نیشتن، دڵەخورپە. ف نگرانی

تەپەسەنە: هەوڵدانی خۆرایی، هەوڵدانی بێهۆ. ف تلاش بیهودە

تەتڵەزوان: لاڵەپەتە، کەسێ کە قسەی چاک بۆ نایە، تور. ف الکن

تەتڵەمێوە: کەلووی کرمی هەورێشم، قۆزاخە. ف پیلەی کرم ابریشم

تەتە: (+) ناوی چیایەکە لە هەورامان ف کوهی در اورامانات

تەتەرپێچ: پێچانی لاق و بەلەک بە پەرۆ و بەن کاتی سەفەر لە بەفر و سەرمادا. ف پیچیدن ساق پا از زانو و به پایین با نوار پارچەای

تەتیاین: دۆزینەوە، پەیدا کردن. ف پیدا کردن

تەخچک: شیو، گەلی، دۆڵ، خر. ف درە

تەدار: تادار، نەخۆش، کەسێ کە تووشی تاویاو بووە. ف تبدار

تەڕ و وشک هەڵخستن: دوو کەس کە دەیانهەوێ یاری بکەن بۆئەوەی کەسی یەکەم واتە مەلّلا دیاری بکرێ لەتێ سواڵەت یان بەردێکی پان دیوێکی تەڕ دەکەن و هەڵیداوێن، دیوی تەڕی هی یەکیان و دیوی وشکی هی ئەوی دیکەیانە. ف شیر و خط

تەڕازەن: ☜ تەڕەزەن

تەربیش: تەکمیش، بنکۆڵی رەز و بێستان. ف پی زدن و سست کردن خاک جالیز

تەرت: (+) (کلۆشی گێرە کراو کە هێشتا شەن نەکراوە.(هەڵدێر، هەڵەت، رژد ف (خرمن کوبیده شدەی هنوز باد دادە نشدە(پرتگاە.

تەرتوتەلان: هەڵدێر، هەڵەمووت، رژد، *(مامە ڕاوچیی رەوەز و تەرت و تەلان/ ئێستە کەی کاتی لە خەو ڕاچوونە/ کە دییان کۆتەڵی باڵات رووخا/ داڵە کەرخۆر لە وڵات بەربوونە «ئەمین گەردیگلانی».)* ف سربالایی صعب‌العبور

تەرچک: (+) شلک، ناسک، تورت. ف ترد و نازک

تەڕدەماخ: کەیفخۆش، بە کەیف، دڵشاد، دەماخچاخ، دەماخ‌تەخت. ف شاد و شنگول

تەڕدەماخی: کەیفخۆشی، شادی و دڵخۆشی. ف دماغ‌چاقی

تەرشک: قەڵشت، درزی گەورە. ف ترک، شکاف

تەرفتین: شپرزەیی، ئاڵۆزکاوی. ف از هم پاشیدگی

تەرک: (+) تەخت، ژێر. *(تەرکی ژوورەکەیان فەرشێکی لێ ڕانەخراوە.)* ف کف

تەرکەندە: هەوەڵ، سەرەتا. *(لە تەرکەندەوە وا هاتووە.)* ف نخست

تەرکی ژێر بەڕە: گەمەیەکی لاوانی گوندنشینە دوو کەس دەچنە ژێر بەڕەیەکەوە کەیەکیان پێشتر ئەو گەمەیەی نەکردبێ و نەیدیبێ، ئەوەی پێشتر ئەو یارییەی کردووە بەدزییەوە شووڵکێک بەدەستەوە دەگرێ و دەیباتە ژێر بەڕەکەوە، هەر شووڵکێک لەهاوگەمەکەی دەدا و شووڵکێکیش لەعەرزەکە دەدات و هاوار دەکا؛ هاوگەمەکەی پێی وایە لە هەردووکیان دەدەن.) ف نوعی بازی جوانان روستایی.

تەرکی: زەبەلاح، تەژە، تاژان. ف لندهور

تەرمەک: تەرمەگ، مەڵۆی درک و داڵ. ف پشتەی خار. ف

تەرمەگ: ☜ تەرمەک

تەڕە بازاڕ: بازاڕی میوە فرۆشتن. ف میدان ترەبار

تەڕەبار: (+) ☜ تەڕەوار

تەڕەبن: تەڕەون، ناوی بنچکێکی کوڵەبنەیە چاڵووکی هەیە و وەک زی وایە. ف نام بوتەای است خاردار.

تەڕەبنە: ☜ تەڕەبن.

تەڕەز: تەرزە، گارسیۆک، گژل، تەیرۆک، ترگژۆک، گژلووک، تەزرە. ف تگرگ

تەڕەزەن: (+) گیایەکی کوێستانییە گەڵاکەی وەک پیواز وایە ماڵات زۆر چاکی دەخۆن، هەتا زستان سەوزە و زەرد نابێ. ف اسم گیاهی است

تەڕەکەباب: شۆرباوی گۆشتی مریشک کە

ترشی سماقی لێدەدەن.ف آبگوشت مرغ

تەرەکەمە: ئاوارە، شار بە دەرکراو. *(بۆ هەڵوەدا و تەرەکەمان/ بۆ رووتەڵ و دڵبەخەمان. «راوچی»)* ف آوارە، دربدر

تەڕەکی: تەڕ بوونەوەی ماڵات، واتە خواردنی گیا شینی بەهاری و تەقەفیرە گرتنی. *(مانگاکان هەموو تەڕەکییان گرتووە.)* ف اسهال حیوانات

تەرەکیوەن: بەنتەرکی، پەتێک کە بە تەرکی زینەوەیە و شتی پێدەبەستن.ف فتراک

تەڕەوار:) میوەی تەڕ و تازە؛) باقە یا مەڵۆ گیایەک کە دەیهێننەوە بۆ ماڵ.ف (میوەی تازە) علوفەی تروتازە.

تەرەوڵ: باڵندە، فڕندە، پەلەوەر، پەڕۆک.ف پرندە

تەریب: تەقەڵی ڕاست و میزان، *(کڵاوەکە تەقەڵی تەریب و جۆدانم لێداوە.)* ف بخیەی راست در کلاە

تەریبوجۆدان: جۆرێ تەقەڵی درشتە لە کڵاوی دەدەن و دوایی بەن دەکەن بە بەینی تەقەڵەکاندا بۆئەوەی کڵاوەکە ڕەق بێ.ف نوعی بخیەی کلاە

تەرییە: چەتە، ڕێگر، جەردە.ف راهزن

تەزبی: ☜ تەزبێح.

تەزبێح: تەسحێب، تەسبێح.ف تسبیح

تەزحێب: تەسبێح، تەزبێخ.ف تسبیح

تەزوێح: تەسبێح، تەسحێب.ف تسبیح

تەژ: کاریتە، شاتیر.ف بالار

تەسبێح: تەزحێب.ف تسبیح

تەست دانەوە: هەس دانەوە، بەرپەرچ دانەوە، پاساو دانەوە.ف ☜ پەرچم دانەوە

تەسحێب: تەسبێح.ف تسبیح

تەسلەخ: ناماقووڵ، سووک و چرووک.ف هرزە.

تەسلیم بە خاک کردن: بریتی لە ناشتنی مردوو. *(هەر شەوێ تەرمەکەی تەسلیم بەخاک کرا.)* ف دفن کردن

تەسوق: نۆبەرە، شتێک کە تازە هاتبێ و تا ماوەیەک خۆشەویست بێ.ف نوبر

تەشمەلیچ: ☜ ئاگرمەلووچ

تەشەخوس:هەوا، فیز، دەمار. *(هێندە بە تەشەخوسە دەماری ناهێنێ قسە لەگەڵ کەس بکا.)* ف متکبر

تەشەنگ: پڕاوپڕ، کەیل، لێواولێو. *(قاپەکە وا تەشەنگ بووە لێی دەرژێ.)* ف لبریز، پر

تەشی تەشی: گەمەیەکی لاوانی گوندنیشینە.ف نام یک بازی جوانان

تەشیشی: چاوەڕوانی کردنی کەسێک بە دڵنیگەرانییەوە.ف انتظار پر از تشویش و نگرانی

تەفتە: چەفتە، چەفیە، جۆرێ دەسماڵە لە ملی دەهاڵێنن.ف چفیە

تەفروتوونا: تەرتووتوونا، هەرنەماو، لەنێوچوو، فەوتاو بە یەکجاری.ف تارومار و نابود

تەڤزین: (+) نەخۆش کەوتن و کەلەلا بوون .ف بیمار شدن و از پا افتادن

تەقاندن: هەڵبرین، ڕاونان، ڕەپێنان، ڕەتاندن. *(دەمتەقێنن چەشنی ڕێویی بەندەنێ/ ئەو*

کەسانەی لای کونێشم نادەنێ. «هێمن »). [ف] دنبال کردن.

تەقتەقان: ڕەقەن، زەویی بەردین، کێوێک کە سەرەکەی تەختەبەرد بێ.[ف] زمین یکپارچە سنگ

تەقتەقە تاوێر: تەختە بەرد، تاوێرە بەرد.[ف] تختە سنگ

تەققە:) تەقە، وێک کەوتنی دوو شتی ڕەق؛) دەنگی تفەنگ.[ف]) صدای بەهم خوردن دو چیز سفت؛) صدای تفنگ

تەقلان: شۆڕش، ڕاپەڕین، ڕاسان. *(خەڵکەکە گشتی تەقلان کردن وە دژی شا)* .[ف] قیام.

تەقڵوشەقەڵ: بێگار. ڕەتاندن و کار پێکردن بە زۆر و بەلاش.[ف] بیگار

تەقڵۆکە: گیایەکە نیو مەتر لە زەوی بەرز دەبێتەوە لاسقەکەی سپییە و گوڵی زەردە، گیا ترۆقەشی پێدەڵێن.[ف] اسم گیاهی است

تەقلە: گیا ترۆقە، گیایەکە وەک گوێ بەرخۆڵە وایە بەرێکی ورد دەگرێ دەستی پێدا بێنی دەتەقێ، تەلۆکە.[ف] اسم یک گیاه

تەقڵەدەو: تەقڵەکوت، هەڵاتن بە پرتاو.[ف] با سرعت دویدن

تەقەتۆرە: تەقەفیرە، بەلەفیرە، سکەشۆرە.[ف] اسهال

تەقەز: تەنانەت، تەنانە، هەتاکە.[ف] حتی

تەقەڵ ترۆزی: تەقەڵی خراپ و درشت و خواروخێچ لە دروماندا، ترتەقەڵ.[ف] بخیەی درشت و کج و کولە در دوزندگی

تەقەوەستان: ئاگربەس، تەواو بوونی شەڕ.[ف] آتش‌بس

تەقین: (+) هەڵاتن، ڕا کردن.[ف] فرار کردن

تەکاری: چارۆکە، کۆڵوانە، پارچەیەکی چوارگۆشەیە ژنان بە شانیا دەدەن.[ف] پارچەی چهارگوشەای کە زنان بر دوش می‌اندازند

تەکمیش: (+) پەڕازێتی ڕادیۆ و تیڤی.[ف] پارازیت رادیو و تلویزیون

تەکوو: وچان، پشوودان، سانەوە. *) فرە مانوو بووگین چکێ تەکوو بەین خاسە.)* [ف] استراحت

تەگرەجیلە: تەرزەلووکە، تەرزەی ورد.[ف] تگرگ ریز

تەگەر: تایە، چەرخی ئوتۆمۆبیل.[ف] چرخ و لاستیک اتومبیل

تەلان: کۆلانی باخ.[ف] کوچەباغ

تەڵچن: گوڵبژێر، هەڵبژاردە.[ف] گلچین

تەڵخەک: بریتی لە قەڵەو و ناقۆلا، شلەپەتە و قەلافەت نالەبار.[ف] کنایە از سنگین و شل وول

تەلدڕوو: ئاسندڕک، تێلی وارشی دڕکدار.[ف] سیم خاردار

تەڵوەنە بوون: شەلاڵ بوون، خووسان. *(سەری تەڵوەنە بووگە لە خوون.)* [ف] آغشتە شدە

تەڵوەنە کردن: شەلاڵ کردن، شڵتانی خوێن کردن، خووساندن.[ف] آغشتە کردن

تەڵوەنە: شەلاڵ، شڵتان، *(تەڵوەنە بووگن لە خوونی خوەیان.)* [ف] آغشتە

تەڵە کردن: هەڵچەقینی بەرد لە بنی پێی یەکسم لە کونی ناڵەکەیەوە. *(ماینەکە تەڵەی کردووە*

بۆیە دەشەلێ.) ف فرو رفتن ریزه سنگ در پای اسب و الاغ

تەلەسەنگ: تەختە بەرد، بەردی پانی گەورە. ف تخته سنگ

تەلیزە: تەلیس. گۆنیە. ف گونی

تەمایر: تەمایەر، بەتەما، بەهیوا. ف خواستار، مشتاق.

تەمایەر: ☜ تەمایر

تەمبار:(بەرزایی کەم، تەپک، تیرەگ.(تەم لێنیشتوو (بەفری تەواوەی سەر شاخی تەمبار/دەبێ بەفرمێسک چۆڕچۆڕ دێتە خوار«ڕەحیم لوقمانی».) ف (تپه (مه گرفته.

تەمباسک: تەپۆڵکە، تەپۆکە، کۆگای گڵ. ف تپەی کوچک

تەمتێل: تمتێل، سەر و پۆتراک، بیچم، سەر و سەکوت. *(بەلالەی تەمتێلەت وارێ.)* ف سروسیما

تەمدار: داری قالی، دار تەون، دار هەنە. ف دار قالی

تەمساڵ: تەنبەڵ، تەوەزەل، لەشگران، تەمەڵ، تەپ. ف تنبل

تەمساڵی: تەمەڵی، تەوەزەلی. ف تنبلی

تەمۆرێ: کاکۆڵ، قژی چەپک کراو. ف گیسوی دسته شده

تەموورکە دان: ئاپۆڕە دان، کۆزیلکە بەستن، تەموورە دان، *(خەڵکێکی زۆر لە دەوری کانییەکە تەموورکەیان دابوو.)* ف ازدحام مردم

تەمەرێز: شەڕەکەڵ. ف جدال گاومیش نر

تەمیرە: تەنبوور، سازێکە وەک سێتار وایە دوو سیمی هەیە و سازی مەزهەبیی ئەهلی هەقە. ف تنبور

تەنتەنە: پووڵەکە، ئۆییە، خشل و زمبەر. ف زیورآلات.

تەندووراو: گێژاوی گۆمی زۆر قووڵ. ف گرداب

تەندوورەزەنە: بە پێچ و لێک هاڵان وەسەر کەوتن وەک دووکەڵ و گێژەڵووکە. ف بەهم پیچیدن و بلند شدن گرد و خاک و دود

تەنکە بە دۆ: دۆیەک کە لە تۆراغی وشکی ساز دەکەن و دەیخۆنەوە. ف دوغ کشک.

تەنگ پێ هەڵێنان: تەنگ پێ هەڵچنین، زۆر بۆ هێنان. *(خەیاڵ و خەون و تاسە هاتوونە ژوانگە بۆ دڵ/ هومێد و شادی تەنگی بە ژان و خەم هەڵێنا «ئەمین گەردیگلانی».)* ف در تنگا قرار دادن

تەنگاوەر: دۆڵ، گەلی، شیو. ف دره

تەنگە ئەستوور: زگزل، زگهانک، گەدەزل. ف شکم گنده.

تەنگەبان: تەقڵەباز، *(کۆترێکی تەنگەبانم هەیە.)* ف معلقزن

تەنگەزکری: تەمبەلی، تەمسالی، لەشگرانی. *(چەنێ لەکار تەنگەزکری کەیت.)* ف تنبلی

تەنگەلان: تەنگەبەر، شوێنی تەنگ و چکۆڵە. *(لەو ژوورە تەنگەلانەدا شەش کەس دەخەون.)* ف مکان تنگ و کوچک

تەنگەوتیلکەدان: شەتەک دان، توند بەستن (کۆڵەکەی لەپشتی تەنگەوتیلکە داو وەڕێ کەوت.) ف محکم گره زدن بار

تەننگ:) تەنک. *(ئاوەکە تەننگە.)* ؛) ناسک. *(پارچەکە تەننگە.)* [ف]) آب کم عمق؛) نازک

تەنەشۆر: تاتەشۆر، ئەو تەختە بەردەی مردووی لەسەر دەشۆن.[ف] تختە سنگی کە روی آن مردە را غسل می‌دهند

تەنەوە: بڵاو بوونەوە، تەنینەوە، پەرە گرتن.[ف] سرایت

تەنیمۆک: قورم، دوودەی بنمیچ و دیواری سەر تەندوور.[ف] دودە

تەوازوو: تەوازی، عوزرمایی، داوای لێبوردن. [ف] معذرت خواهی.

تەون: بەرد، کوچک، سەنگ.[ف] سنگ

تەوەرە: (+) مێحوەر.[ف] محور

تەوەکل: ئاونگی لە دار دورست کراو بۆ کوتان و ورد کردنی دانەوێڵە.[ف] آونگ چوبی

تەوەلا: لانەواز، تەرە، دەڵە.[ف] پرندەای کە از لانەاش گریزان است.

تەوێشق: تەشق، حەوێق، پەرپەرۆچکە، بەرزایی ئاسمان.[ف] اوج

تەهلووکەرێ: ڕێگای سەخت و هەڵەموت، ڕێگای هەوراز و ئەستەم.[ف] راە سخت

تەیاخ: کۆپارە، شانی بەرزەوە بووی گا و جوانەگا.[ف] گردەی پشت گردن گاو

تەیروتواڵ: پەلەوەر، تەرەوڵ، باڵندە بە گشتی. [ف] طیور

تەیڤەز: ساز، تەیار، ئامادە. *(خەڵکی بۆ ئەوکارە خۆ تەیڤەز کرن.)* [ف] حاضر

تەیڤەزین: خەبابەت، ساز بوون، خۆ تەیار کردن.[ف] حاضر شدن

تێ تووڕاندن: فوو کردن بە شمشاڵدا. شمشاڵ لێدان. *(تێ تووڕێنە لەو شمشاڵە.)* [ف] نی زدن

تێ ڕاخوڕین: بە سەردا نەڕاندن و لێ تووڕە بوون. *(هەرکە چاوی پێم کەوت تێم ڕاخوڕی.)* [ف] داد کشیدن بر سر کسی

تێ قڵماندن: تێ قوڵپاندن، لە سەرەوە تێڕژاندنی ئاو.[ف] از بالا ریختن آب در چیزی.

تێ قووچاندن: بە پڕتاو هەڵاتن و خۆ دەرباز کردن. *(فیزماڵکێکم لێدا و بە دۆڵێدا تێم قووچاند.)* [ف] با سرعت دویدن و در رفتن

تێ قوولاندن:) بریتی لە هەڵاتن، تێ قووچاندن. *(بە پڕتاو تێی قوولاند.)* ؛) هاوار کردن، نەڕاندن. *(کاتێک چاویان بە گورگەکە کەوت تێیان قوولاند و هەڵیانبڕی.)* [ف]) با سرعت دویدن؛) با صدای بلند داد کشیدن

تێ گرتنەوە: سەرلەنوێ تێ هەڵکردنەوە، هاویشتنی دووبارە.[ف] پرتاب کردن دوبارە

تیا هێشتنەوە: کەسێک کە زۆر تووڕە دەبێ لە شەڕدا و قسەی پیس دەکا، پێی دەڵێن بە تاقەت بە شتێکی تێدا بێڵەوە[ف] اندازە نکاە داشتن.

تیاح: وشەی واقوڕمان و سەرسووڕمان. *(تیاح لەو فیلەتەنە.)* [ف] کلمەی تعجب

تیانە: (+) وانی حەمام، حەوزی چکۆڵەی حەمام. [ف] وان حمام

تیتاڵ: (+) شیتاڵ، کوتە پەڕۆ. *(تیتاڵی پەڕۆ دەس ناکەوێ.)* [ف] تکە پارچە

تێچزان: تێزان، *(بەردێکم دا بە قامکی خۆما*

خوێنی *تێچزا.)* ف خون دويدن زير پوست براثر ضربه

تێخوڵ: تویێکڵ، تویخڵ، تێکوڵ. ف پوست

تیخە: تیغە، دیواری تەنکی نێوانکەر. ف تیغە.

تیخە کردن: تیغە کردن، دیواری تەسکی نێوان دوو هۆدە. *دیوەکەمان لە نێوەڕاستدا تیخە کراوە.)* ف تیغە کردن دیوار.

تێدا چوون: فەوتان، لەبەین چوون. ف از بین رفتن

تێر و پڕ: تەواو تێر. *(تێر و پڕمان گڕکە خوارد لە بێستانەکە.)* ف سیر شدن

تێ ڕامان: چاو لێ کردن و بیر لێ کردنەوە. *(ماوەیەک بوو تێم ڕامابوو.)* ف نگاه کردن و اندیشیدن

تێربەز: قەڵەو، گۆشتن. ف چاق، قربە

تیرفڕنگ: پەلەپیتکە. ف تلنگر

تێ ڕۆ هاتن: ڕفاندن بە پەلە، پەلامار دان. *(خۆی لە هەر دۆڵ و دەراڵێ مات بکا کەروێشکی قوز/ بێئەوی مەودای بدا تێی ڕۆ دێ داڵاشی گونم.)* ف ربودن با شتاب

تیرووپشک: قورەکەشی، پسوولەی بەخت تاقی کردنەوە. ف قرعە

تیروچەقەڵ: شتێک بووە وەک خێشک بە گا یان وڵاخ ڕایاندەکێشا بۆ ڕاگوێستنی شتی قورس، وەک بەرداش و هتد و ... ف نوعی سورتمە برای جابجا کردن وسایل سنگین

تیرۆژک: تیشک، پرشنگ. ف نور

تیروو: توورگ، چەقەڵ. ف شغال

تیرهاوێ: تیراوێ، سیخوڕ، جۆرێ ژیشکی گەورەیە کاتێک خۆی وێک دێنێتەوە دڕووەکانی وەک تیر دەهاوێ و دەڵێن لە هەر کەس بدرێ دەبێتە برین و چاک نابێتەوە، بە برینەکەش دەڵێن تیراوێ. ف جوجەتیغی بزرگ

تیرەشان: گردەشان، لاپاڵی کێو، قەدی کێو. *(بە تیرەشانەکەدا داگەڕاین.)* ف سینەکش کوە

تیرەگ: یاڵ، کەڵک، ترۆپک. ف تپە

تیری لێدان: وەردێنە لێدان، نان کردنەوە. ف نوردە زدن در نانوایی

تیری لێدەر: وەردێنەچی، نانکەرەوە. ف نوردەچی در نانوایی

تیری نەبەدێ: گوللەی وێڵەکی، گوللەیەک کە بەبێ ئامانج دەهاوێژرێ و لە کەسێک دەرێ. ف گلولەی بدون هدفگیری شلیک شدە.

تیزوفیز: ئەستوونی یەکتر بڕ، دوو هێڵی ڕاست و چەپ، عەلامەتی زەرب. ف دو خط متقاطع

تیزماڵ: ☜ تیزماڵک

تیزماڵک: لەتە پەڕۆ، تیسماڵک. ف تکە پارچە

تیژەمار: توولەمار، جۆرێک ماری باریک و درێژە زۆر بە توندی دەخوشێ. ف نوعی مار کە سرعت زیاد دارد

تیسقوفلاسق: بەرگی شەڕکەر و ڕاوچی. ف وسایل و برگ شکارچی و جنگجو

تیسماڵک: ☜ تیزماڵک

تێسووەبزنە: توێسییە بزنانە، جۆرێ توێسیی لاسق باریکی سپی واشە. ف گیاهی خاردار

تێسووەکەرانە: توێسییەکەرانە، جۆرێ توێسیی

لاسق ئەستوور و مەیلەو سپییە.ف گیاهی است خاردار

تێسووەگایە: جۆرێ توێسییە لاسقەکەی پاک دەکەن دەخورێ، زۆرخۆشە و تامی جەعفەری و گێزەر دەدا.ف گیاهی خاردار و خوراکی

تێشتەچا: قاوەڵتوون، قاوەڵتی، قاوەتوون، نان و چایی بەینی بەیانی و نیوەڕۆ.ف چاشت هنگام

تیشک: (+) تویشک. ☜ تویشک

تیشکەڵە: مرۆی قەد باریک و لەبار، بەلەباریک. ف باریک اندام

تیشەشاخ: بەردی زەق و دەرپەڕیوی کێو، زنار. ف سخره

تێغەرە: بڕبڕەی پشت، مۆغەرە، بڕبڕاگە.ف ستون فقرات

تیفیک: کوورەی ئاسنگەر، مووشەدەمە، دەمەی ئاسنگەر.ف کوره آهنگری

تێک قرمان: تێک ڕووخان، تێک تەپین.ف ویران شدن

تێک قرماو: تێک ڕووخاو، تێک تەپیو.ف ویران شده

تێک قژقژان: بە یەکدا دران و تێک هاڵان، وروژان و تێکەڵ بوون، *(ئاپۆرەی خەڵک لەو مەیدانە تێک قژقژا بوون.)* ف به هم پیچیدن جمعیت

تیک: (+) بریسک، تەزووی بە ژان.ف درد زیاد

تیک: (+) میتکە، میتک، بەلوو ف چوچوله

تێکست: دارشتنەوەی دەقی نووسراوە، نووسینەوەی دەق.ف ساختار

تێکلقان: بەنێو یەکدا چوون، تێک پەڕین، پێکدا چوون.ف در هم فرو رفتن

تێکوڵ: تێخوڵ، توێخڵ، توێکڵ، تۆکڵ.ف پوسته

تیکە خۆشە: تیکەی دوایی لە نان خواردندا کە شتێکی خۆش دەخۆن بۆئەوەی تامی زار خۆش بێ. *(جنچکێ گۆشت بێڵەوە بۆ تیکە خۆشە.)* ف خوردن لقمەی لذیذ بعد از غذا

تێڵەکێش: کارەکەر، کرێکار، ناوەکێش، کرێکارێک کە تەشتە قوڕ دەکێشێ.ف کارگر

تیلەگ: کێوی چکۆڵە، تیرەگ.ف تپه

تێلیسان: تەیلەسان، قایشێکە وەک پێشی شەپکە بۆ خۆ پاراستن لە تیشکی خۆر لە نێو چاوی دەبەستن.ف سایەبانی کە مانند لبەی کلاه پیشانی دارد

تیمان: کەوپێچ، ئەو شوێنەی پۆلی کەو پێیدا دەڕۆن و ڕاوچییان ڕاویان دەکەن.ف محل عبور دستەی کبک

تینتینۆکە: ئەوک، قوڕقوڕاچکە، قورگ.ف حلقوم

تینی: (+) گەروو، ئەوک، قورگ، قوڕوو.ف گلو

تیوار: تەنگ، دژی گوشاد، تەنگ و تیوار.ف تنگ

تیووز: کاژیلەی یەک ساڵە کە ئاوس دەبێ، بێژووکەزا.ف بزغالەی یک ساله که بچه بزاید

تێوەچوون: دەم بە دەمە کردن، شەڕە قسە. *(لەگەڵی تێوە مەچۆ، بۆ لەگەڵ ئەوە تێوە دەچێ؟)* ف جدال لفظی

تیەنگ: تینوو، توونی.ف تشنه

تیەنگی: توونییەتی، تینوێتی.ف عطش، تشنگی

تێهەڵکردن: (+) بۆهاویشتن، تێگرتن. *(بەردێکم تێهەڵکردن داخەم نەیگرت.)* ف پرتاب کردن

ج

جابە: دۆڵ و شیوی قەدی کێو. *(بە ڕەشە ڕێحانێ کە شین دەبوو لە جابە جابەی دەلەندی «فۆلکلۆر».)* [ف] دره

جاجوو: نەیار، دوژمن، *(ئەر دوو برایە بوونە وە جاجووی یەکتری.)* [ف] دشمن

جاڕوجڕ: زەوییەک کە دووساڵ لەسەر یەک بکرێ بە گەنم.[ف] زمینی که دو سال پشت سر هم گندم بکارند

جاڕەوجاڕ: بریتی لە چاندنی دووبارەی جاڕە گەنم بە گەنم.[ف] کنایه از کاشتن مکرر

جاش: (+) مەوج، جاجم.[ف] جاجیم

جاشکەوش: کەوشی لە چەرم دروست کراوی هەرزان بایی، کاڵە.[ف] کفش ارزان قیمت

جاعێر: جحێڵ، هەرزەکار. گەنج، لاو.[ف] جوان

جافی: پاتۆڵی فشوفۆڵ، جۆرێک شەرواڵی تایبەتی جافان.[ف] نوعی شلوار مخصوص جافها

جاقی:) لووس، بریقەدار، سواو؛) بریتی لە منداڵێک کە زۆری لێدرابێ و بە لێدان ڕاهاتبێ. *(بە لێدان چاک نابێ تازە جاقی بووە.)* [ف]) ساف شده؛) بچه بد ادا

جامەلووسکێ: زمانلووسی، جامەلووسی، دەمتەڕی.[ف] چاپلووسی

جامەمەڕی: جامی مەڕ دۆشین، مەڕدۆش، جۆرێ سەتڵی چکۆڵە بوو بێری دەیبرد بۆ مەڕ دۆشین.[ف] سطل

جانبێزار: ناوی جۆرێ تفەنگی قەدیمی بوو، ڕەشاش. *(دۆست ئەو دۆستەیە حەساوی ڕێک بێ/ وەک تیر جانبێزار یەک لەدوای یەک بێ «فۆلکلۆر».)* [ف] نوعی اسلحه قدیمی

جانیک: جوانوو، جانی، بەچکەی ماین.[ف] کرەاسب

جاوەجاو: ژاوەژاو، هەرا هەرا، گاڵوبوغر.[ف] سروصدا

جببە کردن: جەریمە کردن، تاوان لێ ساندن.[ف] جریمه کردن

جڕوجانەوەر:) (+) گیانلەبەری ورد و درشتی زۆر، *(وڵات پڕ بووە لە جڕوجانەوەر.)* ؛) بریتی لە خەڵکی ناحاڵی و خراپ و بێڕەحم. *(پیاو لەو بازاڕەدا لەگەڵ ئەو هەموو جڕوجانەوەرە پێوە دەبێ.)* [ف]) جمع جانوران؛) کنایه از مردم بد و حیوان صفت

جڕ: گیانلەبەری وردیله و بێخوێن.[ف] حشره

جــرپن: (+) ترکــەن، تــڕن. ف کــسی کــه زیــاد می‌گوزد

جرەو: توورە، ئاڵەتی، قەڵس. ف عصبانی

جریت: (+) فیچقە، فیشقە کردنی شتی ئاوەکی. ف فوران و بیرون زدن مایع از سوراخ کوچک

جزیا: عازاو، ئازار، عەزاو. ف عذاب

جسان: زستان، زمسان. ف زمستان

جسانەزێ: بـەرخـێ کـە لـە زسـتاندا لـەدایـک بـووبێ. ف بـرەای کـە در زمـستان بـەدنیا آمـده باشد

جستان: زستان، ئەستان. ف زمستان

جستانە: زستانە، جستانی، شتێ کە تایبەتی جستان بێ. ف زمستانی

جفتوو: گورڕە، کێبەرکێ، ڕقە، ململانێ. ف مسابقه

جفنە: تەشتی دارین بۆ هەویر شیلان. ف ظرفی چوبی برای خمیر کردن آرد

جککە: چۆلەکە، چێشکە، چووک، مەلووچک، مەلیچک، پاساری، سواندووکە ف گنجشک

جگەرەی قامیش: جۆرێ جگەرەیە لە کاغەزی تایبەتی دروست دەکرێ قونچکەکەی کاغەزێکی نەختێ ئەستووری تێدەخرێ. هەر دە دانەی لەنێو یەک ڕا دەکرێ و وەک قامیش دەچێ، دوای پڕ کردنی لە تووتن دەبێتە جگەرە. ف نوعی سیگار دستپیچ.

جڵغە:(شوێنی پێوندیی تیغ و مشتووی خەنجەر و شمشێر.(جەغەتە، ئاوێک کە تەواو نەبووبێ بە سەهۆڵ ف (محل بەهم رسیدن تیغ و دەستەی شمشیر(آبی کە هنوز منجمد نشده است

جلە: (+) گیایەکی ئافەتە وەک داموسکی زەرد وایە لە گژ و گیا ودرووە شینە دەهاڵێ وزەردی هەڵدەگێڕێ. ف یک آفت گیاهی

جلەگوێنی: جۆرێک گوێنیی دروو وردە بە عەرزدا پان دەبێتەوە و لە دوورەوە هەر لە ژیشک دەچێ. ف نوعی گون

جلەلاوێن: گیایەکی زەردە وەک داموسک وایە لە گەڵا و لاسکی وێنجە و بێستان دەهاڵێ و وشکی دەکا. ف انگل نباتی

جنچک: چنچک، بڵێسک، پلە گۆشت. ف تکە کوچک گوشت

جنێر: ئاسۆ، ئاسۆگ، سوێ. *(مانگ تازە لە جنێرەوە سەری دەرهێنا بوو.)* ف افق

جۆ رووتە: جۆرێ جۆیە. گوڵەکەی قەڵتاسی نییە. ف نوعی جو

جۆ هەشت دان: جۆی هەشت پەڕ، جۆرێ جۆیە گوڵەکەی چوارسووچە. ف نوعی جو کە خوشەاش چهارگوشه است

جوانپەرست: کەسێ کە شەیدای جوانییە. *(جوانپەرستم، جوانپەرستم/ بە دیداری جوانان مەستم «هێمن».)* ف زیباپرست

جوانکیلە: جوانکیلانە، جوانکەڵە. ف زیبای کوچک

جوانەزمە: جوانەزووە، جوانەژۆ، زیپکەی دەم و چاوی تازە لاو. ف جوش صورت جوانان

جوانەژۆ: جوانەزمە. ف ☜ ئازەوانە

جوانی‌ناسی: لە ئیستلاحی هونەریدا بەکار

دەبرێت.واتە ناسینی جوانییەکان لە هونەر و ئەدەبدا.ف زیبایی‌شناسی

جۆخۆر: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش.ف نام یک عشیرەی کرد

جۆدان: (+) تەقەڵی درشت و قیچەلفاچ، جۆرێ تەقەڵە لە کڵاوی دەدەن و بەن لە بەینی تەقەڵەکان هەڵدەکێشن.ف نوعی بخیە در کلاه

جودایەز: جیاواز، جیاکار.ف جداگانە

جودایەزی: جیاوازی، جیاکاری.ف متفاوت

جۆرابێن: گۆرەوی‌بازی، گۆرەوابازی، کاڵەمستێن.ف جوراب‌بازی

جۆراوێن: ☜ جورابێن

جوربزە: غیرەت، ورە، نەترە.ف غیرت

جوڕڕە ماسی: جۆرێک ماسی.ف نوعی ماهی

جوڕە قازلاخی: جوڕە قازلاخی، جۆرێ چۆلەکەی کێوییە لە جوڕە کلاونە گەورەترە و دەنگی زۆر خۆشە.ف چکاوک

جوڕە مێرگی: جۆرێک جوڕەیە لە جوڕە کلاونە و جوڕە قازلاخی چکۆلەترە و کلاوی نییە.ف نوعی چکاوک

جوڕەناڵ کردن: بریتی لە فێڵ و گزەی یەکجار زۆر. *(هێندە فێڵاوییە لە مامەڵەدا جوڕەناڵ دەکا.)* ف کنایە از کلاهبرداری در معاملە

جۆش: (+) خشتی زۆر برژاوی نێو کوورەخانە، گووراسن.ف آجرجوش

جۆشقان: گۆرتێن، گۆرتە، جۆرێ مێشێنی بە هەڵماتی زۆر گەورە.ف نوعی تیلەبازی با تیلەی بسیار بزرگ

جۆفا: مەیل، مگێز، ئیشتیا.ف اشتها

جۆڤان: پەیمان، بەڵێن، قەرار، وەعدە.ف پیمان

جوققە: جوقنە، مەلێکی بۆرە لە چێشکە بچووکترە. زیاتر لەنێو قۆرغ و قۆپیدا دەژی.ف پرندەی کوچک کە در بیشە زندگی می‌کند

جۆگەت: ڕچە، ڕێچکەی نێو بەفر.ف راه میان برف

جۆلین: جاجم، مەوج، جاش، چارشێونوێن.ف جاجیم

جومێ تەنکە: جاڵجاڵووکە، داوەتەنە، داپیرۆشک. ف عنکبوت

جۆمیلکە: قاناو، جۆگە ئاوی قەراغی شەقام.ف جوی کنار خیابان

جووت پەروانە: جۆرێک هێلیکوپتەرە دوو پەروانەی هەیە.ف نوعی هلی‌کوپتر کە دو پروانە دارد

جووتبازن: کەلەپچە، دەستبەندی ئاسنی تاوانباران.ف دستبند زندانی

جووتە کردن: شوێنی کەروێشک لەسەر بەفر کە دوو جێ پێ لە پێشەوەیە و جێگا پێیەک لە دواوە.ف ردپای خرگوش روی برف کە روی هم افتادە باشد

جووتە لە ئەستێرە دان: ☜ لەقە لە ئاسمان دان

جووتەی خێر و شەڕ: بریتی لە دوو هاوڕێ کە هەمیشە پێکەوەن و بەبێ یەک هەڵناکەن.ف کنایە از دو رفیق کە همیشە با هم هستند

جووکی: فیسقەڵ، کەسێ کە ترسەنۆکە و لە کاتی شەڕدا دەنەڕێنێ و هاوار دەکا.ف ترسو

جووڵەوەر: زیندەوەر، جانەوەری ورد، جڕ. ف حشره

جۆیەلە: جۆگەلە، جۆگەی چکۆلە. ف جوی کوچک

جەبوون: سەقیل، ڕژد، چکووس، قڕنیس، چکوود، چرووک، نینۆک وشک، دەس قووچاو. ف خسیس

جەتان: چەقەن، ڕەقەن، تمتمان، بووره. ف زمین سنگلاخ

جەجاڵ: مرۆڤێکی خەیاڵییە دەڵێن لە کاتی دنیا ئاخر بووندا دێ، کەرێکی پێیە و کەرەکەی هەر تەرسەقول دەکا و خەڵکی وە دەزانن خورمایە و وەدوای دەکەون، جرجاڵ، چجاڵ. ف دجال

جەخار: (+) داخ، مخابن. ف افسوس

جەخماخە لێدان: چەغماغە دان، برووسکە. ف آذرخش

جەڕ دان: بەستنی ئاو بە تەوژمی سەرما. *(سایەقەیەکە وڵات جەڕی داوە.)* ف انجماد آب براثر سرمای شدید

جەڕ لە دەم: بریتی لە تازە و دەست لێنەدراو. ف کنایه از تازه و دستنخورده

جەرجهە: کارچاک، شارەزا، لێزان. ف ماهر

جەرگ ئاوس بوون: بریتی لە داخ لە دڵدا کۆ کردنەوە، کۆ کردنەوەی داخ و ڕق لە ناخدا (ئەو هەتیوە بەو کارانەی جەرگ ئاوسی کردووم.) ف خودخوری و حرص و جوش

جەرگە گرە: تەبی زۆری جەرگ. ف التهاب جگر

جەرگە: (+) دەستە، تاقم. ف گروه

جەرمەجووڕێ: دەمەقاڵێ، دەمقرە، چەلەحانێ شەڕەچەقە. ف جدال لفظی

جەڕە: (+)) چەپکە، دەستە، جەڕەچێو، زیاتر بۆ دەستە چیلکە و دار و ... دەگوترێ؛) تاقمێ لە خەڵک، دەستەیەک پیاو، جەڕە ئایەم. ف) دستەچوب؛) گروه مردم

جەز: کۆی گەنمی سوور، کۆ. *(بێژی ئەم جەزە چەند تەغار ببێ؟)* ف گندم برهم انباشته

جەزیا: ☜ جزیا

جەغجەغە: کۆل و بیر، چەرخ و تەنافی ئاو هەڵگوێستن لە بیر. ف چرخ آبکشی از چاه

جەغەتاو: ئاوی چەوری قاورمە. *(تۆزێکم لەو جەغەتاوەی بۆ تێکە.)* ف آب چرب قورمه

جەغەتوو:) جەڵغە، جلغە، ئاوی نیوە سەهۆڵ؛) ناوی چۆمێکە لە کوردستان کە ناوچەی هەوشار و فەیزوڵڵابەگی لێک جیا کردۆتەوە. ف) آب نیمه یخ؛) نام رودخانه زرینه

جەغەتە:) جەغەتوو، ئاوی نیوە سەهۆڵ؛) خوێنی مەییو، قەتماغە، *(خوێن بە دەستییەوە جەغەتە بووە.)*) آب نیمه یخ؛) خون کبره شده

جەڤلاندن: هەژاندن، داچڵەکاندن. *(بەو دەنگە هاتینە جەڤلاندنێ.)* ف ترساندن

جەفلین: سیس بوون، ژاکان، وشک بوون. ف پژمرده شدن

جەفەنگ: گاڵتە و شۆخی، ڕابواردن. *(بۆ دەبێ بێت و بکا مەیخانە تەنگ/ شوێنی دیکە زۆرە بۆ گاڵتە و جەفەنگ «هێمن».)* ف شوخی

جەفەنگباز: شۆخیباز، کەسێک کە گاڵتە و گەپی

پیخۆشە، قسەخۆش.ف شوخی‌باز

جەفەنگ لێدان: گاڵتە کردن، شۆخی کردن.ف شۆخی کردن

جەڵد: (+) چالاک، گورجوگۆڵ.ف چابک.

جەلسە: جەرسە، جلسە، پارچەیەکی قەدیمی بوو ژنان دەیان کردە کڵۆنجە.(جەلسە کاری تارانیٚ/تەڕ نابیٚ بە بارانیٚ/جەلسە کاری میاندواویٚ/تەڕ نابیٚ لە بن ئاویٚ«فۆلکلۆر») ف نوعی پارچەی قدیمی

جەمات گرتن: کۆڕ بەستن، کۆ بوونەوە.ف تشکیل جلسه

جەماڵە: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش.ف نام یک عشیرەی کرد

جەمبوورە: دەورە گرتن، ئاپۆرە، .ف ازدحام

جەمجاخ: حەشامەت، ئاپۆرە، کۆمەڵی خەڵک، جڤات.ف جمعیت مردم

جەمخۆنە: شوێنی کۆ بوونەوە و ڕیٚ و ڕەسمی ئایینی ڕێڕەوانی مەزهەبی یارسان.ف عبادتگاه پیروان اهل حق

جەموجۆر: ڕێک و پێک، بەجیٚ و لەبار.ف جمع و جور

جەمە خوێڕیلە: ژەمە خوێڕی، عەسرۆژە، نان و چایی خواردنی دوای بانگی عەسر.ف خوردن غذا هنگام عصر

جەمەک: کریٚ، مزە، پێمزک.ف دستمزد

جەنجەنەک:نقوستان، ئیفلیج، مجرۆ.ف فلج.

جەنگەری: شەڕانی، شەڕاشۆ.ف جنگجو

جەوجەوێن: هەیجۆ هەیجۆ. تووت و فەراقەت، خازەڵیٚ، هەیجۆ هەیجۆیین.ف نام یک بازی بچه‌ها مانند قایم‌وشک

جەور: زەحمەت، ئازار.ف جور

جەوگ: جیوە، جەوی، شیلەی دار.ف انگم

جەهەنگ:جۆرێک کوانی گەورەیە لە لەشی ولاخ دیٚ.ف نوعی دمل پوستی حیوان.

جەیران: (+) کیسەڵ، کیسۆ، کسڵ.ف لاک‌پشت

جیاخواز: مەیل بە جیایی.ف جدایی طلب

جیاخوازی: مەیل بە جیایی کردن ف جدایی طلبی

جیاوازی کردن: فەرق لە بەین دانان. فەرق خستن. *(ئەورا جیاوازی لە بەین کوڕەکانت کەیٚ؟)* ف فرق نهادن

جیاوازی: فەرق، جودایەز. *(هیچ جیاوازییەک لە بەینیاندا نییە.)* ف تفاوت

جێژنی بەرانان: جێژن و شادیی کاتی بەران تیٚ کردن.ف جشن و سوری کە هنگام جفتگیری قوچ و گوسفند برپا می‌کنند

جێژوان: ژوانگە، ئەو شوێنەی دوو دڵدار یەکتری لیٚ دەبینن.ف میعادگاه

جیفرک لەخۆ دان: دەرپەڕین، هەڵبەزین و هەڵاتن.ف پریدن و فرار کردن

جیفنە: تەماح، چاوچنۆکی، چاونەزێری، چاو برسییەتی.ف آز و طمع

جیک جیکە: شیر شیرە، جانەوەرێکی چکۆڵەی باڵدارە وەک کوللە وایە بە گیا و گژەوە دەنیشیٚ و دەجیکێنیٚ.ف زنجره

جینات: ☜ جەمجاخ

جینگز: جینگن. ف لجاج

جینگنۆکــه: شــەڕانــی، جیــنگن، شــەڕاشــۆ، شەڕخواز. ف لجاج

جینۆک: کوان، دمەڵ، زیپکەیەکی بە ژانە، قونێر. ف دمل چرکی

جیواز بوون: گۆڕان، جیٚگۆڕان. *(شوونەکەم جیواز بووگە.)* ف عوض شدن

جیواز کردن: گۆڕین، جێگا گۆڕین. *(کی جیوازی مێزەگەم کرد؟)* ف عوض کردن

جێوان: جێوبان، لێفە و دۆشەک و سەرینی خەوتن، پێخەف. ف رختخواب

جیوه تێکران: بریتی لە هەدا نەدان و نەحەجمین لە شوێنێک. *(سرەوتنی نییە دەڵێی جیوەی تیٚکراوە.)* ف کنایه از آرام و قرار نداشتن

چ

چاپانەسەرێ: گیایەکە وەکوو کەرتەشی وایە بەڵام دڕووی نییە. ف نام گیاەی است

چارشا: داهاتوو، ئایندە. ف آیندە

چارشێوشان: کۆڵوانە، چارەکە، چارۆکە. ف رودوشی زنانە

چارشێونوێن: جاش، جاجم، مەوج. ف جاجیم

چارقەڵەمباز: ئەسپی دەست و پێ سپی. ف اسب چهار دست و پا سفید

چارۆخ: کەوش، پێڵاو، سۆل، پێتاو. ف کفش

چاڕێز: چایی دان، قوتووی چایی وشک. *(چاوت چاڕێزی چایی/ بۆ خۆم دەتبەم بۆ شایی/ دەست و پەنجەی زۆر جوانە بۆ گۆرەویی میرزایی «گۆرانی».)* ف قوطی چای

چاڤشەیتانۆک: قەرا قەرا، خۆشارکێ، ڤەشارکۆ، چاوشارکێ. ف قایموشک بازی

چاکەکار: کەسێک کە پیاوەتیی لەدەست دێ. ف نیکوکار

چاڵ و بلۆق: چاڵوچۆڵ، کەندولەند. *(زەوییەکە چاڵ و بلۆقە.)* ف چال و چولە

چالاغ: (+) دارێکی درێژە گەمیەوان لەنگەری گەمییەی پێ دەگرێ. ف چوب مخصوص لنگر گرفتن قایق

چاڵوزەقێن: کایەیەکە بە دوگمە دەکرێ وەک شێروخەت وایە. ف بازی مانند شیرو خط کە با دگمە انجام می‌دهند

چاڵە پیرۆشک: قووڵکە پیرۆشک، قووڵکەی پیرێژنۆکە. ف چالە خرخاکی

چالەکە: چوالوو، چوارلوو. ف گورکن

چامە: یەکێ لە قاڵبە شێعرییەکانە، قەسیدە. ف قصیدە

چاو بە بەفر کەوتن: تاریک بوونی چاو لە زستاندا، کەسێک کە لە دەرێ ڕا دەچێتە ژووری لە زستاندا چاوی نابینێ، دەڵێن چاوی بە بەفر کەوتووە. ف تاریک شدن چشم براثر سفیدی برف در زمستان

چاو بە پۆرگ: بەر چاو هەڵمەساو، چاو ماسیو.

ف چشم آماسیده

چاو بە مۆڵەق وێستان: ڕەنگی مردن لە ڕوو نیشتن و زەق و سپی بوونەوەی چاو لەبەر نەخۆشی. *(هەتا نەمردووم ماوم، وەرە هێزی هەناوم/ کەوتوم لە نەخۆشخانە چاو بە مۆڵەق وێستاوم «ماملێ».)* ف باز ماندن و سفید شدن چشم براثر بیماری

چاو پڕ بوونەوە: خیز و خۆڵ لە چاو کەوتن، *(گێژەڵووکەیەک هات و چاوم پڕ بۆوە.)* ف افتادن خاک و شن توی چشم

چاو داهاتن: چاو یەشە گرتن و سوور بوونی چاو بە تیشکی خۆری هاوین. *(مەهێڵە ئەو کورە چکۆڵە بچێتە بەر خۆر چاوی دادێ.)* ف چشم درد براثر نور خورشید

چاو ڕاخستن: ڕوانین بە وردی، بە وردی چاوگێڕان. ف بەدقت دنبال چیزی گشتن

چاو سپیلکە: جۆرە درووییەکی سپیواشە گوڵەکەی زەردە و نێوەڕاستی گوڵەکەی سپییە. ف نام یک خار که گل زرد دارد

چاو سوور:) (+) بریتی لە پیاوکوژ، هاربوو، یاغی و لەخۆبایی. *(لەبەر تووڕەیی چاوی سوور بووە.)* ؛) کەسێک کە چاوی سوور بێ. ف) کنایە از کسی کە یاغی شدە و ممکن است کسی را بکشد؛) کسی که چشمش سرخ باشد

چاو کونە شووژن: چاو چکۆڵە، خووتەکە، چاو مژمۆڕ. ف کوچک چشم

چاو کونە مەتە: بریتی لە مرۆڤی چاو چکۆڵە، چاو مژمۆڕ. ف کوچک چشم

چاو لە چاو هاتن: بریتی لە نەدیتنەوە، چاو پێ نەکەوتنەوە. *(دەبڕۆ با چاوم لە چاوت بێ.)* ف دوبارە ندیدن

چاو لەسەر هەڵنەگرتن: چاوەدێری کردن، لەسەر قاسید بوون، ئاگاداری لێ کردن. *(خەمت نەبێ چاوی لەسەر هەڵناگرم.)* ف چهار چشمی مواظب بودن

چاو لێ هاتن: بریتی لە بەغیلی پێبردن. *(چاوت لێدێ توانیومە ئەو کارە بکەم؟)* ف حسادت

چاو نووساندن: کاری ناتەواو و دەغەڵانە. *(هەروا چاوی نووساند و دایەوە دەستی.)* ف کنایە از کار ناتمام و دغلکارانە

چاو و ڕوو نەهێشان: شەرم نەکردن، بێچاو و ڕوویی، ڕوو هەڵماڵدراوی *(چاو و ڕووی لە کەس ناهێشێ)* .ف کنایە از رودربایستی نداشتن

چاوپانکە: چاوکوتکە، ناوی گیایەکی گەڵا خڕە گوڵی زەردە بە سورەوەکراوی دەخورێ. ف نام گیاهی خوراکی

چاوتێر: دەوڵەمەند، بێنیاز، دژی چاوبرسی. ف بینیاز، متضاد حریص

چاوچوو: بریتی لە بەخیل، چاوبرسی، بەتەماح، چاوچنۆک. ف حریص

چاوزەقە: چاوپانکە، چاوکوتکە، گیایەکی گەڵا پانی گوڵ زەردە وەک قازیاخە و گێلاخە دەخورێ. ف نام گیاهی خوراکی

چاوزەقە: ناوی یارییەکی لاوانە، هەر دوو سەری پشتێنێک بە یەکەوە گرێ دەدەن، دوو

کەس ڕووبەڕووی یەکتر دادەنیشن و پشتێنەکە لە ملیان دەکەن و بەری پێیان بە یەکەوە دەنێن، هەر کەس بە هێزتر بێ ئەوی دیکە هەڵدەستێنێ و دەیکێشێ بۆلای خۆی. ف نام یک بازی جوانان

چاوغاین: چاوحیز، کەسێک کە بە چاوی خەیانەت و حیزانە تەماشای ماڵ و نامووسی خەڵک دەکا. ف هیزچشم

چاوقایم: کەسێک کە گوێ نادات خەڵکی و ئەوەی پێی خۆش بێ دەیکا. *(لەبەرچاوی خەڵکی لەو کۆلانەدا لەگەڵ کچە قسەی دەکرد هێندە چاوقایم بوو پێی وابوو کەس دیار نییە.)* ف نترس

چاوکەسک: گیایەکی گەڵا پانە وەک سێوەرە وایە بنجی بە زەویدا پان دەبێتەوە. ف نام گیاهی است

چاومێل: کلچێوک، کلچۆک، مێڵ، میل، کلج، میلچۆک. ف میل سرمەکشی

چاوەجاخ: ئاگردان، کوانوو. ف اجاق

چاوەچرێ: چاو لەوەڕاندن، تۆلازی. ف چشمچرانی

چاوەڕاو: چاوگێڕان، ڕوانین بۆ دۆزینەوەی شتێک. ف نگاه کردن برای پیدا کردن چیزی

چاوەڵچاو: چاوەچاو، چاوەڕوانی، چاوەچرێ. ف به هر سو نگریستن

چاوی ڕەش کاڵ بوونەوە: بریتی لە خەجاڵەت بوونەوە، تەریق بوونەوە و ناهومێد بوون. *(بە هیوا بووی کارەکەت بۆ بکا چاوی ڕەشت کاڵ بووە.)* ف کنایه از شرمنده و ناامید شدن

چپخوز: دەست قووچاو، چرووک، چکووس، ڕژد، قرنیس، سەقیل. ف خسیس

چپڕ: چڕ، لێڕەواری پڕ لە دار و دەوەن، چڕ و پڕ. ف بیشەی انبوه

چراغ پێ: بریتی لە تووڕە بوون و ڕق هەستان. *(بۆ خێرا چراغ پێ دەبی؟ تۆزێ تاقەتت بێ.)* ف کنایه از عصبانی شدن

چراوگ: چۆڵەچرا، چراوڵە، ئەختەرمە، مێڵەدە. ف مشعل

چرپا: قەرەوێڵە، تەختی خەو. ف تختخواب

چرچسین: داچڵەکین، ڕاچەنین لەبەر ترس. ف یکه خوردن

چردۆ: مانگایەک کە کاتی دۆشین گوانی توند دەکا و بە باشی شیرەکەی دانادا. ف گاو مادەای که به خوبی شیر نمی‌دهد

چردەرپێ: بریتی لە ژنی سارد و سڕ کە درەنگ ڕازی دەبێ. *(هێندە چردەرپێیە هەتا دەیدا دیق دەکەی.)* ف زن سردمزاج

چرژانە: گەرم بوونەوە لە پاش سەرمای زۆر، میلوورە کردنی پێستی لەش لەدوای گەرم بوونەوەی لەش. *(سەرما وای کار تێ کردبووم دوای ڕۆژێکیش لەشم هەر چرژانەی دەکرد.)* ف مورمور کردن پوست بدن

چرڤ: بڵاو، پرژ و بڵاو، شێواو. *(هەمی لاپەڕەکان چرڤ کرن.)* ف برهم زدن

چرکەژمێر: میلەی سانیەژمێری سەعات. ف ثانیه‌شمار

چرگـەن: (زەویـی پـڕ گـژ و گیـا و فریـزوو کـە بـەزەحمـەت دەکێڵدرێ(شـوێنێ کە گیا و گژی لێکی دابێ. *(لـەو چرگـەنـە دەرنـاچین)* .[ف](زمینی که برای شخم زدن دشوار باشد(علفزار انبوه.

چرنـووق: چرنـووک، نینـۆکی تیـژی درنـدە و فڕندە.[ف]چنگال

چرنـووک گـرتن: ڕنـین، چرنـووک لێدان، وەک پشیلە چرنووک دەگرێ.[ف]خراشیدن با ناخن

چرنــە و پرنــە: هــەرچــی و پــەرچــی، تێکــەڵ و پێکــەڵ. *(چرنــە و پرنــە تــێ ڕژاون.)* [ف]نــاچیز و بی‌ارزش

چرنەمـوورە: نـاوی دێـوێکی ئـەفسانەییـە دەڵێن هەزار جاری بکوژی دڵۆپێ خوێنی برژێتە سەر عەرز زیندوو دەبێتەوە.[ف]نام دیوی افسانه‌ای که می‌گویند اگر هزار بار کشته شود یک قطره از خونش روی زمین بریزد زنده می‌شود

چرۆکـۆ: بێـشە، دارسـتان، لێـرەوار، مێـشە.[ف] جنگل، بیشه‌زار

چرووسـاوە: (+) کرووسـاوە، رووت و قــووت بوونەوەی دار و گیا.[ف]ریختن برگ درخت

چرووسـکە ڕاو: جـۆرێ ڕاوە کـەو، بـە شـەودا ئـاور دەکـەنـەوە و کاتێـک کـەوەکـان دێـن بـۆ دەوری ئاورەکە شـەوارە دەبن و دەیانگرن.[ف] نوعی شکار کبک

چرەوە: چرۆ، شکۆفەی دار.[ف]شکوفه

چـرێش: گیایـەکـە شـەش حـەوت گـەڵای بـەقـەد قامک پان دەردەکا، بستێک بڵیندە سرێشی لێ دروست دەکەن.[ف]گیاه سریش

چریکە: ژانی پەیتا پـەیتـای لـەش. *(تـاو نـا تاوێک چریکەیەک لـە پشتم هـەڵدەستێ.)* [ف]تیر کشیدن بدن

چغۆ: چەقۆ.[ف]چاقو

چڤاتگە: کۆمەڵگە.[ف]جامعه

چفتەلێس: چڵپەخۆر، کاسەلێس، زگەڕۆ، چڵێس، زگهانک.[ف]شکمو

چقیر: چەقەرە، چەکەرە. *(ییازەگە چقیر داگـە.)* [ف] جوانه

چک: چەکەرە، چەقەرە.[ف]جوانەی تازەی گیاه

چکر: نینۆخ، نینۆک، نووخان.[ف]ناخن

چکرە: منداڵ، زارۆ.[ف]کودک

چکڵ لـە قنگـە: پـووشبـەقوونـە، پـووشبـەقنگـە، زەلبەقوونە.[ف]سنجاقک

چکڵ: چقڵ، دڕوو، دڕک.[ف]خار

چکنەر: چەوەندەر، چۆنەر.[ف]چغندر

چل تیکـە:) جـۆرێ پـادەرییـە لـە کـاموای چـەند ڕەنـگ یـان پــەڕۆی ڕەنگــاوڕەنــگ دروســتی دەکـەن؛) ڕانـک و چۆخـەی پارچـەیـی کـە وەک بووزو شـوێن شـوێن دەکرێ؛) هـەر شـتێک لـە پەڕۆی ڕەنگاوڕەنگ و لەتوکوت دروست کرێ وەک: لێفـە و پـەردە و سـەرچـادان و پـادەری و ... ؛ ٤) جۆرێ نارنجەک، نارنجەکی چل تیکە.[ف]) پـادری درسـت شـده بـا پارچـه‌ی رنگارنـگ؛) لباسـی کـه ماننـد شـال تکـه‌تکـه بدوزنـد؛) هـر چیزی که از پارچه‌ی رنگارنگ درست کنند؛ ٤) نوعی نارنجک.

چڵاک: ڕەختـاوێز، تـەختـەیـەکە قیتکە و قـولاپی

پێوەیە جل و بەرگی پێدا هەڵدەواسن. ف لباس‌گیر

چڵپەخۆر: بریتی لە خۆفرۆش و نۆکەری بێگانە. ف کنایە از آدم خائن و خدمتگذار بیگانە

چڵدرۆ: بریتی لە کەسێک کە زۆر درۆ دەکا، درۆزنی گەورە. ف دروغگو

چڵقڵۆک: بەترووسکە، تریشکدار، پرشنگدار، بە بریقە، درەوشاوە. ف درخشان

چڵک: (+) ماکەو، کەوێ مێ. ف کبک مادە

چڵکبەر: ئەو دەرمانەی چڵک و تەشەنی لەش یان برین دەڕەوێنێ. ف آنتی‌بیوتیک

چڵکتاو: چڵک هەڵگر، جلکی ڕەش و شین و بۆر کە چڵکیان پێوە دیاری نادا. ف چرکتاب

چڵکن دەوڵەمەند: دەوڵەمەندی پیسکە و ڕژد و شڕەپۆش. ف ثروتمند خسیس

چڵلک: پۆڵا، ئاسنی ئاودیدە. ف فولاد

چڵمە چڵم: فمەفم، چڵم هەڵلووشینی زوو زوو . ف بالا کشیدن پی‌درپی خلم

چلمێردە: شەوژەن، چۆڵەپێچەن، داری پشت درگا بۆ قایم کردن، شەوبەن. ف چوبی کە پشت در نهند برای بستە شدن

چلوان: چلەکانی ساڵ، چلە گەورە و چلە چکۆڵە. *(مانگی کانوونێ بە چلوان دەرکرام/ وەک برایمۆک لەو وڵاتە ڕاونرام «هێمن».)* ف چلە

چڵۆسک: چلووسک، چڵیسک. ف هیزم نیمە سوختە

چڵۆنک: چڵەپۆپەی دار، ترۆپکی دار. *(سێوێک بەسەر چڵۆنکی دارەکەوە مابوو.)* ف شاخەی بالایی درخت

چلوورە: (+) چیلکەی سەر بە ئاور، چلووسک، بزووت، سەلکەبزووت، داری نیوە سووتاو. ف چوب نیم‌سوز

چلووگیر: نەخۆش کەوتنی منداڵی ساوا لە تەمەنی چل ڕۆژەدا. ف مریض شدن طفل در چهل روزگی

چڵەپاندن: دەم تەقاندن بە دەم خواردنەوەی شتی ئاوەکییەوە. ئاو خواردنەوەی سەگ. *(دەمی لە ئاوەکە ناوە و دەیچڵەپێنێ.)* ف خوردن مایعات و صدای لب و لوچە

چڵیتاو: بەفر و قوڕی تێکەڵاو. ف برف و گل قاتی شدە

چمچمەکۆڵە: کەوچکە قوڵە، کلکەتەشی، بەچکە بۆقی لاق دەرنەهاتوو. ف بچە قورباغەی دست و پا درنیاوردە

چنارەکەڵە: چنارەکڵە، گیایەکە گەڵاکەی وەک چنار وایە دەیکوتنەوە و لەسەر بیرۆی دادەنێن بە تەواوی شوێنی برینەکە دەسووتێنێ و پێستی دادەماڵێ و دوایی چاک دەبێتەوە. چەپچەپی. ف اسم گیاهی دارویی

چنجری: خانەخانە، پارچەی دامەیی. ف پارچەی شطرنجی

چنگ لە ئاسمان گیر کردن: بریتی لە ڕق هەستان و تووڕە بوونی زۆر *(وا ڕقی هەستابوو چنگی لە ئاسمان گیر دەکرد)* ف کنایە از عصبانیت زیاد

چنگانە: درمەغ، گوڵکێش، درمغ. ف چنگک علف

جمع کردن

چنگڕەش: دەسڕەش، کەسێک کە خێری بەدەستەوە نییە و کەس خێری لە دەس نابینێ. [ف] کسی که برای مردم منفعت ندارد

چنگڵ: (+) خیز و بەردی بنی چاڵاو، *(بیرەکە گەیشتۆتە چنگڵ شوکور ئاوی زۆر دەبێ.)* [ف] شن و ریگ کف چاه

چنگورک: چڕنووک، چنجرووک. [ف] پنجول

چنگە پڕماسکێ: ☜ چنگە پلماسکێ

چنگە پشیلە: ☜ پێ پشیلە

چنگە پەڵماسکێ: دەستبازی و یەکتر تلاندنەوە. *(خەریکی چنگە پەڵماسکێ بوون.)* [ف] دست‌بازی و غلطاندن یکدیگر

چنگە پەڵماسێ: چنگە پەڵماسکێ، چنگاوەش، دەستبازی و یەکتر تلاندنەوە. [ف] دست‌بازی و غلطاندن یکدیگر

چنگە فلیقێ:) فلیقاندنەوەی میوە و شتی ئاودار بە دەست؛) چنگە پەڵماسێ، یەکتر خرەپاندنەوەی دوو کەس بە شەڕ یان بەیاری [ف] (له کردن میوه و چیزهای آبدار با دست؛) بر زمین زدن و غلطاندن یکدیگر

چوارمێلکە: چوار مێردەکی، چوار مەشقی. [ف] چهار زانو نشستن

چواندن: لە کایەی گۆرەوی‌بازیدا بە ئەو گۆرەوییانە دەڵێن کە شکیان لێیان نییە پشکیلەکەی تێدا بێ و دەستی پێدا دەنێن. *(ئەو سێ گۆرەوییە بچێ، ئەوەش گوڵ.)* [ف] جورابی که در جوراب‌بازی گمان نمی‌کنند تیله در آن باشد و حذف می‌کنند

چۆحەل: داری هەلووکێن، دار هەلووک. [ف] چوب بلند الک دولک

چۆحەلێن: هەلووکێن. [ف] الک دولک

چوخساندن: ئەنگاوتنی مەڕمەڕ لە مێشێندا بە جۆرێک کە مەڕمەڕی هاوشێتراو لەجێگەی مەڕمەڕی داکراو ڕاوەستێ، بریتی لە دەرکردن و جێگە گرتنەوە. [ف] در اصطلاح تیله‌بازی به تیله‌ای گفته می‌شود که تیله‌ی رقیب را می‌زند و جای او را می‌گیرد

چۆخەبازەڵە: خەزایی، عەینەمەل، مەلێکە وەک سێروو وایە بەڵام ڕەنگی بەڵەکە. [ف] سار ملخ‌خوار

چوڕ: میز، گمیز. [ف] ادرار

چۆڕاڵ: چۆرقاڵ، چۆڕکاڵ، ئاوێکی کەم. [ف] جرعه

چۆرقاڵ: چۆڕێ، نەختێ ئاوەکی. *(چۆرقاڵێ ئاوی نەداینێ.)* [ف] جرعه

چۆرکاڵ: ☜ چۆڕاڵ

چۆڕکە: ☜ چۆڕاڵ

چوڕن: میزکەر، دەڵەمیز، کەسێک کە هەمیشە میز دەکا بە خۆیا. [ف] شاشو

چوڕۆ: ☜ چوڕن

چوڕەقازڵاخ: چوڕەگەڵوازە. [ف] چکاوک

چوڕەگەڵوازە: چۆڕەقازڵاخی، جۆرێ چۆلەکەی کێوییە. [ف] چکاوک

چوزەمار: سوجەمار، مارێکی سەرپشت سووری بن زگ سپییە. *(خۆت تووخنی مار*

نەکەی کەم و زۆر/ مار مارە چوزە و سپی و ڕەش و بۆر «مەم و زین».) ف نوعی مار

چوس‌گورگ: پیرایشۆکە، پیرۆشک، جرێکی بۆری چکۆلەیە قوولکێکی گڵە نەرمە و لووس ساز دەکا و لەبن گڵەکەیدا خۆی مات دەدا، هەر جانەوەرێکی ورد وەک میرووله و خاڵخاڵۆکەی تێکەوێ ناتوانێ بێتەوە دەرێ و دەیگرێ دەیخوا. ف خرخاکی

چۆڤان: ناوی گیایەکە کەف دەکا و بۆ شتنی قاپ و قاچاخ کەڵکی لێ وەردەگرن. ف نام گیاهی است

چۆکشکێنە: جۆرێ درووی سەخت و تیژە، واتە ئەگەر بە لاقدا بچێ هێزی ڕۆیشتنی لێ دەبڕێ. ف نوعی خار

چوکلێت: شەگەلات، نوقڵ و مینوو. ف شکلات

چۆلاو: ئەو چیلکانەی دوای پڕ کردنی سەوەتە لە کا و وێنجە و ... لە دەورەکەی دەچەقێنن بۆئەوەی زیاتر بەرێ. *(سەوەتەکە زۆر قورس نییە چۆلاوی بۆ بکە با زیاتر بەرێ.)* ف فرو کردن چوب در سبد برای اینکە بیشتر جا بگیرد

چۆڵەپێچ: ۱) ڕاوی ئەو دەمەی کەو خەریکی هێلکە کردنە و نێرە کەو و ماکەو زۆر جار خەریکی جووتگیری دەبن و لەو کاتەدا نێرەکە نزیکەی چارەگە سەعاتێک لە شوێنێک بە دەوری ماکەودا دەخولێتەوە ڕاوچی لەو هەلە کەڵک وەردەگرێ و ڕاویان دەکا؛ ۲) شەوژەن، چۆڵەپێچەن، چۆڵەچەپێن، دارێکە شەوانە دەیخەنە پشت درگا بۆ گاڵەدان؛ ۳) تووڵەپێچ، دەرهێنانی کەروێشک و ڕێوی لە کون بە دارێکی سەردووهاچە کە دەیکەن بە کونەکەدا و نووکی دووسەری دارەکە لە پێستی کەروێشکەکە هەڵدەچەقێنن و بایدەدەن و دەیهێننە دەرێ؛ ٤) شەتەک دانی بار و شەغرە لەسەر پشتی یەکسم و توند کردنی بە دارێکی چکۆلە، جەڕەبابەدان، واتە دارەکە لە بەینی گوریسەکە دەخەن و بایدەدەن هەتا بارەکە بە تەواوی توند دەبێ. ف ۱) شکار کبک هنگام جفتگیری؛ ۲) بستن در خانه با چوبی بلند کە بە پشتش می‌اندازند؛ ۳) بیرون آوردن خرگوش و روباه از سوراخ با چوب؛ ٤) محکم کردن بار با چوبی کوتاه

چۆڵەپێچەن: ☜ چلمێردە

چۆلەکە سەیدانە: جۆرێ چۆلەکەیە. ف نام پرنده‌ای است

چۆلەکەمشکە: جۆرێک چۆلەکەی زۆر چکۆڵە و بۆرە لەنێو لقوپۆپی داراندا دەژی. ف گنجشکی کوچک کە در میان بیشە زندگی می‌کند

چۆڵەوانی: چۆڵی، چۆڵگە، بێئاوەدانی. ف بیابان

چۆلی: (+) ژیشک، ژیژۆ، ژیژی، ژژوو. ف جوجەتیغی

چۆلی: چکۆڵە، چووکە، بچووک. ف کوچک

چۆماو: چۆمەڵ، چۆمی کەم ئاو. ف نهر

چۆمەڵ: چۆمی چکۆلە و کەم ئاو. *(شاهۆ ڕێخنە دەگەڕێ وا لە دەراوی چۆمەڵ/ دینی، دینی گوڵە ئەو بولبولی دڵ پڕ لە ئەوین «هێمن».)* ف

ڕودخانەی کوچک

چووچەڵەزڕێ: ناوی یارییەکە.ف نام یک بازی

چووکڵـەقنگـە: (+) نـوقڵی دەسـک دار، نـوقڵی ئەلاسکە.ف آبنبات چوبی

چوونـە حاشـا: حاشـا کـردن، دەسـت لـە شـوو بەردانی ژن بۆ پیاوێکیتر.ف جدا شدن زن از شوهر و رفتن به خانەی مردی دیگر

چوونە سەر بەڕە: بریتی لـە چوونـە خوازبێنی. *(چـەنـدجار چووینـە سـەر بـەڕەکـەی کچـەکـەی نەدراینێ.)* ف کنایە از خواستگاری رفتن

چووە: مووی تـازە ڕواوی سـەر و ڕوخسـاری گەنج. *(تـازە پشت لێوی چووەی لـێ هـاتووە.)* ف موی تازە رویيدەی رخسار جوانان

چوێر: (+) گیایـەکی کێوییـە وەک ڕازیانـە لـەنێو بەفردا دەڕوێ و بونێکی خۆشی هـەیـە .ف نام گیاهی است

چوێلـەکـە: چۆلـەکـە، سـواندووکە، پاسـاری، مەلووچک ف گنجشک

چەپارە: غیرەت، ورە، *(چەپارەم نەما درێژە بەو ڕێگایە بدەم.)* ف غیرت

چەپچەپی: چنارەکەلە، گیایەکە لـە مێرگان شین دەبێ لاسقی هلۆڵە و گوڵێکی زەرد دەردەکا.ف نام گیاهی

چەپرەک: کۆن، لە کار کەوتوو.ف قرازە

چەپڵەک: چەپرەک.ف قرازە

چەپنگ: گێل، گەمشۆ، گەلحۆ، خول.ف ابلە

چـەپـۆق: دەسـکە قـەننـە، لوولـەی سـەبیلـە.ف دستەی پیپ

چـەپۆکـە سـەر: ژێـر چـەپۆکـە، دەسـت بـەسـەر، بندەست.ف تحت سلطە

چەپۆکە سەری: ژێر چەپۆکەیی، چەوسانەوە.ف تحت سلطە بودن

چەپۆڵە دادان: هەڵتووتەکانی ڕێوی و گـەماڵ و ....ف چمباتە نشستن سگ و روباە و ...

چەپووک: چەپۆک، چەپەڵۆک.ف توسری

چەپەترووک: گیایەکە لەنێو گەنمدا دەڕوێ وەک برویش وایە.ف گیاهی بلغور مانند

چەپەلووش: هەڵمەقووت، لووش کردن.ف قورت دادن

چـەتـەوڵ: پاسـەوان، کێـشکچی، قـەرەوڵ.ف پاسبان

چـەخـس: ڕادە بـۆ لێـدان، چـین، چـەسـپ، *(چەخسێکی چاکی کوتـا.)* ف اندازە بـرای کتک زدن

چەخماخ سـارم: جـورێ تفەنگی قـەدیمـی بـوو.(سـەردەمێکـی ڕاوچـی بـووم دەگـەڕامـەوە لـە ڕاوێ/ ڕاوی خۆم داویشتەوە سەری قەپەکیان بنـەبنـی مـام خـاڵێ/ هـەڵمـدەسـتاندوە کـارێ کارمـامزێ دڵـم نـەدەهـات بـە شـینکی چـەخمـاخ سـارمی پێوەنێم، دەمداوە بـەر هـەلات هـەلاتـی سـواران خـڕەی ئـاوزەنگیـان / دامـدەگێڕاوە بـۆ بەر دەغڵ و دانەکەی پیرە خاڵوانی. «فۆلکلۆر») .ف نوعی تفنگ قدیمی.

چەدان: (+) شـوێنی کـۆ کردنـەوە و لـەتـەرەدانی توتن.ف محل جمعآوری توتون

چـەرخـە: (+) واشـە، باشـوو، سـەقـر، مـەلێکـی

ڕاوکەرە.ف قرقی

چەرداوەڕوو:) چارداوەڕوو، مەڵبەندێکە لە کوردستان؛) بریتی لە مرۆی بێشەرم و حەیا. ف) چرداول، منطقەای در کردستان؛) کنایە از آدم بیشرم

چەرمپیس: بریتی لە رژد و سەقیل و گوونەکەر، چرووک و مستقووچاو.ف کنایە از آدم ناخنخشک و خسیس

چەرمی ئاوەسوو:) چەرمی ئاوەسوو چەرمێکە لە چەرمی دیکە قایمتر و باشترە و بۆ کاڵە و پێتاو زیاتر بەرگە دەگرێ؛) بریتی لە کەسێک کە عەیبەی پێ عەیب نییە و زۆر ڕوو هەڵماڵدراوە.(بریتی لە مرۆی خاوەن ئەزموون و سەختی دیتوو، *(هێندە گەڕاوە بۆتە چەرمی ئاوەسوو.)* .ف) چرمی محکم و بادوام؛) کنایە از کسی کە بسیار رودار و بیشرم است(کنایە از آدم سختی دیده و باتجربە.

چەرەخۆرە: (+) بریتی لە مرۆی زۆرخۆر و زگزل، کەسێک کە تێر خواردنی نییە.ف کنایە از آدم شکمو.

چەرێ: برینگ، مقەستی خوری هەڵپاچین.ف دوکارد، قیچی پشم چینی.

چەژگە: چێژگە، چەشکە، چێژ کردن، چێشتن.ف چشیدن

چەژگە کردن: چێشتن، چەشکە کردن.ف چشیدن

چەسپ لێدان: ڕێزی نیزامی، سڵاوی سەرباز لە فەرماندەرەکەی. *(سەرگەورەکەی دی چەسپێکی بۆ لێدا.)* ف احترام نظامی

چەسپ: (+) ڕادە بۆ لێدان، چەخس، چین. *(دەبێ چەسپێکت بکوتم)* ف اندازە برای کتک زدن

چەعڤنەبار: چاونەزێر، چاوچنۆک، چاونەبار، چاوبرسی، چاوچوو.ف حریص

چەغماغە دان: چەخماخە دان.ف آذرخش

چەفتی: حارزجواب، وریا و بە دەمودوو، کەسێک کە بۆ وەڵام دانامێنێ.ف کسی کە برای جواب دادن درنمیماند

چەڤەر: ناوی دارێکی نێو قۆپی و قەراغ رووبارە.ف نام درختی است

چەڤەنگ: ئاڵا، بەیداخ، دروشم.ف علم

چەڤین: سەرچاوەی کانی، چەمە.ف چشمە

چەق و نیرە: هەرا و کێشە، زەنا زەنا، گاڵۆبوغر.ف سروصدا هنگام جدال

چەقبەستن: جێ کەوتن، شتێک کە بە یەکجاری دەبێتە باو، شکڵ و شێوە گرتن و نەگۆڕان.ف جا افتادن

چەقچەقۆک: چەقەنە، چەقچەک، ئامرازێکە لە ئاشدا.ف وسیلەای در آسیاب آبی

چەقچەقە: مەکینەی خەیاتییە دەزووی پێوە دەکرێ و هەڵبەز دابەز دەکا.ف شیطانک

چەقرۆزە: ناوی گوڵێکە.ف نام گلی است

چەقرە: گا و کەڵ و گامێشی نێوچاوان سپی، بەش، قەشان قەشقە، ف حیوان پیشانی سفید

چەققەلۆ: چەقەش، جۆرێ شنگی شاخییە چەققەی لێدەگرن، گەڵاکەی وەک لۆ وایە.ف اسم گیاهی است

چەقولوور:) سەگوەڕ و لووره لووری زۆری سەگەل. *(سەگەل لە دەوری ماڵان چەقولووریانە.)* ؛) بریتی لە نەڕەنەڕ و هەڵڵاوبگری زۆر. *(ئەرێ تاوێ بێ دەنگ بن ئەو چەقولوورەتان لە چییە؟)* [ف]) صدای پارس و زوزەی چند سگ با هم؛) کنایه از سروصدای زیاد.

چەقەدووکەڵ:چەڕەدووکەڵ، چەڕەچەمان[ف] دود غلیظ

چەقەسرۆ: چەقاوەسوو، زۆربڵێ، چەنەوەر، دەمەوەر.[ف] پرگو

چەقەش: گیایەکە وەکوو گیا کوڵکنە وایە بنەکەی دەبڕن و چەقەی لێ دەگرن.[ف] نام گیاهی

چەقەلۆ: گیایەکە وەکوو لۆ وایە ساقەتەکەی زەردە، ماڵات نایخوا.[ف] نام گیاهی است

چەقەنە: دارێکە لەسەر بەردی سەرەوەی ئاشی ئاوی لەنگەر دەگرێ و هەڵبەز دابەز دەکاو دەبێتە هۆی داڕژانی دانەکە.[ف] وسیلەای در آسیاب آبی.

چەقی ڕەش کردن: بریتی لە زۆر هەوڵ دان، ئەختوچار کردن. *(چەقی ڕەشم کرد لەگەڵم نەهات.)* [ف] کنایه از کوشش کردن زیاد.

چەکچەکولە: چەکچەکیلە، شەمشەمەکوێرە، پارچک[ف] خفاش

چەکچەکی: (+) قۆچەقانی، قەڵماسک، بەردەقانی، کەهنیک.[ف] فلاخن

چەکچەکیلە:) چەقچەقە، گیایەکە؛) بریتی لە ملی زۆر باریک، ملی دەڵێی چەکچەکیلەیە.[ف]) کاسنی؛) کنایه از گردن باریک و لاغر.

چەکمە سوورە: باڵدارێکی لاق درێژ و سوورە لە کەنار چۆم دەژی.[ف] نام پرندەای

چەکمەجە: داخڵەی مێز، خوانچەی مێز.[ف] کشو میز

چەکمەڕەش: گیایەکی کوێستانییە چڵەچڵە دەڕوێ گەڵاکەی وەک چنوور وایە و لاسقی وەک کەما دەچێ، ڕەنگی لاسقەکەی مەیلەو ڕەشە.[ف] نام گیاهی است

چەکوچۆڵ:تفەنگ و کەرەسەی شەڕ، چەک و تەقەمەنی.[ف] سلاح و وسایل جنگ.

چەکە: بەستە پووڵ، بەستەی پارە. *(چەکەیەک هەزار تمەنیی شینی لە گیرفانیدا بوو.)* [ف] *بستەپول.*

چەکەخالانە: دابێکی کۆنە لەنێو هۆز و عەشیرەتەکاندا باو بوو کاتی ژن خواستن دەبوو دیارییەک وەک ئەسپ یان چەک بدەن بە خاڵی بووک بۆئەوەی ڕازی بێ.[ف] رسمی کهنه میان عشیرتها کە هنگام خواستگاری از یک دختر باید یک اسب یا تفنگ بە دایی عروس می‌دادند کە راضی شود

چەکەرە لێ کردن: بریتی لە سڵ لێ کردن و مەترسی لە کارێک. *(چەکەرە لە هیچ کارێک ناکا.)* [ف] پرهیز کردن از کاری

چەلەبان:) چەلەوان، هاروهاج، شەیتان؛) تەنافباز، کەسێک کە بەسەر تەنافدا دەڕوا.[ف]) ناآرام و بازیگوش؛) طناب‌باز

چەلەحانێ: دەم بە دەمە، : شەڕەدەندووکە،

دەمقڕە، شەڕە قسە.ف جدال لفظی.

چەڵەگە: (چەڵاگ، داری درێژی مێوە تەکاندن. (دارێکی درێژە لە نێوەڕاستی خەرمان دەیچەقێنن.ف (چوبی که در وسط خرمن قرار می‌هند(چوب بلندمیوه چینی.

چەلینگ: گۆچان، وەکاز.ف عصا

چەماوەسوو: بەردی لووسی چۆم کە ئاو سوویەتەوە، ئاوەسوو.ف سنگ صاف شدەی رودخانه

چەمچارکی: ☜ چیەمچارکی

چەمچڤین: چاوپەڕین، پیلوولەرینی بێئیختیار. ف لرزش پلک

چەمرە: بنتا، وەچی شلک و نەرمی دارەبی، کە دوای بڕین هەڵدەداتەوە.ف جوانەی نرم و تر درخت که بعد از بریدن شاخه می‌روید.

چەمرە: چەمیلە، ترۆزی.ف چنبر خیار

چەمک: (+) سووچ، گۆشە. *(بەڵام کاتێ کە با چەمکی عەباکەی لادەدا تاوێ/ دەڕیژێ پووزی نایابی لە سیحری خوایی لافاوێ «هەردی».)* ف گوشه

چەمەرچۆپی: هەڵپەڕین و گۆرانیی خەماوی لە دەوری مردوو، چەمەری.ف مرثیە و نوحەخوانی برای مردە.

چەمەرگە: شیوەنگا، جێگای شین و زاری.ف شیونگاه.

چەمەرگێڕ: شینگێڕ، عازیەتبار، تازیەبار.ف عزادار

چەمەڕێ: چەمەڕا، چاوەڕێ، چاوەڕوان.ف چشم بەراه

چەمەڵۆکە: چەپۆک.ف توسری

چەمیاگ: چەماوە، خواربوو.ف خمیده

چەناکە: چەناگە، چەنە، ئارچەن.ف چانه

چەناگە: چەنە، چەناگە، ئارچەن.ف چانه

چەناگە درێژ: ☜ چەناگە شکاو

چەناگە شکاو: چەناگە درێژ، بریتی لە زۆربڵێ، چەنەوەر.ف وراج

چەنەبەچەنە وێستان: دمبەدمە کردن و جوابەجەنگی، (گەورە و چکۆڵە نازانێ چەنەبەچەنەی باوکیشی دەوێستێ.) ف جدال لفظی.

چەنەبەری کردن: جوابە جەنگی کردن، شەڕە قسە کردن.ف جدال لفظی

چەنەبەرنەهاتن: دەرەقەت نەهاتن، کەسێک کە زۆر دەم پیس و بێ حەیایە وقسەی لەگەل نایە. ف کسی کە بسیار دهن کج است و نمیتوان حریفش شد.

چەنەوێرغە: چەنەوەر، هەڵەوەڕ، دەمەوەر، چەقەسرۆف وراج

چەوان: گیایەکە وەک قومام وایە بۆ باقەبێن دەبێ.ف نام گیاهی است

چەوبازە: چاوبازە، چاوپانکە، چاوکوتکە.ف نام گیاهی خوراکی

چەوبەس: چاوبەست، چاوبەند، دەستبڕ، فێڵباز، خاپینۆک.ف حیلەگر

چەوبەن: چەوبەس.ف حیلەگر

چەوپیس: چاوپیس، چاڤینۆک.ف شورچشم

چەوچە: نەزیلە، مەتەڵۆکە، مەتەڵ.[ف] معما، چیستان

چەورینە: ناوی گیایەکە دەخورێ، چەورۆکە، چەورچەورۆکە.[ف] اسم گیاهی خوراکی

چەوماخ: چەخماخ، چەخماخی تفەنگ.[ف] گلنگدن تفنگ

چەوەندەر بە ترش: چێشتێکە لە چەوەندەر و سماق ساز دەکرێ.[ف] غذای چغندر و سماق

چەوەندەرە کێویلە: جۆرێک گیا دۆکولیوە وەک گەڵاچەوەندەر وایە.[ف] نام گیاهی است شبیه برگ چغندر برای آش دوغ.

چەوەنوور: چاوەنۆڕ، چاوەڕێ، چاوەڕوان.[ف] چشم‌بەراه

چەوین: ناوی گیایەکی بۆن خۆشە.[ف] نام گیاهی خوشبو

چیالیک: شلیک، تووفەرەنگی.[ف] توت‌فرنگی

چیاو: چیاگ، ئاوی سارد، ئاوی چیاو.[ف] خنک

چیتاڵ: چێوشەق، شەقە، دارشەق.[ف] چوب پا

چیچگ: چیکڵ، جیکڵ، جیقڵ.[ف] چینەی هضم نشده در سنگلاخ مرغ

چیچگدان: جیکڵدان، جیقڵدان. *(چەنی بێ چیچکدانی.)* [ف] سنگدان

چیچیلە: چیچڵە، بەلگی گوێ، شلکەی گوێ، بەلگ.[ف] نرمەی گوش

چیرتۆق: ریپۆق، چلکی چاو.[ف] ژفک

چێرگ: (+) برینگ، مقەستی مەڕ برینە.[ف] دوکارد.

چێرە: چەرێ، برینگ، مقەستی خوری هەڵپاچین.[ف] دوکارد

چیق: ترس، خۆف. *(تۆ چیقچەتە ناوێری تەکمانا بێی؟)* [ف] ترس، یارا

چیق چوون: زاور چوون، زۆر ترسان، زیلک رژان، بریتی لە زۆر ترسان و تۆقین.[ف] بسیار ترسیدن، زهرەترک شدن

چێکرۆک: دروست کراو، داتاشراو، چێکراو.[ف] درست شده

چێکولانە: چوکلێت، شەگەڵات، نوقڵ و مینوو.[ف] شکلات

چێڵک: (چلک، ماکەو، ژەرەژی مێ. (دەرزیی گەورە، تەبەنە. .[ف] (کبک ماده) سوزن بزرگ

چێم: چاو، چیەم، چەعڤ.[ف] چشم

چین:) تاقم، بەشێک لە کۆمەڵ، چینی کرێکار، چینی بازاڕی و ...؛) چەخس. ڕادە بۆ لێدان. *(دەبێ چینێکت بکوتم.)* [ف]) قسمتی از اجتماع؛) اندازه برای کتک زدن

چێنک: ناوکی میوە. *(ئەو خورمایەی تۆ خواردووتە من کایەم بە چێنکەکەی کردووە.)* [ف] هستەی میوە

چێو لە تاریکی کوتان: لەخۆڕایی قسە کردن و لانی کەسێک گرتن. *(تۆ خۆ خەبەری هیچت نییە لەخۆڕا چێو لە تاریکی مەکوتە.)* [ف] بدون آگاهی داوری کردن

چێوار: چۆدار، چێودار، کەسێک کە مەڕ و مالات دەکرێ و دەفرۆشێ. *(خالی نێو سینەی کەوتەسە قەتار/ ئەیژی پەزێکە تێ لەدوای چێوار «فۆلکلۆر».)* [ف] چوبدار

چێوپاساری: گوێسوانە، سواندان، گوێسەبانە، داری ڕەت بووی لێواری سەربان.ف چوب بیرون آمدەی لبەی بام

چێوەچزە دان: جەزرەبە دان، ئازار دان.ف اذیت کردن

چێوەخرتە دان: دواندن، سەر خستنە سەر کەسێک بۆئەوەی قسە بکا، *(هەرچی چێوەخرتەمان دا قسەیەکی نەکرد.)* ف سربەسر کسی گذاشتن برای اینکه بە حرف بیاید.

چیەرگ: برینگ، مقەستی مەڕ بڕینەوە.ف دوکارد

چیەم: چەم، چاو، چەعف، چاڤ.ف چشم

چیەمچارکی: چاوەچڕێ، چاولەوەڕێنی، تۆلازی. ف چشمچرانی.

چیەم دەژین: چاو یەشە، نەخۆشیی چاو.ف چشم درد.

چییەتی: ئەسڵ و ڕیشەی شتێک.ف ماهیت

ح

حاپوولک: دەرفەت، نۆرە، نۆبە لە کایەدا. *(حاپوولکی تۆیە کایەت بکە.)* ف نوبت در بازی

حاتە: گەمارۆ، ئابلۆقە، دەورەدان. ف محاصره

حاجیلۆکە: گیایەکە گوڵی زەردە کاتێک پیر دەبێ نێو گوڵەکەی شتێکی وەک لۆکە دەردەکا. ف نام گیاهی است

حازر بەدەست: ئامادە و لەبەر دەستدا، شتێک کە لەبەر دەستدا بێ و بۆی مەحتەل نەبی. ف در دسترس

حاست: حاند، حەنا، ئاست، شوێن، هەندەر. *(لەو حاستە دانیشە.)* ف مکان، جا

حاسێ:) عاسێ، وەڕەز، جاڕز؛) ناوە بۆ ژنان. ف) عاصی؛) نام زنانه

حاشاحازری: دوور بێ لە ڕووی حازران. *(حاشاحازری دەڵێی کەرە دەلەوەڕێ.)* ف دور از روی حضار

حاشار: ☜ ئاشار

حالۆری: بەران و نێرییەک کە لە کاتی وەبەران و وەتەگە هاتنی مەڕ و بزندا لەنێو مێگەلێکەوە دەچێتە نێو مێگەلێکی تر؛) بریتی لە پیاوی تۆلاز و بەرەڵڵا. ف) قوچی کە از گلەای بە گلەی دیگر میورد هنگام جفتگیری؛) مردی که هیز و لاابالی و بیکاره است

حاوێن: ڕاهێنەر، کەسێک کە دەبێتە هۆی حەوانەوەی کەسانێکی دیکە. ف پرورش‌دهنده

حدوود: مەرز، کەوشەن، سنوور، تخووب، تخووم، سەرحەد. ف مرز

حسری: توونی، تینوو. ف تشنه

حللیر: باڵدارێکە لە لەقلەق چووکەترە، لاق و دەنووکی قوڵەترە و ڕەنگی بۆرە. ف نام پرندەای شبیه لکلک

حمێز: ئامێز، باوەش. ف بغل

حودوود:) حدوود، سنوور؛) نوعی اسب اصیل. ف) مرز؛) نوعی اسب

حورمەت گرتن: ڕێز گرتن، قەدر گرتن. ف احترام گذاشتن

حورمەتدار: بەڕێز، بەقەدر. ف محترم

حوسکە: ناوی جۆرێ تفەنگی قەدیمی بوو. ف نام یک تفنگ قدیمی

حۆقەباز: فێڵەباز، گزەون، ف حقەباز، مکار

حوکم کردن: پەڵپ گرتن، پێ چەقاندن. *(حوکمی کردووە دەڵێ هەر دەمهەوێ.)* ف دستور، حوکم

کردن

حوکمات: دەوڵەت، حوکوومەت. ف حکومت

حولووربا: کونەبا، خەفەنگ، کونی دیوار و سەربان بۆ هەواکێش. *(حولووربایە/ رووی لە خوایە (کولاوکە) «مەتەڵ».)* ف هواکش

حەپوولک کێشانەوە: لە کایەی مێشێندا ئەگەر هەڵمات لە لاقی کەسێک بدرێ سەرلەنوێ دەیهاونەوە و دەڵێن حەپوولک دەکێشێتەوە. ف اصطلاحی در تیلەبازی

حەپوولک: دوپات کردنەوەی کایە. *(دەست پێبکەوە حەپوولکی تویە.)* ف دوبارە بازی کردن

حەپەحۆل: حەپۆل. گەمژە، گەلحۆ، خول، هەپلەگون. ف ابله

حەپەمێشخۆر: بریتی لە مرۆڤی گەلحۆ و گێژ و وێژ، خول و حۆل. ف کنایە از آدم سادەلوح و گیج

حەپەنۆت: حەپەنتی، زەبەلاح، تەژەی پان و پۆڕ، حەیتە. ف لندهور

حەپەنووس:) بەردێکی ڕەشی بە نرخە؛) بریتی لە زۆر ڕەش. ف) آبنوس؛) کنایە از بسیار سیاه

حەتحەتۆک: گەڵوازە، ئەو مووروو و لەیستۆکەی بە لانکەوە هەڵیدەواسن بۆئەوەی منداڵەکە پێی ژیر بێ. ف اسباب‌بازی کە بە گهوارە آویزان می‌کنند

حەجمان: حەجمین، ئۆقرە، تاقەت. *(لە تاوی سەرم حەجمانم نییە.)* ف آرام و قرار

حەجمەت: حەژمەت، حەیبەت. *(لە حەجمەتان وەختە بوو شێت بم.)* ف افسوس

حەجمین: حەجمان، داسەکنین. *(کوانێ ئەو شەوگارە بێدەنگەی لە ژوانگەی جێ هەوار/ کچ ڕەوەک بوو، من گوتم: هێدی بە! حەجمینم دەوێ «هێمن».)* ف آرام و قرار

حەدوسەد: هەڕەت، جنگە، کات. *(حەدوسەدی ئەوەیە بێتەوە.)* ف موسم

حەرام کردن: خەسار کردن، لە حەرام گێڕان. ف هدر دادن

حەڕی ئاو: قوڕاو، لیتەزیلاقە، چڵپاو. ف گل آبکی

حەزرەت:) تاسە، ئارەزوو؛) بە پیاوی گەورە دەڵێن، حەزرەتی عیسا، حەزرەتی... ف) اشتیاق) حضرت

حەزرەتمەن: تاسەمەند، تاسەبار، تامەزرۆ. ف مشتاق

حەزەنگ: خەم، خەفەت، کەسەر. ف غم، اندوه

حەژبەت: حەژمەت. ف غصە.

حەژمەت: (+) حەجمەت. ف غصە.

حەسەنئاوا: دوو گوندی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان بوون کەوتنە بەر سەدی کورش کەبیر. ف دو روستای منطقە فیض‌اللە‌بگی بوکان زیر سد کورش کبیر رفتند

حەفار: (+) هەڵم، بوغ، هوڵم. ف بخار

حەفت تۆخە: پیفۆک، کیفۆک، فیشۆک، پیشۆک. ف گیاهی با پیازەی خوردنی

حەگاڵ: لەچکە، سەرپۆشی ژنان. ف روسری

حەل: (+) هەلووک. ف چوب کوتاه الک دولک

حەڵاڵ و حازر: شتی لەبەرچاو و بێتاریف لێ

كردن. *(حەڵاڵ و حازر ئەوە شتەكەیە.)* [ف] حی و حاضر

حەلاوحەلاو: هان دانی سەگ بۆسەر گورگ، تێبەردانی سەگ لە گورگ و دڕندە، حەلەلە.[ف] تحریک کردن سگ برای راندن گرگ

حەللوو: هەلووكێن، چۆحەلین.[ف] الكدولك

حەلمەت: هەڵمەت، هێرش، هۆمەن، ئیرشت.[ف] یورش

حەلەمقەلەم: ئەدا و ئەتوار، كار و قسەی تەشەراوی.[ف] رفتار و ادای تشرآمیز

حەلەوێن: مێشێن، كەلاێین.[ف] تیلەبازی

حەمباز: قەڵەمباز، خۆ هەڵدان و بەرز بوونەوە لەسەر زەوی.[ف] پرش

حەمرین: ناوی زنجیرە چیایەكە لە باشووری شاری كەركووك كە ئەم زنجیرە چیایە بە سنووری كوردستانی باشوور دادنرێ.[ف] نام كوهی در جنوب شهر كركوك كه مرز جنوب كردستان است.

حەمزەڵێن: حەمزەل، یارییەكە دەستەیەك دادەنەوێنەوە و دەستەیەكیتر بە سەریاندا باز دەدەن.[ف] نام یک بازی

حەوابڕ: وە حەوا كەوتوو، لە زەوی جیا بۆوە.[ف] معلق در هوا

حەواتیلكە: بەستنی پەتێك بە بەردێكی چكۆڵەی درێژۆكەوە و هەڵدانی بەرەو حەوا.[ف] بستن نخ به سنگی باریک و پرتاب کردن به طرف بالا

حەوت ترینگە: چێشتێكی كوردەوارییە حەوت شتی تێدەكرێ، شەلەم، نۆك، مێوژ، گۆشت، چەوەندەر، بڕوێش، ڕۆن.[ف] یک نوع آش محلی كه با شلغم ونخود و كشمش و گوشت و چغندر و بلغور و روغن می پزند.

حەوتاو كردن: گڵاو كردن، شتنەوەی جێ دەمی سەگ بە قوڕاو و ئاوی خاوێن، واتە حەوت جار ئاوی پێدا دەكەن

حەوتگرێ: گیایەكی وردە زۆر بەرز نابێتەوە جومگە جومگەیە.[ف] نام گیاهی

حەوتوێلكە: جۆرە كوانێكی بە ژانە لە جەستە دێ و تا حەوت توێخ فڕی نەدا دەركی نابێ.[ف] نوعی دمل

حەوتەوانان: حەوبرالە، حەوتەوانە.[ف] هفت برادران

حەوجۆشی: جۆرێ كوولەكەیە وەک كوولەكە سەراوی وایە.[ف] نوعی كدو

حەوجێ: حەوجە، پێویست، حەوج. *(خەوجێی بەخێراتن نییە.)* [ف] نیاز

حەودەم: بریتی لە مرۆڤی چەنەوەر و بێحەیا، دەم چەپڵە. *(حەودەمێكە لەوانەیە پیاو بخوا.)* [ف] وراج

حەول و دەول: هەوڵ و تێكۆشان. *(لە حەول و دەولی ئەوەدا بووم كارێكی بۆ بدۆزمەوە.)* [ف] تلاش و كوشش

حەیابەخۆ: بەحەیا، بەئەدەب.[ف] باادب

حەیات لێ بڕین: كوشتن، سارد كردنەوە، لەنێو بردن.[ف] كشتن

حەیادار: بەحەیا، شەرمن، بە شەرم، فەدیۆک.[ف] شرمو

حەیسوبەیس: لەسەر قسە ڕۆیشتن، شەرەقسە. *(ئەو حەیس و بەیسەی ناوێ خەتای هەر دووکیانە.)* .ف بحث و جدل

حەیلانکێ: جۆلانێ، دنگلاف، هەلۆرتک، دیلانێ. ف تاب

حیزەفێڵ: فێڵ و گزی کردنی ترسەنۆکانە و خوێڕییانە.ف کلک زدن بزدلانه

حیزەڵە: حیزەڵ، ترسەنۆک، بێغیرەت.ف ترسو، بزدل

حیلاندن: حیلە، دەنگی ئەسپ، کۆڕژن. *(ئەسپەکە حیلاندی.)* ف شیهه اسب

خ

خاپینۆک: گەوج، حۆل، گەمژە، هەقمەق، گەلحۆ، گەمشۆ. ف ابله

خاتر گەرد گرتن: زیز بوون، رەنجان، تۆران. *(ناوێری بڵێی کشەمەمرە، خاتری گەرد دەگرێ.)* ف رنجیدن، دلگیر شدن

خاتردار: بەڕێز، بە حورمەت. ف محترم

خاتوو زەمهەریر: پیرێژنی ئەفسانەیی کە دەڵێن خوشکی چلەگەورە و چلەچکۆڵەیە و دوای نەمانی چلەکان شین دەگێڕێ و باران و بەفر دەبارێنێ، دە ڕۆژ بەر لە نەورۆز. ف زمهریر

خاتوون سێمانکە: پەپووسلێمانکە، شانەسەرە. ف هدهد

خاجە نشین: خواجە نشین، سەکۆی بەر درگای ماڵ بۆ دانیشتن. ف سکوی جلوی خانە

خاچپەرست: ئەرمەنی، عیسایی، پێڕەوی دینی حەزرەتی عیسا. ف مسیحی

خادان: هێلکەدان، تۆمەدان. ف تخمدان

خارچک تەقیلە: کارگ، جۆرێ قارچکە وەک کڵاو دەچێ. ف نوعی قارچ شبیه کلاه

خارچک جووینە: جۆرێ کارگە لەنێو جاڕە جۆدا هەڵدەتۆقێ. ف نوعی قارچ

خارچک سەگانە: کارگە گولانە، قارچکە گولانە. ف نوعی قارچ سمی

خارچک گەنمینە: جۆرێ کارگە لەنێو گەنم جاڕدا هەڵدەتۆقێ. ف نوعی قارچ

خازیک: داخ، مخابن، حەسرەت. ف افسوس

خاسەخۆر: خۆشخۆراک، تایبەتیخۆر. ف خوشخوراک

خاسەسی: سیخاسە، قازی دەشتی. ف غاز خاکستری

خاسەکەش: زەوییەک کە باش ئاو درابێ و جێگای وشکانی نەمابێ. ف زمینی کە برای شخم زدن به خوبی آبیاری کنند

خاشاک: خاشاڵ، چیلکە و چاڵ، پڕ و پووش. ف

خار و خاشاک

خاشخاشکه ماره: جۆرێک گوڵه خاشخاشکه گوڵەکەی گەورەترە لە خاشخاشکی ئاسایی و ڕەنگەکەشی سووری مەیلەو نارنجییە، کەلووی گوڵەکەشی بەر لە پشکووتن درێژۆکەیە و. بەقەد قامکە تیتۆلە دەبن و زیاتر لە بوورە و بەر کەندەڵان و شوێنی بەردەڵان دەڕوێ.ف نوعی شقایق

خاشخاشۆکێ: خاشخاشک، چارەچەقیلە.ف شقایق

خاشەبڕ کردن: لە ڕیشە دەرهێنان، بنبڕ کردن، دوایی پێهێنان.ف از ریشه کندن

خاکاو: ئاودانی دێراوی تازە هەڵدراو بەر لەوەی شەتڵ و تووەکەی تێدا بچەقێنن.ف آب دادن خاک جالیز قبل از کاشتن

خاکەر: هێلکەکەر، مریشکی هێلکەکەر.ف مرغ تخمگذار

خاکەڕا: خۆ بە کەم زان، بێدەمار.ف متواضع

خاکەڕایی: خۆ بە کەم زانین، بێپۆز و هەوا بوون.ف تواضع

خاڵخاڵۆکە: (+) شنگە ماینانە، ئەسپنگە ماینە.ف نوعی گیاه خوراکی

خاڵۆزە: خاڵخاڵۆکە، خاڵخاڵۆک، خاڵخاڵک.ف کفشدوزک

خاڵوڵەد: ☜ خاڵەوڵەد

خاڵەخشکێ: خلیسکێن، خشخشانکێ.ف سرسره‌بازی

خاڵەوڵەد: منداڵێک کە زۆر لە خاڵی دەچێ، یان ئاکاری وەک خاڵی وایە.ف بچه‌ای که بیشتر به داییش رفته

خاڵهوما: جۆرێ کۆتری کونجی کونجی جوانە.ف کبوتر خال خال

خاموت: قایشی عارەبانە کە لە ملی چارەوێ دەکرێ بۆ ڕاکێشانی.ف لاستیک پیوند اسب و گاری

خانە خشتوور: خانە خراپ، ماڵ وێران، ماڵ کاول.ف خانه ویران

خانەمیری:) ناوی هەوایەکی گۆرانیی کوردییە) ناوی هەڵپەڕکێیەکی کوردییە.ف) نام یک آهنگ کردی) نام یک نوع پایکوبی کردی.

خاو شکاندن: دەر کردنی ماڵات لە بەهاردا بۆ ماوەیەکی کورت و هێنانەوەی بۆ ماڵێ.ف به صحرا بردن حیوانات اهلی در فصل بهار برای مدتی کوتاه و برگرداندنش به خانه

خاوبەستن: بریتی لە فریو دان، هەڵخەڵەتاندن. *(وریابە خاوت نەبەستێ.)* ف فریب دادن

خاوە: چەرمێکی نەرم کە شەنەی داری پێ دروست دەکەن.ف نوعی چرم نرم برای درست کردن چنگک

خاوەماست: ماستی شل و ئاو تێ کراو بۆ مەشکە، خاوەمێ.ف ماست آبکی برای مشک

خاویلکە: تەمبەڵ، کار نەکەر، دەست و پێ سپیلکە، خاو و خلیچک.ف دست و پا چلفتی

ختوورە: بە دڵدا هاتن، بە خەیاڵدا هاتن، غایلە. *(دڵی ختوورە دەکا.)* ف خطور

ختێمتێ: ختیلکە، ختووکە، قانەقدیلە.ف غلغلک

خدوو: خووی سروشتی، تەبیعەت.[ف] غریزه

خدووک:(+) کوڵی گریان، ئۆناق.[ف] بغض

خدووک هەستان: کوڵی گریان هەستان، ئۆناق. *(زۆری خدووک هەستابوو.)* [ف] بغض کردن

خـڕ هـەڵـدان: کـۆ کردنـەوە، خـڕ کردنـەوە. *(گارانەکەی خڕ هەڵدا و بەرەو ماڵی ڕایدان.)* [ف] جمع کردن

خراپۆچکە: بێکەڵک، کەمبایەخ.[ف] بیارزش

خربرۆشک: چیرۆک، خەبەرۆشک، هەقایەت، قەواتی.[ف] افسانه

خڕپەک: دغڵی تەنک، دەغڵی لاسک باریک کە لە شوێنی کرالّ دەڕوێ.[ف] مزرعەی گندم کە خاکش ریگزار باشد

خرت: نێری و بەرانی چوار ساڵە.[ف] بز و قوچ چهار ساله

خڕتک: کەندڕ، ئاودڕ، بوودڕ، شیوی قووڵی تەنگ.[ف] آبکند

خرمچوو کردن: چوار پەل بەستنی ماڵات بۆ سەر بڕین و بە عەرزدا دانی. *(گوریسێک بێنن خرمچووی کەن دەنا ناکەوێ.)* [ف] بستن و به زمین زدن حیوان برای سر بریدن

خرمژن: دەنگی لەرانەوە و خرمەخرمی کرمەک و بەرمـوور و ژێر چەنە. *(ڕێکتر لە گەری ڕەشبەڵەک/ خۆشتر لە خرمژنی کرمەک «هێمن».)* [ف] صدای زیور آلات

خڕناک: لووت، کەپۆ، دڤن.[ف] بینی

خڕۆکە: گردیلەی زۆر وردی نێو خوێن کە بە زەڕەبین دەبیندرێ و چوار لە دەی خوێنی لەش لەو پێک هاتووە و بە هۆی سپڵ و مێشکی یەسقان دروست دەبن و دوو جۆرن: خڕۆکەی سوور و خڕۆکەی سپی، خڕۆکەی سوور تۆزێ پانکەڵەن و ژمارەیان لە لەشدا یەکجار زۆرە و لە هەر میلیمەتری مکەعەبی خوێندا پێنج ملوێن خڕۆکەی سوور هەیە. لە خوێنی ئاژەڵدا ژمارەیان جیاوازە. هەر کاتێک ژمارەی خڕۆکەی سوور لە خوێندا کەم بێتەوە مرۆڤ تووشی کەمخوێنی دەبێ و ڕەنگی هەڵدەبزرکێ. خڕۆکەی سپیش سلوولگەلێکن لە کۆمەڵێک پێرتۆپلاسم و ناوکەیەک پێک هاتوون و ژمارەیان لە خڕۆکەی سوور کەمترە و لە هەر میلیمەتری مکەعەبی خوێندا شەش هەتا حەوت هەزار دانە هەیە[ف] گلبول

خڕوگز: کتومت، هەروەک، عەینەن. *(عەلی خڕوگز هەر باوگییە.)* [ف] درست مثل، شباهت زیاد.

خڕەپاندنەوە: کایە کردن و دەستبازی و تلاندنەوە. *(یەکتری دەخڕەپێننەوە.)* [ف] بازی کردن و غلطاندن کسی.

خڕەکە: (+) قوڵە دارێکی بەقەد بستێکە نەقیزەیەکی پێوە بوو بە پەتێکەوە، سوار لە مەچەکی دەکرد بۆ لێخوڕینی یەکسم.[ف] چوب کوتاه نوک تیزی که سوارکار با ریسمانی به دست می‌کند و با آن اسب و الاغ را می‌راند

خرەنگێز: هەنگەژاڵە، زەردەواڵە.[ف] زنبور زرد

خڕێنگ: کرۆشکە.[ف] غضروف

خڕێنەبڕە: چوار ددانە گەورەی پێشەوەی

مرۆڤ. ف دندان نیش

خزمەت کردن: کار بۆ کەسێک کردن، ڕێز گرتن و بە دەوردا هاتن. ف خدمت کردن

خزیلک: (+) جۆرێ کرمی لووس و زەردە لە جێگای شێداردا دەژی. ف نوعی کرم

خشتوور: خاپوو، کاول، وێران. ف ویران

خشتە: (+) چوارخانە، جەدوەل. ف جدول

خشتەی لێکدان: جەدوەل زەرب. ف جدول ضرب

خشخشانکێ: خلیسکێن، خالەخشکێ. ف سرسرەبازی

خشکە: (+) بەو هەڵماتە دەگوترێ کە لە مێشێندا بەسەر زەویدا دەڕوا، پێچەوانەی هەڵگرتە. ف راندن تیله بر روی زمین در تیله‌بازی

خلخل: (+) جۆرێ مراوی کێوییە. ف خوتکای سفید

خڵم: چڵم، ئاوی لووت. *(خڵمی لووتت بسڕە.)* ف آب دماغ

خڵمن: چڵمن، چڵمە. ف خلمو

خلندۆر: گیایەکە دەکرێ بە چێشت، گیایەکە لە لۆرکی دەکەن. ف نام گیاهی

خڵێفە: پاپۆکە، پەپکە. *(ئەوڕوو مارێکم دی خڵێفە دابوو.)* ف چمبره

خڵێفە خواردن: خڵێفە دان، پاپۆکە خواردنەوە، قەف خواردنەوە، ف چمبره زدن

خڵێفەدان: پاپۆکە خواردن، پەپکە کردن، قەف خواردنەوە ف چمبره زدن

خڵێڵە: غایلە، دڵەخورپە. *(دڵم خڵێڵە دەکا و ناحەسێتەوە.)* ف دلواپسی

خلێنە: کاکیلکە، کاکیلە. ف دندان آسیاب

خمام: تەمومژ، تەمتومان، دومان، ف مه

خمڵ: پێشبینی، مەزندە کردن بە چاو. ف تخمین

خمڵ خستن: مەزندە کردن بە چاو، پێشبینی کردن. ف تخمین زدن

خمڵخەر: پێشبینیکەر ف تخمین‌زن

خمڵکەر: خمڵخەر. ف تخمین‌زن

خنجوولک: خنجیلە، خنجیلانە. ف کوچولوی دوست داشتنی

خندڕک: بوودڕ، کەندڕ، ئاودڕ، شیو. ف گودال

خنۆک: ئەوک، تینتینۆکە، قوڕقوراچکە، بینەقاقا قوڕگ، قوڕوو، گەروو. ف گلو، حلقوم

خۆ بادان:) خۆ هەڵسووڕاندن؛) سەرپێچی کردن لە کار، *(کەم خۆت بادە ئەگەر بشمری دەبی ئەوکارە بکەی.)* ف) تاب دادن خود؛) سرپیچی کردن از کار

خۆ بە ئاو و ئاوردا دان: بریتی لە حەوڵدانی زۆر. *(بۆ پاروویەک نان خۆ بە ئاو و ئاوردا دەدا.)* ف خود را به خطر انداختن

خۆ بە زل زانین: لەخۆبایی بوون، غللور بوون، بادیهەوا بوون. ف خود بزرگ‌بینی، تکبر.

خۆ بەدەستەوە دان: خۆ تەسلیم کردن، خۆ خستنە بەردەست. ف تسلیم شدن

خۆ تێگەیاندن: خۆ نیشان دان، سەر لێ هەڵێنان. *(خۆی لە کەس ناگەیێنی، پێم وا ئەو خۆی تێ نەگەیاندی.)* ف خود را نشان کسی دادن

خۆ تێوەردان: خۆ لە کارێک هەڵقوتاندن.[ف] مداخله

خۆ جوان: ژیکەڵە، جوان، ژیگوڵ، جوانی سروشتی.[ف] زیبای طبیعی

خۆ دۆڕاندن:) ورە بەردان، دەست لە خۆ بەردان، ناهۆمێد بوون؛) خۆ فرۆشتن.[ف]) نومید شدن؛) خود را باختن و مزدور شدن

خۆ ڕانان:) خۆ کێشان بەرەو پێشەوە، هێز لەخۆ دان بۆ ڕۆیشتن؛) خۆ هەڵکێشان، خۆ نواندن و پۆز لێدان.[ف]) کشیدن خود به جلو و راه رفتن؛) فخر کردن

خۆ ڕێک خستن:) خۆ شیرین کردن، خۆ یەک خستن لەگەڵ کەسێک؛) خۆ لە یەکتر هەڵساوین.[ف]) خودشیرینی؛) خود را به یکدیگر ساییدن

خۆ فرۆشتن: خزمەت کردن بە بێگانە، جاشییەتی.[ف] خودفروشی

خۆ گنخاندن: خۆ مات کردن و کار نەکردن بۆئەوەی کات بگوزەرێ.[ف] وقتکشی

خۆ لە تەپڵی گوڵێ دان: خۆ ڕازاندنەوە، خۆ جوان کردن. *(کچی ئەوە بۆ وا خۆت لە تەپڵی گوڵێ داوە؟)* [ف] کنایه از آرایش کردن زیاد

خۆ لە خوارەبایان گرتن: بریتی لە خۆ لێنابەڵەد کردن، خۆ لێنەدان. *(زۆر زیرەکە خۆ لە خوارەبایان دەگرێ و ئەننەهوو هەر نەیدیوە.)* [ف] خود را نابلد جا دادن

خۆ لە دەسک نان: خۆ حازر کردن بۆ جێگایەک، خۆ بە کەسێکەوە هەڵواسین و بە زۆر لەگەڵی ڕۆیشتن بۆ سەفەر. *(خۆی لە دەسک ناوە لەگەڵیان بڕوا.)* [ف] خود را بر کسی تحمیل کردن.

خۆ لە قەرە (نە) دان: تخون کەوتن، خۆ نیشان کەسێک دان. *(ناوێرێ خۆ لە قەرەم دا، خۆ لە قەرەی کەس نادا.)* [ف] به کسی نزدیک شدن یا نشدن

خۆ لە ماڵ خستن:) حاشا کردن. *(ژنەتیوە خۆی لە ماڵی خستووە و بۆی چۆتە حاشا.)* ؛) بۆ ئاشت بوونەوە چوونە ماڵێک بۆئەوەی تاوان یان خەتاکەی ببەخشن. *(تازە هاتووە و خۆی خستۆتە ماڵت دەبێ لەگەڵی ئاشت ببیەوە.)* [ف]) زنی که شوهر خود را ترک می‌کند و به خانه مرد دیگری می‌رود؛) برای آشتی کردن به خانەی کسی پناه بردن

خۆ لەگەز دان: بریتی له خۆ درێژ کردن، تخێڵ بوون، ڕاست ڕاکشان، ڕەهێڵ بوون.[ف] دراز کشیدن

خۆ لێ بواردن: چاو لێ قووچاندن، خۆ لێ گێل کردن.[ف] اغماز

خۆ لێ بە پشتدا خستن: حاشا لێ کردن و خۆ بە خاوەن نەکردن، گوێ پێنەدان.[ف] خود را صاحب نکردن

خۆ لێخۆش کردن: خۆ بەتەمای شتێک کردن، کەوتنە سەر تەماح. *(خۆم لێخۆش کردبوو ببیەم بۆ خۆم.)* [ف] بەامید چیزی بودن

خۆ لێدان (نەدان) :) خۆ پێدادان، *(گیانم خۆڵاوییە خۆتم لێمەدە پیس دەبی.)* ؛) خۆ لە

کار شاردنەوە. *(خۆ لە هیچ کارێک نادا.)* ف) برخورد؛) از زیر کار در رفتن

خۆ مەڵاس دان: خۆ حەشار دان، خۆ مات کردن. ف ساکت و بی‌حرکت شدن

خۆ هەڵداشتن: خۆ فڕیدان، خۆ لە بەرزایی ڕا حەوا دانە خوار. ف خود را پرتاب کردن

خو هەڵشەنگاندن: شانازی بە خۆوە کردن. ف بە خود بالیدن

خواتیەلە: خوێ تاڵە، خوێی تاڵ. ف نمک تلخ

خوارک: پوور، پلک، میمک. ف عمه، خاله

خواروا: بنژیل، بنبێژنگە. ف تەنشین غربال شده

خوازبێنی کردن: داوا کردنی کچ بۆ کوڕ، خوازمەنی کردن. ف خواستگاری کردن

خوازمەنی‌کەر: خوازبێنی‌کەر، داواکار. ف خواستگار

خواژن: پەیکەرەی جوان بۆپەرەستن.(ڤێنووس خواژنی جوانییە. ف الاهه.

خواسایی: ئاسایی، عادەتی. ف معمولی

خواله: (+) بت، خوای دەستکرد. ف بت، صنم

خوالینە:) خوێڵێن، کانگەی نمک؛) کانیاوی سوێر، سوێراو. ف) معدن نمک؛) چشمەی آب شور

خوباب: بەرخەبەبە، غەوغەو، غەبغەب، پێستی داکەوتووی بەر مل. ف غبغب

خۆبزێو: شتێک کە خۆی کار دەکا، مەکینەیەک کە خۆی هەڵدەبێ و دەکوژێتەوە، ئوتۆماتیک ف اتوماتیک

خۆبێژ: خۆوێژ، کەسێک کە گۆرانییەک ڕێک دەخا و هەروا لەبەر و خێرا خێرا دەیڵێ. ف ترانه‌خوانی که فی‌البداهه می‌خواند.

خۆتڕێن: کارێک کە پیاو بە زەرەدی خۆی بێ. *(شەڕی خۆتڕێن نەیکەی چاترە.)* ف کاری که به زیان خود باشد

خوتن: (+) ڕژد، چکووس، ڕەزیل، قرنیس، پیسکە، چکوود، چرووک، دەستقووچاو، سەقیل. ف خسیس

خوچک: خوشک، خوار، خویشک. ف خواهر

خودا خودا: بە تاسەوە ویستن، خۆزگە خواستن. *(خودا خودامە جارێک ببینم.)* ف آرزو کردن

خوداوڕاستان: ئەزقەزا، قەزائەن، بەڕێکەوت. ف ازقضا

خودری: خۆڕست، خۆدەر، خۆڕسک. ف خودرو

خوردە بوون: دانەخۆرە بوون، دەمەچێشتە بوون. ف چشته‌خوار شدن

خوردە کردن: دانەخۆر کردن، دەمەچێشتە کردن. ف چشته‌خوار کردن

خۆرکە: خۆرە، مۆرانە، مۆریانە، جانەوەری دارخۆر. ف موریانه

خورمەچیچان: گوڵە مێلاقە، ڕەبەنۆک. ف آلاله

خوریشۆر کردن: بریتی لە کوتانی زۆر، بە دار لە کەسێک دان. ف کنایه از چوبکاری کردن

خۆڕێکخەر: خۆ شیرینکەر، کەسێ کە جێی خۆی لە دڵی خەڵکدا دەکاتەوە. ف خود را شیرین کردن

خورێنی: خورێن، دوای لە خەو هەستانی

بەیانی هیچ نەخواردن. *(ئەم دەوایە بە خورێنی بخۆ.)* ف ناشتا

خوزره: زیندووله، مێکرۆب.ف میکروب

خوزه: خۆ مات دانی کەروێشک لەنێو بەفردا. *(کەروێشکەکە خوزەی کردبوو.)* ف پنهان شدن خرگوش میان برف

خوزەدان: به پێدزکه دەرباز بوون، ڕۆیشتن بە ئەسپایی و دەره دزه پێدان.ف جیم شدن

خۆزەو: خۆزگە، خۆزی، خۆزیا.ف کاش

خوزیلێک: قوز، کوز، خەمشە.ف آلت تناسلی زن

خوسپە: کەسەر، خەفەت، خەم.ف اندوه

خوسەند: جنێو، جوێن، دژمان، ف فحش.

خوش دادان: مانگایەک کە بە جوانی شیرەکەی دەدۆشرێ. *(ئەو مانگایە هەتا گوێلکەکەی نەلێسێتەوە خوش نادادا.)* ف گاوی که شیری به خوبی دوشیده شود

خۆش هەڵکێشە: یانجووز، گیایەکە وەک تاڵوو وایە بەڵام گەڵاکەی پانترە لاسقی سپییە و گوڵی زەردە لەنێو گەنمجاڕدا شین دەبێ.ف نام. ف نام گیاهی است

خۆشئاژۆ: ئەسپی خۆشڕکێف و تیژڕۆ.ف اسب خوشرو

خۆشارۆکێ: قەرێ قەرێ، چاوشارکێ.ف قایموشک

خۆشامایی کردن: ڕیایی کردن، کلکەسووتێ، خۆ شیرین کردن، ماستاو سارد کردنەوە، تەشیڕێسی.ف تملق و خود شیرینی

خۆشداکەنە:) بریتی لە ژنێک کە زوو خۆ بەدەستەوە دەدا و دەرپێکەی دادەکەنێ؛) نارنگی، میوەیەکە وەک پرتەقاڵ وایە تیخوڵەکەی بە ئاسانی پاک دەکرێ.ف) کنایە از زنی کە زود همخوابە می‌شود؛) میوەی نارنگی

خۆشدڕ: بریتی لە کەسێک کە جلوبەرگی باش لەبەر دەکا. ف کنایە از کسی کە لباس شیک می پوشد.

خوشدەر: ئافتاوە، لوولێنە، مەسینە.ف آفتابە

خۆشڕست: تاجییەک کە بۆ ڕست کردن ڕام و دەستەمۆیە. پێچەوانەی بەدڕست.ف یوز شکاری کە خوب رام شدە باشد

خۆشکوڵ: شتێک کە باش دەکوڵێ، بۆ لەپە و نۆک و باقلە دەگوترێ. *(کیلۆیەکم لەپەی خۆشکوڵ کڕیوە.)* ف حبوباتی کە بە خوبی پختە می‌شود

خۆشگلەیی: کەسێک کە هەمیشە گلەییی بەدەستەوەیە. *(هێندە خۆشگلەییيە ناوێری سڵاوی لێ بکەی دەست دەکا بە گلەیی.)* ف کسی کە همیشە گلە دارد

خۆشمەشرەب: ☜خۆشمەشرەف

خۆشمەشرەف: خۆشمەشرەب، گاڵتەچی، زمانخۆش. *(پیاوێکی خۆشمەشرەفە.)* ف خوشرو، شیرین زبان

خۆشە کردن:) تێک هەڵشێلانی قوڕ بۆئەوەی خۆشە بێ بۆ دیزە و گۆزە و کۆتەڵ و تەندوور و...؛) ڕاهێنانی منداڵ بۆئەوەی لە کار کردن ڕابێ؛) کولاندنی نێوکە چەقالەی تاڵ بۆئەوەی

ببێته خۆشه.⟨ف⟩) بههم زدن گل رس برای کوزه و تنور و مجسمه و ...؛) پرورش دادن فرزند برای اینکه کار یاد بگیرد؛) جوشاندن هستهی تلخ زردآلو برای اینکه شیرین شود

خۆفرۆش: سیخوڕ، جاش، بێشەرەف، فسۆس. ⟨ف⟩ خودفروش

خۆفک: ڕەحەتی، ئامرازێکی زار گوشادی بن تەنگە شتی تراوی پێ دەکەنە دەفرەوە.⟨ف⟩ قیف

خۆفیە: ئیشی سیخوڕ، کاری جاش، کردەوەی خۆفرۆش⟨ف⟩ جاسوس

خۆفیەگەر: سیخوڕ، جاش، خۆفرۆش⟨ف⟩ جاسوس

خۆفیەگەری: جاشێتی، سیخوڕی⟨ف⟩ جاسوسی

خۆڵ لە پارووی خۆ کردن: بریتی لە زەرەد لە خۆ دان، خۆ تاڵ کردن.⟨ف⟩ کنایە از بە ضرر خود کاری کردن

خۆڵ لە چاو کردن: بریتی لە فریودان، بە فریو بردن، کڵاو لەسەر نان.⟨ف⟩ کلکل زدن

خول هەڵبوون: بریتی لە خۆ بادان و بە پەلە ڕۆیشتن بەرەو کارێک. *(خێرا لەو لاوە خول هەڵبوو هات بۆ لامان.)* ⟨ف⟩ با عجلە رفت

خولامانە: (+) پەلکی گوڵی گوڵەبەڕۆژە.⟨ف⟩ گلبرگ آفتابگردان

خولقەت: خووخدە، ئاکار، تەبیعەت.⟨ف⟩ عادت

خولقێنەر: بەدیهێنەر، داهێنەر.⟨ف⟩ خالق، آفریننده

خولگە: جەغز، گردی، بازنە. *(لە خولگەیەکی تایبەتدا هەڵدەسووڕێن.)* ⟨ف⟩ دایره

خۆڵەپۆک: بێستانێ کە گیای هەرزەی تێدا نەمابێ و بە تەواوی بژار کرابێ.⟨ف⟩ جالیزی کە از گیاه هرزە پاک شدە باشد

خۆلەخۆلە: بانگ کردنی بەرخ.⟨ف⟩ صدا زدن برە

خولەک:) عەقرەبەی سەعات؛) دەقیقە.⟨ف⟩) عقربە ساعت؛) دقیقە

خۆڵەکوو: خۆڵەکەوە، خۆڵەمێش.⟨ف⟩ خاکستر

خۆڵەمژ: خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە. .⟨ف⟩ خاکستر

خۆلی کردن: ترساندن، تۆقاندن.⟨ف⟩ ترسانیدن

خونچ: قوون، کۆم، کونگ.⟨ف⟩ مقعد

خۆواو: ئاوێ کە لە مەزرا دەگیری و بێ ئاودێر خۆی لە زەوییەکە ئاژین دەبێ.⟨ف⟩ آبی کە بە صورت طبیعی زمینی را آبیاری میکند

خوودار: شێت، دەلوو، لێوە، دین. *(بەجاری خووداری کرد.) (هێندە ترسام لەوانە بوو خوودار بم.)* ⟨ف⟩ دیوانە

خووزە: خۆ شاردنەوەی کەروێشک لەبن بەفردا، کاتێک هەست بە مەترسی دەکا دەچێتە بن بەفرەوە و تەنیا لای لووتی زەرد دەبێ و بەفرەکە دەتاوێنێتەوە. *(کەروێشکە شین لە خووزەدا بوو تاجی هەڵیانساند.)* ⟨ف⟩ پنهان شدن خرگوش میان برف

خووگەملە:گەمەیەکی لاوانەیە دوو کەس بەری پێیان بە یەکەوە دەنێن و گوریس یان پشتێنێک دوو سەرەکەی گرێ دەدەن و لە ملی دەخەن هەرکامیان بە هێزتر بێ ئەوی تر هەڵدەستێنێتە سەر پێ.⟨ف⟩ اسم یک بازی جوانان

خویچێژ: تام کردنی چێشت بۆئەوەی کابان

بۆی دەرکەوێ چێشتەکەی بێخوێیە یان سوێرە. ف چشیدن غذا

خوێڕی: (+) تەمبەڵ لە دەرسخوێندن. *(هێندە خوێڕییە هیچ فێر نابێ.)* ف تنبل

خوێڕیگر: خوێڕی ویست، لایەنگری لە خوێڕی، پشت بە خوێڕی بەستن. *(چەن چکۆڵەن پەلەوەر لەو بەرزە/* ئاخ کە چەن خوێڕیگرە ئەم عەرزە «سوارە».) ف پستخواه

خوێڕیگەری: خوێڕییەتی کردن، کاری حیزانە و پەست، سووک و چرووکی. ف فرومایەگی

خوێڕیلە: لات، بۆرەکە، بێکارە، بۆرە پیاوی خوێڕی و بێکارە. ف بیکارە، فرومایە

خوێڕییەتی: خوێڕیگەری، پەستی، چرووکی، خێری سفەتی. ف فرومایەگی

خوێژنگ: هەڵە، سووچ، نەزانکاری. ف اشتباه

خوێگە: شوێنی خوێ پێدانی ئاژەڵ. *(مێگەلەکە راده بۆ سەر خوێگە.)* ف محلی کە نمک برای گلە میریزند

خوێن بەری چاو گرتن: بریتی لە زۆر توورە بوون، چاو سوور بوون لەبەر ڕق و توورەیی. *(خوێن بەری چاوی گرتووە حەتمەن کەسێک دەکوژێ.)* ف کنایە از عصبانیت زیاد

خوێنبژی: خوێنبایی، خوێن بژاردن، قەرە بووی خوێنی کوژراو. ف خونبها

خوێندکار: قوتابی، دەرسخوێن. ف محصل

خوێنڕێژ: قاتڵ، پیاوکوژ، خوێنخۆر. ف سفاک

خوێنسۆل: خوێنبایی، خوێنبژی، خوێن بژاردن ف خونبها

خوێنسووک: سەحەتسووک، ڕەزا شیرین، *(چەندی لە کچ و ژن و لە بەربووک/ چەند لاوی لەبار و قۆز و خوێنسووک «مەم و زین»)* . ف زیبای دوستداشتنی

خەبابەت: خۆ ئامادە کردن، حازر بوون، خۆ تەیار کردن. ف مهیا شدن

خەپ خەپێن:ناوی یارییەکی لاوانی گوندنشینە، شەوانە لە کۆڕەکەیاندا چرا دەکوژێننەوە هەر کەس مست بۆ کەسێک دادێنێتەوە، جا هەر کەس وریا بێ جێ خاڵی دەکات بۆئەوەی مستی هاوڕێکەی وە عەرزی بکەوێ. ف نام یک بازی جوانان

خەپان: خەپە، خەپەتۆڵە، جوان و نەرم و نۆڵ. ف تپل

خەپلەخڕێ: کایە و دەست بازیی ژن و مێرد و یەکتر تلاندنەوە. ف بازی زن و شوهر و غلطاندن یکدیگر

خەپۆڵە: کولێرە، ئەستوورک. ف نانبربری

خەپە: (+) جۆرێ شەنەی گەورە و پانە کای پێ تێدەکەن. ف نوعی چنگک چوبی.

خەپەخان: شەڵتان، شەلاڵ، خەڵتان. *(خەپەخان بووگە لە خوون.)* ف آغشتە

خەپەخان کردن: لە خوێنا شەلاڵ کردن. *(خەپەخانی کرد لە خوون.)* ف آغشتە کردن

خەت خەت: ڕێ ڕێ، خەتدار. *(پانتۆڵی خەت خەتم کڕیوە.)* ف راه راه

خەت کێشان:) خەت پێدا هێنان *(مامۆستا مەشقەکەی بۆ خەت کێشام.)* ؛) شوێن و کار و

بار بۆ دیاری کردن. *(ئەوە خەتیان بۆ بکێشێ تەواوی دەکەن!)* ؛) لێگەڕان، کار پێنەبوون. *(ئەوە هەر خەت بکێشە، پیاوەتیی لەدەست نایە.)* ف) خط کشیدن مشق؛) نقشەی کاری کشیدن؛) کسی را خط کشیدن، انتظار از او نداشتن

خەتابار: تاوانبار، خەتاکار. ف خطاکننده

خەتاکار: خەتابار. ف خطاکننده

خەتخۆش: کەسێ کە خەتی خۆشە، خۆشنووس. ف خوشخط

خەتسین: خنکان، خەفە بوون. ف خفه شدن

خەجاڵەت بوونەوە: شەرمەزار بوون، تریق بوونەوە. ف خجل شدن

خەجاڵەت کردن: شەرمەزار کردن، تریق کردنەوە. ف شرمنده کردن

خەجاڵەتبار: شەرمەزار، شەرمەندە، فەدیکار. ف شرمسار

خەجاڵەتی کێشان: هەست بە شەرمەزاری کردن. ف شرمسار شدن

خەجڵان: عەبەسان و دەست تێکەڵ هاتن، حەپەسان و سەرلێشێوان. *(هەر چاوی بە وەستاکەی دەکەوێ دەخەجڵێ.)* ف دست و پا گم کردن

خەرتۆڵە:) سەگی چکۆڵەی قەڵەوە، سەگی خڕپن؛) منداڵی جوان و خڕکەڵە، منداڵی خەپەتۆڵە. ف) سگ کوچک و تپلی؛) بچە تپل و زیبا

خەرسەخول: تەرسەقول، تەرسی یەکسم. ف مودفوع اسب و الاغ

خەرسەک: تەوەزل، قون قورس و لەش گران. *(دەڵێی خەرسەکە لەجێی خۆی نابزوێ.)* ف تنبل

خەرگە: (+) دۆشەکی ئەستوور و گەورە لە پەڕۆپاڵی کۆن. ف تشک کلفت و بزرگ از پارچە و لباس کهنە

خەرمانەستێر: تەرازووکۆ، کۆتەرازوو، پۆلێ ئەستێرە. ف خوشەی پروین

خەرمێز:) کەرمێز، لە شوێنێک کە گویدرێژێک میزی کردبێ، هەتا ماوەیەک هەر کەرێک بەوێدا بڕوا ئەویش میز دەکا؛) بریتی لە کەسێک کە زۆر چاوڵێکەری دەکا و لاسایی ئەم و ئەو دەکاتەوە.) ف) جایی کە الاغ ادرار می‌کند و بقیە الاغها تا مدتی در آن محل ادرار می‌کنند؛) کنایە از آدم چشماچشم

خەرنووک: خرنووک، بنچکێکی درکاوییە بەرێکی وەک قەزوان دەگرێ. *(خەڵکی گەییە جەلبی ڕۆح و ئەم خەریکی شانەیە/ حەز لە تەسبیحی گڵین و خەرنووک و قەزوان ئەکا «قانع».)* ف بوتەای خاردار

خەرووک: خرنووک، بەرێکی دار مازووە. ف نوعی ثمر درخت مازوج

خەروەن: خەربەنگ، خەربنگ، ناوی گیایەکە، قاپقاپۆکە. ف اسم گیاهی است

خەرەزەنگ: غەرەزەنگ، خەرەزەن، قامچی کەڵ و گا ئاژۆتن. ف تازیانە

خەزخۆ: خەزگان، قازان، بەرۆش، مەنجەڵ. ف دیگ مسی بزرگ

خەساراو: قووناو، پاشاو، ئاوێک کە لە زەوی

ئـاژین دەکرێ و لـەو سـەری دەردەچـێ و بـە فیڕۆ دەڕوا.ف آبی که از زمین بیرون می‌رود و ضایع می‌شود

خەسجر: شێواو، ئاڵۆز، شپرێو.ف آشفته

خەسووتەقێنە: ناوی کراسێکی ژنانەیە.ف اسم پیراهنی زنانه

خەشەخوری: گۆنییەی زۆر گەورە کە خوریی تێ دەخەن، هۆر.ف گونی بسیار بزرگ برای پشم

ڕێبەدێی: ڕێنوێنی، ڕێنومایی.ف راهنمایی

ڕیتکـە:(+) نـامیزان بـوونی تـەقـەڵی مـەکینـەی بـەرگدووری بـە جۆرێـک کـە دەزووەکـە لـە ژێـرەوە کۆ دەبێتـەوە و بـە جـوانی نایـدووری، (مەکینەکەم دوو ڕۆژە ڕیتکە دەکا ناتوانم کاری پێبکەم) ف نامیزان بودن بخیەی چرخ خیاطی کە نخ زیرین جمع می‌شود

ڕیتـەڵ: ڕیـوەڵـە، کز، لـەر و لاواز، داڵگۆشـت.ف لاغر و نحیف

ڕیحال: زین، جلێکی پشتی ئـەسـپ کە لـە دار و چەرم دروست دەکرێ.ف زین

ڕێحانە کێویلە: گیایەکی بۆنخۆش و خۆڕسکە گەڵاکەی وشک دەکەن و وەک چا دەم دەکرێ و بۆ ژانەزگ کەڵکی لێوەردەگرن. ف نام گیاهی

ڕێخان: بازەڵێن، توولێن، قاچوو، قەمچان. ف یەقول دوقول

ڕێخشاندن: لێخستن، پێدا خشاندن. ف ساییدن بە چیزی

ڕیخلۆنی: خیزەڵان، زیخەڵان. ف ریگزار

ڕیخۆڵەدرێژ: بریتی لە بەسەبر و خۆڕاگر، بەتاقەت ف صبور

ڕیخۆڵەکێش: بریتی لە ئازا و بەبڕشت، کۆڵنەدەر و ماندوویی نەناس ف کنایە از جسور و بااقدام

ڕیخۆڵەی دوازدە گرێ: ڕیخۆڵەی بنی گەدە. ف رودەی اثنیعشر

ڕیخەتاڵە: شیاکەی شلی ماڵات کە بەهاران گیای شین دەخوا و تەڕەکی دەگرێ. ف مدفوع شل احشام

ڕیزپەڕ: دەگمەن، شاز ف نابغە

ڕێزدار: بەڕێز، خاوەنڕێز. ف محترم

ڕێزەڵە: (+) یەسکێکی خڕە لە چۆکی ماڵاتدایە. ف استخوانی گرد در زانوی حیوان.

ڕێزەڵە مارانە ☜ ڕێزەڵە مارە

ڕێزەڵەمارە: ڕێزەڵە مارانە، ترێ مارە، ترێ مارانە. ف تاجریزی

ڕێزیانە: جۆرێک گیایە تۆوەکەی بۆ زگچوون دەبێ. *(ماڵت پڕ بێ لە ڕێزیانە و منداڵت بە زگئێشە بمرێ!)* ف رازیانە

ڕێژگە:(+) ئەوشوێنەی کە چۆمەڵ تێکەڵ رووباری گەورە دەبێ.شوێنی تێکەڵبوونەوەی دوو چۆم. ف محل بەهم پیوستن دو رودخانە

ڕێژڵە گەوەن: سوورە گوێنی، سوورە گەوەن. ف گون سرخ

ڕێژنە: (+) ئاوپاشی حەمام، دۆشی گەرماو. ف دوش حمام

ڕێژوان:) ڕێگەی ژوان، ڕێگایەک کە دوو دڵدار پێک دەگەیێنێ؛) ناوی کچانە. ف) راە میعادگاە؛) نام دخترانە

ڕێژە:) مەشقی نیزامی؛) چەن بەرانبەر، ڕادە و داهات. *(ڕێژەی گەنمەکە لەوە زیاتر بوو.)* ف) رژەی نظامی؛) اندازە برای محصول

ڕێژەک: قالب، دەفرێ کە کانزای تواوەی تێدەکەن بۆئەوەی ببێتە شمش. ف ظرف قالببندی شمش

ڕێژەو: (+) ڕێژنە، لێزمە، بارانی بە غوڕەم. ف رگبار باران

ڕیس: رووس، رووت، بێبەرگ *(ڕیس و بنیس هاتبووە دەرێ.)* ف عریان

ڕێسمە: گرێژەنە، پاژنەی درگا *(درگاکەیان لە ڕێسمە برد.)* ف پاشنەی در

ڕیش لەبەر گرتن: بریتی لە تکا لێ کردن و پاڕانەوە لە کەسێک و داوای بەخشین و لێخۆشبوون. *(ئەو عالەمە چوونە لای بۆ تکا و ڕیشیان لەبەر گرت بەڵام کەڵکی نەبوو)* ف کنایە از خواهش و تمنا کردن

ڕیشاژۆ: ڕەگاژۆ، ڕیشە داکوتان بە هەموو

لایەکدا.ف ریشە دواندن

ریـــشکۆ: ریـــشوو، ریـــشۆک، ریـــشۆکە، هــەڵــوەشــاوی بــادراوی کــەنــاری مێــزەر.ف منگووله.

ریشە بزن: گیایەکە بنێکی وەگ گێزەری هەیە ڕەنگی سپیە و دەخورێ.ف نام گیاهی خوراکی

ریشەڵۆک: بنەچەکە، ڕەگەز.ف نژاد

ریڤار: ڕووبار، چۆم، چەم.ف رودخانە

ریڤـان: (بـزووتن، جووڵانـەوە(شـارەزای ڕێگـە، ڕێناس.ف (حرکت.(راهنمای راه.

ریڤگە: سەرەتا، هەوەڵ.ف ازل

ریق: (+) زگچوون، بەلەفیرە، تەقەفیرە.ف اسهال

ریقن: کەسێ کە زۆر زگچوون دەگرێ، فیرن. ف کسی کە زیاد اسهالی میگیرد

ریقناسە: قورگ، گەروو، قورقوراچکە، قورووو. ف حلقوم

ریقۆ: ☜ ریقن

ریقە: ☜ ریقن

ڕێکڵاو: کڵاوبنە، قاڵاقنگ، لاسقی گەڵا ڕێواس.ف ساقەی برگ ریواس

ڕێکەوتن:) ڕەپێ کەوتن، هەڵبڕین، ڕەپێ نان *(ڕێـی کـەوتـم بـەڵام بـۆم نـەگیـراوە.)*) ڕۆیـشتن، وەڕێ کەوتن ف) دنبال کردن) بە راه افتادن

ریمۆسک:گیایەکی بۆنخۆشە لە مێرگ و گوێ جۆگــە دەڕوێ وەک گــەڵای گێــزەر وایــە بــۆ دۆکولێو دەبێ.ف گیاهی خوشبو برای آش .

ریمۆڵە: ڕێشکە و پێشکە، چاو لە ڕەشەوە هاتن. *(چاوم ریمۆڵە دەکا و خەریکە بکەوم بە عەرزدا.)* ف سیاهی رفتن چشم

ڕێناس: ☜ ڕێڤان

رینجۆ: گۆج، شەلەل، سەقەت، زرۆپ.ف افلیج

رینگاو: ئاوی خەستی نیسک و باقلەی کوڵاو ف آب غلیظ عدس و لوبیای پختە شدە

ڕێـواق: سـپیایی نـاو خورمـا کـە وەک شـیلەی هەنگوین پێکەوە نووساوە.ف شهد خرما

ڕێوج: ڕێواس، نێرتکی باسکڵاو.ف ریواس

ز

زاخرخانە:) +)) زاخە، کویل، ئاغەڵە مەڕی لە کێو دابڕاو.) بریتی لە دیوی زۆر سارد. *(ئەم دیوە هێندە ساردە دەڵێی زاخرخانەیە.)* [ف]) زاغە.) کنایە از اتاق بسیار سرد.

زاخە خانە: ☜ زاخرخانە.

زاخەکەن: کەندەسمە، حەوڕەنگیلە، ڕەنگڕێژە، مێشخورە.[ف] نام پرندەای است

زاخێز: خیزەڵان، زیخەڵان.[ف] شنزار

زاربوغازە: شەلەگەی دێراو، ئەو شوێنەی ئاوی لێوە دەچێتە نێو کەردوو.[ف] دریچەای کە آب از آن داخل جوی میشود

زاربێنە: زاربێن، شتێکە لە دار یان پەڕۆ بۆ تێئاخنینی زارکی گۆزە و جەڕە، تۆپەوانە.[ف] دهانەبند

زارجوو: ئەندازەیەک بنێشت بۆ جاوێن. *(زارجوویەک بنێشتی لە دەمدا بوو.)* [ف] مقدار آدامس کە در دهان میگذارند

زارچکە: جاجکە، بنێشت، چەقە.[ف] سقز، آدامس

زارچن: بژارچن، مەساسەیەکی چکۆلەیە بژاری پێدەکەن.[ف] ابزار وجین

زارکەبێنە: ☜ زاربێنە

زارە و دەر: سەر تەندووری بەر ئاوەڵا.[ف] سر تنوری کە جلوش باز باشد

زافەوەر: زەیستان، ژنی تازە زاو.[ف] زن تازە فارغ شدە

زاو و زاتوول: بەچکە و مەچکە، منداڵی سەروپێچکە.[ف] بچەهای کوچک و زیاد

زاوا ڕێوی: زاوایەک کە دەچێتە سەرماڵی خەزوور[ف] دامادی کە در خانەی پدرزن زندگی میکند، داماد سرخانە

زاوا زێڕینە: تازە زاوا، زاوای خۆشەویست.[ف] تازە داماد

زاول: ملۆزم، مێمڵ.[ف] مزاحم

زایەند: گان، سێکس، نزیکی کردنی نێر و مێ.[ف] جماع، سکس.

زبڵاخە: زبڵدان، زبڵگە، شوێنی ڕشتنی زبڵ و زاڵ.[ف] زبالەدان

زبڵکوان: زبڵگە، زبڵدان.[ف] زبالەدان

زبێڵ: چیلکە و خیز و خۆڵ لەنێو دەغڵدا *(ئەگەر نۆکەکە زبێڵی کەمە کەوی مەکە.)* [ف] آشغال

زجاو: زەلکاو، زۆنگ، باتلاغ.ف باتلاق

زڕ: وشک، کزر *(ئەو دانەوێڵە تەڕە لەبەر خۆر هەڵخەن با زڕ بێ.)* ف خشک

زراو: بالابەرز و قەدباریک *(لە تیشکی ڕوومەتت سارده هەناسەم/ کز و بێتینی ئەو بەژنی زراوم. «هەژار».)* ف کمر باریک

زرپوزیندوو: ساخ و سلامەت و وریا، زیت، وریا *(زرپوزیندوو لە لامان ڕاوەستاوە)* ف سلامت و هشیار

زڕخەو: خەوزڕاو، خەوپەڕیو *(تازە ڕرخەو بووە خەوی لێناکەوێتەوە.)* ف از خواب پریده

زرۆپ: نوقستان، سەقەت، ڕینجۆ.ف فلج

زرووقە: شۆق، بریقە، شەبەق.ف درخشش

زرەبیزا: گیایەکی کوێستانییە لاسقی ڕەقی هەیە ف نام گیاهی است

زرەچێرگ: باڵدارێکە لە چێرگ چکۆلەترە.ف هوبره

زرەکەش: زەوییەک کە باش ئاو نەدرابێ و جێگا جێگای بە وشکی مابێتەوە.ف زمینی که خوب آبیاری نشده باشد

زرەلاو: گیایەکە قالۆری هەیە و ڕەنگی سپییە، زۆر بەرز دەبێتەوە و لەنێو قۆپیدا شین دەبێ. ف نام گیاهی است

زرەمەندێ: ☜ بەلبەلە شوانە

زگ لەوەڕێن: زگەڕۆ، مشەخۆر، زگدڕاو، سک لەوەڕێن.ف شکمو

زگچوون: زگەشۆرە.ف ☜ اسهال

زگدڕاو:) زگهانک، زگەڕۆ، زۆرخۆر؛) ناوی دێیەکە لە نزیکی مەهاباد.ف) شکم گنده؛) نام روستایی در نزدیکی مهاباد

زگهانک: زگزل، ورگن، گەدەزل.ف شکمو

زگەشۆرە: زگچوون، تەقەفیرە، سکەشۆرە، بەلەفیرە، تەقەتۆرە.ف اسهال

زگەشۆرێ: زگچوون.ف اسهال

زگهۆڕ:) زگزل، گەدەزل، ورگن، زگهانک؛) زگەڕۆ، زۆرخۆر.ف) شکم گنده؛) شکمو

زگێنی: زەگەڕۆیی، چڵێسی.ف شکمو بودن

زلحۆل: زلحۆ، تەژەی ناقۆلا و گەمژە، گەوجی زەلام.ف لندهور احمق

زڵخاو: کالان، کێلان.ف غلاف، نیام

زلووڤیاگ: هەراهەرا، زەنازەنا، هەڵلاوبگر.ف سر و صدای زیاد

زلەموو: مووی پیریی بن چەناگەی پیرێژنان. *(هێندە پیرە زلەمووی لە چەناگە هاتووە.)* ف مویی کە بە علت پیری روی چانە پیرزن می‌روید

زمان بە چاو نەگەیشتن: بریتی لە تینوێتیی زۆر. *(هێندەم توونییە زمانم بە چاوم ناگا.)* ف کنایە از عطش زیاد

زمان بە مۆلەق وێستان: زمان لە گۆ چوون، زمان شکان.ف از حرکت افتادن زبان.

زمان پاراو: دەم پاراو، دەماوەر، قسەزان.ف سخندان

زمان لە گۆ چوون: ☜ زمان بە مۆلەق وێستان

زمانەخەسوو: گیایەکی گەڵا پان و دڕکاوییە لە گوڵداندا پەروەردە دەکرێ.ف کاکتوس

زمێر: زمهەڕ، ئازووخەی زستان.ف ذخیره

زنـاک:) نیـشانە، تـابلۆی نیـوڕی؛) نیـشانە لـە نووسیندا وەک : ؟ ، ! ؛ ف) تابلوی راهنمایی و رانندگی؛) نشانەهای نوشتن مانند : ؟ ، ! ؛

زنگار: زنار، تیشە شاخ.ف سخره

زنە: (+) کانیلە، کانیلکە.(دایکی زانایە کوڕی ئازا دەنێرێتە خـەبات/ مـن گـوتم تـۆش تێبگـە ناگاتـە دەریایە زنە.«هێمن».) ف چشمەی کوچک

زنەکێش: (+) زۆنگکێش، جۆگەلە دروست کردن لەنێو زۆنگدا بۆئـەوەی ئـاوی زۆنگاوەکـەی پێدا بڕوا.ف درست کردن جوی آب در چمن آبزا.

زوخ: خـووس، خـوێز، زوقـم، ئاڵـشک، ئاڵیـسکە، سیخوار، خووسار.ف سرماریزه

زوخبــردە: گیـــاوگژ وبێـــستان و زەرحـــاتی سەرمابردوو.ف سرمازده

زورار: (+) قـەدباریـک. کـەمـەر باریـک، زراو.ف کمر باریک

زورکاندن: دەنگی یەستر، یەستر دەزورکێنێ. ف صدای قاطر

زورکە: دەنگی یەستر.ف صدای قاطر

زورهــان: پیــر، پیختیــار، بــەســاڵاچوو *(پیــری زورهــانی کــەنــەفتــی دەردەدار/ داتــەپیــوی بێپەسیوی کۆڵەوار. «هێمن».)* ف پیر، مسن

زۆرینە: لانی زۆر.ف اکثریت

زوقرە کردن: فججە کردن، دیق کردن، لەداخا مردن، *(ئەمشەو بێ تـۆ خـەو داڵداریکی نامۆیـە و نایـــەتـــە ژوان/ وەک دوو دڵـــداری تامـــەزرۆن پێلووەکانم/ لە سوێی قومە وەنەوزێکدا زوقرەیان کرد/ لە تاسەی ڕاموسینێکدا هەڵپڕووکان. «قادر عەلیخا».)* ف دق کردن.

زوکولە: زمانە چکۆڵە.ف زبان کوچک

زۆڵانە: تەوق، قەڵادە، قەڵاتە، ئالقەی ملی تـاژی. ف قلادە سگ شکاری

زوڵف شەمسە: شـەش گوڵینگی پێشە سـەر بـوو بە شەدەوە کە سێ بەملادا و سێ بەولادا شۆڕ دەبۆوە.ف منگولەای کە زنان بە دستار آویـزان می‌کردند

زوڵم: ستەم، ناهەقی، گووج، نـاڕەوایی.ف ظلم، ستم

زوما: زاوا.ف داماد

زۆمپا: کوورە، زۆپا، سۆبە.ف بخاری

زۆنگکێش: ☜ زنەکێش

زووبر: تـەخت، ڕاسـت، عـەردا زووبـر، زەوینـی ڕاست.ف زمین هموار

زووروو: سووتووی خوری *(بە داسەکە دەستـی خۆی بڕی زووروومان بۆ کرد خوێنەکەی وشک بوو)* .ف خاکستر پشم و مو

زوورووشـک: گـەوج، کـەلـحۆ، نـاهیر، هـەقمـەق، گەمشۆ، نەفام.ف نادان، ابله

زووفـا: گیایـەکـی دەرمانییـە بـستێک لـە زەوی بەرز دەبێتەوە و گوڵی قاوەیی دەر دەکا.ف نـام گیاهی است

زووقاندن: دەنگی یەستر، یەستر دەزووقێنـێ.ف صدای قاطر

زووقە: دەنگی یەستر.ف صدای قاطر

زەجرەبە: جەزرەبە، ئازار، عەزیەت.ف اذیت

زەحمەتکێش: ڕەنجکێش، کرێکار.[ف] زحمتکش

زەخم: (+) توند، مەحکەم *(بەنەکە زەخم گرێدان.)* [ف] محکم

زەخمار: زامار، بریندار، کوڵەوار، [ف] زخمی

زەربەقوونە: هێلکە، هێک، زەبرەقوون.[ف] تخم‌مزغ

زەرحات: شیناوەرد، بێستان، تەرەکاری.[ف] جالیز

زەرد و ماه : شاخی بەرز و ئەستەم، ڕەوەزی ڕژد و بەرز. *(گەیشتمە سەر ترۆپکی ئارەزوو ڕۆژێ کەچی ڕوانیم/ لە پێشمدایە زەرد و ماهو سەخت و ئەستەمێکی‌تر «هێمن».)* [ف] سخرەی صعب‌العبور

زەردەگوێنی: جۆرێک گوێنییە ڕەنگی لاسق و دڕووەکانی مەیلەو زەردە.[ف] نوعی گون

زەردەڵۆک: (مەیلەو زەرد، زەردواش.(زەردەڵ، کز و لاواز.[ف] (رنگ مایل به زرد) لاغر، نحیف.

زەردی زرۆقی: جۆرێ کەوشی قەدیمی ژنانە بوو.[ف] نوعی کفش قدیمی زنانه

زەردیکە: زەردوویی.[ف] یرقان

زەرق: ڕیا، دووڕوویی، تەشیڕێسی.[ف] تزویر

زەرەج: ژەرەژ، دوڕاج، کەو.[ف] کبک

زەرەند: گوژارک، کوژاڵک، کاڵەکە مارانە.[ف] هندوانەی ابوجهل

زەریکە: خنازیل، خەنازیر.[ف] گواتر

زەریم: نێرگز، گوڵێکی گەڵا سپی بەهارییە، نەرگز.[ف] نرگس

زەڕیی مسقاڵی: پارچەیەکی قەدیمی بوو بۆ کراسی ژنان.[ف] نام یک پارچەی قدیمی

زەعف: زۆر، زەهف، فرە، گەلەک.[ف] زیاد

زەڤەر: (+) چالاک، گورجوگۆڵ.[ف] چابک

زەڤەنگ: داخوازی، خوازیاری، داوا.(گەلەک ژباڤا وی زەڤەنگ کرن نەهاتە رازی بوونێ.) [ف] تقاضا

زەق: (+) هەڵمات، مەرمەڕ، کەللا.[ف] تیله

زەقان: مێشێن، ماتانێ، هەڵماتێن.[ف] تیله‌بازی

زەقزەقە: ئەستێرە، هەسارە، ستێر، ئاسارە.[ف] ستاره

زەلامە بەفرینە: پیاوە بەفرینە، ئەو پەیکەرەی منالان بە بەفر دروستی دەکەن.[ف] آدم‌برفی

زەلبەقوونە: پووشبەقوونە، پووشبەقنگە.[ف] سنجاقک

زەڵزەڵە: (ئاوی برین، زنچکاو، (برینەکەی زەڵزەڵەی لە سەر نیشتبوو) .(کوڵۆی نەخووس لەنێو قوڕدا. *(پاستاوەکەت چاک نەخووساندووە زەڵزەڵەی تێدایە.)* [ف] (کلوغ خشک در گل (آبی که روی زخم می نشیند.

زەڵمە: گیایەکە لە قەراغ چۆم شین دەبێ. [ف] نام گیاهی است

زەڵە: زایەڵە، دەنگدانەوە *(کزەی پایز پڕووزانی پەڕ و باڵی هەڵۆی هەردم/ لە کوێستانی سەقز نایە زەڵەی دەنگی تەوارێ تر. «عەلی سەلیمی بابامیری ...پەشێو».)* [ف] پژواک

زەلیو: زەوینی زۆر خووساو بە باران کە لاقی تێ هەڵدەچەقێ.[ف] زمین خیسیده

زەمانە: ڕۆژگار، ڕۆژیار، ڕۆجیار.[ف] روزگار،

زمانه

زەمبەر: (+) ڕاده بۆ لێدان. *(دەبێ زەمبەرێکت لێدەم.)* ف اندازه برای کتک زدن

زەمبەلەک: ئەستەملێ، ناوە، قورکێش، دەفری قورکێشان. ف ظرف گل‌کشی

زەمبیلۆکە: قەرتاڵەی چکۆڵە. ف سبد کوچک

زەنجەف: زێڕ و زمبەر، متوموروو، کەرەسەی خۆڕازاندنەوەی ژنان. ف زیورآلات.

زەندووک: زەندەک، پارچەی باسکپۆش بۆ کار وەک سۆرانی، قۆڵچاخ. ف پارچه‌ای که هنگام کار به ساعد و بازو می‌بندند

زەنگۆڵ: تەمبەڵ، تەپلۆس، قوون گران، تەوەزەل، کاهێل. ف تنبل

زەنگۆڵ: گوێزنگ، گویزک، قاپی پا. ف قوزک پا

زەنگۆڵە: (+) شانەی زەردەواڵە. ف شانەی موسە.

زەنگەر زەنگەر: لەرزەلەرز، لەرەلەر. ف لرزان لرزان.

زەواد بڕین:) خواردنی خۆراک، نان خواردنی کەسێک کە ماوەیەکی زۆر برسی بووە. *(دوو ڕۆژە زەوادەم نەبڕیوە.)* ؛) بڕینی ڕسق و ڕۆزیی کەسێک. *(گوناحن ئەو تۆزە زەوادەشیان لێ مەبڕە.)* ف) خوردن غذا بعد از مدتی؛) روزی کسی را بریدن

زەواد کردن: زەواد بڕین، خواردنی نان و پێخۆر. ف خوردن غذا

زەوارە: تەختەی باریکی لێواری سندوق و پەنجێرە و ... چوارچێوەی ئاسن یان تەختەی شووشەگیری پەنجەرە و دەرگا، پەرواز. ف زوار

زەولان: (قەڵادە، زۆلانە، (تۆقێکە لە ئەستۆی دیلی دەکەن. ف (قلاده، (حلقه‌ی آهنی که به گردن اسیر می اندازند.

زەوەززە: زێ و زوو، زاوزێ. ف زاد و ولد

زەوەنگ: ☜ زەڤەنگ

زەهف: زۆر، فرە، زیاد. ف زیاد، بسیار

زەیف: فێڵ کردن لە مامەڵەدا، گزە. *(فەقیرە لەو مامەڵەدا زەیفی لێکراوە.)* ف کلک زدن در معامله

زەیقەت: ئازار، تەنگانە و ناخۆشی، ئێش و ژان. *(پێم ناوێرن دەرد و زەیقەت.)* ف اذیت و آزار

زێ و زوو: زگوزا، زاوزێ، زەوەززە. ف زاد و ولد

زێباز: مەلەوان. ف ملوان

زیپکە: خیزی ورد، دەنکە زیخ. *(زیپکەکەی لە پەنجێرەکەدا و حاڵیی کردن.)* ف دانه شن

زێچ: (+) تەنەکەی ئەستوور، گاڵۆن. ف چلیک کلفت

زێدە پاروو: پارووی زیادی، خۆراکی زیادی بە کەسێک دان بۆئەوەی قەڵەوبێ. ف لقمه‌ی اضافی دادن به کسی که چاق شود.

زێدەگاوی: دەستدرێژی، زێدەڕەوی. ف تجاوز

زێرگەوان: زێوان، نگابانی شوێنێک، مجێور. ف نگهبان

زیرۆح: ڕۆح لەبەر، گیاندار، زیندەوەر. ف موجود زنده

زیزڕەمەندێ: گیا سیرێژ، زڕەمەندێ،

بەلبەلەشوانە.ف نام گیاهی خوراکی

زێلاقە: قوڕ و چڵپاو، لیتە. *(لەو قوڕ و زێلاقەیەدا گیرم خواردبوو.)* ف گل شل کە بە پا می‌چسبد

زیلـک:) +) زراو، کیسەی زەرداو، ف کیسەی زهره

زیلـک ڕژان: زراو تـۆقین، زراو ڕژان، زراو چوون.ف زهرترک

زێمار: زامدار، بریندار، زامار.ف زخمی

زین: (+) کورتکراوەی خاتووزین، ناوی ژنانە، گراوەکەی مەم.ف نام زنانە

زیندوولە: میکرۆب، جانەورێکی بچووکە بە چاو نابیندرێ.ف میکروب

زیندە بەتاڵ: بێکار و بەرەڵڵا، خوێڕی.ف لات و لاابالی

زیندەخەو: بیرەخەو، چوونە فکرەوە بەجۆرێک کە هۆشی لەلا نەمێنێ.ف بە فکر فرورفتن

زیندی سەر: بە زیندوویی، لە حاڵی ژیاندا *(بە زیندی سەری خۆی ماڵی بۆ عەولادەکانی جیا کردەوە.)* ف در حال زندگی

زیەلە: زراوی گیاندار، زیلک، کیسەی زەرداو.ف کیسەی زهره

ژ

ژارۆ: ژاری، هەژار، فەقیر، بەلەنگاز. [ف] فقیر، تهیدست.

ژارین: پاڕانەوە، دۆعا کردن، لالانەوە. [ف] نیایش

ژاژک: (+) باوێشک، پینەکی. [ف] خمیازه

ژاڤێن: ژیانەوە، بووژانەوە. [ف] دوباره جان گرفتن

ژالانە: ناوی چیایەکە لە هەورامان [ف] کوهی در اورامانات

ژاڵەمۆ: ژیلەمۆ، ژیلە، زیلەمۆ، پوولووی بن خۆڵەمێش. [ف] آتش زیر خاکستر

ژاوەژاو: (+) لاژەلاژ، بە کاوەخۆ قسە کردن، قسەی زۆر و هیچ و پووچ. [ف] حرف زدن آدم گیج و بی‌ارزش

ژقلتە: ژەقنەمووت، ژەهرێکی کوشندەیە، شتێکی کە زۆر تاڵ بێ. [ف] زهری کشنده

ژمێریار: ژماریار، بژمێر. [ف] حسابدار

ژن و ژاڵ: دەستەی ژن و مێوینە *(لەدەوری کانییەکە پۆلێ ژن و ژاڵ ئاپۆرەیان داوە.)* [ف] انبوه زنان

ژنگار: جۆرێ هەنجیرە. [ف] نوعی انجیر

ژنیلانە: ژنانیلە، پیاوێ کە ئاکاری ژنانەی هەیە. [ف] مردی که رفتار زنانه دارد.

ژۆڤار: شۆڤار، نەمام، دووزمان، قسەبەر. [ف] سخن‌چین

ژوقم: تاڵ، تامی تاڵ، تەحل. [ف] تلخ

ژونرۆ: ژانی ئێسکی لەش، ڕۆماتیز. [ف] روماتیسم

ژووژیان: (+) پشوودان، حەسانەوە، سانەوە. [ف] خستگی در کردن

ژەرژێ: جووجەڵە، جووچک. [ف] جوجه

ژەمەخوێڕێ: قاوەڵتوون، نان و چایی نێوان بەیانی و نیوەڕۆ. یان عەسرۆژە، ئەو ژەمەی کە لە نێوان نیوەڕۆ و ئێوارە دایە. [ف] غذا میان صبحانه و نهار، یا میان ناهار و شام

ژەمە ناهەقە: ژەمە خوێری، عەسرۆژە.ف غذا خوردن هنگام عصر

ژەنگ و ژار:) قار و قین؛) ژەنگ و غەوری سەر کانزا.ف) سختی و ناراحتی، کینەتوزی؛) زنگ روی فلز

ژەهـ : (+) قەحبە، سۆزانی، بەستۆکە، سەڵیتە.ف قحبە، روسپی.

ژەهرەماسی: گیایەکی گەڵا تووکنی مەیلەو زەردە گوڵی زەرد دەر دەکا و لاسقەکەی قاوەییە زۆر لە گۆگەم دەچێ، وشکی دەکەن و بە مەڵۆ دەیبەن لە چۆمی دەکەن و بە دار دەیکوتن تالاوەکەی ماسی دەکوژێ.ف نوعی گیاه تلخ که برای شکار ماهی استفاده می‌شود.

ژێرپاتۆڵ: ژێرشەڵوار.ف زیرشلوار

ژێرپشتێن: پەڕۆیەکی چەند لایە پێکیدا دەدوورن، ژنان لەژێر پشتێنەوە دەیبەستن بۆئەوەی جوان ڕاوەستێ.ف پارچەی چند لایەای که زنان زیر شال می‌بندند

ژێرچەپۆکە: دەسبەسەر، چەوساوە، ، چەپۆکە سەر ، زەلیلی بەردەست، دیل و کۆیلە. *(کورد تا کەنگێ هەر دەبێ ژێر چەپۆکە بێ.)* ف زیردست، تحت سلطە.

ژێرچەپۆکەیی: دەست بەسەری، چەپۆکە سەری.ف تحت سلطه بودن

ژێرشەرواڵ: ژێرپاتۆڵ.ف زیرشلوار

ژێرکەن: بنکۆڵ، کۆڵینی بنەوەی شتێک. *(هێندەیان گڵەکە ژێرکەن کرد هەتا ڕووخا.)* ف کندن از زیر

ژیژەڵە:جۆرێ گوێنی مەیلەو سوور، سوورە گەوەن.ف گون سرخ

ژیگوڵ:) ژیکەڵە، جوان، دەلال، شەپال؛) ناوی کچانە.ف) زیبا؛) نام دخترانه

ژیلوان: ناوی چیایەکە لە کوردستان.ف نام کوهی در کردستان

ژینگە: جێگەی ژیان، شوێنی ژیان.ف محیط زیست

ژیوان:) بژیو، مایەی ژیان؛) ناوی گوڵێکە.ف) مایەی زندگی؛) نام گلی است

ژیوەڵ:) خڕ و خۆڵ، نەرمونۆڵ و خریلانە، خەپەتۆڵە؛) بووژانەوە، ژیانەوە.ف) تپلی؛) دوباره جان گرفتن

ژیویان: جوولان، بزووتن.ف حرکت کردن

س

ساپ: بەردی پانی یاریی ساپساپانی.ف سنگی پهن و کوچک برای بازی ششخان.

ساپساپانێ: یارییەکی منداڵانەیە بە بەردێکی پان و تەنک دەکرێ وەکوو شەشخان وایە.ف اسم یک بازی بچەگانە

ساتار: شوێنی بێ‌دار و ڕووتەن لەنێو دارستاندا.ف جایی در میان جنگل کە درخت ندارد

ساتۆر: (+) کاتۆر، زەوی و مەزرای ڕووتاوە و گیا لێنەماو *(جاڕەکە وا ساتۆر بووە مەڕەکان تێر ناخۆن.)* ف مزرعەی بدون علف

ساتوسەودا: ☜ سارد و سەودا

ساچێنەر: ساڕێژکەر، کەسێک کە برین ساڕێژ دەکا.ف التیامکنندەی زخم

ساردوسەودا: مامەڵە، کڕین و فرۆشتن، ساتوسەودا.ف معاملە

ساردخانە: (شوێنێک کە میوە و گۆشت و شتی دیکەی لێ ڕادەگرن بۆئەوەی خراپ نەبێ، (شوێنی مردوو تێدا ڕاگرتن لە نەخۆشخانە.ف سردخانە

ساردە پەرێز: جاڕە گەنمێ کە نەکێڵدرابێ و بۆ ساڵی دوایی بە جاڕی مابێتەوە.ف مزرعەی گندم کە شخم نزنند و برای سال بعدی بماند

ساردە گۆج: بەچکەی ماڵاتێک کە درەنگ ژەکی دەدەنێ و هێزی مژینی گوانی دایکی نییە.ف برە یا بزغالەای کە توانایی مکیدن مادرش را ندارد.

ساردە گۆژ: ☜ ساردە گۆج

ساردەکێڵ: زەوی و مەزرایەک کە لە قەوس و سەرمای پایزدا دەکێڵدرێ.ف شخم هنگام سرمای پاییز

سارنجۆک: سەلاجە، یەخچاڵ، بەفرەچاڵ.ف یخچال

ساروو: سەرمەست، شەیدا و سەرخۆش، شاد و بە کەیف.ف شاد و شنگول

سارێن: ساورێن، سابرێن، نێری تەگە.ف بز نر

ساقەتە سوورە: زەڕنەقووتە، بێچووە باڵندەی پەڕ دەرنەکردوو.ف جوجەگنجشک پر درنیاوردە

ساک: (+) جانتا، کیف.ف ساک

ساکار:) سادە، بێنەخش و خەت؛) مرۆی سادە و دڵساف.ف) سادە و بدون خط؛) انسان سادە و پاکدل

ساکن: ئۆقرە گرتن، سیچەن گرتن *(دەمەکەت بێنە بینێ ناو دەمم/ دەبا ساکن بێ دڵەکەی پڕخەمم. «فولکلۆر».)* ف آرام گرفتن

ساکەدەشت: ساکەگۆڕ، گۆڕەپان، دەشتی پان و بەرین.ف دشت وسیع

ساکەگۆڕ: گۆڕەپان، دەشتایی. ساکەدەشت.ف میدان، دشت

سالاو: ساڵێک کە ئاو زۆر بێ، تەڕەساڵ.ف سالی کە آب زیاد باشد

ساڵدانە ساڵدانە: هێواش هێواش، سووکە سووکە، ئارام بەڕێدا ڕۆیشتن *(ساڵدانە ساڵدانە لەولارا هات)* .ف سلانە سلانە

سالم: ساق، ساغ، سلامەت.ف سالم

سالووز: لێزان، شارەزا، وەستا، کارزان.ف ماهر

ساڵەوەخت: ساڵهات *(مناڵەکەمان ساڵەوەختی هاتۆتەوە پێ ناگرێ.)* ف سالگرد

ساماڵسا: ساف و لووس، *(بەفر شاخ و هەردی ساماڵسا کردووە.)* ف صاف

سامۆتە: سامۆرتە، کەژوو. (دەلالۆ لالۆ هەستەوە/بە بەن سامۆتەی زینەوە/تفەنگەکەت ، قەڵەمەکەت، گوارەی سووری گوێچکەی مێژوون هێشتا هەردەلەرێنەوە.«شێرکۆ بێکەس».) ف فتراک

سان: سێبەر، سا، سێوەر، نیسی *(سان داربی خوەشە کەومارى نەوێ/ دڵداری خوەشە بەوکاری نەوێ «گۆرانی».)* ف سایە

ساوان: (+) دارێک کە لەسەر دوو کۆڵەکە ڕایڵ دەکرێ جلوبەرگ و کەلوپەلی پێدا هەڵدەواسن. ف چوبی کە بر دوستون قرار می گیرد برای آویزان کردن لباس و وسائل دیگر.

ساوەلەوانی: ساوەساو، خاوەخاو، تەمبەڵی لە کاردا *(لە کاردا زۆر ساوەلەوانی دەکا.)* ف تنبلی، سستی

سایکلۆن: گێژەڵووکە، باهۆز، باگەڕ، گەرەپێچ، گەژگەڕینک، گەردەلوول، زەمەن، گەردەبل.ف گردباد

سایلۆح: ساویلکە، ساکار، مرۆڤی دڵساف.ف سادەلوح

سایلۆکە: ساویلکە، سایلۆح، سادەدڵ.ف سادەلوح

سایەد: ئاگادار، نگابان، چاو لەسەر داپچڕین و ئاگاداری لێ کردن *(ڕۆژ تا ئێوارە لە سەری سایەدە)* ف دیدەبان

سبیرۆک: جۆرێ چۆلەکەی بۆر و زۆر چکۆلانەیە لەنێو دارستان و بێشەدا هێلانە دەکا. ف نوعی گنجشک بسیار کوچک

سپی ڕۆژ: ئەو ڕۆژانەی کەشە هەوری سپی بەری ڕۆژ دەگرێ، ڕۆژی سپی.[ف] روز سفید
سپیلک: کلۆشی گەنم کە دانەکەی زۆر کەم بێ. گوڵە گەنمی بێدان.[ف] ساقە و خوشەی گندم کە دانەاش کم باشد
سپیلکە: ئەو دەنکە گەنم و نۆکانەی لە قۆزاخە نەهاتوونە دەرێ و لەنێو سوورایی جەزەکەدا دیارن.[ف] دانەای کە از خوشە بیرون نیامدە
سپیلۆک: سپیواش، مەیلەو سپی.[ف] مایل بە سفید
ستێرە: شوقەلەت، ستێرک، سەکۆی ڕەشماڵ.[ف] سکوی سیاەچادر
سجیل: ناسنامە، هەویە.[ف] شناسنامە
سجیلنووس: کەسێ کە هەویە دەدا بە خەڵکی، کوێخا سجیل.[ف] صادرکنندەی شناسنامە
سڕ: (+) بێئاگا، بێحەس *(دوکتور ددانی بۆ سڕ نەکردم کێشای.)* [ف] بیحس
سڕە سەپۆلە: مرۆڤی گێژ و کاس و هیچنەزان، کاس و وڕ.[ف] گیج و منگ
سزرگە: مۆچرک، تەزووی لەش.[ف] تیر کشیدن و سیخ شدن موی بدن
سزگاو: تیژاو، سزگ، ئاوی پەنیر کە لۆرکی لێدەگرن.[ف] آب پنیر
سستەر: ☜ سیستر.
سقدر: سقدە، سەردەرانە.[ف] نردەی بالای در.
سکەڕۆ: زگەڕۆ، زگدڕاو، زگهانک، بریتی لە زۆرخۆر.[ف] کنایە از آدم شکمو
سلمۆچک: سمۆچک، قەڵەشتی نێوان سمی ئاژەڵ.[ف] شکاف سم حیوان
سلۆک: سڵ، سرک، ڕەوەک، ڕەوک.[ف] رموک
سلیمۆتەوەرە: پەپووسلێمانکە، خاتوون سێمانکە.[ف] هدهد
سلیە: گوللە، فیشەک.[ف] تیر
سمرسمر: پێچەقاندن، منجڕبوون، بە زۆر و ئیسەرەم کارێک کردن.[ف] پافشاری
سمکۆڵ: (+) پێکوڵ، سم بە زەویدا خشاندنی جوانەگا کاتی شەڕ کردن
سمێڵ چەخماخی: سمێڵ تیژ و باریک، کەسێک کە سمێڵی درێژووکەیە.[ف] کنایە از سبیل دراز و باریک
سمێڵچەورانە: بریتی لە بەرتیل، دەمشیرینی.[ف] رشوە
سمێڵقیت: بریتی لە مرۆڤی بە پۆز و شایی بەخۆ، مرۆڤی لووت بەرز و قیت و قۆز.[ف] آدم مغرور خوشتیپ
سمێڵە خنچکە: بسکەی سمێڵ، زەردەخەنەی پیاو.[ف] لبخند مردان
سن: (+) ناوی هۆزێکی بچووکە لە هۆزی بڵباس.[ف] نام طایفەای از عشیرت بلباس
سنجانە: سەرپۆش، لەچکە.[ف] روسری
سنخچی: شکستەبەند، جەڕاح.[ف] جراح
سندووقە شەیتان: تەلەویزیۆن، تیڤی.[ف] تلویزیون
سنگ شێری پشت ماکەر: بریتی لە پیاوی زەبەلاح و کەمغیرەت.[ف] کنایە از مرد لندهور بیغیرت

سنگەسۆژە: دڵەکزێ، ژان و کزانەوەی سینگ. ف سوزش سینه

سنگەڵ: تەپک، گردوولکە، جێیەک بە قەدی کێوەوە کە شین بێ و گیای پێوە بمێنێ. ف تپەای کوچک در کوه که سرسبز بماند

سنەسن: خاوەخاو، تەمبەڵی و دەستەوستانی لە کاردا *(بە بەر ئەو کارەوە هەر سنەسنیەتی.)* ف تنبلی کردن هنگام کار

سوارە و پیادە: ناوی جۆرێ ئۆییەی بە زەنگیانە گیراوەیە لە پەراوێزی دەسماڵی دەدەن بۆ جوانی. ف نوعی زیورآلات زنانه

سواری قسەی خۆ بوون: بریتی لە پێچەقاندن و پێداگری لەسەر قسە و بیروڕای خۆ *(سواری قسەی خۆی بووە بە ئامان و زامان واز ناهێنێ.)* ف پافشاری بر حرف خود.

سواڵە شێوێنکە: فشە، گیایەکە لەنێو گەنمدا شین دەبێ و کاتی دروێنە نایەڵێ سواڵەی دەستی دروێنەوان پێکەوە بنووسێ و فشی دەکاتەوە. ف نام گیاهی

سواندان: پاسارە، سواندە، سوانە، گوێسەبانە، گوێسوانە. ف لبەی بام

سوتفە: هەڵکەوت، دەگمەن. ف ندرت

سۆدە:) کلۆر، دەرمانێکە تێکەڵ ئاوی خواردنەوەی دەکەن بۆئەوەی خاوێنی بکاتەوە؛) بڵخ، بەڵخ، بەڵغ. ف) کلر؛) جرم

سوراڵک: گیایەکە بەقەد کیفوار گەڵاکەی وەک گەڵای گەسگەسک پەڕە پەڕەیە و شین و مەیلەو سوورە، لە ئاودا لەگەڵ بەن دەیکوڵێنن بەنەکە سوور دەکا. ف اسم گیاهی

سۆراویلک: مراوییە کێوی. ف مرغابی وحشی

سۆرغەرە: ڕەنگێکی زەردی مەیلەو قاوەییە بۆ ئاسک و ئاژەڵ. *(ئاسکێکی سۆرغەرەمان بە بەر قەدی کێوەکەوە دی.)* ف رنگ بور مایل به قهوەای

سوریت: سرووت، کڵۆش، لاسقی گەنم و جۆ. ف ساقەی گندم و جو

سوژن بەدز پێکردن: بریتی لە شاردنەوەی مەسەلەیەک لەنێوان چەند کەسدا. *(وایان شوژن بەدز پێکرد تازە کەس تێی ناگا.)* ف مخفی کردن چیزی میان چند نفر

سۆشین: گیایەکی ئەستوورە لە گۆگەم دەچێ، بنەکەشی وەک چەوەندەر وایە وشکی دەکەن و لێیدەکەن ئاردەکەی دەکەن بە پەڵوولە. ف نام گیاهی

سوکوچرووک: ئابڕوو تکاو، ریسوا، خوێڕی. ف فرومایه و رسوا

سوکور: سیخوڕ، سیخچوولە، ژیشکی گەورەی تیرهاوێژ. ف سگرنه

سۆڵەخانە: سارداو، ژێرخان، قووڵکە لە عەرزیدا بۆ ئاو سارد کردن. ف سردابه

سۆڵین: گیایەکی کوێستانییە بە پۆل دەڕوێ زۆر بەرز دەبێتەوە قالۆری هەیە گەڵاکەی وەک گەرچەک وایە. ف اسم گیاهی است

سۆمپا: سۆبا، زۆپا، سۆبە، کوورە. ف بخاری

سۆمەر: مەلە، مەلێ. ف شنا

سۆنەیی:ناوی هەڵپەڕکێیەکی کوردییە. ف نام

یک رقص کردی.

سونغ: تەمەن، عومر *(یارێکم گرتووە لە سونغی خۆمە.)* [ف] همسن و سال

سووتەبا: گڕە، گڕەبا، سەبوون، بای گەرم.[ف] سبون

سووتەڕۆک: جێگای سوتمان، جارە گەنمێک کە دەسووتێ و ڕەش دەبێتەوە.[ف] مزرعەی سوختە

سووخەت: ئاکار، خوو، ڕەوشت.[ف] اخلاق

سوورماڵک: سوورە بانوو، زەویی بێخێز.[ف] زمینی کە خاک است و شن ندارد

سوورمل: (+) جەمسەری کێو.[ف] خطالراس

سوورمەن: زەویی گڵە سوورە، سوورە بانوو، گۆشتە زەوی.[ف] زمین نرم

سوورە بانوو: زەویی گڵە سوورە، بەرانبەری خیزەڵان. *(ئەم پەتاتەیە خاکەکەی سوورە بانوو بووە تامی زۆر خۆشە.)* [ف] زمین کە خاک سرخ باشد

سوورە پنگ: پنگە سوورە، جۆرێ پنگەیە گەڵاکانی مەیلەوسوورە هەرکەس بیخوا زگچوون دەگرێ.[ف] نوعی پونە

سوورە چیغ: جۆرێ چیغە هەوارچییان لە قامیش دروستی دەکەن.[ف] پرچین نی

سوورە گوێنی: جۆرێ گوێنی مەیلەوسوورە، ژێژڵە گەوەن، ژێژەڵە.[ف] گون سرخ

سوورە مراوی: سوورەقانگ، جۆرێک مراوییە کێوییە ڕەنگی سوورە.[ف] نوعی اردک

سووری دووگر: بریتی لە کەسێک کە دوو شتی وێگرا دەوێ. *(بۆتە سووری دووگر خورماشی دەوێ و بەغداشی دەوێ.)* [ف] کنایە از کسی کە دو چیز را با هم میخواهد

سووژێت: سووژە.[ف] سوژە

سووک: نەقیزە، دارێک کە نوکێکی ئاسنی تێچەقاوە و گا و ولاخی پێ لێ دەخوڕن.[ف] فلز نوک تیزی کە برای راندن حیوانات بە سر چوبی فرو میکنند

سووکە: ئازارە مریشک.[ف] آبلە مرغان

سووگە: گردی نەوی، تەپۆڵک، تیرەگ، کەڵک.[ف] تپە

سوول: سەوڵ، سەرو، داری سەرو.[ف] درخت سرو

سوولان: (+)) شایی، زەماوەند، هەڵپەڕکێ؛) تاڤگە، سۆلاڤ، قەڵبەزە، ئاوهەڵدێر.[ف]) رقص و پایکوبی؛) آبشار

سوونوو: سوون هاتنەوە، بلووغ بوون بۆ سەگ و تاژی.[ف] بلوغ سگ و تازی

سوونە: سن، بۆگەنکە، کیسەڵە، جانەورێکی وردی بۆرە ئافەتی گەنمە و شیلەکەی دەمژێ. [ف] سن، آفت گندم

سوێبانە: سواندان، گوێسوانە، پاسارە، سوانە، گوێسەبانە.[ف] لبەی بام

سوێر قسە: کەسێک کە لە قسە کردن تێر نابێ. کەسێک کە زۆری دڵ بە قسە و باسەوەیە.[ف] وراج، پرحرف

سۆیلانە: جۆرێ گوڵی جوان و بۆنخۆشە.[ف] نام گلی است

ســـویلک: بـــەرخ و کاژیلـــەی ســـاوا.[ف] بـــره و بزغالەی تازه به دنیا آمده.

ســـەبـوون: (+) قـــەدەم، تینێـک کـە لـە قرچـەی هاویندا وەک شەپۆل لە نزیک زەوی دەبیندرێ. [ف] هاله که در گرما دیده می‌شود

سەچاک: سزا، پاداشتی چاکەوخراپە.[ف] عقوبت

سەحانە: دەفر و کاسەی مسین.[ف] ظرف مسی

ســـەحـــەت خـــۆش: ڕووخـــۆش، ڕەزا شـــیرین، خـــۆێنشـــیرین، ڕەزاســـووک، خـــوێن ســـووک، سەحەتسووک.[ف] دوستداشتنی، خوشرو

ســـەحـــەتگـران: ڕەزاگـران، مرومـۆچ، ڕەزاتـاڵ، ڕووناخۆش.[ف] اخمو

ســـەخ:) بنمـیچ، بنبـان؛) مـەلاشـوو، مـلاشـک، مەلاژگ.[ف]) سقف خانه؛) سقف دهان

سەختان: سەخناخ، سەخڵەت.[ف] مسیر سخت در کوه

سەخڵەت: (+) سـخناخ، سـەختـان، شـوێنی ڕژد و ئەستەم لە چیادا.[ف] سراشیبی سخت در کوه

ســـەخمـــەرات: چـەرمـەسـەرێ، کـوێرەوەری.[ف] سختی

سەدەقی خۆ لێدان: ڕای خۆ دەربڕین.[ف] نظر خود را مطرح کردن.

سەرئاسنینە: جۆرێک دڕکی تیژە لەنێو گەنمدا دەڕوێ، ســـەپـــان ترێنـــە، دڕووە کـــەڵـــەوە، چۆکشکێنە.[ف] نوعی خار

سەراسۆ: لای بەرزایی، سەراسوێ. *(بەسمان لێ بگـرە سـەراسـۆی بـانی/ لـە تـۆ مـاڵی زۆر لـە مـن جوانی «گۆرانیی ژنان».)* [ف] طرف بالا

سەرئاسۆ کردن:) مل کێشان و چاو لێ کردن *(بچۆ سەر ئەو بستووکە سەرئاسۆیەک بکە بزانە کـەس دیـار نییـە)* ؛) ســەردان، دیـدەنـی کـردن، هـــەواڵ پرســـین، بـــەســـەر کردنـــەوە، *(قـــەت سەراسۆیەکمان ناکەی)* .[ف]) نگا کردن از بالا؛) ملاقات

ســـەراڤ: (+) قـەراغ ئـاو، لێـواری چـۆم.[ف] کنـار رود

ســـەرانگیـرۆ: گـەڕانـەوە لـە سـەردا بـۆ خـوارێ. *(هـەوارچییـان لـە کوێـستانەوە بـەرەو گـەرمـێن مالاتیان سەرانگێرۆ کردەوە.)* [ف] برگشتن از بالا به پایین[ف]

سەراوەرد:(+) مەرزی نێوان زەویوزار، (گونـدی قـاجر و کـانی پانکـە سـنوور و سـەراوەردیـان پێکەوەیە) [ف] مرز میان زمین کشاورزی.

سەر ئەستوور بوون: بریتی لـە فکـر و خـەم و خەیاڵی زۆر *(سەرم ئەستوور بووە هێندەم بیر کردۆتەوە.)* [ف] سرگیجه گرفتن براثر بیکاری

سەربڕ: (+) دوورینەوەی گـەنـم و جـۆ و وێنجـە بەمـەڵـەغـان بـەشـێوەیـەک کـە سـەری گوڵـەکـەی بقـــرتینن.*(ئـــەو وینجـــەیـــە حـــەیفـــە ســـەربـــڕ مەبیدوورەوە.)* [ف] درو کردن و قطع کردن گندم وجو از نزدیک خوشه.

ســـەربـــردە: ســـەرگوریـــشتە. بـــەســـەرهـــات، سەربهورد.[ف] سرگذشت

سەربگرد: بەسەرهات، سەربردە، سەربهورد.[ف] سرگذشت

سەربەران: بەرانێک کە تەمەنی لە پێنج ساڵ پتر

بێ.[ف] قوچ از پنج سال به بالا

سەربەردە: بانیژه، ئەو جێگەی گەنمی لێوە دەڕێژنە ئاشەوە.[ف] محل فرو ریختن گندم به دهانەی آسیاب

سەربەرووڵە: قوڵەدارێکی بەقەد بستێک دەبێ لای سەرووی باسکێشی دەکوتن دەبێتە هۆی پێوەنددانی نیرو ئاموور، پیمێکە گاینجەکە ڕادەگرێ.[ف] پیمی چوبی درخیش

سەربهورد: بەسەرهات، سەربردە، سەرگوریشتە.[ف] سرگذشت

سەربەهەش: سەربەقوڕ، تازیەبار، کەسێک کە خۆشەویستێکی مردووە و سەری بۆ لە قوڕ ناوە.[ف] کنایه از عزادار

سەربێژنگە: بریتی لە مرۆی دەستەوستان و بێدەسەڵات. *(ئەو سەربێژنگەیە هیچ کارێکی لە دەست نایە.)* [ف] کنایه از آدم تنبل و ناتوان

سەرپنج: گیایەکە وەکوو کەرتەشی وایە بەڵام دڕکی نییە.[ف] نام گیاهی است

سەرپێلک: دەسپێک، سەرەتا.[ف] ابتدا

سەربەکڵاوە: (+) بارانی دەنک درشت کە لە گۆلاوە ئاوی دەدا و بلۆقی پێ دەکا.[ف] باران درشت که برروی آب حباب درست میکند

سەر بەخوزدا گرتن: سەر داخستن و بیرکردنەوە. جۆرێ سەر داخستن کە چەنە بە قووڵکی ملەوە بنووسێ.[ف] پایین انداختن سر.

سەر بێ دەلاک تاشین: بریتی لە کاری ناشارەزا و بێپرس و ڕا.[ف] کنایه از کار ناشیانه و بدون مشورت

سەر پەرژان: بریتی لە دەرفەت و هەل، *(ابڕوا بکە هێندە گرفتارم سەرم ناپەرژێ دەنا دەهاتمە خزمەتتان.)* فرصت داشتن

سەرتووڵ: سەر لقی شلک و باریکی دارە مێو کە پێچ پێچە و ترش و خۆشە دەخورێ.[ف] شاخەی باریک و پیچان تاک

سەرتەتەی بنمافەتە: بریتی لە ڕواڵەت جوانی لە دەروونا پیس و خراپ.[ف] کنایه از ظاهر زیبا و باطن خبیث

سەرتەڕکە: پەڕۆیەکی تەڕ کراوە بەسەر گونتکە هەویریدا دەدەن بۆئەوەی کڕێژ نەهێنێ یانی ڕەق نەبێتەوە.[ف] پارچەی خیسی که روی چونه نانوانی میاندازند

سەرتیک: جەمسەری دروومان.[ف] محل وصل پارچەی دوختە شدە

سەرتیکە: سەیدووکە، گیایەکە بەرێکی خڕ دەگرێ و دەخورێ.[ف] اسم گیاهی خوراکی

سەرجن کردن: سەری برکە تووتن هەڵپەرتاوتن بۆئەوەی گەڵاکانی پان بێ.[ف] بریدن قسمت بالایی بوتەی توتون برای اینکه برگش پهن بشود.

سەر چادان: پەڕۆیەکی گردی گوڵدۆزی کراوە دەیدەن بەسەر قۆریی چاییدا بۆئەوەی دەم بکێشێ.[ف] دمکش

سەرچرووک: سەرچڵووک، سەر لقی دار. *(تازە یارێکم گرتووە خەڵکی شاری کەرکووکە/ لەبەر مەمکۆڵەی دەمرم وەک سێوی سەرچرووکە «گۆرانی».)* [ف] شاخەی بالایی درخت

سەردووشی: دوو لەتە پارچەی دووراو و ڕێک کە بە سەر شانی چاکەتدا دەیدروون هەردوو سەری لای یەخەکەوە بە دوگمە قایم دەکرێ.ف سردوشی

سەردوولکان: چەمەری، ئیلیگی، وایلۆک، سەردوولکە، شێعر بە مردوودا هەڵگوتن.ف مرثیه

سەردەژین: ژانەسەر، سەرئێشە.ف سردرد

سەردەلیل: سەرچۆپیگر (دەسرە هابەدەس سەردەلیلەوە) .(شۆخی نەشمیل بێ دەلیل تۆراوە لێم/ شایی ڕۆحە و سەردەلیل تۆراوە لێم. «نادر نیرووەمەند "بۆران"».) ف پیشاهنگ رقص گرووهی.

سەردێر: ئاودانێکی کەم بۆ گەنم لە پایزدا کە تەنیا ئاوەکە وەسەر زەوییەکە دەکشێ و تێیدا ڕاناوەستێ.ف آبیاری در فصل پاییز

سەردێڕ: ناوی بابەتی نووسراوە *(چیرۆکێک لە ژێر سەردێڕی ئەوە ... دا.)* ف عنوان

سەرڕاو: لای سەرووی جێگەڕاو.ف طرف بالایی شکارگاه

سەرژێکرن: سەر بڕین.ف سربریدن.

سەرڕەشە: (+) گیایەکی گەڵا باریکە وەکوو پوار وایە.ف نام گیاهی است

سەرسارد: کەمتەرخەم، بێموبالات، کەترەخەم. ف لاابالی

سەرسواڵک: ڕیخۆڵە گەورە.ف روده بزرگ

سەرسۆرک: چێشتێکی کوردەوارییە.ف نوعی غذای کردی

سەر سۆفیلکە: گیایەکە وەک تاڵوو وایە گوڵێکی تووکنی سپی خڕ دەر دەکا.ف نام گیاهی است

سەر سوور: جۆرێک مراوی کێوییە سەری سوورە.ف اردک سر حنایی

سەر سووری بەحری: جۆرێک مراوی کێوییە سەری سوور و کڵاونەیە.ف اردک تاجدار

سەرسەپۆل: سڕەسەپۆلە، مرۆڤی گێژ و وێژ و کاس.ف ☜ سڕەسەپۆلە

سەرسەرەکی: لەگۆترە، ئاکۆیی، گوێ پێنەدان، لەخۆڕا کارێک کردن.ف سرسری

سەرسەوز: (+)) مەزرا و شاخ و کێوی زەنوێر و پڕ گیا و دار؛) بریتی لە سەید، عەولادی پێغەمبەر.ف) سبز؛) کنایه اولاد پیامبر.

سەرشێلکە:) ئەو پەڕۆیەی بەسەر هەویریدا دەدەن دوای شێلانی.) ئەو بەنەی لە بەینی داو و سنگ دایە. بەنێکی درێژۆکەیە چەند سنگی پێوەیە دایدەگوتن و داوەکان بەو بەنەوە دەبەستن و بۆ کەوی دەنێنەوە.ف) پارچەای کە روی خمیر نان می‌اندازند.) نخی کە در دام کبک بەکار می‌رود.

سەرقورس:) تەمبەڵ، تەوەزەل؛) بەدگووز، خیشەسەر و گوێنەدەر.ف) تنبل؛) کلەشق

سەرقورس بوون: داهێزران، ماندوو بوون و هێز لێبڕان.ف تباسیدن.

سەرقۆزی بن ئاڵۆز: کەسێک کە زۆر دەستکورت و هەژارە، یان خەمناک و دڵناخۆشە، بەڵام خۆی شاد و دڵخۆش نیشان دەدا و لافی دەوڵەمەندی لێدەدا.ف کسی کە

تهیدست و غمگین است و خود را ثروتمند و شاد نشان می‌دهد

سەر قۆق: کەچەڵ، یاڵ گەنیگ، سەر گەنێگ.ف کچل

سەر قەباغ: (+) پارچەیەک کە بەسەر گیرفانیدا دەدوورن و بە دوگمە دادەخرێ، سەر گیرفان. ف روپوش جیب لباس

سەر کردنەوە: دەرفەتی دەستکردنەوە، *(ناهێڵێ سەر بکاتەوە.)* ف مهلت دفاع ندادن به حریف

سەرکڵاوە: (+) چوکڵەی سەر دەسکی کەردووکێش کە دەستی ڕاستی پێوە دەگرن.ف تکه چوبی که به انتهای دسته‌ی گراز میکوبند برای دست گیره.

سەرکوێر کردن: لێدان و شکاندنەوەی منداڵ لەبەرچاوی خەڵکی. *(هێندەی لێداوە سەرکوێری کردووە بۆیە هیچ فێر نابێ.)* ف کنایە از زدن کودک به نحوی که قدرت یادگیری را از دست بدهد.

سەرکەوا: جۆرێ جلی ژنانەیە پەراوێزەکانی بە سیم دەنەخشێنن.ف نوعی روپوش زنانه.

سەرگەنیگ: کەچەڵ، یاڵ گەنیگ.ف کچل

سەرگیندان: ژوورێکە لە تەویلەدا کە پەینی تێدا هەڵدەدەنەوە بۆئەوەی وشک بێتەوە.ف جای سرگین خشک کردن

سەرلەرێدا بوون: بەدڵ لە خزمەت کەسێکدا بوون. *(هەر ئەمرێکی بیفەرمووی سەرم بۆت لەرێ دایە.)* ف با جان و دل در خدمت کسی بودن

سەرلەبەر:) بە تەواوی، تێکڕا. *(سەرلەبەری کارەکە ئەو کردی.)* ؛) سەردەبەر، مرۆڤی ڕۆحسووک و فەرمانبەر، ملکەچ.ف) بە کلی؛) گردن‌کج

سەرما تۆپێن: سەرما گێرەوە، بریتی لە جلی زۆر گەرم.ف ضد سرما

سەرماسین: سەر ئەستور بوون، بریتی لە بیرکردنەوەی زۆر *(سم سمی کەر و چنگ چنگی یاسێ، من سەرم لەو کارە دەماسێ. «پەند».)* ف سرگیجه گرفتن

سەرماقۆتانی: سەرمەقولات، سەرەومەقولانج. ف معلق

سەرمامۆستا: سەرۆکی مامۆستایان، سەرۆکی قوتابخانە.ف مدیر مدرسه

سەرمردوولە: مرۆڤی شەرمێون و فەقیرۆکە *(ئەو سەر مردوولەیە هیچی لە ڕوو هەڵنایە.)* ف کنایه از آدم شرمو

سەرمەنجەڵانە: ئەو پارەیەی زاوا لە کاتی ئامادەبوونی چێشتدا بە ئاشپەزی دەدا.ف انعامی که داماد به آشپز می‌دهد.

سەرمەند: سەرسام، واقوڕماو، سەرسووڕماو. ف متحیر

سەرنا: سەرین، سەنیر، بالشت، بالیف.ف بالش

سەرنووسەر: کەسێک کە بەسەر کار و باری ڕۆژنامە و گۆڤاردا ڕادەگا.ف سردبیر

سەرنەرم: بریتی لە مرۆڤی گوێڕایەڵ و ڕۆحسووک. (کوڕێکی سەرنەرمە چۆنت پێخۆش بێ واکار دەکا.) ف کنایه از آدم حرف

شنو و سبک روح.

سەرنێزە: ئامرازێکی پۆڵایە وەک خەنجەر وایە لە سەری تفەنگی دەبەستن.ف سرنیزە

سەروپێچکە: منداڵی ساوا، مەلۆتکە، زارۆک.ف نوزاد

سەرودڵ گرتن: بریتی لە مزاحیم بوون *(دیسان هات سەرودڵمان بگریّ.)* ف مزاحم شدن

سەرودڵ لێهاتن: گەشکە کردن، فێ لێهاتن.ف غش کردن

سەروعوزرشۆر: بریتی لە کچی عازەب، کچی جحێڵ.ف دختر بالغ

سەروسووژن دان: ☜ سەنگ و سووژن دان

سەروکڵاوتێکەڵبوون: بە شەڕ هاتن، ئاوقای یەکبوون.ف جدال و دعوا و گلاویز شدن.

سەروێ: هێمن، هێدی، لەسەرەخۆ.ف آرام

سەروێن: مێزەر، دەسرەی سەر، پێچ.ف مندیل

سەرەپیرێژن: بریتی لە کچی چکۆڵەی زۆرزان. ف کنایە از دختر کوچک و دانا

سەرەتەشی: پووشبەقنگە، زەلبەقوونە، پووشبەقوونە.ف سنجاقک.

سەرەجە: تابووت، دارە تەرم، دارە مەیت.ف تابوت

سەرەخەر: (+) سەرە کەرێک کە لەنێو بێستان هەڵیدەواسن بۆ چاوەزار *(بێستان و بێسەرەخەر.)* ف کلە الاغ کە در جالیز آویزان می‌کردند برای رفع چشم‌زخم

سەرەدیقانێ: سەرە تاتکێ، ڕوانین بە دزییەوە. ف دزدکی نگاە کردن

سەرەڕۆ: (+) پێشەنگ، سەرجەلەی کاروان.ف پیشاهنگ

سەرەژن: ژنی قسەزان و کەیخودا، ژنی زانا و وێچوو.ف زن سخنور و دانا

سەرەگاوخان: هۆگان، گامەرز. ئەو شوێنەی خەتی جووت دەگاتە ئەوسەر و دەگەڕێتەوە سەر خەت.ف محل دور زدن در شخم

سەرەمەڕ:) مەڕێک کە دوو زگ زابێ؛) مەڕێک کە لە پێشەوەی مێگەل دەڕوا، سەرگەلە؛) ناوی چیرۆکە شێعرێکی مامۆستا هەژارە.ف) گوسفندی کە دوبار زاییدە باشد؛) گوسفند پیشاهنگ گلە؛) نام شعری بلند از استاد هەژار.

سەرەمێکوتە: کەوچکە قوڵە، چمچمە کۆڵە، کلکەتەشی.ف بچە قورباغەی پا درنیاوردە.

سەرەندەر: سەرودەر، زانین و تێگەیشتن.ف راە در کردن.

سەرەودەرکردن: بریتی لە ڕێ دەرکردن، شارەزایی، ڕێ دۆزینەوە.ف راە درکردن

سەرەوقوم: سەرەوبن لە ئاودا، ئاوەژوو بوونەوە لەنێو گۆمدا.ف سرنگون شدن در آب

سەرەوقوڵە: نووکووسۆ، یارییەکی کچانەیە بە دەرزیلە دەکرێ. دەرزیلەیەک لە مشتیان دەخەن و دەبێ بە نۆرە هەڵیدەن سەرەکەی لای سەرەوەیە یان قوڵە، هەر کەس هەڵیهێنێ دەرزیلەکە هەڵدەگرێ بۆ خۆی.ف نام یک بازی دخترانە

سەرهەڵبڕین:) سەرهەڵێنان، سەر بەرز کردنەوە؛) سەر بڕین.ف) سر بلند کردن؛)

سر بريدن

سەرهەڵنەهاتن: بریتی لە شەرم کردن، خەجاڵەتی کێشان *(لە شەرمانا سەری هەڵنایە.)* ف از شرم سرش بلند نمی‌شود

سەری تەماح برین: چاوپۆشی کردن لە تەماح لە کاتی مامەڵەدا، *(ابریا ئەوکاتە سەری تەماحم ببڕییایە و خانووەکەم بفرۆشتبایە، ئێستا هیچ ناکا.)* ف چشم‌پوشی از طمع

سەری خۆ خوێندنەوە: بریتی لە سەر حیسابی ماڵ و سامانی خو بوون. *(ابا سەری خۆم بخوێنمەوە ئەگەر بۆم هەڵسوورا یارمەتیت دەدەم.)* ف سرحساب دارایی خود شدن

سەرینا: سەرینگا، سەرین، سەنیر، باڵنج، بالیف، باڵگە. ف بالش

سەرینچاوە: سەرچاوە، ئاخێزگە. ف سرچشمه

سەریوان:) تەپۆڵکی خۆڵ و زبڵ، زبڵکوان، زبڵدان؛) سەرانگوێلک، گووڤەک، سەلوێنک. ف) زبالەدان، محل جمع‌آوری زباله؛) سرگین‌گاه

سەعانە: سەحانە، سەحەن، دەفری مسین. ف ظرف کسی برای غذا

سەغ: سەخ، بن‌میچ، بنەبان، ژێربان. ف سقف

سەغڵەت: (+) سەرما و تەڕ و تووشی باران و کرێوە. ف سرمای شدید و بارش.

سەغیربار: کەسێک کە ئەرکی چەند منداڵی سەغیری کەوتبێتە ئەستۆ. *(خێر بۆ ئەو ژنە سەغیربار و بێ‌کەسە باشە.)* ف کسی کە سرپرست چند بچەی یتیم است

سەڤا: ڕزگاری، دەرباز بوون. ف رهایی

سەفەر: (+) کەڕەت، جار، ڕا، چەل *(ئەم سەفەر قسە بکا دەمی دەشکێنم.)* ف دفعه، بار

سەقلە: قەبز، توند بوونەوەی پیسی. ف یبوست

سەگبایی:) باداریی سەگ؛) نەخۆشییەکە لە سەرما و سەغڵەتدا یەکسم تووشی دەبێ و پاشووی لە هەڕەکە دەکەوێ و لەسەر پێشووی ڕادەوەستێ و کەفەڵی لە عەرزی دەخێشێنێ. ف) مرض سگ؛) بیماری الاغ که پاهای عقبش از کار می‌افتد.

سەگڤان: سەگوان، تیرهاوێژی زانا و دەست ڕاست، نیشانە ئەنگێو.. ف تیرانداز ماهر، تک تیرانداز.

سەگ گلاوک: سەگلاو، سەگاڤ، سەگاو، سەگاوی. ف سگ آبی

سەگ گورگ: ☜ سەگورگ

سەگ و شوان هاتنەوە: بریتی لە وەرشکەست بوون و ماڵ بەدەستەوە نەمان. *(جا ئاوا کاسپی بکەم سەگ و شوانم دێتەوە.)* ف کنایە از ورشکست شدن

سەگورگ: سەگ گورگ، سەگێک کە شێوەی گورگ دەدا یان لە ڕەگەزی گورگە. ف سگ شباهت به گرگ

سەڵتە: (+) کولۆنجە، کولێجە، سیخمەی قولداری ژنان. ف نوعی بالاپوش زنانه.

سەڵتەزینە: سواری تەنیا، ڕێبواری بەتەنێ ف سوارکار تنها، تکسوار

سەڵتە قەمچی: بریتی لە ڕاوچییەک کە بەدەستی خالی دەچێ بۆ ڕاو یان لەگەڵ کۆڕی

ڕاوچییان و ڕێبواران دەکەوێ و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. *(ڕاوچییەکان هەموو سەڵتە قەمچی گەڕانەوە.)* ف دەستخالی برگشتن

سەڵمکە: سەڵەمکە، گیایەکە بۆ دۆکولیو دەبێ. ف سلمه

سەڵمۆکە کەرانە: گیایەکە وەک سەڵمکە وایە ناخورێ. ف اسم گیاهی است

سەڵمۆکە: سەڵمکە،، سەڵەمکە، سڵەمکە. ف گیاهی خوراکی برای آش

سەڵمەک: ☜ سەڵەمکە

سەڵەمکە: ☜ سەڵمکە

سەلیم: (+) ساغ، سلامەت، سالم، ساغ و سەلیم. ف سالم و سلامت

سەمبوور: سەبوون، گڕە، گڕەبا، هالاوی گەرما. ف سموم.

سەناز: ڕۆخ، قەراغ، کەنار، لێوار. ف کنارەی رودخانە

سەنجۆر: ☜ سەنجۆڵ

سەنجۆڵ: کەڵەوە، کەڵەمە، کەڵەوانە. ف چنبرەی گردن گاو درخیش

سەندەلووس: جۆرە دارێکی کورتە بنەیە بەرێکی وەک قەوزان دەگرێ تەزبێحی لێ دروست دەکەن. ف بوتەای کە ثمر آن شبیه چاتلانقوش است برای تسبی حاستفادە میکنند.

سەنگ دادان: مناڵ لە سکی دایکیدا کاتی هاتنە دنیا دێتە بەر موسوڵدانی ژن و دەڵێن سەنگی داداوە. ف پایین خزیدن بچە هنگام زایمان

سەنگ گرتن: مۆتە سوار بوون، قورس بوونی لەش لە خەودا ڕاوەستانی گەڕیانی خوێن، مرۆڤ بە جوولانەوە چاک دەبێ لەسەر ئەو باوەڕەن هەر کەسێک سەنگ گرتی *(مۆتە سواری بوو)* دەست بەرێ بۆ دۆخینەکەی خەبەری دەبێتەوە. ف کابوس

سەنگاو:) گۆلاو، شوێنێک کە ئاوی بارانی لێ کۆ دەبێتەوە؛) شارۆچکەیەکە سەر بە پارێزگای کەرکووک. ف) محل جمع شدن آب باران؛) شهرکی از توابع شهر کرکوک

سەنگاوبەردنان: سەنگەوبەردنان، خستنە ژێر شتی قورس، ماست و شیر و ... دەخەنە ژێر قەرتاڵە وبەردێکی لەسەر دادەنێن بۆ ئەوەی پشیلە نەیخوا. *(ماستەکەم سەنگاوبەرد* ناوە) . ف زیر پوشش سنگین گذاردن

سەنگوردوو: سەرانگوێلک، گووڤەک، سەلوێنک. ف سرگینگاه

سەنگوسووژن دان: بە وردی گەڕان و چاوگێڕان و ولاتپشکنین *(ئەو ماڵەم سەنگوسووژن دا نەمدۆزییەوە.)* ف بەدقت دنبال چیزی گشتن.

سەنگەسیر: بەربەسێڵ، چێشتی گۆشت و ماست. ف آش‌ماست و گوشت

سەنگەڵ گوان: گوانی ئاژەڵێک کە یەکیان لە یەکیان شۆڕتر بێ و شیری زۆرتر تێدابێ. ف پستان حیوانی کە یکی از دیگری بزرگتر باشد

سەواد بوونەوە: سیواد بوونەوە، ڕوو کرانەوە، سەوازە بوونەوە لە کارێک ڕاهاتن و فێربوون. ف چشم و رو باز شدن.

سەوازە بوونەوە: ☜ سەواد بوونەوە

سەوزاڵف: دەبار، وێنجە و گزرەی وشکەوە کراو بۆ زستان، ئالیک. ف یونجەی خشک شده

سەوس: گوناح، تاوان، سووچ، پیازە. ف گناە

سەوڵەجان: گۆچان، وەکاز. ف عصا

سەهەلاب: گیا سالمە، گیایەکە بستێک بەرز دەبێتەوە گوڵەکەی سوورە، بنێکی خڕی نەرمی هەیە وەک سێبنەعەرزیلە وایە و زۆر بەنرخە. ف گیا سلمە

سەیوەت: سەبر، تاقەت، تامڵ. ف صبر، تحمل

سێ بە گایە: (+) گایەک کە لەگەڵ سێ جوانەگا لە جووتی دەکەن بۆئەوەی جوانەگاکان ڕاستاوێژ بن و زۆریش ماندوو نەبن. هەرجارێ یەکیانی تێدەکەن. ف گاوی کە با سە تا گاو جوان درخیش کار می‌کند، برای اینکە گاوهای جوان یاد بگیرند

سێ و دوو لێ نەکردن: خێرا و دەسبەجێ کارێک کردن، بەبێ بیر کردنەوە و شک و گومان کارێک کردن. *(بێئەوەی سێ و دووی لێ بکا کارەکەی بۆ کرد.)* ف انجام دادن کاری بدون تردید و گمان

سیار: تارمایی، تاپۆ. ف شبح

سیازاخ: (+) لاڕەشە، نەخۆشییەکی ئاژەڵە. ڕەشەکەوتە. ف سیاەزخم

سیاسووت: ڕاوە کەوی هەوەڵی بەهار. ف شکار کبک در اوایل بهار

سیاکام: بەڕاوە کەوێک دەڵێن کە کەوێک لە قەفەسدا دەبەنە کێو و داوی لە دەور دەنێنەوە، کاتێک دەخوێنێ کەوی دیکە دێن بۆلای و بەداوەوە دەبن. ف نوعی شکار کبک

سێیاری شەو: شەو درەنگان، زرینگانەوەی شەو *(سێیاری شەو تێپەڕیبوو.)* ف نصف‌شب

سێبرەکێ: بە سەر لە یەکتردانی کەڵ و گا لە کاتی شەڕدا. ف کلەزدن گاو بە یکدیگر

سێچاک: عابا، کەوای شۆڕ. عابایەک کە سێ‌لای شاقەلەکەی هەڵدڕاوی هەبێ. ف قبایی کە سە چاک داشتە باشد

سیچڕ: سووچەڕ، سیخوڕ، جۆرێ ژیشکی گەورەیە تیر دەهاوێ، سیخچوولە، تیرهاوێ. ف تشی.

سیچرە: جۆرێ چۆلەکەی کێوییە بەقەد پاساری دەبێ، پەڕشەخۆرە، پەڕشخۆرکە. ف نوعی گنجشک کوهی

سیچەن: ئۆقرە، ئارام. ف قرار، آرام

سیچەن گرتن: ئۆقرە گرتن، داسەکنان، هەدا دان. *(لە هیچ شوێنێک سیچەن ناگرێ.)* ف آرام گرفتن.

سیخاسە: خاسە سی، قازی دەشتی. ف غاز خاکستری

سیخمە: سوخمە، کلۆنجەی بێ‌قوڵی ژنان. ف جلیقەی زنانە

سیخوار: سیخار، زوقم، خویز، خووسار، ئاڵشت، ئاڵیسکە. ف سرماریزە

سیخوار لەپشت: کەروێشکی قەڵەوی پاییزان کە سیخوار لەسەر پشتی دەکەوێ. ف خرگوش چاق پاییزی کە سرماریزە روی پشتش می‌افتد.

سیخه سیخ: دەنگی هەناسە سواربوون *(سیخه سیخی سینگی دێ.)* ف خس‌خس سینه

سیڕسکێن: یارییەکی دوو کەسیە بە شەش داش دەکرێ و هەرکام لەو دوو کەسە یەکیان سێ بەرد هەڵدەگرێ و ئەوی دیکەیان سێ چیلکە بۆئەوەی داشەکانیان نەگۆڕدرێ. وەک دامە وایە. ف نام یک بازی است

سیرۆش: تینوو، تیوونی. ف تشنه

سیروول: مێشەنگوین. ف زنبورعسل

سیره سەگانه: ☜ پیازە سەگانە

سیره قوڕاڵه: ☜ سیره قوڕۆڵه

سیره قوڕۆڵه: کوڕادە، کنیواڵ، سێقنگ، جۆرێ سیری خۆڕسکە گەلاکانی وەک کەوەر وایە. ف نوعی سیر خوراکی

سیره کوللۆره: جۆرێک سیره گەلاکەی وەک پیواز لوولەییپە لە دۆکولیوی دەکەن. ف نوعی سیر کوهی

سیره گەنکه: سیره مارانە، سیره بۆگەنە. ف نوعی سیر بدبوو.

سێره هەڵگیران: بریتی لە تاریک داهاتنی هەوا، واتە چاو هەتەر ناکا تا سێره بگری *(کاتێک گەیشتینە ئاوایی سێره هەڵگیرابوو)* . ف کنایه از تاریک شدن هوا

سیرەونه: قوونسوور، سوورقوون، گیایەکە بۆ دۆکولیو دەبێ ف نام گیاهی خوراکی

سیس هەلاتن: ☜ سیس هەڵگەڕان

سیس هەڵگەڕان: سیس هەلاتن، ژاکان. ف پژمرده شدن

سیستر: پەرستار، سستەر، سەرپەرشتیاری نەخۆش. ف پرستار

سیسی: (+) گیایەکە خۆی لە قەد گیا و گژی دیکە دەهاڵێنێ و وشکی دەکا، جلە. ف گیاهی که آفت گیاهان دیگر است، پیچک

سێڤی: سێوی، هەتیو، سەغیر، بەتایبەت بۆ منداڵی دایک مردوو. ف بچه مادر مرده

سێقنگ: کوڕادە، قوڕادە، کنیواڵ. ف تره کوهی

سیقوته: قۆخەڕەشە. ف سیاەسرفه

سیقه: (+) نزگەرە، بەرسینچکە. ف سکسکه

سیک‌کردن: زاراوەیەکە لە مێشێندا، یانی ڕووت کردن، پارە پێنەهێشتن. ف اصطلاحی در تیله‌بازی یعنی بردن تمام پولهای طرف بازی

سیکلدانۆچکه: لوولەی سیپەلاک، ئەو ڕەگە لوولەییانەی بە سیپەلاکەوەیە. ف شش

سیکمه سیکم:) هاتووچۆ و ملۆمۆی سەگ لە دەرک و بان؛) سۆکە سۆک، پیاوێک کە زۆر هاتووچۆی جێگایەک بکا و بیهەوێ بەزۆر کچێک سازکا. ف) گشتن سگ و بوکردن زیاد؛) مرد هیز که زیاد به جایی رفت‌وآمددارد و عاشق است

سیکوژ: سەقر، باڵدارێکی ڕاوکەرە، واشە، باشوو. ف قرقی

سیکوێره: جۆرێ مراوی کە لە قەراغ ئاوان دەژی. ف غاز پا زرد

سیکەدانه: سیکەتۆرە، کوڵەزرگ، سیقەتۆرە. ف سنگدان مرغ

سیکەنەوسەرخان: تێکە و لێکە، کەس لە کەس

(سیکەنە و سەرخانێکە سەگ ساحەبی خۆی ناناسێ.) ف بلبشو

سیگناڵ: بۆقی ماشێن، بۆڕی، هۆڕن. *(ئۆتۆمۆبیلەکە سیگناڵی بۆ لێداین.)* ف بوق

سیلۆخ: کز و سیس و نەخۆش، لەڕ، مردەلۆخ، ڕیوەڵە. ف لاغر و مردنی.

سیمڕ سیمڕ: شانەچیرە، پاڵەپەستۆ، بە زۆر خۆ بە نێو ئاپۆرەی خەڵکدا کردن. *(سیمڕ سیمڕ دەیویست خۆ بە نێو حەشامەتەکەدا بکا و بێتەژووری.)* ف خود را به میان جمعیت چپاندن

سیمرخ:(+) سیخورمە، مشت قووچاندن و بە نووکی قامکە گەورە لە کەلەکەی کەسێک کوتان ف زدن کسی با مشت

سیمکە: (+) کەڵەوە، کەڵەمە، چوار داری کەوانییە لە نیرو ئامووردا دەخرێتە ملی گایەکان و لە بنەوە بە بەن کەڵەوە دەیبەستن. ف چهار عدد چوب کمانی شکل که گردن گاوها را به یوغ پیوند می‌دهد

سیمۆت: سامۆتە، سامۆرتە، کەژوو. ف فتراک

سیوشکە گەیشتن: بریتی لە توونییەتی زۆر، سیوشکە هەلاتن. *(هێندەی تینووە سیوشکەی گەیوەتێ.)* ف کنایه از عطش زیاد

سیوشکە هەلاتن: بریتی لە زۆر تینوو بوون، توونییەتیی زۆر *(هێندەم توونییە لەوانەیە سیوشکەم هەڵێ)* ف کنایه از عطش زیاد

سیوڵ: توێڵ، هەنی. ناوچاوان، جەمین. ف پیشانی

سێوڵ: قامک، کلک، تل، ئەنگوست. ف انگشت

سێوە تاڵە: جۆرێ سێوی خۆڕسکی وردە زیاتر بە شاخ و کێوەوە دەڕوێ. ف نوعی سیب تلخ

سێوە ترشە: جۆرێک سێوی ورد و ترشە دارەکەی خۆڕسکە و زیاتر بە شاخ و کێوەوە دەڕوێ. ف نوعی سیب ترش

سێوەڵووکە: سێفەڵووکە، گیایەکی گەلا پانە بەرێکی خڕ دەگرێ و دەخورێ. ف نام گیاهی است خوردنی

سێهک: سێبەر، سێوەر، سێتاڤ، سا، سیهسیتاڤک، نیسێ. ف سایە.

سێینە: سێ دانەیی، سێ شتی پێکەوە نووساو، ف سەگانە.

ش

شا به سەپان نەگرتن: بریتی لە کەسێک کە لە ژیانی هەژارانەی خۆی ڕازییە و ژیانی خۆی بە هیچ کەس ناگۆڕێتەوە. *(هێندە دڵخۆشە شا بە سەپان ناگرێ.)* ف کنایه از زندگی فقیرانه و شاد بودن

شاپک: ڕانک، پاتۆڵ. ف شلوار

شات: دیلدیلە، دارێکە سەرەتەنەکە یا شتێکی پان و خڕی پێوە دادەکوتن منداڵ لێی‌دەخوڕن و کایەی پێ‌دەکەن. ف اسباب‌بازی دست‌ساز

شات بەستن: هەڵخولان و ڕۆیشتنی شتی پان و خڕ *(پارەکەم لەدەست کەوتە خوارێ و شاتی بەست.)* ف چرخیدن و دور گرفتن چیز گرد برروی زمین

شاتا: ئیشتیا، مگێز. ف اشتها

شاتانەسەرە: گیایەکە وەک بڕکەی شووتی وایە بەرێکی چکۆڵە دەگرێ بەقەد هێلکەیەک دەبێ و کاتێک دەقەڵەشێتەوە ناوەکەی سوورە و تامی زۆر تاڵە. ف گیاهی شبیه هندوانه

شاتشاتێن: یارییەکە بە شات دەکرێ. ف چرخ‌بازی

شاتەتیری: نان‌تیری، نانی تەنکی تەندوور. ف لواش

شاجۆگە: جۆگەی گەورە کە ئاوی پێدا بچێ بۆ چەند جۆگەی چکۆڵەتر. ف جوی بزرگ

شاخ دەرهێنان: بریتی لە سەرسووڕمانی زۆر *(هێندەم پێ‌سەیر بوو وەختەبوو شاخ دەرهێنم.)* ف تعجب کردن

شاربەگر: وشەیەکە لە قەرێ قەرێدا ئەو کەسەی دەست لە شار دەدا و گول ناکرێ دەڵێ شاربەگڕ. ف کلمه‌ای در قایم‌باشک بازی

شاربێز: جۆرە پارچەیەکی قەدیمی بوو بۆ کراسی ژنانە. ف نوعی پارچه‌ی قدیمی زنانه

شارشارێن: شارشارکێن، ناوی یارییەکی منداڵانە، قەرێ قەرێ، خۆشارکێ. ف بازی قایموشک

شارۆ کردن: گەڕان، توێژینەوە، لێکۆڵینەوە. ف پیجویی کردن

شارۆ: (+) دووبارە پێداچوونەوە. *(پەروەندە جارێکی دیکە شارۆ بکرێ باشە.)* ف تجدیدنظر

شارۆچکە: شاری چکۆڵە، شارە دێ، شارۆکە.

ف شهرک
شارۆمەند: هاوشاری، خەڵکی شار، شارستانی. ف شهروند
شاروەدەر: ☜دەرەوشار
شاسوار: (+) دروویەکی شینە *(درکە شاسوار ئەو دەشتەی داپۆشیوە)* ف نام خاری است
شاغی: وەحشی، دڕندە. ف وحشی
شاف و لاف: شاتوشووت، خۆ هەڵکێشان. ف لاف و گزاف
شاقز:) شاکار؛) کچی جوان، کیژی چەلەنگ) لەخۆبایی، بادیهەوا، بەدەمار، قۆڕەدەماخ.. ف) شاهکار؛) دختر زیبا) متکبر.
شاکەزی: شابسک، زوڵفی گەورە لەسەر تەوێڵ. ف کاکل
شالان و دالان: ناوێکی خەیاڵییە بۆ ترساندنی منداڵ دەیڵێن *(نەگریی ئەوە شالان و دالان لە حەوشەیە.)* ف *کلمەای برای ترساندن کودک.*
شالاو کردن: قەشە لێدان، ڕنەک لێدان، خوراندنی پشتی ماڵات بە ڕنەک. ف خاراندن پشت احشام با برسی مخصوص
شاڵدان: شۆردنی کەڵ و گامێش. *(ئەو کەڵ و گامێشانە بەرە لەو چۆمە شاڵیان دە.)* ف شستن گاومیش
شاڵسۆن: پارچەیەکی قەدیمی ژنانە بوو دەیانکردە کراس. ف نام یک پارچەی قدیمی زنانە
شالق: لقی گەورەی دار کە لک و پەلی زۆری پێوەیە. ف بزرگترین شاخەی درخت
شالک: (+) شالق، لقی هەرە گەورەی دار. ف شاخەی اصلی درخت
شامپۆ: تراوکەی سەرشتن. ف شامپو
شامەرگ: مردن لەبەر خۆشی و شادی. *(لە خۆشیانا شامەرگ بوو.)* ف مردن از شادی
شامەڵحەم: ناوی گیایەکە مەڵحەمی برینی لێ ساز دەکەن. ف نام گیاهی دارویی
شامی چلە: سفرەی چوارشەممە سووری، کە نۆک و گەنمەشامی و کونجی و چەوان و گەنم و گوڵەبەڕۆژە و شووتی و تونگەیەک ئاو دادەنێن. ف سفرەی چهارشنبەسوری
شانگ: (+) شانە، شەی. ف شانە
شانەدەر: ئەشکەوتێکە لە ناوچەی هەولێر یەسک و پرووسکی نیاندەرتاڵی تێدا دۆزراوەتەوە. ف غاری در کردستان
شانەڕەقە: قۆڵنج، کۆڵنج، سەرمابوون و شان و مل داگیران. ف قولنج
شانەسەرە: بووبووکەرە، پەپووسلێمانکە، خاتوو سێمانکە. ف هدهد
شانەمەرگ: شاگەشکە، کەشکە کردن لە خۆشیانا. ف غش کردن براثر شادی
شاوە سپیلکە: باڵدارێکی سپییە لە لەکلەک گەورەترە زستانان زۆرە. ف اگرت بزرگ
شاوەرس: لە بنەماڵەی شا، شازادە *(هێندە بەفیز و دەمارە دەڵێی شاوەرسە.)* ف شاهزادە
شاوەڕیخنە: جۆرێ باڵداری سپییە بەقەد کۆترێک دەبێ لەنێو گاراندا دەبیندرێ و لەسەر پشتی گا و کەڵ دەنیشێ و مێشی سەر پشتیان

راو دەکا، زیاتریش لەدەم چۆم و دەراوان دەسووڕێتەوە *(شاوەڕیخنە دەگەڕێ وا لە دەراوی چۆمەڵ/ دینی دینی گوڵە ئەو بولبولی دڵ پڕ لە ئەوین. «هێمن».)* ف نام پرندەای است. گاو چرانگ

شاوەزردکە: باڵدارێکی مەیلەو زەردە، کاکۆڵێکی ڕەشی هەیە لاقی درێژە و بەقەد لەکلەکێک دەبێ. ف حواصیل ارغوانی

شاوەسوڵتانی: باڵدارێکی لاقدرێژی کاکۆڵدارە شێوەی شاوەزردکە دەدا و لەو چکۆلەترە. ف حواصیل خاکستری

شاوەعەسڵە: ☜ شاوە سوڵتانی

شاوێر:) ئاوی کەم، وردەزنە، گۆلاوی چکۆلەی لە پەنا یەک) گیایەکی گەلا پانە، گەلاکانی پڕ بە پڕ پێکەوە دەنووسێن و بە زەوییەوە پان دەبێتەوە. شاڤێر. ف) نام گیاهی است) آب اندک

شای ژنان: سەرەژن، ژنی ماڵدار و کەیخوا، کەیخوداژن، *(وەکورە نان و وەکورە دۆ/ بەرخەل بەرە بەرە و جۆ/ شای ژنانە دایکی تۆ «فۆلکلۆر».)* ف زن دانا و کدبانو

شایی جندۆکان: گێژەڵووکە، باهۆز، گەرەبا، گەردەلوول، باگەڕ، وێولەجنانێ، عێوارەش، زەمەن، داوەتە جندۆکان، گێژەبا، گەرەپێچ، گەردەبل، سایکلۆن. ف گردباد

شبری: کورتان، شەکار، کۆپان. ف پالان

شتیر: شینکە و چیمەنی قەراغ ئاو و کانی لە چیادا. ف سبزەی کنار چشمە

شڕ و پەتۆر کردن: لەتوکوت کردنی جلک و لیباس کە چاک نەکرێتەوە. ف پارە و پورە

شڕۆڵ: کەسێک کە جلی شڕ و دڕاو لەبەر دەکا. ف کسی کە لباس پارپورە بە تن دارد

شڕە گێڕانەوە: بریتی لە بەدەستهاتنی کاروباری ژیان. ف کنایە از توانایی کار و بار زندگی

شڕە گێڕەوە: بریتی لە کەسێک کە توانایی کارێکی هەبێ. *(باشە دەتوانێ شڕە بگێڕێتەوە.)* ف کنایە از کسی کە می‌تواند کاری انجام دهد

شریت: (+) نەواری زەفت، کاسێت. ف کاست

شغاتە: شقارتە، شەمچە، شقاڵتە، شخاتە. ف کبریت

شڤرەشکی: کوێر، ئیتۆن، نابینا، کۆر. ف کور

شلپیتاو: بریتی لە چێشتی ئاوەکی و بێتام و ناخۆش. ف کنایە از شوربای بی‌مزە.

شلتان: خلتان، شەلاڵ، خووسان بە ئارەقە یان خوێن. *(شلتانی خوێنە ئازای ئەندامی.)* ف خیس شدن براثر عرق یا خون

شلکەبیزا: گیا سیرێژ، گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانە. ف نام گیاهی است

شلۆ: جۆرە کراسێکی قەدیمی ژنانە بوو. ف نوعی پیراهن قدیم زنانە

شلوێ: (+) لێڵ، تێکچوون، ڕەنگ گۆڕان *(سەد قسەی پێبڵێی شلوێ نابێ.)* ف ناراحت، رنگباختن

شلەپێدان: نەرمی نواندن، دەغەڵی کردن لە کاردا *(لەقەستی شلەی پێدا و خۆی گێل کرد بۆ ئەوەی دەربازی بکا)* ف تنبلی و نرمی نشان

دادن در امری

شمشه کێشان: شمشەکاری، ڕاست کردنەوەی دیوار بۆ سپیکاری. ف میزان کردن دیوار برای گچکاری

شمشێری:) جۆرێک برینجی باش و بۆن خۆشە؛) جۆرێک قۆڵی کراسی ژنانەیە. *(کراسەکەم با قۆڵەکەی شمشێری بێ.)* ف) نوعی برنج؛) نوعی دوخت برای آستین پیراهن زنانه

شملی بەرەکەت: شەنگڵە بەرەکەت، شەنگڵە. ف دو دانه میوەی بەهم چسبیده

شن: ناوی دارێکە باڵا پیاوێک بەرز دەبێتەوە گەڵای وەک گەڵای سێوەرە وایە و گەورەترە. ف نام درختچەای است با برگهایی شبیه شبدر

شنروێ: ناوی چیایەکە لە نزیک شاری هەڵەبجە. ف نام کوهی در نزدیکی شهر حلبچه

شنگە مایانە: گیایەکە لە مێرگدا شین دەبێ لاسقەکەی شیرێکی ڕەشی هەیە و دەخورێ. ف نام گیاهی خوردنی

شنوە: (+) لوورەی گورگ. *(شنوەی گەلە گورگ لەو دۆڵەدا دەنگی دەدایەوە.)* ف زوزەی گرگ

شواڵ پلیت: شواڵ چەپەڵ، داوێن پیس، داوێن تەڕ. ف زناکار

شواڵ چەپەڵ: دواێن پیس، زیناکار، شواڵ پلیت. ف زناکار

شوان گیلکەرە: شوان خەڵەتێنە، شوان هەڵخەڵەتێنە. ف بوتیمار.

شۆر: (+) گیایەکی گەڵا وردی ساقەت سوورە لەجێگای مەیلەو شۆرەکات شین دەبێ. ف گیاهی شورەزاری

شۆڕشڤان: شۆڕشگێڕ. ف انقلابی

شۆڕشوان: ☜ شۆڕشڤان

شۆڕشۆڕک: تاڤگە، ئاوشار، ئاو هەڵدێر، سۆلاڤ، قەڵبەزە. ف آبشار

شۆرک: تاڤگە، شۆڕشۆڕک. ف آبشار

شۆرکە: (+) کەژوو، کەژگ. ف نوار پهن تنگەی ستور

شۆق لە تەپاڵە برین: بریتی لە زۆر ناحەز و دزێو. بە کینایە دەڵێن هێندە جوانە شۆقی لە تەپاڵە بڕیوە. ف کنایه از آدم زشت

شوقەلەت: ستێڕک، سەکۆی ڕەشماڵ. ف سکوی سیاچادر

شوکا: پاڕانەوە، تکا، ڕەجا، سکاڵا. ف شکوه

شۆکە: دۆکە، سپیایی ئارەق کە بە جل و بەرگەوەیە. *(نێو پشتی هێندەی شۆکە دەرداوە دەڵێی دۆی پێدا ڕژاوە.)* ف شورەی عرق

شۆلاوگە: کۆبوونەوەی ئاو یان خوێن لە شوێنێک *(هێندەی خوێن لەبەر ڕۆییبوو لەبەر پێیدا شۆلاوگەی بەستبوو.)* ف جمع شدن آب یا خون در جایی

شوو لێ هەڵکێشان: بێحەیایی و ڕووهەڵماڵدراوی لەڕادەبەدەر. *(بەجارێ بۆتە کەڵەگا و شووی لێ هەڵکێشاوە.)* ف روداری بیش‌ازحد

شووتی بڕەکێن: کایەیەکە بە شووتی دەکرێ، هەرکەس شووتیی خۆی دەبا و لەسەر جێگایەکی لێژ بە ڕیز دایدەنێن و تالاری

دەکەنەوە شووتی هەرکەس زیاتر بڕوا شووتییەکانی دیکە هەڵدەگریّ بۆ خۆی.[ف] نوعی بازی با هندوانه

شووتی وەبن هەنگڵ دان: بریتی لە تاریف کردن بۆ فریو دانی کەسێک. *(بەسمان شووتی وەبن هەنگڵ دە.)* [ف] کنایه از تعریف کردن از کسی به منظور فریب دادن

شووخاڵ: شوێنی لێدان لەسەر پێست *(وای لێداوە بە توولکە تەڕ جێگاکەی شووخاڵی هەستاوە.)* [ف] جای ضربەی چوب و تازیانه بر پوست

شووش: شووخاڵ، *هەموو جێی قامچییەکە شووشی هەستابوو.)* [ف] جای تازیانه بر پوست بدن.

شووڵ سایەد: ئەو شوولانەی لە پشت جۆخین دەیچەقێنن بۆئەوەی کاتی شەن کردن نێوانی دان و کا دیاری بکا.[ف] ترکەهای میان خرمن و تودەی کاه.

شەباک: (+) شیشبەندی سەر چاک و پیران[ف] نردەی مزار و امامزاده

شەبوون: کۆن بوون، لە نرخ کەوتن.[ف] کهنه شدن

شەبەنگ: شووشەی چەند پاڵوو کە نوور دەکاتە چەند ڕەنگ.[ف] طیف

شەپەتێڕیّ: ناوی یارییەکی منداڵانەیە.[ف] نام یەک بازی بچەگانه

شەتڵ: (+) شەلاڵ، شەڵتان، خووسان بە خوێن یان ئارەقە. *(شەتڵی خوێناوم منی سارده برین/ خەج لە کوێیە بۆم بگێڕیّ گەرمەشین «هێمن».)* [ف] آغشته

شەتەکاندن: شەتەک دان، توند بەستن. *(خودایە تۆ چ نەکەی چ نەکرێنی/ تا کاری من بسازێنی/ بابی من گەنمی دەکا زریزانەی بێنی/ چەڵتووکی دەکا داڕووجان بێنی/ تووتنی دەکا کەڵەی بێنی/ چونکە من دەداتەوە بە گولەیەکی سێ جار سی ساڵ شەو هەتا ڕۆژ پشتی خۆیم پێ دەخورێنی/ نامداتەوە بە جحێڵەکی چوشت و چالاک/ وەکوو ڕیزی فیشەکدان لە قەدی خۆیم بشەتەکێنی «حەیران».)* [ف] محکم بستن

شەخسە: شەختە، پایزە.[ف] ☜ پایزه

شەخسە: شەختە، پایزە، سەرمای پایز کە بێستان دەشەمزێنێ. *(بێستانەکە شەخسە لێیداوە.)* [ف] خراب شدن جالیز براثر سرمای پاییز

شەرا: بێهۆش بوون لەبەر ژان پێگەیشتنی زۆر. *(هێندەی یەش پێگەیشت چووە شەرای مەرگ.)* [ف] بیخود شدن براثر درد شدید

شەرا: هەوربردوو، گەنمێک کە بەر لە کاتی قەفوگوڵ وشک دەبێ. *(وەک گەنم قەرقوو شەرا بردیەسم/ قسەی هاتوهووت ناکەس کوشتییەسم. «فولکلۆر».)* [ف] گندمی کە قبل از گل دادن میخشکد

شەرتپەڕین: تەواوبوونی وادەی شوانی، کاتی دانیشتنی شوان.[ف] تمام شدن مدت چوپانی

شەرتە شوانی: گیسک یان کاوڕێک کە لە کاتی شەرتپەڕینی شواندا پێیدەدەن *(حەوت ساڵ*

شوان بووم قەدریان نەزانیم/ کاورێکیان دامێ بۆ شەرتە شوانیم «فۆلکلۆر».) [ف] بز یا بزغالەای که در هنگام بەپایان رسیدن خدمت به چوپان می‌دهند

شەرعی ماری بە داری: شەڕ کردن لەگەڵ مار بە دار دەکرێ، یانی مار کە هێرشی بۆ هێنای بە دار لەگەڵی بجووڵێوە، ئاماژەیە بە مارەکەی شێخ هۆمەری کە مارەکە لە سەرما و کەسیرە بوون نەجات دەدا و دەیباتەوە ماڵێ، کاتێک مارە گەرمی دەبێتەوە دەڵێ چونکە ئەو چاکەیەت لەگەڵ کردووم پێوەت دەدەم چونکە جوابی چاکە خراپەیە. ناچار دەچن بۆ شەرع لە لای دار و کانی و ئەوانیش هەق بە مار دەدەن و دەڵێن پێوەی دە چونکە جوابی چاکە خراپەیە. هەتا ڕێوی فێری دەکا بەشێوەیەک دار هەڵگرێ و مارە بکوژێ. بۆیە دەڵێن شەرعی ماری بە داری.[ف] داوری کردن برای مار باید با چوب باشد، یعنی ما را باید با چوب کشت

شەڕلاتان: مرۆی بێ‌حەیا و شەڕانی، کەسێک کە بۆ شەڕ کردن لە بەهانە دەگەڕێ.[ف] شارلاتان

شەرمنۆک: شەرمێون، شەرمن.[ف] آدم خجالتی

شەرمەگیلاخە: بریتی لە کەسێک کە شەرم دەکا بەڵام لە دڵەوە پێی‌خۆشە.[ف] کنایه از کسی که شرم می‌کند اما از تەدل راضی است

شەرمەون: شەرمێون، شەرمن، شەرمۆک، فەهیتۆک، فەدیۆک.[ف] خجالتی

شەڕۆڵ: شەڕانی، شەرخواز، جینگزی.[ف] ستیزەجو

شەڕەبا: بای توند و گێژ دانی، پێکەوە هاتنی شەماڵ و زریان بە توندی.[ف] وزیدن باد شمال و جنوب با هم

شەڕەفر: شەڕە جنێو بە گاڵتە و بە شیعر، شەڕە قسە و ناونیتکە لە یەک هەڵدان بە شۆخی *(دەتبەمە سەر ناڵەشکێنە/ هەر دەتگێم و بەرد بشکێنە* یەکێکت لێ‌دەم سووری سێ‌گرێ/ سێ مانگەی زستان خودا بتگرێ* دەتبەمە سەر چاڵە نیسکێ/ تێت‌دەبڕم حەوت گونە گیسکێ)* [ف] هجو یکدیگر با شعر

شەڕەکەر:) شەڕ کردنی گوێدرێژ) بریتی لە شەڕ و لێکدانی دوو یان چەند کەسی نەفام و هەرزە.[ف]) جنگ خرها با هم) جدال چند نفر احمق و هرزه

شەش‌ئاگر: ☜ شەشلوول

شەش‌تەقەڵ و مانگەشەو: بریتی لە تەقەڵی درشت و گەورە لێدان، تەقەڵ ترۆزی. *(پاتۆڵەکەی شەش‌تەقەڵ و مانگەشەو بۆ دووری.)*

[ف] کنایه از دوختن لباس با بخیه‌ی درشت

شەشخان:) +) ساپساپانێ، یارییەکی منداڵانەیە بە لەتێک سواڵەت یان بەردێکی پان دەکرێ، لەسەر عەرزەکە شەش خانەی گەورە دەکێشنەوە لەسەر لاقێک دەبێ بە نووکی لاقی لە بەردە پانەکە هەڵدا و نەهێڵێ بکەوێتە سەر خەتەکان، بەردەکە بکەوێتە سەر خەتەکان دەپرووزێ.[ف] نام یک بازی کودکان

شەشدەم: بریتی لە مرۆڤی زۆربڵێ و چەنەوەر.

(شەشدەمێکە هیچکەس دەرۆستی نایە.) ف کنایە از آدم وراج و پرگو

شەشلوول: جۆرێ دەمانچە، شەشئاگر. ف نوعی تپانچە

شەشوبێش: بریتی لە هەڵەخەرجی و دەست پێوە نەگرتن. بەمشە خەرج کردن، دەست پێوە نەگرتنی پارە، *(رۆڵە گیان تۆزێ دەست پێوە بگرە بۆ ئاوا شەش وبێش پارە خەرج دەکەی.)* ف کنایە ازعمل آدم ولخرج.

شەعف: پرچ، کەزی، بسک. ف زلف

شەغڵەمە: دەنگەدەنگ، هەرا و هوریا، زەنازەنا. ف سروصدای زیاد

شەڤشەڤۆک: شەمشەمەکوێرە، پارچک، چەکچەکی. ف خفاش

شەڤوو: وزەی مەعنەوی، هێزی واتایی. ف نیروی معنوی

شەقاوقوش: باڵندەیەکە وەک سی وایە گۆشتی دەخورێ. ف نام پرندەای است

شەقشەقە: (+) گیایەکە گوڵ دەکا و پاشان تۆوی گوڵەکەی لەنێو قۆزاخەکەیدا وەک خرخاشەی منداڵ خرەی دێ. ف نام گیاهی است

شەققە: دەنگی لە یەک کەوتنی شتی ڕەق و پان. ف صدای بەهم خوردن دو چیز پهن و سفت

شەققەی قەڵماسک بیستن: بریتی لە چاوترسێن کران و تەمبێ کردن. *(هێشتا شەققەی قەڵماسکی نەبیستووە بۆیە وا دەمی گرتووە.)* ف کنایە از ترسیدن و زهرچشم گرفتن

شەقەباخی: جۆرێ کوولەکەی گەورە و شیرینە. ف کدو حلوایی

شەقەجووت: جوانەگایەک کە فێری جووت کراوە و لەگەڵ گایەک جووتی پێ دەکەن. *(جوانەگاکەم ڕاستاوێژ کردووە و بۆ بەهاری دەبێتە شەقەجووت و لەگەڵ گایەکە دێتەوە.)* ف گاو جوانی کە شخم زدن یاد گرفتە باشد

شەک: (+) بە تاجیی دوو ساڵە دەڵێن. ف تازی دو سالە

شەکرەخەنە: بزەی شیرین. ف شکرخند

شەکرەسێو: ف نوعی سیب ریز تابستانی

شەکە زەکات: زەکات دەر کردن لە شەک و کاوڕ. ف زکات دادن برە

شەکی: (+) دارێکی جەنگەڵییە بەرێکی وەک فندق دەگرێ، ناوی تووسکوولە. ف نام درختی جنگلی

شەگەلات: چیکۆلانە، چۆکلێت، نوقڵ و مینوو. ف شکلات

شەلپینی: دەربەدەری، ئاوارەیی. ف آوارگی

شەللاتی: بێشەرم، بێحەیا. ف بیشرم

شەلەل: فەلەج، نوقستان. *(ماوەیەکە تووشی شەلەل بووە.)* ف فلج

شەمۆلکە داگرتن: مووش کردن، پیش خواردنەوە. ف خودخوری کردن

شەمووتدان: دەورەدان، گەمارۆدان، تێوروووکان، تێمرووکان. ف دور گرفتن

شەمەخولە: گێژ و گەوج، حەپەحۆل، گەلحۆ ف گیج و ابلە

شەمەن: بوتپەرست. ف بتپرست

شەمێلە: (+) بۆ خۆشەویستی بە شەمێ دەڵێن.

(زۆر لەمێژە نارە ناری منی نەبیست/ هەر وەکوو شەمزین شەمێلەی خۆشدەویست «هێمن».) ف به خاطر دوست داشتن به شەمی می‌گویند

شەنگ: هێز، توانا *(شەنگی ڕۆیشتنم نییە.)* ف رمق، توان

شەنگست: پرنسیب. ف مبادی

شەنگۆڵە: مرۆڤی شەش قامک، شەشۆ. ف شش انگشت

شەنگە شەپاڵ: زۆر جوان، بەدەو، دەلال. ف بسیار زیبا

شەنە:(+) گەنمێک کە هێشتا نەگەیشتووە و کاتی دروێنەی نەهاتووە. ف گندمی کە هنوز نرسیده و آماده‌ی درو نیست

شەنەبا:) شەن کردن، خۆیان هەلاویشتن؛) بای شەن کردن. ف) برباد دادن خرمن؛) بادی که برای برباد دادن خرمن مناسب است

شەنیار: شەنکەر، شەنەدێر. ف کسی که خرمن باد می‌دهد

شەو دە شەو بەزین: درێژبوونی شەو، *(پایزە شەو دەشەو بەزیوە.)* ف دراز شدن شبها در پاییز

شەو دە شەودا بوون: ☜ شەو دە شەو بەزین

شەو ڕەو کردن: مەڕ وەسەر گەڕان، ڕادانی مێگەل لەسەر پەرچە بە شەودا. ف رفتن گوسفندان شبانه هنگام استراحت

شەو زرینگانەوە: شەو درەنگ بوون، لە نیوە لادان. *(شەو زرینگاوە و ئەمن ناڵەی دڵم هەر بەرزە شەو.)* ف از نیمه گذشتن شب

شەو سووتکە: (+) جۆرێ زیپکەی وردی سوورە لە منداڵی ساوا دێ. ف نوعی جوش قرمز بچه خردسال درمی‌آورد

شەوارکی: شەونشینی، دانیشتنی شەوانە لە دەوری یەک. ف شب‌نشینی

شەوپەڕ: فڕینی کەو لە کاتی بوومەلێڵی بەیانیدا. *(کەو شەوپەڕ دەکەن و لەمبەر و ئەوبەر دەخوێنن.)* ف پریدن هنگام صبحگاه

شەوخەف:) چرای شەوانە بۆ خەوتن، گڵۆپی کەم شۆقی خەوتن، شەوخەو؛) بەستۆکەیەک لە سەری شەوەوە هەتا بەیانی لای پیاو دەمێنێتەوە. ف) چراغ شب‌خواب؛) روسپی‌ای که از اول شب تا صبح پیش مرد می‌ماند

شەوخەو: ☜ شەوخەف

شەوڕن: ڕنینی بێستان بە شەودا. *(دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد/ دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد. «هێمن».)* ف دستبرد شبانه به جالیز

شەوڕەو: (+) جۆرێ کرمی نۆکە ڕیشەکەی دەخوا لە بن خۆڵەوە. ف نوعی آفت نخود

شەوگورد:) شەوگەڕ، لاوێک کە لەم دێ بۆ ئەو دێ بە شەودا دەڕوا بۆ ژوان؛) تەختە جاجم، بەرماڵ، دوو شەوگورد دەبێتە بارماڵێک. ف) شبگرد؛) قطعه جاجیم و سجاده

شەوگەڕ: (+) جۆرێک ماری بۆرە بە شەودا دێتە دەرێ و دەگەڕێ. ف نوعی مار شبگرد

شەوەکەژ: لەوەڕاندنی ئاژەڵ بە شەودا، شەو لەوەڕ. ف چراندن گله در شب

شەیتان بازاڕ: بازاڕی ڕەش و پڕ فێڵ و تەڵەکە. ف شیطان بازار

شەیدانک: کونجی، دانەوێڵەیەکی وردە ڕۆنی لێدەگرن. ف کنجد

شەیەتویتۆن: گێژەڵووکە، گەردەلوول، سایکلۆن، گەرەپێچ. ف گردباد

شیپاڵ: شڕ، دڕاو، پەتۆر. ف پارە، پارچەی پارە و پورە

شیپاڵدڕ: شڕ و پەتۆر، شڕووڕ، پەڕۆی لەتوکوت کراو. ف پارە و پورە

شیپۆک: منگن، گن، کەسێک کە لە لووتدا قسە دەکا. ف کسی کە تودماغی حرف میزند

شیتەشیت: هەراهەرا، چەقەچەق، شیرەشیر. *(دە بەسە ئیتر شیتەشیت مەکە مێشکی سەرت بردم.)* ف غرولند کردن

شێتەڵ: شەیدا، ئاشق، بەنگین. ف عاشق

شێتەڵە: شێتۆکە، سەرشێت. ف دیوانە

شێتین:) شلەتین، شیلەوگەرم، شیرتین؛) دێوانەین، ئێمە شێتین. ف) آب ولرم؛) دیوانەایم

شێخز: جۆرێ ماینی مەیلەو خۆڵەمێشییە. *(دەڵێی ماینی شێخزە.)* ف نوعی مادیان خاکستری

شێخەڵ: نەمامی یەکساڵەی بەڕوو و مازوو. ف نهال یک سالە بلوط و مازوج.

شیروشەپاڵ: جۆرێ گوڵی سپی خۆڕسکە، بەیبوون. ف بابونە

شێروکۆڵ: دارێکە دەیدەنە بەر کۆڵەکە و بە چەند پیاو لە سەرەکەی تری دەنەون و میچی پێبەرز دەکەنەوە بۆئەوەی دەستەک بگۆڕن یان دەستەکی دیکە لە میچەکە هەڵکێشن. ف اهرم

شیرانە: شیربایی، هەقی شیر کە لە لایەن زاواوە دەدرێ بە ماڵی بووک. ف شیربها

شیرسووت: ئەو منداڵەی بە هۆی خواردنی شیری زۆرەوە کزولاواز دەبێ. ف کودکی کە بر اثرخردن شیر زیاد لاغر می شود.

شیرشیرە: جیکجیکە. ف زنجرە

شێرە بەفرینە: دروست کردنی پەیکەرە بە بەفر *(لەبیرمە شێرە بەفرینەم دەکرد سواری دەبووم بێزین/ نسی بوو جێگەکەی دەیبەست دەما تاکوو دەمی هاوێن. «پیرەمێرد».)* ف شیر برفی

شیرە تێپەڕین: گەنم و جۆیەک کە کاتی دوورینەوەی نزیک بووبێتەوە، زەرد بوونی گەنم و جۆ. ف زرد شدن گندم و جو

شیرین بەلەک: مێکووک، شیرین بەیان. ف شیرین بیان

شیرین بەیان:) گیایەکی دەرمانییە، مێکووک؛) قسە شیرین. ف) گیاهی دارویی شیرین بیان؛) شیرین سخن

شیرین خێل: کەسێک کە چاوی خێلە بەلام زۆری لێ جوانە. ف لوچ زیبا

شیرین شۆک: گیایەکی کوێستانییە گەڵا پانە بستێ لە زەوی بەرز دەبێتەوە گوڵێکی سووری جوان دەردەکا سەلکەکەی وەک پیواز وایە تامێکی شیرینی هەیە. ف نام گیاهی است

شیرینشەل: کەسێک کە شەلینەکەی لێ جوانە

و وەک سۆنە لەنجە دەکا. [ف] کسی کە زیبا می‌لنگد

شیرینەکڕ: کڕ کەوتنی کەو ئەوکاتەی کە دوو سێ ڕۆژی دەمێنێ هێلکەکانی هەڵێنێ و زۆری لێ نزیک دەبییەوە هەڵنافڕێ و بە ئاسانی بەدەست دەگیرێ. [ف] خوابیدن کبک برروی تخم و چند روز مانده به سر درآوردن جوجەها از تخم کە خیلی نزدیک می‌شوی پرواز نمی‌کند

شیشبەند: نەردەی قەراغ شەقام و باخ و پرد، تەلبەند، لاجامە. [ف] نردە

شیشکوت: پشکێنەر، کەسێک کە بە شیش بار و شت دەپشکنێ. [ف] مفتش

شیشلۆق: زلکوێر، چاوی زل و دەرپەڕیو و بێ‌سۆما. چاوزەق. *(یاخوا کوێر بێ سەمەدخان/ بۆ ژنێ بۆ منی هێناوە/ چاوی دەڵێی شیشلۆقە/ جا وەرە لێی مەتۆقە. «فولکلۆر»)* [ف] کسی کە چشمش بیرون زدە و کم‌بینا است

شیشۆڵ: سمۆرە. [ف] سنجاب

شیڤ: چرۆ، پشکۆژ، خونچە. [ف] شکوفە

شیڤیار: جووتیار، وەرزێڕ، جووتبەندە، جووتێر. [ف] کشاورز

شیق: قەڵەشت، درز. [ف] شکاف. ترک

شیق بردن: شەق بردن، قەڵەشان، درز دان. [ف] ترکیدن، شکاف برداشتن

شیکار:) کەسێک کە خوری و لۆکە شی دەکاتەوە؛) توێژەر، ڕاڤەکار. [ف]) کسی کە پشم و پنبەزنی می‌کند؛) شارح

شیڵانە: قەیسی، شەلانە (لەداخی خەڵکی ئەو خوارەی بەکشمیشی دەڵێن مێوژ/ ئەمن شەرتە لەمەولاوە بەشێلانە بڵێم گێوژ «حەقیقی»). [ف] زردآلو

شیلخە: خاویلکە، دەست و پێ سپی. *(ئەو هەتیوە شیلخە هەر دەڵێی نەمییوە هیچ کارێکی لەخۆی نەگرتووە.)* [ف] دست و پا چلفتی

شیلە: ددانی ماڵات و جوانووە ئەسپی سێ ساڵە کە لە ئاخری ددانەکانی پێشەوەی دەردێ و لە پێنج ساڵیدا دەکەوێ و بەرازە کە کەڵپێکی تیژە لەجێی سەردەردێنێ. *(مانگاکە شیلەی نەماوە.)* [ف] دندان حیوان

شیلەسواغ: گەسکەسواغ، سواغدانی دار و دیوار بە قوڕاوی سپی. [ف] گلکاری دیوار

شیلەماڵ: شیلەسواغ، سواخێکی تەنک و جوان بۆ دار و دیواری ناوەوەی ماڵ. [ف] گل اندود کردن نازک

شێلێ بوون: شێوان و بەسەر یەکدا دران، تێکەڵ و پێکەڵ بوون. [ف] تشویش

شیمڕ: شاڵاو، هاشاوڵ، شاتاوڵ. [ف] یورش

شین بەش: کەڵ و گامێشی خۆڵەمێشینی نێوچاوان قەشان. *(کەڵی ماڵی سۆفی حەمە شین بەشە.)* [ف] گاو و گاومیش خاکستری پیشانی سفید

شینکە: (+) جۆرێ گەنەی وردە بە تۆپەڵ بە گویچەی ماڵاتەوە دەنووسێن. [ف] نوعی کنەی ریز

شینگایی: گریان و ڕۆڕۆ بۆ مردوو، گەرمەشین، شین و شەپۆڕ. [ف] شیون برای

مردە

شینگڵ لەخۆدان: جینگڵ لەخۆدان، خۆ ڕاپسکاندن.ف خود را تکان دادن

شین و گابۆڕ: شین و شەپۆڕ، گریان و ڕۆڕۆ. ف شیون با صدای بلند

شینە قورینگ: شینە شاهۆ.ف درنا

شینەمار: جۆرێ ماری بڤەوژەهراوییە بنسکی زەردە و سەرپشتی شینە، شینی گاوەنگی.ف نوعی مار سمی

شینی گاوەنگێ: جۆرێ ماری پیس و ژەهراوییە ڕەنگی شینە و بن زگی زەردە.ف نوعی افعی خطرناک

شێوان: (+) ئێوارە، بانگی شێوان، نوێژی شێوان. *(لە دوگمەی سوخمە دوێنێ نوێژی شێوان/ بەیانی دا سپێدەی باخی سێوان. «نالی».)* ف *غروب، مغرب*

شیوە غەریبە: ئەو نان و پێخۆرەی خەڵکی ئاوایی لە پرسە و سەرەخۆشیدا سازی دەکەن و دەیبەن بۆ مزگەوت یان ماڵی مردوو، بۆ میوانان.ف غذایی که اهل روستا برای مهمانان عزاداری درست می‌کنند

شیوەڵ: شیوەڵووکە، شیوەڵە.ف درەی کوچک.

ع

عـاجووج و مـاجووج: بریتـی لـه منـداڵی زۆری هاروهـاج. هـەزاره زیلـه. ف کنایـه از بچـەهـای شلوغ

عاجوول و ماجوول: ☜ عاجووج و ماجووج

عـادز: عـاجز، جـاڕز، وەڕەز، عێجـز، عێـدز. ف عاجز

عـارەقگیـر: (+) کراسـی بێقـۆڵ کـه لـه ژێـرەوه لـەبـەر دەکـرێ، ژێرکـراس. *(ئـەرێ بـه تـوێی ئارەقگیر یار دڕواو بەجێم دێڵی/ به غوڵامی دوو پـێڵاوی دێـم مـاچی کـەم نـامهێڵی «حـەسـەن زیرەک».)* ف زیرپیراهن

عاسان: سانا، هاسان. ف اسان

عنیشک: ئانیشک، هەنیشک. ف آرنج

عوزرمـــایی: حوزرخـــوایی، داوای لێبـــوردن، داخوازی بەخشین. ف معذرتخواهی

عیلمباز: به مەکر، جادووباز، عەیار. ف حیلەگر

عـەبـرەش: (+) مـەڕی تاڵـەی نێوچـاوان سـپی. ف گوسفند سیاه پیشانی سفید

عەبلـەخـەرج: هـەڵـەخـەرج، دەسـتبڵاو، دەسباد، دەسشاش. ف ولخرج

عەبەسران: حەپەسان، واقوڕمان، پەشـۆکان. ف سراسیمه شدن

عـەترچـایی: جـۆرێ گـوڵی گـەڵا پـەنجـەیـی بۆنخۆشه له گوڵداندا پەروەردە دەکرێ. ف نام گلی است خوشبو

عەترەنگی: سوورێکی کاڵ، سورخابی. ف رنگی نزدیک به صورتی

عەتەب: ئیراد، ڕەخنه. ف انتقاد

عەدوسەد: جەنگە، کات، حەدەحەد. *(عەدوسەدی ئەوەیە پەیدا بی.)* ف وقت، موسم

عەدەعەد: حەدەحەد، عەدوسەد، کات، جەنگە. *(عەدەعەدی ئەوەیە بێتەوە)* . ف وقت

عەڕابە: عارەبانه، ئەڕابە. ف ارابه

عـەراف: درۆزن، فیـشاڵبـاز، دەلـەسـەبـاز. ف

دروغگو

عەزرەبات: عەشیا، عاشتەبا. *(هێندە دەستکورتە عەزرەباتی خودای نییە.)* [ف] هیچ.

عەسرۆژە: ژەمەخوێری، نان خواردنی کرێکار و جووتیار لە کاتی عەسردا. [ف] غذای عصرانە

عەقڵ سووک: ناهیر، کەمئەقڵ، گەوج. [ف] ابلە

عەقڵ: فام، ئاوەز؛) ئاقڵ، ژیر، ئەقڵدار. [ف]) عقل؛) عاقل

عەمباراو: بۆشکەی لە تەنەکە ساز کراو بۆ ڕاگرتنی ئاو. [ف] انبار آب

عەمبارە سۆت: عەمبارە پۆ، ڕزیوی نێو هەمار. [ف] پوسیدە در انبار

عەمبارەپۆ: هەمارەپۆ، کالای ڕزیوی نێو عەمبار. [ف] جنس پوسیدە در انبار

عەمرۆکە: گوڵێکە وەک گوڵە گەزیزە وایە دوو بست بەرز دەبێتەوە ڕەنگی شین و سپی و بنەوشە، گەڵاکەی وەک شلێرە وایە لە مانگی بانەمەڕدا گوڵ دەردەکا، کاتێک لاسقەکەی دەشکێنی شیلەکەی وەک داوی جاڵجاڵووکە کێشی دێ و لە شوێنی قرتاوەکەوە دەیان تاڵ درێژ دەبنەوە. [ف] نام گلی است

عەمزەل: حەمزەل، کایەیەکە کەسێک کۆم دەبێتەوە و یەکێکیتر بەسەر پشتیدا باز دەدا. [ف] نوعی بازی بچەها

عەنجوور: خرچە، قەرەخرچە، ئەنجوور. [ف] خربزەی کال

عەوام: خەڵکی ڕەشۆکی و نەخوێندەوار، *(عەوام لە عەوام قەت نابێ حاڵی/ کاسەپڕ نابێ لە گۆزەی خاڵی «فولکلۆر».)* [ف] عوام

عەوە: دەرقەت، پێوەستان. *(هێندە بەهێزە کەس لە عەوەی نایە.)* [ف] قدرت

عەیلەمەنە: جۆرێ چۆلەکەی بنسک سپیە و ئاشقی بلالۆوکە، خەزایی، ئاگرمەلووچ. [ف] سار ملخخوار.

عیار: چەرم، پێست، کەوڵ، پێس. [ف] چرم

عیرفایی: جۆرێ کورتانی قوڵە و نەرم بۆ سواری. [ف] نوعی پالان نرم و کوتاه برای سواری

عیلمە: پۆ، ئەو بەنەی فەرشی پێدەتەنن، ئیلمە. [ف] پود

غ

غارغارۆکێن: غارغارێن، گرێوەغار. ف مسابقه دویدن

غایلە: ختووره، دڵەڕاوکێ و نیگەرانی. *(دڵت غایلە نەکا زۆر جێی متمانەیە.)* ف تشویش و نگرانی

غوباب: بەرخەبەبە، بەرچێڵە، غەبغەبە. ف غبغب

غوڕە: دەنگی خوێندنی کەوی نێر. کێبەرکێی خوێندنی کەو. *(لێیگەڕێ دەندووکی بە بەرد تیژ بکا/ غوڕڕە بکا و بانگی کوڕ و کیژ بکا «ئاوات».)* ف صدای کبک نر

غەرقە: دۆشەکی منداڵان کە نایلۆنی تێدەخەن بۆئەوەی کاتێک میز دەکاتە جێگاکەیەوە هەمووی تەڕ نەبێ. ف تشک با برگی نایلونی مخصوص بچەها

غەرەزەن: قامچی لێخوڕینی کەڵ و گا. خەرەزەنگ. ف تازیانه

غەرەزەنگ: غەرەزەن، خەرەزەنگ. ف تازیانه

غەڵبە: (+) هەراهەرا و ژاوەژاو، دەنگەدەنگ و تێکهاڵانی خەڵک. *(ئەرێ ئەو غەڵبەیە چییە، بڵێی شەڕ بێ؟)* ف سروصدای ازدحام

غەلیفی: دوورینی کەوا لە دیوی ناوەوە کە کونێکی دەهێڵنەوە و لەوێوە هەڵیدەگێڕنەوە. *(کەواکەم غەلیفی کردووە هەر سەردرووی ماوە.)* ف تودوزی لباس

غەوغەو: بەرخەبەبە، غوباب، بەرچێڵە. ف غبغب

ف

فاتەبارە: گیایەکی گەلاپان و خۆڕسکە لەسەر بڕینی دادەنێن دەرکی دەکا. هەروەها ڕیشەکەی وشک دەکەن و تێکەڵ تووتنی دەکەن بۆنەکەی خۆش دەکا. ف اسم گیاهی است

فارگۆن: فەرغوون، ناسرگە. ف فرغون

فافیش: چاو و ڕاو، شاتوشووت، خۆهەڵکێشان و درۆ. ف لاف و گزاف

فام کردنەوە: بۆ منداڵ دەگوترێ کاتێک خەریکە شت فێر دەبێ. *(کوڕەکەمان تازە فامی کردۆتەوە.)* ف رشد فکری برای کودک

فاماندن: تێگەیشتن، ئەقڵ پێشکان. *(جارێ منداڵە نافامێنێ.)* ف فهمیدن

فتراق: گەڕان، بەدوادا گەڕان، ئاوارە بەدوای شتێکدا. *(هامای فتراق کار بەدوای یارەوە.)* ف جستجو

فتراقکار: ئاراگێڵ بەدوای شتێکدا، گەڕۆکی بە شوێن کەسێک یان شتێکدا. ف جستجوگر

فججە کردن: دیق کردن، مردن بە تاسەی شتێکەوە، *(هێندەی دڵ پێوەی بوو لەوانە بوو فججەی بۆ بکا.)* ف مردن براثر آرزوی زیاد

فجووق کردن: فججە کردن، دیق کردن. *(وەختە لە تاوانا فجووق بکەم.)* ف دق کردن

فجووقێن: ناوی یارییەکی منداڵانەیە کوڵکەدارێک دادەنێن و بە پێشکان تێی هەڵدەکەن دەبێ نووکی پێشکانەکە لە کوڵکەدارەکە بچەقێ. ف نام یک بازی بچەگانه

فڕ هاتن: بردنەوە، بەرەندە بوون لە یاریدا. *(لەم دەستەی دۆمینەدا ئێمە فڕ هاتین.)* ف بردن در بازی.

فراژ: کامڵ، فراژوو، هەراش. *(گیا و گژ تەواو فراژ بوونە.)* ف تکامل

فراژوو: فراژی، هەراشبوو، بەخۆدا هاتوو. ف

تکامل یافتە

فراقەت: لەش ساغ، سالم، سلامەت.[ف] تندرست

فڕدان: حەوادان، فڕێدان، تووڕ هەڵدان.[ف] پرتاب کردن، دورانداختن

فڕمە: پڕمە، دەنگی لووتی یەکسم کاتێک شتێک دەچێتە لووتییەوە.[ف] صدای بینی اسب

فروو: ڕووناکی، ڕۆشنایی.[ف] روشنایی

فرەزان: زۆرزان، زیرەک، زانا.[ف] دانا

فریچک: شیلاوک، فریشک.[ف] پنیرمایە

فڕێدان: ☜ فڕدان

فریشتە: فرشتە، حۆری. پەری *(کچی کوردی هەرێمی یا فریشتەی/ لەنێو عەرشی خودایێدا فڕیوی. «ڕاوچی»)* [ف] فرشتە

فریشک کەوتن: نەخۆشییەکی مندالانەیە زگ چوون دەگرێ. دەڵێن منداڵێ چکۆڵەی هێشتا پێ نەگرتوو سەرەوبن کەی یان سەرمەقولاتی پێ بدەی تووشی ئەو نەخۆشییە دەبێ.[ف] اسهال شدن بچە

فریشک هێنانەوە: منداڵ کە فریشکی بکەوێ دایک یان ژنێکی لێزان لەسەر کۆشی ڕایدەکێشێ و بە پەنجە لە بنی لاقی منداڵەکە دەدا و دەڵێ: *(فریشکەجێ فریشکەجێ فریشکی کۆرپەم بێتەوە جێ)* پاشان دوو سێ سەرمەقولاتی پێدەدا، بەوجۆرە نەخۆشیی منداڵەکە چاک دەبێتەوە.[ف] معالجە کردن بچەای کە اسهال گرفتە است

فڕێهەڵدان: تووڕ هەڵدان، فڕێدان، حەوادان.[ف] دورانداخت، پرت کردن

فستق: پستە.[ف] پستە

فسخواردن:) هەڵنیشتنی مریشک کاتێک دەیانهەوێ بیگرن. خەوتنی مریشک لەژێر کەڵەشێردا کاتی جووت بوون؛) بریتی لە مرۆڤی خوێڕی کە خێرا خۆی بەدەستەوە دەدا و دەبەزێ. *(وەک مریشک خێرا فس دەخوا.)* [ف]) خوابیدن مرغ هنگام گرفتن یا زیر خروس هنگام جفتگیری؛) کنایە از آدم ترسو

فسقانچ: جۆرێ قالونچەیە وەک کۆ وایە بە دارانەوە دەنیشێ و کاتێک دەکەوێتە عەرزی دەنگی فسەفسی دێ.[ف] نوعی سوسک بال دار.

فسکوڵیو: تسکوڵیو، بریتی لە تەنبەڵ و تەوەزەل، کەسێک کە لەجێی خۆی هەڵناستێ و هیچ کارێک ناکا.[ف] کنایە از آدم تنبل و بیکار

فسۆن: ئەسپی ئاوی.[ف] اسب آبی

فشقاندن: دەنگی کەڵ و گامێش و بەراز. *(گامێش و بەراز دەفیشقێنن.)* [ف] صدای گاومیش و گراز

فشە: (+) سواڵە شێوێنکە، گیایەک لەنێو گەنمدا شین دەبێ و کاتی دروێنە ناهێڵێ سواڵەکە پێکەوە بنووسێ و بڵاو دەبێتەوە.[ف] نام گیاهی است

فلق و هۆڕ: فلقەفلق، فلقەی زۆر و لەسەر یەک. [ف] صدای پیاپی بەهم خوردن مایعات

فلقن: چلمن، بلقن.[ف] خلمو

فلیقاتە چوون: بریتی لە گەیشتنی زۆری میوە. *(قەیسییەکە هێندە گەیشتووە فلیقاتەی چووە.)* [ف] رسیدن بیش‌ازحد میوە

فنجڵ: ☜ پنجڵ

فووتباڵ: فوودانە، میزەڵان، تیزانگ، ف بادکنک

فوودانە: فوودان، میزەڵان، پزدان، فووتباڵ. ف بادکنک

فەتراک: بەدکار، زیاندەر، ئازاردەر. ف زیان‌رسان

فەداندەر: خوڵقێنەر، بەدیهێنەر، داهێنەر. ف مخترع

فەدەر: گزە، فێڵ و فەرەج، تەڵەکە. ف کلک

فەرزۆ: ڕۆڵە، عەولاد، جگەرگۆشە. ف فرزند

فەرغوون: فارگۆن، ناسرگە. ف فرغون

فەرمی: ڕەسمی، قانوونی. ف رسمی

فەروار: (+) هەوارگەی زستانیی کۆچەران، ئاران. ف قشلاق

فەروو: کەپەنک، قاپووت. *(ئەگەر گورگ لە باران بترسایە فەروویەکی لەبەر دەکرد.)* ف بالاپوش نمدی

فەرهادتاش: شوێنەوارێکی مێژوویییە لە کوردستان. ف از آثار تاریخی در کردستان

فەریح: هەراو، بەرفرەوان. ف وسیع

فەریع: فەریح. ف وسیع

فەریکە چایی: چایی دەمنەکێشاو، چایی پەپوولە بەسەر، چاییەک کە وردە پڵتەی بەسەروە بێ. ف چایی دمنکشیده

فەقێ وەتمانە: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش. ف نام طایفەای در ایل مامش

فەیتوون: عارەبانەی سواری کە چارەوێ ڕایدەکێشێ، فایتوون، هێلینگە. ف درشکە

فەیز: ئابڕوو، حەیا. ف آبرو

فەیزچوون: ئابڕووچوون. *(بەجارێ فەیزمان چوو.)* ف رسوا شدن

فیچانەوە:) نەرم بوونەوە. پووچانەوەی شتی ڕەق. *(جاران ئەو هەمووە قەڵەو و جوان بوو ئێستا فیچاوەتەوە.)* ؛) خواربوونەوەی ئاسن. *(ئاسنەکە بەجارێ فیچاوەتەوە.)* ف) نەرم شدن و خالی شدن باد؛) خم شدن آهن

فیچقە: (+) ئامرازی دەرزی وەشاندن، ئامرازی دەرزی کوتان. ف سرنگ

فیڕکن: فیرن، گووبەخۆداکەر ف اسهال گرفتە.

فیستان: دێرە، جلکی ژنانەیە لە پارچەی ڕەنگاوڕەنگ دەیدروون. ف لباس زنانە

فیسقەڵ: جووکی، مرۆڤی ترسەنۆک کە لە شەڕدا هەراهەرا دەکا و دەنەڕێنێ. ف کنایە از آدم ترسو

فیشق و هوڕ: دەنگی پێکەنین و پرمەی چەند کەس پێکەوە. *(ئەو فیشق و هوڕە چییە سازتان کردووە.)* ف صدای خندیدن چند کس باهم

فیشقە: دەنگی کەڵ و گامێش و بەراز. *(بەراز و گامێش فیشقەیان دێ.)* ف صدای گاومیش و گراز

فیشەککێش: کۆلاس. ف گلنگدن

فیشەکلغ: (+) گوللەی وەک زنجیر هونراوەی کە ڕاست و چەپ لە شانی دەکەن. ف نوار فشنگ

فیڵەباز: فێڵەزان، گزەوەن. *(وتی فێڵەباز پیری زەمانە/ باڵندەت نەهێشت پار ئەو دەمانە/ ئێستا چیبووە چیت لێ بەسەر هات/ ئەو باڵندانە بۆ*

هاتوونە لات. «ڕەشاد شەمسەدینی».) ف کلکباز، نوعی اسهال مدت‌دار مکار

فیڵەمانگ: جۆرێک زگچوونی درێژخایەنە. ف یک بازی کودکانه

فیلی سەرسەرێن: گەمەیەکی منداڵانەیە. ف اسم

ڤ

ڤاستا: پشتیوان: یاریدەدەر، هاریکار. ف پشتیبان

ڤجر: خێل، چاولار، قیچ. ف لوچ

ڤرسۆ: برووسکە، بریسکە، بڵاچە. ف آذرخش

ڤەتەقیان: جیا بوونەوە، کلا بوون، لێک هەڵبڕان. ف جدا شدن

ڤەجین: کاوێژ، کاویچ، قاویچ. ف نشخوار

ڤەرەسین: تێکچوون، لەبەریەک بڵاوبوون. ف بەهم پاشیدن

ڤەرێز: پەرێز، جارە گەنمی دووراوە. ف مزرعەی درو شدە

ڤەسنا: ئیرادە، خواست، لێبڕان. ف ارادە

ڤەشارکۆ: چاوشارکێ، قەراقەرا، خۆشارکێ. ف بازی قایموشک

ڤەشتی: خوازیار، داواکار. ف خواهان

ڤەلەزیان: ڕاکشان، ڕازان، تخێڵ بوون، وەرکەوتن. *(مێرەک لە بن دارەکە ڤەلەزیابوو.)* ف دراز کشیدن

ڤەنا: درەخت، دار. ف درخت

ڤیاد: (+) زەویی نەرمان، گۆشتە زەوی. ف زمین نرم و بدون سنگ

ڤیام: گەشە، گەورە بوون و گەشانەوە. ف رشد

ڤێسەن: کاڵوکرچ، سوور و سپی، ڕووئاڵ. ف سرخ و سفید

ڤێقڕاندن: ئاشکرا کردن، ڤەوەراندن. ف افشا کردن

ڤێلا: دەشتی بەرین و لێژ. ف دشت وسیع و شیبدار

ڤیناس: خۆشەویستی، ئەوین. ف مهر

ڤینە: ئارەزوو، ئاوات. ف آرزو

ڤێوار: تامەزرۆ، تاسەمەند. ف مشتاق

ق

قابگاره: گوێزینگ، زەنگۆڵ، گویزک.[ف] قوزک پا

قابلـەمـە: (+) مـەکـووک، ئـامرازێکی مـەکینـەی خەیاتییە مەسوولە دەچێتە ناوی.[ف] ماکوک

قابیلە: مامان، پشتگر.[ف] ماما، قابلە

قابیلـەت: قابیـل، شـیاو، *(شتێکە قابیلـەتی تۆشـی نییە بەڵام بۆم هێناوی.)* [ف] ارزش

قاپ قەوی بوون: بریتی لە ڕوو کرانەوە، شەرم شکان. *(تازە وا قاپی قەوی بووە جوابی کەس ناداتەوە.)* [ف] رودار شدن

قاپشین: گیایەکی گەڵا پانی سپیواشە لە دێم و زیاتر لـەنێو بێستانە گرکە دەڕوێ گـەڵا وشکەکەی دەسووتێنن و دەست بەسەر دووکەڵەکەیدا دەگرن، بالووکە چاک دەکاتەوە. [ف] اسم گیاهی است

قاپشینکە: ☜ قاپشین

قاپقاپۆکە: خـەربـەنگ، گیایـەکە دانـەکـەی بـۆ ددانئێشە بەکار دێ.[ف] نام گیاهی است

قاپکـەوڵـە: قـاپ کزێنـە، گیایـەکی گـوڵزەردی سپیواشە.[ف] نام گیاهی است

قاپیلکـە: قاپووچکـە، قاپوولکـە، قـاپی چکۆڵـە.[ف] کاسەی کوچک

قاچاخە: بێچووە گامێشی دوو سـاڵانە ، پاڵاخی دوو ساڵان.[ف] بچە گاومیش دو سالە

قاچوو: بازەڵێن، توولێن، قەمچان، ڕێخان.[ف] یک قول دو قول

قاچە خلیسکێ: خلیسکێن لەسەر بەفر بە پاوە. [ف] سرسرەبازی سرپا. اسکی

قاچەفڕێ: پەلەقاژێ، لینگەفرتێ.[ف] دست و پا زدن

قاخنـات: ژەکـی مانگـا و مـەڕ و بـزن کـە دەیکوڵێنن و توند دەبێتەوە، ئەگەر تۆزێ شیری تێکەڵ بکەن و لەگەڵی بکوڵێنن دەبێتە فرۆ.[ف] آغوز

قادرخـانی: جـۆرێ شـووتی زۆر شـیرینە

تووەکەی سپییە. ف نوعی هندوانه

قاڕ: عەیب، شوورەیی. عار. *(پێت قاڕە لەگەڵ من بێی؟)* ف عار، عیب

قاڕاندن: دەنگی مراوی. *(مراوی دەقاڕێنن.)* ف صدای مرغابی

قاراو: شەونم، ئاونگ، خوناوە. ف شبنم

قاڕقاڕێن: یاریی قاڕێن بە تۆپێکی چکۆڵە دەکرێ کە لە وردە مووی ئاژەڵ دروست دەکرێ. ف بازی با توپ کوچک درست شده از موی حیوانات

قاڕنداشی: جۆرێ تووتنە. ف نوعی توتون

قاڕنە: تۆپی بە خوری و موو دروست کراو، بۆ کایەی قاڕقاڕێن. ف توپی درست شده از پشم و موی حیوانات

قاڕە سەهۆڵ: تەختە سەهۆڵی گەورە لەنێو ئاوی چۆمدا. ف تخته یخ بزرگ در رودخانه

قاڕە: دەنگی مراوی. *(مراوییەکان قاڕەیان دێ.)* ف صدای مرغابی

قاڕەسەرێ: سەرەگێژە، کاس بوون لەبەر گەرما. *(وا تووشی قاڕەسەرێ بووە هۆشی هیچی نەماوە.)* ف سرگیجه

قاڕێن: کایەیەکی منداڵانەیە بە تۆپێکی چکۆلە دەکرێ. بە تەختەیەک لە تۆپەکە دەدەن و دوور دەیهاون بە نۆرە دەبێ بچن بیهێننەوە. تۆپی هەرکەس زیاتر بڕوا بەرەندەیە. ف بازی بچەگانە با توپ و تخته

قاسڵوانگ: گاوانی، ڕیشۆڵە، سێروو. ف سار سیاه

قاسە: (+) قوفڵ، قفڵ. ف قفل

قاش: (+)) جۆرێ مووررووی سێگۆشە و گەورەیە لە ملوانکەدا. *(هەی لە سێوەلاسوورەی بەر ماڵی ئیندرقاشی/ سەبر و هۆشی لێبڕیوم دەنگی بەرمووور و قاشی. گۆرانی.)* ؛) دەستەگیرەی کورتان، بەرزایی پێشی کورتان. ف) نوعی مهرەی زینتی؛) جلو برجستەی پالان

قاشوخ: گوندێکی ناوچەی فیزوڵلابەگی بۆکان بوو وەبەر سەدی کۆرشی کەبیر کەوت. ف نام روستایی در منطقەی فیض‌اللەبگی بوکان زیر سد کورش کبیر رفت

قاقانە: بانجێڵە، باڵگۆن. ف بالگن

قاقانی: پارچەیەکی قەدیمی بوو ژنان دەیانکردە دەسماڵ. *(کڵۆنجە ڕێ ڕێ دەسماڵ قاقانی/ بەینی من و تۆ عالەم پێی زانی «گۆرانی».)* ف نام یک پارچەی قدیمی

قاقڵە: کەمەی لانکە. ف کمانەی گهوارە

قاقڵی: کاخڵی. گیایەکە گوڵەکەی بە کولێرە و شیرینییەوە دەکەن و دانەکەی بۆ ڕۆن دەبێ. ف نام گیاهی روغنی

قاقنات: ☜ قاخنات

قاقەزپەرداخ: قاقەزسماتە، کاغەزساو. ف سنبادە

قاقەناز: زۆر سووتاو، کۆڵە. *(وا سووتاوە بۆتە قاقەناز.)* ف زغال

قاڵ بوونەوە: خاڵی بوونەوەی زگ دوای تێر خواردن. *(ئەو هەمووەم خوارد نێوەڕۆ کەچی ئێستا قاڵ بوومەتەوە.)* ف خالی شدن شکم

قالآنگ:)کلاوبنە، ڕێکلاو، لاسقی گەلا ڕێواس.

)گیا پڵاو، ناوی گیایەکە بۆنی پڵاوی لێدێ.ف
)ساقەی برگ ریواس)نام گیاهی است

قاڵب: ئامرازی خشتپێژان.ف قالب خشتزنی

قاڵبدار: خشتبڕ، کەسێک کە بە قاڵب خشت دەپێژێ.ف خشتزن

قاڵتاس: قەڵچغ، داسوو، پرزەی گوڵەگەنم و جۆ و کەرخنکێنە.ف اخگل

قاڵچە: دارێکی دوو لکە وەبەر ڕەشکەکاو شەغرەی دەدەن بۆ بار کردن.ف چوبی دوسر برای بار کردن بار سنگین از آن استفاده میشود

قاڵغان: (+)) کەرکۆڵ، کەرکۆڵک.) شانەی گوڵەبەڕۆژە.ف) گیاهی خاردار) خوشه آفتابگردان

قاڵک: ☜ قاوغ

قالک: توێکڵ، تێخوڵ، تێکوڵ، توێخڵ.ف پوسته

قاڵند: ئەستوور، قەوی *(چۆن بتوانم لە پشت ئەم هەموو توێژانەوە/ لەو دیوی ئەو هەموو شوورە قاڵندانەوە/ بتبینم/ بۆنت کەم/ بتچێژم؟ «قادر عەلیخا»)* ف ضخیم

قالۆنچە عەجەمانە: گووگلێنە، گووخلێنکە، کێزک، گازولک.ف سرگین غلطان

قالەژنانە: ژنانیلە، ژنیلانە.ف خالەزنک

قاندر: زۆردار، کەڵەگا، زاڵم.ف ظالم

قانزان: قازان، مەنجەڵ.ف دیگ، پاتیل

قاوغ:) قاڵک. قاڵکە کیسەڵ؛) پووکەی گوللە، قاپوورە گوللە.ف) لاک لاکپشت؛) پووکەی گلوله

قایدە: عادەتی مانگانەی ژنان، بێنوێژ بوونی ژنان.ف قاعدگی زنان

قایمەلان: لانێک کە دەست پێڕاگەیشتنی بۆ ڕاوچی دژوارە. *(ئەستی دەڵی خوشکی بەغدانی سەری من دێشی دڵی من چەندی لە چێشتە/ کەروێشکی کەڵەکی بانکی دەکردەوە کەروێشکی/ هەستە دەچینەوە قایمەلانی خۆمان دەکەینەوە خەوی چێشە چێشتە. «فولکلۆر».)* ف لانە خرگوش

قایوشت: کاوێژ، قاویش، کنشت، کاویچ.ف نشخوار

قایەغە: قەدەغە، پاوان، قۆرغ.ف قدغن

قتوو: ئاژاوەچی، شۆڤار.ف فضول

قرپاسان: زەویی بە قەوەت و پڕ لە گژ و گیا. *(زەوییەکەی قرپاسانە هەر حاسڵێکی لێ داچێنی نموونەیە.)* ف مزرعەی خوب و حاصلخیز

قرپن: کەسێک کە زۆر قرقێنە دەدا، قرپۆ.ف کسی کە زیاد آروغ میزند

قرپۆ: ☜ قرپن

قرت کردن: (+) هەڵاواردن، دەر کردن لە کایە، کەسێک لە کایەدا خەتا دەکا قرتی دەکەن.ف اخراج کردن از بازی

قرتقرتۆک: قورقوراچکە، قورووو، تینتینۆکە.ف حلقوم

قرتقرتۆکە: ئەوک، قورقوراچکە.ف حلقوم

قرچۆک: (+) ☜ قرچەک

قرچە قرچی نیوەڕۆ: هەرەتی گەرمای نیوەڕۆ، قرچەی نیوەڕۆ.ف گرمای شدید ظهر

قرچەک: قرچۆک، دارێک کە زوو دەشکێ *(ئەو دارە قرچەکە بۆ گۆچان نابێ دەشکێ.)* ف چوبی کە انعطاف ندارد

قرچەی نیوەڕۆ: هەڕەتی گەرمای نیوەڕۆ. *(شۆڕەژن بنکۆڵ نەکا برکەی بە قرچەی نیوەڕۆ/ چۆن لە کاڵەک تێر دەبێ ئەو زگ زلەی بێستان ڕنە.)* ف گرمای شدیدی ظهر

قرخە لێبڕین: هەناسە لێبڕین، خنکاندن *(بێدەنگبە دەست بنێمە بینت قرخەت لێدەبڕم.)* ف خفه کردن

قردیلە: جووجەڵەی نێر، کەڵەشێری ساوا. ف خروس بچه

قرژاڵە: پنج بەستنی گەنم، ئەوکاتەی گەنم سێ چوار گەڵا دەر دەکا بە زەویدا پان دەبێتەوە. *(گەنم زۆر جوان شین بووە قرژاڵەی کردووە.)* *(گەنم خەریکە قرژاڵە دەبێ.)* ف روییدن گندم و چند برگه شدن

قرژنگ: قرژاڵ، قرژانگ، قارژنگ. ف خرچنگ

قرقران: ئۆقرە گرتن، ئارام گرتن، سرەوتن. *(هێندە نارەحەتە ساتێک ناقرقرێ.)* ف آرام گرفتن

قرماخە: قەتماخە، پەترۆ، پترۆک، قرتماخە. ف کبرەی زخم

قرماغە: قرماخە. ف کبرەی زخم

قرمساندن: قووچاندن، نووقاندن، پێکدا نووساندنی چاو. ف بستن چشم

قرموقاڵ: زەنازەنا، قیژە و هەرای زۆر. ف سروصدای زیاد

قرووسکاندن: دەنگی سەگ *(سەگەکە دەستی کرد بە قرووسکاندن.)* دەنگی سەگ کاتێک کە لێی دەدەن. ف صدای سگ هنگامی کە کتک می‌خورد

قرووسکە: دەنگی سەگ، دەنگی سەگ کاتێک کە لێی دەدەن *(ئەو سەگە هەر قرووسکەی دێ.)* ف صدای جیغ زدن سگ

قرەپیرێژن: جۆرێک هەڵپەڕکێی حەماسییە بۆ خۆئامادە کردن و گەرم کردنی لەش بەرلە شەڕ و هێرش بردن. ف نوعی پایکوبی حماسی مخصوص کردی.

قرە ڕەشە: نەخۆشییەکە زۆر سەختە و لەنێو پاتاڵدا پەیدا دەبێ *(دەک قرە ڕەشەتان تێکەوێ.)* ف مرضی کشنده برای حیوانات

قرهاندن: سەرلێشێواندن، ماندوو کردن. ف خسته کردن و گمراه کردن

قڕەون: کەسێک کە هەمیشە سەری لە کێشە دەخورێ و شەڕ و قڕە ساز دەکا. ف کسی که همیشه به دنبال دعوا و مرافعه است

قریشکاندن: (+) پێکەنین و تریقانەوەی منداڵی چکۆڵە. *(کوڕەکەمان گڕ و گاڵ دەکا و دەقریشکێنێ.)* ف صدای خندەی بچه

قریشکە: (+) دەنگی پێکەنینی منداڵ. *(هیوا بەو ڕۆژگارە قریشکەی پێکەنینی دێ.)* ف صدای خندەی کودک

قزڵ پەنجەرە: پەنجەرۆک، نێوی گیایەکە. ف نام گیاهی است

قزڵمزی: ناوی گیایەکە. ف نام گیاهی است

قزڵمامەسی: گیایەکی دڕکاوییە گوڵی بنەوش

دەردەکا و لەنێو گەنمدا دەڕوێ نیومەتر بەرز دەبێتەوە.[ف] نام گیاهی با برگهای بنفش.

قژاکە شینە: ☜ قژاڵکەشینە

قژاڵکەشینە: قژاکەشینە، کاسەڵەشینکە.[ف] سبزقبا

قژبوون: بەزین، بۆڕدران، بۆڕخواردن.[ف] شکست خوردن

قژبەڵەکە: مەلێکە بەقەد سێروو دەبێ ڕەش و سپییە و لەسەر دار هێلانە دەکا.[ف] پرندەای سفید و سیاه روی درخت لانه می‌سازد

قژپوغ:پیسوپۆخڵ، چەپەڵ، [ف] کثیف

قژگیرە: خشڵێکە ئافرەتان لەپشتە سەرەوە لە قژی قایم دەکەن.[ف] کلیبس

قژیلاندن: چەسپاندن، پێسەلماندن، بەڵگە هێنانەوە.[ف] ثابت کردن

قسە بڕ کردن: قسە ڕۆیشتن، دەسەلات بەسەر کەسێکدا و بە قسە ڕازی کردنی. *(ئەوێ زۆر چاک قسەی بڕ دەکا.)* [ف] حرف رفتن

قسە بزرکاندن: وڕێنە، قسە نەکولاندن، وڕاوە. [ف] هذیان

قسە بە شەکر برینەوە: بریتی لە ڕێز دانان بۆ ئەو کەسەی قسەی لەگەڵ دەکەی و لە کاتی قسە کردنیدا ئیجازە وەرگرتن بۆ قسە کردن. *(قسەکەت بە شەکر دەبڕمەوە بەلام با منیش شتێکت عەرز بکەم.)* [ف] کلمەای محترمانه برای اجازه گرفتن از طرف مقابل که سخن می‌گوید

قسەپتەو: قسە دروست، خاوەن بەڵێن.[ف] کسی که بی‌هدف سخن نمی‌گوید

قسەترن: کەسێک کە قسەی پیس و بێجێ دەکا و خۆشی نازانێ دەڵێ چی، بریتی لە کەسێک کە پاش و پێشی قسەی خۆی نازانێ و هەروا دەری‌دەپەڕێنێ.[ف] کنایه از کسی که بدون تفکر حرف می‌زند

قسە ڕۆیشتن: ☜ قسە بڕ کردن

قسە زڕاندن: بڵاوکردنەوەی قسە و باس، ئاشکرا کردنی ڕاز و نهێنی.[ف] افشا کردن راز.

قسە کولاندن: بیرلێکردنەوە و قسە کردن، پاش و پێشی قسە زانین.[ف] فکر کردن و حرف زدن

قسە گنخاندن: قسە قووتدان، پێچووپەنا لە قسەدا.[ف] آشکار نکردن سخن

قسەڵۆک: قسەی سووک، ناونیتکە *(هەر خەریکی هەڵبەستنی قسە و قسەڵۆکانە.)* [ف] حرف درآوردن

قسە لە قسەدا کردن: خۆ تێهەڵقوتاندن، پەڕینە نێو قسەی کەسێک کە داخێوێ.[ف] دخالت کردن

قسە لێزانین: قسە لێبیستن، *(جارێ بچۆ قسەیەکی لێبزانە پاشان دەچینە خوازبێنی.)* [ف] دانستن نظر

قسەناس: تێگەیشتوو، زانا، وردبین.[ف] فهمیده

قسەی حیسابی: قسەی جوان و بەڕێ و جێ، قسەی ڕاست بە بەڵگەوە.[ف] سخن خوب

قسەی سووک: جنێو، جوێن، دژمان، دژمێن.[ف] فحش، دشنام.

قسەی قەڵەمی: قسەی هەژدە هەژدە، کەسێک کە دەیهەوێ خۆی زانا و تێگەیشتوو نیشان دا و قسەی زل زل دەکا.[ف] سخن متکبرانه

قسەی هەژدە هەژدە: قسەی زل و خێراخێرا، قسەی قەڵەمی *(دەستی کردووە بە قسەی هەژدە هەژدە.)* ف زدن حرف بزرگتر از دهن

قشتوقۆڵ: قشتیلە، خنجیلانە، جوانکیلە، خونچیلانە. ف زیبای دوستداشتنی

قشرە: قشڵە، پێگەی سەربازان، سەربازخانە. ف پایگاه

قل: (+) خۆڵەمێش، خۆڵەکەوە. ف خاکستر

قلاپیک: (+) قەلپووت، قەلپووچ، چاوێک کە گلێنەی دەرهاتبێ. ف حدقەای کە خالی از کرەی چشم باشد

قلاچە: قاژوو، قەلەڕەشکە، قەلەڕەشە، قالاو. ف کلاغ

قلاژیلە: قشقەرە، قشقەڵە، قەلەباچکە. ف کلاغ دم دراز سیاه و سفید

قلانە قریوە: هەلاتن و باراندن و کایە کردنی بەرغەل و کاژیلە کاتێک لە کانی و لەوەڕ نزیک دەبنەوە. *(لە گوێ جۆگە و سەر کانی/ لە مێرگ و سەوزەلانی/ دەکەن قلانە قریوە/ هاوینە وەختی جیوە.)* ف بازی کردن و بع بع کردن برە و بزغالە هنگام نزدیک شدن بە آب و علف

قلانە کردن: هەلاتن و کایە کردنی بەرغەل و کاژیلە. *(بەرغەلەکە بە قلانە کردن هەلاتن بۆ سەر ئاوەکە.)* ف بازی کردن و بالا و پایین پریدن برە و بزغالە

قلانیشۆ: قەلاندۆش، نێوانی هەر دوو شان. ف قلمدوش

قلێن: ☜ قەڵێن

قڵچغ: قەڵتاس، داسوو، پرزەی گوڵە گەنم و جو ف اخگل.

قلمیچ: بەڵغ، خلتە، بڵخ. *(نێو سەماوەرەکە قلمیچی گرتووە.)* ف جرم

قلۆپ: شەل، ڕینجۆ، زرۆپ، نوقستان. ف ناقص‌العضو

قلۆپانی: سەرمەقولات، سەر لە زەوی دانان و بە پشتدا خۆ هەڵگێرانەوە. ف پشتک زدن، معلق زدن

قلووس: عەولاد، منداڵ، ڕۆڵە. ف فرزند

قلە سەما: شادی کردن و هەڵبەز دابەز، هەلەکە سەما. *(لە خۆشیانا کەوتبووە قلە سەما.)* ف شادی کردن و بالا و پایین پریدن

قلیانی: گۆشتی سوورەوەکراو، قاورمە. ف قورمە

قمقمە: خەمەگرۆ، قومقومۆک. ف چلپاسە

قمووش: قمیش، ڕەهەند، بوودڕ، کەرێز. ف تونل زیرزمینی

قندرغە: گیایەکە لە شوورەکات سەوز دەبێ و ڕەنگێکی مەیلەو قاوەیی هەیە. ف اسم گیاهی در شورەزار

قنگ پێ شل بوون: بریتی لە بەزین و وازهێنان لە توند و تیژی و کەڵەگایەتی *(زۆری کەڵەگایی کرد ئێستا قنگی پێ شل بووە)* ف کنایە از شکست خوردن

قنگە: ☜ قوونوو

قنگەلیشکێ: قنگەخشکێ، قوونەخشکێ. ف برروی باسن خزیدن

قنگەوڕک: قوڵفاوقوون، پێچەوانە. *(قنگەوڕک لە قسە حاڵی دەبێ!)* ف کنایه از عوضی حالی شدن

قنـەقـن: (+) سنەسن، خاوەخاو، تەمبەڵی و دەستەوستانی لە کاردا. ف تنبلی در کار

قۆپەنە: بنی شنگ کە ئەستوور و تۆپەڵەیە و زۆر خوشە. *(وەرە ئێرە شنگ هەڵکەنە هەمووی قۆپەنەیە.)* ف ساقەی کلفت شنگ

قـۆتراش: خۆتراش، دەزگای ڕیش تاشین. ف استره

قۆتک: (+) گوڵەنگ، گوڵنگ. ف منگوله

قوتـوو: (+) قووتوومە، کۆلکە دار، کۆلک. ف کندەی درخت.

قوتوومە: قۆتەرە، کۆلک، کۆتەرە، کۆلکەدار. ف تنەی درخت

قوتە: بانگ کردنی گەماڵ. *(قوتە قوتە قوتە قوتە.)* ف صدا زدن سگ

قۆتە: قۆخە، کۆخە، کۆکە. ف سرفه

قوچبن: قوژبن، سووچ. ف گوشه

قودوو:) پارچەیەکی قەدیمی بوو بۆ جلی ژنان؛) قوتوو، قالک، دەفری چکۆڵەی سەرپۆش دار بۆ کەل و پەل. ف) نام پارچەای قدیمی؛) قوطی

قودەقورە:گچکەی ترزل، وردیلەی بە پۆز و هەوا، کوڵەبنەی قۆرەدەماخ. ف کوتولەی متکبر

قودیلە: ئاوێنەیەکی خڕی چکۆڵەیە لە گیرفاندا هەڵیدەگرن. ف آیینەی جیبی

قوڕاڵە: جۆرێ پیوازە کە سەلک ناکا و وەک سەوزی کەڵکی لێوەردەگرن. ف پیازچه

قوڕانیشک: هەنیشک، بەلەمرک، قوڕانیک، کۆڕەنیشک. ف آرنج

قوڕانیک: هەنیشک، بەلەمرک. ف آرنج

قـۆرت: جۆرێ ڕەوتی یەکسمە. ف نوعی راه رفتن اسب

قورتم لێدان: قوم لێدان، بە یەک قورتم ئاوەکەی خواردەوە، قورتمێکی لە ئاوەکە دا و بۆی نەخورایەوە. ف هورت زدن آب

قۆرخان: گوندێکی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان بوو کەوتە بەر سەدی کۆرشی کەبیر. ف روستایی در منطقەی فیض‌اللەبیگی بوکان زیر سد کورش کبیر رفت

قوڕقوڕاوکە: قوڕقوڕۆچکە، تینتینۆکە، قوڕگ. ف حلقوم

قورناقە: گەروو، ئەوک، قوڕوو. ف حلقوم

قورنجک: نقورچک، ڕەبادان. ف نیشگون

قورۆقەتێ: جنێوێکە، قسەیەکی ناخۆشە، وەک قوزەڵقورت. ف دشنامی است

قوروگنە: قوڕقوڕاچکە، تینتینۆکە، بینبینۆکە. ف حلقوم

قوڕۆڵە: ☜ قوڕاڵە

قۆرەپیشان: بریتی لە مانگی گەلاوێژ. ف ماه مرداد

قۆرەدەمار: بەهەوا، بەدەمار، قۆرەدەماخ، بەپۆز. ف متکبر.

قـورەزێلاقـە: ئـەو قـورەی دوای بـاران بـە کەوشەوە دەنووسێ. ف گل چسبناک

قـورەسـواخ: سـواخدانـی دیـوار بـە قـوڕ. ف گل اندود کردن دیوار

قــورەکــەشــی: تیروپــشک، پــشک خــستن.[ف] قرعەکشی

قۆرە لێبڕین: چۆرە لێبڕین، بین پێوەنانی گۆزە ئاو و هەڵچۆڕاندنی بە تەواوی *(بینی بە گۆزەکەوە نا قۆرەی لێبڕی.)* [ف] خوردن ظرف آب با یکبار بە دهن گرفتن، هورت کشیدن.

قورەنیسک: قرقێنە، قرپ.[ف] آروغ

قوریــشکە: قوروشــکە، جۆرێــک ئیــستکانی قوڵفدارە لە چینکۆ.[ف] نوعی فنجان لعابدار

قۆڕیلە: زەردەقۆڕە، جۆرێ مارمێلکە.[ف] سمندر

قورینگی گۆزەڵێ: شینە شاهۆ.[ف] درنا

قۆزاخە: (+)) کەلووی نیسک و نۆک و پاقلە؛) پیلـەی کرمـی هـەورێشم، کـەلـوو.[ف]) پوشـش دانـەی نخـود و عـدس و لوبیـا؛) پیلـەی کـرم ابریشم

قوزەبزە: قوزە بزنە، جۆرێ تەمبێ کردنە لە کایەدا، *(کایەکە لەسەر چی بکەین لەسەر هەلاتن، قوزەبزە یان شت کرین.)* قوزەبزەش قووڵکێک لەنێو خۆڵە مرەدا دروست دەکەن و خیزێکی چکۆلـەی تـێ دەخـەن ئـەو کـەسـەی کایـەکـە دەدۆڕێنێ دەبێ بۆ تەمبێیانە ڕاکشێ و بە زمان ئـەو خیـزە لـە قووڵکـە چکۆلـەکـە دەرهێنـێ.[ف] نوعی تنبیە کردن در بازی

قۆڵان: تەنگەی ولاخ، ئەو پارچە قایشەی بەژێر سـکی ولاخیدا دێنن و کورتانـەکـەی پـێ تونـد دەکەن. [ف] نوار پهن تنگەی ستور.

قۆڵ لێهـەڵمـاڵین: دەست بەکار بوون، خۆ لە کار هەڵکردن.[ف] دست بەکار شدن

قوڵباندن: شاردنەوە، حەشاردان، قایم کردن.[ف] پنهان کردن.

قۆڵتاس: ئاوگەردان، مەلاقەی گەورە.[ف] ملاقەی بزرگ

قــوڵتر: بــە ژنــی پیــر و ســووک و چــرووک دەگوترێ. *(هەر پیرێژنە قۆڵترێ دوو قسەی بۆ بکا فریو دەخوا.)* [ف] پیرزن بدکارە و بی‌ارزش

قۆڵغە: سەکۆ، بەرزاییەک لەماڵدا بۆ دانیشتنی هاوینان.[ف] ایوان

قوڵفاوقوون: پێچەوانە. *(قوڵفاوقوون لێی حاڵییە.)* [ف] عوضی، برعکس

قوڵقوڵان باز: فێڵەباز، تەڵەکەباز، کڵاوچی.[ف] کلکباز

قۆڵنج تەقاندن: ☜ کۆڵنج شکاندن

قولنچک:) قولینچک، سووچ، قونیچک؛) قامکە چکۆڵە، تووتە.[ف]) گوشە) انگشت کوچک

قوڵە کەیخودا: کەسێک کە لە خۆڕا خۆی لە کار هـەڵدەقوتێنێ و جوابیـشی نـادەنـەوە *(ئەم قوڵە کەیخودایە چیی بەدەستەوەیە.)* [ف] کسی کە دخالت در کار مردم می‌کند

قوڵە: (+) کوللە، کلۆ.[ف] ملخ

قوڵـەبـاڵ: کوڵـەبـاڵ، فـەرەنجـی، پـەسـتەک.[ف] جلیقەی نمدی

قوڵەبەگ: بریتی لە کەسێک کە ئەدای بەگ و خانـان دەردرێنـێ. مـرۆی تـرزل و بـەپـۆز *(وا لووتی هەڵێناوە دەڵێی قوڵەبەگە.)* [ف] کسی کە ادای خانان درمی‌آورد

قولـەزەنگی: قولـەڕەش، مـرۆی پێست ڕەش.[ف]

سیاه پوست

قوڵەشینە: مەلێکە بەقەد کاسەڵەشینکەیەک دەبێ کلکی قۆڵە و لە قەراغ چومان دەژی. ف ماهی خوارک کوچک

قۆڵەمیر: بەدەسەڵات، کەسێک کە هەموو کارێکی وەک میران دەچێ. ف کسی که رفتارش مانند میران است

قوڵیجان: گیایەکە وەکوو مالۆنجە بە زەویدا پان دەبێتەوە بەرێکی ورد دەگرێ وشکی دەکەن و لەگەڵ چایی دەمی دەکەن بۆ سەرمابوون و هەڵامەت باشە. ف اسم گیاهی دارویی

قولینچک: سووچ، قوژبن، قونیچک. ف گوشه

قوڵێنک: قرقێنە، قرپ. ف آروغ

قوڵینە: (+) دەفرێکە بە شووڵ دروستی دەکەن وەک سەوەتە وایە قاپ و قاچاخی تێدەخەن. ف سبد بزرگ

قوماچ: نیشانە، ئارمانج. ف هدف، آماج

قوماهەنگ: جاڕوو، قسڵ و خۆڵەمێش بۆ سواخدانی حەوز و دیواری بەردین. ف ساروج

قۆمرغانە: شوێنی مانەوە، شوێنی حەسانەوە. ف اطراقگاه

قومقومە: (+) سەرمازەڵە، لاسابانکەرە. ف آفتابپرست

قومۆک: چۆڕە ئاو، قومێک ئاو، *(قومۆکێ ئاومان دەنێ.)* ف جرعه

قۆمەتە: کۆمە، کۆگا *(لەسەر قومەتە کولۆشەکە دانیشتبوو.)* ف توده گیاه

قون هەڵتەکێنە: قنگ هەڵتەکێنە، بەرگاییلکە. ف دم جنبانک

قونجاندن: قووچاندن، نووقاندن. ف بستن

قونجلیسک: قونجرکە، پێکوڵ، پەیکوڵ. ف خار سه کوهک

قوند: قوڵ، کلکبڕاو، دووڤ کورت. ف دم بریده

قونیچ: ☜ قولینچک

قووش کاغەز: تەیارەی قاقەزی، موشەکی قاقەزی. ف موشک کاغذی

قاووقوول: قوولە و هەرا، قوولەقوول. ف هوار و داد

قووڵکە و تەمبار: کەند و لەند، زەویی چاڵ و چۆڵ و بەرز و نەوی. ف زمین پست و بلند

قوون پاڵە: نەفەری ئاخر لەلای چەپەوە لەبەرە دروێنەدا، یەکەم کەس لەلای ڕاستەوە سەرپاڵەیە. ف نفر آخر در سمت چپ صف درو کردن

قوون خوێ نەخواردن: بریتی لە هەدا نەدان و نەسرەوتن، نەحەجمین. *(لە هیچ کوێ قوونی خوێ ناخوا، دەڵێی جیوەی تێ کراوە.)* ف کنایه از آرام نگرفتن

قوون دانە سەر دەرپێی خۆ: لە ئیختیاری خۆدا بوون، منەتی کەس نەکێشان و دەسەڵات لە دەس خۆدا بوون. *(خۆشە منەتی کەس هەڵنەگری و قوون بدەیە سەر دەرپێی خۆت و دانیشی.)* ف کنایه از داشتن اختیار کار و زندگی خود.

قوون دەهۆڵ: بریتی لە مرۆڤی خوێڕی و قوون قورس، کەسێک کە قوونی زلە و توانایی هیچ

کارێکی نییە و ناتوانێ هەستێ.ف کنایە از تنبل

قوون قورس: تەمبەڵ، لەش گران، تەوەزەل.ف تنبل

قوون هەڵدڕاو: بریتی لە خوێڕی و بێکارە، پیاوی سووک و چرووک.ف کنایە از آدم بی‌سر و پا

قوون هەڵگرێنە: بریتی لە مانگی ڕەشەممە کە دەغڵ و دان و دانەوێڵە کەم دەبێتەوە و لە تەواو بوونە.ف کنایە از ماه اسفند کە ذخیرەی زمستانی کاهش می‌یابد

قوونڕەش: جۆرێ مراویی بۆرە کلکی ڕەشە. ف اردک ارەای

قوونوو: گۆزەی هەنگ کە بە قوڕ چەند دانە گۆزەی تری پێوە دەلکێنن.ف تبدیل کندو برای زنبورعسل

قوونە خلیسکێ: خلیسکێن لەسەر بەفر بە دانیشتنەوە.ف سرسرەبازی نشستە

قوونەجوورە: قنگەجوورە، ئێسکی پشتەقوونی مریشک.ف استخوان تخمدان مرغ

قوونەخەو: خەونووچکە بردنەوە بە دانیشتنەوە، خەوتن بە دانیشتنەوە.ف در حالت نشستە بە خواب رفتن

قوونەگاز: لای دواوەی پشتی یەکسم کە ئاخری کورتان دەکەوێتە سەری.ف قسمت عقبی پشت الاغ کە آخر پالان رویش می‌افتد

قوونەڵتس: قنگەڵتس، هەڵتووتەکانی سەگ و پشیلە و ڕێوی و ...ف چنباتمە زدن سگ و گربە و روباە و ...

قوونەڵفس: قنگەڵتس، هەڵتووتەکان.ف ☜ قوونەڵتس

قەپانچە: قۆچەقانی، قەڵماسک، کەهنیک، بەردەقانی، قەڵماسن، قەڵماسەنگ.ف فلاخن

قەپۆچکە: شەیتانۆکە، نینۆکە شەیتان.ف حلزون

قەپەنگ:)ئەو قولاپەی قەساب گۆشتی پێدا هەڵدەواسێ) دەڕابە.ف)چنگک) کرکرە

قەتحە: چوارچێوەی وێنە، قاپی عەکس.ف قاب عکس

قەدەڵە: جۆرێک دەفری فافۆنە بەقەد کووپەیەک دەبێ شیری تێدەکەن و دەیکوڵێنن.ف دبەای از جنس روی برای شیر

قەدەم مەڕی: جۆرێ ڕەوتی یەکسمە.ف نوعی راە رفتن اسب

قەرات: قەڵات، قەڵا.ف کلات

قەراتە: ☜ قەڵاتە

قەراغ بۆ تێکردنەوە:) بریتی لە تەمبێکردن و لێدان لەسەر کارێکی ناڕەوا، سزادانی کەسێک لەسەر تاوان. *(تۆزێ قەراغی بۆ تێنەکەمەوە یاغی دەبێ.)* ؛) وەرد کردنەوەی کڵۆشی دەوری خەرمان لە کاتی گێرەکردندا. *(کڵۆشەکە زۆر بڵاو بۆتەوە دەچم تۆزێ قەراغەکەی بۆ تێدەکەمەوە.)* ف) کنایە از تنبیە کردن و زدن؛) جمع کردن دوروبر خرمن

قەراغ لێکێشان: لەسەر ڕۆیشتن، قسەی زیادی کردن، *(لەوە زیاتر قەراغی لێبکێشی پێچ و کڵاومان تێکەڵ دەبێ.)* ف حرف اضافی و ناراحت‌کنندە

قەراغ و بیجاغ: دەوروبەر، دەوراندەور.ف دوروبر

قەرخ: ئەو بەرە وێنجە و گیایەی کە بە یەک زەبری مەڵەغان دەدووردرێتەوە. کەرخ.ف علفی کە با یک ضربەی داس درو شود

قەرقلیت: قەرەقرووت.ف قراقروت

قەرقوش: (+) نەخۆشییەکی سمی چارەوێیە ناتوانێ لە عەرزی دانێ.ف بیماری سم اسب

قەرقوو: شەرا، گەنم و نۆکێک کە بەر لە گەیشتنی وشک دەبێ. *(وەک گەنم قەرقوو شەرا بردیەسم/ قسەی هات و هوت ناکەس کوشتییەسم.)* ف گندمی کە قبل از رسیدن می‌خشکد

قەرملاندن: سەرلێشێواندن، قرهاندن، لەبکاندن. ف گمراه کردن

قەرۆن: ناوی یارییەکی منداڵانەیە.ف نام یک بازی کودکانه

قەرە: گوندێکی ناوچەی فەیزوڵلابەگی بۆکان بوو کەوتە بەر سەدی کورشی کەبیر.ف نام روستایی در منطقەی فیض‌اللەبیگی بوکان زیر سد کورش کبیر رفت

قەرەئەفتاوە: حەوجۆش، لوولێنەی مەفرەق.ف آفتابەی مسی

قەرەبالغ: جەماوەری زۆر لە دەوری یەک، ئاپۆرەدانی خەڵک و هەرا هەرا.ف جمعیت انبوه

قەرەباڵغ: قەڵەباڵغ، قەرەبارغ، ئاپۆرەی حەشامات لە شوێنێک، هەرا و زەنازەنای فرە. ف شلوغی جمعیت

قەرەپەستە: پاڵەپەستێ، پاڵەپەستۆ.ف فشار در میان انبوه مردم

قەرەچوخ: ناوی چیایەکە لە کوردستان.ف نام کوهی در کردستان

قەرەخان: ناوی گیایەکە دەیسووتێنن و خۆڵەمێشەکەی وەک بەرد ڕەق دەبێ، لە ئاودا دەیکوڵێنن و هێشووە ترێی تێ‌هەڵدەکێشن و هەڵیدەخەن دەبێتە کشمیشی سەوزە.ف نام گیاهی است

قەرەسەقەل: ناوی گیایەکە.ف نام گیاهی است

قەرەفتیڵە: چرادەستی، پیوسۆز، چرای شیلەگەرچەک.ف چراغ فتیله

قەرەفیسکان: هەڵترووشکان، کونەدکی، هەڵتووتەکان.ف چمباتمه نشستن.

قەرەقۆز:پاڵەوانی بێ ناوونیشان، ئەکتەری بێ ناووناو بانگ.ف بازیگری کە معروف نباشد

قەرەقاوت: ناوی گیایەکە لە قامیش دەچێ.ف گیاهی شبیه نی.

قەرەقوش: (+) نەخۆشییەکی سمی ئەسب و یەسترە کە دەبێتە هۆی توپینیان.ف نوعی غدەی عفونی کە در پای اسب و قاطر پیدا می‌شود و موجب مرگش می‌شود

قەرەمات: عەجایب، سەیر و سەمەر، عاجباتی. ف عجیب

قەرەوانی: قەرەوانە، دەفرێکە وەک کتری وایە لە تەنەکە دروستی دەکەن شوان چایی تێدا لێدەنێ.ف کتری کوچک درست شدە از حلبی

قەرەوڵ: (+) دیاری کردنی خشتی براو، بۆ هەر

هــەزار دانــە خــشتێک بــەرز دەکــەنــەوە و پێــی دەڵێن قەرەوڵ ف نشانه کردن آجر

قەرەهێڵ: گێژەڵووکە، گەردەلوول. ف گردباد

قەرەیەخە: پیاوی ڕەشۆکی لەنێو نیزامیدا. جاش *(ســەربــاز دەوری کێــوەکــەیــان دا و چــەن قــەرەیـەخـەیـان وەپـێش خۆیـان دابـوو.)* ف افراد شخصی میان سربازان

قەرێتە: قەڵادە، قەڵاتە، سنجۆڵ، سنجۆر. ف قلاده

قەرێز: پەرژینی سەر دیواری ماڵ. ف پرچین روی دیوار

قەشقە: ۱) کەتەوڵ، گیایەکە وەک کونجرە وایە لــەنێــو گــەنمــدا شــین دەبــێ گــوڵی ســپییە و دەنکەکەی وەک پێکوڵ وایە) قەشان، بەش، کەڵ و گای نێوچاوان سپی) بریتی لە کەسێک کە خۆی دەنوێنێ و دەیهەوێ خۆی نیشان دا. ف) گیاهی خاردار) گاو پیشانی سفید) آدم خودنما و تابلو

قەشک: ناوی گوڵێکە. ف نام گلی است

قەشە ماسی: قاشە ماسی، جۆرێ ماسیی زار گەورەیە و گۆشتی خۆشە. ف نوعی ماهی دهان بزرگ با گوشتی لذیذ

قەفقەفە: گیایەکە لە قەراغ چۆم دەڕوێ. ف نام گیاهی است

قەڵاپرچن: قەڵاچن، قەڵاقووچکە، لەسەر یەک داکراوی کۆما کرا. *(قاپێکمان لە ترێ قەڵاپرچن کرد و پێمان دا.)* ف برروی هم انباشته

قەڵاتە: (+) تایە، گیشە، کۆمای گەنم و نۆک و جۆ دوای دوورینەوە. ف تودەی گندم درو شده که برروی هم می‌چینند.

قــەڵاش: دڵاوا، بــەدەهــەنــد، دەســتودڵبــاز، دڵفرەوان. ف سخاوتمند

قەڵاغ دان: سواخ کردنی قەڵاغ بە شیاکە و ڕیخی ئاژەڵ. ف اندود کردن محل نگهداری تپاله با مدفوع گاو

قەڵاغ: شوێنێک کە تەپاڵەی تێدا عەمبار دەکەن. ف تاپالەدان

قەڵپن: قەڵپنگ، کەرخنکێنە، گیایەکی بەرزی قەڵتاس دارە. ف نام گیاهی است

قەڵپنگ: کەرخنکێنە، قەڵپن، گیایەکە قاڵتاسی هەیە و لە گەرووی ماڵات دەگیرێ. ف نام گیاهی است

قەڵپووچ: قەڵپووت، کەسێک کە گلێنەی چاوی دەرهاتبێ. ف کوری کە کرەی چشمش بیرون آمدەباشد

قەڵتاس: ☜ قاڵتاس

قەڵچغ: قەڵتاس، قاڵتاس، داسوو. ف اخگل

قەڵچغە کردن: زیپکە کردنی لەش بە سەرما و مۆچرک، پەڕەمریشکە. ف مورمور شدن پوست بدن

قەڵغان: ☜ قاڵغان

قــەڵقــەلاشــک: قنگــەلاشــک، دڕووی کنگــر، قانگەلاشک. ف بتە کنگر خشک

قەڵماندن: قەوماندن، هەڵاییساندن. ف برپاکردن جنجال

قەڵەوقوتە: قەرە و قوتە، بریتی لە فەقیر و هــەژار و ڕەش و ڕووت کــە ورووژم دەکــەنــە

سـەر خـواردەمـەنـی. ف کنایـه از مـردم فقیـر و تهیدست که به سوی خوراکی هجوم می برند.

قـەلـەبانـەیـی: قـەلـە سـابوونە، قـەلـە سـابوونی، قـالاوی بـاڵ ڕەشـی لـەش خۆڵـەمێشین. ف کـلاغ خاکستری و سیاه

قەلەسوو: داسوو، قەڵتاس، قەڵچغ. پرزەی گوڵە گەنم و جۆ. ف اخگل

قەڵەمتۆز: دارێکە وەک چنار وایە گەڵاکەی بۆ دەرمان دەبێ. ف نام درختی است

قەلەمندارە: (+) بریتی لە شتێک کە لە جێی خۆی نابزوێ. ف کنایه از چیزی یا کسی که از جای خود تکان نمی‌خورد

قەڵەمـەزەردە: چاوسپیلکە، ناوی دڕوویـەکـە. ف نام خاری است

قـەڵـەمـەهـاڕ: گـردەبـڕ، شـکانی دەسـت و لاق بەجۆرێ کە تەکەی بێ. ف شکستن دست و پا طوری که استخوان قطع شده باشد

قـەڵـەنـگ: (+) قالانـگ، قـەلاگ، ئاسـن و داری سەرخوار بۆ میوەچنین و دەرهێنانەوەی شتی لە چاڵکەوتوو. ف چنگک

قەڵەویچکە: برێ قـەڵـەو، تـا ڕادەیەک قـەڵـەو. ف اندکی چاق

قەڵیشک: ناوی گیایەکە. ف نام گیاهی است

قـەڵینگ: گیایـەکـە وەک کـەرخنکێنـە وایـە. ف نام گیاهی است

قـەمامـە: (+) تـەقـەڵدانـی تێـر لـەنێـوەڕاسـتیدا بۆئـەوەی زۆر شـۆڕ نـەبێتـەوە *(تێـرەکـە زۆر شۆڕە قەمامەی کە با تۆزێ هەڵکشێ.)* ف دوختن وسط خورجین

قەمتەرە: (+))سەر دەرگا، سەردەرانە، درگانە.) پەتي بەستني چادر. ف)آستانەی در.)ریسمان بستن چادر.

قەمچقەمچۆکە: گوڵێکی بنەوشە نیو مـەتر بـەرز دەبێتەوە و منالان کلاوە گوڵینەی پێ دروست دەکـەن. ف گلـی بـنفش کـه بچـەهـا بـا آن کـلاه می‌سازند

قەمچکەرە: مەلێکی بچووکی بۆرە لـەبن بـەردی شـاخان هێلانـە دەکـا و لـەنێـو هێلانـەکـەیـدا لەجیاتی پووش بەردی پان و چکۆلە دادەنێ و هێلکەی لەسەر دەکا. ف نام یک پرنده است

قەمچی شێلاق: گیایەکە وەک کەرخنکێنە وایە لە مێرگدا دەڕوێ. ف نام گیاهی است

قەمۆچکە: زارکی ئاگرپژێن *(ئاور لـە قـەمۆچکـەی گرکانەکەوە دەردەچوو.)* ف دەهانەی آتشفشان

قەنتارقینشەلە: کەمتیار، کەمتار. ف کفتار

قـەواتـی: چیـرۆک، هـەقایـەت، خـەبـەرۆشـک. ف افسانه

قەواژ: قەوارە، قەلافەت، لەش و لار. ف اندام

قەوزیل: ڕیوەڵە، مردەلۆخ. ف لاغرمردنی.

قـەولگیـر بـوون:پـەیمـان بـەسـتن، بـەڵێن دان، ف قول دادن.

قـەهێکـەر: نـەزانکـار، گـەوج، بێمێـشک، نـاهیر، هەقمەق. ف ابله

قەیاغەڕیخە: جۆرێ قەیاغی گەڵا ورد و باریکە بۆ دوورینەوە نابێ. ف نام گیاهی است

قەیتوول: خونچە، پشکوژ، چرۆ. *(سۆسـەن ساق*

سەوز جەلای نساران/ چون تەواف داران قەیتوول و ناران. «سەیدی هەورامی».) ف غنچه

قەیتەرقوو: چارەنووسی نادیار. ف بلاتکلیف

قەیچۆڵ: دەم هەپک، بێددان. ف دهان بدون دندان

قەیچی قەیچی: یارییەکی منداڵانەیە وەکوو حەولوا وایە، حیندرحۆ. ف الاکلنگ

قەیسەر: (+) شەختە، شەخسە. *(بێستانەکە قەیسەر لێیداوە.)* ف سرمازده

قەیسەربردوو: سەرمابردوو، شەختە لێدراو. ف سرمازده

قیافە: لەشولار، قەڵافەت، بەژنوباڵا ف قیافه

قیافە گرتن: پۆز لێدان، فیز و هەوا نواندن *(دەڵێی کوڕی قەراڵی فەرەنگە قیافەی گرتووە)* ف قیافه گرفتن

قیپتی: کەسنەدیو، قوشقی، شەرمێون و سڵ. *(ئەوە بۆ هەڵدێ دەڵێی قیپتییە.)* ف آدم خجالتی

قیچ: کچ، کەنیشک، کەنی، کیژ. ف دختر

قیرسز: ڕژد، قڕنیس، ڕەزیل، سەقیل، چکووس، چکوود. ف خسیس

قیڕەون: کەسێک کە لە مامەڵەدا زۆر چەنەچەن دەکا، *(ئەوە هێندە قیڕەونە بۆ ئەوە نابێ شتی لێبکڕی.)* ف کسی که در معامله زیاد چانه می‌زند

قێزەوەر: قێز هەستێن. ف تنفرآمیز

قیلمقازە: سەرشان، چۆڵەمەی ئەستۆ، جۆتکەی مل، ناوملان. ف جناح گردن

قیلی کەوای سپی: بریتی لە ملۆزم و مێمڵ، کەسێک کە دەستبەردار نابێ و خۆ بە پیاوەوە هەڵدەواسێ *(لێمان بۆتە قیلی کەوای سپی.)* ف کنایه از مزاحم

ک

کاتژمێر: (+) عەقرەبەی سەعاتژمێر لە کاتژمێردا. ف عقربەی ساعتشمار

کاتیلە: کیتەڵە، دیزەی چکۆڵە. ف دیزی کوچک

کارازا: کەرکیت، هەپە، شەی‌پۆکوت، دەفەی فەرش کوتان. ف دفتە، شانەی پود کوبی

کارتنەک: جاڵجاڵووکە، داپیرۆک، داوەتەنە. ف عنکبوت

کارتۆ: بەیات، پەزێرە، خۆراکێک کە شەو مابێتەوە. شەوپاتە. ف خوراک شب ماندە.

کارتەپەلە: سەقر، مەلێکە بەقەد کۆتر دەبێ بە حەواوە لەنگەر دەگرێ. ف قرقی

کارچڤ: هەڵووچە، هەڵووژە. ف آلوزرد

کارگە بەر سوورکە: کارگێکی خۆراکییە لەنێو مێرگ و گیا و گژدا دەڕوێ. ف نوعی قارچ خوراکی

کارگە دارانە: کارگەدارە، کارگێکی تیژ و ژەهراوییە لەسەر کۆلکەداری ڕزیو هەڵدەتۆقێ. ف قارچ درختی

کارگی کەما: باشترین کارگی کوێستانە لەسەر بنجی کەما هەڵدەتۆقێ. ف نوعی قارچ مرغوب

کاروانەڕێ: شاڕێ، ڕێگای گەورە. ف بزرگراه

کاروەدەس: کاربەدەست. ف کارمند

کارەبا: (+) جۆرێک موورووە تەسبێحی پێ دروست دەکەن. ف نوعی مهره برای تسبیح

کاری: (+) سەخت، دژوار. *(تازە دەردی کارییە.) (دەردت کاری بێ!)* ف سخت، کاری

کاریت: هەنگوین. ف عسل

کاریدۆر: دالان. ف دالان

کاسۆلە: گەمژە، گەلحۆ، گەوج. ف ابله

کاسووری: تیرەیەکە لە هۆزی مامەش. ف نام طایفەای از ایل مامش

کاشمەر: کاشمە، ناوی گیایەکە وەکوو کاهوو وایە. ف نام گیاهی است

کاڤان: کەیبانوو، خاتوونی نێوماڵ، کابان. ف کدبانو

کاڤۆک: کابۆک، کۆتر. ف کبوتر

کاڤی: چیانشین، کەسێک کە لە چیا و کێو دەژی. ف کوەنشین

کاکیلکە: خلێنە، کاکیلە. ف دندان آسیاب

کاکیلە: ☜ کاکیلکە

کاڵفام: بیرکاڵ، عەقڵسووک، هەرزەکار. ف کم عقل

کاکڵەمێشان: ☜ کەڵکەلەمێشە

کاڵۆک: کەوشی ڕاو، کاڵە، *(کاڵۆکی خۆم لەپێ دەکەم و دەڕۆم.)* ف نوعی کفش چرمی *دەستساخت*

کاڵوکرچ: (+) بریتی لە مرۆی سوور و سپی و ناسک، ڕووئاڵ. ف سرخ و سفید و لطیف

کاڵووش: کڵاش، کەوشی بەناوبانگی هەورامان. ف گیوە، گالش

کاڵەی شەمامەبەندی: کاڵە و پێڵاوی چەرم بوو قەدیم سازیان دەکرد و بە هەورێشمی ڕەنگاوڕەنگ گوڵ و گوڵێنگەیان پێوە هەڵدەواسی. ف نوعی کفش دستدوز قدیمی

کام شکان: خواردنی شتێک بۆ ئیشتیا بەسەرچوون. ف کامروا

کانێس ئەستوور:) ئێسکگران، ڕەزاتاڵ، ئێسکقورس؛) ڕۆحزل، نەفس بەرز، دڵگەورە. ف) اخمو؛) متکبر

کاولەدەم: بریتی لە کەسێک کە ددانی لە دەمدا نەمابێ. ف کنایە از کسی کە دندان در دهان ندارد

کاولەکۆن: کاولاش، ماڵی کۆن و رووخاو. ف ویرانەی قدیمی

کاوەمەلەیی: جۆرێ سێوی وردی سپییە هەوەڵی هاوین دەگا. سێوی کاغەزی. ف نوعی سیب.

کاوێ:) گەوج، حەپول، خول؛) پیری لەون لێگوراو، خەرەفاو. *(حەیفە گەورە کچ بۆ پیاوی کاوێ.)* ف) ابلە؛) پیر سفیە

کاوێز: پڵنگ. ف پلنگ

کاهێڵ: تەمبەڵ، تەوەزەل، قوون قورس، لەشگران. ف تنبل

کتکشۆر کردن: *پشیلەشۆر کردن، شوشتنی ناتەواو.* ف سرسری شستن

کتکە کێفی: پشیلەی کێوی. ف گربەی وحشی

کتڵی: کتری، کەتری. ف کتری

کچەتیو: کچی بێ باب، کچی سەغیر. ف دختر صغیر

کچەتیوە: جنێوێکە بە کچی دەدەن، چەتیوە. *(کچەتیوە بۆ ئاورت گرتووە؟)* ف ناسزایی بە دختر

کچەکێ: وشەی دواندنی یەکتر لەنێو ژنان و کچاندا. *(ئەیەڕۆ کچەکێ دوو ڕۆژە ئەو کورە هەراسی بەو دەرکوبانە هەڵگرتووە.)* ف حرف همراهی در میان دختران

کچەوەرە: جلوبەرگ و سەروپۆتراکی جوان. *(کەوا و پاتۆڵێکی کچەوەرەم بۆ بدوورە.)* ف دخترکش

کراری: کارزان، لێهاتوو. ف کاردان. ماهر.

کراودلە: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش. ف نام طایفەای در ایل مامش

کرتۆپە: پەتاتە، هێرەڵماسی، سێوک. ف سیبزمینی

کرتێنە:) کرۆژکە) قرتێنە ، قرتە. ف) غضروف.) منگنە.

کرخەو: خەوی قورس، بەتەواوی خەو لێکەوتن. ف خواب سنگین

کرژۆر: رژد، قرنیس، چکووس، چنۆک، سەقیل. ف خسیس

کـــرژوور: چکـــووس، ســـەقیـــل، پیـــسکە، دەستقووچاو، رژد. ف خسیس

کـرمن: (+) بـەغیـل، بـەتـەمـاح، چاوبرسـی، چاوچنۆک، چاوچوو. ف حسود

کرمـۆژە: خـۆراکی کـەم، وردە وردە خـواردنی نـان. *(زۆر تێرم بەڵام لەگەڵ ئێوە کرمـۆژەیەک دەکەم.)* ف خوردن کم

کرمە تەنبەڵە: شەوڕەو، کرمێکی ڕەشە بە شـەو لـە بڕکـەی بێـستان و چـەوەنـدەر و ... وەخـۆ دەکـەوێ و بـە ڕۆژدا لـەبـن خۆڵـدا خـۆی مـات دەدا. ف کرم آفت جالیز

کرمەتووکنە: جۆرێک کرمی وردە بە تۆپەڵ لە گیایـەک دەهـاڵێن و تـۆڕێکی وەک جۆلاتـەنـە بـەسـەر خۆیانـدا دەکێـشن، دەروێـشەمـارە. ف نوعی کرم کرکدار

کـرمێن: تیـرێن، جـۆرێ کایـەی منداڵانـەیـە بـە هەڵمات دەکرێ. یەکیان هـەڵماتێک لـە بـەردەمـی خـۆی دادەکـا و ئـەوی دیکـە بـە مـەرمـەڕەکـانی خۆی تێیهەڵدەکا. ف تیلەبازی

کرنـاس: (+) کـژوور، چکـووس، مـستقووچـاو، چکوود، قرنیس. ف خسیس

کـرۆک: پـەرچـەم، ئـەنـدامی نێرینـەی گـوڵ کـە هەڵاڵەپرژێ دەکا. ف پرچم گل

کروکاش: کۆ کردنـەوەی گیـا و ئـاڵف لـەم لا و ئەولا. کۆکەند. ف جمعآوری و چیدن علف

کرووو: کۆچەر، ڕەوەند. ف کوچندە

کرووتاندن: کرتاندن، داکرمانـدن. *(مشکەکـە ورد ورد گـەنمـەکـە دەکرووتێنـێ.)* ف خـرد کـردن بـا دندان

کرەکاڵ: زەوییەک کە هەمووساڵێک دەکێڵدرێ. ف زمینی کە هەر سال کشت میشود

کرێنک: کراڵ، رەقەن، چەقەن، شوێنی بـەردەڵان و کەسنەکێڵ. ف زمین سنگلاخ کە بە درد شـخم زدن نمیخورد

کزکە کردن: ☜ کسکە کردن

کزوەت: تام، مێلاک. چێژ. ف طعم

کژمژ: کشمیش، ترێی وشککراو. ف کشمش

کسسە: دەنگدانی مەڕ، لێخوڕینی پەز. ف کلمـەای برای راندن گوسفند

کسکە کردن: کزکە کردن، بـە کزی دانیشتن. ف غمگین نشستن

کشپەڵ: پشکەڵ، پشقەڵ. ف مدفوع گوسفند و بز و خرگوش و شتر

کشتیلە: ئاوگەردان، مەلاقە، ئـەسکوێ، دەفرێکی دەسکدارە ئاوی پێ لە مەنجەڵ هەڵدەگوێزن. ف ملاقەی بزرگ

کفنک: دەموولـووت، لمبـۆزی حـەیـوان، *(کفنکـی گایەکەی گرت و دەمبێنی کرد.)* ف پوزەی حیوان

کفـەڵ: میـوەی بـێئـاو، قانـگ، تـووری کفـەڵ. ف میوە یا ترب پوک

کلاس: (+) ئاسکی نێر، نێرمامز. ف آهوی نر

کڵاش کڵاش: ناوی یارییەکی لاوانی گوندنشینە بەدەورە لەسەر چۆک دادەنیشن و کـەسێک لـە نێـــوەڕاســـتیان دادەنـــێن و کڵاشـــێکیان

بەدەستەوەیە و دەیدەنە دەست یەکتر و بە کڵاشەکە لەو کەسەی نێوەڕاستی جەغزەکە دەدەن. ئەو کەسە کڵاشەکە لە دەس هەر کەس بستێنێ ئەو دەچێتە جێی ئەو.[ف] نام یک بازی

کڵاوفڕێن: فێڵەباز، کڵاوبەردار، کڵاوچی.[ف] کلاهبردار

کڵافە: (+) قانگڵە بەن و دەزوو. *(کڵافەیەکم دەزوو بۆ بکڕە، کڵافەیەکی بەن دەوێ.)* [ف] بستە نخ

کڵاو بابردوو: بریتی لە مرۆی هەژار و دەستکورت. *(سۆرانی سپی کڵاو بابردوو/ لە چی دەگەڕێی لە برسا مردوو.« فولکلۆر».)* [ف] کنایە از جوان تهیدست

کڵاو بە دەورێن: کایەیەکە چەند منداڵ بە شێوەی بازنەیی دادەنیشن و کەسێکیان کڵاوێک بە دەستەوە دەگرێ و بە دەوریاندا دەگەڕێ کڵاوەکە لە پشت یەکیان دادەنێ، هەر کەس هەڵیهێنێ ئەو دەبێتە مەڵلا و دەگەڕێ و بەوشێوەیە یارییەکە درێژە پێدەدەن.[ف] نام یک بازی کودکانە

کڵاو تێکەڵ بوون: بریتی لە بەگژ یەکدا چوون، ئاوقای یەکتر بوون، تێک هەڵچوون و یەکتر تلاندنەوە.[ف] کنایە از گلاویز شدن

کڵاو فڕێنە: یارییەکی لاوانەیە.[ف] اسم یک بازی جوانان

کڵاوبنە: کڵاوبن، قالاقنگ، ڕێکڵاو، لاسکی گەڵا ڕێواس.[ف] ساقەی برگ ریواس

کڵاوچی: کڵاوساز، گزیکار، فێڵەباز.[ف] کلاەبردار

کڵاوساز: کڵاوچی.[ف] کلاەبردار

کڵاولار: ناڕاست، فێڵاوی، *(گورگم گورگێکی برسی/ کڵاولارم لە ڕاسی. «ژیلا حوسێنی».)*

کڵاوی سەرچنگان: ناوی یارییەکی لاوانە.[ف] نام یک بازی جوانان

کڵاوی لار لەژێر سەردا بوون: کاری خراپ و ناڕاست، فێڵ و دەهۆ. *(کڵاوی لار لەژێر سەری ئەو زرتە بۆزە دایە.)* [ف] اهل دوز و کلک بودن

کلچووک:) بەڕوولەی زۆر وردی خەیار کە هێشتا گوڵەکەی پێوەیە. *(ابێستانەکە تازە کلچووکی کردووە.) ؛*) کلچێوک، کلچۆک.[ف]) خیار بسیار ریز کە هنوز گلش نریختە.) میل سرمەکشی

کڵفەتە کەچەڵە: بریتی لە ژنێک کە هەموو کارێکی پێدەکەن. *(لەو ماڵەدا بوومەتە کڵفەتە کەچەڵە.)* [ف] کنایە از کنیزی کە همەی کارها را بر او تحمیل می‌کنند.

کلکە سووتێ:) دووە لەقێ، کلک ڕاوەشاندن، نووزاندنی سەگ لەلای خاوەنەکەی؛) بریتی لە ڕیابازی و مەرایی‌کردن.[ف]) دم تکان دادن سگ هنگامی کە صاحبش را می‌بیند؛) تملق

کلکە لەقە: بریتی لە کزی و لاوازی و بێتاقەتی، بەزین و ورە پێنەمان. *(کوڕی کورد کەللە ڕەقە/ جاش کەوتە کلکە لەقە «ڕەحیم مینایی».)* [ف] شکست خوردن و ناتوان شدن

کلکەتەشی: کەوچکە قوڵە، بەچکە بۆقی هێشتا لاق دەر نەهاتوو.[ف] بچەی قورباغە

کلکەقنگێ: (+) بریتی لە کایە کردن و هەڵبەز

دابەز. *(بەو ڕۆژگارە خەریکی کلکەقنگێیە خۆ دەرس ناخوێنێ.)* ف کنایە از بازی کردن و بالا و پایین پریدن

کلمیچ: کلمووچ، کلمیش، چڵمی وشک، کەمێڵەی لووت. ف خلم

کلوانک: کلکەوانە، ئەنگوستیلە. ف انگشتر

کلومنجر: کلاّ، *(ماڵمان وەرانوەر یەکن قاپیەکان کەمێ کلومنجرن.)* ف دقیق برابر نیستند

کڵەتۆرکێ: سێ کوچکەی ئاور، سێ بەردی ئاگردان، سێ کوچک. ف سە تا سنگ کە برای آتش میگذارند

کلیل بە بەرۆک: بریتی لە کیژی عازەب و کابان. یانی گەورە بووە و بۆئەوە دەبێ کلیلی ماڵێ پێبسپێرێ. ف دختر بلوغ و کدبانو کە کلید خانە را بە او میسپارند

کنانیسک: هەنیشک، بەلەمرک، کورەنیشک، ئانیشک. ف آرنج

کنجک: پەڕۆک، پاتک، پارچەپینە. ف پارچە برای وصلە

کنە: کەڵک، فایدە. *(کنەی نەماوە ئیتر.)* ف فایدە

کۆدرێنە: گەمەیەکی منداڵانەیە. ف نام بازی کودکانە

کۆپە: گەوج، حەپۆل، گەلحۆ، گەمشۆ، هەقمەق. ف ابلە

کۆپەینگ: سەرانگوێلک، سەلوێنک، سەرگوێلک، گووڤەک. ف محل ریختن سرگین

کۆتاڵ: پاتاڵ، ماڵات، وڵسات. ف دام اهلی

کۆتایی: دوایی، ئاخر. *(کارەکەمان کۆتایی پێهێنا.)* ف پایان

کۆتراش:) لەبار بردنی منداڵ و دەرهێنانی بە دەزگا؛) قۆتراش، دەزگای ڕیش تاشین، خۆتراش. ف) کوتراش؛) استرە

کۆتربانجیلە: کۆترەباریکە، کوکوختی، کۆترەبرجیلە. ف یاکریم

کۆترۆکە: دەرزیلەیەکە بۆ قژی کچان دەبێ، خشڵێکە لەبەر گەردندا لە دەسماڵی قایم دەکەن بۆ جوانی، بەردەسماڵ. ف یک نوع زیور زنانە

کۆترە گایە: جۆرێ کۆتری گەورەیە، گاکۆتر، جۆرێ کۆترە شینکەی گەورەیە. ف نوعی کبوتر بزرگ

کوتکە خەو: خەونووچکە، وەنەوز، پینەکی *(خەریکی کوتکە خەو بوو.)* ف چرت زدن

کوتوپڕ بوون: سەکتە کردن، جەڵتە لێدان، مردنی لە ناکاو. *(ئەو هەموو ئەخلاقە شیرینەت لەگەڵ پیر و جەوان/ دەک کتوپڕ بم ئەگەر ساتێ لە بیرم چێتەوە «سەید کامیل ئیمامی "ئاوات"».)* ف سکتە کردن

کۆتەرازوو: خەرمانەستێر

کۆتەرە: (+) ڕووت بوونەوەی دار و گەسک. *(دارەکان کۆتەرە بوون و گەڵایان پێوە نامەوە، گەسکەکە کۆتەرە بووە.)* ف ریختن برگ درخت

کوتەکوت:) ڕۆیشتن لە تاریکیدا. *(بە کوتەکوت ڕێم دەرکرد.)* ؛) دەنگی دڵ، *(دڵی کوتەکوتی دەهات، دڵم کەوتە کوتەکوت.)* ف) راە رفتن در تاریکی؛) صدای تپش قلب

کۆچلەبەر: ئەو کەسەی لەسەر ڕۆیشتنە،

کۆچەری.ف آمادەی کوچ.

کۆچەری: (+) جۆرێ هەڵپەرکێی کوردییە دەرۆن و هەڵدەپەرن.ف نوعی رقص کردی

کۆچەک: (+) بەچکە وشتر.ف بچەی شتر

کۆچیل: نەقوستان، سەقەت، مجرۆ.ف فلج

کۆدە: بەڵگە، قەواڵە، قەباڵە، تاپۆ.ف سند

کودیلە: ناخ، دەروون. *(لە کودیلەی دڵییەوە بەو کارە رازییە.)* ف عمق، ته

کوردەناموسی: بریتی لە پەشیمان بوونەوە لە کارێک بەڵام لەرووت هەڵنەیە وازی لێبێنی. *(لێی بۆتە کوردەناموسی دەنا پێیخۆش نییە.)* ف کنایە از پشیمان شدن از کاری اما بەخاطر رودربایستی ادامەدادن

کوڕڕە: (+) دەنگی خوێندنی مار. *(مار کوڕڕەی دێ و دەخوێنێ.)* ف صدای خواندن مار

کورس: بنەرکی خانووبەرە کە چەن پلیکان لە عەرزی بەرز دەبێتەوە.ف زیربنای خانە کە چند پله بلند است ولی زیرزمین ندارد.

کورسیلە: چوارپایەی چکۆڵە.ف چهارپایەی کوچک

کورکوژە: جۆرێ گۆیژی سێگوشەی دەنک گەورەیە هەر کەسێ پێش بارانی پەڵەی پایز بیخوا پێی نەخۆش دەکەوێ.ف نوعی زالزالک

کورکە: مەڵۆ، کۆگای گەنم و جۆی دووراو.ف توده گندم و علف درو شده

کوڕنجە: سەرەتان، شێرپەنجە.ف سرطان

کوڕنیشک: لۆچ، چرچ.ف چین و چروک

کورواخ: قربۆق، بۆق.ف قورباغە

کورۆژگە: کورۆشکە، خرتگ، خرێنگ.ف غضروف

کوڕووساندنەوە: کراندنەوەی یەسقان یان شتێکی تری تێخوڵدار بە ددان. *(ئەو یەسقانە بکرووسێنەوە ددانت هەیە.)* ف لخت کردن استخوان یا پوستەی چیزی با دندان

کورە مریەم: ناوی چیایەکە لە هەورامان ف کوهی در اورامانات

کوڕەدەر: قسەیەکی ناخۆشە وەک قوزەڵقورت. ف ناسزا، سخنی تلخ

کورەگوێ: سڵ و قۆشقی، سرک، سڵۆکی ئامادی هەڵاتن.ف رموک

کورەمیانە: ناوی چیایەکە لە هەورامان ف کوهی در اورامانات

کورەنیشک: ☜ قورانیک

کوریشکە کردن: کرووشمە کردن، خۆ مات کردن و کز دانیشتن. *(هەستە ئەوە بۆ لەو قوژبنە کوریشکەت کردوو.)* ف کز کردن و نشستن

کۆزەرکوت: (+) بریتی لە ڕەمەکی، گۆترە، هەوەنتە. *(هەروا کۆزەرکوت هەڵدەکوتێتە سەر کار.)* ف کنایە از انجام دادن کاری بدون فکر قبلی

کۆزەک: گوێز، گرتەکان.ف گردوو

کۆزیک:) سەنگەر، خەڵ، مەتەرێز؛) حەشارگەی ڕاوچی بۆ ڕاو کردنی کەو.ف) سنگر؛) کمینگاه شکارچی برای گرفتن کبک

کۆزیلکە بەستن: کۆ بوونەوە لە دەوری شتێک.

(عالەمێک لە دەوری کانییەکە کۆزیلکەیان بەستبوو.) ئاپۆرەدان. ف حلقه زدن

کۆژیل: کۆمەڵ، جڤات. ف اجتماع

کۆسالان:) کۆساران، کوێستانان؛) ناوی زەنجیرە کێوێکە لە هەورامان. *(کۆسالان کۆکۆ، وەفری ناچێتۆ.)* ف) کوهساران؛) رشتەکوهی در اورامانات

کۆستەک: (+) سندم. ف شکال.

کوسوو: کونی، سەڵیتە، قەحبە، بەستۆکە ف جندە، روسپی

کۆسە میسری: جۆرێ شمشیری قەدیمی بوو دروستکراوی میسر. ف نوعی شمشیر

کۆسەبەبە: کۆستەبابی، حەنەکچی، قەشمەری. ف دلقک

کۆسەبەدار: گەمەیەکی لاوانی گوندنشینە بە دار و پەڕۆ داهۆڵێک دروست دەکەن و دەیگێڕن بە ماڵاندا و نەقوڵ و هێلکە و پارە وەردەگرن. ف نام یک بازی

کوشتارگا: شوێنی سەربڕینی حەیوان. ف سلاخخانە

کوشتەر: نەشتەر، *(وەرن جەرگم هەڵدەڕن بە دەبان و کوشتەری/ چەندەم جێژوان لەگەڵ کرد بەر پەنجەرە و دوودەری. «گۆرانی»)* ف نشتر

کوشتەرە: ☜ کوشتەر

کوشمەڵە: خۆ کۆ کردنەوە و دانیشتن بە ماتی، هەڵترووشکان و خۆ گرمۆڵە کردن. *(لەبەر سەرما خۆی کوشمەڵە کردبوو.)* ف خود را جمع کردن و نشستن

کۆڤ: کوور، کۆم، پشت چەماوە. ف کمر خمیده

کۆکک: زەویی ڕەمڵ، زەویی لماوی. *(ئەو زەوییە کۆککە ئەگەر ئاوی هەبێ هێرەڵماسیی چاکی دەبێ.)* ف زمین ماسەزار

کۆکلاشک: کۆکلاش، گیایەکە وەک شنگ وایە بنەکەی چەقەی لێدەگیرێ ف نام گیاهی است

کۆکەند کردن: گیا ڕنینەوە لە سەحرا بۆ مەڕ و ماڵات. *(سێ چوار شوێن هەیە گیای لێیە بەیانی دەچین بۆ کۆکەند کردن.)* ف چیدن گیاه

کۆگا: (+) شوێنی کۆبوونەوە، هۆڵی کۆڕ و کۆ بوونەوە. ف مجتمع

کول: (+) تەپ، گرد، تیرەگ، کەڵک، کەل. ف تپه

کۆلاس: فیشەککێشی تفەنگ. ف گلنگدن

کۆلانپێچ: دۆڵ و گەوەی نێو شاخ و زەرد و ماهـ. ف درەی سنگی در سخره

کولانجە: کولاوکە، کلاوڕۆژنە، ڕۆچنە. ف روزنە بام

کولانجە: کولاوکە، کلاوڕۆژنە، ڕۆچنە، کولانچکە، کولانکە. ف روزنەی بام

کولاوانجە: ☜ کوناوجە

کۆلاوکۆل: بەتەواوی، *(ناتوانین کۆلاوکۆل واز لە یەکتر بێنین.)* ف بەکلی

کولاوەنجە: کلاوڕۆژنە، کولاوکە، ڕۆچنە. ف روزنەی بام

کولپێچک: لانکە، بێشکە. ف گهوارە

کوڵکەبەهارە: ناوی گیایەکە. ف نام گیاهی است

کوڵکەی سەربەخوێن: بریتی لە مرۆی سەر بە فیتنە و ئاژاوەگێڕ، بەتایبەت بۆ ئافرەتی دڵتەڕ و

حەشەری دەکوترێ.[ف] کنایه از زن عشقی

کولله تانجیانه: تاژیلۆکە، تاژیی ئەحمەد ڕاوکەر، بالبالووکە.[ف] آخوندک

کوللەداشت: کەوی دەستەمۆ و بە کوللە پەروەردە کراو، کەو یان هەر باڵندەیەک کە دەستەمۆ بکرێ و بە دەستندە کوللەی پێبدرێ. [ف] پرنده‌ای که با دست به او ملخ می‌دهند

کۆڵمت: جێگای پێکگەیشتنەوەی ئێسکی ڕان و دیزەڵەی سمت.[ف] مفصل استخوان ران و لگن

کۆڵنج تەقاندن: ☜ کۆڵنج شکاندن

کۆڵنج شکاندن: کەسێک کە کۆڵنج دەکا شانی بۆ دەشێلن یان دەیگوشن قرچەی لێوەدێ. *(شانم ڕەق بووە بزانە کۆڵنجم بۆ ناشکێنی.)* [ف] قولنج شکاندن

کۆڵنجی: دووپشکە، دەمارەکۆڵ. *(چزی دەڵێی چزی کۆڵنجییە بێگانە و خۆیی ناناسێ.)* [ف] عقرب

کولنگ: قەزوان، بەری داری بەن.[ف] پستەی کوهی

کۆڵنەدەر: نەبەز، ئازا، کەسێک کە نابەزێ و بە چۆکدا نایە، *(با هەر ئێ تۆ بێ کەلیمەی کۆڵنەدەر/ ڕاپەڕە، تێکۆشە، با هەر سەرکەوی «حەقیقی».)* [ف] تسلیم‌ناپذیر

کۆڵنەمە: کوتانی یەکەمجاری برینج لە دینگدا.[ف] اولین کوبیدن برنج در هاون

کۆلوبیر: جەغجەغە، چەرخ و تەنافی ئاو هەڵگوێستن لە بیر.[ف] چرخ چاه

کۆڵودۆ: کوڵوکۆ، خەم و کەسەر، خەفەت.[ف] اندوه

کولوو: (+) دەنکی بەفر، کلووی بەفر.[ف] دانەی برف

کوڵوەس: ڕەپستە، نەونەدە.[ف] گندم باران رویانده

کۆڵە کوتان: تەمبێ کردن و بەزاندن. بڕست لێبڕین. *(خەم وای کۆڵە کوتاوە ناتوانێ زەردە بگرێ.)* [ف] بیچاره و ناتوان کردن

کۆڵە کوتران: کۆڵەوار و لێقەومان، چارەڕەش. *(لەبن کۆڵێ ڕیا کۆڵ و کەلاک و کۆڵە کوتراوم/ دەسم نەگری کولۆل و کۆڵەوارم یا ڕەسوول‌الله. «ڕاوچی».)* [ف] بیچاره و ناتوان شدن

کۆڵە کوتراو: بڕست لێبڕاو، لێقەوماو و زەلیل. [ف] بیچاره و ناتوان

کوڵە گرتن: خۆ گرتن، گوێ هەڵخستن بۆ قسەی خەڵک بە دزییەوە.[ف] استراق سمع

کۆڵە گوێنی: ناوی گەمەیەکی لاوانە.[ف] نام یک بازی جوانان

کولەباد: نەترس، بێباک، بەغیرەت، بەجەرگ.[ف] بی‌باک

کولەژ: جۆرێک ماری ژەهراویی بڤەیە.[ف] نوعی مار سمی خطرناک

کۆڵەشیر: کۆڵوشێر، دارێکی گەورەیە دەیدەنە بەر کۆڵەکەی ماڵ و بانەکەی پێ بەرز دەکەنەوە بەجۆرێک کە سەرێکی دارەکە لەژێر کۆڵەکەکە دایە و بە چەند کەس سەرەکەی تری دادەنەوێنن، وەک مەڵغە (ئەهرەم) بانەکەی پێ

بەرز دەکەنەوە، ئەوە بۆ کاتێکە کە دەیانەوێ شتێک بدەنە بەر کۆڵەکەکە بۆئەوەی نەنیشێ، چلمێردە.[ف] اهرم

کۆڵەکەڕەشکە: کۆڵەکەیەک بوو سەرەکەی دوو فلیقانە بوو ڕەشکەکایان لەسەر دادەنا و ئەوسا پڕیان دەکرد لە کا و پاشان کەرەکەیان دێنا ژێری و باریان دەکرد بۆئەوەی سەر خستنەکەی ئاسان بێ.[ف] پایەای کە برای بار سنگین می‌گذارند و الاغ را در زیر آن قرار می‌دهند و بار می‌کنند

کوڵەگڕوو: کوڵ هەستانی بەر لە گریان. ئۆناق. [ف] بغض گریه

کوڵەگیر: شۆڤار، دووزمان، نەمام.[ف] خبرچین

کوڵەهەیبە: مارێکی ژەهراوییە، کوڵەوەیباب. کوڵەوەیوا.[ف] ماری سمی

کولێرە ناسکە: کولێرەیەک کە هەویرەکەی بە شیر و شەکر شێلدرابێ.[ف] نوعی نان روغنی خانگی

کولێرەی پەنجەکێش: کولێرەی قەرەپەپاغی.[ف] نوعی نان گرده

کولێرەی حاجی لەکلەک: تۆڵەکە، ناوی گیایەکە گەڵاکەی پان و خڕە گوڵێکی وردی سپی دەر دەکا و پاشان تۆوەکەی وەک کولێرە خڕە.[ف] نام گیاهی است، پنیرک

کۆلیژ: کۆلیج.[ف] کالج

کـۆلیژە: تەنگانە، گیر و گرفت، تەنگژە.[ف] گرفتاری

کولینجک: کورۆشکە.[ف] غضروف

کۆم: (+) کڵاو، تەپلە.[ف] کلاه

کۆمانج: کەوێل، کووژگە، چارداخ.[ف] سایبان

کۆمەڵکە: ☜ کۆمیلکە

کۆمەڵکە: کۆمەڵتە، کۆزیلکە. *(خەڵکێکی زۆر لەبەر درگای مزگەوت کۆمەڵکەیان بەستووە.)* [ف] جمع شدن عده‌ای به‌دور هم

کۆمیلکە: کۆزیلکە، کۆمەڵکە، کۆمەڵتە.[ف] جمعیت

کون کردن و لە مل کردن: بریتی لە برسییەتی و خواردن و لستنەوەی قاپ و قابلەمە، خواردنی بنکڕی قابلەمە و مەنجەڵ. *(ئەو کرە کرە چییە سازت کردووە یەکجاری کونی کە و لە ملی کە.)* [ف] کنایه از گرسنگی و خوردن ته‌دیگ

کوناوجە: کوناوەجە، کڵاوڕۆژنە، کولاوکە، ڕۆچنە، کولانچکە.[ف] روزنه‌ی بام

کوناودیو: دیواودەر، کوناودەر، *(دیوارەکەیان کوناودیو کردبوو.)* [ف] سوراخ شده از دو طرف

کونجرە: نووسەکە، پەنەرێشکە، نووسەنەکە، پەنیرێشک، پەزیشکە.[ف] تخم گیاهی خاردار که به لباس می‌چسبد

کونجری: کونجرە، پەڕەنێشک، نووسەکە، نووسەنەکە، پەنێرێشک.[ف] گیاهی خاردار

کونجەڵە: کاسەی دارین، دەفری لە دار دروست کراو.[ف] کاسه‌ی چوبی

کونجی کونجی: خاڵ خاڵ، پنۆک پنۆک. *(ڕەنگی سێرووی پایزانە کونجی کونجی دەبێ.)* [ف] خال خال ریز

کونچکۆڵی: گەڕان و توێژینەوە، پەیدۆزی[ف] تحقیق

کوندەکی: هەڵترووشکان، هەڵتووتەکان، کوندکی. ف چمباتمەزدن

کوندەگایە: جۆرێک کوندی گەورەیە. ف شاەبوف

کوندەگوو: بریتی لە منداڵی زۆر گووکەر. *(ئەو منداڵی کوندەگووم بۆ بەخێو کردووە.)* ف کنایە از بچەای کە زیاد می‌رید.

کوندەمیز: بریتی لە منداڵێک کە هەمیشە میز دەکا بەخۆیدا، میزکەر. *(ئەو کوندەمیزە شەو نییە جێگاکەی تەڕ نەکا.)* ف شاشو

کونکە: گۆزە، دەفری لە سواڵەت، کووزوو، جەڕە. ف کوزە

کۆنە کتێب: بریتی لە پیاوی بە ئەزموون و دنیا دیتوو. ف کنایە از پیرمرد با تجربە و دنیا دیدە

کونەباچکە: دربیجە، پەنجەرەی چکۆڵە لە دیواردا بۆئەوەی بای لێوە بێتە ژووری، دەلاقە. ف دریچە

کۆنەپارێز: کۆنەپەرەست. ف مرتجع

کونەپەنیر: ئەشکەوتێک بوو قەدیم خەڵکی دێهاتی دەوروبەر پەنیریان لەوێ لە چاڵ دەنا و نگابانیان بۆ دادەنا. ف غاری بود در قدیم کە آهالی روستاهای دوروبر پنیر خود را در آن نگهداری می‌کردند

کونەجەرگ: زۆر بۆ هێنان بە قسە و تانە و تەشەر. *(هێندە دەبۆڵێنی کونەجەرگی کردووم.)* ف بیزار کردن

کۆنەلان: لانی کوێرە، کۆنە هێلانە، دژی گەرمەلان. ف کهنە لانەی خرگوش

کۆنینەناس: دێرینەناس. ف باستان‌شناس

کووتی کووتی:) بانگ کردنی سەگ؛) بریتی لە مرۆڤی زگەڕۆ و بە تەماح کە چاوەڕێی بۆرە خوڵکێکە. *(ئەتۆی عەلی بەردەشانی/ کووتی کووتی نانی نانی/ دوو کونم هەیە لەنێو ڕانی/ لە کای دەخۆی یان لە دانی «بەیتی عەلی بەردەشانی».)* ف) صدا زدن سگ؛) کنایە از آدمی کە حریص و شکمو است

کووچان: پڕ، لێوڕێژ، کەلاوڕێژ، لپاولپ. *(کیلەکەی کووچان کرد لە گەنم و بۆی کردە جەواڵەکەوە.)* ف پر، لبریز

کووچی کووچی: بانگ کردنی سەگی چکۆڵە و تووتک. ف صدا زدن سگ کوچولو

کووخەل: نگابانی خرمان، خرمانەوان. ف نگهبان خرمن

کوودی قەباخی: کوولەکەی شەقەباخی. ف کدوحلوایی

کوودی ملگە: کوولەکە سەراوی. ف نوعی کدو

کوورنگە: سەر بە یەکا کردنی پەز لەبەر گەرمای هاوین(پەزەکان لە گەرمانا هەموو کوورنگەیان کردووە.) ف سر در هم فرو بردن گوسفندان در گرمای تابستان

کووژگە: کەوێڵ، کەپر، زنج، چارداخ. ف سایبان

کووس: کۆس، کۆست. ف طالع، بخت.

کووس کەفتن: بەدبەخت بوون. ف بدبخت شدن

کووک: کۆم، کووڕ. ف کوژپشت

کووکووڕەک: تاقتاقکەرە، تووتەک. *(سێ چت لەی دنیا شەومال نەیرن خاو/ هەوەڵ*

کووکـوورەک، دووهـەم ناڵـەی ئـاو/ سـێیەم ئـەو کـەسـەی لـە دڵ کریایـە/ وە زڵـف لـەیلـی زنجیـر کریایە، گۆرانی.) [ف] یاکریم

کوولەکە ترشی: کوولەکەی شەقەباخی.[ف] نوعی کدو.

کوولـەکـە چنـار: جۆرێـک دارچنـاری قرچۆکـە ڕاسـت هـەڵنـاچێ و شـتێکی خـڕ دەگـرێ و نێوەکەی پڕ دەبێ لە مێشوولە.[ف] نوعی چنار شکننده و نامرغوب.

کوولەکە دەروێشی: کوولەکە سەراوی.[ف] نوعی کدو

کووم: (+) باک، ترس، *(کوڕ ئازا لە هیچ کووم نییەکیگ.)* [ف] باک

کوەک: کەو، ژەرەژ، دوڕاج.[ف] کبک

کوێخا سجیل: ☜ سجیلنووس

کوێرکێش: چاوساغ، کەسێک کە دەستی کوێر دەگرێ و دەیگێڕێ.[ف] کسی که دست آدم کور را می‌گیرد و راهنمایی می‌کند

کوێرگوان: حەیوانێ کە شیری کەم تێدابێ، یان گوانی شیری کەم لێدێ.[ف] دامی که بەخوبی شیر از پستانش بیرون نمی‌آید

کوێرووە ڕەقە: ئافەتی گەنم، جۆرێ کوێرووە لە گەنم پەیدا دەبێ و دەنکەکەی ڕەقە.[ف] سیاهک گندم

کوێرە دمەڵ: جۆرێ زیبکەی گەورەی زۆر بە ژانە دەرکی نابێ.[ف] نوعی دمل چرکی

کوێرە کوان: ☜ کوێرە دمەڵ

کوێرەچاو: قووڵکێکە لەبەر چاوی پەز دایە.[ف] گودی زیر چشم گوسفند

کوێرەمرە: ئاوری بە تەپاڵە و دووکەڵ کردوو. *(تەندوورەکەی بێئەوەی کوێرەمرە بێ گرتی.)* [ف] آتش با دود

کەپرە شینەی جوولەکە: بارانی هاوینان، باران لە هاویندا.[ف] باران در تابستان

کەپسوول:) کەفسوول، جۆرێ حەبی ناوگەدەیە زیاتر بۆ چلکی لەش دەبێ؛) دەفری گاز، بەتڵی غاز.[ف]) قرص کپسول؛) کپسول گاز

کەپۆ ڕاسان: ☜ لووت ڕاسان

کەپەناشی: بەربووک، پێخەسوو.[ف] زنی که همراه عروس به خانەی داماد می‌رود

کەپەنکی پاش باران: بریتی لە شتێک کە لە کاتی بە کەڵک هاتنیدا دەست ناکەوێ، دوای ئەوەی پێویستت پێینەما پەیدا دەبێ.[ف] کپنک بعد از باران

کەتەوڵ: قەشقە، گیایەکە لەنێو گەنمدا شین دەبێ گوڵەکەی سپییە و دانەکەی وەک نووسەکە وایە بەڵام دروەکەی ئەستوورە.[ف] گیاهی خاردار

کەتەوڵ: گیایەکی دڕکاوییەگوڵی سپی دەردەکا، قەشقە، گیایەکە وەک کونجرە وایە درووی دانەکەی درشتترە.[ف] گیاهی خاردار.

کەچەڵ و کوونی: بریتی لە دوو کەس کە بەبێ یەک هەڵناکەن.جووتەی خێروشەڕ [ف] کنایە از دو نفر که همیشه باهم هستند.

کەچەوەترێن: ڕوو شکاندن، شەرمەزار کردن، کەچەترێن. *(وایان کەچەوەترێن کرد ڕوو لەم لایە*

ناکاتەوە.) ف شرمسار کردن

کەڕاژە: کرێژ، کەڕەکیفە، چڵکی پێکەوە نووساوی ڕەق بوو. ف چرک، کپک

کەڕاکە: کاژەڵاک، کاسە سەر، تەپلە سەر. ف جمجمە

کەڕاکەسەر: تەپڵەسەر، تۆقەسەر، کاسەسەر. ف جمجمە

کەراوکەر کەوتن: بە یەک گەیشتنی دوو کەسی ناحاڵی کە دەست دەکەن بە کێشە و دەمەقاڵێ و بە کەس لێک نەبنەوە. *(تازە کەراوکەر کەوتوون بە کەس حاڵی نابن.)* ف کنایە از جدال میان دو آدم نفهم

کەرپنج: جۆرێک بێژانی گوڵ گەورەیە. ف نوعی گیاە بومادران

کەرتاو: ئاوێ کە لە چۆم جیا دەکرێتەوە، شەقە جۆگە. ف جوی بزرگ

کەردڵ: دڵکەر، بێخەم، کەسێک کە گوێی لە هیچ نییە و دنیای بە فشە وەبەرداوە. ف خردل

کەردوو: (+) دێراو، بۆ. ف جوی کە بر لبەی آن میوە میکارند

کەردووکێش: (+) ئامرازێکی دەم پانە پەتێک و دەسکێکی وەک پێمەڕەی پێوەیە بە دوو کەس دێراوی پێهەڵدەدەن. ف گراز

کەڕەی بەیانی: تاریک و ڕوونی بەیانی، بەیانی زووی. *(کەڕەی بەیانی گەیشتنە سەری و گرتیان.)* ف صبح کاذب

کەرکت: عەبای بێقۆڵ. ف قبای بدون ئاستین

کەرکۆڵک: کەرکۆڵ، قاڵغان. ف گیاهی است خاردار

کەرکە: قاخنات، فرۆ. قاقنات، خۆراکێکە لە ژەک و شیر. ف آغوز

کەرکەرۆک: بەرزایی نێو درگا کە هەنگاوی بەسەردا هەڵدێننەوە. ف بلندی چهارچوب پایینی در

کەرکەروکە: ☜ کەرکەرۆک

کەرکەرۆکە: بەرزایی پێش دەرگا، لای خوارووی چوارچێوەی درگا کە لە عەرزەکە بەرزترە. ف طرف پایینی چهارچوب در

کەرگ: کەڕوو، بەرش، برشوو، کەڕەکیفە، کەڕاژە. ف کپک

کەرگەتەشی: کەرتەشی. ف گیاهی خاردار

کەرگەدەن: (+) بریتی لە مرۆڤی زەلام و نەفام. ف کنایە از آدن لندهور و ابلە

کەرگەوز: شوێنی خو گەوزاندنی گوێدرێژ، شوێنێک کە خۆڵەمێشی لێبێ و چەند جار کەر خۆی لێ گەوزاندبێ هەر کەرێکیتر دەگاتە ئەو حاندە ئەگەر باریشی لێنرابێ خۆی دەدا بە عەرزدا و خۆی دەگەوزێنێ. ف غلطیدن الاغ روی خاکستر

کەرگێڕەوە: پەرژین و بەربەست دانان لە دەوری بێستان و شوێنی تازە سواغ کراو بۆئەوەی وەنێوی نەکەون. *(ئەو سەربانەم تازە سواغ کردووە پەتێکی بە دەوردا رایەڵ کە بۆ کەرکێڕەوە با وەنێوی نەکەون.)* ف نشانەای کە برای بستن معبر میگذارند

کەرماشێن: بە تانە و تەشەر بە پاسکیل دەڵێن،

دووچەرخە.[ف] دوچرخە

کەرملاندن: تێکەڵ کردن، ئاوێتە کردن، پاڵوش.
[ف] آمیختە کردن

کەرمێز: ☜ خەرمێز

کەرنەڤاڵ: کۆ بوونەوە و بەڕێوەبردنی ئاهەنگ.
[ف] کارناوال

کەروێشک بە عەرابە گرتن: بریتی لە سەبر و تاملی زۆر. *(هێندە بە سەبرە کەروێشک بە عەرابە دەگری.)* [ف] کنایە از صبر و شکیبایی زیاد

کەروێشکە مەلە: مەلە کەروێشکە، جۆرێ مەلەی وەک کەروێشک.[ف] شنای خرگوشی

کەرەب: خەم، کەسەر، خەفەت.[ف] اندوە

کەرەپەشمە: گێژ و حۆل، حەپۆل، گەوج و وڕ.
[ف] پخمە

کەرەجنە: جانەوەرێکە لە جێگەی تەڕ و شێداری ماڵدا دەژی، ڕەنگی خۆڵەمێشییە و بن زگی سپی و لاقی وردە، کەرەکەوڵە.[ف] نام حشرەای است

کەرەستی: شوێنی سێبەر، جێی هەمیشە سێبەر، تاونەگر.[ف] جایی کە همیشە سایە است

کەرەسیسە: (+) ئاپۆرەی ئاژەڵ و باڵندە یان مرۆڤ، *(پۆلێک باڵدار لەسەر سەلوینکەکە کەرەسیسەیان داوە.)* [ف] انبوە مردم یا حیوانات

کەرەعەوام: پیاوی نەزان و گەمژە، حەپۆل، خەڵکی ڕەشوکیی گێل و نەزان.[ف] مرد ابلە

کەرەک: بەدبەدە، کەرەواڵە، مرەکەرە، هەوێردە.
[ف] بلدرچین

کەرەکۆشە: ☜ کەرەوشە

کەرەکوندە: جۆرێ کوندە بەقەد کەوێک دەبێ زۆری لێ نزیک دەبییەوە هەڵنافرێ.[ف] نوعی جغد

کەرەکەوڵە: کەرەجنە، جانەوەرێکی بچووکە لەجێگای تەڕ و شێداری ماڵدا دەژی.[ف] نام حشرەای است

کەرەکیف: کەڕوو، برش، کەرەکیفە، کەرگ.[ف] کفک

کەرەنسێ: جێگای نیسێ کە قەت تاو لێی‌نادا، شوێنی هەتاو نەگر.[ف] جایی کە آفتاب نمی‌گیرد

کەرەنگەڵ: قانگەلاشک، قانگەلۆشک، کەنگەلاشک.[ف] بتە خشک کنگر

کەرەوشە: جۆرێک جەگەن. کەرەکۆشە.[ف] جگن

کەری کەندەڵان: بریتی لە کەسێک کە هەر بە لاڕێدا دەڕوا و خیشەسەرە. *(دەڵێی کەری کەندەڵانە حەز بە تۆپینی خۆی دەکا بۆئەوەی زەرەد لە خاوەنەکەی بکەوێ.)* [ف] کنایە از آدم خیرەسر

کەری نیوەزەڕ:) بریتی لە کەسێک کە دێ قسە بکا و ناهێڵن تەواوی بکا؛) کاتێک کەر دەیهەوێ بزەڕێنێ لێی دەدەن و ناهێڵن زەرە زەرەکەی تەواو بێ.[ف]) کنایە از کسی کە نمی‌گذارند حرفش تمام بشود؛) خری کە نمی‌گذارند عرعرش بە پایان برسد و با زدن قطع می‌کنند

کەرێ: کاژیلە، کاژیلەی شەش مانگان.[ف] بزغالەی شش ماهە

کەرێزکەن: کەسێک کە بیر و کەرێز هەڵدەکەنێ. [ف] مقنی

کەزیک: (+) دەمار، ڕەگی ئەندام. [ف] عصب

کەزیلە: پینەی مەشکە کە پەڕۆیەک بە دەرزی لە کونەکەی ڕا دەکەن. [ف] وصلەی مشک

کەژاواژ: خاڵ خاڵ بوونی دەشت و کێو لە کاتی دەمەو بەهاردا. *(زەوی گەژاواژ بووە.)* [ف] خال خال شدن دشت و کوه در اوایل بهار

کەژتەنگ: جاڕز، کەشتەنگ، تووڕە، مڕ و مۆچ و بێتاقەت. عصبانی و بی‌حوصله

کەژوان:) کەژەوان، شاخەوان؛) ناوی کوڕانە. [ف]) کوهنورد؛) نام پسرانه

کەس لە کەس:) بێسەرەوبەرە، *(کەس لە کەسێکە سەگ ساحەبی خۆی ناناسێ)* ؛) حیساب پاک بوون و پاک کردنی قەرز. *(بەخشین لە گوناه و هەڵە چاوپۆشینە/ تۆ چۆن هەرەشەت بە ئاگری پڕتینە/ بمبەخشی بە نوێژانەوە کەسمان لە کەسە/ بە گوناهەوە بمبەخشە دەڵێم بەخشینە. «هەژار، خەیام بە کوردی».)* [ف]) بی‌بند و باری بلبشو؛) پاک شدن حساب

کەسنەزان: (+) ناوی دارێکی دڕکاوییە وەک شۆڕەتوو وایە، دارە بۆق. [ف] نام درختی است

کەشار: ڕۆخ، کەنار، لێواری زەریا. [ف] ساحل

کەشک نانەوە: ناوی یارییەکی لاوانە. [ف] نام یک بازی جوانان

کەشکەبەڕۆنە: سیرێژێک کە هێندێ ڕۆنی تێکەڵ دەکەن و ئەوسا دەیکەن بە کەشک. [ف] کشک روغنی

کەشکەرە: قشقەڕە، قشقەڵە. [ف] زاغ سفید و سیاه

کەشەور: کەشەهەور، هەوری تەنک و پەڵە پەڵە بە ئاسمانەوە. [ف] لکه‌های ابر سفید

کەشیش: (+) کورتە باڵا، خڕیلانە، قوڵەبنە. [ف] قد کوتاه، کوتوله

کەف هەڵخڕاندن: بریتی لە زۆر تووڕەبوون. *(هێندەی ڕق هەستابوو کەفی هەڵدەخڕاند.)* [ف] کنایه از عصبانی شدن زیاد

کەفت و ڕەفت:) ☜ کەوت و ڕەوت؛) بریتی لە جاروبار، بە هەڵکەوت. *(خەم لە دڵی خەڵکی بە کەفت و ڕەفتەن/ خەم لە دڵەکەی من وە خەروار کەفتەن «فۆلکلور».)* [ف]) افت و خیز؛) گاهگاهی

کەفتیر: کەوگیر. [ف] کفگیر

کەفدەم: بریتی لە زۆربڵێ و چەنەوەر، مرۆڤی گێژ و حەپۆل و زۆروێژ، کەسێک کە هێندە هەڵەوەڕی دەکا فریا ناکەوێ تفی دەمی قوت داتەوە. [ف] وراج

کەفسوول: ☜ کەپسوول

کەفەسەر: کەفەڕێز، لپاولپ، لێواولێو. [ف] لبریز

کەفەکوڵێ: ئەو شیرەی وردە بەردی سپیی لەنێو دەکەن و لەسەر ئاگری دادەنێن بۆئەوەی زووتر بکوڵێ و هەڵنەچێ. [ف] شیری کە برای جوشاندن سنگ سفید در آن می‌گذارند

کەڤین: (+)) وەک کەو ، کەو وێنە، خاڵ لە ڕوو، ڕووبەخاڵ،) ناوی کچانە. [ف]) صورت خالدارو زیبا شبیه کبک.) نام دخترانه.

کەککە: کەکە، قەقە، نوقڵ و شیرینی بە زاراوەی منداڵ. *(کەککە دەخوی؟)* ف شیرینی و شکلات در اصطلاح بچەها

کەلبەدوون: عەبای دەورگیراو بە زەڕی و دەزووی ڕەنگاوڕەنگ. ف گلابتوون

کەڵپانێر:) پالاخی دوو ساڵە؛) بریتی لە لاوی قەڵەو و زەبەلاح. ف) گاومیش دو سالە؛) کنایە از جوان چاق و لندهور

کەلپەک: کەپەک، درشتەی ئاردی دابێژراو، تیخوڵی گەنمی لە ئاش کراو. ف سبوس

کەڵپینجە: مشتەکۆڵە. ف سقلمبە

کەڵتەوەن: نامۆ، غەوارە، نەناسراو، بێگانە، تاچیک. ف بیگانە

کەلخە:) کەمچە، ئامرازی قورە سواخ لووس کردن؛) مەلاقە، ئەسکوێ، ئەستێ، کەوچکی گەورە. ف) مالەی بنایی؛) ملاقە

کەڵک: (+) تیرەگ، تەپک، تەپۆڵکە، گرد. ف تپە

کەڵکەڵەمێشە: کاکڵەمێشان، داپیرۆشک. کاڵکەمووشان. ف عنکبوت بزرگ

کەڵگە خەراوە: کاولاش، کەلاوە. ف خرابە

کەلـلا:) +) دەم لە پێش و زۆربڵێ، خۆ تێ هەڵقوتێن و چەنەوەر. ف وراج

کەللک: کەلاوە، کاولاش، وێرانە. ف خرابە

کەلوو:) +) قۆزاخەی کرمی هەورێشم.. ف پیلەی کرم ابریشم

کەلوەڕێژ: پەڕینی نۆک و نیسک. نۆک و نیسکێک کە زۆر دەگا و دەستی بۆ دەبەی کەلوەکەی دەتەقێ و دەوەرێ. *(تازە نۆکەکە بۆ ڕنینەوە نابێ هەمووی کەلوەڕێژ بووە.)* ف نخود یا عدسی کە بیش‌ازحد رسیده و خشک شده‌باشد

کەڵوەز: ئەشکەوت، ئەشکەفت. ف غار

کەلەبا: بەدەمار، بەپۆز، ترزل، قۆڕەدەماخ. ف متکبر

کەڵەباب بە لەپەوە لێنان: بریتی لە دڵنیابوون، لە خەم ڕەخسان. بریتی لە لاوێک کە ژنێکی باشی هێناوە وازی لە قیتەقیت و هاتووچۆ هێناوە. *(تۆ تازە کەڵەبابی خۆت بە لەپەوە لێناوە.)* ف کنایە از خاطرجمع شدن

کەڵەبابە: ئامرازێکی مەکینەی خەیاتییە مەکووکە دەچێتە ناوییەوە. ف کمپلت

کەلەباد: بای وادە، شەماڵی سەرە بەهار کە بەفر دەتوێنێتەوە، بای وەعدە. *(هانای کەلەباد، باد بەهاران/ ولیعەهد دەشت، وکیل واران.)* ف باد بهاری

کەڵەبەندەن: چیای ڕژد و هەڵەمووت و ئەستەم. ف کوە صعب‌العبور

کەلەپۆ:) ئاسۆ، شوێنی خورئاوا بوون؛ *(کەلەپۆی خۆرنشین تەم دایگرتووە.)*) بەلال، گەرمەشانیی برژاو. ف) افق؛) بلال

کەلەزات: ترسەنۆک، خوێڕی. ف ترسو

کەلەزراو: کەلەزات، ترسەنۆک. ف ترسو

کەڵەزەڕ: بریتی لە زۆرداری بێڕەحم و دڵڕەق، زاڵمی بێبەزە. ف کنایە از آدم زالم و سنگدل

کەڵەزەنگ: زەنگی گەورەی کلێسە، گازەنگ. ف ناقووس

کەڵەسوو: مانگایەک کە لە کەڵ ناچێتەوە و ئاوس نابێ.[ف] گاو مادەای کە همواره آمادەی جفتگیری است و آبستن نمی‌شود

کەڵەشێرە:) نەخۆشییەکە زیاتر زارۆکان تووشی دەبن دەنگیان دەنووسێ و دەکۆخن دەنگی کۆخەکەیان وەک خوێندنی کەڵەشێری لێ‌دێ؛) لەوزە، بایەمە، لەوزەی گەورە.[ف]) بیماری خروسک؛) لوزه

کەڵەشێرە خودایلە: پەپووسلێمانکە، خاتوون سێمانکە، شانەسەرە.[ف] هدهد

کەڵەشێری ناوادە:) کەڵەشێرێک کە لە ناوەختدا دەخوێنێ.) بریتی لەکەسێک کەلەوەخت و بێ‌وەختدا دەبێتە ملۆزمی خەڵکی.[ف]) خروس بی‌محل) کسی کە نابهنگام مزاحم مردم می‌شود

کەڵەشینکۆف: جۆرێ تفەنگی دەسکاری رووسیایە سێ گوللە دەخوا ئەو کەسەی درووستی کرد خۆی ناوی کلاشینکۆف بوو.[ف] تفنگ کلاشینکف

کەڵەکەبڕێ: ناوی گەمەیەکی لاوانە. پۆلێک لاو بەدەورە دەست دەخەنە سەرشانی یەکتر و سەریان پێکەوە دەنێن، کەسێکیش دە هەنگاو دوور دەکەوێتەوە و بە هەلاتن دڕوا دەست دەخاتە سەرشانیان و باز دەداتە ئەودیو.[ف] نام یک بازی جوانان

کەڵەگژژەو: وشەیەکە کاتێک جوانەگا دەبەن بۆ سەر مانگا بەکەڵ بۆ دنەدانی جوانەگاکە دەیڵێن. [ف] کلمەای برای تحریک کردن گاو هنگام جفتگیری.

کەڵەگژ: ☜ کەڵەگژژەو

کەلەم کاشوول: گیایەکی خوڕسک و بۆنخۆشە گەلاکەی دەخورێ و بۆ ترشیاتیش دەبێ. وەک کەرەوز وایە.[ف] نام گیاهی خوراکی

کەڵەنگ: قەلادە، قەرێتە، قەلاتە، سەنجۆڵ، قایشی ملی تاژی.[ف] قلاده

کەلەواژ بوونەوە: سەرنگوون بوون، خلۆر بوونەوە.[ف] سرنگون شدن

کەڵەوە: کەڵەوانە، دووداری چەماوەیە بە نیریدا دەکەن و ملی گایەکە دەخەنە بەینییەوە و لە بنەوە بە بەن کەڵەوە دەیبەستن.[ف] چنبرەی گردن گاو در خیش

کەڵەوەکێشی: دژایەتی، ڕقەبەری. *(ئەو خوێڕییە دەیەوێ کەڵەوەکێشیم لەگەڵ بکا.)* [ف] رقابت کینەتوزانە

کەمازەنگ: جۆرێ کەمایە بەقەد کەما بەرز نابێتەوە.[ف] نام گیاهی است

کەماسا: سواڵکەر، خوازەڵۆک، دەرۆزەکەر.[ف] گدا

کەمچە: (+) ئەسکوێ، کەوچکی گەورە.[ف] ملاقه

کەمچەکوڵە: کەوچکە قوڵە، کلکەتەشی، بەچکەی بۆق کە هێشتا کلکی دەر نەهاتبێ.[ف] بچە قورباغه که هنوز دست و پایش بیرون نیامده.

کەمدەم: کەسێک کە لە خواردندا شێنەیییە. *(هێندە کەمدەمە لەوساوە دوو پارووی نان نەخواردووە.)* [ف] کسی که در غذا خوردن کند باشد

کەمکولۆت: کۆن و چەپڵەک، لەکار کەوتوو. *(بەجارێ کەمکولۆت بووە کەڵکی نەماوە.)* کهنه و از کار افتاده

کەمەن بەسەرێ: گەمەیەکی لاوانی گوندنشینە. ف نام یک بازی جوانان

کەند و لەند: زەویی پڕ قووڵکە و چاڵ و چۆڵ. *(دێم بەرەو زوورک و تەلان و کەند و لەند/ دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند. «هێمن».)* ف زمین پست و بلند

کەندوور: ئاودڕ، کەندڕ، بوودڕ. ف گودال آبکند

کەنگەلاشک: قنگەلاشک، قانگەلاشک، دڕووی کەنگر، قەڵقەڵاشک. ف بته کنگر

کەوت و ڕەوت: هەستان و کەوتنەوە. *(وا پیر بووە کەوتۆتە کەوت و ڕەوت.)* ف افت و خیز

کەوتنە سەر پل: کەوتنە سەر هەوا، لە کەللە دان. *(تازە کەوتۆتە سەر پل بشیکوژی هەر دەچێ.)* ف به سرش افتاده

کەوچک بەدەست: بریتی لە کەیخودا و کاربەدەست. *(کەوچک بەدەستی ئەو ماڵە هەر ئەوە.)* ف مسئول

کەوچکە قوڵە: ☜ کلکەتەشی

کەوچکە ماسی:) گوێچکە ماسی، گۆش ماساو؛) جۆرێ ماسییە دەمی وەک کەوچک وایە. ف) گوش ماهی؛) نوعی ماهی، بیل ماهی

کەوزیڵگ: ترسەنۆک، کەلەزات، کەلەزراو. ف ترسو

کەوش: (+) سەحرا، دەشت و مەزرا. *(گەووەند لە کەوشە دوور لە وشکە سۆفین/ دەرفەتە مەم گوشین و هەڵگلۆفین «هەژار».)* ف صحرا

کەوشگەر: کەوشدروو، پینەچی. ف کفشدوز

کەوکز: سوڵتان، شا، حاکم. ف سلطان، حاکم

کەوکەوەڕاو: ملەقوتێ و ڕابواردن و گەڕان. *(بەو ڕۆژگارە خەریکی کەوکەوەڕاوە.)* ف گشتن و کیف کردن

کەونارا: کۆن و لەمێژینە، کەڤنارا، دێرین. ف باستان

کەونارا: مێژینە، قەدیم، ڕۆژگارانی زوو. ف باستان

کەونەلان:) کۆنەلان؛) بریتی لە جێگە ژیانی ڕابردوو. *(ڕوو لە هەرلایە دەکەم نامۆیە بۆ مۆم/ نابینم جێژوان و کەونەلانی خۆم. «هێمن».)* ف) لانەی کهنە؛) محل زندگی قبلی

کەوەحەفی: کەومار، ماری باڵدار. ف مار پرنده

کەوەرە: (+) قەراخ، کەنار، دیواری قەراغ حەوز و کانی. *(لە پاڵ کەوەرەی کانییەکە دانیشتبوو.)* ف دیوار دور حوض و چشمه

کەوی گوڕەلی: خاسەکەو، کەوێک کە باش دەخوێنێ و بۆ کێبەرکێی کەوان ئازایە و لە خوێندن ماندوو نابێ. ف کبکی کە خوب می‌خواند و در مسابقه کبک‌خوانی خسته نمی‌شود

کەوی: گزینگ، سەرەتای تاوی بەیانی. ف اولین تابش نور خورشید

کەویلکە: نوابەفر، بەفرێکە کە جێجێ توابێتەوە. *(ئەمن زەینی خۆم دەدایە تیرەگی دەکوێستانێ/ سەریان دەردێناوە لەبن کەویلکەی دەبەفری/*

پنجی سوێسنێ، هەلاڵێ، بەیبوونێ، گیابەند و گیاخاوێ/ دەگەڵ پەلکی دەسووره گوڵێ «فۆلکلۆر».) ف برف اندک

کەوێن: خاوێن، پاقژ، پاکژ.ف پاکیزه

کەهاڵ: بۆنی خۆڵی ئاوپرژێن کراو. *(گوند بۆ کەهاڵەکەشی پیاو مەست دەکا.)* ف بوی خاک آب پاشیده

کەیکەو: کەیکەب، کەیکف، دارێکی جەنگەڵییە بەر ناگرێ. *(ئێستر بزایە کەیکەو بارۆبەر/ ئەوسا دەیبینی تۆ باڵای دڵبەر «فولکلۆر».)* ف نام یک درخت جنگلی

کێچ بە گا فرۆشتن: بریتی لە فێڵ کردن و شتی هەرزان بە نرخی گران فرۆشتن. *(ئەو کلاوچییە کێچ بە گا دەفرۆشێ.)* ف کنایه از بسیار شیاد

کێچ لە کەوڵ کەوتن:) بریتی لە وەپەلە کەوتن بۆ کارێک. *(تازە کێچ کەوتۆتە کەوڵی هەدادانی نییە.)* ؛) کەسێک کە کێچ هەڵدێنێ، کێچ هەڵێنان. ف) کنایە از عجلە داشتن برای کاری؛) پیدا شدن کک در لباس و بدن

کێچ ناڵ کردن: بریتی لە زۆر فێڵەباز، *(ئەمێندە زۆرزانە کێچ ناڵ دەکا.)* ف کنایە از شیاد و کلاەبردار

کێچوولە: جۆرێک گیانلەبەری ورده بەلای برکەی بێستان و چەوەندەر و گیای ساوایە.ف حشرەای کە آفت بوتە جالیز است

کیرکەڵەگا: چلوورەی دەم پلووسک، شووشە سەهۆڵ.ف یخی کە از ناودان آویزان می‌شود

کیرەوڵ: ئەو شوێنەی کیری جوانەگای لێوە دێتە دەر، شۆڕەکەی بەر زگی پاتاڵی نێر.ف جایی کە آلت تناسلی حیوان نر از آن بیرون می‌آید

کیرەوڵ شۆڕ: جۆرێ جوانەگای زەبەلاحە کە کیرەوڵی شۆڕە و بۆ جووت بوون ئازا نییە.ف گاوی کە محل آلت تناسلی‌اش آویزان است

کێزر: پیره داری مازووو و بەڕوو.ف درخت پیر بلوط و مازووج

کیسۆبزنە: کەرتەشی، کەرگەتەشی.ف گیاهی خاردار

کیسەبیمار: فەقیر، دەستکورت، هەژار.ف فقیر، تنگدست

کیسەڵ پسەکێن: کیسەڵ بەخش، گەمەیەکی لاوانی گوندنشینە. دوو لاو دەستەوئەژنۆ ڕووبەڕووی یەکتر دادەنیشن هەر یەکی قوڵەدارێک لە بەینی هەنیشک و چۆکیانەوە ڕەت دەکەن و دەستیان توند دەبەستن دەبێ بە پەنجەی پێ و بە شان لە یەکتر دەن هەرکامیان بکەوێ ئەوی‌تر بە قوونەخشکێ دەچێتە پێشێ و گازی لێ‌دەگرێ.ف اسم یک بازی جوانان.

کیسەڵبەخش: ☜ کیسەڵپسەکێن

کیسەڵۆکە: کیسەڵە، سن، بۆگەنکە.ف حشرەی سن

کیسەڵە: (+)) نەخۆشییەکی جەرگی پەزە.) خۆ مات کردن و بە دزه دزه هاتنە پێشەوە. *(ئەوەی دەردە و بەلا باری لە ئاسمان/ لەسەر عەرزی لە دەورم کیسەڵەی بوو. «عەبدوڵلا حەسەن‌زادە، ساکار»)* ف) غدەی سفید چرکی کە روی جگر

گوسفند پیدا می‌شود.) *بواش بواش جلو رفتن و محاصره کردن.*

کیسەڵەگزین: کیسەڵبەخش، کیسەڵ پسەکێن.|ف|
☜ کیسەڵبەخش

کیسەڵی: ماشینی ژیان.|ف| فولکس

کـێش: (+)) ئـایین، مـەزهەب، دیـن؛) گونجـەی دارینـی ئـەسـتێر.|ف|) دیـن، کـیش؛) دریچـەی چوبی استخر

کێشتانە: شاگردانە، دەستخۆشانە.|ف| انعام

کیفوار: کیفار، نێوی گیایەکی دڕکاوییە، کیوار.|ف| گیاهی خاردار

کێلبوونەوە: هەستانە سەرپێ، ڕاستبوونەوە.|ف| پاشدن و ایستادن

کێلگەردن: بریتی لە گەردنی بەرز و ناسک و جوان، گەردن کێل. *(گەردن زەرد و کێلگەردن، گەردنـی زەرد چیی تێدایە/ ملی پڕە لە مووروو نێونێوەی کارەبایە. فولکلۆر.)* |ف| گردن بلند

کێلووکـە: داوەڵ، داهـۆڵ، ئـەو چڵـە گـەنمـەی لـەدوای دروێنـە بـە پێـوە دەمێنێتـەوە.|ف| شاخە گندم که بعد از درو برجا می‌ماند

کێلە بەردینە: یارییەکی منداڵانەیە، چەند بەرد لەسـەر یـەک هـەڵدەچـنن و لـە مـەودای چـەند هانگاوییەوە بە بەرد تێی هەڵدەکەن هەر کەس لێی‌دا و بیرووخێنێ بەرندەیە.|ف| نام یک بازی کودکانه

کێلەرێ: تابلۆ و نیشانەی قەراغ ڕێگا.|ف| علائم کنار جاده

کێلەکەوە: گوندێکی ناوچەی فەیزووللابەگی بوو کەوتۆتە بەر سەدی کۆرشی کەبیر.|ف| روستایی در منطقەی فیض‌الەبیگی زیر سد کورش رفته است

کێنـی: گیـای دەم دەراوی کـانی. ئـەو گیایـەی لەبەر دەراوی کانی دەڕوێ. *(خواردوومە گیای کێنیتـان/ پشقەڵ دەکـەم بۆ زستان. فولکلۆر.)* |ف| گیاهی که در مسیر آب چشمه می‌روید.

گ

گابۆڕ: (+) جۆرێ جۆلانە، چەشنێ هەلۆرک.[ف] نوعی تاب

گاپا: گاپێ، بریتی لە تەنبەڵ و لەشگران.[ف] کنایە از تنبل

گاپێ: ☜ گاپا.

گادڵ: بریتی لە مرۆڤی ئازا و بەجەرگ و بەقەوەت.[ف] کنایە از آدم نترس و نیرومند

گاردۆن: مقەبا، قاقەزی ئەستوور کە دەکرێتە جەعبە بۆ کەلوپەل.[ف] مقەوا

گارسێوک: تەرزە، ترگژۆک، تەزرە، تەیرۆک.[ف] تگرگ

گاڕگاڕە: بڕبڕەی پشت، بڕبراگە، مۆغەرە، *(گاڕگاڕەی پشتم لەوانەبوو بشکێ.)* [ف] ستون فقرات

گازاندن:) گاز پێدان بە ماشێن و ماتۆڕ و ... *(بیگازێنە با زوو بگەینێ) ؛*) نەڕاندن، گاز کردن، هەرا کردن.[ف]) گاز دادن ماشین؛) جار زدن

گازوانکە: گۆزروان، گیایەکی گەڵا پانی دڕواوییە گوڵی وردی شین دەر دەکا.[ف] گل گاوزبان

گازوانە: گازوانکە، گۆزروان.[ف] گل گاوزبان

گازۆک: (+)) ئەو دارەی کە کەروێشک و ڕێویی لە کون پێ دەردێنن، دارێکی دوو سەرە دەیکەن بە کونی کەروێشک و ڕێویدا لە تووک و پێستەکەی هەڵدەچەقێنن و بای دەدەن و دەیکێشنە دەرێ، بەو دەرهێنانەش دەڵێن چۆڵەپێچ، یان چۆڵەپێچەن.) قووڵاییی سەری کۆڵەکە بۆئەوەی خەسارە لەسەری ڕاوەستێ. [ف]) چوبی کە با آن خرگوش و روباە را از سوراخ درمی‌آورند) گودی بالای ستون کە تیرگ بر آن جای می‌گیرد

گازە: (+) پاڕانەوە بە دەنگ، شێعری مناجات.[ف] مناجات

گازەندەوان: دادخواز، شکایەتکار.[ف] دادخواە

گازەنگ: کەڵەزەنگ، زەنگی گەورەی کلێسە.[ف] ناقوس

گاشکە: کارچڤ، هەڵووژە، هەڵووچە.[ف] آلوزرد

گاگر: زەویی بەردەڵان و ڕەقەن. قاقڕ.[ف] زمینی

که برای شخم مناسب نیست

گاگلێنه: تاتووله، گیایەکی ژەهراوییە پاتاڵ بیخوا پێـی دەمـرێ.ف گیـاهی سـمی کـه هـر حیـوانی بخورد می‌میرد.

گاڵتەجاڕ: گەپچاڕ، ڕشقنجاڕ.ف تمسخر

گامـەرز: هۆگـان، سـەرەگاوخـان، ئـەو شـوێنەی خـەتی جـووت دەگاتـه ئـەوسـەر و دەگـەڕێتـەوە سەر خەت.ف محل دور زدن در شخم

گاو: (+) تەقەڵ، درووومان.ف بخیه

گاوبەن: ☜ گاوبەند

گاوبــەنــد: گاوبـــەن، شـــوێنی بـــەســـتنەوەی ڕەشـەوڵاخ لـه تـەویلـەدا.ف محـل بسـتن گـاو در طویله

گاوومــە: گۆگـــەم، گیایـــەکـــی گـــەڵا تـــووکنی گوڵزەردە.ف جوجم

گای قەشقە:) بریتی له کەسێک که هـەر کارێک بکا دیاره و لەبەرچاوە؛) گای نێوچاوان سپی، قەشان، بەش.ف) کنایه از کسی که هر کاری می‌کند مردم می‌دانند و تابلو شده‌است؛) گاو پیشانی سفید

گجی: زیـادە گۆشـتێکه لـەنێو زێـی مانگـا پـەیدا دەبێ و دەبێته هۆی ئەوەی هەمیشه بەکەڵ بێ و لـه کـەڵ نـەچێتـەوە.ف گوشـتی اضـافی کـه در فرج گاو ماده پیدا می‌شود

گـدێش: گـەڕاگوهـان، توربـەی گـوانی ئـاژەڵ، گواندێن.ف پستان حیوان

گدێو: هەتیو، سێوی، منداڵی بێدایک و باوک.ف یتیم

گراو: ماشقه، دەزگیران، یار. دڵبەر.ف معشوقه

گراویلکـه: ماشـقەی جـوان و چکۆڵانـه، یـاری منداڵ و وردیلـه.(کـوڕێکی قـەشـمەری کـوردی گـەشـاوە/ چخوشـه هـەڵکـەوێ بکـرێ بـەزاوا/ گراویلکـــەی بـــەبـــووکی بێتـــه بـــەر دەســـت/ هـــــەوێردێکـــــی حـــــەمایـــــت بـــــێ نـــــه بەیدەست.«ڕاوچی».) ف معشوقه کوچولو

گرتن: (+) ڕام کردنی جوانووە ئەسپی سواری. *(ئێستا جوانووەکەمان نەگرتووە.)* ف رام کردن کره‌اسب برای سواری

گـرخم: وردە بڕشـتی بـەنـی فـەرەش لـه کـاتی تەون کردندا.ف ریزه‌های نخ در قالیبافی

گردەبنە: خڕیلانه، کوڵەبنه، *(پیاوێکی گردەبنەیه.)* ف کوتوله

گردەشان: تیرەشان، لاشانی کێو، قەدی چیا.ف سینه‌کش کوه

گردەڵە: (+) گڕۆڵ، کوته پارچەیەکی چوارگۆشه لەبن باخەڵی کراسی دەدروون.ف تکه پارچه‌ای چهارگوشه برای زیر بغل پیراهن

گردیشک: گیایـەکی خۆڕسکه وەک شنگ وایه، ئاڵەکۆک، هەڵاکۆک.ف نام گیاهی است

گـردیگلان:) گردێـک کـه سـواری لـێدەگلـێ؛) ناوی گوندێکه له هەڤدە کیلۆمـەتریی باشـووری شـاری بۆکـان هـەڵکـەوتـووە.ف) تپـه‌ای کـه سوارکار به زمین می‌خورد؛) نام روستایی در هفده کیلومتری جنوب بوکان

گردیلکـه: کووپـەڵـه، گـەردیلـه، کووپـه پـەنیـری چکۆڵه.ف کوزه‌ی کوچک

گرژینەوە: زەردە گرتن، بزە، نەرمە پێکەنین. زەردەخەنە.[ف] تبسم

گرسڤا: گەردنی جوان و سپی و ناسک، گەردن زەرد.[ف] گردن زیبا و سفید

گرسۆز: جۆرێ لامپای شووشە باریکە و گرەکەی گردە چونکە پلێتەکەی وەک پلێتەی سەماوەر و عەلادین لوولەییە.[ف] چراغ گردسوز

گرسەژۆ: بلێسەکێشان، کلّپە کردن، *(ئاورەکە گرسەژۆی دەکرد بۆ سەر و چاومان.)* [ف] زبانه کشیدن

گرگرە: کۆل و بیر، جەغجەغە، چەرخی ئاو هەلّکێشان لە بیر.[ف] چرخ آب کشیدن از چاه

گرمخین: رزین، گەنین.[ف] گندیدن

گرمخیو: رزیو، گەنیگ، گەنی. *(میوەکە گشتی گرمخیوە.)* [ف] گندیده

گرمۆتکە: گرمۆتە، گرموولە، گزموول.[ف] گلوولەی گل و مو

گرمۆتکە: گرمۆتە، گرمۆلّە. *(خۆی لەو بن دیوارە گرمۆتکە کردووە.)* [ف] گلوله

گرۆس: کاکیلە، خلێنە، کاکیلکە.[ف] دندان آسیاب

گرە بەرد: بەردی زبر و زۆپی کێو، *(لەسەر گرە بەردەکان راوەستابوو.)* [ف] سنگ زبر و برجسته در کوه

گرەسی: ماسین و تەب کردنی سیپەلک.[ف] التهاب ریوی

گرەڤ: باوەڕ، ئیمان، بڕوا. *(مرۆڤەکا خاوەن گرەڤە.)* [ف] ایمان

گریاڵ: کەچەڵ، سەر گەنیگ.[ف] کچل

گرینج گرینج: گرنی گرنی، زبر. *(لەسەر ئەو بەردە گرینج گرینجە دانیشتووە.)* [ف] زبر

گرینچۆ: جمگە، خرتگ، *(گرینچۆی دەستی ترازاوە.)* [ف] مفصل

گزگزە: مێشە گزگزە، مۆز، جۆرێ مێشی سەوزی گەورەیە بە ئاژەڵەوە دەدا.[ف] کنکاون

گزۆک: گزەون، گزیکار. *(رووترش و گزۆک و گوێ نەبیستوو/ گرژ و مرومۆچ و کەس نەویستوو «مەم و زین».)* [ف] کلاەبردار

گزینە: چەکوش، چەکوچ. *(ئەو گزینە بێنە بزمارەکە داکوتە.)* [ف] چکش

گژنیژە: (+) گۆی مەمکی ئافرەت.[ف] نوک پستان زن

گسکە سواخ: سواخدانی دار و دیوار بە گسک و قورە شلە. قوراوێکی شل بە گڵەسپی دەگرنەوە و گسکەکەی تێهەڵدەکێشن و بە دیواریدا دێنن.[ف] گلاندود دیوار با جارو

گسکە فەقێ: گیایەکە گوڵی زەرد و سوور دەر دەکا وەک گراڵک وایە بەڵام لقەلقە شین دەبێ و نیو مەتر بەرز دەبێتەوە بۆ گەسک کەڵکی لێ وەردەگرن.[ف] گیاهی است برای جارو

گسکەچۆمی: جۆرێک گیای باڵا بەرزە لە قەراغ چۆم دەروێ و لاسقەکەی مەیلەو سوورە بۆ گەسک کەڵکی لێوەردەگرن.[ف] گیاهی برای جارو

گسکەشینە: گیایەکە لە بەراوان شین دەبێ بۆ گەسک کەڵکی لێ وەردەگرن.[ف] گیاهی است

برای جارو

گسکی بەداری: یارییەکی منداڵانەیە گسکێک بە دارەوە دەبەستن و وەک ئەسپ سواری دەبن و هەڵدێن گسکەکە لە دواوە لە عەرزی دەخشێ و تەپۆتۆز دەکا. ف یک بازی کودکان مانند نیسوار با چوب و جارو

گشپۆش: جەوی هەوای دەوری زەوی. ف جو زمین

گف کردن: ڕق هەستان، خۆ هەڵمەساندن. *(لە داخانا خۆی گف کردبوو.)* ف عصبانی شدن

گلارک: ☜ گلارکە

گلارکە: گلێنەی چاو، گلارک، بیبیلە. ف کرەی چشم

گلگووکەرە: تاقتاقکەرە، تووتەک. ف مرغ شبآهنگ

گلمووچک: گزموولە، گلمووچە. ف گلوله گل

گڵمووچە: گزمووله قوڕ. ف گلوله گل

گلۆرە: گوڵۆڵە، بەنی خڕ هەڵکراوە. ف گلوله نخ

گڵەپنج: گڵێکی سپییە لەگەڵ لۆکە و زەردێنەی هێلکە تێکەڵی دەکەن بۆ چاککردنەوەی درزی دیزە و گۆزە کەڵکی لێوەردەگرن. ف نوعی خاک آهکی که با پنبه و زردەی تخممرغ قاطی میکنند برای ترمیم کوزه و ظرف سفالی شکسته

گڵەپۆتە: خۆڵەپۆتە، خۆڵەپۆتینە، گڵەپۆک، گڵی وشک و ورد. ف خاک خشک و پودر مانند

گڵەپۆک: ☜ گڵەپۆتە

گلەت: جار، ڕا، کەڕەت. *(ئێ گلەت هاتی سەردە لێمان.)* ف دفعه

گڵەسەر: (+) گڵەبان، کای کۆماکراوی گڵ بەسەردا کراو بۆئەوەی تەڕ نەبێ. *(ئەو کاوگزرەیە بەرە هەڵیدەوە و گڵەسەری بکە با خەسار نەبێ.)* ف ریختن خاک برروی تودەی کاە.

گڵەمردە: گڵەپۆتە، گڵی داوەریوی بیری وشک. ف خاک پودە

گلێڤان: گلەییکار، گازەندەوان، خۆشگلەیی. ف گلەگذار

گلێنک: گلێنە، گلارک، بیبیلە. ف کرەی چشم

گلێنکە: گلێنە، گلارک، بیبیلە، گلێنک. ف کرەی چشم

گمتە: قەڵب، خوێڕی، بەڕەڵڵا و بێکەڵک. *(ئەو کەرە گمتە بەکار نایە بۆیە بەرەڵڵا کراوە.)* ف بیارزش

گنە: (+) پۆڵکە، گاگووز. ف خلر

گوارا کردن: ڕابواردن، بەسەر بردن. ف تفریح کردن

گوارەمەرە: گۆشتێکی زیادییە وەک گوڵنگ بە بەر ملی هێندێ مەڕدا شۆڕ دەبێتەوە. ف منگولە گوشتی زیر گردن بعضی گوسفند

گوانترسێن: بە باوەڕێ خەڵکی عەوام چاک کردنەوەی گوانی هەڵمەساوی مانگایە بەدەستە گورگ، واتە دەستی گورگ دەپەڕێنن و دایدەنێن، هەر کاتێک مانگا گوانی دەماسێ دەستە گورگەکەی پێدا دەهێنن چاک دەبێتەوە ف درمان کردن پستان گاو مادە با دست گرگ

هنگام آماسیدن

گواندێن: (+) توورەکەیەکە بە گوانی ئاژەڵیدا دەکەن بۆئەوەی بێچووەکەی نەیمژێ، یان دڕووداڵ بریندار نەکا.ف پارچەای کە برای پوشیدن پستان حیوانات میدوزند تا بچەاش شیرش را نمکد و خار و خاشاک زخمیش نکند

گوانە ڕەقە: نەخۆشییەکی گوانی پاتاڵە.ف بیماری کالاکسی

گوانە مانگا: گیایەکە بۆ دۆکولیو دەبێ.ف نام گیاهی خوراکی برای آش دوغ

گوانەمە: بە گوانی حەیوانێک دەگوترێ کە هاتوتە سەر زان.ف پستان حیوانی کە آمادە تولیدمثل است

گۆپاک: وتە خاوێن، قسە جوان، *(وێژەرێکی گۆپاکە.)* ف سخن پاک

گۆپاڵ زیوێن: ناوی وەزیر لە کایەی میرمیرێندا. ف وزیر در بازی میرنوروزی

گۆپکە: گژنیژە، گۆی مەمک، *(لێت ڕاهاتووم، وەکوو منداڵ لە گۆپکەی مەم. «عەبدوڵڵا پەشێو»)* ف نوک پستان

گۆتان: پەرچە، جێگە مۆڵی مەڕ لە چیا. *(مەڕەکەیان بۆلای گۆتان ڕادا.)* ف محل استراحت دام در صحرا

گۆج پێهێنان: تەنگەتاو کردن، ئۆقرە لێهەڵگرتن. *(ڕوومەت و کوڵمە و چەنە و بەرخەبەبەی/ گۆجی پێهێناوی چۆن ڕێ دەردەبەی. «هێمن»)* ف بیقرار شدن

گوجایز: شیاو، هێژا، *(ئەوکارە وە ئێوە گوجایز نییە.)* ف لایق

گوجەستەک: نەگریس، نەگبەت. *(پیاوێکی پێڕەش و گوجەستەکە.)* ف شوم

گۆڕایی: دەشتایی، تەختان، دەشتان. *(لەو گۆڕاییە ئاژەڵەکان بلەوەڕێنە.)* ف زمین هموار

گۆرتە: ئەو مەڕمەڕە گەورەی بە دوو قامک گۆرتێنی پێدەکەن.ف تیلەی بسیار بزرگ

گۆرتێن: کایەیەکە بە هەڵماتی زۆر گەورە دەکرێ هەر بە پاوە بەدەست لە نیشانەکەی هەڵدەکەن.ف نام یک بازی با تیلەی خیلی بزرگ

گۆردە:) بزنی گوێ پان و شۆڕ؛) بریتی لە پیاوی بێغیرەت و تەرەس.ف) بز گوش پهن و دراز؛) کنایە از مرد بیغیرت و دیوس

گوردەوشێرە: ڕایەڵی مافوورە، گورد ڕایەڵی پشتەوەیە و شێرە ڕایەڵی پێشەوەیە.ف تارهای قالی

گوڕڕە:) کێ بەرکێ، ڕقە، ملە؛) هەراهەرا، *(دەستیان کردووە بە گوڕڕە و هەرا.)* ف) رقابت، مسابقە؛) سروصدا

گۆڕکەن: (+) جانەوەرێکی بۆرە بەقەد پشیلە دەبێ گۆڕ دەداتەوە.ف گورکن

گورگ پێ: کەسێک کە پەنجەی لاقی خوار و خێچە.ف کسی کە انگشت پاهایش کج و کولە است

گورگاسە: پشیلە کێوی.ف گربەی وحشی

گورگە سوورە: ناوی گیایەکە.ف نام گیاهی است

گورگەڕاو پێکردن: بریتی لە ئازار و

چـــەرمـــەســـەرێ دان، هێنـــان و بـــردن و سەرلێشێواندن. *(گورگە ڕاوێکیان پێکرد سەگی لەپاشەوە نەدەژیا.)* ف دنبال کردن و آزار دادن

گورگی بیچوو خوراو: بریتی لـە کەسێک کە زەبـری وێ کـەوتبـێ و داخ لـە دڵ بـووبێ و ئامادەی تۆڵە کردنەوە بێ. ف کنایە از آدم داغ دیدە و آمادەی انتقام

گـوڕم: شـیرخواردنی بـەرخ کـاتێ بـە تونـدی سـەری لـە گوانی دایکی دەکوتێ. *(گـوڕمێکی لـە گـوانی دایکـیدا.)* ف کلـە زدن بـرە بـە پـستان مادرش هنگام مکیدن

گوڕمەتە: شاتاوڵی بەتوندی، گوڕم، هاشاوڵی بە تەوژم. ف با شیرجە حملە کردن

گورمیلە: خڕ و تۆپ، گزمووڵە، تۆپەڵە. *(بە قوڕ گورمیلەی دروست دەکرد.)* ف گلوولە

گوڕنی: لـەخۆبـایی، بـەفیز، بەدەمـار. *(وا گـوڕنی بووە قسە لەگەڵ کەس ناکا.)* ف مغرور

گورووپ: تاقم، دەستە. ف گروە

گورووپی خوێن: جۆری خوێن. ف گروە خون

گوڕەکەو: کێبەرکێی خوێندنی کەو. ف مسابقەی کبکخوانی

گـۆرەوابــازی: جـۆراوێن، گـۆرەویبـازی. ف جورابازی

گۆرەوی بازی: جۆرابێن، جۆراوێن، گۆرەیبازی. ف جوراب بازی

گۆڕەوینە: گۆڕینەوە، ئاڵوگۆڕ. ف معاوضە

گـۆڕەهــوو: مـردووی بـێگـوڕ و بـزر بـوو، مـردووی بێسـەر و شـوێن. *(مـردووە و خـودا دەزانێ لە کوێ گوڕەهوو بووە.)* ف مفقودالاثر

گۆرەیبازی: ☜ گۆرەوی بازی

گوریس داخستن(ڕاخستن) : بریتی لـە تـەماحی زۆر. *(بـابم خـۆ گوریـسم بـۆ ڕانـەخـستووە.)* ف کنایە از طمع و آز زیاد

گوریک: دەزوو، قرقرە. ف نخ

گورینگ: گوڵینگ، گوڵنگ، گوڵینگە. ف منگولە

گۆریەچنە: گۆرەویچنە، گۆرەویلکە. ف پرندەی چرخریسک

گۆزەڵدان: جێگای دەفر و گۆزە لە ماڵدا، ئەو شوێنەی گۆزەی پڕ لە ئاوی لێدادەنێن. ف محل گذاشتن کوزە آب در منزل

گـۆزنگرێ:) گـرێپووچکــە، گـرێ کـوێرە؛) پـشتێنی گـرێچن، پـشتێنی گـرێگـرێ. ف) گـرە کور؛) کمربند گرەدار

گۆزە بە دوودا شکاندن: بریتی لە بەڕێ کردنی کەسێک بە بێزارییەوە و بە هیوای نەدیتنەوە. ف کنایە از بدرقە کردن کسی با بیزاری و بـە امید دوبارە ندیدنش

گوژمە: (+)) گورج، چالاک، هەڵسوور،) مەبلەغ، بڕ، «بۆ پارە».. ف) چست و چالاک) مبلغ..

گۆشتەژوو: ☜ گۆشتەوزوین

گۆشتەوزوین: گۆشتە زوون، گۆشتە زوونە. ف ترمیم زخم

گۆشتی برژاو و دەرنەچوون: بریتی لە شـەڕ و تـەقـەی زۆر و پڕ مـەترسـی. *(شـەڕێکە گۆشـتی بـرژاو دەرنـاچێ.)* ف کنایـە از جنـگ و درگیـری خطرناک

گۆشتی گەردەمل: بریتی لە ملۆزم و مێمڵ، کەسێک کە پێوەت دەنووسێ و دەستبەردارت نابێ. *(لێم بۆتە گۆشتی گەردەمل، دەستم لە کۆڵ ناکاتەوە.)* ف کنایه از مزاحم، موی دماغ

گۆشە بەرخیلە: گوێ بەرخۆلە، گیا بەرخۆلە، گیایەکە بۆ دۆکولێو دەبێ. ف نام گیاهی خوراکی

گۆفک: (+) ئیلمە، پۆ. ف پود

گوڵ ئەستێرە: (+) ناوی گوڵێکی زەردە. ف گل ستاره

گوڵ پەنا: گەنمێک کە دەرەنگ دادەچێندرێ و گوڵ ناکا. ف گندمی که خوشه ندارد

گوڵ کردن: لە یاریی قەرێ قەرێدا ئەو کەسەی لەسەر شارە و چاوی گرتووە دەست لە هەرکام لە منداڵەکان بدا دەڵێن گوڵی کردووە و دەبێ بچێ چاو بگرێ. *(ابرۆ چاو بگرە گوڵ بووی.)* ف اصطلاحی در قایم باشک بازی

گـۆڵ (+) قوڵفەی چنین لە گۆرەوی و دەستکێشدا. ف حلقەی نخ در بافتنی

گوڵباتمان: پارچەیەکی قەدیمی ژنانە بوو دەیانکردە کراس. ف نام پارچەای قەدیمی

گوڵبوێر نەکردن: پشتگوێ نەخستن. *(مێندە کاری جوانە گوڵبوێری ناکا.)* ف پشت گوش نیانداختن.

گوڵبە: گوڵبێنە، گوڵوە، هەواکێشی تەندوور. ف هواکش تنور

گوڵبێچوو: قوماشێکی ژنانەی قەدیمی بوو دەیانکردە کراس. ف نام پارچەای قدیمی

گـوڵپرچن: قەرە، ئەو خرچەیەی هەر لە بێستانەکەدا بە برکەکەیەوە دەیخەنە بن گڵ تا دەبێتە کاڵەک. *(عەمر و دیدەم شەکرەژن/ سنگ کاڵەکی گوڵپرچن/ کووزت کەن بتدەن بە من «گۆرانی»)* ف خربزەی کال کە در جالیز زیرخاک قرار میدهند تا میرسد.

گوڵپیتە: گوڵی قانگەلاشک، سەلکی درووی کنگر. ف گلبتەی کنگر

گوڵتۆپ: ☜ گوڵهەن

گۆڵخنکێن: پەلاماری کەسێک دان و بەتەواوی شەل و کوت کردن. *(رقم هەستێنی دەتگرم گۆڵخنکێنت دەکەم.)* ف کنایە از زدن و تنبیە کردن

گولدووزام: شڵە، کەسێک کە دەم و چاوی پەڵەپەڵەیە. ف صورت پر از لکه

گوڵزاخ: پارچەیەکی قەدیمی بوو دەیانکردە کراس. ف نام پارچەای قەدیمی

گوڵسوو: گزنگ، شەبەقی بەیان، سەرەتای تاوی بەیانی. ف اولین نور خورشید در صبحدم

گوڵقەند: برێشکەی گەرمەشانی و شیلەی قەند کە تۆپەڵ تۆپەڵی دەکەن و دەیفرۆشن. ف شیرە زرت

گۆلکاو: گۆلاو، گۆلی چکۆلە. ف آب جمع شدە در گودی

گۆڵکێش کردن: پەت لە ملی کەسێک خستن و بە زۆر بەدوای خۆدا ڕاکێشان. ف طناب بە گردن کسی انداختن و به زور کشیدن

گوللەی وێڵەکی: گوللەی وێڵ، تیری نەبەدی. ف

گلولەی بدون هدف‌گیری

گوڵم: سواڵە، قولە گەنمی درووێنە کراو.[ف] دسته گندم درو شده

گۆلمانج: ئەستێر، هەسێڵ، ئاڤزێڵ، گۆلاو.[ف] استخر

گوڵمەپت: کونە لووت، کونە کەپۆ.[ف] سوراخ بینی

گوڵول: جۆرێ گوڵەباخی رەنگ ئاڵە و مەیلەو زەردە.[ف] گل رز

گوڵوە: ☜ گوڵبە

گوڵە بەرزانی: گیایەکی باڵا بەرزە گوڵی زەرد دەر دەکا و لەنێو مێرگ و قۆپیدا شین دەبێ.[ف] نام گیاهی است

گوڵە چاوپشیلە: گوڵێکی زەردە وەکوو نێرگز وایە.[ف] گلی مانند نرگس

گوڵە چەرمەڵە: ☜ گوڵە سپیلکە

گوڵە حاجیانە: گوڵە چاوئێشە، بەیبوون، حاجیلە، شیر و شەپاڵ.[ف] بابونه

گوڵە دووپشکە: ناوی گوڵێکە.[ف] نام گلی است

گوڵە سپیلکە: ☜ گوڵە حاجیانە

گوڵە سوورکە: رێحانە کێویلە، گیایەکە گەڵای لە رێحانە دەچێ و لە دێم و بوورە شین دەبێ.[ف] نام گیاهی است

گوڵە مەخمەر: گوڵێکی گەڵا بنەوشە لە گوڵدانددا پەروەردە دەکرێ.[ف] نام گلی است

گوڵەبرێژ: کەبابی بەرگ.[ف] کباب برگ

گوڵەما: هەوێنی پەنیر.[ف] مایەی پنیر

گوڵهەن: گوڵە بەرۆنە، گوڵتۆپ.[ف] انسنتین

گولی بەخیل: بریتی لە مرۆڤی بەخیل و بەرچاو تەنگ، یانی کەسێک کە خۆی گول بوو پێی‌خۆشە هەموو کەس گول بێ. *(بۆ پێم ناخۆشە ماڵت کڕیوە، خۆ گولی بەخیل نیم.)* [ف] کنایه از آدم حسود

گوڵێن: تۆپێن، کایەی تۆپی پێ.[ف] فوتبال

گومان: (+) رەهەندی نێو بیر، کەرێز.[ف] کهریز

گومبەتە: خۆ بۆ فڕێدان. *(گومبەتەی لەخۆی دا و بۆی چوو.)* [ف] شیرجه زدن

گوموگۆڕ: شرتوگوم، بزربوو، وندا. *(ئاگات لە شتەکانت بێ گموگۆڕیان نەکەی.)* [ف] گم و گور

گومەیل: کفتە.[ف] کوفته

گۆمیچکە: گۆمی چکۆڵە، گۆماوێک کە زۆر قووڵ و بەربلاو نییە.[ف] ژرفاب کوچک

گون پێ بزوان (نەبزوان) : بریتی لە گوێ پێنەدان و بە هیچ نەزانین. *(جا ئەوە چییە قسە بکا و قسە نەکا هەر گونیشم پێی نابزوێ.)* [ف] کنایه از اهمیت ندادن و به حساب نیاوردن

گون لە زگ: پیاوێک کە چووکی دەچێتەوە نێو زگی و کاتێ هەڵنەستاوە هیچی دیار نییە.[ف] مردی که آلت تناسلی‌اش قبل از نعوظ در داخل شکم قرار دارد

گونکەژمار: بریتی لە قرنیس و مستقووچاو، سەقیل، یانی گونکی هەویر دەژمێرێ.[ف] کنایه از کسی که بسیار خسیس است و چونه نان را می‌شمارد

گونگونە سەگانە: (+) گیایەکە بە بنج دەروێ گەڵاکەی وەک مێکووک وایە و بەرێکی وەک

قەیسی دەگرێ، گونه سەگانه.ف اسم گیاهی

گونه سەگانه: ☜ گونگونه سەگانه

گۆنەر: هەڕەت، تاف، جەنگە. *(هەنوو گۆنەرا گژ و گیا دوورینه.)* ف فصل، زمان

گونەقەلە: جۆرێ ترێی ڕەشی پێست ئەستوور و ناخۆشه.ف نوعی انگور

گونینه: ترخێنه، شەلەمین، چێشتی شێلم و دان. ف ترخینه

گووچارنەک: کلک هەڵتەکێنه، قوون هەڵتەکێنه، چۆلەکەیەکه کاتێک دەنیشێ کلکی هەڵدەتەکێنێ. ف دم جنبانک

گووخلێرکە: گووگلێنە، گووخلینکە.ف سرگین غلطان

گووخلێنکه: ☜ گوو گلێنه

گوڕووشکێن: ئەو شتەی دەیدەن بە منداڵ لە کاتی گوڕوو گرتندا بۆئەوەی بەهانەی نەمێنێ و نەگری.ف چیزی که به بچه می‌دهند که بهانه نگیرد

گووڤ: مۆڵ، جێگەی خەوتنی گاڕان لەکێو.ف محل استراحت احشام در صحرا

گووفیره: گووی شل، ڕیخەتاڵەف مدفوع هنگام اسهال

گووگلێنه: گووخلێنکە، گووخلێنه، گووخلێرکە.ف سرگین غلطان

گوونەکەر: بریتی لە سەقیل . نینۆخۆشک، چکووس، مستقووچاو، *(دەس‌ڕژد و چنۆک و گوونەکەر بوو/ بێدۆست و قزه و نەزان و کەر بوو. «مەم و زین».)* ف خسیس

گوێ پرووسقێنه: کایەیەکی منداڵانەیە، کەسێک لە دوور ڕادەوەستێ و شتێک فڕێ دەدا بۆ دەستەیەک منداڵ هەر کەس هەڵیبگرێتەوە بە هەموویان گوێی دەکێشن هەتا لێی دەستێنن، بەڵام هەر منداڵێک ئازا بێ هەڵیدەگرێتەوە و خۆی دەگەیێنێتە ئەو کەسەی شتەکەی فڕێداوە، کاتێک دەستی لێدا شتەکە دەبێتە هی خۆی و ئیتر هەقیان نییە گوێچکەی بکێشن و لێی بستێنن.ف نام یک بازی

گوێ گەزیزه: کاژیلەیەک کە گوێچکەی خاڵ خاڵی ڕەش و سپی تێدایە و شێوەی گوڵە گەزیزە دەدا.ف بزغاله‌ای که گوش خال خال دارد.

گوێ‌ئاسارە: گوڵەستێرە، گووئەستێرە، پەنگرەستێرە.ف کرم شبتاب

گوێچکەم هەرزن هەڵدەگرێ: بریتی لە زۆر لەسەر هەستبوون، کەسێک کە گوێی سووکە و زوو حاڵی دەبێ. *(هەر سرتەت بێ حاڵی دەبم، گوێچکەم هەرزن هەڵدەگرێ.)* ف گوش بسیار شنوا

گوێڕادێر: گوێڕایەڵ، کەسێک کە بە جوانی گوێ ڕادەگرێ و دڵ بە کار دەدا.ف حرف‌شنو

گوێرچ: گۆێژ، گێوژ.ف زالزالک

گوێرەوسار: گوریسی باریکی بەستنەوەی گوێلک.ف ریسمان بستن گوساله

گوێزلەمه: شیرینی بە گوێز و شەکر دروست کراو.ف شیرینی گردویی

گوێزه چەوەندەره: جۆرێک گوێزی دەنک

گەورەیە. ف نوعی گردوی درشت

گۆیژە ڕیخە: ☜ گێوژە ڕیخە

گۆیژە زەردە: جۆرێک گوێژە ڕەنگی زەردە. ف زالزالک زرد

گـوێژە سـوورە: جۆرێـک گـۆیژی سـوورە. ف زالزالک سرخ

گۆیژە کۆڵە: ☜ گێوژە کۆڵە

گۆیژە مۆرە: ☜ گێوژە ڕیخە

گویکەرە: گیایەکی گەڵا پان و تووکنە وەک سێفەڵووکە وایە بەڵام ڕەنگی ئەم سپیواشە بە پۆل دەڕوێ، گیاپەڕۆ. ف اسم گیاهی است

گویکەرە: جووڵەوەرێکە وەک هەزارپێ بەڵام لاقی کەمترە و دەڵێن دەچێتە گوێچکەوە پیاو کەڕ دەکا. ف جانوری مانند هزارپا که در گوش آدم فرو می‌رود و کرش می‌کند

گوێلپار: پارگوێر، گوێرەکە، گوێلکی دوو ساڵان. ف گوساله دو ساله

گوێنۆ: ☜ گوڵە بەرزانی

گوێیانە: گووشی. ف گوشی تلفن و ...

گەبەر: (+) بن باخەڵ، بنکەش، بن هەنگڵ. ف زیر بغل

گەچۆڕ: شۆڕەکات، زەوینی بێ‌گیا و گژ و سوێر. ف شورەزار

گەراپێچە: گێژەڵووکە، گەردەلوول، بابلیسک، عێوارەش، زەمەن، گەردەچویچە، باهۆز، گەژگەرینگ، گەردەبل، گەرەپێچ، باپیلیک، گێژەڵە، سایلکون، گەردەگووچان، باگڕۆکە، گێجەلووکە، گەردەچویچان، شایی جندۆکان، وێولە جنانێ، گەردەلوور، وەیووڵە، باگەڕ، شەیەتویتۆن، گەرتەتووچان، گەردەتووچان. ف گردباد

گەراز: هەڵووچە، هەڵووژە، گەراس، عەلووکە. ف آلوچه.

گەراس: ☜ گەراز

گەرتەتووچان: ☜ گەردەتووچان

گەرجە: بێچارە، بەدبەخت، چارەڕەش. *(بە ئی کارە ئاخری گەرجەمان کەی.)* ف بدبخت

گەرچەکە کێویلە: گیایەکی خۆڕسکە دانەکەی لە گەرچەک چکۆلەترە. ف نام گیاهی است.

گەرد و وەرد: زەوییەک کە لەدوای شێو بڕینی خێرا وەردی کەنەوە. ف زمینی که بعد از شخم زدن فوری برای دومین بار شخم بزنند

گەردن زەرد: ئافرەتی گەردن و ژێرچەناگە جوان. *(گەردن زەرد و گەردن زەرد گەردنی زەردت هەڵێنە/ وەک ماری دێمەکاران شەو هەتا ڕۆژ بخوێنە. «گۆرانی».)* ف گردن بلند و زیبا

گەڕدە: نۆرە، نۆبە، کەشە، کەڕەت. ف نوبت

گەردەتووچان: گێژەڵووکە، باگەڕ، باهۆز، سایکلۆن. ف گردباد

گەردەچویچە: گێژەڵووکە، گەردەلوول، شەیەتویتۆن. ف گردباد

گەردەگووچان: گەردەلوول، گێژەڵووکە، باهۆز، گەردەبل. ف گردباد

گەرماژەک: گەرماژۆ، گەرمابردە. ف آفتاب‌زدە

گەرمژ: (+) گەرمێن، گەرمەسێر، گەرمیان. ف گرمسیر

گەرمک: گوندێکی ناوچەی فەیزوڵڵابەگی بۆکان بوو کەوتە بەر سەدی کۆرشی کەبیر.[ف] روستایی در منطقەی فیض‌الەبیگی زیر سد کورش کبیر رفت

گەرمەپەرێز: جارە گەنمێک کە تازە درووێنە کرابێ ئەگەر نەیکێڵن و بە جارِی بمێنێتەوە بۆ ساڵی دوایی دەبێتە ساردەپەرێز.[ف] گندمزاری که تازه درو شده‌است

گەرمەژێ: هەژان و هاسکەهاسکی ماڵات بەهۆی گەرمای زۆرەوە. *(مەرەکان هەموو تووشی گەرمەژێ بوون.)* [ف] به نفس‌نفس افتادن گوسفند در گرمای زیاد

گەرمەشانی: گوڵەپێغەمبەرە، گەنمەشامی.[ف] ذرت

گەرمەشانییە کێویلە: گیایەکە لە گەرمەشانی دەچێ و لە کێو و بەندەنان دەڕوێ.[ف] گیاهی شبیه ذرت

گەرمەکەش: چاندنی بێستان و زەرحات لە کاتی گەرمای بەهاردا. *(بە گەرمەکەش بێستان زوو شین دەبێ.)* [ف] کاشتن جالیز در گرمای بهار

گەرمەلان: لانەی تازە چێکراو. لانەیەک کە تازە گەروێشکەکەی لێ هەستابێ.[ف] لانه‌ای که تازه خرکوش از آن بیرون جسته باشد.

گەڕۆکەستێرە: ئەو ئەستێرانەی بەدەوری خۆردا دەخولێنەوە.[ف] سیاره

گەرووەخرە: گەروو هاتن، چڵک کردنی بایەمەی گەروو.[ف] چرک کردن لوزه

گەروی: گەروو، ئەوک، قوڕوو.[ف] گلو

گەڕیان: (+)) دایمە لەسەر ڕۆیشتن، لەگەڕ، بۆ شتی ئاوەکی دەگوترێ.) ناوی هەوایەکی گۆرانیی کوردییە.) جۆرێک هەڵپەڕکێی نەرمی کوردییە.[ف] جریان

گەژوو: ئیشتیا، مگێز، مەگیرانی، بێزوو، مژدی.[ف] ویار

گەسکەچۆڵەکە: گیایەکە بۆ گەسک کەڵکی لێوەردەگرن.[ف] گیاهی است برای جارو.

گەسکەتووک: گیایەکە بۆ گەسک کەڵکی لێوەردەگرن.[ف] گیاهی برای جارو

گەسکە خانمانە: گیایەکە بۆ گەسک کەڵکی لێوەردەگرن.[ف] نام گیاهی برای جارو

گەسکە شووڵە: گەسکێکە لە شووڵی باریکی گزیچار دروست دەکرێ.[ف] جاروی از ترکەی باریک درخت گز می‌سازند

گەسکەمەخمەرە: گیایەکە بۆ گەسک دەبێ و لە بەراوان دەڕوێ.[ف] نام گیاهی است

گەشتووڵ: گەڕۆک، گەڕاڵ، گەشتۆک، گەڕیدە.[ف] سیاح

گەڵ و قەمچاخ: لە پشتێنە بەرەو خواری مرۆڤ بە تایبەت بۆ پیاو، گەڵوفڵت.[ف] قد و قواره از کمر به پایین

گەلابە: تلێری، ترێلی، ماشێنی باری.[ف] تریلی

گەلاز: (+) بەرازی پیر، پیرە بەراز.[ف] گراز پیر

گەلاگەلا: نانی ناسک و جوان و برژاو. *(دانیشتووی نێو کۆشک و قەلا/ دەخۆن نانی گەلاگەلا؟ «هێمن».)* [ف] نان برشته و نازک

گەلاوێژ کەوتن: گەلاوێژ ئەنگووتن، نیوە بوونی

وەرزی هاوین.ف بە نیمە رسیدن فصل تابستان

گەلمیری: حوکوومەتی خەڵک بەسەر خەڵکدا.ف مردم سالاری

گەڵوان: بەرێکی دار مازووە.ف یکی از ثمرهای درخت مازوج

گەلۆر: (+) بەرەڵڵا، لات و بێکارە.ف یله و لاقید

گەڵوفڵت: ☜ گەڵ و قەمچاخ

گەلەخوێ: دەستەی دروێنەوان، گەلە دروێنە. *(خێوی خەرمان خرپی بێ نان دەنوێ/ گەلەخوێ پیوی نەبێ داس بسوێ «هەژار».)* ف دستەی دروگر

گەلەخەندە: کۆڕێک کە بەبێ هیچ بۆنەیەک بۆ گاڵتە و جەفەنگ کۆ دەبنەوە.ف مجلس تفریح و سرگرمی

گەمحێل: گەمشۆ، گەلحۆ، گەوج، هەقمەق، حەپۆل.ف ابله

گەمرخە: کەڕوو، برش، کەڕەکیفە. *(نانەکە گەمرخە داگە.)* ف کفک

گەموورە: (+) تۆفانە، پێشکە، مێشوولە.ف پشه

گەنجمە: جمین و خزینی زەوی، داخزانی زەوی *(بەهۆی گەنجمەی زەوی لایەکی کێوەکە داڕووخاوە.)* ف رانش زمین

گەندەژە: (+) بێحەیا، بێئابڕوو، ماربرژێن، شرۆدڕ.ف بی‌حیا

گەنگەنەچی: دەرمانفرۆش، کەسێک کە دەرمانی گەنە دەفرۆشێ.ف درمان‌فروش

گەنمە ئومێدە: جۆرێک گەنمی دەنک درشتە.ف نوعی گندم

گەنمە پشیلە: تۆوی شەکرۆکە، تۆوی کەرتەشی.ف تخم گیاهی خاردار

گەنمە سمەوەج: گەنمێکە لەجێگای کوێستان و زەنویر دەچێندرێ و بە زەحمەت لە کەلوو دێتە دەرێ.ف نوعی گندم

گەنمە سەرداری: جۆرێ گەنمە نانەکەی زۆر خوارشتی خۆشە.ف نوعی گندم

گەنمە شووشە: جۆرێک گەنمە نانەکەی زۆر سپی و جوانە.ف نوعی گندم

گەنمە کابە: گوڵە پێغەمبەرە، گەنمە شامی.ف ذرت

گەنمە گوڵڕووت: جۆرێک گەنمە گوڵەکەی قەڵچغی نییە.ف نوعی گندم

گەنمە مەلا: جۆرێک گەنمە زۆر بڵیند دەبێ.ف نوعی گندم

گەننەموو: ☜گەنەتووک

گەنەتووک: گەندەموو، تووکە مردارە، تووکە منداڵە.ف موی زرد جوجە پرندە و موی صورت بچە و زنان

گەنەجمە: ☜ گەنجمە

گەنەسیر: سیرەگەنە، مووسڵی.ف موسیر

گەنەکەوڵە: (+) جانەوەرێکی سووری وردە بەسەر پێستدا برِوا لیرگی پێدەکا.ف ساس

گەنەموو: گەنەتووک، ☜ گەنەتووک

گەوار: باڕەکەو، کەوباڕ، بێچووە کەو.ف جوجە کبک

گەوزە: هەرزە، بڵح و جڵف.ف سبکسر.

گـەوزەیـی: هـەرزەیـی، سـووکوچرووکی و بـێ عاری ف سبکسری.

گەوە: (+) فەرش، قاڵی. ف فرش

گـەوەڕ: (+) دەوروبـەر، دەوروپشت. *(ماوەیـەکـە لەم گەوەڕە دێت و دەچێ.)* ف اطراف

گەوێڕ: گێڕ، شەل، نوقستان. ف لنگ

گەیشتنە سەر: پێگەیشتنەوە، وەدوا کەوتن و گرتنـەوە. *(نـەیهێشت دە شـەقاو هـەڵـێ گـەیشتە سەری.)* ف دنبال کردن و گرفتن

گەینە سەر: ☜ گەیشتنە سەر

گیا بـەرازە: گیایـەکی بـەرزە وەک گـەرمـەشـانی وایە و بەراز حەز بە خواردنی ڕیشەکەی دەکا. ف نام گیاهی است

گیا بەردینە: خەنەتیلکە، خەنەتیقک، کرێژە بـەرد. ف گلسنگ

گیـا بـەرزە: گیایـەکی بڵنده وەک مۆسـک وایـە قالۆری هەیە. ف نام گیاهی است

گیـا بیـرۆ: نـاوی گیایـەکـە گـوڵی زەردە، دەیکوتنـەوە و لـەسـەر بیـرۆی دادەنـێن چـاکی دەکاتـەوە. ف اسـم گیـاهی دارویـی بـرای قـارچ پوستی

گیا پشیلە: گیا کتکە، گیایـەکە گوڵـەکەی بـە با بڵاو دەبێتەوە، گیایەکە پەپوولە پایزە دەر دەکا. ف نام گیاهی است

گیا تروقـە: گیایـەکی کورتـەباڵا و پـنج بـڵاوە و گـوڵێکی سـپی دەر دەکـا و دەبێتـە شـتێکی وەک پۆرگ و قامکی پێدا بنێن دەتەقێ. ف اسم گیـاهی است

گیا خانمانە: گیایـەکە بـۆ دۆکوڵیـو دەبـێ. ف نـام گیاهی برای آش دوغ

گیا خاو: گیایەکی بـۆن خۆشـە. *(پۆلی گـامێش و کـەڵـە کێوییـانم دەدی/ دەهاتنـەوە خـواری لـە دەچێشتاوێ/ سمکۆڵیان دەکـردەوە لـە سوێسنێ، هـەڵاڵـی بـەیبـوونی، هـەرامـەتـی دەگیـا خـاوێ «فۆلکلۆر».)* ف نام گیاهی است

گیـا دەرزی: نـاوی گیایـەکـە گـەڵاکـەی وەک دەرزی تیژ و باریکە. ف نام گیاهی است

گیـا سـەیزادە: قۆقمیش، گیایـەکـە بـۆ دۆکوڵیـو دەبێ. ف نام گیاهی خوراکی برای آش دوغ

گیا قامچی: گیایەکی باڵا بـەرزە لـەنێو زۆنـگ و زەلکاواندا دەڕوێ. ف نام گیاهی است

گیا کڵاوە: ☜ قەمچەقەمچۆکە

گیا گوارە: گیایەکە لاسکی گوڵـەکەی هـەڵۆڵـە و منداڵان لاسقەکەی تێک دەبەزێنن و گوارەی پـێ دروست دەکەن. ف نام گیاهی است

گیا گوڵینگە: گیایەکە گەڵای وەک فریزوو وایـە گوڵی سپی دەر دەکا و لـە نێوقـەدییەوە چـەند گەڵا بە یەکەوە وەک گوڵینگ شۆڕ دەبنەوە. ئەم گیایە ماڵی کراوە و لە گوڵدانیشدا دەچێندرێ. ف نام گیاهی است

گیـا گـەنـان: کـاتی گیـا زەرد بـوون لـە سـێهەم مانگی بەهاردا، جۆزەردان. ف خرداد

گیا موویـنە: گیایەکی گەڵا پـان و تووکنـە مـاڵات نایخوا. ف نام گیاهی است

گیا مەلا: گیایەکی گەڵا پانە وەک گوێبـەرخۆڵـە وایـە بـۆ دۆکوڵیـو دەبـێ. ف نـام گیـاهی خـوراکی

برای آش دوغ

گیا هەوێدار: گیایەکە گەڵای پانە لە نساری کێوان دەڕوێ لەسەر برینی جێ دەمی ماری دەنێن ژارەکەی دەکێشێ.[ف] اسم گیاهی دارویی است

گیاپەڕۆ: ☜ گوێکەرە

گیاسرە: گیایەکە وەک خوژیلک وایە بە گەرمای نیوەڕۆ گەڵاکانی سارد و سڕە دروێنەوان و دەشتەوان لەژێر گۆزە و کیتەڵە ماستی دادەنێن، یان تێیدەپێچن سارد ڕایدەگرێ.) [ف] نام گیاهی است کە در گرمای تابستان برگهایش سرد و خنک است

گیاسندە: گیایەکە لەنێو وێنجەدا بە تۆپەڵ شین دەبێ.[ف] نام گیاهی است

گیاقەلە: گیایەکی گەڵا پانە وەک ترشۆکە وایە بۆ دۆکوڵیو دەبێ.[ف] گیاهی است برای آش دوغ

گیان لە سینگ: ١) بریتی لە خوێری و کەمغیرەت، ترسەنۆک) گیان سەخت.[ف]) کنایە از ترسو.) جان سخت.

گیانبژوێن: هۆی ژیان، بووژێنەرەوە.[ف] زندگیزا

گیانەڵگیان: گیانی گیانی. *(دووس گیانەڵگیان لە برا خاسترە.)* [ف] دوست جانی

گێچووک: گوێچکە، گوێ.[ف] گوش

گیرفانپووڵی: ئەو برە پارەیەی بۆ خەرجی ڕۆژانە دەدرێ بە کەسێک کە لە گیرفانیدا هەڵیگرێ[ف] پول توجیبی

گێزبەل: جۆرێک شنگی گەڵا پان و قۆپەنەیە، گێزبەلە، گێزبەلۆک .[ف] نوعی شنگ کە برگهای پهن دارد

گیزمە: چەکمە، جزمە، کەوشی ملدرێژ بۆ زستان.[ف] چکمە

گێزەرەمشکانە: بادامەعەرزیلە.[ف] بادامزمینی

گێژاڵی: شێواو، ئاڵۆزکاو، کەسێک کە قژن و سەر ئاڵۆزە.[ف] ژولیدە

گێژداخ: بریتی لە مرۆڤی سادە و فریوخۆر. *(چۆن دەتوانی فریوم دا خۆ گێژداخ نەکراوم.)* [ف] کنایە از کسی کە سادە است و زود کلاە سرش میرود

گێژوولکە: گێژۆکە، گێژوویژ.[ف] گیج و منگ

گێژەبا: گێژەڵووکە، باگەڕ، باهۆز، گەردەلوول، گەڕەپێچ، گەژگەڕنیک.[ف] گردباد

گێژی ئەسکەندەر: تەنگژەی زۆر سەخت و ئەستەم، ڕەنگە سێگۆشەی بێرمۆدا بێ. *(کەوتوومە گێژی ئەسکەندەر.)* [ف] در تنگنا افتادن.

گیسکە ناودێ: بریتی لە پیاوی ژنانیلەی کۆڵانگەڕ و تۆلاز.[ف] مرد خالەزنک کە در کوچەها پرسە میزند

گێلم بەرباغ: گیایەکی بەهارییە بۆ دۆکوڵیو دەبێ. *(بۆ سەیری بووک لە هەرلاوە/ گیا و گوڵ سەری دەرهێناوە/ مێکووک، ڕەکێشە، ئەسپەناغ/ ئاڵقەتیز و گێلم بەرباغ «هەژار».)* [ف] نام گیاهی است

گێلەوەژە: دەردەسەری، گێرە و کێشە. *(ئەو مارزە تووشی گێلەوەژەیەکمان دەکا.)* [ف] دردسر

گێلێژە: گێلەوەژە، ئاژاوە، دەردەسەری.[ف]

دردسر و گرفتاری

گیـوا: ڕووەک، ســەوزە و چیمــەن.ف ســبزە و چمن

گێوژە ڕیخە: جۆرێ گێوژی ورد و تام ناخۆش. ف نوعی زالزالک نامرغوب

گێوژە کۆڵە: گێوژێک کە دارێکی کورتە بنە و کوڵەی هەیە.ف نوعی زالزالک

گێوژە مۆرە: ☜ گێوژوە ڕیخە

ل

لا بۆ شل کردن: چاوپۆشی کردن و گوێ پێنەدان بۆئەوەی لە لایەکەوە دەرباز بێ. *(لای بۆ شل کە با هەڵێ.)* ف جا خالی دادن برای کسی کە بتواند فرار کند

لابوو: شەلەگە، شێلەگە، بەربەستی ئاو بە خۆڵ بۆئەوەی بە لایەکی تردا بڕوا و لە زەوی ئاژین بێ. ف سد خاکی برای انحراف آب جوی

لابێر کردن: هەڵاواردنی بەرخ لە مەڕ، جیا کردنەوەی پەز و بێچوو. ف جدا کردن گوسفند و برە از هم

لابێژ: کەسێک کە کاتی مەڕدۆشین یارمەتیی بێری دەدا و لای بۆ دەگرێ کە بەرخەل تێکەڵ نەبن، هەروەها مەڕ و بزنێک کە بۆ دۆشین ڕاناوەستێ ملیان دەگرێ هەتا بێری دەیان دۆشێ. ف کسی کە بە دوشندە حیوان کمک می‌کند

لاپابوون: لاق وەرگەڕان. ف رگ‌بەرگ شدن پا

لاپوور: کەلاکی ڕزیو، لاشەی گەنیو. ف لاشەی گندیدە

لاپێ بوون: لاقوەرگەڕان. ☜ لاپا بوون

لاپێ کردن: لاقوەرگەڕان. ☜ لاپا بوون

لاپێ: (+) لێژایی و هەوراز. *(وریابە ڕێگاکە زۆر لاپێ و ناخۆشە بارەکەت لێ نەکەوێ.)* ف راه سخت و شیب‌دار

لاچیر: مۆنە، خێسە، مۆڕە. ف چپ‌چپ نگاه کردن

لاخوزە: لاقوزە، گڕکەی لاقوپاو کە شوێنە قوپاوەکەی نەرم و تاڵە. ف گرمکی کە یەک طرفش نرم و تلخ است

لاراو: دژاو، زەوینی نابار و لێژ کە ئاوی پێوە گیر نابێ. ف زمینی کە بەخوبی آبیاری نمی‌شود

لارەبا: لابا، خوارەبا، بایەک کە نە شەماڵە و نە زریان. ف باد شرقی یا غربی

لاژگە: لاژگ، لاژ، گەمژە، حەپۆل، گەوج، خول، هێڕ. ف ابلە

لاژوار: کانگەی سروشتی، کان. ف معدن طبیعی

لاسابانکەرە: سەرمازەڵە، خەمەگرۆ، بزنمژە.ف آفتاب پرست

لاسق: لاسک، لاچک، ساقەتە.ف ساقه

لاسەمە: شلێوە، بەفر و باران بارین پێکەوە.ف باران و برفی که با هم می‌بارند

لاڤا: دۆعا و پاڕانەوە، ژارین.ف نیایش

لاق تێکەڵ هاتن: بە گێرەگێڕ بەڕێدا ڕۆیشتن و سەرسم دان.ف سکندری خوردن

لاقرتــێ: زۆربلــێ: چــەقــەســرۆ، چــەنــەوەر، چەنەوێرغە، هەرزەچەنە.ف وراج

لاقوزە: ☜ لاخوزە

لاقوەرگەڕان: لاپابوون، لاپا کردن.ف رگ‌بەرگ شدن پا

لاکۆش: (+) یارمەتی، یاریدە، هاریکاری، *(کەس نایەتە لاکۆشمان.)* ف کمک

لاکێش: (+) لبادی پان و گەورە.ف نمد بزرگ

لالکین: پاڕانەوە، سکاڵا، لاڵانەوە.ف لابه کردن

لالە و مەردەنگی: شەمدانی بەردەمی بووک و زاوا.ف شمعدان

لالەخەو: خەوی زۆر و تا نیوەڕۆ هەڵنەستان. *(من لە بەیانی زووەوە هەستاوم ئەویش خەریکی لالەخەوە.)* ف خواب راحت

لالەنگی: نارنگی، خۆشداکەنە.ف نارنگی

لامالە: بێستانە گرکەی دێم.ف جالیز گرمک در زمین دیم

لامـەزەب: (+) بێدین، لـە دین لاداو، بێبڕوا.ف لامذهب

لامەسەب: ☜ لامەزەب

لانکە شکاو: بریتی لە مرۆی شەل و خوار و خێچ.ف کنایه از آدم فلج

لانکە کردن: ڕاژان، هەژان بە ئارامی، ڕاتلەکان بە نەرمی. *(گەمیەکە بەسەر شەپۆلی نەرمی ئاوەکەوە لانکەی دەکرد.)* ف جنبیدن یواش

لانەولان کردن: ئەمدیوەودیو کردن، تلاندنەوە، گەوزاندن. *(با لانە و لانت کەم/ با شانەوشانت کەم/ شەو لەنێو جێدا/ ڕۆژ لەبەر دێدا. «گۆرانی»).* ف غلطاندن

لانـەوێز: لانەواز، باڵداری هێلانە گوم کردوو، پەڕەوازە، تەوەلا.ف پرنده آشیان گم کرده

لانــی کــوێرە: کۆنــەلان، هێلانــەی کــۆن. ☜ کۆنەلان

لانجێنە: پنە، تەختەیەکە ئەنگوتکە هەویری لەسەر پان دەکەنەوە تەختە تیری.ف تختەای کە نانوا چونەی خمیر را بر روی آن پهن میکند.

لاوژۆکــە: (+) خــڕەکــەی نێــو زەنگوڵــە کــە دەلەرێتەوە و زەنگوڵەکە زرەی دێ.ف مغزی درای کە بە لرزش درمی‌آید و زنگ صدا می‌دهد

لاومەت: هەرزەکار، لاو، گەنج.ف جوان.

لاوەچ: خەلیج، کەنداو.ف خلیج

لپرلپر: گرنیگرنی، زبر.ف زبر

لرفانـدن.(+) دەنگی وشتری لـۆک، *(لۆکە ڕەش دەستی کرد بە لرفاندن.)* ف صدای شتر نر

لرفە: (+) دەنگی وشتر. *(وشترەکە لرفەی دێ.)* ف صدای شتر

لغاوبڕه:) لەغاوەبڕکێ، لغاوەبڕێ، برینداربوونی سووچی دەم؛) ناوی باڵندەیەکە، لغاوگورگە.ف) زخمی شدن گوشەی دهان؛) گلاریول بال سیاه

لغاوگورگە: لغاوبڕه، باڵدارێکی بۆرە بەقەد سێرووییەک دەبێ.ف گلاریول بال‌سیاه

لڤان: لەغاو، لغاو. *(ئەسپەکەی لڤان نەکرد.)* ف لگام

لقونته: چێشت، پێخۆری لەسەر ئاگر کوڵاو.ف غذای پخته

لقونتەچی: چێشتلێنەر، ئاشپەز.ف آشپز

لۆبڕ: پسان و ڕیشاڵ هەڵدانی گوریس و کەندر. *(گوریسەکە لۆبڕ بووە ئەو بارە قورسەی پێ هەڵناکێشرێ.)* ف طنابی که نیمه پاره شده باشد

لۆتاڵە: جۆرێ گیای گەڵا باریکە زۆر تاڵە و ماڵات نایخوا.ف نام گیاهی تلخ

لۆزەنگەر: لۆزەندەر، زەبەلاح، تەژە.ف لندهور

لۆشەکرە: جۆرێ گیای گەڵا باریکە ماڵات باشی دەخوا.ف نام گیاهی است

لۆڤەکردن: هەوڵدان، تێکۆشان، *(ژبۆ ئەوکارە گەلەک لۆڤەکرن.)* ف کوشش کردن

لۆکەمێشە: گیایەکە بستێک بەرز دەبێتەوە دوای وەرینی گوڵەکەی شتێکی وەک لۆکە دەر دەکا. ف نام گیاهی است

لۆلک: بەچکەی ورچ و بەراز، بووەدەڵە، کوودەڵە، بزەڵە.ف بچه‌ی خرس و گراز

لۆم: مەڵغە، نێڵ.ف اهرم

لۆن (+)) زەلکاو، گەناو، زۆنگ.) کەوڵ، پێستە. ف) باتلاق) پوست حیوان

لووپژەن: هەللاج، پەڕەکەر، هەلاج، کەسێک کە بە کوتک و کەوان لۆکە و خوری شی دەکاتەوە.ف حلاج

لووت بادان: بریتی لە ناڕازی بوون. *(لووتی بادا و ڕۆیی.)* ف کنایه از نارازی بودن

لووت بە لووتدا تەقین: ☜ لووت بە لووتەوە تەقین

لووت بە لووتەوە تەقان: ☜ لووت بە لووتەوە تەقین

لووت بە لووتەوە تەقین: لەپڕ تووش بوون. *(لە ناکاو لووتم بە لووتییەوە تەقی.)* ف ناگهان برخورد کردن.

لووت خووساندن: بریتی لە دڵنیا کردن، ڕازی کردن، خاترجەم کردن.ف خاطرجمع کردن

لووت ڕاسان: خوێنی لووت بەر بوون، کەپۆ ڕاسان.ف خون‌دماغ

لووت ڕق بوون: خەجاڵەت بوونەوە، شەرمەزار بوون. *(دوای ڕووداوەکە هەرکە چاوی پێی کەوت لووتی ڕەق بوو.)* ف شرمسار شدن

لووت هەڵقرچاندن: لووت بادان، بریتی لە نیشاندانی تووڕەیی *(لووتێکی هەڵقرچاند و ڕۆیی.)* ف با تنفر نگاه کردن

لووت هەڵمەساندن: پێش‌خواردنەوە و ڕق هەستان. *(دوو سێ ڕۆژە لووتی هەڵمەساندووە.)* ف عصبانی و بغض‌کرده

لووتاوێژ: (+) کەسێک کە لە خواردندا بە قێز و بێزە، دژخۆراک.ف بدخوراک

لووڕ: ژاڵە، کەرکوژ، رووڵک، لووڕک، لویڕ.ف گیاە خر زهرە

لووس: (+) ژاکاو، سیس، پڕووکاو.ف پژمردە

لووش کردن: هەڵلووشین، قووتدان بە ساغی. ف بلعیدن

لووشە گورگانە: جۆرێ گیای گەڵاپانە وەک لووشە دەچێ و لاسقی سەوزە وەک لووشە لاسقەکەی سوور نییە و بۆ خواردنیش نابێ.ف نام گیاهی است

لوێ: فرۆ، قاخنات، کەرکە.ف آغوز

لویڕ: ☜ لووڕ

لۆیی: پەردەی درگای چادر، لۆیەکی درگای خێوەت کە هەڵدەدرێتەوە.ف لایەای از درب خیمە کە باز و بستە می‌شود

لە ئاوی شەو پارێز کردن: بریتی لە پاکی و نەکردنی تاوان و کاری خراپ. *(هێندە مرۆڤێکی پاکە لە ئاوی شەو پارێز دەکا.)* ف کنایە از پرهیز کردن از گناه

لە باو کەوتن:) لە مۆد کەوتن، *(ئەو کراسە ئێتر لە باو کەوتووە.)* ؛) پیر بوون و بێ‌تاقەت بوون. *(جاران باوێکی بەس بوو، بەڵام ئێستا لەوەش کەوتووە.)* ف) از مد افتادە؛) پیر و بی‌حوصلە شدە

لەبلان: جۆرێک هەڵپەڕینە دەست لەسەر شانی یەکتر دادەنێن و هەڵدەپەڕن.ف نام یک رقص کردی.

لە بەینی چاڵان و ماڵان: بریتی لە کەسێک کە هێشتا بۆ لایەک ساغ نەبووبێتەوە، یان کەسێک کە چارەنووسی نادیارە. *(لە بەینی چاڵان و ماڵاندا سەرگەردان ماوەتەوە.)* ف کنایە از بلاتکلیفی

لە تک و تاس چوونەوە: بریتی لە بەزین و مات بوون لە شەڕدا، بۆڕ خواردن.ف کنایە از شکست خوردن در جدال

لە حەرام گەڕان: خەسار بوون، زایە بوون. *(هیچی بەڵەو نییە هەرکاری کا لە حەرامی ئەگەڕێ.)* ف ضایع شدن

لە حەرام گێڕان: خەسار کردن، زایە کردن. *(دەست بۆ هەر شتێ دەبەم لە حەرامی دەگێڕم.)* ف ضایع کردن

لە حەوسالان ڕاست بوونەوە: بریتی لە زۆر چاک خەو لێ‌کەوتن. *(ابێژی خەوی لێ کەوتبێ؟ ئەرێ لە حەوسالان ڕاست بۆتەوە.)* ف خواب هفت پادشاە را دیدن

لە دەم تفین:) تف لە دەم کردن، بریتی لە فێر کردن و هاندانی کەسێک بۆ قسە یان بۆ کارێک؛) دوو کەس کە یەک قسە دەکەن. *(دەڵێی لە دەمی یەک تفیون.)* ف) تحریک کردن کسی برای کاری یا حرفی؛) دو نفر کە یک حرف می‌زنند

لە ڕوو چوون: تەریق بوونەوە، بە شەرمدا کەوتن و دەست لە قسە هەڵگرتن. *(هێندە ڕوو هەڵماڵدراوە بە هیچ شێوەیەک لەڕوو ناچێ.)* ف از رو رفتن

لە زەرافات کەوتن: کز و لاواز و بێ‌هێز بوون، ئۆقرە و تاقەت لێ‌بڕان. *(هێندەی خەم خواردووە

بەجاریێ لە زەرافات کەوتووە.) ف زار و نزار و بیقرار شدن

لە سەر گەڕان: لە دەور گەڕان، بەقوربان بوون. *(دەک لە سەرت گەڕێم.)* ف قربان و صدقه *(دورت بگردم)*

لە شەقەی باڵدان: لەپڕ هەڵفڕین، شەقژنی باڵی هات و هەڵفڕی. *(کەوەکە لە شەقەی باڵی دا و هەڵفڕی.)* ف ناگهان پر کشیدن

لە قنگ دەرهێنان: بریتی لە فریو دان و لێساندنی شتێک. *(تۆ دەتگوت زیرەکم، ئاخری ماڵەکەیان لە قنگ دەرهێنای.)* ف کنایه از فریب دادن و گرفتن چیزی از کسی

لە کار کردن:) مەحتەل کردنی خەڵکی لە کار. *(تۆ خودا برۆ لەوە زیاتر لە کارمان مەکە.)* ؛) بەکارهێنانی شت و کەلوپەل. *(دوو پێخوێ قورمان لە کار کرد ئەمرۆ.)* ف) معطل کردن؛) مصرف کردن

لە کار کەفتن: ☜ لە کار کەوتن

لە کار کەوتن:) لە کار کەفتن، توانای کار نەمان، *(هێندە ماندوو بووین لە کار کەوتین.)* ؛) خراپ بوونی کەرەسە و مەکینەی ماشێن. *(مەکینەکە لە کار کەوت.)* ف) بیرمق شدن انسان؛) از کار افتادن وسیله

لە کڵ دەرهاتن:) بە ساغی هاتنە دەری دیزە و گوزە لە کڵ. *(باش بوو گۆزەکانمان لە کڵ دەرهاتن.)* ؛) بریتی لە پوختەبوون و خارانی مرۆڤ، چێشتنی تاڵ و شیرینی ژیان. *(تازە خەمت نەبێ کوڕەکەت لە کڵ دەرهاتووە.)* ف) سالم بیرون آمدن کوزه و ظرف سفالی از کوره؛) پختەشدن مرد

لە کەری شەیتان دانەبەزین: بریتی لە پێچەقاندن و سوور بوون لەسەر قسەی خۆ. *(برا عەیبە ئیتر لە کەری شەیتان دابەزە بۆ مەبەستت دڵی کەس نییە.)* ف از خر شیطان پیاده شدن

لە گۆشتا سوور بوون: بریتی لە زۆر قەڵەو بوون. ف کنایه از چاق شدن

لە لووتی فیل بەربوونەوە: بریتی لە پۆز و هەوای زۆر *(هێندە بەپۆزە دەڵێی لە لووتی فیل بەربۆتەوە)* ف کنایه از تکبر زیاد

لە هەڵڵادان:) لەقاودان؛) هەرا و گورەگوڕ سازکردن. *(پڕ بەو دۆڵە لە هەڵڵای دا و هاواری کردنێ.)* ف) افشاکردن راز؛) بانگ برآوردن

لەبرە چوون: لە کەڵک کەوتن، چەپرەک بوون. *(کەرەسەی کارەکەت بەجاریێ لەبرە چوون.)* ف قرازه شدن وسیلەی کار

لەبلووک: جۆلانە، دیلانێ، هەلۆرک، هێزۆک، دنگلاف. ف تاب

لەبن هێنان:) خاشەبڕ کردن، لە ڕەگ و ڕیشەوە دەرهێنان. *(دەستی دا لقی دارەکە و لەبن هێنای.)* ؛) ڕووخاندنی حکوومەت و لەناو بردنی. *(خەڵک ڕاپەڕین و حوکوومەتی شایان لەبن هێنا.)* ف) از بیخ و بن برکشیدن؛) سرنگون کردن حکومت

لەبنەوەبڕ: کەسێک کە خۆی وەک دۆست نیشان دەدا و بە نهێنی زەبر دەوەشێنێ.

فەقیرۆکەی ڕق لە زگ. *(ئەوە لە بنەوەبڕێکە وەک مار پێوە دەدا، بەو فەقیرییەی تێ مەکەوە.)* ف ظاهر دوست و باطن دشمن

لەبنی کوولەکە دان: دەرخستنی کاکڵی مەبەست و ئاشکرا کردنی کارێک. *(هەتا بۆیان لەبنی کوولەکەکە نەدەی تێناگەن.)* ف فاش کردن

لەبەر مردن: بە قوربان بوون. *(جوانە ڕەوت و ڕۆیینت گیانە لەبەر سایەت مرم/ لادە بتبینم لەبەر ئەو بەژن و باڵایەت مرم «حەقیقی».)* ف قربان‌صدقه شدن

لەبەرچوون:) بڕینی ڕێگا *(هۆ کاکی ڕێبوار ڕێم لەبەر ناچێ)*) ئەنجام دانی کار *(کارەکەمان لەبەر ناچێ)* ف) پیمودن راه) پیش‌برد کار

لەبەریەک چوون: لێک بڵاوبوون، تەقین و پرژ و بڵاو بوونەوە، *(دۆڵابەکەمان لەدەست کەوتە خوارێ و لەبەریەک چوو.)* ف از هم پاشیدن

لەپێ دەرچوون: گوڕرە کردنی هەڵاتن و بە ڕێدا ڕۆیشتن، مله کردن لە ڕۆیشتندا. *(واهەڵدێ کەس لەپێی دەرناچێ.)* ف به پایش رسیدن

لەتەر: (+) تەشی، نەتەرە. ف دوک

لەتەوچێن: سواڵکەر، خوازەڵۆک، کەماسا، دەرۆزەکەر. ف گدا

لەخۆ فشین: خۆ هەڵتراندن، لەخۆبایی بوون، بافیش لە خۆ کردن. ف غرور و به خود بالیدن

لەخۆ نووسان: دەخۆ نووسان، قەوت لەخۆ دان، *(هەرچەندی لەخۆ نووسا قەوەی پێی نەشکا.)* ف کلنجار رفتن

لەخوم: هەوسار، لغان، ڕەشمە. ف افسار، لگام، زمام

لەخووس گرتن: شتی وشک لە ئاو کردن، لە ئاو نانی شتێک بۆئەوەی بخووسێ. *(خورییە کەمێلاوییەکانم لەخووس گرتووە.)* ف خیساندن

لەخووس نان: ☜ لەخووس گرتن

لەدین دەرچوون: بریتی لە تووڕە بوونی زۆر، ڕقهەستان، *(کە چاوی بەو دیمەنە کەوت لە دین دەرچوو.)* ف دهری شدن

لەرزانەکێش: دۆشاو، شیلەی میوە. ف مارمالاد

لەڕکەڵە: ڕیوەڵە، کز، داڵگۆشت مرۆڤی لەڕی وردیلە. ف لاغر

لەژێر چەکوشی شەیتان دەرپەڕیو: بریتی لە منداڵی زۆر هار و هاج و بزۆز، *(دەڵێی لەژێر چەکوشی شەیتان دەرپەڕیوە.)* ف کنایە از بچەی بسیار شلوغ

لەژێڵا هاتن: لە خوارەوە هاتن بەرەو سەرێ. *(کە لەژێڵا هات زانیم شتێکی بە دەمەوەیە.)* ف از پایین به‌طرف بالا آمدن

لەسەر تەوەر و بستە لابردن: بریتی لە وەرگێڕان و لابردنی کەسێک لە سەر خوو و خدەی خۆی *(لەوەتا لەگەڵ ئەو کورە دەگەڕێ لە سەر تەوەر و بستەی لابردووە)* ف کنایە از از راه به در کردن کسی

لەسەر ڕۆیشتن: (+) لەسەر سەفەر، ڕەوتەنی. ف سفری

لەعلی قەوز: پارچەیەکی قەدیمی بوو ژنان دەیانکردە کولۆنجە. ف نام پارچه‌ای قدیمی

لەقاوادن: لە هەڵدان، بڵاو کردنەوەی ڕاز و

نهێنی. *(ناوێری زمانت بگەڕێ خێرا لێت لە قاو دەدا.)* ف افشاکردن راز

لەقە لە با دان: لەقە لە ئاسمان دان، بریتی لە زۆر تووڕە بوون. *(وای ڕق هەستابوو لەقەی لە ـ با ـ دەدا.)* ف کنایه از عصبانی شدن

لەقە لە ئاسمان دان: بریتی لە ڕق هەستانی زۆر، چنگ لە ئاسمان گیر کردن، *(ڕقی هەستێ لەقە لە ئاسمان دەدا.)* ف کنایه از بسیار عصبانی شدن

لەقەرەدان: لەتەرەدان، بن گڵ خستنی بەری بێستان بە بڕکەکەیەوە بۆئەوەی کەس لێی نەکاتەوە. ف پوشاندن خربزه و هندوانه در جالیز برای اینکه دیده نشود

لەقەفە: ڕکە، توولە، قەفەز. قەڵفەز. ف قفس

لەگوێی گادا خەوتن: بریتی لە بێخەبەریی زۆر، *(خەبەری هیچیان نییە هەر دەڵێی لەگوێی گادا خەوتوون.)* ف کنایه از بی‌آگاهی زیاد

لەگەڵ تری بزن بەشەڕ هاتن: بریتی لە زۆر تووڕە و جینگزی و بە پەڵپ و بیانوو. *(جا ئەوە لەگەڵ تری بزن بەشەڕ دێ بۆ ئەوە دەبێ قسەی لەگەڵ بکەی؟)* ف کنایه از آدم عصبانی و بهانه‌گیر

لەگەڵ تری خۆ بەشەڕ هاتن: بریتی لە کەسێک کە هەمیشە تووڕەیە و کەس ناوێرێ قسەی لەگەڵ بکا. *(هێندە کەم جیکەڵدانە لەگەڵ تری خۆی بەشەڕ دێ.)* ف کنایه از آدم بهانه‌جو و بی‌حوصله

لەمپڕ:) زگپڕ، ئاوس؛) گەنمی کاتی قەفوگوڵ کە هێشتا گوڵەکەی دەر نەهاتووە. ف) آبستن؛) شاخه گندم که هنوز خوشه درنیاورده

لەمتەز: تەوەزەل، تەمبەڵ، تەپلۆس، کاهێل. ف تنبل

لەمل کەوتن: لەکوڵ کەوتن، *(شوکور لە ملمان کەوت خۆ دیقی پێکردین.)* ف نجات یافتن از دست کسی

لەمە چێتر: لە ئێمە باشتر، پەری، فریشە. جندۆکە. ف از ما بهتران

لەنگێزە: (+) باران بە باوە. ف بارش باران با باد

لەنیا:) پریشکە ئاوی تاڤگە؛) کانییەکە لە نزیک شاری قەڵادزێ. ف) قطره‌ی آبشار؛) چشمه‌ای در نزدیکی شهر قەلادزه

لەون لێگۆڕان: خەرەفان، شێت بوون و حاڵ تێکچوون. *(چۆن کاری وا دەکەم خۆ خودا لەونی لێنەگۆڕیوم.)* ف عقل از دست دادن

لەون لێگۆڕاو: خەرەفاو، سەفی بوو. *(لێیگەڕێ ئەوە تازە لەونی لێگۆڕاوە.)* ف عقل از دست داده

لەونج: مێرگ، چێنک، شوێنی سەوز و چیمەن لە جێگای زۆنگ. ف چمن

لەوەنتە: عەتر، گوڵاو. ف گلاب، عطر

لێبان: لیمان، ئاوێکی زەرد و لینچقە بە لەشی بێچووی تازە زاوەوە. ف مایع لزجی که روی بدن بچه تازه متولد شده است

لێڕاکێشان: پاتاڵێک کە لە کاتی زاندا لێنابێتەوە و دەست دەکەن بە زێییدا و بەچکەکەی دەردێنن. *(مانگەکە لێنابێتەوە دەبێ

لێـی ڕاکێـشن.) ف بـا دسـت بیـرون آوردن بچـه حیوان هنگام زایش

لیـــروو: لیــک، ئـــاوی دەم. ف آب دهـــان کـــه ناخودآگاه بیرون میریزد

لیرووی: لیکن، کەسێک کە هەمیشە لیک بە دەمیدا دێتە خوارێ. ف کسی که همیشه آب دهانش میریزد

لێژاو: ئاوێ کە لە لێژی دێتە خوارێ، تاڤگە. ف آبشار

لیژە: لەسەریەک هەڵچندراوی ڕێک و پێک. بۆ خشت و تەپاڵە بەکار دێ. *(خشتەکان وشک بوونەوە لە لیژەیان دە.)* ف فنر

لیڤار: کەنار، قەراغ، لێوار. ف کنار رودخانه

لیڤەت: بەرتیل، سمێڵچەورانە. ف رشوه

لێک ڕەبادان: نقورچک لە یەک گرتن، *(وا وەرە جوانێ بەرەو من سەردەمێ/ لێک ڕەبا دەین خەم بەبا دەین دەم دەمێ. «ڕاوچی».)* ف نیشگون گرفتن از هم

لێکاڵانەوە: لێهاتن، پێکەوتن. *(ئەو بەرگە تازانەی زۆر لێدەکاڵێتەوە، کار جوانی هەر لەخۆی دەکاڵایەوە.)* ف لیاقت

لێکدان: (+) زەرب کردن. ف ضرب کردن

لێڵ بوون: ڕەنگ تێکچوون لەبەر تووڕەیی، قەڵس بوون. *(هێندە کوڕی چاکە سەد قسەی پێ بڵێی لێڵ نابێ.)* شلوێ بوون. ف عصبانی شدن

لیمەران: لیمەڵان، شوێنێک کە ڕمڵ و لیم دایگرتبێ. قەراغ چۆم کە لمی لێیە. ف ماسەزار

لیمەڵان: ☜ لیمەران

لێنیشکە: خلیسکێن، خشخشۆکێ. قوونەخلیسکێ. ف سرسرەبازی

لێوپەڕین: لەرینەوەی بێئیختیاری لێو. *(ماوەیەکە لێوم دەپەڕێ بڵێی کێ ماچ بکەم.)* ف لرزش ناخودآگاه لب

لیوی: فرۆ، خۆراکێکە وەک ماست لە ژەک دروست دەکرێ. ف آغوز

م

مابەقی: پاشماوە. *(مابەقیی پارەکەم بۆ بردەوە.)* ف باقیمانده

ماتکە: لقی ناسکی دار، وەچ، سەرتوول. ف شاخەی نازک درخت

ماتماتیک: بیرکاری، ریازی و حیساب. ف ریاضی

ماتۆڵکە: مەلۆتکە. ف قنداق کردن بچه

ماچۆ: لقێکە لە بنزاراوەی گۆران. ف شاخەای از لهجەی گوران

مار برژێن: بریتی لە ژنی بێحەیا، ژنی دەمشڕ و جنێوفرۆش. ف زن مکار و حیلەباز و بددهن

مار پێگیران: بریتی لە قسەبڕکردن لەلای کەسێک و رازی کردنی. *(ماری ئەو بێڕەزایە بە کێ دەگیرێ؟)* ف کنایه از رفتن حرف پیش کسی

مارجێوە: مەیدانی خشتپێژان. ف میدان خشتزنی

مارگە: جۆرێ کاموای باریکە بۆ گوڵدۆزی دەبێ. ف نوعی کاموای باریک برای گلدوزی

مارمردگ: بریتی لە مرۆڤی فەقیرۆکەی لەبنەوەبڕ. ف کنایه از آدم به ظاهر مظلوم و در باطن بی‌رحم

مارمژ:) بریتی لە مرۆی کز و داڵگۆشت؛) بریتی لە ژنی بێحەیا و دەمشڕ، *(ئەو مارمژە دەمی هەڵماڵی دەمانخوا.)* ف) کنایه از آدم لاغر؛) کنایه از زن بی‌شرم

مارمژیو: بریتی لە مرۆڤی کز و لاواز، مارمژ. ف کنایه از آدم ضعیف و لاغر

مارۆ: (+) ناوی پارچەیەکی قەدیمی بوو ژنان دەیانکردە کراس. ف نام پارچەای قدیمی زنانه

مارودوو: (+) ڕۆیشتن بەشێوەی پێچەڵاوپووچ. *(مارودوو بە شاخەکەدا هەڵگەڕان.)* ف رفتن به تریقه زیگزاگ

ماروکە: مارۆ، پارچەیەکی قەدیمی ژنانەبوو. ف نام پارچەای قدیمی زنانه

مارەزیلە: مارەزیو، هەزارپێ، زیڵوو.[ف] هەزارپا

مارەقان: هەلاڵە، گەردەی گوڵ.[ف] گرد گل

ماری زەنگی: ڕەشمار، ماری ڕەش.[ف] مار سیاه

ماری کتکی: جۆرێ ماری بڤە و ژەهراوییە.[ف] نام یک مار سمی خطرناک

ماریجە: مالیجە، چارەسەر کردنی نەخۆشی، دەرمان کردنی برین و نەخۆشی. *(دەردێکی گرتووە بە هیچ حەکێمی ماریجەی نایە.)* [ف] معالجە

ماریلە: (+) ئاوی کەمی چۆم و شیو و کانی *(ئاوی کانییەکە وا کەم بۆتەوە بەحاڵ ماریلە دەکا.)* [ف] آب اندک رود و چشمە

مارێواس: جۆرێ ڕێواسە وەک ڕێواسی بنبەردی لاسقەکەی پان و سپی و ئاودارە. پێنج جۆر ڕێواس هەیە، باسکلاو، نێرتکە ڕێواس، ڕێواسی بنبەرد، لەقلەقە، مارێواس.[ف] نوعی ریواس

ماز: (+) سەری کێو، لووتکە، دوند، گاز، ترۆپک.[ف] قلە، ستیغ کوه

ماز:) بەرانی چوار ساڵە؛) زنجیرەکێو.[ف]) قوچ چهار سالە؛) رشتەکوه

مازوو: (+) پشکیل، ئەوشتە خرەی گۆرەیبازیی پێدەکەن.[ف] تیلەای کە با آن جوراب‌بازی می‌کنند

مازووت: شاپلێتە، مەشغەڵ.[ف] مشعل

مازەرا: ماجەرا، بەسەرهات، ڕووداو.[ف] ماجرا.

ماژە: دەموچاو، ئەدگار، سیما، ڕوخسار، دیم.[ف] چهرە

ماست و دۆشاو: جۆرێک مووروویی دوو ڕەنگە بۆ تەزبێح وەک ماست و دۆشاوی تێکەڵ کراو وایە.[ف] نوعی مهرە برای تسبیح

ماستاوی کولکن: بریتی لە ماستاوی خەست و خۆڵ.[ف] کنایە از ماست و آب غلیظ

ماسڵە: گریس، چەورییەکە بۆ ئاسنەواڵەی ماشێن و دەرگا و ... کەڵکی لێ وەردەگرن.[ف] گریس

ماسمێژ: سیس، ماسمێش، جۆرە مێشێکە لە مێشەنگوین دەچێ.[ف] نوعی مگس شبیە زنبورعسل

ماسمێش: ☜ ماسمێژ

ماسوولکەژێ: گۆشتە ڕەگ، ڕەگی گەورەی لەش. [ف] رگ گوشتی

ماسییە خەشە: خەشە ماسی، ماسییە خاتوون، جۆرێک ماسیی پنۆک پنۆکە. [ف] نوعی ماهی

ماسییە ڕەشە: ڕەشە ماسی، جۆرێک ماسیی ڕەشە بە قولاپ ناگیرێ و دەچێتە بن گۆمانەوە.[ف] نوعی ماهی سیاه رنگ

ماشک: (+) چێشتەقولێ، چێشتی منداڵان لە کایەدا.[ف] توشەی کودکان

ماشیو: شیوی چکۆڵە، جۆگەی گەورە.[ف] جوی بزرگ

ماق: (+) واق، سەرسووڕمان.[ف] متحیر

ماق بردنەوە: واق وڕمان، سەرسووڕمان، سەرسام بوون.[ف] متحیر شدن

ماق مان: واق وڕمان، واق بردنەوە.[ف] متحیر ماندن

ماکەرتاش: تاشینی مووی سەر و ڕیش بە تەواوی. تیف تیفەدان. *(ڕیشەکەت وا ماکەرتاش کردووە کێچ بوکسەوادی لێ‌دەکا.)* ف تراشیدن ریش به خوبی

ماگە: (+) ڕفێدە، دۆشەکچەیەکە نانی پێ بە تەندوورەوە دەدەن. ف بالشتک نانوایی

ماڵ: گاسنێک کە ڕاست دەکرێتەوە و زۆر ناچەقێ. *(گاسنەکەی وا ماڵ کردووە بەحاڵ عەرزەکە دەڕووشێنێ.)* ف میزان کردن گاوآهن برای اینکه زیاد در زمین فرو نرود

مالار: خێزانی ماڵ. *(مالارمان لە خەنگ بڕیاگە.)* یانی خێزانمان لە ماڵدا نەماوە. ف افراد خانواده

ماڵبەند: (+) تەختایی زین، *(لەسەر ماڵبەندی زینەکە قیت دانیشتبوو)* ف تخت زین

ماڵخاڵوو: خاڵخاڵۆکە، جۆرێ قالونچەی چکۆلە و سوور و خرە خاڵی ڕەشی پێوەیە. ف کفشدوزک

ماڵنوستنان: کاتی خەوتنی خەڵکی دێ و کووژانەوەی چراکانیان. *(کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت، کە هەر دوو پێم دەچەسپێنم لەسەر زنارێکی ئەوێ/ نە ڕەشەبا دەمبزوێنێ، نە کرێوە و تۆفی شەوێ/ ماڵنوستنان هەر دوو باڵم دەکەمەوە؛ لە چوارلاوە زام بانگ دەکەم، بێ بسرەوێ. «عەبدوڵلا پەشێو».)* ف *هنگام خوابیدن مردم درشب.*

ماڵەزا: خوشکەزا، خوارزا، منالی خوشک. ف خواهرزاده

ماڵەکینە: چوارگۆشە، چوارخانە. ف مربع

ماڵی کردن: حەیوانی کێوی گرتن و لە ماڵدا پەروەردە کردن، کەوی کردنی جانەوەری وەحشی، ڕام کردن. ف رام کردن حیوان وحشی

مالیجە: ☜ ماریجە

مام جێژنۆکە: گیایەکی گوڵ سپییە لەنێو نۆک و شێوەرددا شین دەبێ. ف نام گیاهی است

مام شەبەقە: دوورینی دوو تەختە بەرماڵ و جاجم بە یەکەوە. ف دوختن دو تخته سجاده یا جاجم به هم

مامراوی: مراویی مێوە، مێوە مراوی. ف مرغابی ماده

مامەچە: مامان، قابیلە. ف قابله، ماما

مانگادۆش:) سەتڵ، پەقرەج؛) کەسێک کە مانگا دەدۆشێ. ف) سطل؛) کسی کە گاو مادە می‌دوشد

ماهی: شقڕەی فیل و بەراز. ف عاج

مایە: (+) وشتری مێ، مێوە وشتر. ف شتر مادە

متاوێزە: ویتامین، ڤیتامین. ف ویتامین

متوملوو: ملومۆ، گەڕان و بۆن کردنی سەگ بۆ پەیدا کردن. ف گشتن و بو کردن سگ برای پیدا کردن چیزی

متەرێز: مەتەرێز، سەنگەر، خەڵ، مەتەرێس. ف سنگر

متەق: بێ‌دەنگ. *(هەرچی قسەم لەگەڵ کرد متەقی نەکرد.)* ف ساکت

مچرگات: چەتوون، سەخت. ف دشوار

محەندەک: محەننەک، ئەسپی ڕەسەن. *(خەڵکی بە تالانی دەچێتەوە مەڕە، ماڵە، محەندەکە/ من بە*

تالانم دەچێتەوە دوو چاوی دەبەڵەکە«حەیران».) ف اسب اصیل

مخت: عەقڵ، ئاوەز، شعوور. ف عقل

مختدار: ئەقڵدار، بە ئاوەز، خاوەن شعوور. ف عاقل

مخول: مەغەل، پەرچە، مۆڵگەی مەڕ لە سەحرا. ف محل استراحت احشام در صحرا

مدریک: زیرەک، وریا، وشیار. ف زرنگ

مدورماس: بەچکە ئاسکی چالاک و ئازا، کارمامزی توند و تیژ. ف بچه آهوی تیزپا

مراوییە ڕەشە: جۆرێ مراویی کێوییە سەرپشتی ڕەشە و بنسکی سپییە. ف اردک چشم طلایی

مراوییە سپیلکە: جۆرێ مراویی کێوییە، بۆرە و خاڵخاڵی سپیی پێوەیە. ف اردک مرمری

مرتە: ورتە، سرتە، قسە کردن لە بنەوە. *(لە بنەوە هەر مرتەی دێ.)* ف پچ‌پچ

مرخ: (+) توانایی ئەنجام دانی کارێک یان هونەرێک، ئیستعداد، لێهاتوویی. ف استعداد

مردەرێ: میرات، شتی لەپاش مردوو بەجێماو. ف میراث

مرق: (+) جەغەتاو، چەورایی سەر گۆشتاو. ف چربی روی آبگوشت

مرقاندن: دەنگی بەران کاتی جووت بوون لەگەڵ مەڕ. (*بەرانەکە دەمرقێنێ)* ف صدای قوچ هنگام جفتگیری

مرقەمرق: دەنگی پەیتا پەیتای بەران کاتی جووتبوون لەگەڵ مەڕ.*(بەرانەکە بەمرقەمرق ڕۆیی بۆنێو مەڕەکان.)* ف صدای قوچ هنگام جفتگیری

مرۆژیانە: میروولە کردنی لەش. *(ئازای ئەننامم مرۆژیانەی دەکرد)* ف مورمور کردن پوست بدن

مروو: (+) مۆریانە، مۆریە، مۆرکە، خۆرکەی لیباس و پارچە و ... ف موریانه

مڕوو: ئیشتیا، مگێز، تاسە. *(مڕووم بۆ هیچ خۆراکێک ناچێ.)* ف اشتها

مرووسین: هەڵمژین، هەڵلووشین. ف بلعیدن

مڕووشکان: تاسەشکان. *(با مڕووی بشکێ دەم و لێو و گەرووم/ شاعیرێکی هەردی کوردی بێ‌دەرووم. «ڕاوچی».)* ف *سیر شدن و اشتها نداشتن.*

مڕووشکێن: ئیشتیا لابەر، نەوس کوێرکەرەوە، تاسەشکێن. *(بابۆڵەیەکی چەور و مڕووشکێنی پێدام.)* ف اشتهازدا

مڕووهێن: ئیشتیا بزوێن، شتێک کە ئیشتیا دەکاتەوە. ف اشتهاآور

مرۆیانی: پیاوەتی، چاکەکاری، کاری چاک و مرۆڤ دۆستانە. ف مردانگی

مرەکەڕە: بەدبەدە، کەڕەواڵە، هەوێردە. ف بلدرچین

مریکار: ئارەزوومەند، تاسەبار، تاسەمەند، تامەزرۆ. ف آرزومند

مزاییک: خشتی تەنک و چوارگۆشەی دروست کراو بە چیمەنتۆ و خیز کە ڕووکارەکەی بە دەزگا لووس دەکەن. ف مزاییک

مزگانا: مزگانی، مزگێنی، شیرینی هەواڵی خۆش. ف مژدگانی

مزووک: (+) نەزۆک، ئەستێور، قسر. ف سترون

مزیانی: مزگێنی. مزگانی. ف مژده

مزیج: ئیشتیا، مگێز، بێزوو، مژدی، مەگیرانی. ف ویار

مژدی: مەگیرانی، بێزوو، مگێز. ف ویار

مژمۆر: چاو چکۆلە و پرووش، پرووشەچاو، خووتەکە. ف چشم کوچولو

مژیلانک: برژۆڵ، بژانگ، برژانگ، مژۆڵ. ف مژه

مسۆدە: بەڵا، ئاپۆر، مسیبەت. ف بلا و مصیبت

مسۆگەر: جێ کەوتن، جێ گیر بوون، دامەزران. ف جا افتاده

مسەبا: سەبر، مۆڵەت، *(مسەبایەکم لێبگرە جارێ کارم زۆرە.)* ف صبر

مشاراو: ئاودانی ڕەز لە خاکەلێوە و بانەمەڕدا. ف آب دادن تاکستان در فروردین و اردیبهشت

مشکیدان: تەپۆلکی زبڵ و زاڵ و خۆڵەمێش لێڕشتن، زباڵەدان. ف محل ریختن زبل و خاکستر

مشوار: خۆڕاگر، بەرگەگر، پایەدار. ف مقاوم

مفاڵ: سەرلێشێواو، سەرگەردان، چەواشە. ف سردرگم

مفوو: چڵمن، بڵقن. ف خلمو

مقەلک: ئاغڵەویک، تاوەی چکۆڵە. ف یغلبی

مکوڵ: کەمین، بۆسە، ڕەبەت. ف کمین

مکوڵ گرتن: بۆسە نانەوە، کەمین دانان. ف کمین کردن

مکووم: قایم، لە شکان نەهاتوو. ف مقاوم

مگۆرت: یاخی، سەرەڕۆ. ف یاخی

مل خووس کردن: مل دانەواندنی بەراز و کەڵ و گا بۆ شەڕ، زیاتر بۆ بەراز دەگوترێ کە ملی دادەنوێنێ و هێرش دەبا. ف آمادە شدن گراز برای حمله

مل لەبەر مل نان: ئاوقا بوون و بەشەڕ هاتن، ئانگژا بوون، بەگژدا چوون. ف گلاویز شدن

ملاژگ: ☜ ملاژی

ملاژی: مەلاشوو، ملاشک، مەلاژگ، میچی زار. ف سقف دهان

ملاسکەملاسک: ملۆمۆ، بۆ سەگ دەگوترێ. *(سەگەکە بۆنی گۆشتی کردبوو بۆیە ملاسکە ملاسک وەدوامان کەوتبوو.)* ف گشتن و بو کردن سگ

ملاکۆکە: کەوچکی چکۆڵە. ف قاشق کوچک.

ملبادان: سەربادان، سەرپێچی کردن، جواب نەدانە. *(هەر کارێکی پێدەسپێری مل بادەدا.)* ف سرپیچی کردن

ملبەند: ملوەن، ملوانکە، گەردانە، ملوینک. ف گردنبند

ملخێش ملخێش: مرخێش مرخێش، هەناسە سواربوون بەهۆی ڕاکێشانی شتێکی قورسەوە. *(ملخێش ملخێش لەولاوە هێنای.)* ف کشان کشان

ملدەس: بازنە، خرخاڵ، بازنگ، دەستەوانە. ف النگو

ملدەسی:) کەلەبچە، کەلەمچە، دەستەبەندی دیل؛) بازنەی ژنان. ف) دستبند اسیر؛) النگو

ملزەم: مەرزم، پێمل، ڕازی. *(بە هیچ کەس ملزم نابێ.)* [ف] راضی

ملق: گوڕم، سەر بزواندنی بەرخ کاتێک دایکی دەمژێ.[ف] سر تکان دادن بره هنگام مکیدن پستان گوسفند

ملکە: مل، گەردن، ئەستۆ.[ف] گردن

ملۆزم: (+) مێمڵ، مزاحیم، زاول.[ف] مزاحم

ملۆش: خەریک، سەرگەرم، *(بەکارەوە خۆی ملۆش کردبوو.)* [ف] مشغول

ملووم: شلەتین، شیلەوگەرک، ئاوی نەسارد و نەگەرم.[ف] آب ولرم

ملەما لێ بڕین: کون بڕ کردن، ملەما لێ چنین. [ف] بریدن منفذ

ملەما لێ چنین: ☜ ملەما لێ بڕین

ملهوڕ: (+) جۆرێ باڵندەی ڕاوکەرە لەشی باریکە و سەر و ملی ئەستوورە.[ف] اسکوتر سفید بال

ملێس: هێدی، لەسەرەخۆ، ئارام.[ف] آرام

منجڕ: بریتی لە کەسێک کە پێوەت دەنووسێ و لەکوڵ نابێتەوە؛) لەوجڕ، زۆروەڕ، چەنەباز، چەنەوەر.) بریتی لە پشیلەی زیانی خورۆ[ف]) سمج؛) وراج) گربەای کە بە خوراکی خانە دستبرد میزند.

منداره مانگ: مانگی نەخۆش کەوتنی پەز و مندارەوە بوونیان.[ف] ماهی کە گوسفندان مریض میشوند و میمیرند

موانەت: فرسەت، مۆڵەت، مەودا، *(هێندەی خەڵک ئازار دا بۆیە خودا موانەتی نەدا و کوژرا.)* [ف] مهلت

مۆخچنین: مۆخکێشان، ئازاردان و تووشی چەرمەسەرێ کردن. *(بەکرە شۆڤارە ئەوەی مۆخی چنیم/ زیی مەم و زینان وڵاتی لێتەنیم. «هێمن».)* [ف] کنایە از اذیت و ئازار زیاد

مۆخەچنین: ☜ مۆخچنین

مۆدۆلی: جۆرێک چەکی قەدیمی بوو.[ف] نوعی تفنگ قدیمی

مورووژیان: مێلوورە کردن، پەڕە مریشکە بوونی لەش لەبەر سەرما و ترس.[ف] مورمور کردن پوست بدن

مۆریانە: مۆرانە، مۆریە، خۆرکە، مۆرکە، خۆرە، مروو.[ف] موریانە

مۆری زەواد نەکردن: دەم بۆ نان و ئاو نەبردن، هیچ نەخواردن، *(باوەڕکە مۆری زەوادم نەکردووە.)* [ف] لب بە غذا نزدن

مۆریە: ☜ مۆریانە.

مۆزرگان: مۆزەلان، مۆڵ، مۆڵگەی گاڕان لە سەحرا.[ف] محل استراحت احشام در صحرا

مۆزگرە: جۆرێ پووشبەقنگەی بۆر و کلک قوڵە و تیژە کاتێک پەیدا دەبێ دەست دەکا بە مۆز گرتن و سەریان هەڵدەکەنێ[ف] نوعی سنجاقک کە ضد حشرەی کونکاون است

مۆڤر: هێمن، هێدی، لەسەرەخۆ، ئارام.[ف] آرام

موقوربـاز: جادووباز، مەکرباز.*(پیرێژنێکی موقوربازە کەس دەرەقەتی نایە.)* [ف] مکار، جادوگر

مۆکڵ: ئاڵ، جنۆکەی ژنی زەیستانکوژ، هاڵە.[ف]

جن زائوکش

مۆڵگه: (+) شوێنی حەسانەوە و نیشتەجێ بوونی قوشوون. ف پایگاه نظامی

مۆڵین: مۆڵ خواردن، خەوتن و حەوانەوەی گاران لە جێ مۆڵ. *(گارانەکە نیوسەعاتە مۆڵیون.)* ف خوابیدن احشام در جای مخصوص خود در صحرا

مۆنج داگرتن: تۆران، زیز بوون، زویر بوون، مووش کردن ف رنجیدن

موندا:) موندی، پشتێن، پشتوێند؛) شاڵ، پارچەی شاڵی. ف) شال کمر؛) پارچەی مخصوص شال

موو بە بەیندا نەچوون: بریتی لە زۆر دۆست، هاوەڵی گیانی گیانی. *(هێندە نێوانیان خۆشە موو بە بەینیاندا ناچێ.)* ف دوست جانی

موو لە ماست دەرکێشان: ماست و موو بژاردن، بریتی لە وردبینی و بە ئەزموونیی زۆر. *(هێندە وردبینە موو لە ماست دەردەکێشێ.)* ف کنایه از شخص موشکاف و باتجربه

موو لێنەدان: لە یەک چوون بەبێ جیاوازی. *(هیوا هێندە لە ئارام دەچێ، موو لێنادەن.)* ف کنایه از شباهت زیاد

مووروووە چۆلەکە: بەری گیایەکە باریک و لوولەیی ژنان خشڵی پێ دەگرنەوە و وەک ملوانکە لە ملی دەکەن. ف ثمر گیاهی است برای گردنبند استفاده میشود

مووروووە دەنگیلە: مووروویەکی خەیاڵییە لە هەقایەتی "سووری عەیاردار" قسە دەکا. ف نام مهرەای افسانەای که حرف میزند

مووروووە قاچاخی: جۆرێک مووروووی سێگۆشەیە ملوانکەی پێ دەهۆننەوە. ف نوعی مهرەی زینتی

مووروووە شیلان: جۆرێک مووروووە سوورەیە وەک دەنکە شیلان دەچێ ملوانکەی پێ دەهۆننەوە. ف نوعی مهرەی زینتی

مووره: (+) سێسوو، بربەند. ف سوهان

مووش کردن: مان کردن، پیشخواردنەوە. ف خودخوری کردن

مووشەسی: شەمشەمەکوێرە، چەکچەکی، پارچک، چەکچەکیلە. ف خفاش

مووشەک: چەکی گەورەی وڵات کاولکەر. *(رۆژێ کەرێکیان بار کرد لە تفەنگ/ چووە نێو کەران بۆ گاڵتە و جەفەنگ/ پێکەنی وتی من بێخەبەرم/ مووشەکیشم بێ هێشتا هەر کەرم «خالید راعی».)* ف موشک

مووقەڵێش: وردبین، سەرنجی زۆر ورد. ف موشکاف

مووک: فرمێسکی بە درۆ. *(هاتووە مووکم بۆ هەڵدەرێژێ پێیوایە باوەڕی پێدەکەم.)* ف اشک دروغین

مووله: (+) یەستری چکۆڵە و چەمووش. ف قاطر جثه کوچک و چموش

موومی: مەیموون. ف میمون

مووینه: گیا مووینە، گیایەکی ورد و تووکتە، پتر لەنێو وینجە و مێرگان شین دەبێ. ف نام گیاهی است

مەتەلگ: پارەیەکی زۆر ناچیز، پوولێکی کەم.ف مقدار پول کم و بی ارزش.

مەحموود ئاغایی: جۆرێ ترێی دەنک گەورەیە. ف نوعی انگور درشت

مەخس کردن: مووش کردن، پیش‌خواردنەوە، ڕق هەستان لەبەرخۆوە، مان کردن. *(چەندجار چووم لەدووی مەخسی کردووە و لەگەڵم نایە.)* ف رنجیده و در خود فرورفته

مەخشی: مەشی، مێش، مەشە.ف مگس

مەخلّگە: ئاغەڵ، هۆڵ، تەویلەی مەڕ.ف آغل

مەدەلایی: ڕیایی، مەرایی، تەشیڕێسی.ف تزویر

مەربووکی: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش.ف نام طایفه‌ای در ایل مامش

مەرحەمۆک: جۆرێ خشڵی ژنانەیە.ف نوعی زیورآلات زنانه

مەرخ: (+) مێرگ، چیمەن و سەوزەڵانی، چێنک. ف مرغزار

مەڕدۆش:) پەقرەج، سەتڵ؛) بێری، بێریڤان، کەسێک کە مەڕ دەدۆشێ.ف) سطل؛) کسی که گوسفند می‌دوشد

مەرزەم: ملزەم. *(بە هەزار کێشە مەرزەممان کرد بمێنێتەوە.)* ف راضی

مەرگە مەلە: لە ئاو کەوتن و چوونە ژێر ئاو و هاتنەوە سەر ئاو و لەهێز کەوتن، وەپەلەقاژێ کەوتن لەنێو ئاودا.ف دست و پا زدن در آب و نزدیک به خفه شدن

مەرگەسەری: چەرمەسەری، دەردەسەری، کوێرەوەری.ف دردسر زیاد

مەرن:) مەرخ، مێرگ، چێنک؛) زەلکاو، زۆنگ، باتڵاخ، زەلاو.ف) مرغزار؛) باتلاق

مەرەبەکری: ناوی تیرەیەکە لە هۆزی مامەش. ف نام طایفه‌ای در ایل مامش

مەڕەبێرە: دانەبێرە، هێنانەوەی مەڕ کاتی نیوەڕۆ بۆ دۆشین.ف آوردن گله هنگام ظهر برای دوشیدن

مەڕەخێڤە: نۆبەرە، نخری، هەوەڵبەر.ف نوبر

مەزاد: هەڕاج، هەرزان فرۆش کردنی کاڵا. *(مەزاد مەزاد، هەرچیم هەیە هەمووی مەزاد/ بە پارچەیە پەڕۆی سادە/ هەڵبکرێت و بشنێتەوە/ لەسەر بستێک زەویی ئازاد «عەبدوڵڵا پەشێو».)* ف حراج

مەزارگە: گۆڕستان، قەبران.ف گورستان

مەژگورە: مۆغەرە، بڕبڕە، بڕبڕاگە.ف ستون‌فقرات

مەستاو: پاراو، تێراو، *(زەوییەکە مەستاو بووە.)* ف سیراب

مەستی: (+) جۆرێک پێڵاوی پیاوان.ف نوعی کفش مردانه.

مەسرەت: مەسڵەت، ئاشتبوونەوەی دژمنی خوێنی و نامووسی.ف آشتی

مەسوولە: ئامرازێکی مەکینەی خەیاتییە دەزووی بنەوەی لەسەر هەڵدەکرێتەوە و دەچێتە نێو مەکووکەوە.ف ماسوره

مەسیە: مەسێ، ئەستوێلک، ئەستێولک.ف میله‌ای که روی آتش می‌نهند

مەشتاخ: هەڵخستنی تووتن لەبەر خۆرەتاو.ف

پهن کردن توتون زیر آفتاب.

مەعبەین: مابەین، نێوان، مەودا. ف میان

مەکار: بەیار، زەویی نەکێڵدراو. ف زمین بایر

مەکاڵ: بەیار، زەویی نەکڵێدراو، زەوییەک کە نایکێڵن بۆئەوەی بحەسێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو. ف زمینی کە یک سال کشت نمی‌شود تا استراحت کند برای سال بعد، بایر.

مەکۆر: جێگەی خۆ لێ مەڵاسدان، بۆسە، ڕەبەت. ف کمین

مەکووک: (+) ئامرازێکی مەکینەی خەیاتییە مەسووڵە لەنێویدا دەگەڕێ، قابلەمە. ف ماکوک

مەگرپێچەنی: مقەس، دوارد، دوێردک، مقەست. ف قیچی

مەلاژگ: بەزەیی، رەحم. ف ترحم

مەڵحەکە: ڕشقن، کەسێک کە دەبێتە گاڵتەجاڕی دەستی خەڵک. ف مضحکە

مەڵلایەتی: ئەو کەسەی لەسەرو هەموانەوەیە. ف اولویت

مەڵۆشێوێن:) گیایەکە لەنێو گەنمدا ناهێڵێ سواڵە و مەڵۆ پێکەوە بنووسێ؛) بریتی لە کارتێکدەر، گێرەشێوێن. ف) نام گیاهی است؛) کنایە از فضول و دوبەهم بەزن

مەلەزکەتان: ناوی جۆرە کراسێکی ژنانەیە. ف نام نوعی پیراهن زنانە

مەلەسە: گوێنەبیس، ناحاڵی، خیشەسەر. ف خیرەسر

مەڵەغانگێر: کەسێک کە بە مەڵەغان گیا و وێنجە و ... دەدوورێ. ف دروگر با داس بزرگ

مەلەگە: جێی مەلە کردن، حەوزی مەلە کردن. ف استخر شنا

مەلیلە: جۆرێک زەنگیانەی درێژۆکەیە ژنان ئۆییەی پێ دەگرنەوە بۆ قەراغی دەسماڵ. ف نوعی منجوق

مەماڵ: شیردار، ئەو گیاندارانەی مەمکیان هەیە و شیر دەدەن بە بێچووەکانیان. ف پستانداران

مەمکە کیژە: گوڵێکی سپی بێگەڵایە و کورتەباڵا پایزان دەڕوێ. ف نسترن پاییزی

مەنتۆ: ناوی پارچەیەکی قەدیمی ژنانە بوو بۆ کراس. *(نایلۆنە گیان نایلۆنە، نایلۆن نییە و مەنتۆیە/ خەڵک مەستی شەڕابە، ئەو دڵەی من مەستی تۆیە «گۆرانی».)* ف پارچەای قدیمی برای پیراهن زنانە

مەنجەڵەکسێ: یارییەکی منداڵەنەیە چەند کەس دەستی یەکتر دەگرن و جەغزێک دروست دەکەن و هەڵدەسووڕێن. ف نام یک بازی کودکانە

مەند: (+) کاریتە، ڕاژە، خەسارە. ف تیرگ چوبی بزرگ

مەنقەڕ: بنکە، جێی سەرباز. ف مقر

مەنگۆز: (+) سپڵە، پێنەزان، بێئەمەگ. ف بی چشم و رو

مەنگۆڵە: گوڵێکە وەک شلێرە وایە گوڵەکانی شۆڕ دەبنەوە. ف نام گلی است

مەهتووک: خوێڕی و بێکارە، سووک و چرووک، بێبایەخ، بێقەدر. *(زۆر بە چاوێکی مەهتووکانەوە سەیریان کردین.)* ف بی‌ارزش،

هەرزە و لاقید.

مەهل: قاتی و قڕی، گرانی.ف قحطی

مەهێ: مەڕ، پەز.ف گوسفند

مەیتەبا: هەڵەپەزە، پەسپەسەکێویلە.ف رتیل

مەیدانکێش: ئاسنێکی دەمپانە وەک درمەغ دەسکی هەیە گڵ و خۆڵی مەیدانی خشتپێژانی پێ پاک دەکەنەوە.ف وسیلەای در کار خشتزنی

مەیل سارد بوونەوە: بریتی لە روحم سارد بوونەوە و بێوەفایی. *(بەینێکە مەیلەکەت سارد بۆتەوە.)* ف کنایه از بیوفایی و بیمهری

مەیل: (+) ماین، یەکسمی مێ.ف مادیان

مەیلنان: لەبیر بردنەوە، ئارەزوو کردن. *(تازە مەیلی ناوە و دڵنیا بووە.)* ف از یاد بردن

مەیلە: لۆرک و پەنیری تێکەڵ کراو.ف لور و پنیر آمیخته باهم

میجێز:) میجاز، قەول، بەڵێن، پەیمان؛) بەهانە، ورک، بیانوو، *(دەک نەمێنم چەند پایزێکی لەمن بەمیجێزە.«فولکلۆر».)* ف بهانه

مێخسکە: گوڵمێخ، سنگەبزمار.ف میخ طویله.

مێرازایی: مەردازایی، پیاوەتی، مرۆیانی.ف مردانگی

میرتفاق: میرئاخوڕ، کەسێک کە بەسەر کا و وێنجەی خان و میراندا ڕادەگا.ف مسئول علف در خانەی خان و فئودالها

مێردمنداڵ: ☜ مێرمنداڵ

مێرگەپان: (+) دەشتی پان و بەرین و پڕ لە گژوگیا.ف دشت وسیع و سرسبز

مێرمناڵ: ☜ مێرمنداڵ

مێرمنداڵ: گەنج، تازەلاو.ف نوجوان

مێرووژانە: ژانی کەم و جارجار و بە ئاستەم، چڵ دانی لەش.ف درد خفیف

میروولە عەجەمانە: جۆرێک میروولەی گەورەیە لە جیاتی دانەوێڵە جڕ و جانەوەری مردوو دەخوا.ف نوعی مورچەی بزرگ که بەجای دانه حشرات مرده را میخورد.

میزوو: کیرەوڵ، چەرمی شۆڕی ژێر سکی جوانەگا کە کیری لێوە دێتە دەرێ.ف جایی که آلت تناسلی گاو نر از آن بیرون میآید

میزەگایلە: خەتی خوار و خێچ و قیلە و قانج، پێچەڵاوپووچ.ف زیگزاگ

مێشگرە: مۆزگرە، جۆرێ پووشبەقوونەی بۆر و کلک قوڵەیە دوژمنی مۆز و مێشانە.ف حشرەای مانند سنجاقک مگس شکار میکند

مێشە خانمانە: جۆرێک مێشی سەوزە لە مێشیتر گەورەترە.ف نوعی مگس سبز رنگ

مێلکدان: کلدان، کلتوور، سورمەدان.ف سرمەدان

مێلۆ: لانکە، بێشکە.ف گهواره

مێمڵ:) (+) ملۆزم، مزاحیم؛) سپڵ، گورگ نەخۆرە.ف) مزاحم؛) طحال

مینگەیی: بەو پیتانە دەگوترێ کە لە کەپۆدا دەگوترێن. م، ن، گ وەک ژەنگ، ڕەنگ.ف حرفهایی که در بینی تلفظ میشوند

مێوخۆرکە: ئالینکێکە لە دار مێو دەهاڵێ وەک ماڵۆنچە وایە و مێوەکە وشک دەکا.ف آفت

گیاهی تاک

مێـوره: سـاقەتـەی دارە مێـو. لاسـقی ڕەز.[ف] ساقەی تاک

مێوژۆرد: گیایەکە گەڵای وردە و گوڵی شین دەر دەکا.[ف] نام گیاهی است

مێوەت: خزمەت، ڕاژە.[ف] خدمت

مـێوەجـاخی: ژن و مێردێک کـە هـەر کچیـان دەبێ.[ف] زن و شوهری کە تنها دختر دارند

مێهـرەجـان: کـۆڕ و کـۆ بوونـەوەی ئـەدەبـی، فستیواڵ.[ف] جشنوارە

میەسڵ: جندۆکە، ئەوانگەل، لەمەچێتر.[ف] جن، از ما بهتران.

ن

ناتۆر: (+) کێشکچی، قەرەوڵ.ف نگهبان
ناحاڵی: لا، پندرحاڵی، بەدگووز.ف ناحالی
ناخاڵە: نەزان، بێئەقڵ، ناهیر.ف نادان
نادایە: باوەژن، زڕدایک.ف نامادری، زنبابا
ناراڤ: تورت و پتەو، ناوپڕ و قایم.ف محکم و توپر
نارک: ڕوومەت، گۆنا، کوڵمە.ف گونە، صورت
نازۆ: خاوەن شانازی، قەدرگیراو *(بەو ڕێز و حورمەتە زۆرە نازۆتان کردووم)* ف مفتخر
ناسرگە: فەڕغوون، فارگوون.ف فرغون
ناسووس:) ترومپای با لە تەگەر کردن؛) ناسووسی چراتۆڕ و پرێمز.ف) تلمبەای کە برای پنچرگیری چرخ استفادە میشود؛) تلمبەی چراغ زنبوری و ...
ناقرە: قورقوراچکە، قوڕوو، تینتینۆکە، قورگ، ف حلقوم.
نان بە ساجەوە سووتان: بریتی لە پەک کەوتن و ناهومێد بوون. *(بۆ ئاوا سەرت لە خۆت شێواندووە خۆ نانت بە ساجەوە نەسووتاوە.)* ف کنایە از ناامید شدن
نان بە سێڵەوە سووتان: ☜ نان بە ساجەوە سووتان.
نانانە: ئەو بەراتەی کە لەباتی نانی ژەمەکان دەدرێ بە رەنجبەر و ئیتر لە ماڵی خۆی نان دەخوا.ف مبلغی کە بەجای نان سە وعدە بە رنجبر دادە میشود
نانجە: دەلاقە، دەربیجەی چکۆڵە. *(ژوورەکە نانجەیەکی چکۆلەی تێکرابوو.)* ف دریچەی کوچک
نانۆخگیر: نینۆخگیر، نووخانبڕ.ف ناخنگیر
نانودۆبڕ: کەسێک کە شووم و پێ ڕەشە و هەمیشە ناشکوری دەکا.ف کنایە از آدم نحس
نانی پووە: نانی جۆ و بەڕوو، تێکەڵکراوی ئاردی جۆ و بەڕوو کە دەکرێ بە نان.ف نان بلوط و جو
نانی سەگ پێدان: بریتی لە زۆر بە نارەحەتی و کەم و کووڕییەوە بەخێو کردن.ف کنایە از دادن خوراکی بە کسی آنهم با ناراحتی و سختی
ناوجیکار: نێوبژیکەر، کەسێک کە ناوبژیی دوو

کەس دەکا. ف میانجی‌گر

ناوجیگەری: نێوبژی کردن. ف میانجی‌گری

ناوچاو تاڵ: ڕووتاڵ، گرژ و مۆن، تووڕە، خوێن‌تاڵ. ف ترشروی

ناوچاوان تاڵ:) ڕووگرژ، ڕووتاڵ؛) بەدبەخت، بەدیەغباڵ. *(ناوچاوانم هێندە تاڵە بچمە سەر سیروان وشک دەبێ.)* ف) اخمو؛) بدبخت

ناوڕاسگ: ناوەڕاست، نێوان. ف وسط

ناوکار: (+) وشەی زیادی لە شێعردا بۆ پڕ کردنەوەی کێش. *(دەردی دووری زۆر گرانە دڵبەرا هیجران بەسە/ دڵ وەکوو پەروانە سووتا، (چاوەکەم) سووتان بەسە «حەقیقی».)* ف کلمەای اضافی در شعر برای پر کردن وزن

ناوماڵ:) تەختایی سێ‌گۆشەی دەسماڵی ژنان؛) تەختایی زین، ناوماڵی زین. ف) وسط دستمال زنانه؛) تخت زین

ناووگ: نێوان، بەین، مابەین. مەعبەین. ف میان

ناوونووچگ: ناونیتکە، ناوونرکە، قسەی سووک وەدووی کەسێک خستن. ف تهمت

ناوە: (+) خەتی نێوان دوو زەوی. *(ناوە لە زەوییەکە بدەن و هەرکام بەشی خۆتان دیاری بکەن.)* ف مرز زمین کشاورزی

ناوەدان: دیاری کردنی مەرزی زەوی، سنوورکێشانی نێوان دوو پەڵە زەوی. ف کشیدن مرز میان دو قطعه زمین

ناوەزیلە: ناوەزۆڵ، نێوەزۆڵ، ناڤزێڵ، ناوەڕاستی شووتی. ف مغز هندوانه

ناوەقە: ناوچە، مەڵبەند. ف منطقه

ناوەکێشان: مەرز دانان، دیاری کردنی سنوور ☜ ناوەدان

ناوی گەورە و شاری وێران: بریتی لە کەسێک یان ناوەندێک کە نێوبانگی گەورەی هەیە و بەڵام لە نزیکەوە وا نییە. ف کنایه از کسی یا ادارەای کە شهرت زیاد دارد اما در حقیقت اینطور نیست

ناهیر: نەفام، گەوج، بێ‌ئاوەز. ف ابله

نپنگ: نەوی، نزم، میچەکە نپنگە. ف کم ارتفاع، سقف کوتاه

نژیار کردن: ئاهەنگ‌گێڕان و شادی کردن بە بۆنەی دەست پێکردن یان تەواو بوونی کارێکەوە. ف سور و شادی بەعلت تمام کردن یا شروع کردن کاری

نسرین: گریان و هەنیسک، کوڵی گریان. ف گریه و سکسکه

نفڵین: گلۆر بوون، کەوتن بە عەرزدا. ف افتادن.

نککێنە: جۆرێ باڵداری لاق درێژە دەندووکی بۆلای سەرێ خوار بۆتەوە و لەگوێ ئاوان دەژێ. ف آوست

نکوول: (+) شارەزا، لێزان، بەڵەد. *(نکوولە لە هەمی کارێکی)* ف ماهر

نگریس: گوجەستەک، نەگبەت. ف شوم

نۆ مانگی: جۆرێ گرکەی شوێن شوێنە پێستێکی ڕەقی هەیە ئەگەر نۆ مانگ داینێن هیچی لێ‌نایە. ف نوعی خربزه.

نوپێچکە: بریتی لە منداڵی تازە پێرەوکە بوو. ف کنایە از بچەای کە تازە پا گرفته

نۆڕسکێن: یارییەکە وەک دامە وایە هەرکام لە یاریکەرەکان یەکی نۆ داشیان پێیە.[ف] اسم یک بازی مانند داما

نۆژەن: چاک کردنەوە.[ف] تعمیر

نۆکۆم: ناکاو، کتووپڕ.[ف] ناگهان

نۆکە چەرمەڵە: نۆکە سپیلکە، نۆکە سپی.[ف] نخود سفید

نۆکە سوورە: ئەو نۆکەی دەکرێتە لەپە. نۆک.[ف] نخود

نۆکە قەزوێن: جۆرێ نۆکی دەنگ گەورەیە.[ف] نوعی نخود

نۆکە کێویلە: ناوی گیایەکی خۆڕسکە لە نۆک دەچێ.[ف] نام گیاهی است

نۆکەرباب: بابنۆکەر، گەورە نۆکەری ئاغا و خانان.[ف] سەرنۆکەر

نۆکەڵ: (+) بەرکەڵ، نگوینکی سێ ساڵە کە کاتی کەڵ گرتنی هاتبێ.[ف] گاو مادە سە سالە کە آمادەی جفتگیری باشد

نۆکیسە: (+) ڕژد، سەقیل، ڕەزیل، قرنیس.[ف] خسیس

نۆلەکە: ناوی گیایەکە.[ف] نام گیاهی است

نومبەچۆ: نێفەک، نافەک.[ف] خشتک شلوار

نومهەد: سەرحەد، کەوشەن، سنوور، تخووب. *(ئەڕای مە نومهەد مەلووم کەیگ.)* [ف] مرز

نووپژی: نیسک، نژی.[ف] عدس

نووچاندن: قووچاندن، نووقاندن، چووقاندن، [ف] برهم آوردن پلک چشم

نووخانبڕ: نانۆخگیر، نینۆخگیر.[ف] ناخن‌گیر

نوورونەشەمە: سەر و نەشەمە، پێوقەدەم، نوورونێوچاوان، . *(نوور و نەشەمەی تۆ چاکە بەردیش ناباری.)* [ف] یمن

نووزاندن: (+) دەنگی سەگ کاتێک خاوەنەکەی دەبینێ و دەچێ بۆلای.[ف] صدای سگ وقتی کە بە صاحبش نزدیک می‌شود

نووزە نووز: دەنگی سەگ لەلای خاوەنەکەی.[ف] صدای سگ پیش صاحبش

نووزەڵ: نووکن، گرینۆک، کەسێک کە زوو دەست دەکا بە گریان، دڵناسک.[ف] کسی کە زود گریە می‌کند، نازک‌دل

نووس: کیر، سیرەت.[ف] آلت تناسلی نر

نووکوسۆ: سەرەوقوڵە، کایەیەکی کچانەیە بە دەرزیلە دەیکەن.[ف] اسم یک بازی

نۆوەی: نۆک، نخە، نۆخۆ.[ف] نخود

نویلک: گووڤەک، سەرانگوێلک، سەلوێنک.[ف] سرگینگاه، شولە

نەبین: شووشەی مات و برگە برگە.[ف] شیشەی مات

نەختاڵ: تۆزەقاڵ، نەختۆک، بڕ، تۆسقاڵ.[ف] اندک

نەخووس: گڵمتکی ڕەق کە لە قوڕدا ناخووسێ. [ف] کلوخ سفت کە در گل خیس نمی‌شود

نەرمەبەدۆ: درووڵە، وەستا مستەفا، گیا دۆکوڵیوێکە درووی پێوەیە.[ف] نوعی گیاه خاردار برای آش دوغ

نەرمەهەلۆ: نەرمەغار، غاری لەسەرەخۆی ئەسپ.[ف] دویدن آرام اسب

نەڕۆک: ڕاوەستاو، چەقبەستوو، بێجووڵە.[ف]

ساکن

نەشونما: گەورە بوون و گەشانەوە، بەخۆدا هاتوو.[ف] رشد یافته

نەغمە: (+) سەر وەشاندنی بەران، لێدانی بەران بە سەر. *(بەرانەکە نەغمەیەکی لێدام خەریکبوو ملم بشکێ.)* [ف] کله زدن قوچ

نەفاچڵ: بڵح، حیز، خونک، ئاکار ناشیرین.[ف] فاحشه

نەڵاتە: نارەتە، نەعرەتە، نەڕڕە.[ف] نعره

نەمام: (+) دووزمان، قسەبەر، شۆڤار.[ف] خبرچین

نەمرچ: مڕومۆچ، ڕوونـاخۆش، تـوورە و بوغزاوی.[ف] اخمو

نەمرنەژی: بـژیمەمر. *(نەمرنەژێ ڕۆژگار دەبەینە سەر.)* ژیان بە سەختی و دەستتەنگی. [ف] بخورنمیر

نەنێ:) نەنک، دایەگەورە، نەنە؛) بانگ کردنی دایەگەورە.[ف]) مادربزرگ؛) صدا زدن مادربزرگ

نەنێر نەمێ: ☜ نەنێر نەمێو

نەنێر نەمێو: نێرەمووک، نێرمۆک، نەنێر نەمێ. [ف] نه نر نه ماده.

نەواون: نەوان، نەبان، مەڕی لە بیچوو بێزراو. [ف] حیوان متنفر از بچه خویش

نەوڕ: نەپسێن، داموسکی قایم.[ف] نخ محکم

نەورایی: تەختان، دەشت، گۆڕایی. *(لە شاخەکە هاتبوونە خوار و گەیشتبوونە نەورایی.)* [ف] دشت

نەورم: نەور، ناوگەڕ، دەشتایی، *(هاتە نەورم و گـوێ ڕێیان/ بـۆ تـەماشای پـووز و پێیان «ڕاوچی».)* [ف] دشت.

نەوس وەبەر پێ کەوتن: دۆعایەکە واتە لەبەر نەوس گیانت دەرچێ. *(نەوست وەبەر پێیت کەوێ ڕۆڵە دەڵێی هیچی نەخواردووە.)* [ف] نفرین به کسی که زیاد اشتها دارد و بهانه می‌گیرد

نەوندە: بارانڕست، گەنم و جۆی بە باران شین بوو.[ف] گندم و جویی که بوسیله‌ی بارش باران می‌روید

نەوو: لباد، لمەد.[ف] نمد

نەوەژن: نگوونک، نینگوون، بەرکەڵ، گوێرەکەی مێوی سێ ساڵە.[ف] گوساله سه ساله

نەوەکام: کاڵ، نەگەیشتوو، میوەی نەوەکام.[ف] میوەی کال

نەهامەت:) نەگبەت، نگریس، گوجەستەک؛) بەڵا، نەهاتی، چۆرتم، ئاپۆر.[ف]) شوم؛) بلا و مصیبت

نەهشین: حۆل، وڕ، گەلحۆ، گەمشۆ، خول، گەوج، گەمژە.[ف] ابله

نەهەنگ: جەفەنگ، گاڵتە و ڕابواردن. *(بەو ڕۆژگارە خەریکی کەیف و نەهەنگن.)* [ف] کیف و حال

نەیرەڤان: ئاگادار. وشیار.[ف] آگاه

نیازگا: زیارەتگا. *(سینگی جێی تەواف هەم نیازگایە «بەیتی عەزیز و کوبرا».)* [ف] معبد، زیارتگاه

نیچک: (+) چەکەرەی گیای تازە ڕسکاو، گیای تازە ڕواو.[ف] گیاه تازه سر از زمین برآورده

نیخن: کەسێک کە هەمیشە هەناسەی سوارە و نیخە نیخی سنگی دێ.[ف] کسی کە خس خس سینە دارد

نیخە نیخ: سیخە سیخ، هەناسەسوار بوون و دەنگ لێ هاتنی سینگ.[ف] صدای خس‌خس سینە

نێر بوون: گوڵ کردنی گەنم و جۆ و گیا و گژ. *(گەنم نێر بووە.)* [ف] بە گل نشستن گندم و جو .

نێرمایی: جنسییەت.[ف] جنسیت

نێرە پێخەسوو: دابێکی قەدیم بوو پیاوێکی خزمی بووک لەگەڵی دەچوو بۆ ماڵی زاوا. *(بووک و پێخەسوو لە ژوورێن، نێرە پێخەسوویەکیشیان لەگەڵە.)* [ف] مردی کە همراه عروس بە خانە داماد می‌رفت

نێرە وەجاخی: کەسێک کە هەر کوڕی دەبێ.[ف] کسی کە تنها پسر دارد

نێرەنوغە: گیایەکە وەکوو پرپرە وایە بە زەویدا پان دەبێتەوە.[ف] نام گیاهی است

نێزەک: ئەستێرەی ڕاخوشیو، پێور.[ف] شهاب

نیڤۆ: پزوو، ئەو شوێنەی پاتۆڵ کە بەنەخوێنی تێ‌هەڵدەکێشن.[ف] نیفە.

نیکال: سووچ: قوژبن، قونیچک، قولینچک.[ف] گوشە

نێکێ: نەنک، دایەگەورە، داپیرە، نەنێ.[ف] مادربزرگ

نێگەتیڤ: مەنفی، سەلبی.[ف] منفی

نێڵ: مەڵغە، برازە، نوێڵ، لۆسە، لەوازە، دەلەم. [ف] اهرم

نیمناز: ناز و عیشوە، ناز کردنی ئافرەت. *(بە ناز و نیمناز دێت و ڕادەبرێ.)* [ف] ناز و عشوە

نینۆخ: نینۆک، نووخان.[ف] ناخن

نینوخ وشک: بریتی لە مرۆڤی سەقیل و ڕژد و مستقووچاو، چرووک، قرنیس.[ف] خسیس

نینۆخ ڕەق: ☜ نینوخ وشک

نینۆکڕەق: ☜ نینوخ وشک

نینۆکوشک: ☜ نینوخ وشک

نینۆکە شەیتان: شەیتانۆکە.[ف] حلزون

نێو پارە: نێو جەرگە، ناو پارە، نێو ئاوایی. *(ماڵەکەیان نێو پارەیە.)* [ف] وسط آبادی

نیوال: دۆڵ، نهال، نوهال، شیو، دەرە.[ف] درە

نێوان تێکچوون: بەین ناخۆشی، قسە نەکردن دەگەڵ یەکتر.[ف] قهر کردن با یکدیگر

نێوان خۆشی: دۆستایەتی، بەین خۆشی.[ف] میانە داشتن

نێوان ناخۆشی: نەیاری، دوژمنایەتی.[ف] دشمنی

نێوبڕەک: تیغەی بە تەختە کراو لەنێو یەغدان و دۆلابدا. *(دولابەکە چوار نێوبڕەکی هەیە.)* طبقەی کمد و صندوق

نێوبژیوان: نێوبژیکەر. لێک کردنەوەی دوو کەس کە بە شەڕ دێن.[ف] میانجیگر

نێوبژیوانی: نێوبژی کردن.[ف] میانجیگری

نێوبوێر: نێوبەنێو، بەین بەین هەڵاواردن، جارناجارێک. *(هیچکەس نێوبوێر مەکە بەشی هەموویان بدە.)* [ف] یک در میان

نێوچاو تاڵ: ☜ ناوچاو تاڵ

نێوچاو تێکنان: نێوچاوان بە یەکدا دان. *(نێوچاوی تێک دەنێ دەڵێی میرخەزەوە.)* [ف] اخم

کردن

نێوچاوان بە یەکدا دان: نێوچاوان تێکنان، ڕووگرژ کردن، ڕووتاڵ کردن.[ف] اخم کردن

نێوچاوان تاڵ: ☜ ناوچاوان تاڵ

نێوچاوان ڕەش: بەدبەخت، چارەڕەش، بەختڕەش.[ف] سیاەبخت

نێودەڵانە: ☜ نێودەڵە

نێودەڵە: دەڵانە، پلەی نێردیوان، پلەی پەیژە.[ف] پلەی نردبان

نێوشکێن: دوورینی دوو کوتە پارچە بە یەکەوە و نووشتاندنەوەی قەراغی کوتە پارچەکان لە دیوی ناوەوە هەرکام بەلایەکدا. *(ئەگەر ڕیزەکەت لێدا بەوتوو نێوشکێنی کە.)* [ف] تا کردن کنار پارچەی دوختە شدە از داخل

نێوقەد: پشتێنە، پشتوێنە، پشتێندە.[ف] کمر

نێوکە ڕەشە: نێوەڕاستی پشتی یەکسم کە کورتان دەکەوێتە سەری و کاتێک بریندار دەبێ درەنگ چاک دەبێتەوە.[ف] وسط پشت الاغ کە پالان روی آن قرار میگیرد و وقتی کە زخمی میشود دیر التیام مییابد

نیوەسەڵتە: لاوێک کە ژنی مارە کردبێ و هێشتا نەیگوێستبێتەوە.[ف] جوانی کە عقد کردە، اما هنور عروسی نکردەاست

نێوەکی: ناوەکی، دەروونی.[ف] هەستەای.

و

واتایی: مانایی، مەعنەوی، *(شەڕابی ئاڵی واتایی بدە دەستم فەلەک بادە/ تەپوتۆزی خەیاڵات و خەفەتباریم وەبەر بادە «حەسەن سەلاح سۆران»).* ف معنوی

وارک: باڕۆکە، جووچکە مریشکی دوو ساڵە. ف جوجه مرغ دو ساله

واڕگ: پرمەی گریان، قوڵپەی گریان، هاوار. *(لەبەر ژان جەسەی واڕگ لێ هەڵسا.)* ف هق‌هق گریه، داد زدن

وارید: بەڵەد، شارەزا، بەڵەو. ف بلد

واریقات: بەسەرهات و قسەوباس، مەسەلە و ڕووداو. *(واریقاتەکەم لە سیر تا پیواز بۆ گێڕایەوە.)* ف سرگذشت و رویداد

وارینش: پرشنگدار، درەوشاوە، بەبریقە. ف درخشان

وازەنی: هەتوان، مەڵحەم. ف مرهم

واژین: نووسراوە، ئینشا. ف انشاء، نثر

واق: (+) باڵدارێکە بەقەد کەو دەبێ ڕەنگی بۆرە. ف بوتیمار

واق بردنەوە: واق وڕمان، حەپەسان، سەرسام بوون*(لێی سواری کەر بووبەکەشیدەوە/کەڵەبابی دیی واقی بردەوە.«ڕەشاد شەمسەدینی.»)* ف متحیر شدن

واقواقکەرە: تاقتاقکەرە، تووتەک. ف بوتیمار

واڵە: (+) لەقین و خوار سووڕانی تەگەری ماشێن و ... لە کاتی ڕۆیشتندا. *(تەگەری ئەو ماشێنە واڵە دەکا دەرنەپەڕێ باشە.)* ف چرخیدن *نامیزان تایر اتومبیل و...*

وامێلانە: گێژەڵووکە، گەردەبل، سایکلۆن، گەرەپێچ. ف گردباد

واوڵە: ماسین، پەنەمین، *(چاوی واوڵە گرتگە.)* ف آماسیدن

واهوفە: بارینی بەفر بە باوە، باڕووشک، بادەوە. ف بارش برف با وزش باد

وایلۆک: گۆرانیی خەماوی، ئیلێگی، شینگێڕی بە دەنگی بەرز بۆ مردوو. ف مرثیه

وربە: کەپەنک، قاپووت.ف بالاپووش نمدی

ورچەکە بوون: بریتی لە داکشان و گەورە بوونەوەی سێبەری ڕەوەز و بەرد. *(سێبەری گا بەردەکە ورچەکە بووە.)* ف بزرگ شدن سایە سنگ و سخرە در بعدازظهر

وردەپێ: بریتی لە ماڵاتی چکۆڵە وەک مەڕ و بزن.ف کنایە از گوسفند و بز

وردەکوت: گێرە کردن بە وردی، *(خەرمانەکەمان وردەکوت کرد.)* ف کوبیدن خرمن

ورژن: ئەژنۆ، چۆک.ف زانو

ورسگ: برسی، نێز.ف گرسنە

وڕکن: بیانووگر، پەڵپگر، بە بیانوو.ف بهانەگیر

ورکەبەرد: بەردیورد، خڕەبەرد.ف سنگریزە

ورکەخۆر: بەردەماو خۆر، پاشەرۆک خۆر.ف کنایە از نوکر مطیع

ورکەنان: نانی ورد، ورتکەنان، ڕیزەوڵ، ڕێزەنان.ف نان خرد

ورگە پۆست: نەخۆشییەکی ماڵاتە بن سکی هەڵدەماسێ، قۆر.ف فتق

ورمزە: گۆزروان، گازوانکە.ف گل گاوزبان

ورووژم بردن: پەلامار دان، هەڵکوتانە سەر شوێنێک.ف هجوم بردن

ورووژم کردن: ☜ ورووژم بردن

وڕوێڕکە:) فەرمانبەر و کارەکەری ڕوحسووک و گوێڕایەڵ، بەردەست، شاگرد؛) منداڵی تازە پێ گرتووە، پێڕەوکە.ف) وردست، شاگرد؛) بچەی تازە پا گرفتە

ورەبەلەک: هورەبەلەک، گیایەکە تاڵە وەک مێکووک وایە گەڵاکەی سپیواشە، ماڵات نایخوا .ف نام گیاهی تلخ

وریچە: بریقە، ترووسکە، وریشە.ف درخشش

وژاشارکێ: قەراقەرا، حەشارکۆ، خۆشارکێ، قەرێ قەرێ.ف قایموشک

وژن کردن: بژار کردن.ف وجین کردن

وژن: بژار، هەڵکەندنی گیای هەرزە لەنێو بێستان و زەرحات.ف وجین

وژنکەر: ئالاکەر، بژارچی، بژارکەر.ف کسی کە وجین میکند

وژنە: قایشی پێکەوە لکاندنی نیرو ئاموور، گاینجە.ف تسمەی کلفتی کە دارخیش و یوغ را بە هم وصل میکند

وژە: (+) بست، بنگوست، لە سەری قامکە گەورەوە تا سەری قامکە تیتۆلە بە بڵاوی.ف وجب

وسنە: برسی، نێز.ف گرسنە

وسیک: (+) چۆلەکەیەکی بۆری چکۆڵەیە لە پاساری چکۆڵەترە.ف نام پرندەای کوچک

وشا: (+) گوشاد، فرەوان، فش و فۆڵ.ف گشاد

وشتر بەداس: گەمەیەکی لاوانی گوندنشینە، کەسێک داسێک بەدەستەوە دەگرێ جاجمێکی بەسەردا دەدەن و دەمی داسەکە بە جاجمەکەوە بە پەتێک دەپێچن. بەشێوەیەک کە وەک دەندووکی لێدێ و بە هەڵترووشکانەوە دڕوا و شەوانە بە ماڵاندا دەگەڕێ و چەند کەس لەگەڵی دەگەڕێن و گۆرانی دەڵێن و قەند

و کشمیش و هێلکه و ... وەردەگرن. ف نام یک بازی جوانان روستایی

وشکه خۆتەن: جۆرێ چناری خوار و خێچ که ڕاست هەڵناچێ و باڵا بەرز نییە. ف نوعی درخت چنار

وشکه دایەن: دایەنێ که شیر نادا به منداڵ و تەنیا تەڕ و وشکی دەکاتەوە و ژیری دەکا. ف دایه‌ای که به بچه شیر نمی‌دهد، فقط به او رسیدگی می‌کند

وشکه دۆ: کۆن دۆ، ئیشکه دۆ، مانگایەک که نەشزاوە بەڵام شیری تێدایە. ف گاوی که بچه نیاورده ولی شیر می‌دهد

وشکه شایی: ☜ هیشکه شایی

وشکه قۆخە: ☜ وشکه کۆخە

وشکه کۆخە: وشکه قۆخە، کۆخەی وشک و بێبەڵغەم که سینگ و گەروو زۆر ئازار دەدا. ف سرفه یابس

وشکه هەڵوا: ئیشکه هەڵوا، هەڵوای ئارد و دۆشاو که توند دروستی دەکەن بۆ سەفەر. ف حلوای خشکی که برای سفر درست می‌کنند

وشکەخڕ: وشکه شیو، خڕێک که زوو ئاوەکەی وشک دەبێ. ف دره‌ای که آب آن به زودی می‌خشکد

وشکەکەند: ئیشکەکەند، وشکەکێڵ، شیوەردێک که به وشکی کێڵدرابێ. ف شخم زدن زمینی که آبیاری نشده‌باشد

وڵنگە: (+) زایەڵە، دەنگدانەوە. ف پژواک

وڵوڵە: دەڵەمە، هێلکه مریشکی بێ توێکڵ که بەر لە بوونە هێلکه مریشک دایدەنێ. ف تخم‌مرغ که قبل از سفت شدن پوسته گذاشته می‌شود

وڵێنی: قومری، یاکەریم. ف قمری

ونەوشک: قەزوان، قەسقەوان، قەزخوان. ف چاتلانقوش

وەتەک: کەت، قەتێ، کوڕکوڕ. ف کوکر

وەجە: چەپک، دەستە، باقه گیا. ف توده گیاه

وەدوو هاتن: وەقسە هاتن، ف به حرف آمدن

وەدوو هێنان: وەقسە هێنان، قسە پێکردن. ف بەحرف آمدن

وەدەنگ هاتن:) وەقسە هاتن، بێدەنگی شکاندن.) بەدژی زوڵم و زۆر ڕاپەڕین وەقسە هاتن و ناڕەزایەتی دەربڕین. *(کەی دەبڕێتەوە بیانووی زۆرداران/ کێیە وەدەنگ بێ لەسەر هەژاران؟ «هەژار».)* ف) به سخن درآمدن؛) به جان آمدن و بەپا خاستن علیه ظلم و ستم

وەرتە و بەرە: گێرە و کێشە، بێنەوبەرە، چەرمەسەرێ، گیر و گرفت. ف گرفتاری

وەردێنەچی: تیری لێدەر، ئەو کەسەی لە نانەواخانە وەردێنە لێدەدا. ف وردنه‌گر

وەرزگار: وەرزێڕ، جووتیار، جووتێر، جووتبەندە ف دهقان

وەرزوولا: مشتوماڵ، وەرژوو، شێلان و دەست پێدا ماڵین. ف ماساژ

وەرژۆن: بەرەژان، ژانی پێش منداڵ بوونی ژن. ف درد قبل از زایمان

وەرکەمەر: ناوی گیایەکی بۆنخۆشی کوێستانییە. ف نام گیاهی است

وەرگەوەران: دوژمنی گیانی یەکتری. *(بوونە وەرگەوەرانی یەکتری.)* ف دشمن جان یکدیگر
وەرماس: ئاسک، مامز، مامبز. ف آهو
وەڕوودادانـەوە: بەڕوودادانەوە، وەبیر هێنانەوەی کارێکی ڕابردوو. *(کارێکە و کردییەسی تازە وەڕوویدا مەدەرۆ.)* ف بەیاد انداختن گذشته
وەڕووی خۆ نەهێنان: خۆ شلوێ نەکردن. *(هەر وەڕووی خۆشی نەهێنا.)* ف بەروی خود نیاوردن
وەرهاتن: تێڕۆهاتن و ڕامالین. *(لە حالێکدا، لە سەرەوە لە لووتکەکان، تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن/ لە بنەوە، لە دۆلەکان، گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن «عەبدوولّلا پەشێو».)* ف تاراج
وەرەم: (+) دەردەباریکە، ئازارە باریکە. ف سل
وەرەمەمکی: بەرمەمکان، منداڵی شیرەخۆرە. ف بچه شیرخواره
وەڕێ هاتن: هاتنەڕێ، تووش بوون، *(هەرکارێک بکەی وەڕێت دێتەوە.)* ف دچار شدن
وەڕێ: بەڕە، لەی. ف گلیم
وەزگ دان: دیق کردن، *(ئەوکارەم بۆ جێبەجێ نەبێ وەزگ دەدەم.)* ف دق کردن
وەزگ کەوتن: زگپڕ بوون. *(ئیتر وەزگ کەوتووە هەموو ساڵێک منداڵێکی دەبێ.)* ف حامله شدن
وەژنکار: تاوانبار، گوناحکار. ف گناهکار
وەژەن: گوناح، سووچ، پیازە، تاوان، باڵبەز. ف گناه

وەستا مستەفا: ☜ نەرمەبەدۆ
وەستەک: یەکسمێک کە زۆر ماندوو دەبێ و لە ڕۆیین دەکەوێ. ف اسب و الاغی که زود خسته می‌شود
وەسـتەگ: ئـەسپێک کە سواری ناشی و بێئەزموون گرتبێتی و تەمبەڵ و چەمووش بارهاتبێ. ف اسبی که توسط سواری بی‌تجربه رام شده‌باشد
وەسەر کردن:) بریتی لە قسە کردنی زۆر *(کە وەسەری کرد بڕینەوەی نییە.)* ؛) کردنە سەر *(ئاش چۆڵە گەنمەکەت بێنە وەسەری کە.)* ف) کنایه از وراجی زیاد؛) ریختن گندم در آسیاب
وەسـەر کـەوتـن:) لە هەوراز چوونە سەر؛) دەوڵەمەند بوون، مامەڵە بەدەستەوە هاتن *(مام بایز لە مامەڵەکەیدا سەر کەوت.)* هەڵبڕین و وەدواکەوت، *(ئەمسەر ئەوسەری دێ وەسەری کەوت نەیگرتەوە.)*) وە دوا کەوتن ف) بالا رفتن از سربالایی؛) ثروتمند شدن.) دنبال کردن کسی.
وەشڵێ: وەشڵە، جوانکیلە، دەلال، شەپال. ف زیبا
وەڤد: کۆڕی نێردراو بۆ شوێنێک. *(کە وڤدێ دەچێتە شوێنێ/ بۆ سەر گۆڕی سەربازی ون تاجەگوڵینەیەک دێنێ «عەبدوولّلا پەشێو».)* ف هیئت
وەفە: جۆرێ نەخۆشیی یەکسمە شەل دەبێ، باخە. ف مرضی که اسب را لنگ می‌کند
وەکار خستن:) هەڵکردنی ماتۆڕ و دەزگا و ... ؛) کار کردن بە کەسێک، کار پێکردن. ف)

ڕوشن کردن؛) بەکار انداختن

وەكار كەفتن: ☜ وەكار كەوتن

وەكار كەوتن:) دەست كردن بە كار، دەست بەكار بوون؛) هەڵبوونی ماتۆڕ و ماشێن و ..[ف]) شروع کردن کار؛) روشن شدن موتور و ...

وەكار هاتن: بە كەڵك هاتن.[ف] بەدرد خوردن

وەكار هاوردن: وەكار هێنان، كەڵك لێوەگرتن.[ف] بەکار بردن

وەكار هێنان: ☜ وەكار هاوردن

وەگێڕ: كەسێك كە هەقایەت یا باسێك دەگێڕێتەوە.[ف] راوی

وەل: (+) زەلكاو، باتلاخ، زۆنگ.[ف] باتلاق

وەلاشم: پرژ و بڵاو، شیكراوە، هنجراو.[ف] حلاجی شده و پراکنده

وەلحاسڵ: خۆلاسە، لەسەریەك.[ف] خلاصه

وەلیل: نەخۆش و كەلەلا، پەك كەوتوو.[ف] علیل

وەناوكەوتوو: بەسالاچوو، گەڕاوە، بە تەمەن.[ف] سالخورده

وەنۆشك: قەزوان، قەسقەوان.[ف] چاتلانقوش

وەنەن: پردی بزۆك، پردی بە دار و تەناف ساز كراو.[ف] پل متحرک

وەور: بەفر، ویەر.[ف] برف

وەیشت: تەوژم، گوشار، جەخت.[ف] فشار

وەیەكا چوون:) تێكپەڕین، لە یەكتر هەڵچەقین، تێكڕاچوون؛) تێك هەڵچوون، شەڕ كردن لەگەڵ یەكتری.[ف]) درهم فرورفتن؛) گلاویز شدن

وێرە درێژ: چەنە درێژ، زۆربڵێ، چەنەوەر، دەمەوەر، چەنەوێرغە.[ف] وراج

ویزرك: ئەسپەندەر، ئەسپەننەر.[ف] اسپند

وێزەنگ:) ئاوزەنگی، ركێف، زەنگۆ؛) وەنەوز، وێژنگ، خەونووچكە؛) پەلاماری پەنامەكی، هەڵمەت بردن بەدزییەوە *) خۆیان مات كرد و لەپڕ وێزنگیان دان.)* [ف]) رکاب زین؛) چرت زدن؛) عملیات سری

وێژامە: پەخشان.[ف] نثر

ویژن: بێژنگ.[ف] غربال

ویشكاو هاتن: (+)) چۆڕە لێبڕان، *(كانییەكە وشكاوی هات.)* ؛) بڕیتی لە پیاوێك كە تۆماوی نەمابێ، لە پیاوەتی كەوتوو. *(برا من تازە ژنم بۆچییە وشكاوم هاتووە.)* [ف]) خشکیدن چشمه و استخر و ... ؛) کنایه از عقیم شدن مرد.

ویشكە سوێ: زەویی وشك و بێئاو و قەڵشت قەڵشت.[ف] زمین خشک و ترکخورده

ویشكەپەڕ: ڕەحەت بوون بە خۆ پێوەنان و دەستبازی.[ف] انزال به وسیلەی دستبازی

وێغر: بەرەڵلا، بەرهەڵدا. *(ئەسپەكەی وێغری نێو وێنجەكە كرد.)* [ف] رها

ویڵغار: وێرغە، جۆرێ ڕەوتی ولاغی سواری.[ف] نوعی دویدن اسب

وێنجە خەشە: خەشە وێنجە، جۆرێك وێنجەیە گوڵی پەمەیی دەر دەكا مالات بای پێ ناكا.[ف] نوعی یونجه

وێنجە ڕەشە: باشترین وێنجە كە مالات بە تەڕی و بە وشكی چاكی دەخوا، گەلاكەی سێ پەڕەیە و ساڵی سێ بەری دەدوورنەوە.[ف]

نوعی یونجە

وێنجە ڕەشە: ڕەشە وێنجە، جۆرێک وێنجەیە وەرزێران زۆری دادەچێنن.ف نوعی یونجە

وێنجە کێویلە: وێنجەی خۆڕسک کە لە کێو و شاخ دەڕوێ.ف یونجە کوهی

وێنجە مارانە: گیایەکە لە وێنجە بەرزترە گەڵاکەی وەک وێنجە دەچێ، ساقەتی ئەستوورترە و گوڵێکی زەرد دەر دەکا.ف اسم گیاهی است شبیه یونجە

وینگە: دەنگی خولانەوەی مەرزەق، دەنگی هاویشتنی بەرد.ف صدای چرخش سنگ در هوا

وێوڵ: دارێکی جەنگەڵییە بەری نییە.ف یک درخت بی‌ثمر جنگلی

ویەر: بەفر، وەور.ف برف

ویەراو: بەفراو.ف برف‌آب

هـ

هاتنـه کلکـان:) پاشـگەز بوونـەوە، پـەژیـوان بوونـەوە. *(ئیتـر هاتوومـە کلکـان قـەت کـاری وا ناکـەم.)* ؛) کۆتـایی، ئـاخر. *(کـارەکـەمـان هاتۆتـە کلکان ئیتر خەمـم نییە.)* ف) پشیمان شدن؛) به پایان رسیدن

هاتنەکەوان: ڕێک کەوتن و سازان، سازگاری. *(هێندە نابار و خیشەسەرە بە هیچ کلۆجێ نایەتە کەوان.)* ، *(ئەگەر مەیلت لە سەرمە بەڕاستی وەرە کەوان/ دەنا بەو نەحلەتەی بی کە خودا کردی لە شەیتان «گۆرانی».)* ف سازش

هاچەر: ☜ ئاچەر

هاچـەرفـەڕانسە:) ئاچـەرفـەڕانسە، ئـامرازێکی کردنـەوە و بـەسـتنەوەی پـێچ و مـۆرەیـە، بـە ڕەزمە توند و شل دەکرێتەوە. گەورە و چکۆلـە دەکرێتەوە و بۆ هـەمـوو پێچێک دەبێ؛) بریتی لـە کـەسـێک کـە هـەمـوو کارێـک دەزانـێ. ف) آچارفرانسه؛) کنایه از کسی که همه کار بلد است

هارووژان: ورووژان، تووڕە بوونی بە کۆمـەڵ. ف به هیجان آمدن گروهی

هارووژانـدن:) تـووڕە کـردن و شـڵەژانـدنی خەڵک. *(بێدەنگ دانیشتوون مەیان هارووژێنە.)* ؛) ورووژانـدنی زەرگـەتـە و ژنگـەسـوورە کـە تێکدەهـاڵێن و هێرش دەبـەن. ف) بـەهـم زدن مردم؛) برانگیختن زنبور

هارووژاو: ورووژاو، تووڕە کراو. ف بـه هیجان آمده

هارەکڕ: دەستاڕ، بەردی دانـەوێڵـە لـێ کردن. ف دستاس

هاسـکە هاسـک: هـەناسـە سـوار بـوونی دوای هەڵاتن، هانکە هانک. ف نفس نفس زدن بعد از دویدن

هاشاوڵ: شاتاوڵ، پەلامار، شاڵاو. ف حمله

هاشە و پاشە: خەونی تێکە و لێکە و ترسناک،

خەوی ناخۆش. *(خەونێکی هاشە و پاشەم دی.)* ف کابوس

هاڤەن: ئامانج، ئاوات. ف هدف

هاڤی: خوناوە، ئاوی بارانە لەسەر گەڵا و گوڵ. ف قطره باران روی برگ

هاکەزایی: هەوەنتە، گۆترە، کویزەرکوت. ف کنایە از کار نسنجیده

هاڵ: (+) تەپک، تەپی لم، تەپکی ڕمل. ف تپەی شنی

هاڵۆزکان: ئاڵۆزان، تێکهاڵان، ئاڵۆسکان. ف سردرگم شدن

هاڵۆزکاو: ئاڵۆزاو، ئاڵۆسکاو، تێکهاڵاو، ئاڵۆزکاو. ف سردرگم

هاڵۆسکان: ☜ هاڵۆزکان

هاڵۆسکاو: ☜ هاڵۆزکاو

هاماج: نێوان، مەودا، مەعبەین. ف میان

هانا و بانا: دیار و شاراوە، ئاشکرا و بزر. ف نهان و آشکار

هانە: (+) ئەنگێزە، دنەی ناوەکیی مرۆڤ. ف انگیزە

هانە ڕەنگینە: کۆلکەزێڕینە، کەسکاسۆر، پەلکەڕەنگینە ف رنگین کمان.

هاوان: شەونم، ئاونگ، خوناو. ف شبنم

هاوپرسەکێ: وتوویژ لەگەڵ دوو کەس، پرسیار کردن لە دوو کەس. ف مصاحبە با دو نفر

هاوپەڕە: هاوبەرە، دوو کەس کە لە بەرێک بن. ف همجوار

هاوکێشە کردن: سەنگ و سووک کردنی دوو شت. هەڵسەنگاندن. ف معادله

هاوکێشە: دوو کەس کە گرفتارییەکیان هەبێ. *(هەر دووکمان هاوکێشەین.)* ف دو نفر که یک گرفتاری داشته باشند

هاومێژ: هاوچاخ، هاوچەرخ. ف هم‌عصر

هاونشین: هاودەم، هامدەم. *(شەوانە هاونشینی جام و بادەم/ بە بادە با پەژارە و خەم بە بادەم/ کە دەستی ڕۆژگار بایدا سەری من/ سەری شووشەی شەراب وا چاکە بادەم «هێمن».)* ف مونس، همدم

هاووەوو: هاوبووک، دوو بووکی ماڵێک کە خوشک بن. ف دوو خواهر که عروس یک خانواده باشند

هاووەوی: هەوێ، دووژنی پیاوێک. ف هوو

هایلۆک: کیفۆک، پیفۆک، پیفەڵۆک. ف گیاهی است با پیازەچەی خوردنی

هرنگ: وزە، تاقەت، توانا، هێز. ف رمق و توان

هرووو: خوو، خدە، عادەت. ف عادت

هریشت: هێرش، پەلامار، شالاو، هەڵمەت. *(وەیەک هەریشت دەوری شارەکە گردن.)* ف حمله

هلیت: گیایەکە لەنێو گەرمەشانیدا دەڕوێ ئەگەر حەیوان بیخوا پێی دەمرێ، گاگلێنە. ف نام گیاهی است سمی که هر حیوانی بخورد می‌میرد

هۆپدانەوە: بادانەوە، گەڕانەوە، وەرسووڕان. ف برگشتن

هوتاڤ: تریفەی مانگ، شۆقی مانگ. ف مهتاب

هۆڕاندن: دەنگی ڕەشەوڵاخ. *(مانگاکان دەستیان*

کرد به *هۆڕاندن.)* ف صدای گاو

هـۆڕژن: دەنگی گریان، شەپۆر، *(لە هۆڕژنی گریانی دا.)* ف صدای بلند گریه

هۆرمزە: ورمزە، گۆزروان. ف گل گاوزبان

هـورمیس: فرمێسک، رۆندک، ئەسرین، هێسر، ئەسر، ئەشک. ف سرشک

هـورووژم هێنـان: وروژم هێنان، بە پۆل هەڵاتنە سەر شتێک. *(منداڵ هورووژمیان هێنا بۆ سەر سفرەکە.)* ف هجوم آوردن

هـۆرە گورگی: گورگەزێ، باران و خۆرەتاو پێکەوە. ف باریدن باران به هنگام آفتاب

هۆڕە: دەنگی ڕشەوڵاخ. *(مانگا زەرد هەر هۆڕەی دێ.)* ف صدای گاو

هورەبەلە: ورەبەلەک، گیایەکی تاڵە لە مێکووک دەچێ بەڵام ئەم ڕەنگی سپیواشە. ف نام گیاهی تلخ

هورەبەلەک: ☜ هورەبەلە

هـورەتـۆو: خۆرەتاو، بەرڕۆژ، دژی نسێ. ف آفتاب‌گیر

هـۆزی:) گایدەبە، گای یەختە نەکراو. *(وەک هۆزی ملی هەڵدێنێ و دەکەوێتە نێو گاران.)* ؛) بریتی لە پیاوی ڕووهەڵماڵدراو و تۆڵاز کە دایمە بەدوای ژنانەوەیە. ف) گاو اخته نشده؛) مرد هیز و بی‌شرم

هۆکەڵ: بلیمەت، هەڵکەوتە. ف نابغه

هۆگـان: (+) ئەو شوێنەی کە گایەکان یان تەراکتۆر دەگەڕێتەوە سەر خەت، ئەمسەر و ئەوسەری کووز، شوێنی هۆدانەوە لە جووتدا. ف محل دوباره برگشتن در شخم زدن

هۆلاسەری: ناوی کایەیەکی منداڵانەیە. ف نام یک بازی کودکان

هـۆلێن: گۆلێن، تۆپێن، گەمەی بە تۆپ، یاریی تۆپی پێ. ف فوتبال

هۆمـەن: هێرش، هەڵمەت، پەلامار، شالاو. ف یورش، حمله

هـوور: (+) بیر، فکر، خەیاڵ. *(هووری کەس و کاری خوەی کێگ.)* ف یاد

هوورنقیس: مەرەکەب، جەوهەر. ف دوات

هوورنقیسدان: جەوهەردان. ف شیشه دوات

هـووڕووش: گەنمی بە دەستاڕ لێکراو بۆ ساوەر. ف گندم خرد شده برای آش حلیم

هووسەمل: پیازە خووگانە، پیووازە خووگانە، گیایەکە بنەکەی وەک پیواز وایە. ف نام گیاهی است

هووشـاندن: دەنگی مار کاتی تووڕە بوون. *(داری بە کونی مارەکەدا کرد هاتە دەرێ و دەستی کرد بە هووشاندن.)* ف صدای مار هنگامی که اذیت می‌شود

هووشـە: دەنگی مار. *(مارەکە هەر هووشەی دەهات.)* ف صدای مار

هووفـە: درۆی زل، زۆر گەورە نیشان دانی شتێک. ف اغراق

هووک: (+) شێت، دەلوو، لێوە، دین. ف دیوانه

هووکدار: ☜ هووکڵدار

هووکـڵ: جندۆکە، ئەجندە، جنۆکە. *(هووکڵ خۆیان داگە نیشانی بۆیە هەوک بووگە.)* ف جن

هووکڵدار: شێت، کەسێک کە جندۆکەی لەگەڵە. ف دیوانه، جن‌زده

هووکن: ☜ هووکدار

هووڵە: مڵە، جۆبرەک. ف آبدزدک

هۆوی: مالۆس، مێچکە بەراز، بەرازی مێو. ف گراز ماده

هەباشە: مەکینەیەکە گەنم و جۆ لە کایەکەی جیا دەکاتەوە. ف خرمنکوب.

هەپلەگون: بێ‌مێشک، کەم‌ئاوەز، ئەقڵسووک. ف ابله

هەپلیهەپۆ: بریتی لە مرۆی کاس و وڕ و تێنەگەیشتوو. ف کنایه از آدم بی‌اراده و نفهم

هەپوولک: ئاڵەکۆک، هەپلۆک، هەلاکۆک. ف گیاهی از تیره شنگ

هەتەل: تەڵە، داو. ف دام تله

هەچان گرتن: وچان دان، وچان گرتن. ف ایستادن برای خستگی درکردن

هەچان: وچان، حەسانەوە، ڕاوەستان. *(زۆر شەکەت بووین هەچانێ بەین خاسە.)* ف ایستادن و خستگی درکردن

هەچی: (+) دەزوو، مکارە. ف نخ

هەدار هەدار: ناوی کایەیەکی منداڵانەیە. ف نام یک بازی کودکانه

هەراڵ: بەرەڵڵا، خوێڕی و بێکارە. *(ڕاستە دەڵێن تێر و پڕی/ هەراڵیی پێوەیە و دڕی/ لاڕێ بڕۆی تۆ هەراڵی/ دوچاری تەڵەی خەیاڵی. «ڕاوچی».)* ف بیکاره و بی‌بند و بار

هەردەپان: گۆڕەپان، مەیان. ف میدان

هەردیا: حەزیا، هەژدیها. ف اژدها

هەرزەدڕ: چەنەوەر، چەقەسرۆ، هەڵەوەڕ، زۆربڵێ. ف وراج

هەرشین: ڕووخان، ڕمان. ف فرو ریختن آوار

هەرمێ ڕەشە: جۆرێک هەرمێی دەنک گەورەی پاییزییە. ف نوعی گلابی

هەرمێ هەڵوا: جۆرێک هەرمێیە تێخوڵەکەی سەوزە کاتێک دەگا ناوەوەی قاوەیی دەبێ وەک هەڵوا. ف نوعی گلابی

هەرمێز: شێواز. ف اسلوب

هەرۆڵشە: کەروێشک، خەروی، هەروێشە. ف خرگوش

هەرۆنن: زەڕاندنی گوێدرێژ، دەنگی کەر، زەڕە. ف عرعر خر

هەرە: خشتی لە سەریەک هەڵچندراوی کوورەخانە، فەنەر ف فنر آجر

هەرەژ: هار، نەخۆشیی سەگ. *(سەگەکە هەرەژ بووە.)* ف هاری

هەرەش: ☜ هەرەژ

هەرەمک: نەزۆک، نەزا، *(مخابن ئەو ژنە باشە هەرەمکە.)* ف نازا

هەرەمەکی: هەوەنتە، لە گوترە خۆ پێدا کردن و بەپەلە چوونە پێشێ. *(هەروا هەرەمەکی درۆنە بەرەوە.)* ف الکی

هەرەنگ: هێز، وزە، قەوەت، ورە. *(هەرەنگ لە دڵم نەما.)* ف توان، نا

هەرێ: (+) هەمیشە، دایمە، یەڤا. ف همیشه

هەریل: جاو، خام، پارچەیەکە لە پەمۆ دەیتەنن.

ف پارچەی پنبەای.

هەریل ئاوا: گوندێک بووە لە هەورامان ئێستا نەماوە و دێیەکی دیکە بەناوی گۆشخان لە نزیکی دروست کراوە. ف نام روستایی ویران شده در اورامان

هەرین: ئەستێرە، هەسارە، ستێر. ف ستاره

هەزار و دوولایی: هەزار و یەکلایە، هاتووچۆی پێچەڵاوپووچ، پێچپێچ ڕۆیشتن. *(هەڵاتنەکەی زۆر سەیرە هەزار و دوولایی دەکا.)* ف دویدن بەطور زیگزاگ

هەزوێ: جاترە، نەعنای کێوی، هەزوە. ف آویشن

هەژەندەر: هەژێنەر، تەکاندەر، بزوێنەر. ف تکان‌دهنده

هەسته دەمار: ڕەگی ئەعساب. ف رگ اعصاب

هەستێرۆک: ئەستێرەی چکۆلە. ف ستاره کوچک

هەسوونە زێڕینە: کوڵکە زێڕینە، پەلکە ڕەنگینە، کەسکاسۆر، هانەڕەنگینە. ف رنگین‌کمان

هەسیل: حەسیر، هەسیرە. ف بوریا

هەسێلبرە: مڵە، جۆبرەک، ف آبدوزک

هەسێنەزێڕینە: هەسوونەزێڕینە، کەسکاسۆر، کۆڵکەزێڕینە. ف رنگین‌کمان

هەسیو: ئاوس، وەزگ کەوتن. ف باردار

هەشار کیشایش: ڕاکشان، تخێڵ بوون. ف دراز کشیدن

هەشت گوڵ: بە تەواوی گوڵ دانی گەنم. *(گەنمەکە جێی وایە گوڵی نەداوە، بەڵام جێی وایە هەشت گوڵ بووە.)* ف تمام خوشه شدن گندم

هەشەنگ: ☜ هەرەنگ

هەشێنۆک: کەوتوویی، گرانەتا، نۆبەتێ، کەفتەیی. ف تب شدید

هەڤاف: هێمن، لەسەرەخۆ، ئەهوەن، هێدی. ف آرام

هەفتوَوە: ئەفتاوە، لوولێنە. ف آفتابه

هەڤەرە: ڕۆژ، خۆر، هەتاو. ف خورشید

هەڤەک: ڕستە، دێر، خەت. *(نامەیەکا چار هەڤەکی ژبۆ هەڤالا خۆ نڤیسی.)* ف خط

هەقدەس: ☜ هەقدەست

هەقدەست: کرێ، مزە، هەقدەس. ف کارمزد

هەقە پەڵە: پەڵە باران لە نێوەڕاست مانگی پایزدا. ف باران در آبان ماه

هەکڵ مەکڵ: ناوی یارییەکی منداڵانەیە بەدەوری یەکەوە دادەنیشن و لاقیان ڕادەکێشن و لاقیان تێکەڵ دەکەن بە نۆرە قامک لەسەر هەموو لاقەکان دادەنێن و وەک بژاردن دەڵێن *(هەکڵ مەکڵ، کڵکافۆکێ/ زەرد و سوور و شەمامۆکێ/ مێخم کوتی مێخ هەڵبەزی/ تێکەی چەپم لەوەی گەزی.)* لەسەر لاقی هەرکەس شێعرەکە تەواو بێ نقورچکێکی توندی لێدەگرێ و دەبێ ئەو لاقەی هەڵکێشێتەوە. ف اسم یک بازی کودکانه

هەگلە: گابەرد، بەردی زل. ف سنگ بزرگ

هەگەر: (+) هۆ، بنۆس، ئەگەر، عیللەت. ف سبب

هەڵئاوساو: هەڵماساو، پەنەماو، هەڵماسیو. ف آماسیده

هەڵاتنەوە: شکانی دەسکی گۆزە و کتری و

کیتەڵە و ... *(دەسکی کترییەکە هەڵاتوتەوە.)* ف شکستن دستەی کتری و کوزە و ...

هەڵاژان: هەڵاژیان، ڕاکشان، ڕازان، تخێڵ بوون، ڕەهێڵ بوون، درێژ بوون. ف دراز کشیدن

هەڵاڵەبرایمە: هەڵاڵەبەرمە، شلێرە. ف لالە واژگون

هەڵاڵەپرژێ: هەڵاڵەپرژاندنی گوڵ. ف گردافشانی گل

هەڵامات: هەڵمەت، هۆمەن، هێرش. *(هەڵامات بردن و قوڵبەس کردنیان.)* ف حمله

هەلاویل: جانەوەرێکە وەک سمۆرە دەچێ کلکی وەک کەوچک وایە، کاتێک هەست بە مەترسی دەکا و دوژمن لێی نزیک دەبێتەوە میز دەکاتە کلکییەوە و فرێی دەدا. لە هەرکەس کەوێ دەیکوژێ ڕەنگە ژەهری هەلاهەل و هەلاهیل و هەلایل هەر ئەوە بێ. ف نام جانوری سمی است

هەڵبردابر: هەڵبرهەڵبر، هەڵبرین و ماندوو کردن و لێک هەڵاواردن، ڕەپێ کەوتن و هەڵسووڕاندن. *(هەڵبردابریان بە جاشەکان خستبوو.)* ف دنبال کردن و خسته کردن و از هم جدا کردن

هەڵبرینەوە: تیژ کردنەوەی ددانی مشار. *(مشارەکە کول بووە بیبە بۆ وەستا با بۆمان هەڵبرێتەوە.)* ف دوبارە تیز کردن دندانەی ارە

هەلبەجوون: ناوی یارییەکی منداڵانەیە بە حەلوا کردن دەڕۆن. ف نام بازی کودکان

هەڵپرووقان: هەڵپرووکان، ژاکان و هەڵوەرین. ف پژمردن

هەڵپرووقاو: ژاکاو، هەڵپرووکاو. ف پژمردە

هەڵپزان: با کردن و ماسین. زگ هەستان. *(هەر دەخۆن و هەڵدەپزێن.)* ف باد کردن

هەڵپلان: تێکوەردان، ئاوێتە کردن. ف آمیختە کردن

هەڵترۆپاندن: تۆپاندن. ف کشتن حیوان حرام گوشت

هەڵترۆپاو: تۆپیو، تۆپاو. ف مردن حیوان حرام گوشت

هەڵترۆپین: تۆپین، تۆپان، مردنی گیانلەبەری حەرام گۆشت. ف مردن حیوان حرام گوشت

هەڵتۆزانەوە: کزانەوە، چووزانەوەی برین. ف سوزش زخم

هەڵچۆڕ: لاراو، دژاو، زەوییەک کە ئاو ڕاناگرێ و کاتێک ئاوی لێ ئاژین دەکەن، دڕدڕ دەبێ و ئاوەکە هەڵنامژێ. ف زمینی کە ناهموار است و آب نمیخورد

هەڵچوو پاچوو: ناڕێک و بێسەرەوبەرە. *(هەڵچوو پاچوو کارەگە کردی.)* ف بی نظمی در کار

هەڵخوشان: ☜ هەڵخوشین

هەڵخوشین: داماڵکان، داماڵدران، *(هەرچی بەنەکەی تێدەماڵێنم هەر هەڵدەخوشێ.)* ف سر خوردن نخ روی چوب

هەڵخە: (+) جۆرێک هەڵپەڕکێی کوردییە هەر لە جێوە هەڵدەخەنەوە. ف نوعی رقص کردی

هەڵزەپەتان: هەڵزیپان، پەنەمین، با کردن، ماسین. ف آماسیدن

هەڵزەقانەوە: هەڵزەقینەوە، هەڵبەزینەوە لە ترس و لە نەکاو.[ف] یکه خوردن

هەڵژڤین: داچڵەکین، داترووسکان، ڕاچەنین.[ف] یکه خوردن

هەڵژێنین: تیَ‌هەڵکێشان. *(قەندەکەی لە چایی هەڵدەژێنیَ.)* [ف] آب کشیدن

هەڵسڵەماندنەوە: سڵەماندنەوە، ڕەو پیَ‌کردن.[ف] رم دادن

هەڵسڵەمینەوە: سڵەمینەوە، ڕەو کردن.[ف] رم کردن

هەڵسووکەوت: هەستان و دانیشتن. *(لەگەڵ چاک و خراپ هەڵسووکەوت دەکا.)* [ف] نشست و برخاست

هەلک: هەناسە، پشوو. (هەلکی بڕیا.) [ف] نفس

هەلک بڕیان: هەناسە لیَ‌بڕان، بریتی لە ماندوو بوونی زۆر.[ف] از نفس افتادن

هەڵکردنەوە:) هەڵویَزانن، ماشەرە بەن هەلکرنەوە و کردنی بە گوڵوڵە. *(ئەو ماشەرە بەنەم بۆ هەڵکەوە.)* ؛) دیسان هەڵکردنەوەی چرا و ... *(چراکە هەڵکەوە تاریکە.)* [ف]) گلوله کردن نخ؛) دوباره روشن کردن چراغ و ...

هەڵڵاجۆ: جۆلانیَ، هەلۆرتک، دیلانیَ، دنگلاڤ.[ف] تاب

هەڵم: تاقەت، توانا، زیاتر بۆ تاژی دەگوتریَ. *(تاژییەکەمان لە ڕاودا زۆر بە هەڵمە.)* [ف] رمق، توانایی

هەڵمەقووت:) قووت‌دانی خۆراک بە گەرمی، حەپەنۆش. *(نەیهێشت سارد بێتەوە و هەر بە گەرمی هەڵمەقووتی کرد.)* ؛) کنایە لە خواردنی شتی حەرام بە ئاسانی. *(حەرام و حەڵاڵ نازانیَ وەک گەزۆ و مازوو هەڵمەقووتی کرد.)* [ف] هورت کشیدن غذای گرم باعجله؛) خوردن مال حرام بدون مهابا

هەڵوارتە: هەڵبژێردراو، هەڵبژاردە.[ف] استثناء

هەڵۆک: لانکە، بێشکە.[ف] گهواره

هەڵۆڵگ: ☜ هەڵۆک

هەلومەرج: بارودۆخ.[ف] موقعیت

هەلون: هەلووکێن، حەللو، چۆحەلین.[ف] الکدولک

هەڵەپرووکیَ: پەلە و عەجەلە لە کاردا. *(کارەکەیان بە هەڵەپرووکیَ تەواو کرد.)* [ف] عجله کردن در کار

هەڵەپلە: پەلە و عەجەلە، لەز، تاڵووکە. *(وە هەڵەپلە لەولاوە هاتەوە.)* [ف] عجله

هەلەکە سەما: (+) سەما کردن و شادی و هەڵبەزدابەز لە خۆشیانا. *(لە خۆشیانا کەوتبوونە هەلەکە سەما.)* [ف] رقص و پایکوبی و شادی

هەلێک مەلێک: هیچ و پووچ، سووکوچرووک، سەڵیتەی بەرەڵڵا و بەدەست هەمووکەسەوە. *(پیرێژنەکەی هەلێک مەلێک / هەر دوو لینگانت دەگرم پێک/ هەر دوو کونانت دەکەم بە یێک/ میری بەبە سەلامەلێک «عەلی بەردەشانی».)* [ف] روسپی هرجایی

هەڵەوپەڵە: هەڵە و چەوتی لە نووسین و کاردا *(پێم خۆشە هەڵەوپەڵەم بۆ ڕاست کەنەوە)* .[ف] غلط، اشتباه

هەماس: لەسەرەخۆ، هێمن، هێدی.[ف] آرام

هەمبیەر: شەریک.[ف] شریک

هەمتەر: هەمتی، دیسان، هەمیسان، سەرلەنوێ. [ف] دوباره

هەمدا: هاوتەمەن، هاوساڵ.[ف] همسال

هەمدەس: هەرەوەز، کار کردنی چەند کەس پێکەوە بۆ تەواو کردنی کارێک. *(چوار ماڵین دەبینە هەمدەس و دروێنەی هەر چوار ماڵەکە تەواو دەکەین.)* [ف] همکاری کردن چند کس برای زود پایان دادن کارها

هەمرپیش: ئاوەڵزاوا، هاوزاوا.[ف] باجناق

هەمزاغایی: ناوی تیرەیەک لە هۆزی مامەش.[ف] نام طایفه‌ای از ایل مامش

هەمکوڕ: دەستەبرا، هەڤاڵ، ڕەفیق، هاوڕێ.[ف] دوست، رفیق

هەمڵ: فەرز، گریمان، دانان بە گومان. *(وا هەمڵ کەین هەر نەبووگە.)* [ف] فرضیه

هەمن: قەمتەرە، پەتێکە ڕەشماڵی لە چوار لاوە پێ قایم دەکرێ. *(سەری هەمنەکان بەو هەیانەوە ببەستە.)* [ف] طناب چادر و خیمه

هەمەکی: گشتی.[ف] کلی

هەنارۆک: نارنجەک، قۆمبەلە.[ف] نارنجک

هەنارەس: بە هاناوە چوون، فریارەس، فریای کەسێک کەوتن.[ف] فریادرس

هەناسە کوڕی: هەناسەبڕکێ، هاسکە هاسک.[ف] نفس‌تنگی

هەناسەڕەش: بەغیل، نەفس‌پیس، حەسوود، چاوپیس.[ف] حسود، بدنفوس

هەنتن: کوتان، دەرزی وەشاندن.[ف] تزریق کردن

هەنجراو: شیکراوە، ڕیشاڵ ڕیشاڵ کراو.[ف] پارچه ریش ریش شده

هەندەر: (+)) حاند، حاست، پەنا) هەنتەش، حوزوور *(نەهەنراوە دەسی شیعرم لە هەندەرتا گلەی ناوێ/ سروشتی شاعیری وایە دەبێ هەستی نەهەنرابێ «راوچی»)* .[ف]) در برابر، نزدیک) حضور

هەندەران: (+) دەرەتان، ڕێی دەرباز بوون لە سەختی و خەفەت. *(لە تاوانا هەندەرانی نەبوو.)* حەجمان، ئارا و قارا.[ف] طاقت، راه گریز

هەندەکی: لانیکەم.[ف] جزئی

هەنران: هەدادان، سرەوتن، *(نەهەنراوە دەسی شێعرم لە هەندەرتا گلەی ناوێ/ سروشتی شاعیری وایە دەبێ دەستی نەهەنرا بێ. «راوچی».)* [ف] آرام گرفتن

هەنگژان:) تێهاڵان، تێوروکان؛) هارووژان، وروژان. *(منالەیل لە مەیانەکە هەنگژان.)* ؛[ف]) دور چیزی گرفتن.) به هیجان آمدن

هەنگە ڕەشە: جۆرێک هەنگی باریک و درێژە ڕەنگی ڕەشە، شەمەتریکە.[ف] زنبورسیاه

هەنگەژاڵە: (+) زەرگەتە، زەردەواڵە.[ف] موسه

هەنگەمە: هەرا و هۆریا، زەنازەنا، هەڵلاوبگر. *(بوو بە هەنگەمەیەک سەگ ساحەبی خۆی نەدەناسی.)* [ف] جنجال و سروصدا

هەنگێز: قەوە، هێز، وزە.[ف] نیرو

هەنگێزدان: قەوە لێدان، هێز لێدان. *(هەنگێزی*

قۆڵیاندا و بەدوای خۆیاندا ڕایانکێشا.) ف قوت زدن

هەنوودان: تیف تیفەدان، ساف و سووف کردن. *(ڕیشی وا هەنوو داوە کێچ بووکسەواتی لێ‌دەکا.)* ف کنایه از تراشیدن ریش و آرایش زیاد

هەنی‌هەنی: هەلاهەلا، داوەشاو. ف له و از هم پاشیده

هەنییەکۆڵە: شووتیی چکۆڵە و بێ ئاو، شووتیی دێمەکار. ف هندوانەی دیمی

هەواکێش: خەفەنگ، دەربیجە یان کولاوکەی چکۆڵە لە ماڵدا بۆئەوەی هەوای پێدا بێتە ژووری. ف هواکش

هەواڵنێر: خەبەرنێر، کەسێک کە هەواڵ و خەبەر بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە و رادیۆ و تی‌ڤی کۆ دەکاتەوە و بەڕێی دەکا. ف خبرنگار

هەوروهێڵ: هەور و هەڵا. ف ابری

هەوروساو: جۆرێک لەچکەی ژنانە *(شنەی با کاتێ لەچکەی هەوروساوی لادەدا، دەرژێ/ لە تاسەی هەڵمژینی بۆی وەنەوشەی پەرچەمی ئەشکم «ئەمین گەردیگلانی»)* . ف روسری ابروباد

هەورین: برینگ، مەقەستی مەڕ بڕینەوە. ف دوکارد

هەوکە: هەنووکە، نهۆ، هێشتا. ف هنوز

هەوەجە: حەوجە، نیاز، ئاتاج، حەوج، ف احتیاج

هەوەنتە: (+) بەلاش، خۆڕایی، مفتە. ف مفت، رایگان

هەوەنتەخۆر: مفتەخۆر. ف مفتخور

هەوهەوە: ناوی مەلێکە. *(هاتەوە، هاتەوە، تەیرەکەی لە گەرمێنێ، بەو تەیرەم دەڵێن هەوهەوە/ تیژباڵی خۆی لێک‌دەداوە/ نیشت لە مەزراکەی یەکشەوە/ باز و پۆڕ پۆلیان بەستووە/ سەر سەوزێکیان پێشرەوە «فولکلۆر».)* ف نام پرندەای است

هەوێژ: هاودەنگ، هاواڵ، هاودەم. ف مونس، همدم

هەوێق: حەوێق، تەشق، پەڕپەڕۆچکە، بەرزایی ئاسمان. ف اوج

هەوێڵ: لەبەرچاو، لەبەردەست، *(دەستم گیرابوو بە کارەوە، کەسیش لە هەوێڵدا نەبوو بینێرم بە دواتدا.)* ف دسترسی

هەوێنی نۆ مەنجەڵ شیر: بریتی لە زۆرزان و فێڵەباز، کەسێک کە ناتوانی سەر لە کاری دەرهێنی. ف کنایه از آدم مرموز

هەیشت: کەڵەگا، سەربزێو، یاخی، شەقی. *(مێندە دانە دەمیەو هەیشت بووگە.)* ف یاغی

هەیڤی: (+) حەزیا، هەژدیها، هەردیا. ف اژدها

هەیکەڵ: ناوی خەریتەیەکی فەرشە. ف نام نقشەی قالی است

هەیە: (+) سینگی دارینی خێوەت، سینگی ڕەشماڵ. *(خێوەتێکیان هەڵداوە چل هەیەی بۆ داکوتراوە.)* ف میخ چوبی

هیال هیال: دەربەدەر، ئاوارە، ئاراگێڵ، وێڵ‌وێڵ. ف سرگردان

هێدم گرتن: سەرسام بوون، حەپەسان، واق وڕمان. *(چاوی بەو دیمەنە کەوت هەتا ماوەیەک*

هێدم گرتی.) ف متحیر شدن

هیرز: فریزوو، فرووزوو، فرس، گیایەکی هەرزەیە ڕیشەکەی زۆر درێژە و لەنێو بێستان و وێنجە و ... دا دەڕوێ و وشکی دەکا. ف گیاه هرز

هێرەق و نێڵە: یەرەق و نێڵە، هێڵە قوونێرە. ف خیش و یوغ

هیزار: شتێکی دەست درووی وەک کۆچکە و لەچکەیە ژنان لە ملی دەکەن، زیاتر لەنێو عەشیرەتی مەنگوڕ بۆ جوانی لە ملی دەکەن. *سەیری کوردستانی چۆڵ کەم، یا تەمی کوێستانی دڵ/ داخی دووریی تۆ بچێژم، یا خەمی هیزار لە مل؟ «هێدی».)* ف نوعی لچک دستباف

هیستۆک: داگیر کراو، زەوت کراو، دەست بەسەردا گیراو. *(ئیرلەند لەلایەن بریتانیاوە هیستۆک کرابوو.)* ف مستعمره

هێسی: ئاسۆ، سوێ، سۆ. ف افق

هێشخان: پەسیو، خەڵوەتی، کولێن. ف پستو

هیشک بوون:) لەبەر ترس جووڵە لێبڕان، *(لە هێوەتا لەجای خۆەم هیشک بیم.)* ؛) وشک هەڵگەڕان، ژاکان. ف) از ترس خشک زدن؛) خشکیدن

هیشک و برینگ: وشک و برینگ، تەواو وشک. ف تمام خشک

هیشکە:) بریتی لە ئاژەڵێک کە نەزابێت و شیر بدا، ویشکە، کۆندۆ؛) پارەی خەوتوو لە ماڵدا، *(چەندەت هیشکە لەو سندووقە ناوە.)* ف) حیوانی کە بچە نیاوردە، ولی شیر می‌دهد؛) پول نقد در خانه

هیشک هەڵاتن:) وشک بوونی گیا و گژ و دار و گوڵ. *(دارەکان لەخۆڕا هیشک هەڵاتن.)* ؛) کز بوون لەبەر خەم و کەسەر، لاواز بوون. *(هێندەی خەم خواردووە هیشک هەڵاتووە.)* ف) پژمرده شدن؛) لاغر و نحیف شدن

هیشک هەڵگەڕان: ویشک هەڵاتن، ویشک بوونەوە، ☜ هیشک هەڵاتن

هیشک هەڵێنان:) وشک کردن؛) خەمبار کردنی کەسێک و لاواز بوونی بەو هۆیەوە. *(هێندەی خەم پێداوە هیشکی هەڵێناوە.)* ف) خشکاندن؛) اندوهگین کردن کسی

هیشکاتی: وشکانی، ئیشکانی. ف خشکی

هیشکارۆ: بیابانی بێ ئاو، بێروون. ف کویر

هیشکاو: وشکاو، ئیشکاو. *(جۆگەکە هیشکاوی هات.)* ف خشکیدن

هیشکاوز: تۆوی بە وشکییەوە کراو بەهیوای باران، خەفتان. ف کاشتن قبل از باران

هیشکاوس: ☜ هیشکاوز

هیشکەبار: میوەی وشک و کراو وەک گوێز و بادام و قەیسییە وشکە و مێوژ و کشمیش و ... ف خشکبار

هیشکە بەرد: وشکەچن، وشکە کەڵەک، دیواری بە بەرد هەڵچندراوی بێ قوڕ. ف دیوار سنگی.

هیشکە بیر: وشکە بیر، چاڵاوێک کە تەنیا بەهاران ئاوی تێدایە و زوو وشک دەکات. ف چاهی که تنها در فصل بهار آب دارد

هیشکە بیرۆ: وشکە بیرۆ، نەخۆشییەکی پێستە

به تۆقەن وشک دەبێ و تویخ هەڵدەدا.ف قارچ پوستی

هیشکه پڵاو: برنجێ که ڕۆنی تێنەکرابێ، چڵاو. ف چلو

هیشکەچن: ☜ هیشکه بەرد

هیشکه خڕ: ☜ هیشکه شیو

هیشکه داوه ت: هەڵپەڕکێ که ژنی تێدا نەبێ، هەڵپەڕکێی بێ دۆ.ف رقص گروهی مردانه

هیشکه دۆ: ☜ ویشکه دۆ

هیشکەڕن:) ڕنینەوەی موو لە کەوڵی ئاژەڵ بێئەوەی هەڵاڵی لێدرابێ؛) گاڵتەجاڕی و گەمەی تەنافباز.ف) چیدن کرک از پوست حیوان؛) دلقکبازی و سیرک

هیشکەڕۆ:) یەکسمی فێرە ڕەوت نەکراو، یەکسمی نەگیراو. *(جوانووەکەیان هیشکەڕۆیە هێشتا نەگیراوە.)* ؛) چۆمێک که هاوینان وشک دەکا.ف) کرەی تعلیم ندیده؛) رودخانەای که در تابستان میخشکد

هیشکەڕێ: ڕێگای هەڵەمووت و سەخت و بەردەڵان. راه سنگلاخ و ناهموار

هیشکه ساڵ: ساڵی کەم باران، وشکەساڵ.ف خشک سال

هیشکەسۆ: ویشکەسوێ، زەویی قەڵشت قەڵشت و تینوو.ف زمین خشک ترکخورده.

هیشکه سۆفی: خودا خوازی هیچ نەزان. وشکه سۆفی.ف زاهد ابله

هیشکه سەرما: سەرمای سەختی بێ بەفر و باران.ف سرمای شدید بدون بارش

هیشکه شیو: دۆڵ و شیوی بێ ئاو، ویشکه شیو، ویشکه خڕ.ف دەری بی آب

هیشکه کەڵەک: ☜ هیشکەچن

هیشکەڵ: چڕ و چیلکە، لق و چڵی وشک بۆ سووتاندن، ئاوردوو، هێزنگ، ئێزنگ.ف هیزم، هیمه

هیشکەمز: کرێی نەغد بۆ کرێکار و ڕەنجبەر و شوان بێئەوەی نان و خۆراکی پێبدرێ. *(بە هیشکەمز شوانی گرتووە ژەمەکان دەچێتەوە ماڵی خۆی.)* ف کارگر یا چوپانی که تنها مزد خود را میگیرد و در خانه خود غذا میخورد

هیشکه وەرد: هیشکاوز، هیشکاوس، وشکه وەرد، وشکه کەند، ویشکه کێڵ، خەفتان.ف کاشتن قبل از باران

هیشکه هەڵوا: ☜ ویشکه هەڵوا

هێڤرزە: قەرەباڵغ، پڕایی خەڵک و هەرا هەرا. قەرەبارغ.ف جنجال و هیاهو

هێقه: یەخە، یێخە، پێسیر.ف یقه.

هێلانه له چاودا کردن: لەبەرچاو لانەچوون و زۆر بۆ هێنان، بریتی لە مزاحیم بوونی زۆر. *(ئەو هەتیوه بەینێکه هێلانەی لە چاودا کردووین.)* ف کنایه از مزاحمت زیاد

هێلکۆکه: تۆوی ژن.ف تخمک زن

هێلکه دۆڕین: مریشکێک کە لە کولانەکەی خۆیدا هێلکە ناکا و لەملا و ئەولا هێلکەکەی دەکا و خاوەنەکەی نایبینێتەوە.ف مرغی که در لانەی خود تخم نمیگذارد

هێلکه گون: ☜ یەلکه گون

هیلکەکەر: ڕیاییباز، ماستاوکەر، تەشیڕێس.ف متملق

هێلوون: (+) قوولکەی چاو.ف حدقه

هیلوین: هێلوون، هێلانە.ف آشیان

هێڵە: (+) نیڵە، کڵپەی ئاور.ف زبانەی آتش

هیلەت: حیلە، فێڵ، دەهۆ.ف حیله، مکر

هیلەتباز: فێڵەباز، تەڵەکەباز.ف حیلەگر

هێلەک: پەستەک، جلیسقە.ف جلیقە

هێلەکە: پەستەک، فەرەنجی، هێلەگ.ف جلیقە نمدی

هێڵی کەمەری: کەمەربەندی ناوەڕاستی گۆی زەوی.ف خط استوا

هێلێنک: هێلانە، لانە.ف آشیان

هێلینگە: داشقە، عارەبانە.ف گاری

هێمێ: (+) نێوان، مەودا، بەین.ف میان، فاصله

هێنـان: بۆ نرخ دەگوترێ، شـیان، ژیـان. *(ئـەو ماشێنە چەند ملوێن دەهێنێ.)* ، *(ئەو ماشێنە چەند ملوێن دەژێ.)* ف ارزش

هیـوا بـەخـۆ: کـەسـێک کـە بـەخـۆی دەنـازێ و پێیوایە هەموو کارێکی لەدەست دێ.ف کسی که بەخود میبالد

هیـوابڕاو: ناهومێد بوو، ناهمێ. *(پەڕی زەردەی هومێدی ڕاپەڕ و هیـوابڕاوم مـن/ مـەلـی ئـەسـتۆ شکاوی جێ شکارم یا رەسووڵەڵڵا «ڕاوچی».)* ف نومید

هیوابڕین: (+) ناهۆمێد کردن.ف نومید کردن

هێـوران: دامـەزران، سـرەوتـن، ئـۆقرە گـرتن. *(ئـەوەنـدە بزۆزن لـە هـیچ کوێیـەک نـاهێورێن.)* ف آرام گرفتن

هێـورزە:) دەم ویـشک بـوون لـەبـەر تینـوێتیی زۆر، سیوشـکە. *(خـەریکـم لـە تینووانـا هێـورزە دەبم.)* ؛) قەرەباڵغ، حەشامەتی زۆر.ف) عطش؛) جمعیت زیاد

هێوەت: حەیبەت، سام، ترس.ف هیبت

ی

یارسان: مەزهەبی ئەهلی هەق.ف مذهب اهل حق

یازوق: یازوخ، حەیف، مخابن.ف دریغ

یاکەند: یاقووت، بەردێکی بە نرخە.ف یاقوت

یانجووز: ☜ خۆشهەڵکێشە

یاندووز: گیایەکە لە تاڵوو دەچێ.ف نام گیاهی است

یانیگر: سەگی دڕ، سەگێک کە پەلاماری مرۆڤ دەدا و گازی لێدەگرێ، بێگانەگر.ف سگ گازگیر

یاهی: ئاکام، کۆتایی.ف پایان

یونجە: هاڕیە، کەلووەسمە، کرمێکی سەوزە نۆک دەخوا.ف کرم آفت نخود

یەخانگیر: یەخەگیر، دەست بە یەخە. *(لەسەر پردەکە یەخانگیر بوون و بە کەس لێک نەدەبوونەوە.)* ف گریبان‌گیر

یەرخرمە: باقە، باغە، باوەشە گیای بەستراو.ف بسته گیاه

یەزنە: جێژن، جەژن.ف جشن

یەستر: ئێستر، هێستر، قانتر.ف قاطر

یەسقان: ئێسقان، یەسک، سۆقان، پێشە، هەستی، هەستوو، ئێسک.ف استخوان

یەسیر: (+) سێوی، منداڵی دایک مردوو.ف بچه مادر مرده

یەشوو: هێشوو، زەنگەتە، بۆڵ، تلۆوتەک.ف خوشه‌ی انگور

یەغنە: یەغنی، تایە گیا و گەنم، گیشە، قۆری، قەڵاتە.ف توده‌ی انباشته شده‌ی علف و گندم درو شده

یەڤا: هەمیشە، هەرێ، دایمە.ف همیشه

یەڤە: کات، وەخت.ف هنگام

یەڤەن: جوان، دەلال، بەدەو.ف زیبا

یەکاندەردوو: یەکەونەردوو، کتوپڕ، دەمودەست، لەڕێوە.ف فوری

یەکانگیر: یەکدیگر، پێکەوە نووساو، تێکەڵ یەک بوون. *(لەو شوێنەی هەر دوو چۆمەکە یەکانگیر دەبن، ئەو جووتە پێکەوە یەکانگیر بوون.)* ف بەهم پیوستن

یەکدیگر: ☜ یەکانگیر

یەکڕوو بوونەوە: ددان سپی بوونەوە، شەرم و شکۆ و حورمەت لەنێواندا نەمان و شەڕە قسە کردن لەگەڵ یەکتر. *(تازە وا یەکڕوو بوونەوە شەرم لە یەکتر ناکەن.)* ف در میان نماندن احترام و دوستی

یەکرەویلکە: باریکەڵە، لەڕ و لاواز، داڵگۆشت، بەلە باریکە، *(پیاوێکی یەکرەویلکەیە لووتی بگری گیانی دەردەچێ.)* ف لاغر

یەکمل: سەرسەخت، کەللەڕەق، خیشەسەر. ف سرسخت، خیرەسر

یەکملی: کەللەڕەقی، سەرسەختی، خیشەسەری. ف خیرە سری، سرسختی

یەکەڵە گوان: پەز یان بزنێک کە تەنیا گوانێکی هەیە. ف بز یا گوسفندی کە یک پستان دارد

یەکەڵە گون: جوانەگایەک کە تەنیا هێلکە گونێکی هەیە. ف گاو نری کە یک خایە دارد

یەکەونەدوو: یەکەونەردوو، دەمودەست، خێرا، یەکاندەردوو. ف فوری

یەکەونەردوو: ☜ یەکاندەردوو

یەکیەتی: ناوی هەڵپەڕکێیەکی کوردییە. ف نام یک رقص کردی.

یەڵخی یەڵخی: وێڵوێڵ، هیال هیال، سەڵت و سپادە سووڕانەوە. ف یلە و سرگردان گشتن

یەلکە: هێلکە، هێک، خا. ف تخم پرندە

یەلکەکەر: مەرایی‌کەر، ریایی‌باز، تەشی‌ڕێس، ماستاوکەر. ف متملق

یەلکە گون: دوو خڕەکەی نێو گوندێنی نێرینە، خا. ف خایە

یەوەرە: داڵگۆشت، لەڕ، کز، ڕیوەڵە، لاواز. ف لاغر

ییختیار: بە ساڵاچوو، ئیختیار، زورهان، پیرەپیاو. *(حاجی پیاوێکی ییختیارە و زۆر بە ئەزموونە.)* ف سالخوردە، مسن

بەرهەمە بڵاوکراوەکانی نووسەر:

١. "**تاپۆی وەرزێکی سەوز**"، شیعر ١٩٩٧ تەورێز
٢. "**شەوەژانی ئەستێرەیەک**"، شیعر، ٢٠٠٠ تاران
٣. "**مەرگەخەون**"، شیعر، ٢٠٠٣ تاران
٤. "**دیسان لەو شەقامانەوە**"، چیرۆکی بیژەن نەجدی (وەرگێڕان) ٢٠٠٥ هەولێر
٥. "**تەپڵی ئاور**"، چیرۆکی بیانی (وەرگێڕان) ٢٠٠٥ هەولێر
٦."**جێگای بەتاڵی سلووچ**"، ڕۆمانی مەحموود دەوڵەت ئابادی (وەرگێڕان) ، ٢٠٠٦ هەولیر
٧. **خۆرولاولاو** ، شیعری منداڵان ٢٠٠٦ بۆکان
٨. **یەکگرتن** ، چیرۆکی منداڵان « قودسی قازی نوور» (وەرگێڕان) ، ٢٠٠٦ هەولێر
٩. "**برایانی کارامازۆف**"، ڕۆمانی فیودۆر داستاییفسکی، (وەرگێڕان) ٢٠٠٧ هەولێر

ئەم بەرهەمانەش ئامادەی چاپن:
١. "**نارنجی فڕین**" کۆچیرۆک
٢. "**خولیای نووسین**" کۆمەڵە وتار (وەرگێڕان)
٣. "تازیەبارانی بەیەل" ڕۆمانی غوڵامحوسێن ساعیدی، (وەرگێڕان)

....

سپاس بۆ کاک *محەممەدئەمین شاسەنەم* و *مریەم شاسەنەم* کە بۆ پیتچنی و ڕێکوپێک کردنی ئەم فەرهەنگە زۆریان زەحمەت کێشا، دڵنیام ئەگەر دڵ گەورەیی و ڕۆحسووکیی ئەوان نەبوایە ئەم بەرهەمە ڕووناکیی نەدەدی.
ئەمین گەردیگلانی